# ناسنامەی کتێب

ناونیشان:        سووك و ڕسواكراوەكان

نووســەر:        فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

بــابــەت:        ڕۆمانی ڕووسی  -  سەدەی ١٩ م

وەرگــێڕانی:     کەیوان هەورامی

پێداچوونەوە:    سەروەر جەبار

سەرچاوە:

فئودور داستایفسکی

مترجم: پرویز شهیدی

نشر بەسخن



**بەرگی یەکەم ....**

**بەشی یەک**....

**بەشی دوو**.....

**بەرگی دووەم ....**

**بەشی یەک**...

**بەشی دوو** ....

**پاشبەند ....**

**دواهەمین یادگارییەکان**

## (( پێشەکیی وەرگێڕ ))

دۆستۆیڤسکی دوای ئەوەی کە چووار ساڵ لە تەمەنی خۆی بە زیندانی و شەش ساڵی دیش بە دەستبەسەری بەسەر دەبات، دواجار دەگەڕێتەوە بۆ پایتەخت ((پرسبورگ)). دوای ماوەیەك و لە ساڵی ١٨٦١م، یەکێك لە ڕۆمانە هەرە باش و سەرنجڕاکێشەکانی خۆی بە ناوی ((یادگارییەکانی یانەی مردووان))[١] لە گۆڤاری ((زەمەن))دا بڵاو دەکاتەوە و وەك دەزانین دەنگدانەوەیەکی گەورە درووست دەکات و وەسف و ستایشێکی زۆری خوێنەر، نووسەر و ڕەخنەگران بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. نووسەر، هاوکات سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکی دیکە دەبێت کە هەر لە هەمان ساڵ و لە هەمان گۆڤاردا بڵاوی دەکاتەوە. ناونیشانی ڕۆمانەکەش ((سووك و ڕسواکراوەکان))ـە و لە لایەن خوێنەرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێت و دۆستۆیڤسکیش لە ستاییشی ئەم بەرهەمە تازەیەیدا دەڵێت: ((بیرۆکەی ڕۆمانەکە تایبەتە و سەر لەنوێ دەمخاتەوە سەر زاران.)) لام وایە ئەم چەند دێڕە بۆ بەرچاوڕوونی و ئاشناییەکی سەرەتایی بەم بەرهەمە نوێیە بەس بێت و دواتر خوێنەر بەخۆی ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە و بە پێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی داوەریی لەسەر دەکات و لێیەوە فێر دەبێت. دواجار من لەگەڵ باسکردنی ناوەڕۆکی ڕۆمان و کەسایەتییەکانی نیم و لام وایە لەزەتی دەقەکە دەکوژێ و خوێنەریش بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا دەبات. بەم پێیە، تەنیا چەند قسەیەکی دیمان سەبارەت بە وەرگێڕانی کتێبەکە دەمێنێتەوە: من چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەم کتێبەی بەر دەستتم بە وەرگێڕانی ((فەهیمە حەسارەکی)) و لەژێر ناونیشانی ((آزردگان – ئازاردراوان))خوێندەوە و هەر ئەو کاتە، دەمودەست بڕیاری وەرگێڕانیم دا. بەس هەر لە دەستپێکی وەرگێڕانەکەدا، چاوم بە وەرگێڕانێکی هەمان کتێبی دۆستۆیڤسکی کەوت کە کاری گەورەوەرگێڕی فارس((پەرویز شەهدی))بوو، پێشتر ئەو کارانەیم دیبوون کە لەسەر دۆستۆیڤسکی کردبوونی و دەمزانی چەندە بە ئەمانەتداری، خەمخۆری و عەشقەوە کاری لەسەر دەکات، بۆیە هەرچۆنێك بوو، وەرگێڕانەکەی ئەوم دەست خست، ئەو هەشتا لاپەڕەیەم سڕییەوە کە وەرم گێڕابوو و سەرلەنوێ دەستبەکار بوومەوە. بە شێوەیەکی سەرەکی پشتم بە وەرگێڕانەکەی پەرویز شەهدی ((تحقیر و توهین شدەها – سووك و ڕسواکراوەکان))بەستووە، کە بەلامەوە ورد و باوەڕپێکراوتر بوو، بەس لە هەندێك شوێندا و بۆ دڵنیابوونەوەی خۆم، بە وەرگێڕانەکەی فەهیمە حەسارەکیم بەراور کردووە و سوودم لەویش وەرگرتووە. بە هەمان شێوەی وەرگێڕی فارس، بۆ ئەوەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە زووتر و ئاسانتر بە خوێنەر ئاشنا بن، لە زۆر شوێندا تەنیا ناوە بچووکەکەیانم هێناوە، چونکە هەر بەو جۆرەی کە دەزانین، گۆکردنی ناوی ڕووسی کەمێك دژوارە، چونکە ناوی بچووك، ناوی باوك و هی بنەماڵەشی بەدوادا دێت. دواجار دوای دوو وەرز خەریکبوون بە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە و ژیان لەنێو کەسایەتییە ((سووك و ڕسواکراوەکان))یدا، هیوادارم توانیبێتم کارێکی باش بخەمە بەر دەستی خوێنەران و وەرگێڕانەکە لە ئاست چاوەڕوانییاندا بێت.

---

١. یانە: ماڵ، خانە

بیارە /٢٠١٧/١/١٧

کەیوان هەورامی

# بەرگی یەکەم

## بەشی یەکەم

### ١

لە بەرواری بیستودووی مانگی ئاداری ساڵی پار، ڕووداوێکی ئێجگار هەژێنەرم بۆ هاتە پێش. تەواوی ئەو ڕۆژە، بە نیازی پەیداکردنی ئەپارتمانێك هەموو شارم کردبوو. ئەو ئەپارتمانەی کە پێشتر تێیدا نیشتەجێ بووم، شێدار بوو و تووشی کۆکەیەکی توندی کردبووم. لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە بڕیاری بارکردنم دابوو، وەلێ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە هەتا بەهاری ساڵی داهاتوو درێژەی کێشا. هەموو ئەو ڕۆژە لە گەڕاندا بووم و نەمتوانی ئەپارتمانێکی گونجاو پەیدا بکەم، چونکە بەر لە هەموو شتێك من ئەپارتمانێکی سەربەخۆم دەویست نەك هاوبەش و دراوسێدار، دوای ئەوەیش تاقە ژوورێك بۆ من بەس بوو، وەلێ بەو مەرجەی کەمێك بەرین و هەروەها کرێکەیشی هەرزان بێ. بڕوام وایە لە ئەپارتمانی بچووك و تەنگدا، فکری مرۆڤیش سنووردار دەبێ. هەمیشە بەوە ڕاهاتووم کە لەگەڵ بیرکردنەوە لەو چیرۆکانەی کە دەبێت لە داهاتوودا بیاننووسم، بە ژوورەکەمدا پیاسە بکەم. هەر بەڕاست، من بەراورد بە نووسینی ئەو بەرهەمانەی کە کاریان لەسەر دەکەم، زیاتر چێژ لەوە دەبەم کە بیریان لێبکەمەوە و لە جیهانی خەیاڵدا زیاتر سەرنجم لەسەر نەخشەکانیان چڕ بکەمەوە. لە ڕاستیشدا ئەم خووەم بە بۆنەی تەمبەڵییەوە نییە. ئەی داخۆ دەبێ بە بۆنەی چییەوە بێ؟

بەیانییەکەی حاڵم هێندە باش نەبوو و بۆ ئێوارەکەشی زۆر شەکەت بووم، تەنانەت هەستم بەوە دەکرد کە تام لێ هاتووە، جگە لەمەش تەواوی ئەو ڕۆژە بە شاردا سووڕابوومەوە و زۆر شەکەت بووم. دەمەو ئێوارە، بەر لە تاریك داهاتنی هەوا، بە شەقامی *ئاسانسیۆن* دا ڕادەبووردم. زۆر کەیفم بە خۆرەتاوی مانگی ئاداری پترسبورگ دێ، بەتایبەت لە کاتی خۆرئاوابووندا، هەڵبەتە گەر هەوا سارد و ئاسمان ساماڵ و بێ هەور بێ. لە پڕ سەرتاسەری کۆڵان غەرقی ڕۆشناییەکی بریسکەدار دەبێ. لە چاوترووکانێکدا هەموو خانووەکان دەکەونە درەوشانەوە. لە چرکەساتێکدا ڕەنگە زەرد و خۆڵەمێشی و سەوزە تاریکەکانیان باری ناشیرین و ناکلۆکاری خۆیان لەدەست دەدەن،

لەو ساتەدا ڕۆحی مرۆڤ لێوڕێژی ڕووناکی دەبێ، یان وەك ئەوەی کە کەسێك بە ئەنیشکی سیخورمەت تێ بژەنێت، لە پڕ بە بینینی ئەو دیمەنە ڕادەچەنێیت. نیگایەکی نوێ و فکرگەلی نوێ لە مرۆڤدا سەوز دەبێ... ئەو کاریگەرییەی کە تاقە تیشکێکی خۆر لە ئادەمیزادا بەجێی دەهێڵێ لە ڕاستیدا هەژێندەیە!

بەس تیشکی خۆر بە دەرەوە نەبوو، سەرمایش بەتاوتر بووبوو و نووکی لووتم تەزیبوو، هەروەها تا دەهات تاریکییش قووڵتر دەبووەوە. لامپە گازسووتێنەکانی بەر دەرگەی فرۆشگە و دوکانۆکەکان دەدرەوشانەوە. کە گەیشتمە بەردەم شیرینی فرۆشیی مۆلەر، بە چەشنێ جووڵەم لێبڕا کە دەتگوت بزمارکوت کراوم و چاوم لەوبەری کۆڵانەکە بڕی، وەك بڵێی پێشبینیی ئەوەم دەکرد کە ڕووداوێکی کتوپڕ و نائاساییم دێتە ڕێ. هەر لەو ساتە و لە پیادەڕێکەی بەرانبەر، پیرەمێردێکم بەرچاو کەوت کە سەگێکیشی لەگەڵ بوو. زۆر بە باشی لەبیرمە کە وەك بڵێی کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوویدابێت، لەژێر کاریگەریی هەستێکی ئێجگار ناڕەحەتکەردا دڵم بە سەختی گوشرا، بەهیچ شێوەیەکیش لەوە تێنەگەیشتم کە ئەم هەستە چۆن چۆنی لە مندا چێ بووە.

من کەسێکی سۆفی مەشرەب نیم و باوەڕێکی ئەوتۆیشم بە غەیبگۆیی یان هەستی بەر لە ڕوودانی کارەسات نییە، لەگەڵ هەموو ئەمانەش ، هەروەك زۆرێك لە مرۆڤانی دی، لە ژیانمدا ڕووداوگەلێکی وەسف هەڵنەگر ڕوویانداوە. هەر بۆ وێنە بینینی ئەم پیرەمێردە. بۆچی بە بینینی ئەو، لە پڕ وام هەستکرد کە ئەو شەوە ڕووداوێکی نائاساییم دێتە ڕێ؛ جیا لەمە، نەخۆش بووم و لە وەها حاڵەتێکیشدا هەمیشە هەستی نەخۆشانە فریودەرە.

پیرەمێردەکە، بە هەنگاوی هێور و نادڵنیاوە، بەو لاقانەوەی کە کەم تا زۆر لە ئەژنۆوە نەدەچەمینەوە، بە پشتی کووڕەوە، لەگەڵ ئەوەی کە بە هێواشی گۆچانەکەی دەستی بە بەردفەرشی پیادەڕێکەدا دەکێشا، هێدی هێدی بەرەو شیرینی فرۆشییەکەی مۆلەر دەبووەوە. لە تەمەنمدا سیمایەکی ئەوەندە سەیر و نائاساییم نەدیبوو. لە ڕابردوویشدا، هەر کات کە لە فرۆشگەکەی مۆلەر تووشی یەکدی دەهاتین، هەستێکی ئازاردەر لە مندا چێ دەبوو. باڵای بەرزی، پشتی چەماوەی، ڕووخساری بێ حاڵەتی هەشتا ساڵەی، پاڵتۆ کۆنەکەی کە لە هەندێ شوێنەوە درزەکانی بە تەواوی لێك جیا ببوونەوە، کڵاوە پوواو و داڕزیوەکەی کە ماوەی بیست ساڵێك دەبوو ئەو سەرە ڕووتاوەیەی پێ دادەپۆشی، هەڵبەتە بێ لەو ئەگریجەیەی کە لەجێی سپی، بەڵەك و ڕەنگ زەرد بوو و لەژێر کڵاوەکەوە هاتبووە دەرێ، هەروەها جوولەکانی،کە خاڵی بوون لە مانا و هەر دەتگوت لە ڕێی ئیسپرنگێکەوە ئەنجام دەدرێن، هەموو ئەمانە هەر کەسێکی دیکەشیان واق و وڕ دەکرد کە یەکەمین جاری بێت چاوی بەو کابرایە بکەوێ. لە ڕاستیدا بینینی ئەم پیرەمێردە بەو سەروسیمایەوە، بەو تەمەنە زۆرەوە، کە تەنیا و بێ یاوەر بوو، بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە لە دێوانەیەك دەچوو لە نەخۆشخانەی دەروونی ڕایکردبێت، هەموو کەسێکی سەراسیمە دەکرد.

ئەوەی کە زیاتر لە هەر شتێك منی سەراسیمە کرد، لاوازییە نائاساییەکەی بوو. کەم تا زۆر ئیدی هیچ قەلافەتێکی بۆ نەمابووەوە. هەر دەتگوت چنگێ پێست و چوار چڵ ئێسقانە! چاوە کەم سۆماییەکانی کە ئەڵقەیەکی کەوە دەوریانی دابوو، هەمیشە لە بەرانبەریان ڕامابوون و هەرگیز بەهیچ لایەکدا نەدەچەرخان، گەرچی واق و وڕ لێت ڕادەما و ڕاستەوڕاست بەرەو ڕووت دەهات، بەس دەتگوت فەزای بەرانبەری خاڵییە و دڵنیام کە هیچ شتێك یان هیچ جێیەکی نەدەدیت. چەندین جار ئەم حاڵەتەی ئەوم دیوە. زۆر بە دەگمەن لە شیرینی فرۆشییەکەی مۆلەردا سەر و سیمای دەردەکەوت، هیچ کەسێك نەیدەزانی لە کوێوە دێ و هەمیشەی خودایش سەگەکەی لەگەڵ بوو. هیچ کام لە مشتەریانی شیرینی فرۆشییەکە سەری قسەیان لەگەڵ ئەو نەدەکردەوە، خودی ئەویش هەرگیز هیچ کەسێکی نەدەدواند.

هەر لەو ساتەی کە لەوبەری شەقامەکەوە ڕاوەستابووم و چاوم لەدووی پیرەمێردەکە بوو، لە خۆمم پرسی: ((بۆچی سەردانی شیرینی فرۆشیی مۆلەر دەکا و چ ئیشێکی بەوێ هەیە؟)) سەراسەری بوونم بە ڕقێکی سەرچاوەگرتوو لە ماندووبوون و نەخۆشییەوە کەوتبووە لەرزە. دیسان بە خۆمم گوت: ((ئەم پیرەمێردە چیی لە سەر دایە، تۆ بڵێی بیر لە بابەتێکی تایبەتی بکاتەوە؟ ڕووخساری ساردوسڕی هەر لە ڕووخساری مردووان دەچێ و لە ڕاستیدا هیچ هەستێك بەیان ناکات. ئەی ئەم سەگە قێزەونەی لە کوێ هێناوە کە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە؟ هەر دەڵێی جووتێکی لێك جیا نەبووەوەن و زۆریش لە خۆی دەچێ.))

پێدەچوو سەگە بەستەزمانەکەشی هەشتا ساڵێك ببێ، بەڵێ، بێگومان هەر دەبوو وا بێت. بەر لە هەموو شتێك بە سەروسیمایدا لە هەموو سەگێکی دیکە پیرتر دیار بوو و پاشانیش کە بۆ یەکەمین جار کەوتە بەرچاوم ئەم فکرەم بە مێشکدا هات کە ئەم سەگە لە هیچ سەگێکی دی ناچێت، سەگێکی نائاساییە و دەبێ شتێکی نامۆ و جادوویی لەودا بوونی هەبێ، بۆیشی هەیە ڕۆحێکی بەدفەڕ و شەیتان سیفەت بێ کە شێوەی سەگێکی وەرگرتووە و چارەنووسی بە داوگەلێکی تەلیسماوی و نامۆ بە چارەنووسی خاوەنەکەیەوە گرێ دراوە. بە بینینی سەروشکڵی، هیچ گومانێکت لەوە نەدەما کە بیست ساڵێك تێپەڕیوە بەسەر ئەو کاتەی کە بۆ دواهەمین جار شتێکی خواردووە. ئەوەندە لەڕ بوو کە هەر دەتگوت چوارچێوەیەکە، یان باشتر وایە بڵێین کە لەم بارەیەوە کتومت لە خاوەنەکەی دەچوو. کەم تا زۆر هەموو تووکی، بە تووکی کلکیشییەوە هەڵوەری بوو. هەمیشە کلکی بە ڕەپ و ڕەقییەوە هەروەك دارەدەستێك دەخستە ناوگەڵی. هەمیشە بە شێوەیەکی غەمگینانە سەری بەو جووتە گوێیە تەپیوانەیەوە کز کردبوو. هەرگیز لە هەموو تەمەنمدا سەگێکی ئەوەندە قێزەونم نەدیبوو. وەختێك بە کۆلانەکەدا ڕادەبووردن، پیرەمێردەکە پێشدەکەوت و سەگەکەش بەدوایدا ڕێی دەکرد و قەپۆزی بە بەشی خوارەوەی پاڵتۆی پیرەمێردەکەوە دەنووساند. بە جووڵە و سەروشکڵ و هەنگاونانیدا وای دەنواند کە قەپۆزی بە پاڵتۆی پیرەمێردەکەوە دوورابێت. جا دەتگوت لەگەڵ هەر هەنگاونانێکدا پێکەوە هاوار دەکەن: ((ئێمە پیرین، ئای خوایە گیان، ئێمە چەندە پیرین!))

بیرم دێ جارێکیان وام بە مێشکدا هات کە پیرەمێرد و سەگەکەی وێنەی نێو یەکێك لەو چیرۆکە وێنەدارانەی *هۆفمانن* کە *گاوارنی* نیگارەکانی کێشاون، لام وابوو لە بەینی لاپەڕەکاندا هاتوونەتە دەرێ و ئێستاکەش وەك بانگەوازێکی بزۆك بۆ چاپی یەکێك لەو کتێبانە بە کۆڵانەکاندا دەسووڕێنەوە. لە شەقامەکە پەڕیمەوە و بەدوای کابرای پیرەمێرددا خۆم بە شیرینی فرۆشییەکەدا کرد.

پیرەمێردەکە ڕەفتارێکی ئێجگار نائاسایی و سەیری لە شیرینی فرۆشییەکەدا هەبوو. مۆلەر لە پشت پێشخوانەکەوە ڕاوەستابوو، لەم دواییانە بە بینینی پیرەمێرد و سەگەکەی کە خۆیان بە فرۆشگەکەدا دەکرد، دەم و لووتی دەدا بەیەکدا، چونکە بۆ ئەو لە سەردانیکەرێکی بێزارکەر بەو لاوە هیچی دی نەبوو. ئەم سەردانیکەرە سەیرە هەرگیز داوای هیچ شتێکی نەدەکرد. هەموو جارێك یەکسەر دەچوو لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشت کە لە لای کوانووەکەوە دانرابوو. گەر کورسییەکە کەسێکی دیی لەسەر دانیشتبووبا، بۆ ساتێك بە بارێکی بڕیارنەدەرانەی گەمژانەوە لەبەردەم ئەو کابرایەدا ڕادەوەستا کە شوێنەکەی داگیر کردبوو، جا پاشان وەك ئەوەی کە تووشی سەرەگێژە هاتبێت بەرەو لایەکی دیکەی نزیك پەنجەرە هەنگاوی دەنا. لەوێ بە شێنەیی لەسەر کورسییەکی دی دادەنیشت، کڵاوەکەی لە تەك خۆیەوە دەخستە سەر زەوی و پاشان گۆچانەکەشی دادەنایە هەمان شوێن، دواتر پاڵی بە کورسییەکەوە دەدا و بۆ سێ چوار کاتژمێرێك بەبێ جووڵە هەر لەم دۆخەدا دەمایەوە. هەرگیز بە مەبەستی خوێندنەوەوە دەستی بۆ هیچ ڕۆژنامەیەك نەدەبرد، نە قسەیەکی دەکرد و نە ورتەیەکی لێوە دەهات. هەر ئەمەندەی بەس بوو کە بێجووڵە دابنیشێ، جا بە چەشنێك بەو نیگا وێڵ و خاڵی لە هەر نیشانەیەکی ژیانییەوە چاوی دەبڕییە بەرانبەری، کە مرۆڤ دەکەوتە گومانەوە لەوەی کە هیچ دەنگێکی دەوروبەری ببیستێ، یان هیچ شتێك ببینێ. بەس سەگەکە، دوای ئەوەی کە دوو سێ جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، بە بارێکی پەرێشان و خەمینەوە لەسەر زەوییەکە وەردەکەوت، لمۆزی دەنایە نێو پووتەکانی خاوەنەکەی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دوای ئەوەی بەسەر ڕووی زەوییەکەوە بە تەواوی خۆی پان دەکردەوە، تەواوی ئەو ئێوارەیە وەك ئەوەی کە لە دۆخی گیانەڵادابێ، جووڵەی لێ دەبڕا. دەکرا پیاو هیچ گومانێکی لەوە نەمێنێ کە ئەو دووانە سەرتاسەری ڕۆژ لە شوێنێکدا وەك مردوو مت دەبن و هەر لەگەڵ خۆرئاوا بوونیشدا لەناکاو زیندوو دەبنەوە و بۆ بە جێ هێنانی ڕێوڕەسمێکی تەلیسماوی کە هیچ کەسێك لێی بەئاگا نییە، قیت دەبنەوە و خۆیان بە فرۆشگەکەی مۆلەردا دەکەن. پیرەمێردەکە دوای ئەوەی کە سێ چوار کاتژمێر هەر بەو بارە بێ جووڵەیەوە دەمایەوە، سەرەنجام هەڵدەستا، کڵاو و گۆچانەکەی هەڵدەگرت و بەرەو ماڵێ بەڕێ دەکەوت. سەگەکەش بە سەرێکی کزکردوو، کلکی بەینی لاقەکانی و بە هەنگاوی هێواشەوە، خۆنەویستانە دوای پیرەمێردەکە دەکەوت. لەم دواییانەدا مشتەریانی شیرینی فرۆشییەکەی مۆلەر بە هەموو شێوەیەك خۆیان لە پیرەمێرد و سەگەکەی بەدوور دەگرت و تەنانەت ئامادەش نەبوون لەتەکیەوە دابنیشن، وەك بڵێی بووبێتە مایەی بێزاری و مووی لووتیان، وەلێ خۆی بە هیچ شێوەیەك دەرکی بەم شتانە نەدەکرد.

وەك هەمیشە مشتەریانی شیرینی فرۆشییەکە ئەڵمانی و نیشتەجێی دەوروبەری شەقامی *ئاسانسیۆن* بوون، هەریەکەو خاوەن پیشەیەکی جیاواز بوون: قوفڵساز، نانەوا، بۆیاخچی، کڵاودروو، زینساز و هاوکاتیش بە تەواوی مانای وشە درێژەپێدەری داب و نەریتی باووباپیرانی ئەڵمانییەکان بوون. لە فرۆشگەکەی مۆلەریشدا ڕەچاوی هەموو ئەم داب و نەریتانە دەکرا. خاوەنی فرۆشگەکە بە شێوەیەکی ئاسایی مشتەرییە هەمیشەیی و ئاشناکانی بەسەر دەکردنەوە، لە پشت مێزەکانیانەوە دادەنیشت و لیوانێك خواردنەوەی لەگەڵ دەنۆشین. منداڵەکانی مۆلەریش دەهاتنە لای ئەم مشتەریانە و ئەوانیش منداڵەکان و هەروەها سەگانیشیان دەلاواندنەوە. هەمووان ناسیاوی یەکدی بوون و ڕێزیان لێك دەنا. لە درێژەی ئەو ماوەیەدا کە مشتەرییەکان سەرگەرمی ڕۆژنامە خوێندنەوە بوون، لە پشت دەرگەیەکەوە کە دەچووە سەر ئەپارتمانی خاوەن فرۆشگەکە، نەوای پیانۆیەك دەهاتە گوێ کە ژەنیارەکەی کچەکەی مۆلەر بوو و ئاهەنگی: ‹‹*ماین لی بیر ئۆگستین*›› (ئۆگستینی ئازیزی من) ی دەژەنی. کچۆڵەیێکی وردیلەی قژ زەرد بوو کە پێکچوونێکی زۆری لەگەڵ مشکێکی سپیدا هەبوو. مشتەرییەکان بە حەزەوە گوێیان بۆ ئاهەنگەکە شل دەکرد. منیش لە ڕۆژانی سەرەتای هەر مانگێکدا، بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە ڕووسییەکان سەردانی شیرینی فرۆشییەکەی مۆلەرم دەکرد.

وەختێك چووم نێو فرۆشگەکە، سەیرم کرد پیرەمێردەکە لەسەر کورسییەکی لای پەنجەرەکە دانیشتبوو و سەگەکەشی هەروەك جاری جاران لەبەر پێیەکانیدا وەرکەوتبوو. بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەم چوومە گۆشەیەك و لە پشت مێزێکەوە دانیشتم و لە دڵدا ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد: ((من کە هیچ کارێکم لێرە نییە و سەرباری ئەوەیش نەخۆشم، کەواتە لێرە چی دەکەم؟ باشتر وایە بگەڕێمەوە ماڵێ و پیاڵەیەك چای بخۆمەوە و بۆی بنووم. تۆ بڵێی هەر بە تەنیا بۆ بینینی ئەو هاتبمە ئەم شیرنی فرۆشییە؟)) لە خۆم تووڕە بووم و لەگەڵ ئەوەی کە بیرم لەو هەستە ناخۆشە دەکردەوە کە بینینی پیرەمێرد لە کۆڵانەکەدا *خستیە* دڵمەوە، بە خۆمم گوت: ((بۆچی من خۆم بەم پیرەمێردەوە سەرقاڵ بکەم؟ یان چ ئیشێکم بەم ئەڵمانییە ئێسك گرانانە هەیە؟ بۆچی هەر لەخۆوە وەڕز دیارم؟ هەر بەو جۆرەی کە ڕەخنەگرێك لە شیکردنەوەیەکی تووڕانەیدا سەبارەت بە دواهەمین ڕۆمانم گوتبووی، بۆچی بەبێ هۆکار نیگەرانی کارگەلێکی نەفامانە بم و نابێ دیدێکی ڕۆشنم بۆ ژیان هەبێ؟)) بەس هەر بەو دوودڵی و ناڕەحەتیانەوە، لە شوێنی خۆم دانیشتبووم و سات بە سات ناڕەحەتیم تاوی دەسەند، جا وام بە مێشکدا هات کە لەم دۆخەدا جێهێشتنی ئەم شوێنە گەرم و گوڕە کارێکی ژیرانە نییە. ڕۆژنامەیەکی هەواڵیی فرانکفۆرتیم هەڵگرت و هێشتا دوو دێڕم لە بابەتەکەی نەخوێندبووەوە کە خەو بردمیەوە. ئەڵمانییەکان بێزاریان نەدەکردم. ئەوان ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە، جگەرەیان دەکێشا و جار جاریش، هەر نیو کاتژمێر جارێك، بە دەنگێکی هێمن و بە شێوەیەکی پەلە پەل یەکتریان دەدواند، قسەکانیشیان یا سەبارەت بە هەواڵەکانی ڕۆژنامەی فرانکفۆرت بوون یا باسێکی گاڵتەئامێزانە بوو لەبارەی حەنەك نووسێکی بەناوبانگی ئەڵمانیی *سافیر* ناو، پاشان بە هەستێکی لووتبەرزانەی زیاد لە ڕادە نەتەوەپەرستانەوە، درێژەیان بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە دەدا. نزیکەی نیو کاتژمێرێك

وەنەوزم دا و کتوپڕ بەهۆی لەرزێکی توندەوە بەئاگا هاتم. دەبوو دەمودەست ڕێگەی ماڵێ بگرمە بەر. بەس لەم ساتەدا دیمەنێك لە فرۆشگەکەدا هاتبووە ئارا کە لەم کارە پاشگەزی کردمەوە. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە پیرەمێردەکە لەو شوێنەی کە دادەنیشت، چاوی لە خاڵێکی بەرانبەری دەبڕی و تەواوی ئەو ئێوارەیە چاوی لێ لانەدەدا. ئەو جۆرە حاڵەتانە بۆ منیش هاتبوونە پێش کە بکەومە ژێر کاریگەریی ئەو نیگا مکوڕ و بێمانایەوە، نیگایەك کە هیچ شتێکی نەدەبینی، حاڵەتێکی ئێجگار بێزارکەری هەبوو و تەنانەت دەکرێ بشڵێین بەرگەگرتنی دژوار بوو و منیش وەك هەمیشە لەو کاتانەدا دەمودەست شوێنەکەمم دەگۆڕی. ئێستاکە ئەڵمانییەکی کوڵەباڵای خڕیلە و ئێجگار پاك و خاوێن ببووە ئامانجی تیری نیگای پیرەمێردەکە، کابرا یەخەیەکی ساف و ڕەپ و ڕەق و ڕووخسارێکی سووری هەبوو. مشتەرییەکی هەمیشەیی نەبوو، ناوی ئادام ئیڤانۆڤیچ شۆلتز ( کە لەمەودوا ئاوها ناوی دەبەین ) و بازرگانێکی خەڵکی *ریگا* بوو، هاوڕێی نزیکی مۆلەر بوو و هێشتا نە پیرەمێردەکەی دەناسی و نە زۆربەی ئەو کەسانەش کە مشتەریی هەمیشەیی شیرینی فرۆشییەکە بوون. بە حەزەوە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی *دۆرف باربیە* بوو و جار جاریش گەرووپەکی تەڕ دەکرد، وەختێك کە سەری هەڵبڕی، لە ناکاو نیگای پیرەمێردەکەی کەوتە بەرچاو کە واق و وڕ لێی ڕامابوو. ئەم بابەتە بە تەواوی بەر چاوی ئەوی ڕەش کرد. ئادام ئیڤانۆڤیچ، هەروەك هەموو ئەڵمانییە ‹‹خانەدانەکان›› پیاوێکی ئێجگار هەستیار و دڵناسك بوو. بە شتێکی سەیر و تەنانەت سووکایەتی ئامێزیش ئەوەی لێك دەدایەوە کە کەسێك ئاوها بە نیگایەکی مکوڕ و سارد و سڕانەوە لێی ڕابمێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی دەدا بەر بە تووڕەبوونی خۆی بگرێت، نیگای لەسەر مشتەرییە بێ نەزاکەتەکە گواستەوە و چاوی لە شوێنێکی دیکە بڕی، لەژێر لێوەوە پرتە و بۆڵەیەکی لێوە هات و بێ ئەوەی هیچ بڵێ، لە پشت ڕۆژنامەکەوە ڕووخساری خۆی شاردەوە. بەس خۆی پێڕانەگیرا و دوای چەند خولەکێك، لە پشت ڕۆژنامەکەوە نیگایەکی بەدگومانانەی گرتە پیرەمێردەکە: دیسان چاوی بە هەمان نیگای پێداگرانە و هەمان لێڕامانی بێمانا کەوتەوە. ئادام ئیڤانۆڤیچ ئەم جارەشیان هیچی نەگوت. بەس کاتێك بۆ سێیەمین جار کە بینیی هەم دیسان هەمان تاسە و هەمان حەمامە، ئیدی خۆی پێ ڕانەگیرا و بە ئەرکی خۆی زانی کە بەرگری لە حورمەتی خۆی بکا و لێنەگەڕێ بە بەرچاوی کەسانی نەجیبزادەی خەڵکی شاری جوانی ریگاوە کە خۆی بە نوێنەری دەزانی، سووکایەتیی پێ بکرێ. بە جووڵەیەکی بێ سەبرانەوە، ڕۆژنامەکەی خستە سەر مێزەکە، جا بە توندی ئەو تەختە باریکەی کە ڕۆژنامەکەی بە دەورا دەپێچرا، بە زەویەکەدا کێشا و لە بارێکدا کە لەژێر کاریگەریی هەڵچوون و ئەو خواردنەوەیەی کە نۆشیبووی، بێ ڕادە سوور هەڵگەڕابوو، چاوە بچووکە پڕ لە گڕی ڕقەکەی، لە چاوانی هەراسانکەری پیرەمێردەکە بڕی. دەتگوت کابرای ئەڵمانی و ڕکابەرەکەی گەرەکیانە بە هێزی موگناتیسیی نیگایان یەکتری ببەزێنن و چاوەڕێن تا بزانن کامەیان زووتر نیگای لا دەدا. دەنگی بەر زەوی کەوتنی تەختەی ڕۆژنامەکە و باری دەهرییووانەی ئادام ئیڤانۆڤیچ، سەرنجی هەموو کڕیارەکانی ڕاکێشا. لە چرکەساتێکدا هەر هەمووان وازیان لە ئیشەکانی خۆیان هێنا و بە کونجکۆڵییەوە، جددیانە و بێدەنگانە چاویان لەم دوو ڕکابەرە بڕی. دیمەنەکە ئێجگار پێکەنیناوی بوو. وەلێ هێزی کێشکردنی چاوە بچووك و سوور هەڵگەڕاوەکانی ئادام ئیڤانۆڤیچ هیچ

کاریگەرییەکی نەبوو. پیرەمێرد بەبێ چاوترووکاندن، هەر ئاوها ڕوودارانە لە بەڕێز شۆلتز ڕامابوو و ئەویش لە ڕقاندا هێندەی نەمابوو هار ببێ و بێگومان ئاگای لەوەش نەبوو کە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. دیمەنێکی ئێجگار کپ بوو و هەر دەتگوت شوێنی ڕووداوەکە سەر مانگە نەوەك سەر ڕووی زەوی. سەرەنجام ئادام ئیڤانۆڤیچ کاسەی سەبری لێوڕێژ بوو و زیاد لەمە خۆی پێ ڕانەگیرا و بە زمانی ئەڵمانی، بە شێوەیەکی توند و تووڕە و بە سەروسیمایەکی هەڕەشە ئامێزەوە هاواری کرد: ((بۆچی ئاوا واق و وڕ لێم ڕاماویت؟))

وەڵێ ڕکابەرەکەی نقەی لێوە نەهات، پێدەچوو پرسیارەکەی ئەوی نەبیستبێت و ئەسڵەن هەر نەشزانێ چیی گوتووە. ئادام ئیڤانۆڤیچ بڕیاری دا بە زمانی ڕووسی قسەبکا و بە ڕقێکی تۆقێنەرەوە گوتی: ((لە ئێوە پرسیم بۆ ئاوا بە مکوڕییەوە سەیر کرد؟))[1] پاشان لە جێگەکەی هەستا و لەسەری ڕۆیشت: ((من لە دەربار کەسێکی ناسراو، بەس هیچ کەسێ ئێوە نەناسی.))

بەس پیرەمێردەکە تەنانەت چاویشی نەترووکاند. پرتە و بۆڵەیەکی تێکەڵ بە ڕق لەنێو ئەڵمانیانی نێو شیرینی فرۆشییەکە بەرز بووەوە. تەنانەت خاوەن فرۆشگەکەش، کە ئەم دەنگ و هەرایە سەرنجی ڕاکێشابوو، خۆی گەیاندە ئەوێ. بەس هەر لەگەڵ زانینی بەسەرهاتەکەدا بە خۆی گوت بێگومان ئەم پیرەمێردە یان کەڕە یان گوێی گرانە، هەر بەم بۆنەیەوە دەمی بردە نزیك گوێی ئەو و لە دۆخێکدا کە لە چاوانی پیرەمێردەکە ڕامابوو، بە دەنگێکی بەرز گوتی:

-بەڕێز شۆلتز لە ئێوە داوای کرد، بەم شێوەیە سەیر نەکرد.

پیرەمێردەکە نیگایەکی خۆنەویستانەی مۆلەری کرد و لە پڕ ڕووخساری، کە تا ئەو ساتە بێ حاڵەت بوو حاڵەتێکی شپرزانەی وەرگرت. کەوتە جموجووڵ و بە نرکە و ناڵەوە بەرەو لای کڵاو و گۆچانەکەی چەمییەوە و خێرا لەسەر زەوییەکە هەڵیگرتنەوە، لە جێگەکەی هەستا و بە بزەیەکی بەزەیی بزوێنەوە، بە بزەی کەسێکی ڕسواکراوی دەرکراو لە شوێنێکدا کە بە هەڵە لێی دانیشتووە، خۆی ئامادە کرد تا لە شیرینی فرۆشییەکە وەدەرکەوێ. پەلە پەلکردنە خاکی و ملکەچانەکەی پیرەمێردە لەرزۆك و داماوەکە، بە چەشنێك بەزەیی ئامادەبووان و تەنانەت ئادام ئیڤانۆڤیچ شی بزواند کە دەمودەست لە دیوێکی دیکەوە سەیری ڕووداوەکەیان کرد. ئەوە زۆر ڕوون بوو کە پیرەمێردەکە نەك هەر بە تەنیا نەیدەتوانی دڵی کەس بڕەنجێنێ، بەڵکە ترسی ئەوەیشی هەبوو کە لە هەر ساتێکدا وەك شرۆڵەیەکی بێنەوا لەو ناوە تاری بنێن.

مۆلەر پیاوێکی دڵنەرم و بە بەزەیی بوو. لەگەڵ ئەوەی کە بە هێواشی دەستی بەسەر شانی پیرەمێردەکەدا دەکێشا گوتی:

---

١. خوێنەر دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە هەرسێ کەسایەتی: (مۆلەر، ئادام ئیڤانۆڤیچ و فیۆدۆر کارلۆڤیچ) لەبەر ئەوەی زمانی دایکیان ئەڵمانیە، بە ڕووسیەکی شەق و شڕ دەدوێن و بە بەمەبەست قسەکانیان بەو جۆرە وەرگێڕاون.

- نا، نا، ئێوه دانیش، بەڕێز شۆلتز له ئێوه تکا کرد ئاوها زەق تەماشای نەکرد. ئەو یەکێك له ئەندامانی ناسراوی دەربارە.

بەس پیرەمێردی داماو سەری له قسەکانی ئەو دەرنەچوو، زیاتر کەوتە جموجوڵ و خۆی چەماندەوه و ملپێچە ڕەنگ سوور و شڕ و وڕەکەی، که به کڵاوەکەوه کەوتبووه خوارێ، هەڵگرتەوه و جا بانگی سەگەکەی کرد که بێ جووڵه بەسەر ڕووی زەویی فرۆشگەکەوه وەرکەوتبوو. سەگەکە به دوو پەنجە قەپۆزی شاردبووەوه و پێدەچوو نوقمی خەوێکی قووڵ بێ.

پیرەمێردەکه به دەنگێکی لەرزۆك و گیراوەوه گوتی: ((ئازۆرکار، ئازۆرکار)) جا به گۆچانەکەی تەکانێکی پێدا، وەلێ سەگەکه له جێگەی خۆی نەبزوا و هەر له هەمان باری خۆیدا مایەوه.

گۆچان له دەستی پیرەمێردەکه کەوتە خوارێ، چەمییەوه، ئەژنۆی دادایە سەر زەوی و به هەردوو دەست سەری ئاژەڵە بێنەواکەی بەرز کردەوه. ئازۆرکاری بەستەزمان تۆپی بوو. بێ ئەوەی قرووسکەیەکی لێوەبێ لەبەر پێی خاوەنەکەیدا گیانی دابوو. ڕەنگە بەهۆی برسیەتی یان پیرییەوه تۆپی بێت. پیرەمێرد بۆ ساتێك به گێژی و ماتییەوه چاوی له ئاژەڵەکه بڕی، پێدەچوو بڕوا بەوه نەکات که ئازۆرکار تۆپیوه، پاشان به شێنەیی بەرەو لای دۆستە دێرینەکەی که تەمەنێك خزمەتی ئەوی کردبوو، چەمییەوه و ڕووخسارە ڕەنگ پەڕیوەکەی به سەری بێ جووڵەی ئاژەڵەکەوه گوشی. بێدەنگی بۆ ساتێك باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا. هەموومان کەوتبووینە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکه... سەرەنجام پیرەمێردە بێنەواکە هەستایە سەر پێ. ڕەنگی به ڕووەوه نەمابوو و پێدەچوو تای لێ هاتبێ و سەرا پای دەلەرزی. مۆلەر دڵسۆزانە و لەگەڵ ئەوەی که دەیویست دڵنەوایی پیرەمێردەکه بکا، گوتی: ((دەکرێ ئەو به کا پڕ بکەیتەوه. زۆر به باشی توانین بەم شێوەیە بیهێڵیتەوه، *فیۆدۆر کارلۆڤیچ* لەم کارەدا شارەزایە.)) پاشانیش گۆچانی پیرەمێردەکەی لەسەر زەوییەکە هەڵگرتەوه و دایە دەستی.

فیۆدۆر کارلۆڤیچ هەنگاوێك هاتە پێشێ و به شێوەیەکی خاکەڕایانە گوتی: ((بەڵێ، من باش دەتوانێ به کا لاشەی پڕ کردەوه.)) ئەویش ئەڵمانییەکی پارێزکاری لاواز و به ساڵاچووی قژ سوور بوو، که چاویلکەیەك بەسەر لووتە چەماوەکەیەوه بوو.

مۆلەر ئەم فکرە وورووژاندبووی و گوتی: ((فیۆدۆر کارلۆڤیچ هونەرمەندێکی گەورەیە، توانێت به کا هەموو ئاژەڵێك پڕ بکاتەوه.))

فیۆدۆر کارلۆڤیچ بۆ پاڵپشتی کردنی قسەکانی ئەو، به سیمایەکی بەخشندانەوه گوتی: ((بەڵێ، من توانایەکی تایبەت بۆ پڕکردنەوەی هەر ئاژەڵێك به کا هەیە، هەروەها ئامادەم ئاژەڵەکەی ئێوه بەخۆڕایی پڕکردەوه.))

شۆلتز لە دۆخێکدا کە زیاتر لە جاری پێشوو سوور هەڵگەڕابوو، دەیویست دەست و دڵ کراوەی خۆی پیشان بدات و جا لەبەر ئەوەی لەم ڕووداوەدا هەستی بە تاوانباریی خۆی دەکرد گوتی: ((نا، پارەکە لەسەر من.))

کابرای پیرەمێرد بە ڕواڵەت گوێی بۆ قسەکانی ئەوان دەگرت و بێ ئەوەی هیچ شتێکیان لێ حاڵی ببێ هەر ئاوها بە پێوە دەلەرزی.

مۆلەر کاتێك کە بینیی پیرەمێردەکە نیازی ڕۆیشتنی هەیە گوتی:

- پەلە نەکرد، خراپ نییە کەمێك کۆنیاك خواردەوە.

پیرەمێردەکە بە لەرزە لەرزەوە لیوانەکەی لە دەستی ئەو وەرگرت و بەر لەوەی بیگەیەنێتە سەر لێوەکانی، نیوەی بە جلەکانیدا ڕشت و بێ ئەوەی دڵۆپێکی لێ بخواتەوە خستییەوە سەر پێشخوانەکە. پاشانیش بە بزەیەکی هەژێنەرەوە کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا نەدەگونجا، بە هەنگاوی خێرا و لەرزۆکەوە فرۆشگەکەی جێهێشت و لاشەی سەگەکەی لەوێندەرێ بەجێهێشت. تەواوی مشتەرییەکان لە سەرسامیاندا لە جێگەی خۆیاندا وشك ببوون. ئەڵمانییەکان واق و وڕ لە یەکتریان دەڕوانی و هاوکاتیش بە یەك دەنگ گوتیان: ((نەفرەت لە شەیتان، ئای لەم بەسەرهاتە سەیرە.))

من بە خێراییەوە لە فرۆشگەکە چوومە دەرێ و دوای پیرەمێردەکە کەوتم. لە چەند هەنگاوێك دوورتر و لە لای ڕاستەوە، کۆڵانێکی تەسك و باریکی بە ڕیزە بینایەکی بەرزەوە لێیە. لەوە دڵنیا بووم کە پیرەمێردەکە خۆی بەم کۆڵانەدا کردووە. دووەمین خانووی دەستە ڕاست نیوەکار و سەرا پای بە داربەس دا پۆشرابوو. پەرژینێك بە چواردەوری بیناکەدا کێشرابوو کە کەم تا زۆر هەتا ناوەڕاستی کۆڵانەکە دەهات. لە پشت ئەم پەرژینەوە، بۆ ڕابووردنی ڕێبواران پیادەڕێیەکی تەختەیی دروست کرابوو. لە گۆشەیەکی تاریکی بیناکەدا پیرەمێردەکەم دۆزییەوە. لە ڕۆخی پیادەڕێکە دانیشتبوو، ئەنیشکەکانی خستبوونە سەر ئەژنۆی و سەری نابووە نێوان هەردوو دەستییەوە. ڕۆیشتم و لە تەنیشتییەوە دانیشتم، لە بارێکدا کە نەمدەزانی چۆن چۆنی سەری قسەی لەگەڵ بکەمەوە گوتم:

- گوێبگرن، هێندە خەفەت لە ئازۆرکار مەخۆن، وەرن، ئێوە دەگەیێنمەوە ماڵێ. ئارامبن، هەر ئێستە گالیسکەیەك بانگ دەکەم. ماڵتان لە کوێیە؟

پیرەمێردەکە وەڵامی نەدایەوە. نەمدەزانی چ بڕیارێك بدەم. هیچ ڕێبوارێك لەو ناوە نەدەبینرا. لە ناکاو پیرەمێردەکە دەستمی گرت و بە دەنگێکی گیراوەوە کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی: خەریکە دەخنکێم، خەریکە دەخنکێم!

هەستامە سەر پێ و لەگەڵ ئەوەی کە بە دژواری هەوڵی هەستاندنەوەیم دەدا گوتم:

((با بچینەوەماڵێ. لەوێ پیاڵەیەك چا دەخۆینەوە و پاشانیش دەنووین... هەر ئێستە بە گالیسکە ئێوە دەگەیێنم. پزیشك ئاگادار دەکەمەوە... پزیشکێك دەناسم.))

ئیدی لەبیرم نییە چیم پێی گوت. پیرەمێردەکە هەوڵی دەدا هەستێتەوە، بەس لە بارێکدا کە لەبەرخۆوە ورتە ورتێکی دەکرد دەمودەست کەوتە سەر لێواری پیادەڕێکە. هەر بە هەمان دەنگی دوو ئاواز و پڕ لە خێسە خێسەوە خەریکی قسەکردن بوو. کەمێك زیاتر خۆم بەسەریدا چەماندەوە و گوێم شل کرد هەتا بزانم ئاخۆ چی دەڵێ.

پیرەمێرد بە دەنگێکی گیراوەوە دەیگوت: ((گەڕەکی *ڤاسیلی ئۆستڕۆف*، کۆڵانی شەشەم، کۆڵانی شەشەم.))

پاشان بێدەنگ بوو.

-ئێوە نیشتەجێی گەڕەکی ڤاسیلی ئۆستڕۆفن، وەلێ ڕێگەکەتان لێ تێکچووە، دەبوو بەلای چەپدا بسووڕێنەوە، نەك بەلای ڕاستدا. هەر ئێستە دەتانبەم بۆ ئەوێ...

پیرەمێرد جووڵەی لێ بڕا. دەستیم گرت، بەس بە چەشنی دەستێکی بێ گیان کەوتە خوارێ. سەیری ڕووخساریم کرد، دەستم لێدا، وەلێ مردبوو. هەموو ئەم دیمەنەم وەك خەوێك دەهاتە بەرچاو. ئەم ڕووداوە کاتێکی زۆری گرتم و لە بەرانبەر ئەمەشدا خۆبەخۆ تاکەم نەما. ماڵەکەیم دۆزییەوە. لە کۆڵانی ڤاسیلی ئۆستڕۆف نەبوو. بەڵکە کەمێك دوورتر لە شوێنی مردنەکەی و لە نهۆمی چوارەمی ئەپارتمانێکدا بوو کە خانووەکەی پێکهاتبوو لە ژوورێکی گەورە و سەرسەرایەکی بچووك، بنمیچێکی ئێجگار نزمی هەبوو لەگەڵ سێ دەریچە لەجێی پەنجەرە، ژیانێکی نەدارانەی هەبوو. هەموو ناوماڵەکەی تەنیا مێزێك و دوو کورسی و قەنەفەیەکی داڕزیوی ئێجگار کۆنە و شەق و شڕ بوو، کە لە ڕەقیدا جیاوازییەکی ئاوهای لەگەڵ بەرددا نەبوو، ئەم ناوماڵەش هی خاوەن خانووەکە بوو و پیرەمێردەکە بەخۆی هیچ شتێکی نەبوو. پێدەچوو کوانووەکەشی دەمێك بێ دانەگیرسابێت، ژوورەکەش هیچ ڕووناککەرەوەیەکی تێدا نەبوو. ئێستا لەوە بێگومانم کە کابرای پیرەمێرد تەنیا لەبەر ئەوە دەرۆیشتە شیرینی فرۆشییەکەی مۆلەر هەتا هەندەك چاوی بە ڕۆشنایی بکەوێ و کەمێکیش خۆی گەرم بکاتەوە. بەسەر مێزەکەوە سوراحییەکی بچووکی گڵین و چەند پارچە نانێکی پەزێرە بوو بەرچاو دەکەوت. ماڵەکەی تەنانەت پوولێکی قەڵبیشی تێدا نەبوو. تەنانەت جلی ژێرەوەشی نەبوو هەتا لەجێی کفن لەبەری بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێك لە دراوسێکان جلی خەوەکەی خۆی پێدا. هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو کە ئەو نەیتوانیوە ئاوا بەم شێوەیە و بە تەنیایی ژیان بەسەر بەرێ. بە دڵنیاییەوە کەسێك، تەنانەت گەر جار جارێکیش بووبێت سەرێکی لێ داوە. لە چەکمەجەی مێزەکەیدا ناسنامەکەیان بینییەوە. پیرەمێردەکە ناوی *ژرمی ئەسمیت*، نیشتەجێی ڕووسیا و بەس بە ڕەچەڵەك بیانی بوو، میکانیکییێکی حەفتاوهەشت ساڵە بوو. دوو کتێب بەسەر مێزەکەوە بوون: پوختەیەك لە جوگرافیا لەگەڵ ئینجیلێك بە زمانی ڕووسی، کە بە قەڵەم پەراوێزگەلێکی لەسەر نووسرابوون و شوێن پەنجەش بە قەراخ لاپەڕەکانەوە دەبینرا. ئەم دوو کتێبەم کڕین. هەواڵی ئەویان لە خاوەن ماڵ و دراوسێکان پرسی، وەلێ هیچ کەسێك شتێکی

ئەوتۆی لەبارەی ئەو نەدەزانی. خەڵکانێکی زۆر لەو بینایەدا نیشتەجێ بوون، کەم تا زۆر هەمووان پیشەوەر یان ئەڵمانی و خزمەتکارانێکی ژن بوون کە کاروباری ناوماڵانیان ئەنجام دەدا. بەڕێوەبەری بیناکەش کە کەسێکی خانەدان بوو، هیچ شتێکی دەربارەی کرێچییەکەی پێشووی نەدەزانی، بێ لەوەی کە کرێی ماڵەکە مانگی شەش ڕۆبڵ بووە، پیرەمێردەکەش چوار مانگ لەوێندەرێ نیشتەجێ بووە و بۆ کرێی دوو مانگی ڕابردوو تەنانەت یەك کۆپیکشی نەداوە و ئەویش هاتووەتە سەر ئەو ڕێیەی کە ئیدی وەدەری نێ. هەواڵی ئەوەیان پرسی کە داخۆ هیچ کەسێك سەردانی دەکرد، وەلێ کەس نەیتوانی وەڵامێکی قایلکەر بداتەوە. بیناکە گەورە بوو. کەسانێکی زۆر هاتوچۆی ئەم کەشتییە نوحەیان دەکرد. هیچ کەسێك نەیدەتوانی شێوەی هەموویان بناسێتەوە. دەرگەوانەکە، کە لە چوار پێنج ساڵی ڕابردووەوە لەو بینایەدا خزمەتی دەکرد و بۆی هەبوو هەرچۆنێك بووە بتوانێ تەنانەت زانیارییەکی کەمیشمان لەبارەی پیرەمێردەکەوە بخاتە بەردەست، ماوەی پازدە ڕۆژێك بوو کە وەك پشوو ئەوێی جێهێشتبوو و گەڕابووەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی و خوشکەزاکەی خۆی، کە کوڕێکی لاو بوو و هێشتا نیوەی کرێچییەکانی نەدەناسین، لە جێگەی خۆی دانابوو. نازانم دواجار ئەم بەدواداچوونانە بە کوێ گەیشتن، هەر ئەوەندە دەزانم کە سەرەنجام پیرەمێردەکە بەخاك سپێردرا. لە ماوەی ئەم ڕۆژانەدا، سەرەڕای کاروباری دیکەم، سەرێکیشم لە کۆڵانی شەشەمی گەڕەکی ڤاسیلی ئۆستڕۆف دا و کە گەیشتمە ئەوێ پێکەنینم بەو کارەی خۆم هات، چونکە بێجگە لە کۆمەڵە خانوویێکی ئاسایی هیچ شتێکی دیکەم بەرچاو نەکەوت. ئەی بۆچی لام وابوو کە پیرەمێردەکە لە سەرەمەرگدا قسەی لە کۆڵانی شەشەمی گەڕەکی ڤاسیلی ئۆستڕۆف دەکرد؟ ئایا تووشی وڕێنەکردن ببوو؟

سەیرێکی ژوورەکەی ئەسمیتم کرد و بەلامەوە گونجاو بوو. ئەوێندەرێم بەکرێ گرت. بێ لەو بنمیچە نزمەی کە لە سەرەتاوە وام بە خەیاڵدا دەهات کە بۆی هەیە لە ئان و ساتێکدا سەرم بەری بکەوێ، هیچ تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی دیکەی نەبوو. وەلێ زۆر زوو خووم بەم بنمیچە نزمەوە گرت. هیچ شوێنێکی لەمە باشترم دەست نەدەکەوت کە کرێکەی تەنیا مانگی شەش ڕۆبڵ بێت. وام هەست دەکرد کە ئیدی لە ماڵی خۆمدام، تەنیا دەبوو خەمێکی ژنەخزمەتکارەکان بخۆم، چونکە بەبێ یاریدەی ئەوان ژیان لەو ناوە دژوار بوو. قاپچی لە سەرەتاوە بەڵێنی دامێ لایەنی کەم هەموو ڕۆژێ سەرێکم لێبدا و ئیشەکانم جێبەجێ بکا. بە خۆمم دەگوت کێ چووزانێ، لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێك دەربکەوێ و هەواڵی کابرای پیرەمێرد بپرسێت. وێڕای ئەمەش، پێنج ڕۆژێك بەسەر مەرگی ئەو دا ڕابرد و هیچ کەسێك هەواڵی نە پرسی.

لەو سەردەمە، بۆ ساڵێك دەچوو كە لەڕێی نووسینی كورتە وتارەوە كارم بۆ چەند گۆڤارێك دەكرد و زۆر هیواردار بووم كە بتوانم لە داهاتوودا ئیشێكی گەورە و بە پێز پێشكەش بكەم. لەو ڕۆژانەدا بە نووسینی ڕۆمانێكی گەورەوە سەرقاڵ بووم، ئەنجامەكەشی ئەوە بوو كە كێشكرامە نەخۆشخانە و كەوتمە جێگە و ئەگەرێكی زۆری هەبوو كە هەر لەوێندەرێ گیانم لەدەست بدەم. پێم وابوو كە یاداشتكردنی یادەوەرییەكانی ڕۆژانەم ئەوە ناهێنێ كە گیانمی لە پێناو دانێم.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سەرانسەری ئەم یەك ساڵە دژوار و پڕ لە مەینەتییەی ژیانم، بەردەوام لە یادگەمدا زیندوو دەبووەوە. ئێستاكەش بڕیارم وایە كە هەموو شتێك یاداشت بكەم و گەر ئەم سەرگەرمییەیش بۆ خۆم دەستەبەر نەكەم، ئەوا بێگومان لە وەڕزیاندا دیق دەكەم. ئەم یادەوەرییە پڕ لە چەرمەسەرییانەی ڕابردووم بوونەتە مایەی ئازاری گیانم. وەختێك كە دەشیان خەمە سەر كاغەز، دڵنیاكەرەوەتر و ڕێكوپێكتر دەبن و لام وایە كەمتر لە وڕێنەگۆیی و پەرێشانیی ڕۆحی دەچن. نووسین بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە، سوكناییم دەداتێ، پەرێشانییەكانم دەڕەوێنێتەوە، گیان بەبەر خووە دێرینەكانی نووسینمدا دەكاتەوە و خەیاڵ و یادگارییەكانم دەكاتە كارێكی پیشەیی... بەڵێ، دەست دانە نووسین فكرەیەكی باش بوو.لایەنی كەم دەتوانم نووسراوەكانم پێشكەشی یاریدەدەری بەڕێوەبەری ڕۆژنامە بكەم تا زستانان لە كاتی گرتنی درزی پەنجەرەكاندا، بە شووشەكانیانەوە بلكێنێ، با واز لەمە بێنین... ئەوجا نازانم بۆ لە ناوەڕاستەوە دەستم بە نووسینی چیرۆكەكەم كرد. گەر هەر بەڕاستی بمەوێ هەموو شتێك شی بكەمەوە، ئەوا دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێبكەم. كەواتە باشتر وایە هەر لە سەرەتاوە دەست بە شیكردنەوە بكەم، ئەوجاكە ژیاننامەشم هێندە دوور و درێژ نییە.

من لەدایكبووی ئەم شارە نیم، بازێڕی ‹‹ن...›› شوێنی لەدایكبوونی منە. تا ئەو جێیەی كە ئاگادارم دایك و بابم كەسانێكی ئاوڕوودار بوونە، بەس هەر بە منداڵی ئەوانم لە دەست داوە و هەتیو كەوتووم. نیكۆلای سێرگەڤیچ ئیخمینیف كە خاوەن موڵكێكی كەم دەرامەت بووە، لە ڕای خودای ئەمنی هێناوەتە ژێر سایەی خۆی و گەورەی كردووم. تاقە كچێكی بەناوی *ناتاشا* وە هەبوو كە سێ ساڵ لە من بچووكتر بوو. من و ئەو وەك خوشك و برا پێكەوە گەورە بووین. ئاه ئەی ژیانی شیرینی سەردەمی منداڵی! بە بیستوپێنج ساڵ تەمەنەوە و لە دەمی مەرگدا، لە ساتێكدا كە هیچ یادەوەرییەكی دڵخۆشكەرت نییە هەتا خەفەتی بۆ بخۆیت، ئای كە حەسرەتكێشان بۆ تەمەنی سەردەمی منداڵی چەندە گەمژانەیە! خۆرەتاوی ئەو سەردەمە چەندین درەوشاوەتر و چەندە لە خۆرەتاوی پترسبورگ جیاوازتر بوو. دڵەكانمان چەندە بە حەز و تاسەوە دەترپان. دەوروبەرمان هەمووی جەنگەڵ و مەزرا بوو كەچی ئێستە هەمووی چینە بەردی بێگیان و دڵگرە. ئای كە باخی فراوانی *ڤاسیلیۆسكۆئیە* كە نیكۆلای سێرگەڤیچ بەردەست و بەڕێوەبەری بوو، چەندە خۆش و دڵڕفێن بوو. من و ناتاشا بەو باخەدا پیاسەمان دەكرد و دوای ئەویش جەنگەڵێكی بەرین و

شێدار هەبوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژانی سەردەمی منداڵی تێیدا ون بووین... یادی بەخێر ئەم تەمەنە بەنرخ و پڕ لە شکۆیە. سەرەتا ژیا نمان وەك شتێکی ئێجگار پڕ لە ڕەمز و ڕاز و سەرنجڕاکێش دەهاتە بەرچاو و تێکەڵبوونی ئێجگار دڵپەسەند بوو. دەتگوت پشت هەر درەختێك یان بنەگیایەك کەسێکی غەوارە و تەلیسماویی لێیە، ئەم دونیا خەیاڵییە تێکەڵی دونیای ڕاستەقینە دەبوو و کاتێك کە لە دۆڵە قووڵەکاندا پەردەگەلی تەمی شەوانە چڕ و خەست دەبووەوە و وەك چینە بەفری سپیی لێ دەهات، ئیتر بەرە بەرە بە داوێنی تاشەبەردی ئەستێڵەکەمانەوە دەلکان، جا من و ناتاشا، دەستمان دەنایە ناو دەستی یەکدی و لە قەراخ ئەستێڵەکە ڕادەوەستاین، کونجکۆڵانە و لە هەمان کاتدا بە ترسەوە چاومان لە قووڵاییەکەی دەبڕی، چاوەڕێی ئەوە بووین کە لەناکاو سەروشکڵی کەسێك لە قووڵاییەکەیەوە دەربکەوێ، یان لە بنی ئەستێڵ و ناوەڕاستی تەمە چڕەکەوە کەسێك بانگمان بکا هەتا ئەو چیرۆکانەی کە خزمەتکارە بەساڵاچووەکە بۆمانی دەگێڕایەوە، دواجار شێوەی حەقیقەت وەربگرن. جارێکیان، ساڵانێك دواتر، ئەوەم بیری ناتاشا هێنایەوە کە ڕۆژێکیان ڕۆژنامەیەکی پەروەردەیی و سەرگەرمکەری تایبەت بە منداڵا نمان پەیدا کرد و خێرا چووینە نێو باخەکە، لەنزیك گۆماوەکەوە، لەسەر نیمکۆتە لەبەر دڵانەکەمان و ژێر درەختێکی ئافرای پیر دانیشتین و دەستمان بە خوێندنەوەی چیرۆکی خەیاڵبزوێنی ‹‹ ئالفۆنز و دالیند ›› کرد. ئێستاش کە ئەو چیرۆکەم بیر دێتەوە پەژارەیەکی سەیر دامدەگرێ و کاتێکیش کە دوای ساڵێك و لەو ڕۆژەدا، دوو دێڕی سەرەتای ئەو چیرۆکەم بیری ناتاشا هێنایەوە: (( ئالفۆنز پاڵەوانی چیرۆکەکەم، لە پرتەقاڵدا لەدایك بوو: باوکی دون رامیر... )) هێندەی نەمابوو دەست بە گریان بکەم. دەبێ ئەم ئیشەم زۆر گاڵتەجاڕانە بووبێت و بە ئەگەرێکی زۆریش هەر لەبەر ئەمە بوو کە ناتاشا لە بەرانبەر دەربڕینی هەیەجانی مندا، بزەیەکی سەیری گرت. ئەوجاکە زۆر زوو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو ( بە تەواوی لە یادمە ) و بۆ ئەوەی دڵنەوایيم بکات، بە خۆی دەستی کردە قسە و باس سەبارەت بە ڕۆژانی ڕابردوو. خودی ئەویش دەمودەست کەوتە ژێر کاریگەری و خەم دایگرت. ئێوارەیەکی دڵڕفێن بوو و تەواوی ڕۆژەکەمان بە باسی ئەو سەردەمەوە بەسەر برد. جا ئەو ڕۆژەش کە منیان بۆ خوێندنگەی شەوانەڕۆژی ناردە ناوەندی پارێزگا ( خوایە گیان، ئەو داماوە چەندە گریا! ). ئەوکاتەش کە بۆ دواهەمین جار و بۆ هەمیشە ماڵئاواییم لە بنەماڵەی نیکۆلای سێرگەڤیچ کرد، بە هەمان ئەندازە جوداییەکەمان دڵڕووشێن و خەمگین بوو. سەردەمی ئامادەیی شەوانەم تەواو کردبوو و بۆ درێژەدان بە خوێندن دەبوو بەرەو *پترسبورگ* ملی ڕێگە بگرمە بەر. لەو سەردەمە من حەڤدە ساڵان بووم و ناتاشایش پازدە ساڵان. ناتاشا دەڵێ ئەوسا شێوەی من هێندە ناشیرین و گاڵتەجاڕانە بوو کە خەڵکی وەختێك دەیانبینیم نەیاندەتوانی بەر بە پێکەنینی خۆیان بگرن. کاتی ماڵئاوایی، ئەوم هێنایە کەنارێکەوە هەتا بابەتێکی ئێجگار گرنگی پێ بڵێم. بەس لە ناکاو زمانم لە دەمدا شکا و شپرزە بووم. ناتاشا ئەوەی لە بیرە کە زۆر شێوابووم. هیچ گفتوگۆیەك لەنێوا نماندا ئە نجام نەدرا. نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم. پێدەچوو ئەویش لە مەبەستم حاڵی نەبووبێت. جا دامە پرمەی گریان و بێ ئەوەی یەك وشەم لە دەم دەربچێت بەرەو پترسبورگ وەڕێ کەوتم. دوو ساڵ دواتر، نیکۆلای سێرگەڤیچی بەساڵاچوو بۆ بەشداریکردن لە دادگاییەکەیدا هاتبووە پترسبورگ و منیش تازە بە تازە هەنگاوم نابووە دونیای ئەدەبیاتەوە.

# ٣

نیكۆلای سێرگەڤیچ سەر بە بنەماڵەیەكی شەریف و ئاوڕوومەند بوو، وەلێ لە سەردەمانێكی زووەوە تووشی هەژاری و كەمدەستی ببوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، دوای مردنی دایك و بابی موڵكێكی گەورە و ئاوەدان و سەدوپەنجا ڕەعیەتیی وەك میرات بۆ بەجێما. لە بیستویەك ساڵیدا لە دەستەی سوارەی سەربازی خۆی ناونووس كرد. هەموو شتێك بە باشی بەڕێوە دەچوو، بەس دوای شەش ساڵ خزمەت، تەواوی دار و نەداری لە یارییەكی قوماردا دۆڕاند.ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی. بۆ سبەی شەو دیسان چووەوە نێو قومارخانە و ئەسپەكەی كە تاقە دارایی بوو، لە گرێو دانا. گرێوەكەی دواتریشی بردەوە و پاشان یەكێكی دیكە و پاش نیو كاتژمێر یەكێك لە موڵكە گچكەكانی بە ناوی *ئیخامینۆكا*وە كە لە دواهەمین سەرژمێریدا پەنجا سەر ڕەعیەتی هەبوو دیسان بەدەست هێنایەوە. دەستی لە یارییەكە هەڵگرت و بەیانیی ئەو شەوە داوای خانەنشین بوونی پێشكەش كرد. بەس بۆ تاهەتا سەد سەر ڕەعیەتی لەدەست دابوو. بۆ دوو مانگ دواتر بە پلەی فەرماندە خانەنشین كرا و بەرەو موڵكەكەی خۆی گەڕایەوە. لەوەودوا ئیدی بە هیچ شێوەیەك هیچ قسەیەكی لە بارەی دۆڕانی لە قومارەكەدا نەكرد و سەرەڕای ئەوەی كە دڵێكی پاكیشی هەبوو، گەر كەسێك لە هاوڕێیانی زاتی بكردبا و ئاماژەیەكی بەم بابەتە بكردبا، ئەوا پەیوەندیی لەگەڵدا دەپچڕاند. تەواوی خەم و خەفەتی بووە پێڕاگەیشتن و سەروكاری كردنی موڵكەكەی و لە تەمەنی سیوپێنج ساڵیدا لەگەڵ كچێكی گەنج و ڕەسەن زادەی دەست كورتدا كە ناوی ئاندریۆنا بوو و هیچ شەكرێتێكی نەبوو، بەس لە خوێندنگەیەكی شەوانەڕۆژیی دیاری ناوەندی پارێزگادا خوێندبووی و پەروەردە كرابوو زەماوەندی كرد. ئانا لە سەرانسەری تەمەنیدا شانازی بە مامۆستاكەیەوە دەكرد كە كۆچەرێكی خەڵكی *مۆن دوش* بوو، گەرچی هیچ كەسێكیش لەوە حاڵی نەبوو كە داخۆ پەروەردە و فێركردنەكەی لەسەر چ بنەمایەك بووە. نیكۆلای بەڕێوەبەر و كارڕا پەڕێنێكی ئێجگار باش بوو و دراوسێكان لەوەوە فێری شێوازی بەڕێوەبردنی موڵكەكانیان دەبوون. هەر بەم شێوەیە ساڵانێك تێپەڕین، تا ئەوكاتەی كە خاوەن موڵكی زەوییەكی دراوسێی لە لادێی *ڤاسیلیۆسكۆئیە* كە نۆسەد ڕەعیەتی هەبوو و ناوی شازادە *ئالێكساندرۆڤیچ ڤالكۆڤسكی* بوو لە *مۆسكۆ*ڕا سەردانی موڵكەكەی خۆی كرد. سەردانەكەی ئەو

کاریگەرییەکی زۆری لەو شوێنەدا بەجێهێشت. شازادە گەرچی شەوق و زەوقی ڕۆژانی لاویی لەدەست دابوو، بەس هێشتا پیاوێکی گەنج بوو. لە سوپادا پلەیەکی بەرز و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کەسایەتیگەلێکی دەستڕۆیشتوو و ناوداردا هەبوو، پیاوێکی دەوڵەمەند و قۆز و لەسەرووی هەمووشیانەوە ژنەکەی لەدەستدا بوو، ئەم بابەتەیش بە تایبەت بووە جێی سەرنجی ژنان و کچانی عازەبی ئەو دەوروبەرە. لەبارەی ئەو پێشوازییە شایەنی باسەیش کە لەلایەن فەرماندارەوە، کە خزمایەتییەکی تا ڕادەیەك دووری لەگەڵدا هەبوو، لە شازادە کرا، حەکایەت گەلێك لەسەر زاران بوون. دەیانگوت بە سۆز و خۆشەویستیی خۆی سەرنجی هەموو ژنانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. بە کورتییەکەی ئەو یەکێك بوو لە نوێنەرانی بەرجەستەی چینی خانەدانی پترسبورگ کە زۆر بە کەمی لە شارستانەکاندا سەروشکڵیان دەردەکەوێ و کاتێکیش کە هەنگاو دەنێنە ئەو شوێنانەوە کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەر بەجێ دەهێڵن. بەس جیا لەمانەیش شازادە پیاوێکی میهرەبان نەبوو، بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئیشی پێیان نەدەکەوت و لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە، تەنانەت گەر کەمێکیش بێت، ئەوانی لە خۆی بە نزمتر دەزانی. جا بە پێی ئەمە ئامادە نەبوو لەگەڵ خاوەن موڵکە دراوسێکانی ئاشنا بێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کەسانێکی زۆر قینی لێ هەڵبگرن. هەر بەم بۆنەیەشەوە کاتێك کە دیدارێکی لەگەڵ نیکۆلای سێرگەڤیچ سازدا، هەمووانی سەرسام کرد. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین کە نیکۆلای سێرگەڤیچ بە یەکێك لەنزیکترین دراوسێکانی ئەو دادەنرا. شازادە لە ماڵی نیکۆلایدا درەوشایەوە. هەر لە هەمان ساتی چوونە ژوورەوەیدا ژن و مێردەکەی شەیدای خۆی کرد، بە تایبەت ئانا کە جۆش و خرۆشێکی زۆری تێگەڕابوو. هێشتا چەند خولەکێك بەسەر هاتنە ژوورەوەیدا ڕانەبردبوو کە وەك یەکێك لە دۆستە نزیکەکانیانی لێهات. لەوەودوا هەموو ڕۆژێك دەچووە دیداریان، داوەتی ماڵەوەی دەکردن، حەکایەتی خۆش خۆشی بۆ دەگێڕانەوە، بە پیانۆ شەقوشڕەکەیان ئاوازی دەژەنی و هاوکاتیش گۆرانیی بۆ دەگوتن. نیکۆلای و ژنەکەی باوەڕیان بەوە نەدەکرد کە چۆن خەڵکی دەتوانن پیاوێکی ئەمەندە میهرەبان و خۆشکەیف، بە لووتبەرز، وشك و خۆپەسەند بزانن، ئەمە ئەو شێوازە تێگەیشتنە بوو کە هەموو دراوسێکان سەبارەت بەو هەیانبوو. دەبوو باوەڕ بەوە بکەیت نیکۆلایی کە پیاوێکی دروست کردار، سادەدڵ، بێ تەماح و ڕەسەن بوو، هەر بەڕاستی بووە مایەی دڵخۆشیی شازادە. ئەو جاهێندەی نەبرد هۆکاری ئەم پەیوەندییە گەرموگوڕە ڕوون بووەوە. شازادە بەم بۆنەیەوە گەڕابووەوە بۆ ڤاسیلیۆسکۆئیە هەتا بەردەستەکەی، کە ئەڵمانییەکی خۆشبوێر، چاولەدوو و لە هەمان کاتدا جوتیارێکی شارەزا بوو، وەدەربنێ. بەردەستەکەی سەرێکی سپی و لووتێکی چەماوەی هەبوو کە چاویلکەیەکی دەخستە سەر و گەرچی لە کاری خۆیدا شارەزا و لێزان بوو، بەس بێ شەرمانە و لە ڕاست و چەپەوە شازادەی دەدۆشی، سەرەڕای هەموو ئەمانەیش بە تێلاکارییە بێڕەحمانەکانی چەند کەسێك لە سە پانەکانی پڕوکاندبوون. شازادە دوای ئەوەی بەم بابەتەی زانی، وێڕای ئەو پیاهەڵدانانەی کە کابرا لەبارەی سەرڕاستی و پاکیی خۆیەوە دەیکردن، بەوپەڕی سووکایەتییەوە ئەوی دەرکردبوو. هەنووکە شازادە بۆ بەڕێوەبردنی موڵکەکەی پێویستی بە پێشکارێك بوو، جا لەبەر ئەوەی کە نیکۆلای لەم بوارەدا هەڵسووڕێنەرێکی کەم وێنە و شەڕەفمەندترین کەسی ئەو شوێنە بوو و هیچ کەسێکیش گومانی لە لێزانی و سەرڕاستییەکەی نەبوو، سەرنجی

شازادەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. هەڵبەتە شازادە وای پێ باش بوو کە نیکۆلای بەخۆی وەها پێشنیارێك بۆ ئەو بکات، بەس ئەمە ڕووی نەدا، سەرەنجام ڕۆژێکیان شازادە خۆی بە شێوەیەکی مەحرەمانە و دۆستانە پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە بەڕێوەبردنی موڵکەکەی لە ئەستۆ بگرێت. سەرەتا نیکۆلای ئەم پێشنیارەی پەسەند نەکرد، بەس ئەو مووچە بەرچاوگرەی کە لە بەرانبەر ئەم ئیشەدا وەری دەگرت، بەتەواوی ئەوی تەفرە دا. پێداگرییەکانی ئانا و دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە لە ڕادەبەدەرەکانی شازادەیش سەرەنجام دوودڵییەکانی ئەویان لەنێو برد. شازادە بە ئامانج گەیشت. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەو ئینسان ناسێکی بە ئەزموون بوو. لە ماوەی ئەو پەیوەندییە کورتەی نێوان ئەو و نیکۆلای و هاوسەرەکەی، زۆر بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە تەنیا لە ڕێگەی سۆز و خۆشەویستییەوە دەتوانێ ئەوان بەرەو خۆی ڕابکێشێ و لە دڵەوە وابەستەی خۆیانی بکا، گەرنا لەم نێوەندەدا پارە ناتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ. بێ لەمەیش ئەو پێویستیی بەوە بوو کە بە چاوبەستراوی موڵکەکەی بسپێرێتە دەستی کەسێکی باوەڕپێکراو هەتا هەر بەو جۆرەی کە خۆی بەنیازی بوو ئیدی پێ نەخاتە ڤاسیلیۆسکۆئیە. بە چەشنێك نیکۆلای شەیدای خۆی کرد، کە ئیدی ئەو لە ناخەوە بڕوای بە دۆستایەتیی هێنابوو. نیکۆلای سێرگەڤیچ پیاوێکی بێوێنە و بە شێوەیەکی سادەدڵانە هەستیار بوو. ئەم چەشنە مرۆڤانە لە ڕووسیای ئێمەدا ژمارەیان زۆرە، جا هێندە دڵپاك و میهرەبانن _ گوێم لێ نییە کەسانی دی چی دەڵێن _ کە هەر ئەوەندەی حسێبە کەسێکیان بچێتە دڵەوە و ببنە ئەڵقە لە گوێی (هەندێ کات تەنیا خودا دەزانێ لەبەر چی)، ئیدی بە تەواوی بوونیانەوە لە بەرانبەریاندا وەفادار دەبن و جار جارێکیش ئەم دڵبەستەییەیان دەگەیێننە جێیەك کە لایەنێکی گاڵتەجاڕانە پەیدا دەکات.

ساڵانێك تێپەڕین. موڵکەکەی شازادە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاوەدانتر دەبووەوە. پەیوەندیی نێوان خاوەن موڵك و پێشکارەکەی بەبێ بوونی بچووکترین ناکۆکی هەر بە هەمان حاڵەتی دۆستانەوە درێژەی کێشا و نیکۆلای ڕاپۆرتی کارە ئەنجامدراوەکانی لەڕێگەی چەند نامەیەکەوە بە دەستی خاوەن کارەکەی دەگەیاند. گەرچی شازادە هەرگیز بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی موڵکەکەی خۆی لە کاروباری نیکۆلایدا هەڵنەدەقورتاند، بەس جار جار هەندێك سەرنجی دەدایە ئەو کە لە ڕووی پوختەیی و کردارییەوە نیکۆلایی سەرسام دەکرد. ئەم سەرنجانە نەك هەر بە تەنیا نیشاندەری ئەوە بوون کە شازادە کەیفی بە هەڵە خەرجی و پەخشان و تەخشان کردن نایێ، بەڵکە نیشاندەری ئەوەش بوون کە شارەزاییەکی زۆر باشیشی لە چۆنیەتی پارەپەیداکردندا هەیە. پێنج شەش ساڵ دوای هاتنی بۆ ڤاسیلیۆسکۆئیە وەکالەتنامەیەکی بۆ کڕینی موڵکێکی ئاوەدان، بەپیت و چوارسەد سەر سەپانی بۆ نیکۆلای نارد. نیکۆلای زۆر خۆشحاڵ بوو. موو بە موو پەیڕەویی لە دەستوورەکانی شازادە دەکرد، ئەوەندەی لەزەت لە سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی شازادە دەبرد کە لەتۆ وابوو هەر بەڕاستی برایەتی. بەس لەو وەختەدا خۆشحاڵییەکانی گەیشتنە ترۆپك کە شازادە ئەوپەڕی متمانە پێکردنی خۆی بەو بەخشی. بەسەرهاتەکەش بەم شێوەیەیە... بەس بەر لەوەی

بچینه سەر ئەو باسە، وای بە پێویست دەزانم کە ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی تایبەتمەندییەکانی شازادە ڤالکۆڤسکی کە بە یەکێك لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەم دادەنرێت، بخەمە بەر دیدی خوێنەران .

# ٤

پێشتر ئەوەمان ڕاگەیاند کە هاوسەرەکەی مردبوو. ئەو لە هەرەتی لاویدا زەماوەندی کرد و هۆکاری زەماوەندەکەشی تەنیا پارە بوو. لە لایەن دایك و باییەوە کە لە مۆسکۆ مایە پووچ ببوون و تەواوی ماڵ و سامانەکەیان لەدەست دابوو، هیچ شتێکی بۆ بەجێ نەما. موڵکی ڤاسیلیۆسکۆئیە چەندین جار خرابووە گرێوەوە و قەرزێکی زۆری بەسەرەوە کەڵەکە ببوو. شازادە ناچار بوو لە تەمەنی بیستودوو ساڵیدا ببێتە کارمەندی یەکێك لە وەزارەتخانەکان و لە هەلومەرجێکدا هەنگاوی نایە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە کە ‹‹کەسێکی دەستکورتی سەر بە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و دێرین›› بوو، جا زەماوەندکردن لەگەڵ کچە دەوڵەمەندێکی خاوەن مەزرا کە تا ڕادەیەك بەتەمەن بوو، نەجاتی دا. هەڵبەتە خەزووری لە بارەی شەکرێتی کچەکەوە ئەوی خەڵەتاندبوو. سەرەڕای ئەمەش بە یارمەتیی پارەی هاوسەرەکەیی توانی موڵکی باوانی لە گرێو دەربێنێ و دیسان ببێتەوە خاوەنی. ئەو کچە خاوەن مەزرایەی کە بە نسیبی ببوو، نە خوێندنەوەی دەزانی و نە نووسین، نە دەشیتوانی ڕستەیەکی دروست ڕێکبخات و دەری ببڕێ، سەرباری ئەمە ناشیرینیش بوو، تەنیا یەك تایبەتمەندیی گرنگی هەبوو: دڵپاك و لەسەرخۆ بوو. شازادەیش درێغیی لێ نەکرد و ئەوپەڕی سوودی لەم تایبەتمەندییەی ئەو وەرگرت، دوای تێپەڕینی ساڵێك بەسەر ژیانی ژن و مێردایەتیاندا، هاوسەرەکەی بە خۆی و ئەو منداڵەی کە بۆی هێنابووە دونیا ناردەوە لای باوکی و بەخۆیشی بۆ خزمەت چووە پارێزگای ‹‹ئیکس››، ئەو شوێنەی کە بە تۆمەت تاشینێکی زۆر و بە پشتیوانیی خزمێکی ناوداری نیشتەجێی پترسبورگی توانیی پلەیەکی ئێجگار باش بەدەست بهێنێ. ڕۆحی تینووی ناودەرکردن، پێشکەوتن، ئیش و پێگەیەکی دیار بوو. لەبەر ئەوەی دەیزانی کە بە بۆنەی هاوسەرەکەیەوە ناتوانێت نە لە مۆسکۆ و نە لە پترسبورگدا ژیان بەسەر بەرێ، وای بە باشزانی کە لە شارسانەوە دەست بە چالاکییەکانی بکا. دەیانگێڕایەوە کە

هەر لە سەرەتای یەکەمین ساڵی هاوسەرگیریەکەیاندا بە ڕەفتاری شەڕەنگێزانە و ناپەسەندانەی خۆی هێندەی نەماوە هاوسەرەکەی ڕەوانەی ئەو دونیا بکا. هەمیشە ئەم دەنگۆیە نیکۆلایی دەهری دەکرد، بەرگریی لە شازادە دەکرد و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە شازادە کەسێك نییە بچێتە ژێر باری ئەم کارە چەپەڵانەوە. هاوسەرەکەی شازادە دوای حەوت هەشت ساڵێك گیانی لەدەستدا و شازادەیش دەمودەست گەڕایەوە بۆ پترسبورگ و لەوێ نیشتەجێ بوو. لەوێش سەرنجی هەمووانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. لەبەر ئەوەی کە گەنج و قۆز بوو، هەروەها خاوەنی سەروەت و سامان و خەسڵەتگەلی بەرجەستە و ڕۆحێکی شاد و چالاك و خۆش سەلیقە بوو، هەم بێباك و بێمنەت خۆی دەنواند و هەمیش بەدوای خۆشبەختی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی کەسانی بەدەسەڵاتەوە بوو. هەمووان پێیان وابوو مرۆڤێکی جادووگەرە، بەهێز و پێگەویست بوو. بە توندی کەوتە بەر سەرنجی شۆخەژنان و بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێك لەو ژنانەی کە سەر بە بنەماڵەیەکی دیار بوو، سەرکەوتن و ناوبانگێکی گەورەی وەدەست هێنا. گەرچی هەر بە سروشت کەسێکی ئەوەندە دەست پێوەگر و حسێبکەر بوو کە هەندێ کات تا ئاستی قرچۆکی دەڕۆیشت، کەچی لە کاتی پێویست بە ڕاست و چەپدا پارەی خەرج دەکرد و لە هەندێ وەختیشدا، بێ ئەوەی ناوچاو ترش بکات بڕێکی زەوەندەی لە قوماردا دەدۆڕاند. بەس ئەو بۆ سەیران و خۆشی نەهاتبووە پترسبورگ، ئامانجی ئەوەبوو کە لە ژیانیدا بۆ هەمیشە جێ پێیەکی پتەو بۆ خۆی پەیدا بکات و پێگەیەکی دیار بەدەست بهێنێ. ئامانجەکەشی بەدی هات. خزمێکی دەستڕۆیشتوو و دیاری بە ناوی *کۆنت نائینسکی* هەبوو کە ئەگەر وەك هەژارێکی برسی و بێنەوا خۆی بەو ناساندبووبا ئەوا بە ئاستەمیش ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، بەس کۆنت کە بە توندی کەوتبووە ژێر کاریگەریی سەرکەوتنەکانی ئەو لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا، بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەگەر ئەو بخاتە ژێر سایەی خۆی و پشتیوانییەکی تایبەتیی لێ بکات، ئەوا نەك هەر نابێتە مایەی سەرشۆڕیی، بەڵکە سوودێکی زۆر باشیشی بۆی دەبێ، هەر بەم بۆنەیەوە ئەوەی پەسەند کرد کە کوڕە حەوت ساڵانەکەی شازادە لە ماڵەکەیدا بگرێتە خۆ و پەروەردەکردنی لە ئەستۆ بگرێ. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە شازادە سەردانی موڵکەکەی خۆی لە ڤاسیلیۆسکۆئیە کرد و بە نیکۆلای ئاشنا بوو و پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵدا پێکهێنا. سەرەنجامیش دوای ئەوەی کە لەڕێی دەسەڵاتی کۆنتەوە پۆستێکی گرنگی لە یەکێك لە گەورەترین سەفارەتخانەکان بەدەست هێنا، گەشتی بەرەو دەرەوەی وڵات کرد. پاشانیش لەو بارەیەوە چەند دەنگۆیەکی ناڕوون کەوتبوونە سەر زاران: باسیان لەوە دەکرد کە لە دەرەوەی وڵات ڕووداوێکی ناخۆشی هاتووەتە ڕێ، بەس هیچ کەسێك نەیتوانی دەریبخات کە داخۆ ئەو ڕووداوە چی بوو. هەر بە تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە هەر بەو جۆرەی پێشتر باسمان کرد، موڵکێکی بە چوارسەد سەر سەپانەوە کڕیوە. چەند ساڵێك دواتر لە دەرەوە گەڕایەوە و لە پترسبورگدا کارێکی گرنگی بەدەست هێنا. لە ئیخمینۆکا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە بەتەمایە لەگەڵ کچی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند، ناودار و بەدەسەڵاتدا زەماوەند بکا. نیکۆلای سێرگەڤیچ خۆشحاڵانە دەستەکانیی لێك دەخشاندن و دەیگوت: (( ئەو کەسێکی ئێجگار مەزنە )). لەو سەردەمەدا من لە زانکۆی پترسبورگ خەریکی خوێندن بووم و لە بیرمە کە نیکۆلای نامەیەکی بە تایبەت بۆ ناردم و تێیدا داوای لێکردم کە بەدواداچوونێك بکەم و بزانم کە داخۆ دەنگۆی ئەم زەماوەندە ڕاستە یان نا. هەروەها نامەیەکی بۆ

شازادەیش نووسی و داوای لێکرد کە چاوێکی لە من بێ و پشتیوانیم بکا، بەس شازادە وەڵامی نامەکەی ئەوی نەدایەوە. لەو بارەیەوە هەر ئەوەندەم دەستکەوت کە کوڕەکەی سەرەتا لە ماڵی کۆنت گەورە و پەروەردە کراوە و پاشانیش چووە بۆ خوێندنی ئامادەیی، لەو کاتەدا تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو و بەشی زانستی تەواو کردبوو. ئەم بابەتەم بۆ نیکۆلای نووسی و ئەوەشم بۆ زیاد کرد کە شازادە کوڕەکەی خۆی زۆر خۆشدەوێ، زۆر گرنگیی دەداتێ و هەر لە ئێستەوە لە فکری داهاتووی دایە. هەموو ئەم زانیاریانەم لە هاوپۆلان و هاوڕێیانی شازادەی لاوەوە دەستکەوت. هەر لەو وەختانەدا بوو کە بەیانیەکیان نامەیەکی شازادە گەیشتە دەستی نیکۆلای و واق و وڕی کرد...

شازادە کە تا ئەو وەختەش هەر بەتەنیا لەبارەی بابەتی مالی و بارودۆخی موڵکەکەیەوە نامەگەلێکی وشکی لەگەڵ نیکۆلایی دەگۆڕییەوە، ئەمجارەیان بە شێوازێکی دۆستانە و بە تێروتەسەلی لەبارەی بارودۆخی ژیان و بنەماڵەکەیەوە دەردە دڵی لەگەڵ ئەودا کردبوو. گازاندەی لە کوڕەکەی دەکرد، دەیگوت بە ڕەفتارە نابەجێکانی زۆری بێتاقەت کردووە، هەڵبەتە هێشتاکە نابێ سەربزێوی و ڕەفتارە نەفامانەکانی بەتایبەت لەم تەمەنەدا هێندەش بەهەند وەربگیرێن (بە ڕوونی هەوڵی ئەوەی دەدا کە تا ڕادەیەك پاکانەی بۆ بکات)، بەس بۆ ترساند و تەمبێ کردنی بڕیاری داوە بۆ ماوەیەك ڕەوانەی لادێی بکات و بیخاتە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی نیکۆلای سێرگەڤیچەوە. لە نامەکەیدا ئەوەشی بۆ زیاد کردبوو کە متمانەیەکی زۆری بە نیازپاکی و ڕەفتاری ئاقڵانەی نیکۆلای و بەتایبەت ئانا ئاندریۆنای هاوسەری هەیە و داوای لێکردبوون کە باوەش بۆ کوڕە گەنج و سەرەڕۆکە بکەنەوە و دوور لە هاوڕێیانی خراپ بیهێننەوە هۆش خۆی. تا چەندە پێیان دەکرێ خۆشیان بوێ و بەتایبەت فکر و ڕەفتاری نابەجێ لە مێشکیدا دەربکەن و بە کەمێك سەختگرییەوە، ئەخلاق و نەزمی پێویستی لەبارەی ژیانەوە فێربکەن.

هەڵبەتە نیکۆلایی بەساڵاچوو و هاوسەرەکەی بە حەزەوە ئەم داخوازییەیان بەجێ هێنا و هەروەك کوڕی خۆیان پێشوازییان لە شازادەی لاو کرد. هێشتا ماوەکی وەهای بەسەردا نەچووبوو کە نیکۆلای هەروەك ناتاشای کچی خووی پێوە گرت. تەنانەت پاشانیش، دوای ئەوەی کە بە یەکجارەکی پەیوەندیی لەگەڵ شازادەدا پچڕاند، هەر بە خۆشەویستییەوە یادی ئەوی دەکردەوە و هەمیشە بە «ئالیۆشای من» ناوی دەبرد. لە ڕاستیشدا شازادەی لاو کوڕێکی لەبەردڵان بوو، ڕووخساری دڵگر، لاواز و بە چەشنی کچێکی لاو هەستیار بوو، بەس شاد و سادەدڵ و خاوەن ڕۆحێکی بەخشندە و جوامێرانە بوو، هەروەها دارای هەستگەلێکی ئێجگار شەریفانە و دڵێکی میهرەبان، بێ لەمانەیش ڕاستگۆ و بەئەمەگ بوو. لە ماڵی نیکۆلایدا هەمووان هەروەکو بت ئەویان دەپەرست. گەرچی تەمەنی نۆزدە ساڵ بوو، وەلێ هێشتا هەر حسێبی منداڵێکی بۆ دەکرا. تێگەیشتن لە هۆکاری دوورخستنەوەی ئەم کوڕە کارێکی سەخت بوو و نەدەکرا پەی بەوە ببەیت داخۆ باوکێك کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کوڕەکەی هەیە، چۆن دڵی دێ ڕەوانەی لادێی بکات. دەیانگوت کوڕەکە لە پترسبورگ ژیانێکی بەڕەڵایانە و سووکەسەرانەی هەبووە، حەزی لە ئیشکردن نەبووە و بەم ڕەفتارەشی باوکیی ڕەنجاندووە. نیکۆلای سێرگەڤیچ لەم بارەیەوە هیچ پرسیارێکی لە شازادە

نەکرد، چونکە باوکیشی لە نامەکەدا هیچ ئاماژەیەکی بەم هۆکارەی ئەم نەکردبوو. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی قسەوباسیان لە ڕەفتاری گوێنەدەرانەی شازدەی لاو دەکرد، بۆ نموونە پەیوەندیی لەگەڵ ژنێك، هەڵگیرساندنی دۆئیلێك، هەروەها دۆڕاندنی بڕە پارەیەکی خەیاڵی لە قوماردا، تەنانەت ئاماژەشیان بە خەرجکردن و دۆڕاندنی پارەی کەسێکی دی دەکرد کە لەبەر دەستیدا بووە. دەنگوباسی ئەوەش هەبوو کە شازادە نەك لەبەر ئەم ڕەفتارە هەڵانە بەڵکە بە بۆنەی هەندێك ڕەفتاری ئێجگار خۆپەسەندانەوە لە شاری دوور خستووەتەوە. نیکۆلای سێرگەڤیچ بە تووڕەییەوە تەواوی ئەم قسەوقسەڵۆکانەی ڕەد دەکردنەوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە ئالیۆشا، گەرچی لە هەموو تەمەنی منداڵی و نەوهاڵیدا باوکی نەدیبوو و پێی ئاشنا نەببوو، بەس هێندە بە جۆش و خرۆشەوە باسی ئەوی دەکرد کە بە ڕوونی ئەوە دیاربوو کە زۆر بە توندی لەژێر کاریگەریی ئەودایە. هەڵبەتە جار جارێك لەبارەی کۆنتیسێکەوە کە هەم ئەم و هەم باوکیشی بە دەوروبەریدا سوڕاونەتەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی دڵییان داوە، قسەگەلێکی دەکرد و ئەمەشی بۆ زیاد دەکرد کە لەبەر ئەوەی ئەو لەم نێوەندەدا توانیویەتی دڵی ژنەی لاو بەدەستبهێنێت، باوکی ڕقێکی توندی لێی هەڵگرتووە. هەمیشە بە شانازی، دڵسافییەکی منداڵانە و پێکەنینێکی شاد و پڕ لە دەنگەوە ئەم باسەی دەگێڕایەوە. بەس نیکۆلای سێرگەڤیچ دەمودەست قسەی پێ دەبڕی. ئالیۆشا ئەو دەنگۆیەی پشتڕاست دەکردەوە کە گوایە باوکی دیسان نیازی زەماوەند کردنەوەی هەیە.

بۆ سالێك دەچوو کە بە دوورخراوەیی دەژیا، لە چەند کاتێکی دیاریکراودا نامەگەلێکی ژیرانە و بەڕێزانەی بۆ باوکی دەنووسی و سەرەنجام لە لادێدا ڕەفتاری هێندە ژیرانە و ڕێزدارانە بووبوو کە کاتێك باوکی لە هاویندا سەردانی ئەوێی کرد ( پێشتر بە نیکۆلای سێرگەڤیچی ڕاگەیاندبوو کە دێت )، خودی ئالیۆشا داوای لە باوکی کرد کە تا چەند دەکرێ مۆڵەتی ئەوەی بداتێ کە لە ڤاسیلیۆسکۆئیەدا بمێنێتەوە و ئەوی دڵنیا کردەوە کە ئەو بۆ ژیانی لادێ دروست کراوە و زۆر لەگەڵ سروشتیدا تەبایە. تەواوی بڕیار و ڕەفتارەکانی ئالیۆشا لە هەستیاریی نائاسایی دەماری، دڵی پڕ لە جۆش و خۆش و لاسارییەوە سەرچاوەیان دەگرت و هەندێ کات دەگەیشتە ئاستێك کە ئاگای لە خۆی نەدەما. تایبەتمەندییە ڕۆحی و ئەخلاقییەکانی دەبوونە هۆی ئەوەی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەموو هێزێکی دەرەکییەوە و بەخۆی هیچ ئیرادەیەکی نەبێ. شازادە کە گوێی لە داوای کوڕەکەی گرت لێکدانەوەیەکی بەدبینانە و گوماناویانەی بۆ قسەکانی هەبوو.... نیکۆلای سێرگەڤیچ زۆر بە سەختی دەیتوانی ئاسەواری ئەو ‹‹دۆستە›› دێرینەی لەم کەسەدا بدۆزێتەوە کە دوای ڕابردنی سالانێك سەردانی کردووە. شازادە پیۆتەر ئالێکساندرۆڤیچ بەگشتی گۆڕابوو. لەپڕ نیکۆلایی دایە بەر ڕەخنە، بە چاوچنۆکی و قرچۆکی و دڵپیسی و بێمتمانەییەکی ئەقڵ نەبڕەوە دەستی دایە حسێب و کتێب کردن. ئەم ڕەفتارەی، بە توندی نیکۆلای خەمگین و خەمۆك کرد، بۆ ماوەیەکی زۆر هەوڵیدا کە ئەم گۆڕانی ڕەفتارەی بەهەند وەرنەگرێ. ئەم جارەیان بە پێچەوانەی سەرەتا ڕۆژەکانی یەکتربینین و ئاشناییان، بە گشتی ڕەفتاری شازادە دەرهەق بە نیکۆلای هیچ گەرموگوڕی و هاودڵییەکی پێوە دیار نەبوو، دەستی بە هاتوچۆی دراوسێ دەوڵەمەند و دەسەلاتدارەکان کرد، بێگومان ئیدی سەری

له نیکۆلای سێرگەڤیچ نەدەدا و بە چەشنی کەسێکی ژێردەستە و مووچەخۆر ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد. لەناکاو ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا: بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو و ئاشکرا پەیوەندیی نێوان شازادە و نیکۆلای سێرگەڤیچ پچڕا. قسەگەلێکی ڕەق و سووکایەتی ئامێز لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا. نیکۆلای بەو ئومێدەوەی کە کێشەکە لەمە زیاتر گەورە نەبێ، بە تووڕەییەوە موڵکی ڤاسیلیۆسکۆئیەی جێهێشت. بەس لە پڕ هەموو جێیەکی ئەو دەوروبەرە پڕ بوو لە واتەوات و لە نێوان خەڵکیدا قسەوقسەلۆکێکی ناڕاست و ڕسواکەرانە دەستی پێکرد، دەیانگوت لەبەر ئەوەی نیکۆلای بەباشی شارەزای سروشت و ئەخلاقی ئالیۆشا بووە، جا بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە لاوازەکانی ئەو ویستویەتی لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکاری بهێنێت، هەروەها ناتاشای کچیشی (کە لەو کاتەدا حەڤدە ساڵان بوو ) لە دڵی کوڕە لاوەکەدا، کە تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو جێی خۆی کردووەتەوە و دایک و باوکیشی ئەم پەیوەندییە ئاشقانەیەی نێوان ئەو دووانە پتەو و گەرموگوڕتر دەکەن و لە هەمان کاتیشدا وای دەنوێنن کە لەم بابەتە بێ ئاگان، ناتاشای مەکرباز و ‹‹بەدئاکار›› بە تەواوی کوڕە لاوەکەی گێرۆدەی خۆی کردووە و لە ماوەی ئەو یەك ساڵەدا لێنەگەڕاوە هاتوچۆی کچانی عازەبی سەر بە بنەماڵە ڕێزدارەکان و خاوەن موڵکانی بەشەرەفی ئەو دەوروبەرە بکات و پێیان ئاشنا ببێ. دواجاریش دەنگوباسێك هەبوو کە بڕیاری ئەوەیان داوە لە لادێی *گریگۆریێڤ* کە پازدە کیلۆمەترێك لە ڤاسیلیۆسکۆئیەوە دوور بوو، بە نهێنی و بێپرسی دایك و باوکی ناتاشا، کە لە هەمان کاتدا ئاگایان لە سیر تا پیازی ئەم بابەتە هەیە و هەر لەم بارەیەشەوە ڕێی نائەخلاقیانەیان نیشانی کچەکەیان دەدەن، زەماوەند بکەن. بە کورتیەکەی، ئەو قسەوقسەلۆك و بوختانانەی کە دراوسێکانی ئەو ناوە، بۆ ئەم خانەوادەیە و کچەکەیان هەڵبەستبوون هێندە زۆر بوون کە تەنانەت لە کتێبێکیشدا جێگەیان نەدەبووەوە. بەس لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە شازادە بڕوای بە تەواوی ئەم دەنگۆیانە کردبوو و دوای بە دەست گەیشتنی نامەیەکی بێ واژۆ، هەر بەم بۆنەیەوە دەمودەست لە پترسبورگەوە بەرەو ڤاسیلیۆسکۆئیە بەڕێ کەوتبوو. هەڵبەتە تەنانەت ئەو کەسانەش کە شتێکی کەمیان لەسەر نیکۆلای سێرگەڤیچ دەزانی، باوەڕیان بە یەك وشەی ئەو تۆمەتانەش نەبوو کە بۆی هەڵدەبەستران، وێڕای ئەمەش، هەر هەموویان لەمەڕ ئەم دەنگۆیانە کاردانەوەیان نیشاندا، دەستیان بە فات و فیت و ڕەخنەگرتن کرد، هەموویان سەریان لەقاند و ... بێ چەند و چوون تاوانباریان کرد. نیکۆلای زۆر لەوە لووت بەرزتر بوو کە لە بەرانبەر کۆمەڵی خەڵکدا بەرگری لە کچەکەی بکات و هەروەها ئەوەشی لە ژنەکەی قەدەغە کرد کە لەم بارەیەوە هیچ قسەیەك لەگەڵ دراوسێکان بکات. بەس ناتاشا کە ئەم هەموو بوختانانەی بۆ هەڵبەسترا بوو، هەتا دوای تێپەڕینی ساڵێك بەسەر ئەم بەسەرهاتانەدا هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەم دەنگۆیانەوە پێنەگەیشت، دایك و باوکی هەموو شتێکیان لەو شاردبووەوە و ئەویش هەروەك منداڵێکی دوازدە ساڵانە ژینێکی خۆش و بێخەمانە دەژیا.

لەم ماوەیەدا گێرە و کێشەی نێوان هەردوو لایان کۆتایی پێنەهات. بوختانچییان و فاتوفیت کەران دەستیان هەڵنەگرت. هێندە درێژەیان بە بەدگۆییەکانیان دا و ئەوەندەیان بەڵگە و شایەتی سەبارەت بە ماوەی درێژی

بەڕێوەبردنی موڵکەکەی شازادە لەلایەن نیکۆلایەوە خستە بەر دەست، کە سەرەنجام توانیان شازادە بهێننە سەر ئەو بڕوایەی کە نیکۆلای نەك هەر بە تەنیا دەستپاك نەبووە، بەڵکە دزیشی لێ کردووە. خراپتر لەمەیش: سێ ساڵ بەر لە ئێستە لە کاتی فرۆشتنی درەختی لێرەوارێکی بچووکدا، نیکۆلای سێرگەڤیچ دوازدە هەزار ڕۆبڵی لە بەڕکی خۆی ناوە و ئامادەش بوون کە بەڵگە و شایەتیی جێباوەڕی دادگە بخەنە بەر دەستی دادوەر، جا بەتایبەتیش ئەو بۆ فرۆشتنی ئەم درەختانە هیچ وەکالەتنامەیەکی لەلایەن شازادەوە نەبووە و سەربەخۆ ئیشەکەی ئەنجام داوە. تەنیا دوای تەواوبوونی مامەڵەکە ڕەزامەندیی شازادەی بۆ فرۆشتنی درەختەکان لە بەرانبەر بڕە پارەیەکی ئێجگار کەمتردا بەدەست هێناوە. بێگومان ئەمانە تەنیا کۆمەڵە تۆمەتێکی بێبنەما بوون کە دوای تێکچوونی نێوانی شازادە و نیکۆلای، بەدخوازان هەڵیان بەستن، بەس شازادە بڕوای بە قسەکانیان کرد و لەبەرچاوی ئەوانی دیکە بە دز و کڵاوچیی ناوی برد. نیکۆلای بەرگەی ئەم تۆمەت و سووکایەتییەی نەگرت و هەر بە هەمان شێواز و بە قسەی ڕەق وەڵامی شازادەی دایەوە. بەخێرایی دادگاییەك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێکهێنرا. نیکۆلای لەبەر نەبوونی بەڵگە و شاهێد و بێ ئەزموونیی بۆ چۆنییەتی بەرگری لەخۆکردن لەم جۆرە کارانە، لە دادگە تاوانبار کرا و موڵکەکەی دەستی بەسەردا گیرا. پیرەمێردەکە لەتاو نائومێدیاندا وازی لە هەموو شتێك هێنا، بە خەیاڵی دۆزینەوەی ئیش و کارێکی دی لەوێ گیرسایەوە و کەسێکی بە ئەزموون و بڕواپێکراوی بۆ پەرژانە سەر کارەکانی شارسانی لە جێگەی خۆی دانا. شازادە زۆر زوو دڵنیا بووەوە لەوەی کە لەخۆڕا سووکایەتیی بە پێشکارەکەی کردووە و تۆمەتبارکردنەکەی ناڕەوا بووە. بەس گێرە و کێشە و سووکایەتی پێکردنەکانی نێوانیان هێندە تاویان سەندبوو کە ئیدی جێگەی هیچ جۆرە گەڕانەوە و پێکهاتنەوەیەك نەمابووەوە و شازادە تەواوی دەسەڵاتی خستەگەڕ هەتا ئەنجامی دادگاییەکە لە بەرژەوەندیی ئەودابێ و هەروەها ئەو دواهەمین تیکەنانەش لە پێشکارەکەی پێشووی بستێنێ کە بۆی مابووەوە.

٥

نیکۆلای سێرگەڤیچ و هاوسەر و کچەکەی بەم بۆنەیەوە هاتن بۆ پترسبورگ و لەوێ نیشتەجێ بوون. پێم وانییە پێویست بەوە بکا کە دوای ئەو ماوە دوور و درێژە، هیچ ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە دیداری تازەی نێوان خۆم و ناتاشا بدەم. لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا هەرگیز ئەوم لە یاد نەکردبوو. هەڵبەتە کتومت ئەوەم لە یاد نییە کە هەر ساتێ ئەوم بیر دەهاتەوە چ هەستێکم بەرانبەری هەبوو، بەس ئەو وەختەی کە دیسان چاومان بە یەکتری کەوتەوە، خێرا هەستم بەوە کرد کە چارەنووسمان پێکەوە گرێ دراوە. سەرەتا، دوای تێپەڕینی ڕۆژانێك بەسەر دیداری

تازەماندا، وام هاتە بەرچاو کە بە درێژایی ئەم چەند ساڵە هیچ نەگۆڕاوە و هەر هەمان ئەو کچۆڵەیەیە کە بە منداڵی دەمناسی. بەس پاشان، هەر ڕۆژە و ڕەفتارێك و ڕووخسارێکی تازەم لەودا کە دۆزییەوە بە تەواوی بۆ من نامۆ بوو و پێدەچوو بە قەستی لە منی شاردبێتەوە. ئەم دەرك پێکردن و هەستپێکردنە نوێیانەم بەلاوە شتانێکی زۆر دڵپەسەند بوون. نیکۆلای سێرگەڤیچی بەساڵاچوو لە سەرەتا ڕۆژەکانی نیشتەجێ بوونی لە پترسبورگدا تووڕە و مۆن دەردەکەوت. کارەکانی بە باشی ڕایی نەدەبوون: هەڵدەچوو، دەهری دەبوو، دۆسیەکانی ژێر و ژوور دەکردن و هیچ دەرفەتێکی بۆ پەرژانە سەر ئێمە نەبوو. بەس ئانای هاوسەری هێندە پەشێوحاڵ بوو کە لە سەرەتاوە تەنانەت توانای بیرکردنەوەشی لەدەست دابوو. لە پترسبورگ دەترسا. بەردەوام ئاهی هەڵدەکێشا، هەڵدەلەرزی و بۆ ژیانی ڕابردووی لە ئیخمینۆکا، هەروەها چارەنووسی کچە عازەبەکەی کە کاتی شووکردنی گەیشتبوو و کەسێکی شیاوی بۆ نەدەهاتە پێشێ فرمێسکی دەڕشت، جا لەبەر ئەوەی کەسێکی متمانە پێکراوتر و نزیکتر لە منی دەست نەدەکەوت، لەگەڵ مندا تەواوی دەردە دڵەکانی خۆی دەکردن و لای من سفرەی دڵی واڵا دەکرد.

ڕێك لە هەمان ئەو کاتە و کەمێك دوای هاتنە پترسبورگیان بوو کە من لە نووسینی یەکەمین ڕۆمانم بوومەوە، ئەو ڕۆمانەی کە بۆ چالاکییە ئەدەبییەکانم بە دەسپێکێکی باش دەهاتە ئەژمار. جا لەبەر ئەوەی تازەکار بووم، نەمدەزانی کە داخۆ بۆ لەچاپدانی دەبێ بۆ کوێ بچم و سەردانی چ کەسێك بکەم. هەرگیز هیچ قسەیەکم لەو بارەیەوە لەگەڵ نیکۆلای و هاوسەرەکەیدا نەکردبوو. جا لەبەر ئەوەی بێ ئیش بووم و بەدوای هیچ ئیشێکیشدا نەدەگەڕام، نێوانیان لەگەڵمدا ئاڵۆز ببوو. پیرەمێرد، هەڵبەتە بە بۆنەی ئەو خۆشەویستییە باوکانەیەوە کە بەرانبەر من هەیبوو، بەسەرمدا دەیبۆڵاند و تەنانەت قسەی زبریشی پێ دەگوتم. منیش زۆرم بەلاوە شەرم بوو پێیان ڕابگەیێنم کە خۆم بە چ کارێکەوە خەریك کردووە. جا چۆن دەمتوانی لە بەردەم ئەوان دان بەوەدا بنێم کە بێجگە لە نووسین ناتوانم هیچ ئیشێکی دیکە هەڵبژێرم؟ هەر بەم بۆنەیەوە درۆم بۆ دەکردن و وام دەنواند کە تا ئێستە هیچ کەسێك ئامادە نەبووە ئیشم پێ بدات، بەس بۆ بە دەستهێنانی هەروا لە ڕاکەڕاك دامە. بێگومان ئەو دەرفەتی نەبوو لەم بارەیەوە بەدواداچوون بکات و بزانێ کە داخۆ درۆ دەکەم یان ڕاست. ناتاشا ڕۆژێکیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسە و مشتومڕەکانمانی بیستبوو، بە سیمایەکی تەلیسماوی و چاو بە فرمێسکەوە منی بردە کەنارێکەوە و لێم پاڕایەوە کە بیر لە داهاتووم بکەمەوە، هەندێك پرسیاری لێکردم، دەیویست هەر بەڕاستی ئەوە بزانێ کە من خەریکی چ ئیشێکم و چۆن چۆنی کاتم بەسەر دەبەم و جا لەبەر ئەوەی نهێنییەکەی خۆمم لای ئەو نەدرکاند، سوێندی دام کە ژیان و داهاتووم بە تەمبەڵی و بێکاری زایە نەکەم.ئەگەرچی لای ئەو بە هیچ شێوەیەك دانم بەوەدا نەنا کە سەرقاڵی چ کارێکم، بەس بیرم دێ کە پاشان، گەر بچووکترین پیاهەڵدان و وشەی هاندەرانەم سەبارەت بە یەکەمین ڕۆمانی لەچاپدراوم لەووەوە ببیستبا، ئەوا یەکسەر باسی بۆچوونی پڕ لە ستایشی ڕەخنەگرەکانم لەبارەی کتێبەکەمەوە، لەگەڵ ئەو دەخستە بەر باس. کتێبەکەم، ماوەیەکی زۆر بەر لە

بڵاوبوونەوەی، لە دونیای ئەدەبدا دەنگی دابووەوە و ‹‹ب››[1] ی ڕەخنەگری بەناوبانگ بە خوێندنەوەی دەستنووسەکەم هەروەکو منداڵ لە خۆشحاڵیاندا خرۆشابوو. بەڵێ! خۆشحاڵیی ڕاستەقینەی من لە سەرەتا خولەکەکانی سەرکەوتنە سەرمەستکەرەکەمدا نەبوو، بەڵکە لەو ساتەنەدا بوو کە هێشتا نە دەستنووسەکەمم نیشانی کەس دابوو و نە بۆ هیچ کەسێکیشم خوێندبووەوە، یانی لە ماوەی ئەو شەوانەی کە پڕ بووم لە حەز و تاسە بۆ کاری نووسین، ئەو شەوە پڕ لە ئومێد و جۆش و خرۆشانەی کە لێوڕێژ بووم لە خەون و خەیاڵ و لەوپەڕی خۆشحاڵیدا دەژیام، ئەو دەمانەیکە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە دەژیام کە خۆم دروستم کردبوون و هێندەم خۆشدەویستن کە دەتگوت کەسوکاری خۆمن و مرۆڤانێکی ڕاستەقینەن نەك خەیاڵی، بە خۆشحاڵییان دڵم دەکرایەوە و وەختێکیش کە تووشی چەرمەسەرییەك دەبوون من بە چەشنێك خەم دای دەگرتم، کە هەندێك سات لە ناخەوە بۆیان دەگریام.

نیکۆلای و هاوسەرەکەی بە چەشنێك هەواڵی سەرکەوتنەکەی من خۆشحاڵی کردبوون کە لە وەسف بەدەرە و من توانای باسکردنیم نییە. سەرەتا واق و وڕ ببوون: ئەم بابەتەیان وەك شتێکی ئەقڵنەبڕ دەهاتە بەرچاو! بۆ نموونە ئانا ئاندریۆنا نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات ئەم نووسەرە لاوەی کە هەر هەمووان پێیدا هەڵدەدەن، هەر هەمان ڤانیاکەی خۆیانە و بە ناباوەڕییەوە سەری با دەدا. نیکۆلایی بەساڵاچوو لە ڕۆژانی ئەوەڵدا دەرکی بەوە نەدەکرد کە بۆ من ئەمە ڕووداوێکی چەندە هەژێنەرە و سەرەتا کەمێك ترسابوو. نارەزا بوو لەوەی کە نەببوومە کارمەندی دەوڵەت و باسی لە ژیانی بێ سەروبەری نووسەران دەکرد. بەس دەربڕینی ڕایە نوێکان و ئەو گوتارانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبوونەوە و بیستنی قسەگەلێکی ستایشئامێز لە زاری کەسانێکی ناودارەوە کە نیکۆلای باوەڕی پێیان هەبوو، دواجار بۆچوونی ئەویان لەم بارەیەوە گۆڕی. سەرەنجامیش بە بینینی ئەو پارە زەوەندەی کە بەدەستم هێنابوو، هەروەها بە تێگەیشتن لەوەی کە دەکرێ نووسەر لەم ڕێیەوە پارەیەکی باشی دەست بکەوێ، دواهەمین دڕدۆنگییەکانی لەبەین چوون. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو دڕدۆنگی و گومانەکانی سەبارەت بە من و پیشەی نووسەریم، گۆڕانیان بەسەردا هات و بوونە باوەڕێکی ڕاستەقینە و خرۆش و هەیەجانێکی ڕەها، لەگەڵ ئەوەی کە بە بۆنەی خۆشبەختی و سەرکەوتنمەوە هەروەکو منداڵان شاگەشکە ببوو، بۆ داهاتووی من، دڵی بە ئومێد و خەون و خەیاڵگەلێکی شێتانە سپارد. هەر ڕۆژەو پێشبینیی سەردەمی ئیشێکی بە شکۆتری بۆ دەکردم و نەخشەگەلێکی تازەتری دەخستە بەردەستم کە لەنێویاندا چەندین خەیاڵات خۆیان مات دابوو! تەنانەت لە پڕ ڕێز و حورمەتێکی وەهای لێنام کە تا ئەو کاتە پێشینەی نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بیرم دێ کە جار جار ئەو گومان و دڕدۆنگیانەی تێدا سەوز دەبوونەوە و لە گەرمەی خەیاڵە خرۆشێنەرەکاندا، دیسان نائومێدی ڕووی تێدەکردەوە.

[1]. مەبەست لە یەکەمین ڕۆمانی خودی نووسەرە، یانی ‹‹هەژاران ›› کە سەرنجی نگراسفی نووسەر و بلینسکیی گەورە و ڕەخنەگری ڕاکێشا و دۆستۆیڤسکیی بردە نێو دونیای ئەدەبیات. ( و. ف )

بە خۆی دەگوت: ((نووسەری، شاعیری... پیشەیەکی چەندە سەیرە... شاعیرەکان کەی بوونەتە خاوەن شت، ئایا هەرگیز لە کۆمەڵگەدا پێگەیەکیان بەدەست هێناوە؟ ئەمانە کۆمەڵی کەسی پڕ لە گەنگەشە و بەخۆهەڵدەر و بێئیشن.)) لەوە ئاگادار بووبوومەوە کە زۆربەی کات دەمەو ئێواران ئەم پرسیارە گەزەندانەی بە مێشکدا دێن (زۆر بە باشی هەموو وردەکارییەکانی ئەو سەردەمە پیرۆز و لێوڕێژ لە خۆشییەم بیرماوە!). کە شەو دادەهات هاوڕێ بەساڵاچووەکەمان هەمیشە تووڕەتر، هەستیارتر و بەدگومانتر دەبوو. من و ناتاشا بەم بابەتەمان زانیبوو و هەمیشە بەر لە دەسپێکی گفتوگۆکان تێر بە بەدگومانییەکانی پێدەکەنیین. بیرمدێ کە لەڕێی گێڕانەوەی هەندێ سەربووردەوە، بۆ نموونە وەك چیرۆکی *سومارۆکف* کە پلەی جەنەڕاڵی وەرگرتبوو، بەسەرهاتی *درجاڤین* کە بڕێك سکەی ئاڵتوونی بە هەدیە پێدرابوو، هەروەها هەندێ بەسەرهات لەبارەی دیداری نێوان شاژن و *لومۆنۆسف*، *پووشکین*، *گۆگۆڵ* و دیترانەوە هەوڵی ئەوەم دەدا سەرگەرمی بکەم و وەرەی بەرز بکەمەوە.

گەرچی بۆی هەبوو کە پیرەمێردەکە ئەمە یەکەمین جاری بێ ئەم چیرۆکانە ببیستێ، بەس لە وەڵامدا دەیگوت: ((دەزانم، دەزانم براکەم! ئم! گوێبگرە ڤانیا، دەزانیت، زۆر لەوە خۆشحاڵم کە شیعرت نەنووسیوە. کوڕەکەم شیعر لە وڕێنەگۆییەك بەولاوە هیچی دی نییە و مرۆڤ ناتوانێت لەو ڕێیەوە سکی خۆی تێر بکات، قسەی منی پیرەمێرد لە گوێ بگرە، من چاکەی تۆم دەوێت، شیعر تەنیا قسەی هەلەق و مەلەق و وڕێنە هۆنینەوەیە، پیشەیەکی بێ دەسکەوتە، شیعر نووسین بۆ منداڵانی مەکتەب باشە... بەس ئێوەی لاوان پەلکێشی نێو نەخۆشخانەی دەروونی دەکات... با وای دابنێین کە *پووشکین* کەسێکی گەورەیە، باشە، ئەی دوای ئەوە؟ ئەو شیعری نووسیوە، نەك شتێکی دی، شیعر شتێکی ڕاگوزەرە و زوو بەسەردەچێ... گەرچی من لەو بارەیەوە شتێکی ئاوهاشم نەخوێندووەتەوە... بەس پەخشان شتێکی دیکەیە! نووسەر لەڕێگەی پەخشانەوە دەتوانێ خوێنەر فێری شتگەلێکی باش بکات، لەبارەی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و سیفەتگەلێکی باشی دیکەوە قسە بکات...، بەڵێ! بەباشی ناتوانم مەبەستەکەم بگەیێنم و حاڵیت بکەم، هاوڕێکەم، بەس تۆ باش دەزانیت کە دەمەوێ چی بڵێم: خۆشم دەوێیت بۆیە ئەم قسانەت بۆ دەکەم.))

سەرەنجام دوای چا خواردنەوە کتێبەکەمم هێنا و لە دەور مێزێکی گەورە دانیشتین، جا بە سیمایەکەوە کە هەندێك پیشتیوانیی پێوە دیار بوو گوتی: ((زۆر باشە، زۆر باشە، ئێستاکە ئەوەمان بۆ بخوێنەرەوە کە لەوێ نووسیوتە، قسەوباسێکی زۆرت لەبارەوە دەکەن! ئێستە دەردەکەوێ، ئێستە دەردەکەوێ!))

کتێبەکەم واڵا کرد و ئامادەی خوێندنەوە بووم. ئێوارەی ئەو ڕۆژە کتێبەکەم بڵاو کرابووەوە، هەرچۆنێك بوو دانەیەکم دەستخست و پەلە پەل گەڕامەوە بۆ ماڵی نیکۆلای سێرگەڤیچ هەتا بەرهەمەکەمیان بۆ بخوێنمەوە.

زۆر لەوە دڵگران و ناڕەحەت بووم کە بەر لەوەی دەستنووسەکەم بدەمە دەزگای چاپ بۆ ئەوانم نەخوێندبووەوە. ئێستاکە ناتاشا هێندە ناڕەحەت بوو کە دەستی بە گریان کردبوو، پێمدا هەڵدەشاخا، لەبەر ئەوەی کە کەسانی دی

بەر لەو  کتێبەکەمیان خوێندبووەوە و ناوەڕۆکەکەیان زانیبوو سەرکۆنەی دەکردم... وەلێ ئێستە، وا بە دەوری مێزێکدا  کۆ ببووینەوە. نیکۆلای سێرگەڤیچی بەسالاچوو شێوەیەکی ئێجگار جددی و ڕەخنەگرانەی بە خۆ بەخشیبوو. بەتەمابوو داوەرییەکی زۆر سەختگرانە لەبارەی کتێبەکەمەوە بکا. «« تێگەیشتن و بۆچوونی تایبەتیی خۆی هەبێ.»» هاوسەرەکەشی سیمایەکی سەنگین و نائاسای هەبوو. تەنانەت لام وایە بۆ ئەم مەراسیمە شەوکڵاوێکیشی لەسەر نابوو. دەمێك بوو دەیزانی کە من لە زووەوە بە نیگایەکی ئاشقانەوە لە ناتاشای ئازیزی دەڕوانم، بە بینینی ئەو ڕۆحم گڕ دەگرێت، کاتێکیش لەگەڵ ئەو دەدوێم، نیگام مات و وڕ دەبێ و دەشێوێم و ناتاشایش بە شێوەیەکی سۆزدارانەتر لە ڕابردوو سەیری من دەکات. بەڵێ! دواجار ئەو ساتە تایبەتە، لە وەختێکی لێوڕێژ لە سەرکەوتن و هیوای درەوشاوە و ئەو پەڕی خۆشبەختیدا هاتبووە پێش. هەموو شتێك پێکەوە، لە یەك سات و یەك شوێندا دەستەبەر ببوو. ئاناش هەستی بەوە کردبوو کە مێردەکەی بە زیادەڕەوییەوە ستایشی من دەکات و پێمدا هەڵدەدا و بە نیگایەکی تایبەتیشەوە من و کچەکەی هەڵدەسەنگێنێ... هەروەها لەناکاو ترسی لێ نیشتبوو: لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من نە کوڕی گەورە پیاوێك بووم، نە شازادەیەك و تەنانەت نە ڕاوێژکارێکی زانکۆی بەشی ماف، تەنیا لاوێکی قۆز بووم کە تازە بەتازە ناوم دەرکردبوو. ئانا ئاندریۆنا کەیفی بە دۆخی نیوە و نیوەچڵ و نادڵنیا نەدەهات و هەر ئاوها بە سادەیی سەری نەدەهێنایە ڕاستە.

سەبارەت بە من لە دڵی خۆدا دەیگوت: ((خەڵکی بێ ئەوەی بەخۆشیان هۆکارەکەی بزانن، هەر لەخۆڕا وەسف و ستایشی کەسانی دی دەکەن. نووسەر، شاعیر... وەلێ ئاخر لە کەیەوە نووسینیش بووە بە کار و کاسبی؟))

٦

بە یەك دانیشتن لە بەرگەوە بۆ بەرگ کتێبەکەمم بۆ خوێندنەوە. دوای چا خواردنەوە یەکسەر دەستم بە خوێندنەوەی کردبوو و هەتا دووی نیوەشەو درێژەی کێشا. لە سەرەتاوە نیکۆلای برۆکانی هێنابوونەوە یەك، چاوەڕێی شتێکی نائاسایی و ناوازەی دەکرد، شتێك کە ئەو توانای دەرکپێکردنیی نەبێت، بەس بێگومان پڕ بایەخ و نایاب بێت، بەس لەجێی ئەوە کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕۆژانەیی دەبیست کە بە تەواوی ئاشنا بوون و هەر ڕۆژە لە دەوروبەری ئێمەدا

دووبـاره دەبنەوە. چاوەڕێی ئەوە بوو کە پاڵەوانی چیرۆکەکە کەسێکی بەرجەستە یان کەسایەتییەکی مێژوویی وەك ‹‹رۆز لاولف›› یان ‹‹ئیگۆر میلۆسلاڤسکی›› بێ، بەس لەجێی ئەوە، بە زمان و شێوازێکی ئێجگار سادە، زمانی بازاڕیی هەموو خەڵکانی ئاساییەوە کارمەندێکی زەین کوێر و شڕۆڵە و تەنانەت کەمێك حەپۆلی پێ ناسێندرا کە قۆپچەکانی یۆنیفۆرمەکەی لێ ببوونەوە... سەیر بوو! ئانا نیگاگەلێکی پرسیارئامێزی دەگرتە مێردەکەی، تەنانەت کەمێکیش ناوچاوی تاڵ کردبوو، دەتگوت بابەتی کتێبەکە دڵی ئێشاندووە. کە لە سیمایت دەڕوانی ئەمەت تێدا دەخوێندەوە: ((هەر بەڕاست... ئایا ئەم بابەتە گەمژانە و سەرپێییانە شیاوی لەچاپدان و بیستنن و سەرباری ئەوەش، لە بەرانبەریاندا پارە دەدرێتە نووسەرەکانیان!)) ناتاشا بە پێچەوانەوە سەراپای ببووەوە سەرنج، بە هێمنییەوە گوێی شل کردبوو و تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش چاوی لەسەرم هەڵنەدەگرت. لە لێوەکانم ڕامابوو و لەوە ورد بووەوە کە چۆن هەر وشەیەك و هەر ڕستەیەك دەردەبڕم، ئەوجا بە هێواشی و نائاگاییەوە دووبارەی دەکردنەوە. جا باوەڕ دەکەن؟ کە بەر لەوەی بگەمە نیوەی ڕۆمانەکەم، فرمێسك بە چاوی هەموو گوێگرەکانمدا هاتبووە خوارێ. ئانا لە ناخی دڵەوە دەگریا و بەزەیی بە حاڵی پاڵەوانی کتێبەکەمدا دەهاتەوە، بە هەموو بوونییەوە دەیویست یارمەتیی ئەو بدا، تەنانەت گەر ئەو یارمەتییە ڤیچۆکەك لە چارەڕەشییەکانی ئەو کەم بکاتەوە (بە ئاه و ناڵە و دەربڕینی هاودەردییەکانیدا ئەم بابەتەم زانی) . نیکۆلای سەبارەت بە ناوازەیی چیرۆکەکە و بەرجەستەیی کەسایەتییەکانی نائومێدی دایگرتبوو. دەیگوت: ((هەر لە سەرەتاوە دیارە کە ڕووداوەکان کۆتاییەکی باشیان نابێ، ژیاننامەیەکی سادە و ئاساییە، بەس سەرنج ڕادەکێشێ، مرۆڤ فێری ئەوە دەکات و بیری دەهێنێتەوە کە لە دەوروبەرماندا چ دەگوزەرێ، دوای خوێندنەوەی دەرك بەوە دەکەیت کە کەسانی ڕەش و ڕووت هەرچەندە هەژار و بێنەوایش بن، لە هەمان کاتدا ئەوانیش ئینسانن و خوشك و برای ئێمەن.)) ناتاشا گوێی دەگرت، فرمێسکی دەڕشت و بە دزییەوە لەژێر مێزەکە بە توندی دەستمی دەگوشی. خوێندنەوەی کتێبەکە کۆتایی پێ هات. ناتاشا هەستایە سەر پێ، ڕوومەتی داگیرسابوو و چاوانیشی فرمێسکیان لێ دەهات. لە پڕ دەستمی گرت، بەرەو لێوەکانیی برد و ماچی کرد، جا بە ڕاکەڕاك ژوورەکەی جێهێشت، دایك و بابی نیگایەکیان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ کرد.

نیکۆلای کە ڕەفتاری کچەکەی ئێجگار سەرسامی کردبوو گوتی: ((سەیرە! کاریگەرییەکی زۆر سەختی لەسەر داناوە، هیچ نییە، قەیدی چییە، شتێکی باشیشە.)) پاشان سەیرێکی ژنەکەی کرد و پێدەچوو حەز بکا ناتاشا بێتاوان نیشان بدات و لە هەمان کاتیشدا لەبەر هۆکارێکی نەزانراو بەرگری لە منیش بکات، جا لەژێر لێوەوە گوتی: ((لە دڵپاکیاندا ئەم ڕەفتارانە دەنوێنێ، کچێکی باش و میهرەبانە.))

ئانا، گەرچی لەو کاتەدا کە ڕۆمانەکەمم بۆ دەخوێندنەوە کەمێك خەمبار ببوو، بەس ئێستاکە سیمایەکی بەخشیبووە خۆی کە دەتگوت دەیەوێ بڵێ: ((بێگومان ئەسکەندەری مەکدۆنی پاڵەوانی حەکایەتەکە بوو، بەس نازانم بۆچی شیشەکانی دەشکاند!))

ناتاشا زوو گەڕایەوە و کاتێك کە بە بەردەمم دا ڕابرد، بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات بە هێواشی دەستمی گوشی. نیکۆلای دەیویست هەڵسەنگاندنێکی جددی بۆ ڕۆمانەکەم بکات، بەس نەیدەتوانی بەر بە خۆشحاڵی خۆی بگرێ و گوتی: ((باشە، ڤانیا، هاوڕێکەم، شتێکی ئێجگار باشە، چێژی پێ گەیاندم. تا ڕادەیەکیش چاوەڕێی وەها شتێك نەبووم.هەڵبەتە ڕۆمانێکی بژاردە و ناوازەیش نییە، ئەوە زۆر ڕوونە... ڕۆژنامەی ‹‹مۆسکۆی ئازاد›› م لایە، نووسەری گوتارەکە، هاوڕێکەم، هەر لە یەکەمین دێڕەوە تۆی وەك هەڵۆیەك وێنا کردووە کە ترۆپکی گرتووە... ...بەس دەزانیت ڤانیا، پێنووسەکەی تۆ ڕەوانە و تێگەیشتنیشی ئاسانترە. هەر لەبەر ئەوەشە کە کەیفم پێی هاتووە، چونکە مرۆڤ باشتر تێیدەگات،بە دەربڕینێکی دی زۆر ئاشنایە، وەك ئەوە وایە کە تەواوی ئەم ڕووداوانە بەسەر خودی خۆمدا هاتبن. بێ لەمەش، نازانم ئەو بابەتە ئاڵۆزانەی کە مرۆڤ سەریان لێ دەرناکات، بە کەڵکی چی دێن؟ بەس من پێموایە دەبێ شێوازەکەت بگۆڕیت... دەزانیت، پیرۆزباییت لێ دەکەم، بەس من هەقم بەسەر قسەی ئەوانی دیکەوە نییە، شێوازی نووسینەکەت زۆر بەرز نییە... ئیدی ئێستە کێشە نییە، زۆر درەنگ بووە، کتێبەکە لە چاپدراوە. با بۆ چاپی دووەم. هەڵبەتە ئەگەر دووبارە لە چاپ بدرێتەوە، ئەرێ؟ پارەیەکی باشتریشت دەست دەکەوێ... ئم!

ئانا پرسیی: ((تۆ بڵێیت پارەیەکی زۆرت بدرێتێ، ئیڤان پترۆڤیچ؟ کە سەیرت دەکەم دووری بۆ دەچم. ئاە،ئەی خودایە! خەڵکی ئەمڕۆ پارەکانیان لە چ شتێکدا سەرف دەکەن! ))

نیکۆلای لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: ((دەزانیت، ڤانیا؟ هەڵبەتە ئەمە نە پیشەیەکە و نە پۆستێکی ئیداریش، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ خۆی کارێکە. گەورە پیاوان کتێبەکەت دەخوێننەوە. بەڕاست باسی ئەوەت دەکرد کە گرێبەستێکی ساڵانەییان لەگەڵ گۆگۆل مۆر کردووە و ئەویان بۆ دەرەوەی وڵات ناردووە. شتێکی زۆر باشە گەر هەمان کاریش بۆ تۆ بکەن، ئەرێ؟ کەواتە بنووسە براله، بێ ڕاوەستان دەست بە نووسینی ڕۆمانگەلێکی دی بکە! هەر بە تەنیا بەم شانازی و سەرکەوتنەی کە پێتبڕاوە قایل مەبە و خوو بە تەمبەڵی و بێ کارییەوە مەگرە. ))

بە سیمایەکی هێندە لەخۆ دڵنیا و نیەتێکی ئەوەندە پاکەوە ئەم قسانەی دەردەبڕین کە من دڵم نەهات ڕاییگرم و بەر بە خەیاڵپلاوییەکانی بگرم.

- یان لەوانەیە بۆ نموونە سندووقێك ئاڵتوونت وەك هەدیە بدەنێ... دووری بۆ دەچیت؟ بۆ چاکەکردن دەرهەق بە کەسانی جیاواز یاسا و ڕێسای تایبەتی هەیە. دەیانەوێ هانت بدەن.

پاشانیش بە سیمایەکی جددی، لەگەڵ ئەوەی کە چاوی چەپی دەتروکاند لەسەری ڕۆیشت: ((کێ چوزانێ، بۆیشی هەیە داوەتی دەربارت بکەن. یان نا، لەوانەیە جارێ وەختی ئەم کارە نەهاتبێت. ))

ئانا بە شێوەیەکی مەیلەو شەڕانگێزانە گوتی: ((بۆ دەربار؟ ))

**من له باریکدا که له ناخی دڵەوه پێدەکەنیم گوتم: (( گەر وا بڕوا دوای کەمێکی دی پلەی جەنەڕاڵیشم دەدەنێ.))**

**پیرەمێردەکه لەگەڵ من کەوتە پێکەنین. زۆر ڕازی و دڵخۆش بوو.**

**ناتاشا که لەم ماوەیەدا خەریکی ئامادەکردنی خوانی ئێوارە بوو، به زۆرزانی و ڕووداریەوه هاواری کرد: (( پایەبەرز، خوان ئامادەیه، تەشریف بهێننه سەر مێز.))**

**هەر له کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا ئەو خوانەکەی ئامادە کردبوو. پاشان بەرەو باوکی پڕتاوێکی کرد، به گوڕ و تینێکی زۆرەوه ئەوی لەنێو باسکەکانیدا گوشی و گوتی:**

**- باوکه گیان، باوکه ئازیزه خنجیلانەکەم!**

**نیکۆلای خەم دایگرت و گوتی:**

**- باشه ئیتر، بەسیکه، بەسیکه. دەزانیت من بەبێ تێفکرین ئەم قسانەم کردن. ڤانیا ببێته جەنەڕاڵ یان نا، باشتر وایه بچین نانەکەمان بخۆین.**

**پاشان دەستێکی به ڕوومەتە داگیرساوەکەی ناتاشادا هێنا، هەمیشه له بیانوویەکی بچووك دەگەڕا هەتا دەست به گۆنایدا بهێنێ. پاشان درێژەی دایه گوتەکانی: ((ئای که منداڵێکی چەندە هەستیاریت. دەزانیت ڤانیا، من له خۆشەویستیتەوه ئەم هەموو وەسف و ستایشەم کردیت. گەرچی تۆ جەنەڕاڵ نییت (که هەڵبەتە شایستەیی ئەوەشت هەیه!) بەس تۆ کەسایەتییەکی دیاریت، دانەرێکی ڕاستەقینەیت!))**

**- باوکه ئەمڕۆکه بەم جۆره کەسانه دەڵێن نووسەر.**

**- ئیدی پێیان ناڵێن دانەر؟ سەیره، نەمدەزانی که دەبێ بڵێین نووسەر، هەڵبەتە مەبەستی منیش هەر ئەمە بوو. بێگومان هەر لەبەر ئەوەی که ڕۆمانێکت نووسیوه پێت ناڵێن پێشخزمەتی تایبەتیی ئیمپراتۆر، ئەسڵەن هەر نابێ به تەمای شتی ئاوهاش بیت، بەس ڕێگەی پێشکەوتن و سەرکەوتن لەبەردەمتدا ئاوەڵایە: بۆ نموونه دەتوانیی له باڵوێزخانەدا پێگەیەك بەدەست بهێنیت. بۆی هەیه بتنێرنه دەرەوەی وڵات، بۆ نموونه بتنێرن بۆ ئیتاڵیا هەتا وزەت تازه ببێتەوه و تەندروستیت بەدەست بهێنیتەوه، یان بەرەو شوێنێکی دی بۆ درێژەدان به خوێندن، کێ چوزانێ، یارمەتیی ماددیت دەدەن. هەڵبەتە تۆیش لەلایەن خۆتەوه دەبێت پیاوانه ڕەفتار بکەیت و ئەو پاره و شانازییانەی که پێت دەبڕێ به بۆنەی ئیشێکی ڕاستەقینەی ئەنجامدراوەوه بێت، نەك لەبەر پشتگیری کردنی ئەم و ئەو یارمەتیت بدەن....**

**ئانا ئاندریۆنا به پێکەنینەوه گوتی: ((زۆریش لەخۆت بایی نەبیت.))**

ناتاشایش هەڵیدایێ:

- باشتر وایە تا زووە مەدالیا و نیشانەشی بدەنێ، باوکە ژیکەڵە و ئازیزەکەم، پێگەی باڵوێزخانە بە کەڵکی چی دێ؟

جارێکی دی دەستمی گوشی.

پیرەمێردەکە سەیرێکی لووتبەرزانەی ڕوومەتی ناتاشای کرد کە هێشتا داگیرسابوو و چاوەکانیشی لە شادیاندا بە چەشنی ئەستێرە دەدرەوشانەوە، جا پاشان بە خەندەوە گوتی: ((هەمیشە سەر دەخاتە سەرم، لەوانەشە کەمێك زیادەڕۆییم کردبێت منداڵە خۆشەویستەکانم، من هەمیشە ئاوها بوومە... بەس دەزانیت، ڤانیا، هەر کات کە لێت دەڕوانم، وەك کەسێکی ئێجگار پاك و دڵساف دێیتە بەرچاوم... ))

ناتاشا گوتی: ((ئاە باوکە گیان، مەگەر بێ لەمە چاوەڕێی چی لێ دەکرێت؟))

- نا، مەبەستم ئەم نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڤانیا، بە هیچ شێوەیەك ڕووخسارت لە ڕووخساری شاعیرێك ناچێ... دەزانیت، دەڵێن گوایە شاعیرەکان ڕەنگ هەڵبزرکاون، قژیان درێژە و حاڵەتێکی تایبەتی لە نیگایاندا هەیە. وەك گۆتە و هاوشێوەی ئەو. من ئەم بابەتەم لە چیرۆکی شاعیرانەی ‹‹ئابادۆن›› دا خوێندووەتەوە کە بەرهەمی *پۆلی وئیی* نووسەر و ڕۆژنامەنووسە... باشە، بۆ مەگەر ئێستە چی بووە؟ دیسان قسەی بێجێ و نەفامانەم کرد؟ سەیرکەن، بزانن چۆن ئەم کچۆڵەیە قەشمەری بە منی پیرەمێرد دەکا! ئازیزانم، من خاوەن بڕوانامە نیم، بەس دەتوانم هەست بکەم. باشە ئیدی، بەسە، با ئیدی لەبارەی ڕووخسارەوە نەدوێین، جیا لەمە ڕوومەتی زەرد و هەڵبزرکاو نیشانەی مەینەتی و بەدبەختی نییە. بەلای منەوە سیمای تۆ ئێجگار لەبەردڵان و جوانە... مەبەستم ئەوە نەبوو... ڤانیا تەنیا مرۆڤێکی نەجیب و ڕاستگۆبە، نەجیبی و ڕاستگۆیی لە پێش هەموو شتەکانی دیکەوەن. شەرەفمەندانە بژی و خۆتت لێ نەگۆڕێ. وەك پێویست ڕێگەی بەردەمت کراوەیە. بە ڕاستگۆییەوە ئیشی خۆت ئەنجام بدە، مەبەستی سەرەکیی من لە هەموو ئەو قسانەدا هەر بە تەنیا ئەمە بوو، ڕێك ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە دەمویست بیڵێم!

سەردەمێکی زۆر دڵگەشێن بوو، تەواوی کاتەکانی بێکاری و هەموو شەوەکانمم لە ماڵی ئەواندا بەسەر دەبرد. هەواڵەکانی دونیای ئەدەبیات و تەنانەت دەنگوباسی نووسەرانیشم بۆ دەهێنا و جا نازانم چۆن ئاوها لەکتوپڕێکدا بەو گەرموگوڕییەوە هۆگریان ببوو، تەنانەت دەستی بە خوێندنەوەی وتارەکانی ‹‹ب›› ی ڕەخنەگر کردبوو کە لەبارەیەوە قسەیەکی زۆرم لەگەڵ ئەودا کردبوو، گەرچی ئەو بابەتانەی کە دەینووسین ئەو بە تەواوی تێیان نەدەگەیشت، کەچی بە تین و تاوێکی زۆرەوە ستایشی دەکرد و بە توندی هێرشی دەکردە سەر نەیارەکانی کە لە گۆڤاری ‹‹بۆردۆن دو نۆرد›› دا دژی ئەو دەیاننوسی. ئانا ئاندریۆنا، دوو چاوی دیکەی ڤەرز کردبوو و بەردەوام

چاودێریی من و ناتاشای دەکرد، بەس نەیتوانیبوو هیچ خاڵێکی لاواز لە ڕەفتارماندا بدۆزێتەوە. تا ئەو کاتە تەنیا یەك وشە لە نێوا نماندا ئاڵوگۆڕ کرابوو، ناتاشا بە لێوی نیوە کراوە و لە بارێکدا کە سەری دانەواندبوو، بە دەنگێکی ئێجگار هێواشەوە ‹‹ئەرێ›› ی بۆ کردبووم. بەس دایك و بابیشی دەرکیان بەم بابەتە کردبوو، یان لە ڕاستیدا سۆسەیان کردبوو یان وەها شتێك بە زهنیاندا ڕابردبوو. ئانا ئاندریۆنا تا ماوەیەکی دوور و درێژ، وەك دەربڕینی نارەزایی هەر سەری با دەدا. ئەم بابەتەی وەك شتێکی نائاسایی و تەنانەت ترسناکیش دەهاتە بەرچاو. متمانەی بە من نەبوو. دەیگوت:

- لە ئێستەدا هیچ کێشەیەکت نییە، ئیڤان پترۆڤیچ، سەرکەوتوو بوویت، بەس ئەگەر کتوپڕ سەرکەوتنەکەت لەکیس بچێ، یان ڕووداوێکی دیکەت بۆ بێتە پێش، ئەوسا چی دەکەیت؟ گەر لایەنی کەم لە جێیەك دادەمەزرایت!...

باوکی ناتاشا دوای ئەوەی کە ماوەیەك بیری لەم بابەتە کردەوە گوتی:

- ڤانیا، ئەوەی کە دەمەوێ پێتی بڵێم ئەمەیە: بە چاوانی خۆم دیومە، یان ئاگاداری بوومە و دەبێ دانیشی پێدا بنێم کە تەنانەت بەوەش خۆشحاڵم کە تۆ و ناتاشا... پێم وانییە ئەم کارە هیچ عەیبێکیشی تێدابێ! دەزانیت ڤانیا، ئێوە هێشتا زۆر لاون و ئانا ئاندریۆنای من لەسەر هەقە. ڕاستە کە تۆ مرۆڤێکی بەهرەدار و بەتوانایت، تەنانەت بەهرە و توانایەکی بەرچاو... هەڵبەتە هەر بەو جۆرەی کە ئەوانی دی گوتیان، ئەم توانایە بە بلیمەتی دانانرێ، بەڵکە توانایەکی زۆر سادەیە (دوێنێ خەریکی خوێندنەوەی وتارێك بووم لە گۆڤاری ‹‹بۆردۆن›› دا سەبارەت بە تۆ کە هێرشیان کردبووە سەرت، وەلێ باشە، ئەم گۆڤارە و نووسینەکانی بە توون!) باشە، بەم پێیە، دەزانیت کە بەهرەداربوون مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ پارەیەکی زۆری پاشەکەوت کردبێت و ئێوە هەردووك دەستتان خاڵییە. با ساڵ و نیوێك یان تەنانەت ساڵێك دان بە خۆماندا بگرین: گەر هەموو شتێك جێبەجێ بوو، گەر تۆ جێ پێی خۆتت لەو پیشەیەدا پتەو کرد، ئەوا ناتاشا هی خۆتە، بەس ئەگەر سەرکەوتوو نەبوویت، ئەوا خۆت و ویژدانت! تۆ مرۆڤێکی سەرڕاست و شەرەفمەندیت، باشتر ئەم بابەتە تاووتوێ بکە...

لێرانەدا قسەکانیان کۆتایی پێ هات. ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوش ئەمانە بوون:

بەڵێ، کەم تا زۆر ساڵێك ڕابووردا لە ئێوارەی ڕۆژێکی دڵڕفێنی مانگی ئەیلوول، بە دڵشکاوی و نەخۆشییەوە چووم بۆ ماڵی دۆستە بەساڵاچووەکانم و نیوە بێهۆشانە لەسەر کورسییەك پاڵم دایەوە. ئەو داماوانە کە منیان بەو حاڵەوە بینی زیرەی مەرگیان کرد، بەس ئەگەر ژوورەکە بە بەر چاوا نمەوە دەخولایەوە، گەر هێندە دڵشکاو بووم کە تا دە جار هاتبوومە بەر دەرگاکەیان و دە جاریش بێ ئەوەی چووبمە ژووری گەڕابوومەوە، لەبەر ئەوە نەبوو کە هێشتا لە کارەکەمدا سەرکەوتنم بە دەست نەهێنابوو یان ناوم دەرنەکردبوو و پارەیەکم نەهاتبووە دەست، یان لەبەر ئەوەی کە هێشتا نەبووبوومە ‹‹ئەندامی باڵوێزخانە›› و هیچ کەسێکیش بۆ جێگیربوونی تەندروستیم ڕەوانەی ئیتاڵیای نەکردبووم، بەڵکە لەبەر ئەوە بوو کە دەشێ مرۆڤ ساڵێکی لێ ببێتە دە ساڵ و دەتگوت ماوەی دە ساڵە ناتاشام

نەدیوە و یەك دونیا ماوە کەوتبووە نێوانمان... باشە، ئێستە زۆر بە باشی لەبیرمە: لە بەرانبەر نیکۆلایی بەسالاچوودا دانیشتبووم، بێدەنگانە و نائاگایانە لێواری کلاوە کۆنەکەمم دەگوشی. دانیشتبووم و ناشزانم بۆچی چاوەڕێی ئەوە بووم کە ناتاشا لەپڕ خۆی بە ژووریدا بکات. بە جلە کۆنە و شڕەکانمەوە ناشیرین دەردەکەوتم، ڕووخسارم و هەموو ئەندامانی لاشەم لاواز ببوون، ڕەنگم زەرد بووبوو و لەم بارەشدا، کتومت شێوەی شاعیرانم وەرگرتبوو. بەس نیگام ئەو باری شان و شکۆیەی تێدا نەبوو کە لە ڕابردوودا نیکۆلایی میهرەبانی قەڵس کردبوو. ئانا بە هەستێکی هاودەردانەی ڕاستەقینەوە لێم ورد دەبووەوە و بێگومان لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- جا باش نەبوو کە سالی ڕابردوو نەبووە دەزگیرانی ناتاشا. خوا بمان پارێزێ و بمانخاتە ژێر سایەی خۆی!

بە شێوەیەکی دڵسۆزانە کە هێشتا لە گوێما دەنگ دەداتەوە، گوتی: ((باشە، ئیڤان پترۆڤیچ، ئارەزووی پیاڵەیەك چا ناکەیت؟ (سەماوەرەکەی بەسەر مێزەکەوە هاتبووە قوڵە قوڵ). حاڵت چۆنە، ئازیزم، پێدەچێ نەخۆش بیت.))

وەك ئەوە وایە کە هەر ئێستە بە بەرچاومەوە ئەم قسانە بکات، دڵی بۆم دەسووتا، بەس حاڵەتی نیگای نیگەرانییەکی دیکەی پێوە دیار بوو، هەمان ئەو حاڵەتەش لە چاوانی مێردە بەسالاچووەکەیدا شەپۆلی دەدا. ئەو لە بەرانبەر فنجانە چایەکدا کە ئیدی خەریك بوو سارد دەبووەوە، بە بارێکی دڵپەرتانەوە لە فکردا ڕۆچووبوو. بیستبووم کە ئەو ناکۆکییەی لەگەڵ شازادە ڤالکۆڤسکیدا هەیانبوو و لە دادگەدا خرابووە بەر باس، بە بەرژەوەندیی ئەوان کۆتایی نەهاتووە و زۆری نیگەران کردوون، هەروەها نیگەرانییەکی دیکەشیان بۆ پێشهاتبوو کە نیکۆلای سێرگەڤیچی خستبووە حالی نەخۆشی و هەراسانییەوە. شازادەی لاو کە لە بنەڕەتەوە هەموو کێشە و ناکۆکییەکان لەسەر ئەو بوون، پێنج یان شەش مانگێك لەمەوبەر سەرادانێکی نیکۆلای و هاوسەرەکەی دەکات. نیکۆلای کە ئالیۆشای ئازیزی هەروەك ڕۆڵەی خۆی خۆش دەویست و هەمیشەی خودا ناوی ئەو وێردی سەر زمانی بوو، بە ڕووخۆشی و شادمانییەوە بەخێرهاتنی دەکات. ئانای داماویش کە چاوی بەو دەکەوێ، ئەو ڕۆژانەی بیر دێتەوە کە لە ڤاسیلیۆسکۆئیە ژیانێکی خۆشیان بەسەر دەبرد و گریان دەیگرێت. ئالیۆشا لەوەودوا ئیدی بە دزیی باوکییەوە زۆربەی کات سەردانی دەکردن. نیکۆلای سەرڕاست و نەجیب و شەریف، بەهیچ شێوەیەك هەوڵی ئەوەی نەدا کە ئەم دیدارانە بە نهێنی بمێننەوە و لەم بارەیەوە هیچ پارێزێکی نەکرد. بە بۆنەی غرور و نەجیبییەکەیەوە تەنانەت ئامادە نەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە داخۆ گەر شازادە بەم دیدارانە بزانێ و لەوە گادار ببێتەوە کە کوڕەکەی دیسان سەردانی مالی ئەوان دەکات، چ کاردانەوەیەکی دەبێ و لە دڵی خۆیدا هەموو ئەم بەدگومانییە بێهوودانەی ئیدانە دەکردن. بەس پیرەمێردە مەینەتییەکە نەیدەزانی کە داخۆ ئیدی بەرگەی سەرکۆنە و سووکایەتی پێکردنی تازە دەگرێ یان نا. شازادەی لاو کەم تا زۆر هەموو ڕۆژێك دەهاتە دیداریان. نیکۆلای و هاوسەرەکەی ساتگەلێکی خۆش و پڕ شادمانیان لەگەڵ ئەودا بەسەر دەبرد. هەڵبەتە سەرەنجام شازادە بەم بابەتەی زانی. چەندان قسە و قسەلۆکی ناخۆشیش کەوتنە سەر زاران. شازادە بە هەمان شێوازی زبری ڕابردووەوە نامەیەکی ڕسواکەرانەی بۆ نیکۆلایی نووسی

و ئەوەشی لە کوڕەکەی قەدەغە کرد کە ئیدی سەر بە ماڵی ئەواندا بکات. ئەم بەسەرهاتە پازدە ڕۆژ بەر لە دیداری نێوان من و ئەوان ڕووی دابوو. نیکۆلایی بێنەوا بە سەختی خەمین و ناڕەحەت ببوو. یانی چی! دیسان دەبێ ناوی ناتاشا بێگوناح و نەجیبەکەی بەم بوختانە ناڕەوا و بەم چەپەڵکاریانە لەکەدار بکرێتەوە. لە نامەی ئەو پیاوەدا کە سووکایەتیی بەو کردبوو، بە شێوەیەکی بێشەرمانە ناوی هێنرابوو... پیاوەی بێچارە بێ ئەوەی بتوانێت بانگەشەی شەرەف بۆ خۆی بکات، دەبوو بەرگەی هەموو ئەم جوێن و حەیاچوونە بگرێت. لە ڕۆژانی سەرەتا لەتاو نائومێدیاندا کەوتە جێگە. من هەموو شتێکم دەزانی. گەرچی لەم دواییانەدا، یانی نزیکەی سێ حەفتە لەوەوبەر، نەخۆش و خەمۆك لە ماڵەوەدا کەوتبوومە سەر جێگە و سەردانی ئەوانم نەکردبوو، وەلێ بە تەواوی وردەکارییەوە بەسەرهاتەکەم بەر گوێ کەوتبوو. هەروەها ئەوەشم دەزانی... نا! سۆسەیم کردبوو، دەمزانی جیا لەم بەسەرهاتە بابەتێکی دیکەش لە ئارادایە کە دەبێ زیاتر لە هەر شتێك نیگەرانی کردبن و منیش بە دڵپەرۆشییەکی پڕ لە ئەشکەنجەوە بیرم لە چارەنووسیان دەکردەوە. بەڵێ، لە ئەشکەنجەدا بووم، ترسم لێ نیشتبوو و نەمدەوێرا مەسەلەکەیان لێ بپرسم و لە زاری خۆیانەوە بیبیستم، ترس لە دڵنیابوونەوە و هەروەها بە تەواوی توانامەوە دەکۆشام خۆم لە ساتی شوومی ڕووبەڕووبوونەوەی حەقیقەت بەدوور بگرم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بابەتە سەردانی ماڵیانم کردبوو. ئەو شەوە نائاگایانە و بێ ویست بەرەو ماڵی ئەوان پەلکێش کرابووم!

پێدەچوو نیکۆلای لە پڕ هۆشی هاتبێتەوە سەر خۆی و لە منی پرسی: ((بەڵێ، ڤانیا، پێدەچێ نەخۆش بوویت؟ بۆچی ئەم ماوەیە سەردانت نەکردووین؟ من بەرانبەر بە تۆ زۆر کەمتەرخەم بوومە: دەمێك بوو بەنیاز بووم سەرێکت لێ بدەم، وەلێ هەمیشە گرفتێك دەهاتە پێش و دەبووە ڕێگرم...)) دوای ئەم قسانە دیسان لە فکرا ڕۆچوو.

وەڵامم دایەوە: ((بەڵێ، نەخۆش بوومە.))

پیرەمێرد دوای چەند ساتێك بێدەنگی گوتی: ((ئم! نەخۆش. ئەم بابەتەم بەلاوە سەیر نییە! ئەو ڕۆژە بە تۆم گوت، ئاگادارم کردییەوە، بەس تۆ گوێت بە قسەکانم نەدا! ئم، نا، ڤانیای ئازیز، بێگومان فریشتەی ئیلهامبەخش لەو ماڵەدا هەگبەکەی خاڵی بووەتەوە و قۆڕەی سکی دێت و هەر وایش دەبێ. هە! بەڵێ!))

نا، لە ڕاستیدا پیرەمێردەکە باری خۆش نەبوو. گەر بەسەرهاتی نێوان خۆی و شازادە دڵی پڕ نەکردبووبا، ئەوا لەبارەی فریشتەی ئیلهامبەخشەوە کە لە زهنمدا قۆڕەی سکی دێ، قسەی بۆ نەدەکردم. ڕووخساریم هەڵسەنگاند: ڕەنگ زەرد بوو، لە نیگایدا حاڵەتێکی وەك گومان و دوودڵی دەبینرا، یان وەك بڵێی پرسیارێك فکری ئاڵۆز کردبوو و وەڵامەکەی بۆ نەدەدۆزرایەوە. بە پێچەوانەی ئاکاری تایبەتی و هەمیشەی خۆیەوە، ئێستاکە بەدئاکارتر و گرژ و مۆنتر ببوو. هاوسەرەکەی بە نیگەرانییەوە لێی نز دەبووەوە و سەری با دەدا. پیرەمێرد لە پڕ خەیاڵی هاتەوە سەر

خۆی، ژنەکەی نهێنییانە بە ئاماژەی سەر سەرنجی بەرەو ئەو ڕاکێشا. بە دڵپەرۆشییەوە لە ئانا ئاندریۆم پرسی: ((ناتاشا حاڵی چۆنە؟ ئێستە لەماڵەوەیە؟))

پێدەچوو پرسیارەکەم ئانای شپرزە کردبێت و وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، هەڵبەتە، هاوڕێی ئازیز! ئێستا دێت! بە دەم خۆشە، ئەوا بۆ سێ حەفتە دەچێت کە یەکدیتان نەدیووە. جا ڕەفتاریشی زۆر گۆڕاوە، مرۆڤ نازانێت کە ئایا نەخۆشە یان تەندروست، خوا ڕەحمی پێبکات!))

پاشان بە شەرم و کەم ڕووییەوە سەیرێکی مێردەکەی کرد.

نیکۆلای بە شێوەیەکی ڕقاوی و پێچەوانەی حەزی خۆیەوە گوتی:

- ئێ، یانی چی؟ هیچی نییە. حاڵی زۆر باشە. کچان کە گەورە دەبن تووشی ئەم حاڵەتانە دێن، خۆ ئەو ئیدی منداڵ نییە، تەواو و بڕایەوە. ئایا کەس دەتوانێ سەر لە خەم و خەفەت و کەڵکەڵەبازی و بێباریی کچان دەربکات؟

ئانا ئاندریۆنا بە دەنگێکی زویرانەوە گوتی: ((کەڵکەڵەبازی؟))

پیرەمێردەکە خۆی لێ کڕ کرد و پەنجەکانی لەسەر مێزەکە بوون و تەپڵی پێ لێ دەدا.

من بە بارێکی ترس لێنیشتوانەوە لە خۆمم پرسی: ((ئەی خودایە! تۆ بڵێیت شتێکیان لێ نەقەومابێ؟))

نیکۆلای درێژەی بە قسەکانی دا و پرسیی: ((باشە، دەنگ و باسی تۆ چۆنە؟ بەڕێز ‹‹ب...›› هێشتا هەر بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە سەرقاڵە؟))

وەڵامم دایەوە: بەڵێ.

پیرەمێرد خەمساردانە گوتی: ((ئای، ڤانیا، ڤانیا! بەس بزانم ڕەخنە سوودی چییە؟))

لەم ساتەدا دەرگەی هۆدەکە کرایەوە و ناتاشا دەرکەوت.

٧

کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتبوو و کاتێکیش کە هاتە ژووریٰ لەسەر مێزی پیانۆکەی دانا، پاشان هاتە لای من و بە بێدەنگییەوە دەستی بەرەو لام درێژ کرد. لێوەکانی بە شێنەیی دەجووڵانەوە، پێدەچوو گەرەکی بیٰ بەخێرهاتنم بکا، بەس هیچ قسەیەکی نەکرد.

بۆ سیٰ حەفتە دەچوو کە یەکدیمان نەدیتبوو. بە ترس و نیگەرانییەوە لە ڕووخساری ورد دەبوومەوە. لە ماوەی ئەم سیٰ حەفتەیەدا زۆر گۆڕا بوو. بە بینینی گۆنای ڕەنگ پەڕیو و داکەوتووی، لێوی وشکی کە پێدەچوو تای لیٰ هاتبیٰ و سەرەنجام چاوەکانی، کە لەژێر برژانگە درێژەکانییەوە لەتاو ئاگرێکی سووتێنەر و جۆرە بڕیارێکی ڕقاویدا دەدرەوشانەوە، دڵم تەنگ بوو.

وەلیٰ ئای خودایە گیان، چەندە دڵڕفێن ببوو! نە لە ڕابردوو و نە لە داهاتوودا، هەرگیز ئەوم بەو جوانی و دڵڕفێنییەی ئەو ڕۆژە شوومەوە نەدیتبوو. ئایا ئەو هەمان ناتاشاکەی ڕابردوو بوو، هەمان ئەو کچە زۆرزانەی کە ساڵێك لەمەوبەر، لە کاتی گوێگرتن لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەم بیٰ ئەوەی چاو لەسەر من هەڵبگریٰ هاوکات لەگەڵ مندا لێوەکانی دەجووڵاندنەوە، هەمان ئەو کچەی کە بە شادمانی و ئاسوودەییەوە، لە کاتی خوانی ئێوارەدا گاڵتەی لەگەڵ من و باوکیدا دەکرد؟ ئایا هەمان ئەو ناتاشایە بوو کە ئەو شەوە، هەر لەم ژوورە و لە بارێکدا کە سەری داخستبوو و لە شەرماندا سوور هەڵدەگەڕا، وەڵامی ‹‹ئەریٰ›› ی بە من دابوو؟ دەنگی دووری زەنگێك باوەڕدارانی بانگهێشی نوێژ کرد. ناتاشا تەزوویەك بە لەشەیدا هات، دایکی خاچێکی بەسەر سنگییەوە کێشا و گوتی:

- بەتەما بوویت بچیتە کڵێسا و نوێژ بکەیت. ئێستاکە وەختییەتی، بڕۆ ئازیزم، بڕۆ دوعا بکە، خۆشبەختانە کڵێساکەش ئەوەندە دوور نییە. دەتوانیت پیاسەیەك بکەیت و هەوایەکیش هەڵ مژیت! بۆچی خۆت لە ماڵیٰ بەند دەکەیت؟ بڕوانە کە چۆن ڕەنگت پەڕیوە، دەڵێی بەچاویان بردوویت.

ناتاشا بە دەنگێکی نزم و هێواشەوە گوتی: ((لەوانەیە ئەمڕۆ نەچم بۆ نوێژ کردن، حاڵم باش نییە.)) بە دەربڕینی ئەم قسانە ڕەنگی سپی سپی بوو.

ئانا ئاندریۆنا وەك ئەوەی لە کچەکەی بترسیٰ، شەرمنانە و بە بارێکی هاندەرانەوە گوتی:

- وا باشترە بچیت، ناتاشا، بڕۆ لە خوداوەند بپاڕێوە کە تەندروستیت بۆ بگەڕێنێتەوە، هەر لەم چەند ساتەی ڕابردوودا دەتویست بچیتە دەریٰ، هەر بەو نیازەشەوە کڵاوەکەتت هەڵگرت.

باوکیشی لە بارێکدا کە بە نیگەرانییەوە لە ڕووخساری کچەکەی ڕامابوو، گوتی:

- بەڵیٰ، بڕۆ، ناتاشا، باشتر وایە کەمێك لە ماڵ بچیتە دەریٰ و هەوایەك هەڵبمژیت. دایکت ڕاست دەکات. ڤانیایش لەگەڵت دیٰ.

وام هەست کرد کە لێوەکانی ناتاشا زەردەخەنەیەکی تاڵیان لەسەر نیشت. چووە نزیك پیانۆکە، کڵاوەکەی هەڵگرت و لەسەری نا. دەستەکانی دەلەزین. دەتگوت تەواوی جووڵەکانی ناخودئاگایانەن، دەتگوت بەخۆیشی نازانێ خەریکی چییە. دایك و باوکی بە پەرێشانییەوە چاویان بەدوای جووڵەکانییەوە بوو.

ناتاشا بە دەنگێکەوە کە بە ئاستەم دەبیسترا گوتی: ماڵئاوا.

ئانا گوتی: ((بۆچی ماڵئاوایی دەکەیت، فریشتەی من؟ خۆ تۆ ناتەوێ بچیتە جێیەکی دوور! لەگەڵ ئەوەدا هەوایەکیش هەڵدەمژیت، بڕوانە کە چۆن ڕەنگت پەڕیوە. ئاە! خەریکبوو لەبیرم بچێ (هەمیشە شتم بیر دەچێتەوە!) کیسە بچکۆڵەکەتم تەواو کردووە، دوعایەکیشم خستۆتە ناوی، فریشتەی من. ساڵی ڕابردوو یەکێك لە ڕاهیبەکانی *کی یف* فێرمی کرد، دوعایەکی ئێجگار کاریگەرە، چەند ساتێك لەمەوبەر خستمە نێو کیسەکە. وەرە بیگرە با پێت بێ. با هیواخوازبین کە خوداوەند تەندروستیت بۆ بگەڕێنێتەوە. تۆ هەموو کەسی ئێمەیت.))

ئانا پاشان ڕۆیشت و لە چەکمەجەی مێزی کارەکەیدا خاچەکەی ناتاشای دەرهێنا. شریتێکی پێوە شۆڕ ببووەوە و کیسەیەکیشی پێوە دوورابوو.

خاچەکەی دایە کچەکەی و لەگەڵ ئەوەی کە لە هەوادا خاچی بۆ دەکێشا، ئەمەشی بۆ قسەکانی زیاد کرد:

- با ئەمەت پێبێ، بۆ سەلامەتیت باشە. پێشتر هەموو شەوێك بەر لە نووستنت هەمیشە بەم شێوەیە خاچم بۆ دەکێشایت، دوعایەکیشم دەخوێند کە تۆ لەگەڵمدا دووبارەت دەکردەوە. بەس ئێستاکە گۆڕاویت و خوداوەند ئاسوودەی ڕۆحیتی لێ سەندوویتەوە. ئاە! ناتاشا، ناتاشا! ئێستاکە تەنانەت دوعاکانی دایکیشت سوکنایت پێ نابەخشن.

جا پاشان پیرەژنەکە دەستی بە گریان کرد.

ناتاشا بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا، دەستیی ماچ کرد و هەنگاوێکی بەرەو دەرگاکە نا، بەس کتوپڕ لای کردەوە و بەرەو لای باوکی چوو. لە حەسرەتاندا سەرتاپای هەڵدەلەرزی. بە دەنگێکی پڕ لە پەژارەوە گوتی:

- باوکە گیان، ئێوەش خاچ بۆ کچەکەتان بکێشن.

پاشان لەبەردەمیدا کەوتە سەر ئەژنۆ.

هەموومان بە نیگەرانی و ناڕەحەتییەوە لە تاو ئەم جووڵە ئێجگار شکۆمەندانە و چاوەڕوان نەکراوەدا واق و وڕ بووین. باوکی بۆ چەند ساتێك بە بارێکی بێ ئۆقرانەوە ئەوی هەڵسەنگاند، پاشان بە هاوارەوە گوتی: ((ناتاشای من، کچە خۆشەویستەکەم، ئازیزەکەم، چیت لێ قەوماوە؟)) بە گوتنی ئەم قسانە چەند دڵۆپە

فرمێسکێك بە ڕوومەتیدا شۆڕبوونەوە و بە گریانەوە درێژەی دایێ: ((بۆچی ئەمەندە ئەشکە نجەی خۆت دەدەیت؟ بۆچی شەو و ڕۆژ فرمێسك دەڕێژیت؟ دەزانیت، من هەموو ئەوە دەبینم و دەرکی پێدەکەم. شەوانە خەوم لێ دەزڕێ، دێمە پشت دەرگەی ژوورەکەت و گوێ هەڵدەخەم!... هەرچی لە دڵتدایە بە منی بڵێ، متمانە بە من و دایکی بەساڵاچووت بکە و خەمی دڵت بۆ ئێمە هەڵبڕێژە. ئێمە...))

قسەکەی پێ تەواو نەکرا و باوەشی بە ناتاشادا کرد. کچەی لاو بە بارێکی شپرزانەوە خۆی بە سنگی باوکییەوە گوشی و ڕووخساری خستە سەر شانی ئەو. پاشان لە دۆخێکدا کە هەوڵی شاردنەوەی فرمێسکەکانی دەدا، بە دەنگێکی لەرزۆك و پچڕ پچڕ گوتی:

- هیچ نییە، هیچ نییە، تەنیا کەمێك بێتاقەت و ناساغم...

باوکی گوتی: ((خودا ئاگادارت بێت، دوعات بۆ دەکەم، کچە نازدارەکەم، کچە خۆشەویستەکەم. خودا بۆ هەمیشە ئارامیی ڕۆحیت بۆ بگەڕێنێتەوە و لە هەر خرا پەیەك دوورت بخاتەوە.)) پاشان ڕووی کردە ژنەکەی و درێژەی دایێ: ((تۆیش لەگەڵ من دوعا بکە، بەشکوم دوعای بەندەیەکی گوناحکاری وەك من گیرا ببێ.))

ئانایش بە گریانەوە گوتی: ((منیش پیرۆزت دەکەم، فریشتەی من.))

ناتاشا بە چرپە گوتی: ((ماڵئاوا.))

کە گەیشتە بەر دەرگەکە، ڕاوەستا، بۆ دواهەمین جار سەیرێکی دایك و باوکیی کرد، گەرەکیی بوو شتێك بڵێ، بەس نەیتوانی و خێرا ژوورەکەی جێی هێشت. من دڵم خەبەری دابوو کە نەهامەتییەك بەڕێوەیە، لەبەر ئەوە بە پەلە پەل دوای کەوتم.

## ٨

ناتاشا بە سەرێکی کزکردو و بێ ئەوەی لا لە من بکاتەوە، بێدەنگانە ڕێی دەکرد. بەس کە گەیشتە سەری کۆڵان و چووە سەر شەقامە بەستێنییەکە، کتوپڕ ڕاوەستا، دەستمی گرت و بە دەنگێکی هێواش گوتی:

- هەناسەم بۆ نادرێ، تەنگەتاو بوومە... خەریکە دەخنکێم!

من ترساوانە هاوارم کرد: بگەڕێوە ناتاشا!

بە پەژارەیەکی وەسف هەڵنەگرەوە تێم ڕاما و گوتی: ((ئایا نازانیت ڤانیا کە بۆ هەمیشە ئەوانم جێهێشتووە و ئیدی هەرگیز ناشگەڕێمەوە؟))

بۆ ساتێك دڵم لە ترپە کەوت. گەرچی وەختێك کە بۆ سەردانکردنیان بەڕێوەبووم، بە شێوەیەکی ناڕوون و تەماوی، یان لەوانەیە بە شێوەیەکی کەمێك ڕوونتر پێشبینیی ئەم بابەتەم دەکرد، کەچی لەو ساتەدا قسەکانی هەروەك بروسکە دایان بەسەرم دا.

خەمینانە بە شەقامە بەستێنەییەکەدا خەریکی ڕێکردن بووین. نەمدەزانی چی بڵێم، لای خۆمەوە سۆسەی شتگەلێکم دەکرد، لە فکرا ڕۆدەچووم و هەستم دەکرد کە تەواو هازم لێبڕاوە. سەرم دەسووڕا. ئەم ڕووداوەم وەك شتێکی ئێجگار شەیتان سیفەتانە و ئەقڵنەبڕ دەهاتە بەرچاو.

دواجار هاتە گۆ و گوتی: ((بە گوناحبارم دەزانیت ڤانیا؟))

- نا، وەڵێ... باوەڕ بە وەها شتێك ناکەم، ڕێی تێناچێ.

ئەم قسانەم بە بێئاگاییەوە کردن.

- بۆچی ڤانیا، لە ڕاستیدا بڕیارم وایە! ئەوانم وەلا ناوە و ناشزانم تووشی چ بەڵایەك دێن... هەروەها نازانم کە بە خۆشم چ چارەنوسێك چاوەڕێم دەکات.

- بۆ لای ‹‹ئەو›› دەچیت ناتاشا، وانییە؟

وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

بە بارێکی شپرزانەوە هاوارم کرد: ((وەلێ نەکردەیە، تۆ بەخۆت باش دەیزانیت ئەی ناتاشای بێنەوام کە ئەمە کارێکی نەکردەیە! شێتییەکی ڕەهایە. دیقی مەرگیان پێ دەکەیت و خۆشت دەفەوتێیت. دەرك بەمە ناکەیت، ناتاشا؟))

بە شێوەیەکی نائومێدانە، کە ژان و ئەشکە نجە لە قسەکانیدا هەست پێدەکرا گوتی:

- دەزانم، وەلێ چیم لە دەست دێت؟ ئیدی ئازاد نیم.

بە تکاوە گوتم: ((تا ئیدی تەواو دێری نەکردووە، بگەڕێوە.)) لە سەرەتاوە تا چەندە پێداگرانەتر و بە گوڕ و تینێکی فرەترەوە تکام لێی دەکرد، زیاتر هەستم بە بێهوودەیی تکا و داواکانم دەکرد. دیسان گوتم: ((ئایا دەزانیت ناتاشا کە بەتەمایت باوکت تووشی چ چەرمەسەرییەك بکەیت؟ بیرت لەم بابەتە کردووەتەوە؟ باش دەزانیت کە ‹‹باوکی›› نەیاری باوکی تۆیە. دەزانیت کە شازادە سووکایەتیی بە باوکت کردووە، ئەو تۆمەتەی داوەتە پاڵ باوکت کە پارەکانی ئەوی حەپەلووش کردوون، بەوی گوتووە دز، کلاوچی... دەزانیت کە ئیشیان گەیشتووەتە دادگە... ئەوجا، هێشتاکە ئەمە بچووکترین ناڕەحەتی و نیگەرانییە، بەس ئایا دەزانیت، ناتاشا... (ئاه! ئەی خودای گەورە، تۆ بەخۆت باشتر ئەم شتانە دەزانیت!))ئەی نازانیت کە شازادە ئەو تۆمەتەی داوەتە پاڵ دایك و باوکت گوایە وەختێك کە ئالیۆشا لە گوندی لەگەڵ ئێوە دەژیا، ڕێگەیان بۆ دروستبوونی پەیوەندیی نێوان تۆ و ئەو خۆشکردووە؟ باش بیری لێبکەرەوە، بیهێنە بەر چاو کە داخۆ باوکت بە بۆنەی ئەم بوختانەوە چ ئازارێکی کێشاوە. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا تەواوی تووکی سەری سپی بووە، سەیرت کردووە! هەروەها بە تایبەت...، بەس خۆت ئەم شتانە باشتر دەزانیت ناتاشا. ئای خوایە! من هیچ لەو بارەیەوە ناڵێم کە بە لەدەستدانی تاهەتاییی تۆ بەسەر ئەواندا دێ. تۆ گەنجینەی ئەوانیت، تەنیا شتێکیت کە لە سەردەمی پیریدا بۆیان مابێتەوە. تەنانەت نامەوێ هیچی لەبارەوە بڵێم، تۆ دەبێ خۆت باشتر بزانیت: بیرت نەچێت کە باوکت بڕوای وایە تۆ بە شێوەیەکی ناڕەوا بوختانت پێ کراوە، ئەم مرۆڤە لووتبەرز و خۆویستانە بێ ئەوەی تۆڵەیان لێ بسێندرێتەوە، سووکایەتییان بە تۆ کردووە! جا ئێستە، ئێستە بە شێوەیەکی بێویژدانانە دیسان هەموو شتێك کەوتووەتەوە سەر زاران، بە بۆنەی میوانداری کردنی ئالیۆشا لەلایەن ئێوەوە دیسان هەموو ڕق و دژمنییە کۆنەکان زیندوو بوونەتەوە. شازادە جارێکی دیکەش باوکتی ڕسواکردووە، باوکە پیر و بەستەزمانەکەت بەدەست ئەم سووکایەتی پێکردنانەوە ئازارێکی زۆر

دەكێشێت، جا بەم پێیە، لە پڕ هەموو ئەمانە، هەموو ئەم بوختانانە ڕاست دەردەچن! هەموو ئەو كەسانەی كە ئەم هەواڵەیان پێ دەگات، وا بیر دەكەنەوە كە شازادە لەسەر هەقە و تۆ و باوكت خەتابار دەكەن. ئەم بابەتە ئەو دەكوژێ، ئەم شەرم و شوورەییە حەیای دەبا، جا لە ڕێگەی چ كەسێكیشەوە؟ لە ڕێگەی تۆوە، كچەكەی، منداڵە تاقانە و خۆشەویستەكەی. ئەی دایكت؟ ئەویش بەدوای مێردەكەیدا دەفەوتێ... ناتاشا، ناتاشا! خەریكی چییت؟ بگەڕێوە! ژیربە.))

ناتاشا، خۆی كڕ كردبوو، سەرەنجام نیگایەكی سەرزەنش باری تێگرتم، ئەم نیگایە هێندە تاڵ بوو و ئەوەندە ژان و ئازاری تێدا حەشار درابوو كە دەمودەست لەوە تێگەیشتم كە لەو ساتەدا، بێ ئەوەی هیچ گرنگییەك بە قسەكانی من بدات، دڵە ڕەنجاوەكەی لەژێر باری چ ئەشكەنجەیەكدایە. زانیویەتی ئەو بڕیارەی كە داویە بە چ بەهایەك بۆی تەواو دەبێ و منیش بەو قسە ناوەخت و بێهوودانەی خۆم تا چ ڕادەیەك ئازاری دەدەم، دەركم بە هەموو ئەمانە دەكرد و كەچی، نەمدەتوانی جڵەوی زمانم بگرم، لەبەر ئەوە درێژەم پێدا:

- وێڕای ئەمەش، هەر لەم چەند ساتەی ڕابردوودا بە دایكتت گوت ‹‹لەوانەیە›› نەچیت بۆ نوێژی شێوان... بە پێی ئەمە نیازت وابووە بمێنیتەوە، یانی هێشتا بە تەواوی لێنەبڕاویت، وا نییە؟

لەجێی هەر وەڵامێك، خەندەیەكی تاڵ نیشتە سەر لێوانی. من بۆچی ئەم پرسیارانەم لێ كرد؟ دەكرا لەوە تێبگەم كە دەمێكە ئەم بڕیارە نەگۆڕەی داوە. بەس منیش هۆشم لای خۆم نەبوو. لە بارێكدا كە خەریك بووم بە دڵێكی تەنگەوە لێیم دەڕوانی و بە دژواری دەمتوانی دەرك بەوە بكەم كە بۆچی وەها پرسیارێكی لێ دەكەم، بە هاوارەوە گوتم: ((یانی ڕێی تێدەچێ كە تۆ بەم ڕادەیە ئەوت خۆشبوێ؟))

بە هەمان بزەی تاڵەوە هاتە وەڵام: ((چۆن وەڵامت بدەمەوە، ڤانیا؟ دەبینیت: ئەو داوای لێكردووم بێم بۆ ئێرە، منیش هاتوومە و لێرانە چاوەڕێی دەكەم.)) من جارێكی دی بە تكاوە و وەك ئەوەی كە ئاسنی سارد بكوتم گوتم: ((وەلێ گوێ لە قسەكانم بگرە، لایەنی كەم گوێ بگرە بزانە گەرەكمە چی بڵێم، هێشتا كاتی چارەسەركردنی ئەم گرفتە بەسەرنەچووە، هێشتا دەكرێ بە شێوەیەكی دی كۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنیت، بە شێوەیەكی تەواو جیاواز! هەر ئەوەندە بەسە كە ماڵەوە جێنە هێڵیت. پێت دەڵێم كە دەبێ چی بكەیت، ناتاشای بچكۆلە و ئازیزم. خۆم هەموو شتێك ڕێك دەخەم، وادەی ژوان و هەموو شتێكی دی... تەنیا ماڵێ جێ مەهێڵە. نامەكانتان ئاڵوگۆڕ دەكەم، جا بۆ نەیكەم؟ ئەمە زۆر لەو پێشهاتە باشترە كە ئێستە خەریكە ڕوودەدا. دەزانم دەبێ چی بكەم، خزمەتی هەردووكتان دەكەم، دەیبینیت... ئەوسا تۆیش وەك ئێستە حەیات ناچێت، ناتاشای ئازیزم... چونكە بە بۆنەی ئەو ئیشەوەی كە ئێستە تەمای كردنیت هەیە بە تەواوی لەناودەچیت، بە تەواوی. پەسەندی بكە ناتاشا: هەموو شتێك بە شادی و باشی دوای دێ و ئێوەش هەتا خودا حەز بكا بەس دەتوانن یەكتریتان خۆش بوێ... جا وەختێكیش كە گێرەوكێشەی نێوان باوكەكانتان دوای پێهات (چونكە بێگومان دەست لە شەڕكردن هەڵدەگرن)، ئەو كاتە...)) لە بارێكدا كە بە

توندی دەستمی دەگوشی و بە چاوی فرمێسکاوییەوە زەردەخەنەی دەکرد گوتی: ((بەسیکە، ڤانیا، بێدەنگبە، ڤانیای میهرەبان و دڵپاك! تۆ مرۆڤێکی خەمخۆر و شەرەفمەندیت! تاقە وشەیەکیش لەبارەی خۆتەوە ناڵێیت، ئەوە من بووم کە پشتم لە تۆ کرد و کەچی تۆ لە هەموو گوناحەکانم خۆش بوویت، تۆ جگە لە خۆشبەختیی من بیر لە هیچ شتێکی دی ناکەیتەوە...))

دەستی کردە گریان و درێژەی بە قسەکانی دا:

- ڤانیا من دەزانم کە چەندت خۆشویستووم و ئێستەیش چەندت خۆش دەوێم،لە هەموو ئەم ماوەیەدا نە لۆمەت کردووم و نە قسەیەکی ناخۆشت بەرانبەر کردووم. جا من، من!... ئەی خوایە، گوناحێکی چەندە گەورەم لە بەرانبەر کردوویت. بیرتدێ، ڤانیا؟ ئەو سەردەمەت بیردێ کە پێکەوە بەسەرمان برد؟ ئاە! ئەی خۆزگە ئەوم نەناسیبا، هەرگیز چاوم پێی نەکەوتبا!... دەبوو لەگەڵ تۆ ژیان بەسەر ببەم، ڤانیا، لەگەڵ تۆ، ئەی هاوڕێی زۆر زۆر خۆشەویستم!... نا، من شایستەی تۆ نیم! خۆ چاوت لێیە کە چ جۆرە مرۆڤێکم، لەم ساتەدا خەریکم باسی خۆشبەختیی ڕابردوومانت بۆ دەکەم و بەم قسانەش زیاتر ئازارت دەدەم! ماوەی سێ حەفتەیە کە سەردانت نەکردووین: سوێندت بۆ دەخۆم ڤانیا کە تەنانەت یەك جاریش وام بە خەیاڵدا نەهاتووە کە تۆ پشتت تێکردبم یان ڕقت لە من هەڵگرتبێت. دەمزانی بۆچی نایێیتە لامان، نەتدەویست بێزارمان بکەیت، نەتدەویست ببیتە مایەی لۆمە و ئازاری ویژدانمان. دەبێ بینینی ئێمە چ ئازارێکت پێ بگەیێنێ! زۆرم چاوەڕوانی کردیت. ڤانیا، ئای کە چەندە چاوەڕێت بووم. گوێگرە ڤانیا، گەر شێتانە و هەروەك مرۆڤێکی بێ ئاوەز ئالیۆشام خۆش دەوێت، ئەوا بزانە کە وەك هاوڕێیەك تۆم زیاتر لە ئەو خۆش دەوێ، تەنانەت هەستی پێدەکەم و دەشزانم کە بەبێ تۆ توانای ژیانم نیە، تۆ بۆ من پێویستییت، پێویستم بە ڕۆح و دڵی پاکتە... جەخار، ڤانیا. ئێمە لە سەردەمێکی چەندە تاڵ و پڕ ئازاردا دەژیین!

لەگەڵ گوتنی ئەم قسانەدا هەروا خەریکی فرمێسك ڕشتن بوو. زۆری هەست بە بەدبەختی دەکرد!

دوای ئەوەی کە بەری بە فرمێسکەکانی گرت گوتی: ((ئاە! چەندە تامەزرۆی دیداری تۆ بووم. زۆر لاواز بوویتە، پێدەچێ نەخۆش بیت، ڕەنگت بە ڕووەوە نەماوە! هەر بەڕاست نەخۆش بوویت، ڤانیا؟ کەچی منیش لە خەمتدا نەبووم! هەر لەبارەی خۆمەوە دەدوێم، باشە، باسی ڕۆژنامەنووسانم بۆ بکە، باسی ڕۆمانە نوێکەت، باش بەرەو پێش دەچێ؟))

- کەی ئێستە وەختی قسە و باسی ڕۆمانەکانی منە، ناتاشا؟ ئیشەکانی من چ گرنگییەکیان هەیە! نە لە بارێکی باش دان و نە خراپ! چش لە هەموویان! بڵێ بزانم ناتاشا: خودی ئەو داوای لە تۆ کردووە بێیت بۆ ئێرە؟

- نا، ئەمە هەر بە تەنیا داوای ئەو نەبووە، بەڵکە من پێشتر ئەو بڕیارەم دا... گوێبگرە، هاوڕێکەم، ئێستاکە هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم: کچێکی خانەدان و خاوەن پێگەیەکی باشی کۆمەڵایەتییان بۆ ئەو دۆزیوەتەوە. باوکی هەر بەڕاستی دەیەوێ ئەو لەگەڵ ئەم کچەدا زەماوەند بکات و وەك خۆشت دەزانیت، باوکی پیاوێکی کەنتگێڕە، کەین و بەینی لەگەڵ هەمووان‌دا هەیە، لە ماوەی دە ساڵدا، هەم بووەتە خاوەن سامان و هەم پلە و پایە. هەر بەو جۆرەی کە باس دەکرێت ئەم کچە خاوەنی بڕوانامەیە و ئێجگار جوان و لێهاتووە، لە هەموو لایەنێکەوە لەبار و شایستەیە، ئالیۆشایش کەوتووتە ژێر کاریگەریی جوانی و لێهاتوویيەکەیەوە. بێ لەمانەیش باوکی تەمای وایە هەتا زووە ئەو لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، چونکە بە نیازە دووبارە زەماند بکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بەڵێنی بە خۆی داوە کە بەهەر نرخێك بووە پەیوەندیی نێوان ئێمە تێك بدات. ترسی لە من و دەسەڵاتم بەسەر ئالیۆشادا هەیە...

من سەرسامانە قسەکانیم پێ بڕی و پرسیم: ((بزانم، شازادە ئاگای لە کەین و بەینی عاشقانەی نێوان ئێوە هەیە؟ نەکا هەر بە تەنیا گومانی بردبێت و بە تەواوی دڵنیا نەبێت.))

- دەزانێ، ئاگای لە هەموو شتێك هەیە.

- کێ ئەم بابەتەی بۆ باس کردووە؟

- ئالیۆشا لەم دواییانەدا بە خۆی هەموو شتێکی بۆ باس کردووە. خۆی بە منی گوت کە هەموو شتێکی بە باوکی گوتووە.

- ئەی خوایە! ئەمە یانی چی. یانی لە هەلومەرجێکی ئاوهادا هەڵدەستێ و هەموو شتێك بۆ باوکی باس دەکات؟

ناتاشا هەڵیدایێ و گوتی:

- تاوانباری مەکە ڤانیا، ناهەقیی لەبارەوە مەڵێ! نابێت وەك کەسانی دی داوەری لەبارەوە بکەیت. ویژدانت هەبێ. ئەو وەك من و تۆ نییە. بە تەواوی مانای وشە منداڵێکە: ئەویان بە شێوەیەکی شیاو و گونجاو پەروەردە نەکردووە. پێت وایە خۆیشی دەزانێ کە خەریکە چی دەکات؟ بچووکترین کاریگەری و دزەتێکردنی کەسێکی بێگانە، دەتوانێ وای لێ بکات هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە لە چەند ساتی ڕابردوودا سوێندی خواردووە بیانباتە سەر، بە ئاسانی لەبیر بکات. گەر منیش بەردەوام لە لای نەبم ئەوا لە بیرم دەکات. ئیدی ئەو، ئینسانێکی ئاوهایە!

- ئاە! ناتاشا، لەوانەیە هەموو ئەمانە درۆبن، تەنیا هەندێك قسە و قسەڵۆك بن و بەس. یانی ڕێی تێدەچێ لەگەڵ ئەو کچە زەماوەند بکات، خۆ ئەو هێشتا منداڵە.

- خۆ پێم گوتیت، باوکی ئەو بە وردی هەموو شتێك هەڵدەسەنگێنێ و هەر ئەو بڕیاری بۆ دەدات و زۆریش لەسەر قسەی خۆی سوورە.

- تۆ چۆن دەزانیت کە دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەی کچێکی جوانە و سەرنجی ئالیۆشای ڕاکێشاوە؟

- بەخۆی پێمی گوت.

- یانی چی! خۆی پێتی گوت کە شەیدای کچێکی دی بووە و لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێ تۆ فیداکارییەکی ئاوهای لە پێناودا بکەیت؟

- نا، ڤانیا، نا! تۆ ئەو ناناسیت. ئەوەندە چاوت پێی نەکەوتووە، بەر لەوەی داوەریی لەبارەوە بکەیت دەبێ باشتر ئەو بناسیت. لەم دونیایەدا هیچ دڵێك نادۆزیتەوە کە بە وێنەی دڵی ئەو پاك و ساف بێت. بەس بەکەڵکی چی دێت؟ خۆزگە ئاوها نەبووبا. ئەوە ڕاستە کە شەیدای کچێکی دی بووە، ڕاستە و هەر بە تەنیا ئەوەندەش بەسە کە من یەك حەفتە نەیبینم هەتا جڵەوی خۆی بداتە دەستی ئەوانی دیکە و بۆ هەر کوێ کە دەیانەوێ کێشی بکەن و هەموو شتێك لە یاد بکات و عاشقی کەسێکی دی ببێت، بەس هەر لەگەڵ ئەوەی کە دیسان منی بینییەوە، دیسان خۆی دەخاتەوە بەر پێم. نا! من بەوە دڵخۆشم کە ئەو هیچ شتێکم لێ ناشارێتەوە، گەرنا بەدگومانی منی دەکوشت.بەڵێ، ڤانیا! من بڕیاری خۆمم داوە: << گەر بەردەوام لەلای نەبم، ئەوا بۆی هەیە لە هەر ئان و ساتێکدا لەبیرم بکات، ئیدی خۆشی نەوێم و وازم لێ بهێنێ.>> ئەو مرۆڤێکی ئاوهایە. هەموو کەسێك دەتوانێ ئاڕاستەی بکات و بەو ڕێیەی دا ببات کە خۆی پێی خۆشە. ئەی ئەوسا من چیم بەسەر دێ؟ من دەمرم... مردن چ بایەخێکی هەیە. هەنووکەش ئامادەی مردنم. ناتوانم بژیم بێ ئەو! ئەمە لە مردن خراپترە، لە هەموو ئەشکەنجەیەك خراپترە! ئاە! ڤانیا، ڤانیا! جیا لەمەش، پشتکردنە دایك و باوکم لەبەر خاتری ئەو، کارێکی ئەوەندە ئاسان و بێ بایەخ نییە. وانەی ئەخلاقم پێ مەڵێرەوە. بڕیاری خۆمم داوە. ئەو دەبێت لە هەموو کات و ساتێکدا لە تەك من بێ. حەز ناکەم بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو. دەشزانم کە بەم کارەم هەم خۆم و هەم کەسانێکی دیکەش دەفەوتێنم...

پاشان دایە پرمەی گریان و سەرتاپای کەوتە لەرزین. بە هاوارەوە گوتی: ((ئاە! ڤانیا، ئەی ئەگەر هەر بەڕاستی خۆشی نەوێم؟ ئەی ئەگەر ئەو قسانەی کە چەند ساتێك لەمەوبەر کردتن ڕاست دەربچن (من لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکم نەکردبوو)، ئەی ئەگەر خیانەت لە من بکات و بە ڕواڵەت وای بنوێنێ کە سەرڕاست و ڕاستگۆیە، ئەی گەر لە ناخدا مرۆڤێکی بەدگەوهەر و خۆویست بێت؟ ئێستاکە، هەر لەم ساتەی کە من لە بەرانبەر تۆدا خەریکی بەرگری لێ کردنیم، دەشێ ئەو لە تەك کچێکی دیکەوە لە دڵا بە من پێبکەنێ و من، منی سووك و بێ ئاوڕوویش، پشتم لە هەموو شتێك و هەموو کەسێك کردووە و لەم کۆڵانانە بەدوایدا وێڵم... ئاە، ڤانیا.))

ناڵەیەکی ئەوەندە پڕ ئازاری لە سنگەوە هاتە دەر کە بۆ ساتێك لە ناو ڕاچەنیندا دڵم وەستا. زانیم کە ناتاشا بە تەواوی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داوە. ئەو تەنیا بە بۆنەی ئیرەییەکی کوێرانە و شێتانەوە ناچار بووبوو وەها بڕیارێك بدات. ئیرەیی لە منیشدا بزوابوو و سەراپامی دەسووتاند. لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا، هەستێکی بێ شەرمانە جڵەومی لەدەست ڕفاند و گوتم:

- ناتاشا، بابەتێك هەیە كە سەری لێ دەرناكەم: چۆن دەتوانیت دوای ئەو قسانەی كە چەند ساتێك پێشتر لەبارەی ئەوەوە بۆ منت كردن، هێشتا هەر خۆشەویستیت بۆی هەبێت؟ تۆ خۆشت ناوێت، تەنانەت باوەڕ بە عەشقی ئەویش ناكەیت، كەچی وێڕای ئەوەش خۆت دەكەیتە قوربانی و بەم كارەشت ئێمە دەفەوتێنیت. ئەم كارە مانای چییە؟ ئەو تەمەنت پڕ لە ئازار دەكات و تۆیش ژیانی ئەو تاڵ دەكەیت. لە ڕاستیدا تۆ زیاد لە ڕادە ئەوت خۆش دەوێ، ناتاشا، زیاد لە پێویست خۆشت دەوێت. سەرم لەم جۆرە عەشقە دەرناچێت.

ناتاشا وەك ئەوەی كە بەدەست ئازارێكی توندی جەستەییەوە بتلێتەوە، ڕەنگی پەڕی و گوتی: ((ڕاستە، ئەوم زیاد لە ڕادە خۆش دەوێ. هەرگیز تۆم بەم جۆرە خۆش نەویستووە، ڤانیا. باش ئەوەش دەزانم كە ئەقڵم لەدەست داوە و ئەوم بە شێوەیەكی شیاو خۆش ناوێت.... بڕوانە ڤانیا: تۆ پێشتریش دەتزانی، تەنانەت لەو سەردەمە پڕ لە خۆشی و شادمانییەی ڕابردووشماندا دەتزانی، دەتزانی كە هەستێكی دەروونی بە من دەڵێت ئەم پەیوەندییە بێ لە ئازار و مەینەتی هیچ شتێكی دی بۆ من ناهێنێت. بەس چی بكەم گەر ئەو مەینەتی و ئازارانەش كە بە بۆنەی ئەوەوە تووشیان دێم،بۆ من جۆرێك بن لە خۆشبەختی؟ ئایا ئەوم لەبەر شادی و خۆشگوزەرانی دەوێ؟ ئایا لە پێشدا نازانم گەر لەگەڵ ئەو ژیان بەسەربەرم تووشی چ ناڕەحەتییەك دێم، نازانم چ مەینەتییەكم بۆ ساز دەكات؟ دەزانیت، سوێندی خواردووە خۆشمی بوێ، بە هەموو شێوەیەك بەڵێنی بە من داوە، وەلێ من بە هیچ شێوەیەك بڕوام بە بەڵێنەكانی نییە، متمانەم پێیان نییە و هەرگیزیش متانەم پێیان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانم كە درۆم لەگەڵ ناكات، ناشتوانێ درۆ بكات. ئاخر بەخۆم پێم گوتووە كە بە هیچ شێوەیەك حەز ناكەم لە ڕووی ناچارییەوە پێبەندی من بێت. وا باشە بەم جۆرە ڕەفتاری لەگەڵ بكەم: هیچ كەسێ پێی خۆش نییە پێبەندی كەسێكی دی بێت، من بەخۆم ئەوەڵێن كەسم. وێڕای ئەوەش من بوونە بەندەی ئەوم بەلاوە خۆشبەختییە، بە ویست و ئارەزووی خۆم دەبمە بەندەی و ئامادەشم بەرگەی هەموو ئەو مەینەتیانە بگرم كە لەلایەن ئەوەوە تووشم دێن، تەنیا بەو مەرجەی كە ئەو لەلای من بێ، تەنیا بەو مەرجەی كە ئەو بۆ خۆم گل بدەمەوە! تەنانەت بۆی هەیە لە هەمان كاتدا كەسێكی دیكەی خۆشبوێ، كێشە نییە، هەر ئەوەندە بەسە كە من لەلای ئەو بم و ئەویش لەلای من بێت... ئایا ئەمە سووك و چرووكی نییە، ڤانیا؟))

لە كاتی دەربڕینی ئەم قسانەدا، لە پڕ نیگا بلێسەدارەكەی لە من بڕی. بۆ ساتێك وام گومان برد كە خەریكی وڕێنە كردنە. پاشان درێژەی بە گوتەكانی دا:

- سووكییە گەر مرۆڤ ئارەزوویكی لەو جۆرەی هەبێت و بكەوێتە هەلومەرجێكی ئاوهاوە، ئەرێ؟ قەیدی چییە؟ بەخۆم دەڵێم سووكییە و تەنانەت گەر پشتیشم تێبكات و لێم هەڵبێ، ئەوا تا ئەوپەڕی دونیا شوێنی دەكەوم. باشە، ئێستاكە تۆ هانم دەدەیت بگەڕێمەوە، بەس ئەنجامەكەی چی دەبێت؟ دەگەڕێمەوە، بەس دیسان سبەینێ ڕادەكەمەوە بۆ لای، ئەو فەرمانم پێ دەكات و منیش ملكەچی دەبم. گەر تێشم هەڵبدا، گەر وەك سەگێك

هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکات، دیسان هەر دوای دەکەومەوە... مەینەتی؟ من باکم لە هیچ یەك لەو مەینەتیانە نییە کە بەهۆی ئەوەوە تووشیان دێم. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانم ‹‹لەبەر ئەو ›› مەینەتی دەکێشم... ئاە، بەس خۆ تۆ ئەم قسانە بۆ هیچ کەسێك ناگێڕیتەوە، ڤانیا؟ وانییە؟

لە دڵدا گوتم: ئەی دایك و باوکت چی؟ پێدەچێ ئیدی ئەوانت بەلاوە گرنگ نەبن.

- وەك من بیستبێتم لەگەڵ تۆ زەماوەند ناکات، ناتاشا، وا نییە؟

- وەلێ بەڵێنی بە من داوە. بەڵێنی هەموو شتێکی بە من داوە. هەر لەبەر ئەوەش ئێستە بانگی کردووم هەتا سبەی بە نهێنی، لە لادێیەکی دوورەدەستدا زەماوەند بکەین، وەلێ ئەو بەخۆشی نازانێ خەریکی چییە، یان لە داهاتوو دەبێتە چ جۆرە مێردێك؟ لە ڕاستیدا زۆر سەیرە. گەر زەماوەندیش بکات بەدبەخت دەبێت، دەست بە سەرکۆنەکردنی من دەکات... هەرگیز حەز ناکەم سەرکۆنەم بکات. هەموو شتێکی لە ڕێدا بەخت دەکەم و لە بەرانبەریشدا چاوەڕێی هیچ شتێکی لێ ناکەم. مادام پێی وایە گەر من ببمە هاوسەری خۆشبەخت دەبێت، کەواتە بۆچی بەدبەختی بکەم؟

- وەلێ ناتاشا، هەموو ئەمانە لە خەون و خەیاڵێك بەولاوە هیچی دیکە نین. باشە، ئێستە دەتەوێ بچیت بۆ لای یەکسەر؟

نا، بەڵێنی بە من داوە بێتە ئێرانە و من لەگەڵ خۆیدا ببا، ئاوها ڕێککەوتووین.

سەیرێکی پڕکێشانەی دوورەدەستی کرد، وەلێ هیچ کەسێك دیار نەبوو.

من بە تووڕەییەوە هاوارم کرد: ((وەلێ ئەو هێشتا نەهاتووە، تەنیا تۆ لێرەیت.))

پێدەچوو ناتاشا بەهۆی ئەم قسە ڕقاوی و سەرکۆنەکەرانەی منەوە ئازار بکێشێ و لە ناڕەحەتیاندا ڕووخساری گرژ کرد.

بە خەندەیەکی کورتی تاڵەوە هاتە وەڵام: ((لەوانەشە هەرگیز نەیێت. پێرێ لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم گەر بەڵێنی هاتنی پێ نەدەم، ئەو ناچار دەبێت کە لە هەموو ئەو قسانەی لەبارەی هاتن بۆ ئێرە و بەڵێنی زەماوەندەوە کردوونی پاشگەز ببێتەوە، ئیدی ئەوسا باوکی، ئەو دەبات بۆ ماڵی دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەی. ئەو هێندە بە سادەیی و ئاسانییەوە ئەم قسانەی لە نامەکەیدا نووسیبوون، کە وەك بڵێی هیچ بابەتێکی گرنگ لە ئارادا نەبێت... وەلێ گەر بۆ هەمیشە ببێتە هی ‹‹ئەو›› ئەوسا چی دەبێ، ڤانیا؟))

وەڵامم نەدایەوە. بە توندی دەستمی گوشی و چاوەکانی کەوتنە درەوشانەوە. پاشان بە دەنگێکی کەم تا زۆر هەست پێنەکراوەوە گوتی:

- چووه بۆ لای ‹‹ئەو››. خوا خوای بووه من نەبیێم هەتا بچێ بۆ لای دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەی و دواتریش پێم بڵێ خۆ پێشتر لەوەی ئاگادار کردوومەتەوە کە گەر نەبیێم چی دەکا، بەم پێیە ئەو لەسەر هەقە. ئەو لەدەست من ماندووە و وازم لێ دەهێنێت... ئاە! خوایە گیان! من شێتم! بەس دواهەمین جار بە منی گوت لێم وەڕزە... کەواتە من چاوەڕێی چیم؟

لەناکاو سەرم هەڵبڕی و بینیم وا لە دوورەوە کوڕێکی لاو بەرەو ڕوومان دێ. بە هاوارەوە گوتم: وا هات!

ناتاشا ڕاچەنی، هاواری دەکرد و لە ئالیۆشای دەڕوانی کە خەریك بوو نزیك دەکەوتەوە، پاشان لە پڕ دەستمی بەردا و بە ڕاکردن بە پیر ئالیۆشاوە چوو. ئالیۆشاش هەنگاوەکانی خێراتر کردن و بۆ خولەکێك دواتر ناتاشای لە باوەشدا بوو. لە ئێمە زیاتر کەس لە کۆڵانەکەدا نەبوو. دەستیان بە دەم و چاوی یەکتریدا دەهێنا، پێدەکەنین، ناتاشا هاوکات هەم دەگریا و هەم پێدەکەنی، دەتگوت جیاییەکی نەبڕاوە کەوتووەتە نێوانیان و لە پڕ دیسان پێك گەیشتوونەتەوە. گۆنا ڕەنگ پەڕیوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، بە ڕوونی ئەوەی پێوە دیار بوو کە تەواو گۆڕاوە...

ئالیۆشا چاوی بە من کەوت و دەمودەست بەرەو لام هات.

## ٩

گەرچی پێشتریش چەند جارێك ئەوم بینی بوو، بەس لەم ساتەدا بە سەرنجەوە لێی ورد دەبوومەوە. لە چاوەکانی ڕامابووم و وا دەردەکەوت کە چاوانی توانای ڕەواندنەوەی هەموو گومان و دوودڵییەکانی منیان هەیە، هەروەها ئەوەشم پێشان بدەن کە ئەم کوریژگەیە چۆن توانیویەتی بەم چەشنە ناتاشا گیرۆدەی خۆی بکات، عەشقێکی ئەوەندە شێتانەی بخاتە دڵەوە کە ببێتە هۆی ئەوەی یەکەمین ئەرکی خۆی پشتگوێ بخات و هەموو ئەو شتانەشی لە پێناودا بەخت بکات کە تا ئەو ساتە لەلای پیرۆز بوون. ئالیۆشا هەردوو دەستمی گرت، بە توندی گوشینی و نیگای هێمن و نیانی هەتا ناخی دڵم کاریگەریی لەسەر دانام.

هەستم کرد تەنیا لەبەر ئەوە بە هەڵە داوەریم لەبارەیەوە کردووە کە نەیار و هاوچاومە. نا، خۆشم نەدەویست و دەبێ دانیشی پێدا بنێم کە لەنێو هەموو ئەو کەسانەی کە ئەویان دەناسی، من تەنیا کەسم کە هەرگیز خۆشم نەویستووە. کەیفم بە زۆرێك لە سیفەتەکانی نەدەهات، تەنانەت بە جلە شیکەکانیشی، زیاتریش لەبەر ئەوەی کە زۆر شیك و جوان دووراو بوون. پاشان دەرکم بەوە کرد کە لەم بارەیەشەوە بێلایەنانە داوەریم نەکردووە. بالا بەرز و قەڵافەت جوان بوو، ڕووخسارە شێوە هێلکەییەکەی هەمیشە ڕەنگی پەڕی بوو، قژی ئاڵتوونی بوو، چاوەکانیشی گەورە و شین، کە نیگایەکی هێمن و تێفکرانەیان هەبوو جار جارێك لە پڕ بریقەیەکی شادمانانەی منداڵانە و بێمەرامانەیان تێدا دەدرەوشایەوە. لێوە ناسکەکانی ڕەنگێکی سووری کاڵیان هەبوو و لە شێوەی خونچەیەکدا وێك هاتبوونەوە. هەر بەم بۆنەیەوە ئەو بزەیەی کە کتوپڕ دەکەوتە سەر لێوەکانی ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو، جددی، سادەدڵانە و بێمەراییانە بوو کە مرۆڤی ناچار دەکرد گەر لە هەر هەلومەرجێکیشدا بێت، ئەوا بە هەمان شێوەی ئەو بە هەمان بزەوە وەڵامی بداتەوە. لە پۆشینی جلوبەرگدا ئەوەندە ڕاڕا نەبوو، بەس هەمیشە بە جلی شیاو و ڕازاوەوە دەردەکەوت و دیاریش بوو کە ئەم شیکپۆشییەی ئەوەندە بەلاوە گرنگ نییە و زۆریش خۆی پێوە ماندوو ناکا، بەڵکە ئەم سەلیقەی جل پۆشینە لە ئەودا شتێکی خودییە. هەڵبەتە ئەم ڕاستیەش لە ئارادایە کە ئەو هەندێ ڕەفتاری ناجۆریشی هەبوو، هەندێ خووی جێگەی داخ: هەرزەیی، خۆویستی، ڕووداریيەکی خاکەڕایانە. بەس ئەوەندە سادە و بێ مەرام بوو، کە خۆی بەر لە هەموو کەسێك ئاماژەی بە هەڵە و خووە خراپەکانی خۆی دەکرد و بە پێکەنینەوە دانی پێدادەنان. گومانم لەوە نییە کە ئەم منداڵە تەنانەت گەر بۆ گاڵتەیش بێ ناتوانێت درۆ لەگەڵ کەسدا بکات و گەر درۆشی بکردبا ئەوا هەر بەڕاستی پێی وانەبوو کارێکی خراپی کردووە. تەنانەت خۆویستیەکەشی سەرنجڕاکێش بوو، لەوانەیە هۆکاری ئەمەش ڕاستگۆیی و قسە لەڕووییەکەی بووبێ. ئەو هیچ شتێکی شاراوەی

نەبوو. لاواز، زووباوەڕ و کەمڕوو بوو، خۆی هیچ ئیرادەیەکی نەبوو. سووکایەتی کردن و فریودانی ئەو، لە ڕووی ئاسانی و نابەجێییەوە وەك سووکایەتی پێکردن و فریودانی منداڵێك وەها بوو. لەچاو تەمەنیدا زۆر منداڵ دەردەکەوت و کەم تا زۆر هیچ شتێکی لەبارەی ژیانی ڕاستەقینەوە نەدەزانی، پێدەچوو هەتا تەمەنی چل ساڵیش فێری هیچ شتێك نەبێت. ئەم جۆرە مرۆڤانە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەوە مەحکومن کە تاهەتا لە دۆخی منداڵیدا بمێننەوە. پێم وایە هیچ کەسێك نەیدەتوانی خۆشی نەوێ، بە وێنەی منداڵێك خۆشەویست و لەبەردڵان بوو. ناتاشا ڕاستی دەکرد: گەر بکەوتبا ژێر گوشار و زۆرلێکردنێکی توند ئەوا بۆی هەبوو تووشی کردەوەیەکی دزێو ببێ، بەس دوای ئەوەی کە دەرکی بە حەقیقەتەکە دەکرد، لە شەرم و پەشیمانیاندا ئامادەی مردن بوو. ناتاشا بە شێوەیەکی ناخودئاگا هەستی بەوە دەکرد کە دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێ، دەتوانێت هەروەك قوربانییەك ئەو بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە. ئەو خۆی لە پێشدا لەزەتی لە ئەشکە نجەدان و خۆشویستنێکی شێتانەی کەسی بەرانبەر وەردەگرت، هەر لەبەر ئەمەش ئەو پەلەی بوو کە وەك یەکەمین کەس هەرچی زووتر لە پێناو ئەودا ببێتە قوربانی. بەس گڕی عەشق لە چاوانی کوڕەی لاویشدا بڵێسەی دەهات، ئەویش بە تاسە و تامەزرۆییەوە چاوی لە ناتاشا دەبڕی. ناتاشا سەیرێکی سەرکەوتووانەی کردم. لەو ساتەدا هەموو شتێکی لەبیر کردبوو: دایك و باوکی، وازهێنان و بەدگومانییەکانی... ئێستە خۆشبەخت بوو. بە هاوارەوە بە منی گوت:

- ڤانیا، من لە بەرانبەر ئەودا گوناحبارم و پێشم خۆش نییە بەم جۆرە بم. گومانم وابوو کە تۆ نایێیت، ئالیۆشا. گوێ بەم فکرەم مەدە و لەدڵی مەگرە.

پاشان لە بارێکدا کە بە عەشقێکی بێکۆتاوە لە کوڕەی لاوی دەڕوانی ئەمەشی بۆ زیاد کرد: ((قەرەبووی دەکەمەوە!)) ئالیۆشا بزەیەك نیشتە سەر لێوی، دەستی ئەوی ماچ کرد و بێ ئەوەی بەری بدات، ڕووی کردە من و گوتی:

- من بە خەمسارد و گوێنەدەر مەزانە. دەمێکە ئارەزوومە وەك برایەك باوەشت پێدابکەم، ناتاشا لەبارەی تۆوە قسەی زۆری بۆ کردووم! تا ئێستە وەك پێویست یەکدیمان نەناسیوە و باش لە یەکدی تێنەگەیشتووین. لەمەودوا دەبینە هاوڕێی یەکدی و...

لە بارێکدا کە کەمێك سوور هەڵگەڕا و بە بزەیەکی شیرینەوە کە من نەمتوانی لە ناخی دڵەوە وەڵامی نەدەمەوە، بۆی زیاد کرد: (( داوای لێبوردن دەکەم.))

ناتاشا بۆ پاڵپشتی کردنی قسەکانی ئەو، گوتی: ((بەڵێ، بەڵێ،ئالیۆشا، ئەو یەکێکە لە ئێمە، ئەو برامانە، هەر ئێستاش لێمان خۆشبووە و بەبێ ئەو ناتوانین خۆشبەخت بین. من پێشتر بە تۆم گوت... ئاە! ئێمە کەسانێکی دڵڕەقین، ئالیۆشا! بەس هەرسێکمان پێکەوە دەژین...)) لێوەکانی کەوتنە لەرزین و درێژەی بە قسەکانی دا: ((ڤانیا، ئێستە تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ لای ‹‹ئەوان››، بۆ ماڵمان، تۆ ئەوەندە خەمخۆر و دڵپاکیت کە تەنانەت گەر

ئێمەیش نەبەخشن، وەختێك كە دەبینن تۆ ئێمەت بەخشیوە، ئەوا لەوانەیە كەمێك نەرمتر بن. هەموو شتێكیان بۆ باس بكە، هەموو شتێك، بەو قسانەی كە لە ناخی دڵتەوە دەیانكەیت، بەدوای وشەی گونجاودا بگەڕێ... بەرگری لە من بكە، نەجاتم بدە. باسی هەموو هۆكارەكانی منیان بۆ بكە، هەموو ئەو شتانەی كە دەركت پێكردوون. دەزانیت ڤانیا، گەر ئەمڕۆ تۆ نەهاتبوویایت بۆ ماڵمان و لەگەڵ مندا نەبوویایت، بۆی هەبوو من ئەم ‹‹بڕیار››ە نەدەم. ئەوە تۆ بوویت كە نەجاتت دام، دەمودەست ئەو ئومێدەم لا دروست بوو كە تۆ دەزانیت بە چ شێوەیەك بابەتەكە بۆ ئەوان شی دەكەیتەوە، یان لایەنی كەم دەتوانیت ئەو شۆكەیان لەسەر سووك بكەیت كە تووشی دێن. ئاە! خوایە گیان، خوایە گیان!...ڤانیا لەلایەن منەوە پێیان بڵێ كە دەزانم هەنووكە بەخشینی من بۆ ئەوان كارێكی دژوارە، تەنانەت گەر دواتریش بمبەخشن، ئەوا خودا هەر نامبەخشێ. بەس تەنانەت گەر حاشیشم لێ بكەن، ئەوا من هەر حورمەتیان دەگرم و بە هەموو تەمەنم دوعایان بۆ دەكەم. تەواوی بوونی من بۆ لای ئەوانە. ئاە! بۆچی ناكرێت ئێمە لەگەڵ یەكدی بژین و لە هەمان كاتیشدا خۆشبەخت بین، بۆچی؟...)) لە پڕ وەك ئەوەی هاتبێتەوە سەرخۆی و لە بارێكدا كە سەراپای لە ترساندا دەلەرزی، بە دەستەكانی ڕووخساریی داپۆشی و بە هاوارەوە گوتی: ((ئەی خوایە! بۆ مەگەر من چیم كردووە!...)) ئالیۆشا باوەشی پێداكرد و بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بكات ئەوی بە سنگیەوە گوشی. چەند ساتێك بە دەم بێدەنگییەوە ڕابورد.

من بە نیگایەكی لۆمەكەرانە لە كوڕەی لاو ڕامام و گوتم: ((ئێوە چۆن توانیتان داوای فیداكارییەكی لەم شێوەیەی لێ بكەن؟))

- من بە تاوانبار مەزانن. دڵنیاتان دەكەمە كە هەموو ئەم ناڕەحەتیانە، گەرچی بەرگەگرتنیشیان دژوار بێت، لە ماوەیەكی كەمدا دواییان دێت. هیچ گومانێكم لەوە نییە. هەر ئەوەندە بەسە كە بە بڕوایەكی پتەوەوە ئەم ساتانە تێبپەڕێنین، ناتاشایش هەر ئەم قسەیەی بۆ كردووم. دەزانین: هۆكاری هەموو ئەم كەسەرانە، ئەم دەمەقاڵێ بێ بنەمایانە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەم دادگاییە، تەنیا بنەماڵە پەرستییە! بەس... ( باوەڕت هەبێت كە ماوەیەكی زۆر بیرم لەم بابەتە كردووەتەوە) دەبێت هەموو ئەمانە دواییان پێ بێت. جارێكی دی هەموومان لە دەوری یەكدی كۆ دەبینەوە و گشتمان بە تەواوی خۆشبەخت دەبین. دایك و باوكانمان كە ئێمە پێكەوە دەبینن، ئەوسا ئەوانیش لەگەڵ یەكدی پێكدێنەوە. كێ چوزانێ، لەوانەیە زەماوەندەكەی ئێمە ڕێگە بۆ ئەم پێكهاتنەوەیە خۆش بكات، دڵنیام كە هەر واش دەبێت، ئەی ئێوە چۆنی بۆ دەچن؟

سەیرێكی ناتاشام كرد و گوتم: ((ئێوە قسە لەسەر زەماوەند دەكەن، باشە ئەم زەماوەندە كەینێ ئەنجام دەدرێت؟))

- سبەی، یان دووسبەی، بە دڵنیاییەوە ئەوپەڕی تا دووسبەی دەخایەنێ. دەزانن هێشتا یەكلایی نیم، ڕاستییەكەی ئەوەیە كە هێشتا هیچ بڕیارێكم نەداوە. پێم وانەبوو ناتاشا ئەمڕۆ بێت بۆ ژوان. جگە لەمەش، ئەمڕۆ باوكم لەسەر

ئەوە سوور بوو کە بمبات بۆ ماڵی دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەم (بێگومان ئاگات لەوە هەیە کە کچێکیان بۆ من دیاری کردووە تا هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەم: ناتاشا ئەم بابەتەی بە ئێوە گوتووە، ئەرێ؟ بەس من نایێمە ژێر باری وەها هاوسەرگیرییەکەوە). بێ لەوەش هێشتا نەمتوانیوە بە شێوەیەکی باش خۆم ئامادە بکەم. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئێمە دووسبەی زەماوەند دەکەین. یان لایەنی کەم من وام داناوە، چونکە هەر دەبێت بەم شێوەیە بێت. هەر ئەم بەیانییە لە شەقامی *پسکۆف*ەوە بەرێ دەکەوین. هاوڕێیەکی سەردەمی ئامادەییم هەیە کە کوڕێکی ئێجگار باشە و ماڵی لە لادێیەکی نزیک دایە. لەوانەیە ئێوە بەو بناسێنم. لە لادێکەیدا قەشەیەك هەیە، وێڕای ئەوەش نازانم کە داخۆ ئەو لادێیە قەشەی تێدایە یان نا، دەبوو پێشەکی زانیارییەکم لەم بارەیەوە وەربگرتبا، بەس من بۆم نەڕەخسا... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تەواوی ئەم شتانە گرفتی بێ بایەخ و لاوەکین، بەتایبەت بۆ دوو کەس کە بڕیاری خۆیان دابێت و لەسەر زەماوەندکردن سوور بن. دەتوانین بانگهێشتی قەشەی لادێکەی تەنیشت بکەین، بۆچوونی ئێوە چییە؟ چونکە لەو دەوروبەرانەدا لادێی دیکەشی لێیە. تەنیا بابەتی جێگەی داخ ئەوەیە کە تا ئێستە بۆم نەلواوە نامەیەك بۆ هاوڕێکەم بنووسم، دەبێت ئاگاداری بکەمەوە. لەوانەیە هەنووکە هاوڕێکەم لەوێ نەبێت... بەس ئەمەش بایەخێکی ئەوتۆی نییە. کاتێك مرۆڤ بڕیاری ئەنجامدانی کاری خێر دەدات، هەموو شتێك ڕێك دەکەوێ، وانییە؟ تا سبەی، یان لەوانەیە دووسبەی، ناتاشا لە ماڵی مندا دەمێنێتەوە. ئەپارتمانێکی سەربەخۆم بەکرێ گرتووە کە دوای زەماوەند و گەڕانەوەمان لەوێ دەژین. من ئیدی نابێت لە ماڵی باوکم ژیان بەسەر ببەم، ئەی وانییە؟ ئێوە دێن بۆ لامان، ئەپارتمانێکم زۆر بە باشی ڕازاندووەتەوە.هاوڕێیانی ئامادەییشم دێنە لامان، ئەوەندە شەونشینی ڕێکدەخەین کە نەبێتەوە...

من بە دوودڵی و پەرێشانییەوە چاوم لێی بڕی. ناتاشا بە نیگا تکای لێ دەکردم کە سەختگرانە داوەریی لەبارەوە نەکەم و لەخۆبردوو بم.بە بزەیەکی غەمگینانەوە گوێی لە قسەکانی ئەو دەگرت و هاوکاتیش پێدەچوو، وەك چۆن کەسێك حەز بە گوێرتن لە قسەی شیرین و خۆشی منداڵێکی جوانکیلە بکا کە هاوکات هیچ مانایەکیان نییە و هەمووی قسەی بێ ناوەڕۆکن،ناتاشایش بە هەمان جۆر قسەکانی ئەوی بەلاوە شیرین بن و حەز بکات گوێیان لێ بگرێت. من بە نیگایەکی لۆمەکەرانەوە ئالیۆشام هەڵدەسەنگاند. بەرە بەرە ئیدی خەریك بوو هەراسان دەبووم و خۆم پێ ڕانەدەگیرا. لەوم پرسی:

- وەلێ باوکتان چی؟ ئایا بە تەواوی لەوە دڵنیایت کە لێتان دەبووری؟

- بێگومان، ئەی بێ لەمە چ کارێکی دیی لەدەست دێت؟ یانی بە دڵنیاییەوە سەرەتا لێم لووتەلا دەبێت، لەم بابەتە دڵنیام. ئەو مرۆڤێکی ئاوهایە، لەگەڵ منیشدا زۆر جددی و سەختگرە. لەوانەیە لێم قەڵس ببێ و کۆسپم بۆ ساز بکات: بە کورتییەکەی تەواوی دەسەڵاتە باوکانەکەی دەخاتە گەڕ... بەس ئەم کارانە هیچ کامیان جددی نابن.

خۆشەویستییەکی شێتانەی بۆ من هەیە، سەرەتا هەڵدەچێ، وەلێ دواجار لێم دەبووری. ئیدی ئەوسا دەست دەنێینە نێو دەستی یەکدی و پێکدێینەوە و خۆشبەخت دەبین، باوکی ناتاشایش هەر هەمان ڕەفتاری دەبێت.

- بەس ئەی ئەگەر باوکتان نەتانی بەخشی؟ بیرت لەم گرفتە کردووەتەوە؟

- بێگومان دەمبەخشێ، بەس لەوانەیە کەمێك درەنگتر و ماوەیەکی بەسەردا بچێت. پێی نیشان دەدەم کە منیش خاوەنی کەسێتی و هێزی ویستم. هەمیشە لەبەر ئەوەی کە سووکەسەرم و خاوەن بیروڕایەکی نەگۆڕ نیم، دەمەقاڵێم لەگەڵ دەکات. ئێستە بە چاوی خۆی دەیبینێ کە ئایا من سووکەسەرم یان نا... خۆ پێکهێنانی خێزان و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی فشە نییە، ئەوسا ئیدی من کوڕێژگەکەی جاران نابم... یانی... مەبەستم ئەوەیە کە منیش دەبمە یەکێك لەوانی دی، یان لە ڕاستیدا وەك ئەو کەسانەم لێ دێت کە خاوەن ماڵ و خێزانن. ئیش دەکەم و خەرجیی ژیانمان دەردەهێنم. ناتاشا دەڵێت ئەمە زۆر لەوە باشترە کە مرۆڤ ببێتە سەرباری کەسانی دی، یانی هەمان ئەو دۆخەی کە ئێستە ئێمەی تێدایانە. گەر بزانن چ قسەگەلێکی باش و بەنرخی بۆ من کردووە! من هیچ کات لەم جۆرە فکرانەم بە مێشکدا نایێن، من بەم فکرانە گۆش نەکراوم، منیان بەم شێوەیە پەروەردە نەکردووە. ئەوە ڕاستە کە من کەسێکی سووکەسەرم و بە کەڵکی هیچ ئیشێك نایێم، بەس دەزانن، دوێنێ فکرێکی نایابم بە مێشکدا هات. هەر ئێستە بە ئێوەی ڕادەگەیەنم، گەرچی لەوانەیە ئێستە کاتی ئەوە نەبێ، بەس پێویستە ناتاشایش ببیستێ و ئێوەیش ڕێنماییم بکەن. بابەتەکە ئەمەیە: دەمەوێ کورتە چیرۆك بنووسم و هەروەك ئێوە بە گۆڤارەکانی بفرۆشم. ئێوە من بە ڕۆژنامەنووسەکان دەناسێنن، وانییە؟ پشتم بە ئێوە بەستووە، دوێنێ شەو هەر ئاوها و بۆ تاقیکردنەوە، لە زەینی خۆمدا چیرۆکێکم داڕشت. لەوانەیە چیرۆکێکی باش و خۆشی لێ دەربچێت. ئیلهامی ناوەڕۆکەکەییم لە نمایشنامەیەکی پێکەنیناوییەوە کە بەرهەمی *ئەسکریب* ـە، وەرگرتووە... بەس دواتر باسی ئەوەتان بۆ دەکەم! گرنگ ئەوەیە کە لێمی بکڕن... ئێوە پارەیەکی باش بۆ نووسینەکانتان وەردەگرن، ئەری؟

نەمتوانی بەر بە پێکەنینم بگرم.

ئەویش لەلایەن خۆیەوە زەردەخە گرتی و گوتی: ((پێکەنینتان بە قسەکانم دێت.)) پاشان بە ساویلکەییەکی ئەقڵ نەبڕەوە گوتی: ((نا، گوێبگرن، من بەو جۆرەیش ناشی نیم کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، بۆچی تاقیی نەکەینەوە؟ لەوانەیە بە ئە نجامێك بگەین... جیا لەمەیش، بێگومان ئێوە لەسەر هەقن، من شتێکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی ڕاستەقینە نازانم، ناتاشایش هەر وام پێ دەڵێ، ئەوجا هەمووان هەر وام پێ دەڵێن، گەر وابێ داخۆ من دەبێ چ نووسەرێکم لێ دەربچێت؟ پێبکەنن، پێبکەنن، ڕێنماییم بکەن، گەر لەبەر خاتری ناتاشایش بێت ئێوە یارمەتیم دەدەن، چونکە خۆشتان دەوێت. ئێستە ڕاستییەکەی بە ئێوە دەڵێم: من شیاوی ئەو نیم، هەست بەمە دەکەم، ئەم بابەتە زۆر ئازارم دەدات و سەر لەوە دەرناکەم کە ئەو لە پای چی بەم ڕادەیە منی خۆشدەوێت. ئەوە دەزانم کە ئامادەم گیانمی لە پێناودا بەخت بکەم! هەر بەڕاست، هەتا ئەم ساتەش ترسم لە هیچ شتێك نەبوو وەلێ

ئێستە دەترسم: ئەی خودایە، ئێمە دەمانەوێ چی بەسەر خۆماندا بهێنین. یانی کارێکی ئاقڵانەیە کە پیاو بەرپرسیارییەتیی ئەرکێك لە ئەستۆ بنێ کە هێز و توانای ئەنجامدانیی نەبێت؟ ئێوە ئەی هاوڕێکەمان، لایەنی کەم، یارمەتیمان بدەن. ئێوە تەنیا هاوڕێن کە ئێمە شکی ببەین. من بە تەنیا دەرەقەتی هیچ کارێك نایێم، بمبەخشن کە ئەمەندە پشتتان پێ دەبەستم، من ئێوە بە مرۆڤێکی ئێجگار شەریف دەزانم، زۆر لە من باشترن. بەس دڵنیابن کە گۆڕانکاری لە خۆمدا دەکەم و دەبمە شایەنی هەردووکتان.))

دوای ئەم قسانە، دیسان دەستمی گوشی و لە چاوانیدا هەستێکی باش و جوامێرانە پەیدا بوو. بەوپەڕی متمانەوە دەستی دەخستە نێو دەستم و بڕوای وابوو کە ئیدی من نزیکترین هاوڕێی ئەوم.

لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ((ناتاشا یارمەتیی من دەدات هەتا چاکسازی لەخۆمدا بکەم. ئەوجا، بۆچوونێکی خراپتان لەبارەی ئێمەوە نەبێت و ئەوەندەش بێتاقەت مەبن. من سەرەڕای هەموو کێشەکان، ئومێدێکی زۆرم هەیە و لە هەموو کێشەیەکی ماددییش نەجاتمان دەبێت. هەر بۆ نموونە گەر چیرۆکەکەم سەرکەوتوو نەبێت (لە ڕاستیدا ئێستاکە پێم وایە کە نووسینی ئەم چیرۆکە لە ئیشێکی گەمژانە بەولاوە هیچی دیکە نییە و تەنیا لەبەر ئەوەش قسەم لەبارەیەوە کرد هەتا بۆچوونی ئێوە بزانم)، گەر چیرۆکەکەم سەرکەتوو نەبوو ئەوا دەتوانم وانەی مۆسیقا بڵێمەوە. ئێوە نەتانزانیوە کە من شارەزاییم لە ژەنیندا هەیە؟ شەرمم پێ نایێ کە لەم ڕێگەیەوە خەرجیی ژیانم دابین بکەم، لەم بارەیەوە فکرەی زۆر جیاوازم هەیە. جیا لەمانەیش، کەلوپەلی ڕازاندنەوەی بەنرخ و کەرەستەی جوانکاریی زۆرم هەیە، ئێستاکە هیچ سودێکیان بۆ من نییە. هەموو ئەوانە دەفرۆشم و دەتوانین بە پارەکانیان تا ماوەیەکی زۆر بێ خەم بژین. سەرەنجام گەر بشکەوینە نالەبارترین دۆخەوە، ئەوا ئەوسا دەتوانم لە فەرمانگەیەك دابمەزرێم. لەم بارەیەوە باوکم خۆشحاڵیش دەبێت، هەمیشە سوورە لەسەر ئەوەی کە لە فەرمانگەیەکدا ئیشێك بۆ خۆم پەیدا بکەم و منیش بەردەوام بیانوو دەهێنمەوە و بۆ خۆدزینەوە دەڵێم من بەکەڵکی ئەم کارە نایێم. (جا لەم ڕۆژانە لە جێیەکدا خۆم ناو نوس کرد.) بەس وەختێ کە باوکم سەیر دەکا هاوسەرگیری منی کردووە بە پیاو، ئاقڵتر بوومە و بە جددی دەستم بە ئیش کردووە، خۆشحاڵ دەبێت و دەمبەخشێ.))

- وەلێ ئالێکسی پترۆڤیچ، ئایا بیرتان لەو کێشە و ناکۆکییە کردووەتەوە کە لە نێوان باوکی ئێوە و باوکی ناتاشادا هەیە؟ پێتان وایە ئەمشەو لە ماڵی ئەواندا چی ڕوودەدات؟

بەدەم دەربڕینی ئەم قسانەوە ئاماژەم بە ناتاشا کرد و ئەویش بە بیستنی قسەکانم ڕەنگی هەروەك مردوو پەڕی. ئەم قسانەم بەبێ پارێز و بێبەزەییانە کردن. وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، بەڵێ، ئێوە لەسەر هەقن، تۆقێنەرە! پێشتریش بیرم لەم بابەتە کردووەتەوە و پێی نارەحەت بووم... وەلێ چارمان چییە؟ ئێوە لەسەر هەقن: خۆزگە لایەنی کەم دایك و بابی ئەو لێمان خۆش دەبوون. ئێوە نازانن کە چەندم خۆش دەوێن. ئەوان ڕۆڵی دایك و باوکێکیان بۆ گێڕاوم و ئێستا منیش بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکانیان

دەدەممەوە! ئاە! هاوار لەدەست ئەم ئاژاوە و دادگاییە! باوەڕ ناکەن کە ئەم بابەتە بۆ ئێمە چەندە ئازاردەر و تاقەتپڕووکێنە. بۆچی ئەوان لەگەڵ یەکدی بەشەڕ دێن؟ ئێمە بەم ڕادەیە یەکدیمان خۆشدەوێ و کەچی لە هەمان کاتیشدا شەڕمان لەنێواندایە! دەبێ ئاشت ببینەوە و ئیدی هەر بیریشی لێ نەکەینەوە! لە ڕاستیدا گەر من لەجێی ئەوان بوویام بەم شێوەیە ڕەفتارم دەکرد... ئەوەی کە ئێوە باسی دەکەن من دەتۆقێنێ. ناتاشا، ئەو پلانەی کەمن و تۆ دامانڕشتووە ترسێنەرە. پێشتریش هەر پێم گوتوویت... ئەوە تۆیت کە پێداگری دەکەیت. بەس گوێبگرن ئیڤان پترۆڤیچ، لەوانەیە هەموو ئەم کێشە و ناکۆکیانە بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکرێن، ڕاتان چییە؟ دواجار لەگەڵ یەك ئاشت دەبنەوە، ئەی وانییە؟ ئەوە ئێمەین کە ئاشتیان دەکەینەوە. بێگومان هەر وا دەبێت، ئەوان لە بەرانبەر عەشقی ئێمەدا خۆیان پێ ڕاناگیرێ... گەر بمانخەنە بەر نەفرەت و پشتیشمان تێبکەن، دیسان هەر خۆشمان دەوێن. خۆیان پێ ڕاناگیرێ. باوەڕ ناکەن کە هەندێ جار باوکم چەندە نەرم و نیانە! ئەو تەنیا بە رووالەتە خۆی ئاوها نیشان دەدات، بەس دەزانن، لە هەلومەرجی دیکەدا ئێجگار ژیر و تێگەیشتووە. گەر بزانن ئەمڕۆ چەندە میهرەبانانە لەگەڵم دەدوا و چ ئامۆژگارییەکی باشمی کرد! کەچی منیش هەر ئەمڕۆ، وا خەریکم بە پێچەوانەی ویستی ئەو ڕەفتار دەکەم. ئەم بابەتە زۆر ئازارم دەدات. هەموو ئەمانە تەنیا لەبەر ئەم دەمارگیرییە نابەجێیانەیە! زۆر ڕوونە کە تەواوی ئەم کێشانە تەنیا لە شێتییەوە سەرچاوە دەگرن. گەر تەنیا بۆ یەك جار بە باشی ناتاشای هەڵدەسەنگاند و تەنیا گەر بۆ نیو کاتژمێر لەگەڵ ئەو دەدوا، ئەوا دەمودەست ئەوپەڕی ڕەزامەندیی خۆی بە ئێمە ڕادەگەیاند.

ئالیۆشا دوای ئەم قسانە سەیرێکی پڕ لە سۆز و ئێجگار عاشقانەی ناتاشای کرد و پاشان درێژەی بە زۆر بڵێییەکانی دا:

- هەزاران جار بە ئاواتەوە ئەوەم لە خەیاڵی خۆمدا وێنا کردووە کە هەر لەگەڵ ئەوەی ناتاشا دەناسێت، دەمودەست ئەوی دەچێتە دڵەوە و ناتاشا دڵی هەمووان بەدەست دەهێنێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هیچ یەك لەوان تا ئێستە وەها کچێکیان نەدیوە. باوکم زۆر بە سادەیی پێی وایە کە ئەو لە داوچنێك بەولاوە هیچی دی نییە. ئەمە ئەرکی منە کە دڵپاکی و بێمەرایی ئەو بسەلمێنم و ئەم کارەش هەر دەکەم. ئاە! ناتاشا هەمووان خۆشیان دەوێیت، هەموو خەڵکی. هیچ کەسێك ناتوانێ خۆشتی نەوێت. گەرچی من بە هیچ شێوەیەك شایەنی تۆ نیم، بەس خۆشت بوێم ناتاشا، هەروەها من... من دەناسیت! بۆ دەستەبەربوونی خۆشبەختیمان، نیازمان بە شتگەلێکی زۆر نییە. نا، من دڵنیام کە ئەمشەوە خۆشبەختی و ئاشتی، ئاسوودەیی و سازان لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموومان دەهێنێت. پیرۆزبێ ئەم شەوە ڕووناکەی کە لە پێشمانە! ئەی وانییە، ناتاشا؟ بەس تۆ چیتە، خوایە گیان، چ بەڵایەکت بەسەر هاتووە؟

ناتاشا ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو و هەر لە مردوو دەچوو. تەواوی ئەو ماوەیەی کە ئالیۆشا خەریکی چەنەبازی بوو، واق و وڕ لەو ڕامابوو، بەس زیاتر لە جاران نیگای مات و جووڵەلێبڕاو بوو و سات دوای سات ڕەنگی ڕووی زیاتر

دەپەڕی. وای بۆچووم کە قسەکانی ئەم دواییانەی ئالیۆشا نابیستێ و هۆشی لە لایەکی دیە. نیگەرانبوونی ئالیۆشا ئەوی بەئاگا هێنایەوە. سەیرێکی دەوروبەری کرد، خۆی کۆنتڕۆڵ کرد و لەناکاو پڕتاوێکی بەرەو من کرد. بەخێرایی، وەك ئەوەی کە زۆر پەلەی بێت، نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستم. بەرواری نامەکە هی دوێنێ بوو و بۆ دایك و باوکی نووسرابوو. کاتی پێدانی نامەکە مکوڕانە لێمی دەڕوانی، وەك بڵێی بەم سەیرکردنە بیەوێت لێم بپاڕێتەوە. نائومێدی لە نیگایدا شەپۆلانی بوو. هەرگیز ئەم نیگا ترساوەم بیر ناچێتەوە. ترسەکەی ئەو دزەی کردە نێو منیش. زانیم کە لەم ساتەدا خەریکە بە تەواوی دەرك بە ئاقیبەتی نالەبار و پڕ ئازاری کارەکەی خۆی دەکات. هەوڵیدا شتێك بە من بڵێ، تەنانەت دەستی بە قسە کرد، وەلێ کتوپڕ لەهۆش چوو. لە کاتی خۆیدا پێڕاگەیشتم نەمهێشت بکەوێ. ئالیۆشا لە ترساندا ڕەنگی سپی ببوو. لاجانگەکانی کچەی لاوی دەماڵین، دەستەکانیی ماچ دەکردن. بۆ دوو یان سێ خولەکێك دواتر ناتاشا هۆشی هاتەوە. ئەو گالیسکەیەی کە ئالیۆشای لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لەو ناوە ڕاوەستابوو، بانگی کابرای گالیسکەوانی کرد. ناتاشا وەختێك کە لە گالیسکەکەدا دانیشت وەك شێت پڕی دایە دەستم و گرتی، چاوانی تەڕ ببوون و دڵۆپە فرمێسکێکی گەرم کەوتە سەر پەنجەکانم. گالیسکەکە بەڕێ کەوت. تا ماوەیەکی زۆر هەر ئاوها لەجێی خۆم مامەوە و بە نیگا پەیجۆریم کردن. لەو ساتەدا بە شێوەیەکی پڕ ئازار هەستم دەکرد کە ئیدی خۆشبەختیم بە با چووە و ژیانم شێواوە. بە هەنگاوی خاو و خلیچکەوە بۆ لای دایك و باوکی ناتاشا گەڕامەوە. نەمدەزانی دەبێ چییان پێ بڵێم یان بە چ شێوەیەك بچمە ژوورێ. مێشکم سڕ ببوو، لاقم بەرگەی کێشی لەشمی نەدەگرت. ئەمە پوختەی باسی سەربووردەی خۆشبەختیی من بوو، عەشقەکەم بەم شێوەیە کۆتای پێهات و بە با چوو. ئێستە دیسان دەچمەوە سەر ئەو بەشەی حەکایەتەکەم کە لە جێیەکدا بە ناتەواوی وازم لێ هێنابوو.

پێنج یان شەش ڕۆژێك دوای کۆچی دوایی ئەسمیت، چوومە ئەپارتمانەکەی و لەوێ نیشتەجێ بووم. تەواوی ئەو ڕۆژە لەگەڵ خەم و پەژارەیەکی بەرگەنەگردا دەستەویەخە بووم. هەوا سارد و ئاسمان هەوری بوو، بەفرێکی تەڕی تێکەڵ بە باران دەباری. دەمەو ئێوارە سووچێکی ئاسمان ساف بوو و تیشکگەلێکی کزی خۆریش، بە کونجکۆڵییەوە خۆیان بە ژوورەکەمدا کرد. بەرە بەرە خەریك بوو لەوە پەشیمان دەبوومەوە کە بارم کردووە. وێڕای ئەوەی کە ئەپارتمانەکەم تەنیا ژوورێکی گەورەی بنمیچ نزمی دووکەڵگرتوو بوو، هەواکەشی بۆنی کۆنەی دەدا و جا لەبەر ئەوەی ناوماڵێکی کەمی تێدابوو، خاڵیەتییەکەی ئێجگار دڵتەنگکەر بوو. هەر لەو ساتەوە بە خۆمم گوت: لەم ئەپارتمانەدا ئەو قیچۆکە وزەیەش لەدەست دەدەم کە بۆم ماوەتەوە و سەرەنجام هەروایش دەرچوو.

بەیانییەکەی خەریکی ڕێکوپێك کردنی کاغەزەکانم بووم، بە دەستە دەستە جیام دەکردنەوە و ڕێکم دەخستن. جا لەبەر ئەوەی کیفم نەبوو، هەموویانم ئاخنیبووە نێو بەرگە پشتییەکەوە و هێنابوومنە ئێرانە، هەموویان تێکەڵوپێکەڵ ببوون. دوای ئەم کارانە بە نیازی نووسینەوە بۆی دانیشتم. لەو سەردەمە هێشتا بە نووسینی ڕۆمانە گەورەکەمەوە خەریك بووم، بەس دەست و دڵم ئیشی نەدەگرت، ڕۆحم بە بۆنەی هەندێ کەڵکەڵەی دیکەوە شپرزە ببوو.

خامەکەم خستە سەر مێزەکە، ڕۆیشتم و لەبەردەم یەکێ لە پەنجەرەکان دانیشتم. بەرە بەرە هەوا تاریکتر دەبوو و منیش تا دەهات زیاتر خەمگین دەبووم. فکرگەلێکی ناڕوون و تاریك پەلاماری مێشکمیان دەدا. هەمیشە پێم وایە کە سەرەنجام لە پترسبورگدا دەمرم. بەهار نزیك دەبووەوە، پێم وابوو گەر هەوا خۆش بکات و لەم ژوورە وەدەر بکەوم و لە کەشێکی کراوە پیاسەیەك بەنێو بەرامەی پاك و دڵگەشێنی مەزرا و دەوەنەکاندا بکەم، ئەوا دێمەوە سەر خۆم و تەندروستیم باش دەبێتەوە. دەمێك بوو لەو شتانە بێبەش بووم!... بیرمدێ کە جارێکیان وام بە خەیاڵدا هات کە شتێکی چەندە باش بوو گەر لەژێر کاریگەریی سحر یان پەرجوویەك، تەواوی بەسەرهاتەکانی ئەم ساڵانەی دواییم بیر بچێتەوە، ئەوسا ئیدی زهنم ئازاد دەبوو و سەر لەنوێ بە وزەیەکی تازەوە دەستم بە ژیان دەکردەوە. لەم فکر و خەیاڵانەدا ڕۆچووبووم و هیوای زیندووبوونەوەم هەبوو. سەرەنجام ئەم بڕیارەم دا: ((خراپ نییە گەر لە کاتی پێویستدا سەردانێکی نەخۆشخانەی دەروونی بکەم، هەتا هەموو ئەو شتانەم لە مێشکدا بشۆنەوە کە تێم پەستاوە، زهنم بحەسێتەوە و لاشە و ڕۆحم ساڕێژ بکرێن.)) تینووی ژیان بووم. بڕوام پێی هەبوو... بەس بیرم دێ کە هەر لە هەمان کات دامە قاقای پێکەنین! ((ئەی دوای ئەوەی کە لە نەخۆشخانەی دەروونی گەڕامەوە چی بکەم؟ ئایا خەریکی ڕۆماننوسین بم؟))

بەم شێوەیە بە جیهانی خەیاڵاتدا گەشتم دەکرد، پەژارە دایگرتبووم و کاتیش لە ڕابردن دابوو. شەو داهات. ئەو شەوە بڕیار بوو چاوم بە ناتاشا بکەوێ. دوێنێ کورتە نامەیەکی بۆ ناردم و تێیدا پێداگریی کردبوو کە دیدەنیی بکەم. لە جێگەکەم هەستام و خۆم گورج کردەوە. جا بەلامەوە گرنگ نەبوو کە بۆ ژێر باران دەچم یان بۆ ناو بەفری قوڕاوی، تەنیا حەزم وابوو هەر چۆنێك بووە هەرچی زووتر لە فەزای ئەم ئەپارتمانە هەڵبێم.

هەوا تا تاریکتر دەبوو، ژوورەکەش بە هەمان ڕادە گەورەتر دەهاتە بەرچاو و پانتاییەکەی زیاتر دەبوو. هەموو شەوێك بە خەیاڵ ئەسمیتم لە هەموو کونج و قوژبنێکیدا وێنا دەکرد، وەك چۆن ئەو ڕۆژە لە شیرینی فرۆشییەکەدا لە ئادام ئیڤانۆڤیچ ڕامابوو، بە هەمان شێوە لە سووچێکا دانیشتووە و چاوی لە من بڕیوە و ئازۆرکاریش لەبەر پێیدا وەرکەوتووە. ڕێك لە هەمان ئەو ساتەدا پێشهاتێك ڕوویدا کە بە سەختی هەژاندمی. دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە ڕووڕاست بم. لەوانەیە ئەم بابەتە لە شپرزەیی زەینی و هەستە نوێکانی نێو ئەپارتمانە تازەکەم و ئەم دواهەمین نارەحەتییەمەوە سەرچاوەی گرتبێ. بەس دەمەو ئێواران و زۆربەی کاتیش لە وەختی شەوان تووشی ئەم بارە ڕۆحییە دێم. بە تایبەت لە ئێستەدا کە نەخۆشم وئەم نەخۆشیەشم ناو ناوە «ترسی شاراوە»، ئەمە ترسییەکی وەسف هەڵنەگر و ئێجگار تاقەتپڕوکێن و پڕ ئەشکەنجەیە، مەترسییەکی دەرك پێنەکراو و ناڕوونی نێو ئەم جیهانی بوونەیە، ئەوجا بۆی هەیە هەر لەم ساتەدا بە شێوەیەکی سامناك و دڕندانە یەخەم پێ بگرێ، مەترسییەکە هەروەك کارەساتێك کە نەتوانیت خۆتی لێ لابدەیت و دڕندانە و دێوئاسا و وازنەهێن، وەك ئەوەی کە پێکەنینی بە هەموو جۆرە بەڵگە و مەنتیقێك بێت، دێتە سەر وەختم و ڕوو بە ڕووم دەوەستێ. ئەم ترسە بە شێوەیەکی ئاسایی و بە پێچەوانەی هەر جۆرە شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی هزرییەوە سات دوای سات هێندە بەتینتر دەبێت، کە سەرئەنجام زهن تەنانەت گەر لەو ساتانەشدا ڕۆشنتر و هێمنتریش بێت، ئەوا توانای بەرگەگرتنی نامێنێ و لە کار دەکەوێ، تا دێت ترس و دڵەڕاوکێی کەسی تووشبوو ڕوو لە زیادبوون دەکات. پێم وایە ئەمە لە ترس و تۆقینی ساتی گیانەڵا دەچێت. بەس لە کاتی تووشبوون بەم ترس و دڵەخورپەیە، ئەوەی کە زیاتر پەرە بەم ئەشکەنجە ڕۆحیانە دەدا، نائاشنایی و نامۆی ئەم مەترسییەیە.

بیرمدێت کە پشتم لە دەرگەکە بوو و خەریك بووم کڵاوەکەمم لەسەر مێزەکە هەڵدەگرت، جا لە پڕ ئەو فکرەم بە مێشکدا هات کە ئەگەر ڕێك لەو ساتەدا ئاوڕ بدەمەوە، بێ چەندوچوون چاوم بە ئەسمیت دەکەوێ. سەرەتا زۆر بە شتێنەیی دەرگەکە واڵا دەکات، لە ئاسانەی دەرگەکە ڕادەوەستێ، سەیرێکی ژوورەکە دەکات، پاشان بە سەری نەوییەوە، هەنگاو دەنێتە ژوورەکە، لەبەردەم مندا ڕادەوەستێ، نیگای پەرێشانیم لێ دەبڕێ و پاشان لە قاقای پێکەنین دەدات، پێکەنینێك کە لە دەمێکی بێ ددانەوە دێتەدەر و بۆ ماوەیەکی زۆر سەراپای دەلەرزێنێت. ئەم دەرکەوتنە بە شێوەیەکی ئێجگار نائاسایی و ڕوون و وردەکارانە لە زهنمدا وێنا بووبوو و هاوکاتیش بە شێوەیەکی بنجبڕانە و ڕەها ئەو بڕوایەم لەلا دروست بوو کە ئەم پێشهاتە هەر ڕوودەدات یان هەر لەو ساتەدا ڕوویداوە و بەس من نایبینم، چونکە من پشتم لە دەرگەکەیە و لەوانەیە هەر ئێستە دەرگەکە کرابێتەوە. خێرا ئاوڕێکم لە دەرگەکە

دایەوە: ڕێك بە هەمان ئەو شێوەیەی كە خولەكێك لەمەوبەر لە جیهانی خەیاڵدا وێنام كردبوو، هەر بەڕاستی دەرگەكە بە هێواشی و شێنەیی خەریك بوو دەكرایەوە. هاوارێكم لێ هەستا. ماوەیەكی پێچوو و كەس دەرنەكەوت، دەتگوت دەرگەكە خۆبەخۆ كراوەتەوە، كتوپڕ قەلافەتی مرۆڤێكی هەژێنەر لە ئاسانەی دەرگەكە دەركەوت: تا چەند دەكرا لەو تاریكییەدا لێی ورد بوومەوە، بە شێوەیەكی مكوڕانە و واق و وڕ چاوی لێ بڕییووم. تەواوی لاشەم سارد بووەوە. لەو ساتە سامناكە وەسف هەڵنەگرەدا كە ورد دەبمەوە منداڵێك دەبینم، تەماشا دەكەم كچۆڵەیەكە و تەنانەت گەر خودی ئەسمیت دەربكەوتبا، ئەوا هێندەی دەركەوتنی ئەم كچۆڵەیە لەم ئان و ساتەدا زیرەی پێ نەدەكردم. باسم كرد كە دەرگەكەی زۆر لەسەرخۆ و بە شێنەیی كردەوە، دەتگوت زاتی هاتنە ژوورەوەی نیە. دوای ئەوەی كە خۆی نیشاندا، سەرسامانە لە ئاسانەی دەرگەكە ڕاوەستا و بۆ ماوەیەكی زۆر لێم ڕاما، سەرئەنجام بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بكات دوو هەنگاوی هاوێشت و لەبەردەم مندا ڕاوەستا. من لەنزیكەوە لێی وردبوومەوە، كچۆڵەیەكی دوازدە یان سێزدە ساڵانی باڵا كوڵ بوو، هێندە لاواز و بێ ڕەنگ بوو كە دەتگوت هەر ئێستە لەدەست نەخۆشییەكی كوشندە نەجاتی بووە. چاوە گەورە و قەترانییەكانی بە شێوەیەكی هەژێنەر دەدرەوشانەوە. بە دەستە چەپی ملپێچێكی كۆنە و دڕاوی بە سنگییەوە نووساندبوو و هێشتا لاشەی لە تاو سەرمای دەرەوە هەڵدەلەرزی. جلەكانی بەری شڕووڕ بوون، قژە ڕەشە پڕ و شانە نەكراوەكانی بە سەر ڕووخساریدا شەمزابوون. بۆ ماوەی دوو سێ خولەكێك هەر بەم چەشنە ڕوو بە ڕووی یەك ڕاوەستاین و لە یەكتری وردبووینەوە. سەرەنجام بە دەنگێكی گیراوەوە كە بە ئاستەم دەبیسترا و دەتگوت گەرو یان سنگی ژان دەكات، گوتی:

- باپیرە لە كوێیە؟

تەواوی ئەو ترس و تۆقینە ڕاز ناكەم بەم پرسیارە ڕەوییەوە. هەواڵی ئەسمیتی دەپرسی.

گەرچی خۆم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئامادە نەكردبوو، كەچی بەبێ بیركردنەوە هاتمە وەڵام: ((باپیرەت؟ ئەو مردووە!)) و دەستبەجێ یش لەم گوتەیەم پەشیمان بوومەوە. بۆ ماوەی دوو خولەك هەر لە هەمان حاڵەتدا بە پێوە مایەوە و لەناكاو وەك ئەوەی دووچاری هەڵمەتی دەماری بووبێت، سەراپای كەوتە لەرزین. من ژێر باڵیم گرت و نەمهێشت بكەوێ. دوای چەند ساتێك كەمێك حاڵی باشتر بوو و سەیر دەكەم بە هەوڵێكی بەدەر لە توانای مرۆڤەوە، هەوڵ دەدات پەشێوییەكەی لە من بشارێتەوە. گوتم:

- داوای لێبوردن دەكەم، داوای لێبوردن دەكەم، كچۆڵەكەم، زۆر بە كتوپڕی و گوێنەدەرانە ئەم هەواڵەم پێ ڕاگەیاندیت، یان لەوانەشە ئەمە بە بۆنەی هەواڵەكەوە نەبێت، بەڕاست لەدووی كێ دەگەڕێیت؟ هەواڵی ئەو پیرەمێردە دەپرسیت كە لێرە دەژیا؟

لە بارێكدا كە شپرزانە لێمی دەڕوانی، بە چرپە گوتی: بەڵێ.

- ناوی ئەسمیت بوو؟

-بەڵێ، بەڵێ.

- باشە، کەواتە خۆیەتی... خودی ئەوە کە مردووە... وەلێ خەمگین مەبە، کچۆڵەکەم. بۆچی زووتر هەواڵیت نە پرسی؟ دوێنێ بەخاکیان سپارد، زۆر بە کتوپڕی و بێ ئاگا مرد... تۆ نەوەی ئەویت؟

کچۆڵەکە وەڵامی پرسیارە بە پەلە و ناڕێکوپێکەکانی منی نەدایەوە. بێ ئەوەی ورتەی لێوەبێ پاشەکشێی کرد و بێدەنگانە بەرەو دەرێ هەنگاوی نا. من هێندە تاسا بووم کە تەنانەت ڕێم لێ نەگرت و ئیدی هیچ پرسیارێکیشم لێی نەکرد. جارێکی دی لە ئاسانەی دەرگەکە ڕاوەستا، نیوە لایەکی لێی کردمەوە و لێی پرسیم:

- ئازۆرکاریش تۆپی؟

وەڵامم دایەوە: ((بەڵێ، ئازۆرکاریش تۆپی.)) ئەم پرسیارەی ئەوم بەلاوە سەیر بوو. دەتگوت هیچ گومانێکی لەوە نەبوو کە دەبێت ئازوریش بێ چەند و چوون هاوکات لەگەڵ خاوەنەکەیدا گیانی دەرچوبێت. کچۆڵەکە دوای بیستنی وەڵامی من بێدەنگانە لە ژوورەکە چووە دەر و بە پارێزەوە دەرگەکەی پێوەدا.

خولەکێك دواتر و لە بارێکدا کە نەفرەتم لە خۆم دەکرد کە بۆچی هێشتوومە بەم شێوەیە بڕوات، بە ڕاکردن دوای کەوتم. ئەو هێندە بێ ترپە ڕۆیشت کە تەنانەت من دەنگی کرانەوە و پێوەدرانی دەرگەی دووەمی سەر باداکەکەشم نەبیست. وام بە فکردا هات کە هێشتا لە پلیکانەکاندایە، بەم پێیە لە سەرسەراکە گوێم ڕادێرا. بەس هەموو جێیەك هێمن بوو و هیچ دەنگێك نەدەبیسترا. تەنیا لە نهۆمی خوارەوە دەرگەیەك پێوەدرا و پاشانیش بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا. بە هەڵەداوان چوومە خوارێ. پلیکانەکانی نێوان نهۆمی پێنجەم و چوارەم بە شێوەی مارپێچ بوون. لە نهۆمی چوارەمیشەوە بەرەو خوار ڕێك بوون. پلیکانەکان، هەروەك پلیکانی هەموو بیناکانی پایتەخت کە بەسەر چەند ئەپارتمانێکدا دابەش دەبوون، تاریك و پیسو پۆخڵ بوون. لەو ساتە و بە تایبەتیش لەبەر تاریك داهاتنی هەوا، پلیکانەکان لە تاریکییەکی ڕەهادا نغرۆ ببوون. کتوکوێرانە هەتا نهۆمی چوارەم دابەزیم و لەوێ ڕاوەستام. لەناکاو هەستم بەوە کرد کە کەسێك لەم نهۆمە و لە باداکەکەدا خۆی لێ شاردووەمەوە. بە دەستەکانم کەوتمە پشکنینی دەوروبەرم، کچۆڵەکە لەوێ و ڕێك لە سووچێکی باداکەکەدا بوو. ڕووبەڕووی دیوارەکە ڕاوەستابوو و دەگریا. پێم گوت:

- گوێ بگرە، لەچی دەترسیت؟ یانی لێم ترساویت؟ ئەمە بەهۆی منەوەیە؟ باپیرەت لە کاتی گیانەڵادا سەبارەت بە تۆ قسەی دەکرد، ئەمە دواهەمین گوتەکانی بوون... چ کتێبێکیشی لای منن، بێگومان بە تۆ دەبڕێن. ناوت چییە؟ ماڵت لە کوێیە؟ بە منی گوت لە کۆڵانی شەشەمدا نیشتەجێیت...

بەس هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو کە هاوارێکی بەرزی کرد و وەك بڵێیت ترسی ئەوەی لێ نیشتبێت کە من بە شوێنی نیشتەجێ بوونەکەیم زانیبیت، بە دەستە لاوازەکانی بەرەو دوا ڕایدام و بە هەڵەداوان بە پلیکانەکاندا چووە خوارێ. منیش دوای کەوتم، هێشتا دەنگی پێیەکانیم لە خوارەوە دەبیست. لە پڕ دەنگەکان پچڕان... کاتێ کە گەیشمە کۆڵانەکە، ئیدی ئەو دیار نەمابوو. دوای ئەوەی کە هەتا شەقامی ئاسانسیۆن ڕامکرد، لەوە تیگەیشتم کە ئیدی گەڕان بێسوودە: کچەکە لە چاو ون ببوو. بە خۆمم گوت بۆی هەیە لە کاتی دابەزین بە پلیکانەکاندا لە جێیەك خۆی شاردبێتەوە.

١١

بەس لەگەڵ ئەوەی پێم نایە سەر پیادەڕێ پیس وپۆخڵەکەی سەر شەقام، لە پڕ تووشی ڕێبوارێك هاتم کە لە فکردا ڕۆچووبوو، بە سەرێکی نەوی و هەنگاوگەلی خێراوە ڕێی دەکرد. بەوپەڕی سەرسامییەوە سەیر دەکەم ئەمە نیکۆلایی بەساڵاچووە. ئەو شەوە بۆ من شەوی دیدەنییە چاوەڕوان نەکراوەکان بوو. دەمزانی کە پیرەمێردەکە سێ ڕۆژ لەمەوبەر تووشی نەخۆشییەکی سەخت بووە و ئێستاکەش لەم کۆڵانە و لە وەها هەوایەکی شێداردا بە هەڵکەوت تووشی بوومە. جیا لەمەش، لەو وەختەوەی کە ناتاشا ئەوانی جێهێشتبوو، شەوانە لە ماڵ نەدەهاتە دەرێ، یانی لە شەش مانگی ڕابردووەوە خانەنشین ببوو. بە باری کەسێکەوە کە دواجار تووشی هاوڕێیەك بووە کە دەتوانێت فکر و خەیاڵەکانی لەگەڵ ئەو بخاتە بەر باس، زۆر کەیفی بە بینینی من هات، دەستمی گرت و بە گەرموگوڕییەوە گوشی و بەبێ ئەوەی لێم بپرسێ نیازی کوێم هەیە، منی بەرەو ئەو شوێنە کێشکرد کە بۆی دەچوو. دیاربوو کە لە شتێك نیگەرانە و قەڵس و بە هەڵپە بوو. لە خۆمم پرسی: ((بۆ کوێ چووە؟)) بێ سوود بوو وەها پرسیارێك لەو بکەم، ئەو ئێجگار بە گومان و بەدبین بووبوو و هەندێك جار وەبیرهێنانەوەی شتێك یان پرسیار لێکردنێکی زۆر سادەی وەك سووکایەتی پێکردنێك لێك دەدایەوە.

بە لاچاو لێی ورد بوومەوە: بە ڕووخساریدا نەخۆش دیار بوو، لەم دواییانە زۆر لاواز ببوو، بۆ چەند حەفتەیەك دەچوو کە ڕدێنی نەتراشی بوو. قژە سپی و درێژەکەی لەژێر کڵاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ و لە شێوەی ئەگریجەیەکی درێژدا کەوتبوونە سەر یەخەی پاڵتۆکەی. ماوەیەك بوو هەستم بەوە کردبوو کە لە هەندێك ساتدا، هۆشی لەسەر خۆی نییە: هەر بۆ نموونە ئەوەی لەبیر دەچوو کە لە ژوورەکەیاندا کەسێکی دیکەشی لەگەڵدایە، لەگەڵ خۆی دەدوا و لە هەوادا دەستەکانیی تەکان دەدان. لە ڕاستیدا ئازارێکی زۆرم دەچەشت وەختێك کە بەو حاڵەوە دەمبینی.

لەگەڵم کەوتە قسە: ((باشە ڤانیا، دەنگوباس؟ بە تەمای کوێ بوویت؟ من بە مەبەستی ئەنجامدانی هەندێ کارەوە ماڵێم جێهێشتووە. تۆ حاڵت باشە؟))

- ئێوە چۆنن، تا ماوەیەك لەمەوبەر هێشتا هەر نەخۆش بوون و کەچی لەگەڵ ئەمەشدا هاتوونەتە دەرێ!

پیرەمێردەکە وەڵامی نەدامەوە، دەتگوت قسەکەمی نەبیستووە.

پرسیم:

- ئانا چۆنە؟

باشە، باشە... گەرچی ئەویش کەمێك نەخۆشە. نازانم چییەتی، غەم دایگرتووە... زۆربەی کات باسی تۆ دەکا! بۆچی سەرمان لێ نادەیت؟ لەوانەشە هاتبی بۆ ماڵمان، ڤانیا، ئەرێ؟ ڕەنگە کاتم گرتبیت و نیازی شوێنێکت هەبێ؟

ئەم قسانەی لە بارێکدا دەکردن کە بە نیگایەکی گوماناوی و بەدبینانەوە هەڵی دەسەنگاندم. پیرەمێردەکە لەم دواییانەدا هێندە دڵناسک و هەستیار بووبوو کە ئەگەر بمگوتبا نیازی هاتنە ماڵی ئەوانم نییە، بێگومان لێم زویر دەبوو و بێدەنگانە جێی دەهێشتم. پەلەپەل گوتم بەتەما بووم بێمە ماڵی ئێوە و چاوم بە ئانا بکەوێ (سوور دەشمزانی درەنگم پێ بووە و لەوانەیە ئیدی دەرفەتی چوون بۆ ماڵی ناتاشام بۆ نەلوێت).

پیرەمێردەکە بەم وەڵامەی من گومانەکەی ڕەوییەوە و گوتی: ((زۆر باشە، زۆر باشە... )) پاشانیش لە پڕ بێدەنگ بوو و لەفکرا ڕۆچوو، پێدەچوو نەیەوێ درێژە بە قسە ناتەواوەکەی بدات.

بۆ چوار پێنج خولەکێك دواتر، وەك ئەوەی لە خەوێکی قووڵ هاییی بووبێتەوە، خۆنەویستانە دووبارەی کردەوە: ((بەڵێ، زۆر باشە. ئم... دەزانیت ڤانیا، تۆ هەمیشە وەك کوڕی ئێمە وا بوویت. خودا کوڕی بە ئێمە نەبەخشیوە، بە ئانا و بە من، هەمیشە پێم وابووە هەر بەم بۆنەیەوە تۆی بۆمان ناردووە. هەروەها ئانایش... بەڵێ! تۆ هەمیشە لەگەڵ ئێمە نەرمونیان بوویتە و ڕێزت گرتووین، ڕێك هەروەك کوڕێکی بەئەمەگ. خوداوەند بتپارێزێ، ڤانیا، ئێمە هەمیشە دوعای خێرمان بۆ کردوویت و خۆشمان دەوێیت... بەڵێ!))

دەنگی کەوتە لەرزین، بۆ خولەکێك ئێستی کرد و پاشان پرسیی:

- بەڵێ، باشە. نەخۆش بوویت؟ بۆچی لەم ماوە دوور و درێژەدا سەرێکت لێ نەداوین؟

هەموو بەسەرهاتەکەی نێوان خۆم و ئەسمیتم بۆ گێڕایەوە و سەبارەت بەوەی کە نەمتوانیوە سەردانی بکەم، داوای لێبوردنم لێ کرد و گوتم حاڵ و مەسەلەیەکی ئاوها سەرقاڵی کردبووم، سەرەڕای ئەوەش تەندروستیم هێندە باش نەبووە. جا هەر لەبەر ئەم پێشهاتانە دەرفەتی ئەوەم نەبووە بچمە ڤاسیلی ئۆستڕۆف و سەردانیان بکەم. (ماڵیان لەوێ بوو.) خەریك بوو لە دەمم دەربچێ و بڵێم سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەرفەتی سەردانکردنێکی ناتاشام بۆ ڕەخساوە، بەس لە کاتی خۆیدا قسەکەم قوتداوە.

بەسەرهاتەکەی ئەسمیت زۆر سەرنجی پیرەمێردەکەی ڕاکێشا. بە سەرنجێکی زیاترەوە گوێی لە قسەکانم گرت. کاتێك کە زانیشی ئەپارتمانە نوێکەم شێدارە و لە هینەکەی پێشووم خراپترە و وێڕای ئەمانەش کرێکەی شەش ڕۆبڵ گرانترە، زۆر قەڵس بوو. بە شێوەیەکی گشتی زۆر تووڕە و بێئۆقرە ببوو. تەنیا ئانا دەیتوانی جار جارێك لەو ساتانەدا ئارامی بکاتەوە.

بە ئاوازێکی کەم تا زۆر خەمینەوە گوتی: ((هم... ئەمە هەمووی خێروبێری نووسەرییە، ڤانیا! کێشی کردوویتە نێو ئەنبارێکی بنمیچ لێژ، پەلکێشی نێو گۆڕستانی کردوویت. وەختی خۆی پێم گوتبوویت، پێشبینیم کردبوو!... ئەی ‹‹ب›› خەریکی چییە؟ هەر بە نووسینی وتاری ڕەخنەییەوە خەریکە؟))

- ئەو بەهۆی نەخۆشیی سیلەوە کۆچی دوایی کرد، باش ئەمە دەزانیت، لام وایە پێم گوتبوویت.

- یانی ئەومردووە، هم... مردووە! باشە، ئاساییە. ئایا هیچ میراتییەکی بۆ ژن و منداڵەکەی جێهێشتووە؟ چونکە پێت گوتبوو ژنی هەیە. باشە ئەم جۆرە مرۆڤانە بۆچی ژن دەهێنن؟

وەڵامم دایەوە: ((نا، هیچ شتێکی بۆ ئەوان جێ نەهێشتووە.))

هێندە بە ڕقەوە گوتی: ((بەڵێ، هەروا دەبێت!)) کە وەك بڵێی بابەتەکە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەبووە یان «ب» برای خۆی بووە. پاشان لەسەری ڕۆیشت: ((هیچ شتێك، لە ڕاستیدا هیچ شتێك. دەزانیت ڤانیا، هەر لەو وەختەوەی کە تۆ وەسف و ستایشت دەکرد، من پێشبینیی ئەوەم دەکرد کە ئاقیبەتێکی لەم جۆرەی دەبێت، بیرت دێ؟ هیچ شتێکی جێ نەهێشتووە: ئاخر بە دەم خۆشە؟ ئم...، ئەو شیاوی ناوبانگ و ستایش بووە، لەوانەشە ناوبانگ و ستایشێکی تاهەتایی، بەس ناوبانگ سکی ئادەمیزاد تێر ناکات. هەر لەو وەختەوەش پێشبینیی چارەنووسێکی لەو جۆرەشم بۆ تۆش دەکرد. کەواتە «ب» مردووە. بۆچی دەبێت ئینسان بمرێ؟ ژیان جوانە و... ئێرەش جێیەکی خۆشە...، سەیرکە!))

بە جووڵەی خێرا و خۆنەویستانەی دەستی، کۆڵانێکی تەمگرتوو کە چەند فانۆسێکی کز و پرتە پرتکەر ڕۆشنیان دەکردەوە، خانووگەلێکی چڵکن، بەردفەرشی شێدار و بریسکەدار، ئاسمانی ڕەشی پترسبورگ کە دەتگوت بە مرەکەب ڕەش کراوە، ڕێبوارانی خەمۆك و مۆن و هەتا سەرئێسقان خووساوی نیشان دام. گەیشتینە بازار، لە تاریکیی بەرانبەرماندا، پەیکەری نیکۆلایی یەکەم کە لە خوارەوە بە لامپی گازسووتێن ڕووناك کرابووەوە بەرچاو دەکەوت، کڵێسای *سن ئیزك* یش کەمێك لە دوورترەوە بوو کە لە فەزای تەماویی ژێر ئاسمانی تاریکدا بە ئاستەم دەبینرا.

کتوپڕ چاوی بە منداڵێکی سواڵکەر کەوت و لەناکاو گوتی: ((بە منت گوتبوو «ب» پیاوێکی دڵپاك و خەمخۆر، خۆشەویست و بەرزە هیممەتە و خاوەنی هەستگەلێکی مرۆڤدۆستانەیە. ئەم مرۆڤە خەمخۆر و میهرەبانانە، ئایا ناتوانن ئەو هەموو منداڵە نەخەنەوە هەتا دواتر هەتیو نەکەون! ئم... پێم وایە بەوە دڵخۆش بووە کە لەسەر مەرگە! هە، هە! خۆشحاڵ بووە بەوەی کە ئێرە بەجێ دەهێڵێ و ڕوو لە جێیەکی دی دەنێت، جا هەر جێیەك بێت، خوا دەکا سیبریاش...)) پاشان ڕووی کردە کچۆڵە ڕەشوڕووتەکە و پرسیی: ((چیت دەوێ، خنجیلانەکەم؟))

کچۆڵەیەکی لاوازی تەمەن حەوت یان هەشت ساڵان بوو، جلێکی شڕ و وڕ و چڵکنی لەبەردابوو، گۆرەویی لە پێ نەبوو و پووتەکانیشی کون کون و دڕاو بوون. هەوڵی دەدا لاشە بچووك و لەرزۆکەکەی بە کەوایەکی کۆنە و دڕاو کە دەمێك بوو گچکە ببووەوە و ئیدی بۆی نەدەشیا، داپۆشێ. ڕووە بچکۆلە و چەق و لاواز و بێ ڕەنگەکەی لە ئێمە کردبوو، بێ ئەوەی قسە بکات، بە شەرمەوە لێمانی دەڕوانی و بەو ترسەوەی کە نەکا هیچی نەدرێتێ، دەستە لەرزۆکەکەی بەرەو

ئێمە درێژ کرد. پیرەمێردەکە بە بینینی ئەم دیمەنە لەرزی لێ هات و هێندە کتوپڕ و بە پڕتاو لێی چووە پێش کە کچۆڵەکە ترسا. ڕاچەنی و لە پیرەمێردەکە دوورکەوتەوە.

نیکۆلای دووبارەی کردەوە: ((چیت دەوێ، کچۆڵەکەم؟ خێرت پێ بکەم؟ بەڵێ، وەرە، ها بگرە،بۆ خۆت.)) جا لە بارێکدا کە لە خەفەتان هەڵدەلەرزی، دەستی کردە پشکنینی گیرفانەکانی و دوو یان سێ سکەی زیویی تێدا دەرهێنان. بەس ئەم بڕەی بەلاوە کەم بوو. دەستی کردە پشکنینی کیفەکەی، ئەسکەناسێکی یەك ڕۆبڵی تێدا دەرهێنا (کە دار و نەداری بوو)، هەمووی خستە دەستی کچۆڵەی سواڵکەرەوە و گوتی: ((مەسیح ئاگادارت بێت، کچۆڵەکەم، ڕۆڵەکەم! فریشتەی پاسەوانت هەمیشە چاوی لێت بێت.))

بە دەستی لەرزۆکەوە چەند جارێك بەرەو کچەی سواڵکەر خاچی کێشا، لەناکاو بەخۆ هاتەوە و زانیی من لە تەکییەوەم، جا سەیرێکمی کرد، برۆکانی وێك هێنانەوە و بە هەنگاوی خێراوە بەڕێ کەوت. دوای بێدەنگییەکی درێژخایەن، بە ڕقەوە گوتی:

- دەبینیت ڤانیا، ناتوانم بەرگەی بینینی ئەم بوونەوەرە بێگوناحانە بگرم کە لەو سەرمایەدا هەڵدەلەرزن... ئەمەش هەمووی خەتای دایك و باوکە نەفرەتییەکانیانە. جیا لەمەیش چ دایکێك هەیە گەر خۆی چارەڕەش نەبووبێت، منداڵە بچکۆلانەکەی ناچار بە وەها کارێکی تۆقێنەر بکات!... بێگومان لەو کەلاوەیەی کە تێیدا دەژین چەند منداڵە هەتیوێکی دیکەی هەیە و ئەمەیان گەورەی هەموویانە و دایکەکەش نەخۆشە،ئم... خۆ ئەمانە شازادە نین! سەر زەوی پڕە لەم جۆرە منداڵانە، ڤانیا! ئم!

بۆ چەند ساتێك وەك ئەوەی کە تووشی کێشەیەك بووبێت، ورتەی لێ بڕا. پاشان لە بارێکدا کە تا ڕادەیەك تێکەڵ و پێکەڵ قسەی دەکرد درێژەی دایێ:

- دەزانیت ڤانیا، بەڵێنم بە ئانا داوە، بەڵێ بەڵێنم پێداوە... یانی پێکەوە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتووین کە کچۆڵەیەکی هەتیو لای خۆمان ڕابگرین و وەك ڕۆڵەی خۆمان بەخێوی بکەین... هەر وا، جا هەر کچۆڵەیەك بێت، بەس هەڵبەتە تەمەنی کەم و دەستکورتیش بێت، بە یەکجاری ئەو بهێنینە لای خۆمان و لەگەڵ ئێمە ژیان بەسەر بەسەر ببات، حاڵی دەبیت؟ گەرنا ئێمەی بەساڵاچوو لە تەنیاییاندا وەڕز دەبین، ئم... بەس دەزانیت: ئانا تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەم کارەدا نییە و سەر ناهێنێتە ڕاستە، جا لەبەر ئەوە قسەی لەگەڵدا بکە، بەس نەك لەلایەن منەوە، بە شێوەیەك بیدوێنە کە وەك بڵێیت ئەم فکرەیە بە زەنی خۆتدا هاتبێت.... پاساوی بۆ بهێنەرەوە... خۆ دەزانیت چی دەڵێم؟ دەمێکە بە تەمام تکات لێ بکەم کە ڤایلیبکەیت و بەم کارە ڕازی بێت، چونکە خۆم بەوە ناڕەحەت دەبم کە داوایەکی لەو جۆرەی لێ بکەم... وەلێ باشە، ئیدی فکرەی گەمژانە بەسە. من چیم داوە لە منداڵ؟ هیچ پێویستییەکم پێی نییە، تەنیا بۆ سەرگەرمیم دەوێ... حەزدەکەم لەماڵەوە گوێم لە دەنگی منداڵ بێت... وەلێ سەرەڕای هەموو ئەمانەش، گەر ڕاستییەکەیت دەوێت، تەنیا لەبەر خاتری ئانایە کە دەمەوێ وەها

کارێك ئه نجام بدەم، دەزانیت، پێم وایه لەجێی من وا باشتره لەگەڵ منداڵێکدا ژیان بەسەر ببات. وەلێ ئەمه هەموو قسەی بەلاشه! بڕوانه ڤانیا، گەر بمانەوێ هەر به پێ بڕۆین ئەوا هەرگیز ناگەینه ماڵێ، وا باشتره سواری گالیسکه ببین. نابێت زۆرمان پێ بچێ،ئانا چاوەڕێمانه...

کاتژمێر حەوت و نیو له ماڵی ئەواندا بووین.

١٢

ژن و مێرده بەساڵاچووەکه زۆر یەکدییان خۆش دەویست. پەیوەندی و ژیانی هاوبەشی درێژخایەن، ئەوانی بەشێوەیەکی پتەو وابەستەی یەکدی کردبوو. وێڕای ئەمەش نیکۆلای لەم دواییانه و تەنانەت له دەورانی خۆشبەختیی ڕابردوویشدا، هێنده گوێی به ئانا نەدەدا و تەنانەت هەندێ کات له بەرانبەر کەسانی دیکه به ڕەقییەوه هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. هەندێك جار ئەو کەسانەی که سروشتێکی هەستیار، ناسك و نەرمونیانیان هەیە، حاڵەتێکی مکوڕانه و جۆرێك له پارێزکردن و خۆبەدوورگرتن له دەربڕینی ئەوین و هەستوسۆزیان تێدا

بەدی دەکرێ، تەنانەت بەرانبەر بە کەسە خۆشەویستەکانیشیان ڕەفتاریان هەر وا وشك و زبرە، وانەبێ کە ئەم حاڵەتە تەنیا لەبەر چاوی ئەوانی دیدا شێوە بگرێ، بەڵکە تەنانەت لەو ساتانەشدا کە هەر بە تەنیا خۆیانن، زۆر بەدەگمەن هەست و سۆز بۆ یەکدی دەردەبڕن و بگرە لەوکاتانەدا پتر خۆیان لە وەها کارێك بەدوور دەگرن، تەنیا لە هەندێك وەختی دەگمەندا یەکدی دەلاوێننەوە وجا لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان لەم کارە بەدوور گرتووە، لەو وەختە دەگمەنانەدا سۆز و ئەوینەکەیان ئێجگار بەتین و بڵێسەدارە. نیکۆلای هەر لە سەردەمی لاویەتییەوە بەم جۆرە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەڵسوکەوتی دەکرد. ڕێزی لەو دەگرت و بێکۆتا خۆشی دەویست، ئانای دڵپاك و نەرم و نیانیش، بێ لە خۆشویستنی ئەو هیچ کارێکی دیی لەدەست نەدەهات. نیکۆلایش هەندێك سات کە هاوسەرە سادەدڵەکەی زیاد لە ڕادە سۆز و ئەوینی بۆ دەردەبڕی لە بەرانبەردا زۆر نیگەران و قەڵس دەبوو. بەس دوای ڕۆیشتنی ناتاشا، لەگەڵ یەکدی نەرمونیانتر ببوون، بە شێوەیەکی ئێجگار ئازاردەرانە هەستیان بەوە دەکرد کە لەم دونیایەدا تەنیا ماوەتەوە، نیکۆلای گەرچی هەندێك سات زۆر مۆن و ڕووگرژ بوو، بەس دوای دوو کاتژمێرێك خەم و پەژارە دایدەگرت و بەبێ هاوسەرەکەی نەیدەتوانی هەڵبکا. هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە لەبارەی ناتاشاوە یەك وشە نەڵێن و وای بنوێنن کە ئەسڵەن ئەو هەر بوونی نەبووە. ئانا گەرچی زۆری بەلاوە سەخت بوو، بەس تەنانەت زاتی ئەوەشی نەبوو کە لەبەردەم مێردەکەیدا ئاماژەیەکی ئاشکرایانە بە کچەکەی بکات. ئەو هەمیشە دڵی لای کچەکەی بوو و لەمێژە ئەوی لە دڵی خۆیدا بەخشیبوو. من و ئەو قەرارمان وابوو کە هەر کات سەردانی کچە ئازیزەکەیم کرد، هەواڵی ئەوی بۆ بهێنم.

گەر بۆ ماوەیەکی زۆر هەواڵی ئەوی پێ نەگەیشبا،ئەوا نەخۆش دەکەوت و کاتێکیش کە من هەواڵیم بۆ دەهێنا، دیویست هەموو شتێك لەبارەی ناتاشا و ژیانییەوە بزانێت، بە پەرۆشی و کونجکۆڵییەوە دەیدامە بەر پرسیار، جا دوای بیستنی قسەکانم ئیدی بێ خەم دەبوو. ڕۆژێکیان ناتاشا نەخۆش کەوتبوو، کە دایکە بەدبەختەکەی ئەمەی بیست هێندەی نەمابوو سەکتە بکات، تەنانەت خەریك بوو خۆی گورج بکاتەوە و هەتا لای ئەو نەوەستێت. بەس ئەمە کارێکی ئاستەم بوو. سەرەتا لەبەردەم مندا تەنانەت ڕێگەی بە خۆی نەدەدا کە بڵێ حەز بە دیتنی کچەکەی دەکات و کەم تا زۆر هەمیشە دوای گفتوگۆکانمان، یانی دوای بیستنی هەموو ئەو زانیارییانەی کە من لەبارەی کچەکەیەوە پێم دەدا، ئەو فکرەی بە مێشکدا دەهات کە ئیدی بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆی لە دیداری من بدزێتەوە، جا گەرچی لە ڕادەبەدەر هۆگری کچەکەی بوو، بەس دەیویست باوەڕ بەخۆی بهێنێت کە ناتاشا کچێکی ئەوەندە سپڵە و گوناحبارە کە هیچ کەسێك ناتوانێ لێی خۆش ببێت. بەس هەموو ئەمانە ڕواڵەت سازی بوون. هەندێك جار ئەوەندە خەمی چارەنووسی ئەوی لێ دەنیشت کە لە تۆ وابوو هەر ئێستە دەمرێت، لە بەردەم مندا دەگریا و بە سۆزدارترین وشە کچەکەی دەلاواندەوە، سکالای توندی لە نیکۆلای دەکرد و جارو باریش بە پارێزەوە لە بەردەمیدا ئاماژەی بە بەسەرهاتی ناتاشا دەکرد، باسەکەی دەبردەوە سەر دڵڕەقیی مرۆڤەکان و خۆویستییان، ئەوەی کە گوایە ئێمە لە بەرانبەر ئەو بێحورمەتیانەی کە پێمان دەکرێن ناتوانین لەخۆبردوو و بەخشندە بین و خوداوەندیش

هەرگیز لەو کەسانە نابووریت کە گیانێکی لەخۆبردووانەیان نییە. بەس زاتی نەبوو لە بەردەم نیکۆلایدا زۆر لەسەر ئەم گلەیی و گازەندە کردنانە بڕوات. پیرەمێردەکە لەم کاتانەدا یەکسەر قەلس دەبوو، تووڕەیی بە ڕووخسارییەوە دەردەکەوت، ناوچاوی تاڵ دەبوو و ورتەی لەخۆی دەبڕی، یان بە دەنگێکی بەرز و زۆر ناشیانە بابەتەکەی دەگۆڕی، یان سەرەنجام بۆ ئەوەی ئانا ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێت کە خەم و خەفەتی دڵی بە فرمێسکرِشتن و ئەم جۆرە گلەیی و گازاندانە خاڵی بکاتەوە، لە ماڵ دەچووە دەرێ و ئێمەی بە تەنیا جێ دەهێشت. هەر کاتێکیش کە سەردانی ئەوانم دەکرد، دوای سڵاو و چاك و چۆنییەکی کورت ژوورەکەی جێ دەهێشت و گەرەکی بوو لەم ڕێیەوە دەرفەتێك بۆ ئانا بلوێنێ هەتا هەموو هەواڵێکی تازەی کچەکەی لە زمانی منەوە ببیستێت. ئەو ڕۆژەش هەر هەمان کاری کرد.

هەرکە چووە ژووریٚ بە ئانای گوت: من سەرا پام خووساوە، تۆ ڤانیا، لێرە بمێنەرەوە، وا دیارە لە ئەپارتمانە نوێیەکەیدا گرفتی تووش بووە، بۆی باس بکە. من هەر ئێستە دەگەڕێمەوە...

پاشان بە خێرایی ژوورەکەی جێهێشت و هەوڵیدا تەنانەت بەلاچاویش لێمان نەڕوانیٚ، دەتگوت خەجاڵەت دەیگریٚ لەوەی کە ئێمە بە تەنیا جێدێڵێ. لەم وەختانەدا و بەتاییەت کاتێك کە دەگەڕایەوە بۆ لامان، هەمیشە تووڕە و ڕووگرژ خۆی بە من و ئانا نیشان دەدا و تەنانەت تانە و توانجیشی دەوەشاند، دەتگوت لە خۆی تووڕە و ناڕازییە و بە بۆنەی نەرمی نواندن و لەبەرچاونەگرتنی ئەم بابەتە ڕقی لەخۆی دەبێتەوە.

ئانا کە تەنیا ماینەوە یەکسەر گوتی:

- دەبینیت ڕەوشتی چۆن گۆڕاوە، لەم دواییانەدا وای دەنوێنێ کە ئەسڵەن منی بە فکر و خەیاڵدا نایێت و هیچ سۆزێکی بۆم نەماوە، هەمیشە بەم جۆرە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات، کەچی زۆر باشیش ئاگادارە کە من دەزانم هەموو ئەمانە تەنیا ڕواڵەت سازی و فڕ و فێڵن! کەواتە بۆچی لەگەڵ مندا ئەوەندە مڕومۆنە، ئایا من بە بێگانە دەزانێت؟ لەگەڵ کچەکەشیدا هەر ئاوها بوو. دەزانیت، دەتوانێ ئەو ببەخشێت، لەوانەیە هەر لە دڵەوەش ئارەزووی بەخشینی ئەوی هەبێت. هەر خودا خۆی دەزانێت. شەوانە دەنگی گریانیم بیستووە. بەس بە ڕواڵەت دەیشارێتەوە. لووتبەرزی شێتی کردووە... ڤانیای ئازیزم، بۆمی باسبکە: بۆ کوێ چو بوو؟

- مەبەستت نیکۆلایە؟ نازانم: من دەمویست پرسیار لە ئێوە بکەم.

- وەختێك کە دیم بە نەخۆشی و لەم هەوا تووش و شەوە تاریکەدا تەمای چوونە دەری هەیە، زیرەم کرد و بە خۆمم گوت دەبێ بەدوای کارێکی گرنگەوە بێت: جا چ کارێکیش لەو بەسەرهاتە گرنگترە کە تۆ دەیزانیت؟ ئەمەم تەنیا لە دڵی خۆمدا گوت، زاتم نەبوو لەوی بپرسم. ئێستاکەش ناوێرم هیچی لێ بپرسم. ئەی خوایە، ئیدی بەدەست ئەو و ناتاشاوە ژیانم شێواوە. بە خۆمم گوت تۆ بڵێی بۆ دیدەنیی ئەو چووبێت و دواجار بڕیاری دابێت لێی ببووریٚ؟ ئاخر

ئاگای لە هەموو شتێك هەیە، هەموو هەواڵێکی پەیوەست بە ناتاشای لایە، تەنانەت نوێترین هەواڵیش. دڵنیام کە هەموو شتێك دەزانێت، گەرچی سەرم لەوە دەرناچێ کە ئەم هەواڵانەی لە کوێوە پێدەگات. لە دوێنێ شەوەوە تا ئەمڕۆ زۆر نیگەرانە. بەس بۆچی تۆ نقەت لێ بڕاوە! قسە بکە هاوڕێکەم، دیسان چی قەوماوە؟ بەدەم چاوەڕوانیتەوە چاو لە دەرگە دانیشتبووم و دەتگوت چاوەڕێی دابەزینی مەسیح دەکەم. باشە، یانی ئەو هەرچی و پەرچییە دەیەوێ واز لە ناتاشا بهێنێ؟

دەمودەست هەرچیم دەزانی هەموویم بۆ ئانا باسکرد. هەمیشە هیچ شتێکم لەو نەشاردووەتەوە. بەوم ڕاگەیاند کە ئەوەی ڕاستیبێ ناتاشا و ئالیۆشا بە تەمان لە یەکدی جیا ببنەوە و بابەتەکەش زۆر جددییە، تەنانەت لە جیابوونەوەکەی ڕابردووی لەگەڵ ئێوەدا جددیترە، دوێنێ ناتاشا کورتە نامەیەکی بۆ ناردووم و تکای کردووە کە ئەمشەو کاتژمێر نۆ بچم بۆ لای، جا لەبەر ئەوە بە تەما نەبووم بێم بۆ لای ئێوە: نیکۆلای منی پەلکێشی ئێرە کرد. پاشان بۆم گێڕایەوە و بەوپەڕی وردەکارییەوە بۆم ڕوونکردەوە کە پەیوەندیی نێوانیان ڕووی لە نالەبارییە، باوکی ئالیۆشا نزیکەی پازدە ڕۆژێك لەمەوبەر گەڕاوەتەوە، بە هیچ شێوەیەك گوێی بە قسەکانی ئەو نەداوە و بە توندی دابەزیوەتە سەری، بەس لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە ئالیۆشا بە هیچ شێوەیەك هیچ بەرهەڵستییەکی لە بارەی پێشنیاری زەماوەندکردن لەگەڵ ئەو کچەدا نیشان نەداوە و بەو جۆرەیش کە باسی دەکەن تەنانەت عاشقیشی بووە. هەروەها ئەوەشم بۆ زیاد کرد کە من بە خوێندنەوەی نامەکە دەرکم بەوە کرد کە لە هەلومەرجێکی دژوار و ئازاربەخشدا نووسراوە، لە نامەکەیدا نووسیبووی دەبێت ئەمشەو بڕیار لەسەر هەموو شتێك بدات و داهاتووی یەکلایی ببێتەوە، بەس جۆری بابەتەکەی دیاری نەکردبوو، هەروەها ئەوەشم بەلاوە سەیرە کە لە نامەکەی دوێنێیدا داوای لێکردووم هەر ئەمشەو لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا: کاتژمێر نۆ، سەردانی بکەم. جا لەبەر ئەوە بێگومان دەبێت بچم بۆ لای.

ئانا بە پەشۆکانەوە گوتی: ((بڕۆ، بڕۆ، ئازیزم، هەتا زووە، هەر کە نیکۆلای گەڕایەوە پیاڵەیەك چا بخۆرەوە. ئاە! سەماوەرەکەی نەهێناوە! ماتریۆنا! ئەرێ سەماوەرەکە بوو بە چی؟ ناڕەسەن... هەر ئەوەی کە گوتم، پیاڵەیەك چا بخۆرەوە و پاشان بیانوویەکی قایلکەر دابتاشە و بڕۆ. بەیانیش بێگومان وەرە بۆ لام و هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە، کەمێك زووتر وەرە. ئەی خودای من، نەکا پێشهاتێکی خراپتر لەوەی ڕابردوو بەڕێوەبێت؟ دەزانیت، نیکۆلای ئاگای لە هەموو شتێکە، دڵم خەبەری داوە. ماتریۆنا هەواڵگەلێکی زۆری بۆ هێناوم، ئەویش لە *ئاگاتا*وە دەیانبیستێ و ئاگاتا زڕکچی *ماریا ڤاسیلیۆنا* یە و ئەویش لە ماڵی شازادە دەژی... بەس خۆت باشتر ئەم شتانە دەزانیت. نیکۆلایە داماوەکەی من ئەمڕۆ زۆر پەست بوو. حاڵی منیش، هەر ئەوەیە کە دەیبینیت، کەمێك قیڕوهوڕی بەسەردا کردم، بەس پاشان پەشیمان بووەوە و گوتی ئیدی ڕۆبڵێکی لە گیرفاندا نەماوە! وەك بڵێی لەبەر بێ پارەیی لێم تووڕە بووە و هاواری بەسەردا کردووم. بەس تۆ، خۆت ئاگات لە هەلومەرجی ژیانی ئێمە هەیە. دوای نانی نیوەڕۆ بە نیازی خەوتنەوە چووە ژوورەکەی. لە درزی دەرگەکەوە سەیرێکی ژوورەوەم کرد (دەرگەکە درزێکی

تێدایه و ئەو پێی نەزانیوە)؛ لەبەردەم ئەو دۆلابەدا کە وێنە پیرۆزەکانی بەسەرەوەن چۆکی دادابوو و دوعای دەکرد. کاتێك کە چاوم بەم دیمەنە کەوت خەریك بوو لەهۆش بچم. چایەکەی نەخواردەوە، سەرخەوەکەی پاش نیوەڕۆیانی نەشکاند، کلاوەکەی هەڵگرت و ماڵی جێهێشت. کاتژمێر پێنج بوو. تەنانەت زاتم نەکرد هیچ پرسیارێکی لێ بکەم. گەر پرسیارم بکردبا ئەوا هاوارمی بەسەردا دەکرد. خووی بە قیڕوهوڕەوە گرتووە، زۆربەی کات بە سەر ماتریۆنا و تەنانەت منیشدا دەقیڕێنێت، هەرکە دەست بە قیڕوهوڕ دەکات پێیەکانم وشك دەبن و دەڵێیت دڵم لە سنگەوە دەردەهێنن. هەڵبەتە دەزانم ئەم تووڕەبوونانەی کاتین، بەس لەگەڵ ئەوەشدا هەر ترسناکە. کاتێك کە لە ماڵ چووە دەرێ، بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە خودا پاڕامەوە کە ڕەحمی پێ بکات و یارمەتیی بدات. بەس بزانم، کوا نامەکەی ناتاشا؟

نامەکەم نیشاندا. دەمزانی حەز و ئارەزووی شاراوەی ئانا ئەوەیە کە، ئەو ئالیۆشایەی کە هەندێ جار بە هەرچی و پەرچی و منداڵی گەمژە و بێ هەست ناوی دەبرد، سەرەنجام لەگەڵ ناتاشا زەماوەند بکات و باوکیشی، شازادە پیۆتەر ئالێکساندرۆڤیچ بەم کارە قایل بێ. تەنانەت لای من دانی بەم ئارەزووەشدا نابوو. بەس پاشان لە قسەکەی پاشگەز بووەوە. وەلێ بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو لەگەڵ مێردەکەی باسی ئومێد و ئارەزووەکانی بکات، گەرچی ئەوەشی دەزانی کە پیرەمێردەکە تا ڕادەیەك بەمەی زانیوە و تەنانەت هەر بەم بۆنەیەشەوە چەند جارێك ئەوی سەرکۆنە کردووە. پێم وایە ئەگەر هیچ گومانێکی لە سەرگرتنی ئەم زەماوەندە نەدەما، ئەوا بێ ئەم لا و ئەو لا ناتاشای بە نەفرەت دەکرد و بۆ هەمیشە لە دڵی خۆیدا دەیسڕییەوە. لەو کاتانەدا هەموومان هەر لە خەمی ئەم بابەتەدا بووین. ئەو بە هەموو بوونیەوە هیوای گەڕانەوەی کچەکەی دەخواست، بەس بە تەنیایی و پەشیمانی و بەو مەرجەی کە بۆ هەمیشە فکری ئالیۆشای لە مێشکی خۆی دەرکردبێت. ئەمە تاقە مەرجی لێخۆشبوونی بوو، لە ڕاستیدا ئەو هەرگیز باسی وەها مەرجێکی نەکرد، بەس دەکرا لێی بڕوانی و لە سیمایدا دەرك بەمە بکەیت.

ئانا دیسان گوتی: ((ئەم کوڕە خوێڕیلەیە کەسایەتیی نییە، نە کەسایەتی و نە هەست، من هەمیشە ئەمەم گوتووە. تەنانەت نەیانتوانیوە ئەم کەللە پووتە بە باشی پەروەردە بکەن. باوکی بە بۆنەی ئەو عەشقەوە پشتی تێ کردووە. ئەی خوایە، ئەم کچە داماوەی من چیی بەسەر دێت؟ من نازانم چ شتێك لەو کچەدایە کە ئەم کوڕە خوێڕیلەیەی شەیدا کردووە، سەرم ئاوساوە!))

من گوتم: ((بیستوومە کە ئەم کچە سەرنجکێش و لەبەردڵانە، جیا لەمە ناتاشایش هەروا دەڵێ...))

ئانا هەڵیدایێ و گوتی: ((باوەڕت نەبێت! سەرنجکێش! هەر کچێك ناز و نووك بۆ ئێوەی لاوانی سووکەسەر بکات، ئەوا بەلاتانەوە سەرنجکێشە، گەر ناتاشایش بە شان و باڵیدا هەڵدەدا، ئەوا تەنیا لەبەر دڵپاکی و بەخشندەیی خۆیەتی. نازانێ چۆن جڵەوی ئالیۆشا بکات. چاو لە هەموو خراپەکانی دەپۆشێ و بەم بۆنەیەشەوە ئازار دەچێژێ. ئەم خوێڕییە بێ هەستە چەندان جار خیانەتی لێ کردووە و هەڵیخەڵەتاندووە. ڤانیا، من ترسی ئەم دۆخەم لێ

نیشتووه. دەماربەرزی هەموویانی کوێر کردووه. ئای کە شتێکی چەند باش بوو گەر ئەم پیرەمێردە کچە نازەنینەکەمی ببەخشیبا و بیگەڕاندباوە ماڵێ. دەمتوانی لێی بڕوانم، ماچی بکەم! لاواز بووە؟))

- بەڵێ، ئانا ئاندریۆنا.

- ئاه! ئەی هاوڕێکەم، بێگومان بەڵایەکم بەسەردا دێت، ڤانیا، لە دوێنێ شەوەوە هەتا ئەمڕۆ هەر خەریکی گریانم... بەس دواتر باسی ئەمەت بۆ دەکەم! چەندین جار بە تانە و توانج تێمگەیاندووە و پێم گوتووە لە کچەکەمان ببووریت! زات ناکەم ڕاستەوخۆ ئەمەی پێ بڵێم، جا لەبەر ئەوە بە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی دیکەوە قسەم لەگەڵ کردووە. هێشتا حاشای لەو نەکردووە... زیرەم کردووە و دەترسێم دواجار ئەم کارە بکات... ئەوسا چیمان بەسەر دێت؟ گەر پیاوێك حاشا لە کچەکەی بکات، خودایش سزای دەدات. ڕۆژگاری من پڕ بووە لە ترس و دڵەڕاوکێ و هەمیشەی خودا لەرزم لێ نیشتووە. بەس تۆ ڤانیا، دەبێ تۆیش خەجاڵەت بکێشیت، تۆ لە ماڵی ئێمەدا گەورە بوویتە و وەك ڕۆڵەی خۆمان خۆشمان ویستوویت، کەچی ئێستەیش بەو کچە دەڵێیت دڵڕفێن. وەلێ هیچ کەسێك لە *ماریا ڤاسیلیۆنا* باشتر نازانێ. بەس تۆ چیت بەسەر هاتووە، بۆچی پێتوایە ئەو لەبەردڵانە؟ (من لەم بارەیەوە تووشی گوناحێك بوومە، چونکە ڕۆژێکیان کە نیکۆلای لە ماڵ نەبوو ماریام داوەتی ئێرە کرد هەتا فنجانێك قاوەم لەگەڵ بخواتەوە.) ئەو هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە. باوکی ئالیۆشا سەروکاریی لەگەڵ کۆنتیسێکدا هەیە. دەڵێن کۆنتیس لێی پەستە چونکە ئەو زەماوەندی لەگەڵ نەکردووە، بەس نەیهێشتووە پەیوەندیی لەگەڵ ئەودا بپچڕێ. ئەم کۆنتیسە لەو سەردەمانەیشدا کە مێردەکەی زیندوو بووە بە ڕەفتارە جلفانەکانی ناوی خۆی لەکەدار کردووە. وەختێك کە مێردەکەی – مێردەکەی خاوەن کێڵگە بووە و خواردنەوەی بەرهەم هێناوە – دەمرێت، لێی دەدا بۆ دەرەوەی وڵات و لەوێ لەگەڵ ئیتاڵی و فەرەنسییەکان دەست بە ڕابواردن و کەیف و سەفا دەکات! بە بارۆنێك ئاشنا دەبێت و هەر لەوێش بوو کە شازادەی خستە داو. لەم ماوەیەدا زڕ کچەکەی، کە لە مێردە ئەوەڵینەکەی بوو، گەورە دەبێت. کۆنتیسیش بە پارەی مێردەکەی بەردەوام خەریکی خۆشبوێری و هەڵەخەرجی دەبێت. ئەو دوو ملیۆنەیش کە لە مێردی یەکەمییەوە بە میرات بۆ کچەکەی ماوەتەوە، بە سوو دەیداتە ڕێکخراوێکی ڕەهنی و ساڵ دوای ساڵ پارەی زیاتری دێتە سەر. دەڵێن ئێستە ئەو پارەیە بووە بە سێ ملیۆن. شازادەش دەمودەست بە خۆی دەڵێ: ((چی لەوە باشتر کە ئەم هەلە بقۆزمەوە و کچەکەی لە ئالیۆشا مارە بکەم.)) (ئەو لەم کارانەدا دەستێکی باڵای هەیە و دەرفەتی لەکیس ناچێ!) کۆنتێکی خزمیشی هەیە، کە پیاوێکی دەسەڵاتدار و خاوەن پلەیەکی بەرزە، خۆ دەزانیت کە پەیوەندیشی لەگەڵ دەرباریشدا هەیە، جا ئەو کۆنتە ئەویش بۆ ئەم بابەتە هاوڕایەتی: خۆ سێ ملیۆن سەروەت گاڵتە نییە! کۆنت بە شازادە دەڵێ: ((ئەمە دەرفەتێکی باشە، ڕەزامەندیی کۆنتیسیش بەدەست بهێنن.)) شازادەش داواکەی بە کۆنتیس ڕادەگەیێنێ و دەیخاتە بەر باس. کۆنتیس هەلومەرجەکە بە دەرفەتێکی باش دەزانێ بۆ گەیشتنە ئامانجی خۆی، ژنێکی بەڕەڵا و بێ ساحێب و هەروەها دەڵێن ڕووداماڵراوە. تەنانەت کەسانێك ئامادە نین داوەتی ماڵەوەی بکەن. ئەویش بە شازادەی گوتووە: ((نا، شازادە، تۆ دەتوانیت لەگەڵ من زەماوەند بکەیت، بەس

زڕ کچەکەم نابێتە ژنی ئالیۆشا.)) جا هەر بەو جۆرەی کە دەیگێڕنەوە، ئەم کچە ئەڵقە لەگوێی زڕ دایکییەتی، ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنێ و هەرچی ئەو بیڵێ ئەم جێبەجێی دەکات. گوایە کچێکی ئێجگار پاك و بێگەردە و هەر دەڵێی فریشتەیە! شازادەش کە دەزانێت چۆن خاڵی لاوازی ئەو بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێ، پێی دەڵێ: ((خەمت نەبێ، کۆنتیس تۆ هەموو سامانەکەتت خەرج کردووە و دونیایەك پارەیش قەرزاریت. بەس گەر زڕ کچەکەت لەگەڵ ئالیۆشا زەماوەند بکات، دەبنە ژن و مێردێکی شیاو بۆ یەکدی: ئەو کچێکی پاکە، زمانی لە دەمدا نییە و ئالیۆشای منیش کەرێکە ئاو لێڵ ناکات! ئەوان دەخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە و دەبینە سەرووسیەتیان، لەم نێوەندەدا تۆیش پارەیەکی باشت چنگ دەکەوێ، کەواتە چ پێویست بەوە دەکا زەماوەند لەگەڵ من بکەیت؟)) پیاوێکی تەڵەکەبازە، فەرمەسۆنێکە بۆ خۆی![1] تا ماوەی شەش مانگیش کۆنتیس هەر سەری نەدەهێنایە ڕاستە و لێنەبڕابوو، بەس دەڵێن ئێستاکە دووقۆڵی ڕۆیشتوون بۆ *وڕشۆ* و لەوێ ڕێککەوتوون. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ماریا بۆی گێڕامەوە، ئەویش ئەم باسەی لە کەسێکی باوەڕپێکراوەوە بیستووە. ئەسڵی مەسەلەکە ملیۆنە پارە بوو، ئەوجا تۆیش باسی جوانی و سەرنجڕاکێشیی ئەوم بۆ دەکەیت!

حەکایەتەکەی ئانا تەواو سەرسامی کردم. ڕێك هەمان ئەو حەکایەتە بوو کە ماوەیەك پێشتر ئالیۆشا بۆی گێڕامەوە، بەس لە کاتی گێڕانەوەیدا سوێندیشی خوراد کە هەرگیز ئامادە نییە لەگەڵ هیچ کەسێك لە پێناو پارەدا زەماوەند بکات. بەس ئەم کچەش کە *کاترین*ی ناوە، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەو جێهێشت بوو. ئالیۆشاش هەر وەهای بە من گوت کە لەوانەیە باوکی دیسان زەماوەند بکاتەوە، بەس خۆی نکۆڵی لەم بابەتە دەکات و بە ڕەدکردنەوەی ئەم دەنگۆیانە دەیەوێ کۆنتیسی لێ نەڕەنجێ. من گوتم: ((ئالیۆشا باوکی زۆر خۆشدەوێ: پێیدا هەڵدەدا و شانازیی پێوە دەکات، لە هەمان کاتیشدا باوەڕێکی پتەوی بەو هەیە.))

ئانا وەك کاردانەوە بەرانبەر بە وەسف و ستاییشی من بۆ دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەی ئالیۆشا، گوتی:

باشە، ئەم کچە دڵڕفێن و لەبەردڵانەی تۆ کە سەر بە بنەماڵەیەکی خانەدانیشە، هەرگیز شان لە شانی ناتاشا نادات. باوکی ئەم کچە کێڵگەدارێکی بەرهەمهێنی خواردنەوە بوو، کەچی ناتاشا سەر بە بنەماڵەیەکی دێرین و ڕەسەنە. دوێنێ نیکۆلای (بیرم چووبوو بۆت باس بکەم)، سەندووقچە ئاسنینەکەی کردەوە، دەزانیت؟ جا هەموو شەوەکە بە نیشاندان و سەیرکردنی بەڵگە و سەنەدەکانی بنەماڵەکەیەوە خەریك بوو. سیمای زۆر جددی بوو. من سەرقاڵی چنینی گۆرەوی بووم و زاتم نەبوو ئەوەندە تەماشای بکەم. بێدەنگییەکەم تووڕەی کرد، پاشانیش دەستی بە خوێندنەوەی ڕەگەزنامەی بنەماڵەیی و ناوی ئەژدادی بۆ من کرد و هەتا درەنگانێکی شەو درێژەی کێشا. دەرکەوت کە بنەماڵەی ئیخمینف لە سەردەمی *ئیڤانی سامناك*دا سەر بە چینی خانەدانەکان بوونە. بنەماڵەی منیش کە ناوی

[1]. فەراماسۆن: ئەندامی ڕێکخراوی فەراماسۆنێری کە تۆڕێکی پان و بەرینی نهێنیە لە سەرانسەری دونیادا، کە خۆیان پێیان وایە بڕوایان بە کتێبی ئاسمانی، ملکەچی یاسای وڵات، برایەتی جیهانی، ئازادی بیرو بۆچون هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ناویان بە شۆفار دەرچو لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بە دزێو و چەپەڵ ناو دەبرێن. (و، ك)

*شومیلف* بووە لە سەردەمی *ئەلێکسی میخائیلۆڤیچ*، یانی سەر زنجیرەی *ڕۆمانۆفەکان* خاوەن پێگە و ناوبانگێکی تایبەتی بووە. لەم بارەیەوە بەڵگە و سەنەدیشمان هەیە، *کارامزین* لە کتێبە دوازدە بەرگییەکەیدا کە ناوی *((مێژووی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا))* یە ناوی بنەماڵەکەی من دەهێنێ. بەم پێیەش دەبینیت ئازیزەکەم کە ئێمەیش شتێکی ئاوهامان لە ناودار و خانەدانەکان کەم نییە. کە نیکۆلای ئەم شتانەی بۆ ڕوونکردمەوە، دەمودەست زانیم بیر لە چی دەکاتەوە. ئەویش ئازار دەچێژێ بەوەی کە ناتاشا ڕسوا بکەن و بە چاوێکی سووکەوە لێی بڕوانن. ئەوان بێ لە سەروەتەکەیان هیچ شتێکی دیکەیان نییە کە لە بەرانبەر ئێمەدا خۆیانی پێوە هەڵبکێشن. ئێستاکەش ئەو شازادە چەتەیەی کە بۆ بەدەستهێنانی ماڵ و موڵك ئەو هەموو پەلەقاژەیە دەکات، هەمووان دەزانن کە مرۆڤێکی چاوبرسی و بێبەزەییە. دەڵێن گوایە لە ورشۆ بە شێوەیەکی نهێنی چووەتە ڕیزی *ژزویتەکانەوە*[1]، وایە؟

گەرچی من دەربارەی ئەم هەموو دەنگۆیانەی کە لەبارەی شازادەوە بڵاو ببوونەوە کونجکۆڵ بووبووم، کەچی لە هەمان کاتدا گوتم: ((ئەمانە هەمووی هەڵیت و پەڵیتن.)) بەس بیستنی ئەو بابەتەی کە نیکۆلای بەڵگە و سەنەدە بنەماڵەییەکانی دەرهێناون و چاوی پێداخشاندوون، بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوو. لە ڕابردوودا هەرگیز شانازیی بە بنەماڵەکەیەوە نەدەکرد و لافی پێوە لێنەدەدا. ئانا درێژەی دایە گوتەکانی: ((ئەمانە هەموویان هەرچی و پەرچی و مرۆڤانێکی بێ هەستن، بەس هەر بەڕاست ناتاشای من، کۆترەکەی من چی دەکات، ئایا خەمگینە و هەمیشە خەریکی گریانە؟ ئاە! ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە سەردانی بکەیت! ماتریۆنا، ماتریۆنا، دەستچڵاك! بزانم، خۆ سووکایەتییان بە ناتاشا نەکردووە، ها؟ قسە بکە ڤانیا.))

نەمدەتوانی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە. پیرەژنەکە دایە پرمەی گریان. لێم پرسی چ شتێکی دی لە ئارادایە کە بۆی باس نەکردبم.

- ئاە! کوڕە ئازیزەکەم، هەر بە تەنیا خەم و خەفەت بەس نییە، ئێمە هێشتاکە دوا چۆڕی جامی بەڵامان هەڵنەقوڕاندووە. هاوڕێی ئازیز بیرت دێت کە من گەردانەیەکی زێڕینم هەبوو کە چوارچێوەیەکی گچکەی پێوەبوو، جا منیش وێنەیەکی سەردەمی منداڵیی ناتاشام خستبووە ناو چوارچێوەکە، کچۆڵەکەم لەو سەردەمەدا هەشت ساڵان بوو. وێنەکێشێکی گەڕۆك وێنەکەی بۆ کێشام، بەس دەبینم بیرت نایێ، وێنەکێشێکی لێهاتوو بوو وێنەی ناتاشای لە شێوەی فریشتەی عەشقدا کێشا. لەو سەردەمانەدا قژەکانی لوول و ئاڵتوونی بوون، وێنەکێشەکە ئەوی لە جلێکی موسلینیدا کێشابوو کە پەیکەرە بچکۆلانەکەی وەدەردەخست. هێندە جوانکیلانە بوو کە چاو لە بینینی تێر نەدەبوو. داوام لە وێنەکێشەکە کرد هەتا دوو باڵی بچکۆلەش بەسەر شانەکانییەوە بکێشێ، بەس قایل نەبوو. جا هاوڕێکەم، هەروا بێتەوە، دوای ئەم هەموو بەدگۆیی و سووکایەتیانە، ئەو گەردانەیەم لە سەندووقە چکۆڵانەکەم دەرهێنا و کردمە ملم، بەردەوامیش ترسی ئەوەم هەبوو کە نیکۆلای پێی بزانێ. چونکە گوتبووی هەموو کەلوپەل و

---

[1]. شوێن کەوتوانی ڕێبازی کاتۆلیك.

**پێداویستییەکانی ناتاشا تووڕ بدەم یان بیانسووتێنم هەتا ئیدی ئەومان وەبیر نەهێننەوە. بەس من پێویستیم بەوە بوو کە جار جار وێنەکەی ببینم، بە بینینی فرمێسك بە چاوا نمدا دەهاتە خوار و ئەم کارەش سووکنای پێ دەبەخشیم، لەو کاتانەشدا کە تەنیا بووم، وێنەکەیم ماچ باران دەکرد، ئای کە چەندم حەز دەکرد بەخۆی لێرەبێ یەك دونیا ماچی بکەم، جا بە چەندین ناوی ئەویندارانەوە بانگم دەکرد و کە شەویش دادەهات خاچم بۆ دەکێشا. لە کاتەکانی تەنیاییمدا بە دەنگی بەرز قسەم لەگەڵ دەکرد، شتگەلێکم لەو دەپرسی و بە خەیاڵیش دەمهێنایە بەرچاوی خۆم کەوا خەریکە وەڵامم دەداتەوە. ئاە! ڤانیای ئازیز، تەنانەت بە گێڕانەوەی ئەم قسانەش دڵم دەشکێ. بە کورتیەکەی خۆشحاڵ بووم بەوەی کە نیکۆلای ئاگای لەم بابەتە نییە و بە گەردانەکەی نەزانیوە. بەس دوێنێ سەیر دەکەم ئیدی گەردانەکە دیار نییە. تەنیا زنجیرەکەی بە گەردنمەوە شۆڕ بووەتەوە. هەبێ و نەبێ ئەڵقەی چوارچێوەی وێنەکە لە جێیەکدا شکاوە و دیار نەماوە. خەریك بوو شێت دەبووم، چەندان جار بە هەموو کون و قوژبنێکدا گەڕاوم. دیار نەمابوو، نەمدەزانی کەوتووتە کوێ؟ لەبەرخۆوە گوتم بێگومان دەبێت لە جێ خەوەکەم دا لێم کەوتبێت، جێخەوەکەمم ژێر و ژوور کرد و هەر نەمدۆزییەوە. گەر زنجیرەکە پسابێت و لێی جیابووبێتەوە، ئەوا دەبێ کەوتبێتە دەستی چ کەسێك؟ ‹‹ئەو›› یان ماتریۆنا؟ خەمی ماتریۆنام نییە، ئەو زۆر بە وەفایە بۆ من... هێی ماتریۆنا، ئەرێ ئەو سەماوەرە دەهێنیت یان نا؟ بەخۆمم گوت گەر نیکۆلای ئەوی دۆزیبێتەوە ئەوا دەبێت چی بقەومێ؟ ئیدی من دەستم هیچ کارێك ناگرێ و هەر خەریکی فرمێسك ڕشتنم. ئێستاکە نیکۆلای زیاتر لە ڕابردوو لەگەڵم نەرمونیانە، بە بینینم خەمگین دەبێت، وەك بڵێی سۆسەی ئەوەی کردووە کە بۆچی من دایمە خەریکی گریانم. لە دڵی خۆمدا دەڵێم: چۆنی زانیوە؟ لەوانەیە وێنەکەی دۆزیبێتەوە و تووڕی دابێ. ئەم کارانەی لێ دەوەشێتەوە، ئەوی تووڕداوە و ئێستەش داخیەتی، فڕێدانی وێنەکە خەمباری کردووە. پاشان لەگەڵ ماتریۆنا چوومە حەوشە و بە هەموو جێیەکدا گەڕام و هەر نەمدۆزییەوە. دەبینم ئیدی شەوانە ناتوانم خاچ بۆ وێنەکەی بکێشم. ئای لەم بەدبەختییە گەورەیە، ئای لەم ئاقیبەتە ناخۆشە، ڤانیا، هەموو ئەمانە نیشانەگەلێکی خراپن. ئەوا یەك ڕۆژی تەواوە کە من بەردەوام خەریکی فرمێسك ڕشتنم. بە چەشنێك چاوەڕوانیم دەکردیت کە وەك بڵێیت بە تایبەت لەلایەن خوداوە بۆ من ڕەوانە کرابیت هەتا کەمێك سووکناییم پێ ببەخشیت.**

**پیرەژنەکە پاشان دەستی کردە فرمێسك ڕشتن و بە کوڵ دەگریا.**

**لە پڕ بە خۆشحاڵییەوە گوتی: ((ئاە! بەڕاست بیرم چوو پێت بڵێم، سەبارەت بە ڕاگرتن و بەخێوکردنی کچە هەتیوێك، هیچی بە تۆ نەوتووە؟))**

**- بەڵێ ئانا، گوتی ماوەیەکی زۆر بە باشی بیرتان لەم بابەتە کردووەتەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە کچۆڵەیەکی بێ دایك و باوك بکەن بە ڕۆڵەی خۆتان. ڕاستە؟**

- من هەرگیز بیرم لەم بابەتە نەکردووەتەوە، هاوڕێکەم، تەنانەت ئەممە بە خەیاڵیشدا نەهاتووە. هیچ کچۆڵەیەکی هەتیویشم ناوێ. ئەو چارەڕەشی و بەدبەختییەکانی خۆمانمان بیر دەخاتەوە. بێ لە ناتاشا هیچ کەسێکم ناوێ. من هەر بە تەنیا یەك کچم هەبووە و ناشمەوێ کچێکی دیکەم هەبێت. داخۆ چ شتێك کەڵکەڵەی هێنانی کچۆڵەیەکی دیکەی خستبێتە سەری، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت، ڤانیا؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئیدی حەز ناکات من بگریم و دەیەوێ دڵنەواییم بکات، یان بە نیازە یادی کچەکەی لە یادگەیدا بسڕێتەوە و بە ڕۆڵەیێکی دیکەوە هۆگربێ؟ لەبارەی منەوە چیی بە تۆ گوت؟ وەختی باسکردنی ئەم بابەتە، تووڕە و قەڵس نەبوو؟ بێدەنگ! وا هات. دواتر هەموو شتێکم بۆ باسبکە، ئازیزم، دواتر... بیرت نەچێ سبەینێ بێیت بۆ لام...

١٣

نیکۆلای هاتە ژوور، بە کونجکۆڵییەوە لێمان ورد بووەوە و وەك ئەوەی لەبارەی شتێکەوە خەجاڵەت بکێشێ، ناوچاوی تاڵ کرد، نزیکی مێزەکە بووەوە و پرسیی: ((هێشتا سەماوەرەکە ئامادە نەبووە؟))

ئانا بە شپرزەییەوە گوتی: ((هەر ئێستە دەیهێنێت، هاکا هاوردی، هاوڕێی من، ئەوەش سەماوەر.))

هەر لەگەڵ هاتنی نیکۆلایدا، ماتریۆنا بە خۆی و سەماوەرەکەیەوە سەروشکڵی بەدیار کەوت، دەتگوت چاوەڕێی هاتنی گەورەکەی بووە هەتا ئەویش یەکسەرە سەماوەرەکە بهێنێ و بیخاتە سەر مێزەکە. پیرە خزمەتکارێکی نەزان و وەفادار بوو، بەس ئێجگار بە پرتە و بۆڵە و مەزاجی بوو، خزمەتکارێکی کەللەڕەق و سەرسەخت بوو. لە نیکۆلای دەترسا و لەبەردەم ئەودا زمانی خۆی دەگرت. بەس هەقی ئەمەی لە ئانای داماو دەکردەوە، بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك پرتە و بۆڵەی بەسەردا دەکرد و بە ئاشکرای دەیویست بەسەر خانمەکەیدا زاڵبێت، لە هەمان کاتیشدا خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئەو و نیکۆلای هەبوو. من دەمێك بوو کە شارەزای خوو و ڕەوشتی ماتریۆنا بووم.

نیکۆلای بە دەنگێکی هێواش و ورتە ورتەوە گوتی: ((زۆر ناخۆشە پیاو جلی تەڕی لەبەر دابێت، بەتایبەت لە دۆخێکدا کە کەسێك نەبێ چایەکت بۆ دەم بکات.))

ئانا دەستبەجێ سەیرێکی منی کرد. نیکۆلای کەیفی بەم سەیرکردنە نهێنیانە نەدەهات و گەرچی لەو ساتەدا هەوڵی دەدا سەیری ئێمە نەکات، بەس دەکرا لەڕێی دەموچاویەوە سۆسەی ئەوە بکەیت کە سەیر کردنە نهێنییەکەی ئانای دیووە و زانیویەتی پەیوەندی بەوەوە هەیە.

کتوپڕ ڕووی کردە من و گوتی: ((بۆ ڕاییکردنی ئیش و کارەکانم چووبوومە دەرێ، ڤانیا. پیلانێکی گڵاو لە باری جێبەجێکردندایە. بە تۆم گوتبوو کە من لە دادگەدا بە تەواوی تاوانبار کراوم؟ من هیچ بەڵگە و شایەتێکم نییە، هیچ سەنەدێکم لەبەردەستدا نییە و لێکۆڵینەوەش بە شێوەیەکی ناداد پەروەرانە بەڕێوە دەچێت... هم...))

باسی ئەو دەمەقاڵێیەی نێوان خۆی و شازادەی دەکرد کە لە دادگەدا ڕوویدابوو، ئەم دادگاییە تا دەهات درێژتر دبووەوە، بەس ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر و زیاتر بەسەر نیکۆلایدا دەشکایەوە. من لێی کڕ بووبووم و نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە. ئەویش بە نیگاگەلێکی شك ئامێز و گوماناویەوە لە منی دەڕوانی.

جا پاشان وەك ئەوەی کە لە بێدەنگیی من و هاوسەرەکەی قەڵس بووبێت، هاواری کرد: ((جا خەم! چی دەبێت با ببێت، ئەم دادگاییە نەفرەتییە هەتا زووتر دوایی بێت باشترە. تەنانەت گەر ناچار بە بژاردنی پارەشم بکەن، ئەوا هەر ناتوانن بە مرۆڤێکی دەستپیس و سووك و چرووکم نیشان بدەن. خۆ من ویژدانم ئاسوودەیە، بە جەهەننەم با هەر تاوانبارم بکەن! خۆ لایەنی کەم ئەم مەسەلەیە دەبڕێتەوە، من تا پلووچ و مایە پووچ دەکەن، بەس لە بەرانبەر ئەمەدا وازم لێدەهێنن... واز لە هەموو شتێك دەهێنم بەرەو سیبریا بەڕێ دەکەوم.))

ئانا خۆی پێ ڕانەگیرا و گوتی: ((بۆ سیبریا، ئەی خودای من، بۆ ئەو بنی دونیایە؟))

نیکۆلای بە ئاوازێکی ڕقاوییەوە، وەك ئەوەی بیەوێ بەم شێوە قسەکردنە کەمێك نارەحەتییەکەی سووك بکا گوتی:

- لێرە لە چییەوە نزیکین؟

ئانا گوتی: ((لەم هەموو... خەڵکە...)) جا پاشان سەیرێکی منی کرد.

نیکۆلای لە بارێکدا کە بە نۆرە جارێك لە من و جارێك لەوی دەڕوانی، گوتی: ((کامە خەڵك؟ باسی کێ دەکەیت؟ ئەم دزانە، ئەم بوختانچی و ناپاکانە؟ خەمت نەبێت چەم بێ چەقەڵ نابێ و ئەم جۆرە مرۆڤانەش لە هەموو جێیەك پەیدا دەبن. لە سیبریاش هەر لووتمان بەر لووتیان دەکەوێ. گەر تۆ ناتەوێ لەگەڵ من بێیت، ئەوا ناچارت ناکەم و بۆت هەیە لێرە بمێنیتەوە.))

ئانای داماو بە ناڵەوە گوتی: ((نیکۆلای، هاودەمی من، من بێ تۆ بە تاقی تەنیا لێرە چی بکەم؟ خۆت باش دەزانیت کە من جگە لە تۆ لەم دونیایەدا هیچ کەسێکم نییە، هیچ کەس...))

بە حەپەسان و سەرسوڕمانەوە بێدەنگ بوو و بە نیگایەکی هەراسانەوە ڕووی لە من کرد، پێدەچوو بیەوێت من قسەیەك لەسەر بابەتەکە بکەم و خێرا یارمەتییەکی بدەم. نیکۆلای تووڕە بوو. بیانووی بە هەموو شتێك دەگرت، نەدەکرا بۆچوونێکی پێچەوانەی بۆچوونی ئەو دەربڕیت. گوتم:

- خەمت نەبێت، ئانا، ژیان کردن لە سیبریا بەو ڕادەیەش سەخت نییە کە باسی دەکەن. گەر ڕەوشەکە نالەبار بێت و بە زیان بەسەرتاندا بشکێتەوە، دەتوانن موڵکەکەتان بفرۆشن، بەرنامەی نیکۆلای قسە هەڵناگرێ. دەتوانن لە سیبریا جێگەیەکی باش پەیدا بکەن و ئەوسا...

نیکۆلای گوتی: ((ئاه! لەدەست تۆیش ئیڤان، زۆر جددی قسە دەکەیت. من هەموو شتم بڕاندووەتەوە، واز لە گشت شتێك دەهێنم و دەڕۆم.))

ئانا لە بارێکدا کە بە ناڕەحەتییەوە دەستەکانی لێك دەخشاند گوتی: ((باشە، وەلێ من چاوەڕێی بیستنی قسەیەکی ئاوها نەبووم، قسەکانی تۆیش وەك هیکانی ئەون ڤانیا، چاوەڕێی ئەم قسانەم لێ نەدەکرد... تۆ بێ لە سۆز و خۆشەویستی هیچ شتێکی دیت تا ئێستە لە ئێمەوە نەدیوە و ئێستاکەش...))

نیکۆلای گوتی: ((ها! ها! ها! ئەی بە تەمای چیبیت؟ سامانەکەمان بە با چووە، خەریکی خەرجکردنی دواهەمین کۆپیکمانین، لەوانەیە بتەوێ پێم بڵێیت بچم بۆ لای شازادە، لێی بپاڕێمەوە و داوای لێ بووردنی لێ بکەم؟))

بە بیستنی ناوی شازادە سەرا پای ئانا کەوتە لەرزین. کەوچکی چایەکەی لە دەست کەوتە سەر ژێرفنجانەکە و دەنگێکی بەرزی لێوە هات.

نیکۆلای بە شادییەکی لاسارانە و نیشاندەری ناجنسییەوە درێژەی دایە قسەکانی: ((بۆچوونی تۆ چییە، ڤانیا، دەبێت بچین بۆ سیبریا، ئەرێ؟ یان واباشترە بەیانی جلێکی ڕێکوپێك بپۆشم، قژەکانم دابهێنم، خۆم بڕازێنمەوە: ئانا پۆشاکێکی تازەم بۆ ئامادە دەکات ( پیاو دەبێت بەم شێوەیە بچێتە بەردەم ئەو پیاوە پایەبەرزە!) جوتێك دەسکێشیش دەکرم هەتا شیاو دەربکەوم و دەچمە بەردەم پایەبڵند و ئێژم: ‹‹پایەبڵند، ئەی بەخشندە، نانبدەی من، باوکەکەم! لێم ببوورە، بەزەییت بە مندا بێتەوە، پارەوە نانێکم پێ بدە، من ژنم هەیە و منداڵم وردە!...›› ئەی وانییە، ئانا؟ تۆ ئەمەت دەوێ؟))

- من هیچ شتێکم ناوێ،هیچ شتێك دۆستی ئازیز! هەر لەخۆوە قسەم کرد، لە گەمژەییاندا. لێم ببوورە گەر ناڕەحەتم کردیت،تەنیا هاوار مەکە.

ئەم قسانەی لە بارێکدا کردن کە سەرا پای کەوتبووە لەرزین.

من دڵنیام کە نیکۆلای لەو ساتەدا، بە بینینی هاوسەرە بەدبەختەکەی کە لە ترس و ناڕەحەتیاندا فرمێسکی دەڕشت، دڵی نەرم بوو و سەرا پای بووە سۆز. گومانم لەوەدا نییە کە لە هاوسەرەکەی زیاتر ئازاری دەچەشت، بەس نەیدەتوانی بەر بەخۆی بگرێت. مرۆڤە ئاکار بەرز و هەستیارەکان جار جار تووشی وەها حاڵەتێك دێن، سەرەڕای دڵپاکییان، لە خەم و تووڕەییاندا مۆڵەتی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە چێژ لە ئازاردانی ئەوانی دیکە وەربگرن،

حەزدەکەن بە هەر نرخێك بێت، تەنانەت لەڕێی سووکایەتی کردن بە کەسانی بێگوناحیشەوە، بەتایبەت سووکایەتی کردن بە کەسانێك کە زیاتر لەوانەوە نزیکن، داخی دڵیان هەڵبڕێژن. بۆ نموونە جاری وا هەیە ژنێك لای وایە کە پێویستە خۆی بە سووکایەتی پێکراو و چارەڕەش هەست پێ بکات، تەنانەت گەر سووکایەتی پێکردن یان چارەڕەشییەکیش لە ئارادا نەبێت. پیاوانێکی زۆریش هەن کە لەم بارەیەوە لە ژنان دەچن، تەنانەت ئەو پیاوانە بەهیچ شێوەیەك لاواز یان ژنڕەنگیش نین. نیکۆلاییش گەرچی خۆی بەر لە هەموو کەسێك ئازاری بە کارێکی لەو جۆرە دەچەشت، بەس وای هەست دەکرد کە پێویستی بە دەمەقرێیەك هەیە.

بیرم دێت کە لەو ساتەدا فکرێکم بە مێشکدا هات: ئایا پێشتر، هەر بەو جۆرەی کە ئانا بە گومان بۆی چووبوو، دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو کارە نەکردبوو؟ کێ چووزانێ؟ لەوانەیە خودا ئەو فکرەی خستبێتە سەرییەوە کە بچێت بۆ لای ناتاشا، بەس لەوانەیە لە ڕێگەدا ڕای گۆڕابێت یان گرفتێکی بۆ هاتبێتە پێش و لە بڕیارەکەی پاشگەزی کردبێتەوە (ئەگەری زۆرە)، جا ئەوسا شەرمەزارانە، بە تووڕەیی و سەرشۆڕییەوە گەڕاوەتەوە و ئەوەی بە مێشکدا هاتووە کە ئەو ڕقەی لە «لاوازییەکەی» وە سەرچاوەی گرتووە بەسەر کەسێکدا خاڵی بکاتەوە، بە وردیشەوە کەسێکی بۆ ئەم کارە دیاری کردووە کە هەمان هەست و ویستی ئەوی هەیە. لەوانەشە لەبەر ئەوەی کە حەزی کردووە ناتاشا ببەخشێت، شادی و کەیف و خۆشیی ئانای داماوی هێناوەتە بەر چاوی خۆی و لەبەر ئەوەیش لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا شکستی خواردووە، «بێگومان» دەبێت هەر ئانای بێنەوا باجەکەی بدات. پیرەمێرد کە هاوسەرەکەی بەو دۆخە پڕ لە ترس و لەرزەوە بینی، خەم دایگرت. پێدەچوو شەرم لە ڕەفتاری خۆی بکات و بۆ چەند ساتێك بەسەر خۆیدا زاڵ بوو. هەمووومان بێدەنگ بووین، من هەوڵمدا لێی نەڕوانم. بەس ئەم چەند ساتە دڵگرە زۆری نەخایاند. نیکۆلای دەیویست بەهەر نرخێك بووە قینی دڵی هەڵبڕێژێ، جا لەڕێی خۆتووڕەکردن و قیڕ و هووڕەوە بێت یان لەعنەت و نەفرەت کردن. لە پڕ بە منی گوت:

- دەزانیت ڤانیا، ئەم دۆخە ئازارم دەدات، نەدەبوو هیچ بڵێم، بەس ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بێ پێچ و پەنا قسەی دڵی خۆم بکەم، بێ ئەم لا و ئەو لا، بە ڕاشکاوی، وەك مرۆڤێکی بە شەرەف... خۆ تێم دەگەیت، ڤانیا؟ خۆشحاڵم کە لێرەیت و دەمەوێ هەموو ئەوەی کە لە دڵمدا پەنگی خواردووەتەوە بە ڕوونی دەربڕم هەتا «دیتران» یش بزانن، بزانن کە ئەم هەموو قۆڕیات و ئاە هەڵکێشان و بەدبەختییە، ئیدی کاسەی سەبری لێوڕێژ کردووم. دەمەوێ بزانن ئەو کەسەی کە جگەر خوێنی کردووم و لە دڵما دەرم کردووە، ئیدی پێ ناخاتەوە دڵم. بەڵێ، هەر وا دەکەم. مەبەستم ئەو ڕووداوەیە کە شەش مانگ لەمەوبەر ڕوویداوە، تێم دەگەیت، ڤانیا؟

پاشان لە دۆخێکدا کە بە نیگایەکی بڵێسەدارەوە لێم ورد دەبووەوە و بە ڕوونی خۆی لە سەیرکردنی هاوسەرە تۆقیوەکەی بەدوور دەگرت، لەسەری ڕۆیشت:

- بۆیە ئاوها ڕێك و ڕاست قسە دەکەم، هەتا باش لە مانای قسەکانم حاڵی ببیت و لێکدانەوەیەکی هەڵەیان بۆ نەکەیت. دووبارەی دەکەمەوە: ئیدی نامەوێت ئەم فڵتە فڵتانە ببیستم. ئەوەی کە زیاتر لە هەر شتێکی دی من دەهری دەکات ئەوەیە کە ‹‹ئەوانی دی›› لایان وایە کە منیش ئەو هەستە سووك و چروکانەم هەیە، وەك بڵێیت من دەبەنگترین و کەموکورتترین مرۆڤ بم...لایان وایە لەتاو خەم و خەفەتدا شێت بوومە... ئەمانە هەمووی قۆڕیاتن! من هەموو هەستەکانی ڕابردوومم لە دڵدا سڕیونەتەوە و فەرامۆشم کردوون! ئیدی هیچ یادگارییەکم لە زهندا نییە... نا، نا، نا!...

لە پڕ هەستایە سەر پێ و مستێکی بە مێزەکەدا کێشا و فنجانەکان کەوتنە زرنگە زرنگ.

منلە باڕێکدا کە ئیدی زیاد لەوە خۆمم پێ ڕانەدەگیرا و کەم تا زۆر بە تووڕەییەوە لێی ڕامابووم، گوتم: ((نیکۆلای سێرگەڤیچ، ئێوە دڵتان بۆ ئانا ناسووێ؟ بەزەییتان نییە؟ سەیرکەن چیتان بەسەر هێناوە! )) بەس ئەم قسانەی من وەك ئەوە وابوو کە ڕۆن بەسەر ئاگردا بکەیت.

سەرا پای کەوتە لەرزە و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((من بەزەییم نییە، بەزەییم نییە، چونکە هیچ کەسێك دڵی بە من ناسووتێ! بەزەییم نییە، چونکە هەر لە ماڵەکەی خۆمدا پیلام لە دژ دەگێڕن، لە دژی منێك کە لەبەر کچە بێحەیاکەی کە شیاوی خراپترین سزا و نەعلەت و نەفرەتە، ئاوڕوومم لەدەست داوە! ))

ئانا بە هاوارەوە گوتی: ((نیکۆلای سێرگەڤیچ، دۆستی من، نەفرەتی لێ مەکە، هەرچیت پێ خۆشە بیکە، بەس نەفرەت و نەعلەت لە کچەکەت مەکە، حاشای لێ مەکە.))

پیرەمێردەکە دیسان بە دەنگێکی بەرزترەوە گوتی: ((شیربەحەرامی دەکەم، بە نەفرەتی دەکەم، چونکە دەتانەوێ منێکی ئاوڕووڕژاو و سووکایەتی پێکراو، بچم بۆ لای ئەم نەفرەتییە و داوای لێبووردنی لێ بکەم! بەڵێ، بەڵێ، ئەمەتان دەوێت. هەمیشە، شەو و ڕۆژ بەم مەسەلەیە ئازارم دەدەن، بە فرمێسك ڕشتن و ئاە و ناڵە و توانجی گەمژانە دەتانەوێ نەرمم بکەن.)) پاشان بە خێرایی و بە دەستێکی لەرزۆکەوە دەستە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و ڕوو بە من درێژەی دایێ: ((بڕوانە، ڤانیا، ئەمە پوختەی دۆسییەی دادگاییەکەمانە. لەوێدا من حوکمی دز و تەڵەکەچییەکم بەسەردا دراوە کە ماڵ و موڵکی کەسێکی چاکەخوازم خیت کردووە!... ئەم کچە حەیای بردووم، ڕسوای کردوم! بڕوانە، سەیرکە، سەیرکە.))

پاشان بە گیرفانە جۆراوجۆرەکانیدا دەستی کردە گەڕان و دەرهێنانی کاغەزگەلێك و یەك بەدوای یەك خستنیە سەر مێزەکە و بە شپرزەییەوە بۆ کاغەزێك دەگەڕا هەتا بەمنی نیشان بدات، بەس ئەو کاغەزەی دەست نەکەوت کە مەبەستی بوو. بە شپرزەیی و بێ ئارامییەوە، بە گیرفانەکانیدا دەستی کردبووە گەڕان و هەرچیی بە دەستەوە دەهات

هەڵی دەڕشتە سەر مێزەکە و لە پڕ، شتێکی قورس کەوتە سەر مێزەکە و دەنگێکی بەرزی لێوەهات... ئانا هاوارێکی لێ هەستا. شتەکە چوارچێوەی هەمان ئەو وێنە بچووکە بوو کە لێی ون ببوو.

بە زەحمەت دەمتوانی بڕوا بەو دیمەنەی بەر چاوم بکەم. خوێن شاڵاوی هێنایە سەر ڕووخساری پیرەمێردەکە و ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕاندن، جا سەراپای کەوتە هەڵلەرزین. ئانا دەست لەسەر سنگ ڕاوەستابوو و بە نیگایەکی مەیلەو پاڕانەوەوە لەوی دەڕوانی. ڕووخساری بە هیوایەکی کتوپڕانە گەشابووەبووە. ئەم حەپەسان و سوور هەڵگەڕانەی پیرەمێردەکە لەبەردەم ئێمەدا... نا، ئانا بەهەڵەدا نەچووبوو، ئێستا لەوە دەگەیشت کە چۆن چۆنی چوارچێوەی گەردانەکەی گوم بووە!

تێگەیشت کە مێردەکەی ئەوی دۆزیوەتەوە و زۆریش خۆشحاڵ بووە، یان لەوانەشە لە خۆشیاندا سەراپای کەوتبێتە لەرزین، جا بەخنجیلانە ئەوی حەشارداوە و لە خەڵوەتدا و بە ئەوینێکی لێوان لێوەوە، بێ ئەوەی هەرگیز تاسەی بشکێ، هەر بە سەیرکردنی ڕووخساری چکۆڵەی کچەکەیەوە خەریك بووە، لەوانەشە وەك هاوسەرە داماوەکەی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ناتاشای ئازیزیدا ڕاز و نیاز بکات دەرگەی ژوورەکەی پێوە دابێت و لەوێ خۆی بەند کردبێت، بە خەیاڵ ئەوی هێناوەتە بەرچاوی خۆیی و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داوەتەوە، چەندان جار وێنە جوانکیلانەکەی ماچ کردووە و ئەو کەسەی کە لە بەرانبەر ئەوانی دیدا بەنەفرەتی کردووە و گوتویەتی نایەوێت چاوی پێی بکەوێ، لەو خەڵوەتەدا نەك هەر بە تەنیا لێیشی خۆش بووە، بەڵکە لە خوداش پاڕاوەتەوە کە لێی ببوورێ و خۆشبەختی بکا.

ئانا کە ئیدی نەیدەتوانی لە بەرانبەر ئەم باوکە سەرسەختەی کە خولەکێك لەمەوبەر کچەکەی بەنەفرەت دەکرد خۆی ڕابگرێ، بە هاوارەوە گوتی: ((کەواتە تۆ ئازیزم، هێشتاکە ئەوت خۆش دەوێ!))

بەس نیکۆلای بە بیستنی هاواری هاوسەرەکەی، هەروەکو شێت هەڵچوو و چاوانی پڕ لە بڵێسەی ڕق بوون، وێنە چوارچێوەدارەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، جا بە زەوییدا کێشا و بە ڕق و قینەوە دەستی کردە پامال کردنی. لەو دۆخی هەناسە سوارییەدا بە دەنگێکی وەك نەڕەوە گوتی: ((نەفرەتی خودای لێ بێت، بۆ تاهەتا، بۆ تاهەتا!))

ئانا بە نك و ناڵەوە گوتی: ((ئەو، ئەو، ناتاشای ئازیزم. ڕووخسارە خنجیلانەکەی... خەریکە پامالی دەکات! پامالی دەکات! زاڵم، خۆپەرستی بێ هەست، بێ بەزەیی!))

نیکۆلای بە بیستنی ناڵە و شیوەنی ژنەکەی، هۆشی هاتەوە سەر خۆی، ئێستێکی کرد، تاسا و لەجێوە وشك بوو. لە پڕ وێنەکەی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە و ویستی خێرا بچێتە دەرێ، بەس هێشتا چەند هەنگاوێکی نەنابوو کە ئەژنۆی دادا، دەستەکانی خستنە سەر قەنەفەکەی، جا بە بێ هازی و شەکەتییەوە سەری خستە سەر قەنەفەکە.

هەروەك منداڵێك، وەك ژنێك، دەستی كردە هەنسكدان و گریان. لەبەر هەنسكدان هێندە تەنگەنەفەس بووبوو كە دەتگوت هەر ئێستە سنگی دەتەقێتەوە. پیرەمێردە سامناكەكە لە ماوەی خولەكێكدا وەك منداڵێكی بێدەسەڵاتی لێهاتبوو. ئاە! ئیدی ئێستە توانای نەفرەتكردنی نەبوو، ئیدی شەرمی پێ نەدەهات لە بەرانبەر هیچ یەك لە ئێمەدا بگریێ. ئەوجا بە بارێكی وررووژاوی سەرچاوەگرتوو لە ئەوینێكی بێ كۆتاوە، بە بەرچاوی ئێمەوە ئەو وێنەیەی دایە بەر ماچ، هەمان ئەو وێنەیەی كە كەمێك لەمەوبەر پامالی دەكرد. دەتگوت ئیدی ناتوانێ زیاد لەمە ئەم هەموو ئەوینە خەفە بكات و بەرگەی پەنگخواردنەوەی بگرێت، هەنووكە هەست و سۆزی تەقیوەتەوە و بە وزەیەكی ئەوەندە بەرگەنەگیراوەوە هەڵدەچێت كە سەرتا پای خستووەتە لەرزە.

ئانا بەسەریدا چەمییەوە و لەگەڵ ئەوەی كە ماچی دەكرد بە ئاه و ناڵەوە گوتی: ((ئەو ببەخشە، بیبەخشە، بیهێنەرەوە بۆ ماڵی خۆی هاودەمەكەم، خوداوەند لە قیامەتدا ئەم دڵگەورەیی و لەخۆبردوویيەتی بیرناچێت.))

نیكۆلای بە دەنگێكی گیراو و شەڕانییەوە هاواری كرد: ((نا، نا، بە هیچ شێوەیەك، هەرگیز! هەرگیز!))

## ١٤

درەنگانێكی نزیكەی كاتژمێر دە بوو، كە گەیشتمە ماڵی ناتاشا. لەو كاتەدا ئەو لە نهۆمی سێیەمی كەچە بیناكەی *كولۆتۆشكینی* بازرگاندا دەژیا، كە دەكەوتە *فۆنتانكا* و لەنزیك پردی*سمنۆفسكی*یەوە بوو. پێشتر كە لەگەڵ

ئالیۆشا دەژیا، لە نهۆمی دووەمی ئەپارتمانێکی گچکە و خۆشی بەرانبەر بە *لیتنائیا* دا نیشتەجێ بوو. بەس شازادەی بچووك زۆر زوو پارەی لێ بڕا و گیرفانی خاڵی بووەوە. نەببووە مامۆستای مۆسیقا و دەستی دابووە قەرز و قۆڵە کردن و کەوتبووە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە. پارەکانی لە ڕازاندنەوەی ئەپارتمانەکە و بە کڕینی هەدیەگەلێك بۆ ناتاشا خەرج کردبوو، بەس ناتاشا بەدەست ئەم هەڵە خەرجیانەیەوە، بۆڵە بۆڵی بەسەردا دەکرد، ناڕەزایی نیشان دەدا و دەگریا. ئالیۆشایش کە گەنجێکی هەستیار و بێ کار بوو، هەندێك جار بە حەفتە لە فکری ئەوەدا بوو داخۆ بۆ دڵخۆشکردنی ناتاشا دەبێت چ دیارییەکی بۆ بکڕێ. بۆ پێشکەشکردنی ئەو دیارییەش ئاهەنگێکی ساز دەکرد و پێشتریش بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە منی لەم بابەتە ئاگادار دەکردەوە. لە بەرانبەر لۆمە و فرمێسك ڕشتنەکانی ناتاشادا بە چەشنێك خەمبار و بێتاقەت دەبوو کە پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. دواتر ئەم هەدیانە، بوونە مایەی سەرکۆنەکردن و دەمەقاڵێ و خەم و پەژارە بۆیان. وێڕای ئەوەش ئالیۆشا بە دزیی ناتاشاوە پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد، دەکەوتە گەل هەندێك هاوڕێی کلاوچی کە دەیانبردە ماڵی ئەم کچ و ئەو کچەوە، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتاشای زۆر خۆش دەویست. خۆشەویستییەکەی بە ڕادەیەك بوو کە ببووەوە مایەی ئازاری گیانی. زۆربەی کات بە خەمگینی و خەمۆکییەوە دەگەڕایەوە ماڵێ و دەیگوت تەنانەت نرخی پەنجە بچووکەکەی ناتاشاشی نییە، خوێڕی و شەیتان سیفەتە، ناتوانێت هەست بە حاڵی ئەو بکات و شایەنی ئەو هەموو ئەوینە نییە. تا ڕادەیەك لەسەر هەق بوو، جیاوازییەکی بەرچاویان لە نێواندا هەبوو، هەمیشە لە بەرانبەر ناتاشاداخۆی وەك منداڵێك دەهاتە بەرچاو. بە چاوی فرمێسکاوییەوە باسی پەیوەندیی نێوان خۆی و *ژۆزفین*ی بۆ من دەکرد و هاوکات تکاشی لێ دەکردم کە لەم بارەیەوە هیچ شتێك بە ناتاشا نەڵێم: دوای ئەم پێهاتنەش، کاتێك کە لەگەڵ من دەگەڕایەوە بۆ ماڵ (دەبوو منیش لەو کاتانەدا لەوێ بم، چونکە دەیگوت دوای تووشبوون بەم گوناحە زاتی ئەوەی نییە چاو لە چاوی ناتاشا ببڕێ و منیش تەنیا کەسێکم کە دەتوانم هێز و هیوای پێ ببەخشم)، ناتاشا هەر بە یەکەمین نیگا بە مەسەلەکەی دەزانی. کچێکی ئێجگار خانەگومان بوو، بەس سەرم لەوە ئاوساوە کە چۆن چاوپۆشیی لە هەرزەگەرییەکانی ئەو دەکرد. وەك هەمیشە مەسەلەکە بەم جۆرە بوو: ئالیۆشا لەگەڵ من دەهاتەوە ماڵێ، شەرمەزارانە لەگەڵ ناتاشا دەدوا و بە میهرەبانی و شپرزەییەوە لێی ورد دەبووەوە. ناتاشایش دەمودەست سۆسەی ئەوەی دەکرد کە تووشی گوناحێك بوو، بەس بەڕووی خۆیدا نەدەهێنا، هەرگیز بۆ قسەکردن لەم بارەیەوە دەستی پێش نەدەخست و هیچ پرسیارێکی لەو نەدەکرد! بەڵکە بە پێچەوانەوە، زیاتر دەیلاواندەوە، زیاتر لە جاران خۆی میهرەبان و خۆشحاڵ دەنواند، ئەم کارەشی نە یاری کردن و نە فرۆفێڵ بوو. نا، ئەم بوونەوەرە زەریفەی کە شیاوی پیاهەڵدانە، چێژێکی زۆری لە لێبوردن وەردەگرت و پێی شاگەشکە دەبوو. هەڵبەتە لەو وەختەدا بێ لە ژۆزفین باسی هیچ کچێکی دیکە لە ئارادا نەبوو. ئالیۆشا کە ئەو هەموو میهرەبانی و دڵگەورەییەی ناتاشای دەدیت، نەیدەتوانی دان بەخۆیدا بگرێ و بێ ئەوەی پرسیارێکیشی لێ کرابێت، بۆ ئەوەی دڵی بسرەوێت، بەخۆی دانی بە هەموو شتێکدا دەنا. دوای ئەوەی کە ناتاشا چاوپۆشیی لێ دەکرد، لە خۆشیاندا پێی عاردی نەدەگرت، تەنانەت هەندێك جار دەگریا، ئەوی دەگرتە باوەش و ماچی دەکرد. پاشانیش بە ساویلکەیی و خۆشحاڵییەکی منداڵانەوە،

بە هەموو وردەکارییەکەوە دەستی بە باسکردنی پەیوەندیی نێوان خۆی و ژۆزفین دەکرد، قا قا پێدەنی، دەستی بە وەسف و ستایش و پیاهەڵدانی ناتاشا دەکرد و ئیدی شەو، بەم چەشنە، بە شادی و خۆشییەوە دەگوزەرا. کاتێك پارەی لێ بڕا، دەستی بە فرۆشتنەوەی کەلوپەلەکانی جوانکاری کرد. بە پێداگریی ناتاشا ماڵێکی گچکە و هەرزانی لە فۆنتانکادا بەکرێ گرت. هەر بە هەمان شێوە لەسەر فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە بەردەوام بوو، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە ناتاشا جلەکانی بفرۆشێ و لەدووی کارێك بگەڕێ، وەختێکیش کە ئالیۆشا بەمەی زانی، تووشی نائومێدییەکی سەخت بوو، دەستی کردە جوێندان و سووکایەتی کردن بە خۆی، بەس بۆ باشترکردنی بارودۆخیان هیچ هەنگاوێکی نەنا. لەو کاتانەدا هەموو پاشەکەوتەکەیان تەواو ببوو، تاقە ڕێگەی نەجات تەنیا ئیشکردن بوو، ئەویش لە بەرانبەر پارەیەکی ئێجگار کەمدا. سەرەتا، کاتێك کە هێشتا پێکەوە دەژیان، ئالیۆشا لەگەڵ باوکی دەمەقرەی ببوو. لەو کاتەدا زەماوەندکردنی ئالیۆشا لەگەڵ کاترینی زڕ کچی کۆنتیس، بەلای شازادەوە تەنیا نەخشەیەك بوو، بەس شازادە لەسەر ئەو بابەتە سوور بوو، لەگەڵ خۆیدا ئالیۆشای دەبردە ماڵی دەزگیرانی داهاتووی، هەڵی دەنا بە چەشنێك خۆی بنوێنێ کە بچێتە دڵی کچە لاوەکەوە، بە سەختگری و بەڵگە و مەنتیق هەوڵی قایل کردنیی دەدا، بەس ئەم نەخشەیە بە بۆنەی سەرسەختی و ڕازی نەبوونی کۆنتیسەوە سەری نەگرت. لەو کاتانەدا شازادە حسێبێکی ئەوتۆی بۆ پەیوەندیی نێوان کوڕەکەی و ناتاشا نەکردبوو، هەموو شتێکی سپاردووە دەستی تێپەڕینی زەمەن و لەبەر ئەوەی دەیزانی کوڕەکەی چەندە کەمتەرخەم و گوێنەدەرە، پێی وابوو لە ماوەیەکی کەمدا گڕی ئەم عەشقە دادەمرکێتەوە. تەنانەت لەم دواییانەدا هیچ نیگەرانییەکی لەبارەی ئەگەری سەرنەگرتنی زەماوەندی نێوان کوڕەکەی و ناتاشاوە نەبوو. بەخۆی بەرنامەی دروستکردنی پەیوەندیی نێوان ئالیۆشا و ماشووقەکانی داڕشتبوو، دەیویست لەم ڕێیەوە بە گشتی دۆخە هەنووکەییەکە بگۆڕێ. هەروەها لە لایەکی دیکەیشەوە، ئیدی ناتاشا هیچ پێداگرییەکی لەبارەی هاوسەرگیرییەوە نەدەکرد. ئالیۆشا لای من دانی بەوەدا نا کە باوکی بە گشتی سەبارەت بەم دۆخە هیچ لارییەکی نییە، ئەوەی کە لەم نێوەندەدا ببووە مایەی دڵخۆشیی شازادە، ڕسوابوونی یەکجارەکیی نیکۆلای بوو. وێڕای ئەمەیش، هەر بۆ ڕواڵەتبازی، لەبەردەم کوڕەکەیدا وای دەنواند کە لە پەیوەندیی نێوان ئەو و ناتاشا نیگەرانە. تا دەهات زیاتر و زیاتر ئەو بڕە پارەیەی لە کوڕەکەی دەگرتەوە کە وەك خەرجی پێی دەدا (لە بەرانبەری ئەو زۆر دەست نوقاو ببوو) هەروەها هەڕەشەی ئەوەشی لێ دەکرد کە بە تەواوی ئەو پارەیەی لێ دەگرێتەوە و لە هەموو شتێك بێبەشی دەکات. بەس دوای ماوەیەکی کەم بە بۆنەی هەندێك کارەوە لەگەڵ کۆنتیس گەشتێکی بەرەو *وارشۆ* کرد. هەمیشە بەدوای ئەو نەخشانەوە بوو کە بۆ دارایییەکەی زڕ کچی کۆنتیس دایڕشتبوون. ڕاستە کە جارێ ئالیۆشا کاتی ژنهێنانی نەبوو، بەس دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەی ئەوەندە دەوڵەمەند بوو کە نەدەکرا ئەم هەلە نەقۆزرێتەوە و چاوپۆشیی لێ بکرێت. سەرەنجام شازادە بە ئامانجی خۆی گەیشت. هەواڵمان پێگەیشت کە دواجار لەگەڵ کۆنتیس لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەکە ڕێککەوتوون. دواجار شازادە گەڕایەوە بۆ پترسبورگ، بە ڕەفتارێکی گەرموگوڕانەوە ڕووبەڕووی کوڕەکەی بووەوە، بەس کاتێك بینی هێشتاکە پەیوەندیی لەگەڵ ناتاشادا هەر وا بە پتەوی ماوەتەوە، چاوی پەڕییە تەوقی سەری. بەرە بەرە تووشی

گومان بوو. بە شێوەیەکی داخوازانە و جددی داوای لەو کرد کۆتایی بەم پەیوەندییە بهێنێ، بەس خێرا فکرێکی باشتری بە مێشکدا هات و ئالیۆشای بۆ لای کۆنتیس برد. گەرچی زڕ کچەکەی هێشتا منداڵ دەهاتە بەرچاو، بەس جوانییەکی بێڕادە و دڵێکی پاك و ڕۆحێکی بێگەردی هەبوو، هەروەها بەکەیف و خۆشبوێر و میهرەبان بوو. شازادە وای بیر دەکردەوە کە ڕابووردنی ئەم شەش مانگە کاری خۆی کردووە و ئیدی ناتاشا بە هەمان شێوەی پێشوو بە بەرچاوی ئالیۆشاوە جوان سەرنجڕاکێش نییە و ئێستە بە چاوێکی دیکەی جیا لە شەش مانگ لەمەوبەرەوە لێی دڕوانێت. هەڵبەتە سۆسەکردنەکەی تا ڕادەیەك ڕاست دەرچوو... لە ڕاستیدا ئالیۆشا شەیدای زڕکچەکەی کۆنتیس بوو. هەڵبەتە دەبێ ئەوەشی بۆ زیاد بکەم کە شازادە لەپڕ گۆڕانکارییەکی لە هەڵسوکەوتی خۆیدا کرد و میهرەبانییەکی تایبەتی بەرانبەر بە ئالیۆشا دەنواند (هەڵبەتە هەر بەهەمان شێوەی جاران یارمەتیی ماددیی لێ گرتبووەوە). ئالیۆشا هەستی کرد ئەم میهرەبانییە کتوپڕانەیە، بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لە پشتە. بەس لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێك دیدەنیی کاترینی دەکرد، ئەم بەدگومانییە ڕیشەیەکی ئەوتۆی لەوا دانەکوتی. دەمزانی کە ئالیۆشا ماوەی چار ڕۆژە سەردانی ناتاشای نەکردووە و دوای ئەوەی کە نیکۆلای و هاوسەرەکەییم جێهێشت، بە دڵپەرۆشییەوە لە خۆمم دەپرسی داخۆ بەتەمایە چ بابەتێکم لەگەڵدا باس بکات؟ لە دوورەوە چاوم بە ڕووناکیی پەنجەرەکەی کەوت. دەمێك بوو کە قەرارمان وابوو گەر خواستی بینینی منی هەبوو، ئەوا مۆمێکی داگیرساو بخاتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی، لەبەر ئەوەی گەر ڕێگەم کەوتە ئەو دەوروبەرانە (هەموو شەوێکیش بەوێدا ڕادەبردم) ئەوا لەڕێی ئەم ڕووناکییە نائاساییەوە بزانم کە چاوەڕێمە و پێویستی بە من هەیە. لەم دواییانەدا، زۆربەی کات مۆمێکی داگیرساوی دەخستە بەر پەنجەرەکەی.

ناتاشا بە تەنیا بوو. دەست لەسەر سنگ، بە ژوورەکەیدا پیاسەی دەکرد. فکر و خەیاڵ دایگرتبوو. سەماوەرێکی کوژاوە لەسەر مێزەکە بوو و لەمێژە چاوەڕێمی دەکرد. لێو بە خەندانە، بیٚ ئەوەی قسە بکات، تەوقەی لەگەڵ کردم. ڕەنگی هەڵبزڕکابوو و ئاسەواری ئازار و ژان بە ڕووخسارییەوە دەبینرا. خەندەکەی سەر لێوی، نیشانەری بارێکی مەینەت دیتوانە و خۆبەدەستەوەدان بوو. ڕەنگی چاوەکانی، کە شینێکی ڕۆشن بوو، تاریکتر و هەروەها قژەکانیشی پڕتر دەهاتنە بەرچاو، هەموو ئەمانەش بە بۆنەی لاوازی و نەخۆشکەوتنییەوە بوون.

دوای تەوقەکردن گوتی: (( پێم وابوو ئیدی نایێیت، تەنانەت نیازم بوو *ماورا* بەدواتدا بنێرم هەتا هەواڵێکتم بۆ بهێنیٚ، لەبەر خۆمەوە گوتم نەکا دیسان نەخۆشکەوتبیت. ))

- نا، دێریان پیٚ کردم، بۆت باس دەکەم. وەلیٚ تۆ چیت بەسەر هاتووە، ناتاشا؟ چی قەوماوە؟

بە سیمایەکی سەرسامانەوە گوتی: (( هیچ نەقەوماوە، بۆچی؟ ))

- بەس بۆ منت نووسیبوو... بۆمت نووسیبوو کە ئەمشەو لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا بێم بۆ لات، ئەمەش مانای وایە ڕێك لە کاتی خۆیدا بێم. ئەم بابەتە تا ڕایەك جێگەی پرسیارە.

- ئاە، بەڵیٚ، لەبەر ئەوەی دوێنیٚ چاوەڕێی ئەو بووم.

- ئەو هێشتا نەهاتووە بۆ لات؟

دوای ئێستێك گوتی: (( نا، وام پیٚ باشبوو کە لەم هەلومەرجەدا وتووێژێك لەگەڵ تۆدا بکەم. ))

- ئەمشەویش چاوەڕێی بوویت؟

نا، ئەمشەو ئەو (( لەویٚ )) یە.

- پێتوایە ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ لات؟

بە سیمایەکی تەواو جددییەوە سەیری کردم و گوتی: (( نا، بەهیچ شێوەیەك وەها بابەتێك لە ئارادا نییە. هەر دێتەوە. ))

لەوە بێتاقەت بوو کە دابوومە بەر پرسیار، هەردووکمان بێدەنگ بووین و بە ژوورەکەدا کەوتینە پیاسەکردن.

دیسان به لێوی خەندانەوە گوتی: ((دەمێکە چاوەڕێتم، ڤانیا، دەزانیت لەم ماوەیەدا خەریکی چی بووم؟ بە ژوورەکەدا پیاسەم دەکرد و شیعرم دەخوێندەوە. شیعری زەنگوڵە و ڕێگەی بەفرگرتووت بیرت دێت: ((سەماوەرەکەم بەسەر مێزە دار بەڕووییەکەوە قوڵە قوڵیەتی...))

دووبارە پێکەوە دەستمان بە خوێندنەوەی کرد:

زریانەکە خەواندوویە، مانگ شکۆدارانە ئەدرەوشێتەوە،

شەو بە ملیۆنەها چاوی کزەوە لە دیمەنەکە ڕاماوە...

درێژەمان پێدا:

کتوپڕ دەنگێکی مەراقکردووی

تێکەڵ بە دەنگی زەنگوڵەکەم هاتە گوێ:

((ڕۆژێك دێ کە ئەویندارەکەم

سەر دەخاتە سەر سنگم!

لە ماڵەکەی منا ئارامی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە!

بەرە بەرە دەمەو بەیان

لەگەڵ بەفری سەر پەنجەرەکەم دەکەوێتە یاری.

سەماوەر بەسەر مێزە دار بەڕووییەکەوە قوڵە قوڵیەتی،

کوانووەکەم تاوی سەندووە و لە سووچێکا

تەختەخەوی ژێر پەردە گوڵدارەکە ڕووناك دەکاتەوە...))

- چەندە جوانە، ڤانیا، شیعرێکی چەندە دڵگرە! ئای لەو تابلۆ خەیاڵی و بێکۆتایە! هەر دەڵێی پارچەیەکە و نەخشی لەسەر کێشراوە، تۆیش بە ڕەنگی دڵخوازی خۆت دەتوانیت گوڵدۆزیی لەسەر بکەیت. دوو هەستی تێدایە: ئەوەڵین و دواهەمین. ئەم سەماوەرە و ئەم پەردە کەتانە، زۆر ئاشنا دێنە بەرچاوان... خانووی لادێکەمانم دێنێتەوە

یاد، تەنانەت وەك ئەوە وایە كە هەر ئێستە ببینم: دارە تازەكانی بنمیچەكەی و ڕووپۆشە دارییە بەكار نەخراوەكەیم لەبەر چاودان... دوای ئەوەش دیمەنێكی دی دێت:

پاشان دەنگێكی غەمگینی وەك زایەڵەی زەنگوڵە

دیسان دێتە گوێ:

((هاوڕێ دێرینەكەم لە كوێیە؟ ئەترسم نەگەڕێتەوە و

ماچبارانم نەكا!

وای لەم ژیانە! ژووریماڵەكەم

نیوە تاریك و مۆنە، با هەڵدەكا...

گێلاسی بەر پەنجەرەكەم، كە تاقە درەختی ئەوێیە

لەبەر سەهۆڵبەندان و بەفر دیار نییە

لەوانەشە هەر لە زووەوە وشك بووبێت

ئەمە چ ژیانێكە كە من هەمە؟ پەردەكە كۆن بووە،

هیلاك و نەخۆشم، سەرم لێ شێواوە و ئیدی

دایك و باوكم ناناسمەوە،

كەسێك نییە پرتە و بۆڵەم بكا: ئیدی بێ هاوڕێم.

بێ لە پیرەژنێكی بۆڵەبۆڵكەر...

ناتاشا گوتی: ((منیش نەخۆش و سەرلێشێواوم... وشەی ‹‹نەخۆش›› ی ئەم بەشە زۆر لەجێگەی خۆیدا بەكار هاتووە! ‹‹كەسێك نییە پرتە و بۆڵەم بكات›› ئەم شیعرە پڕە لە دڵتەنگی، میهرەبانی و ئازاری یادەوەری، ژان و ئازارێك كە خودی مرۆڤ دەیوروژێنێ و چێژی لێ دەبات... خوایە گیان، ئەم شیعرە چەندە جوانە! چەندە هەقیقەت بینانەیە!))

بێدەنگ بوو، دەتگوت دەیەوێ بەسەر ئەو خەفەتەدا زاڵ ببێت کە بەر گەرووی گرتووە. ساتێك دواتر گوتی: ((ڤانیای ئازیزم)) بەس دیسان بێدەنگ بووەوە، وەك بڵێی لەژێر کاریگەریی هەستێکی کتوپڕانە و خۆڕسکدا، بیری چووبێت کە دەیویست چی بڵێ، یان بێ بیرکردنەوە ئەم قسەیەی کردبێت.

بە ژوورەکەدا هەر خەریکی پیاسە بووین. لەبەردەم کۆتەڵی مەسیح چرایەکی چکۆڵە هەڵکرابوو، ناتاشا لەم دواییانەدا زیاتر لە جاران ڕووی لە بیروباوەڕە مەزهەبییەکان کردبوو، حەزیشی نەدەکرد هیچ کەسێك لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ بکات.

لەوم پرسی: ((بۆ لەبەردەم کۆتەڵی پیرۆزدا چرات داگیرساندووە، سبەینێ جەژنە؟))

- نا، بۆ دانانیشیت ڤانیا، لەوانەیە ماندوو بیت. فنجانێك چات بۆ بێنم؟ هێشتا هیچت نەخواردووەتەوە.

- نا، با دانیشین ناتاشا، پێشتر خواردوومەتەوە.

- پێشتر لە کوێ بوویت؟

- لای ئەوان (لەگەڵ ئەو بەم شێوەیە ناوی دایك و باوکیمان دەبرد.)

- لای ئەوان؟ چۆن بۆت ڕەخسا؟ خۆت ڕۆیشتیت یان داوەتیان کردیت؟

منی دایە بەر پرسیار، لە خەفەتاندا ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو. هەر لەو شوێنەوەی کە تووشی باوکی بووم دەستم کرد بە گێڕانەوە بۆی و هەموو گفتوگۆکانی نێوان خۆم و دایکی و بەسەرهاتی وێنەکەشم بە هەموو وردەکارییەکەوە بۆ گێڕایەوە. هەرگیز هیچ شتێکم لەو نەدەشاردەوە. بە تاسەوە گوێی بۆ قسەکانم دەگرت و هەڵی دەلووشین. چاوانی پڕ ببوون لە ئاو. زۆری خەفەت لە بەسەرهاتی وێنەکە خوارد. بەردەوام قسەکانمی دەبڕی و دەیگوت: ((بوەستە، بوەستە، ڤانیا. تا دەکرێت وردەکاریی زیاترم بدەرێ، زۆر سەرپێیانە دەیگێڕیتەوە!...))

بۆ دووەمین و سێیەمین جار بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و ڕوونم کردەوە، هەر خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارە بێ کۆتاکانی بووم.

- پێت وایە هەر بەڕاستی ویستوویەتی سەردانم بکات؟

- نازانم، ناتاشا، تەنانەت ناتوانم بیر لەو بابەتەش بکەمەوە. بێگومانم کە پێواریی تۆ ئازاری دەدات و خۆشەویستییەکی قووڵی بۆ تۆ هەیە، بەس نازانم داخۆ بەتەما بووە بێ بۆ لات یان نا.

پەڕییە نێو قسەکانم و پرسیی: ((وێنەکەی ماچ دەکرد؟ لە کاتی ماچکردنیدا چیی دەگوت؟))

- قسەگەلێکی شپرزانە و بێ سەروبەر، بە وشەگەلێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە بانگتی دەکرد.

- بانگمی دەکرد؟

- بەڵێ.

بێدەنگانە دەستی بە گریان کرد و گوتی: ((هەی داماوینە)) بەس دوای کەمێك بێدەنگی گوتی: ((سەیر نییە گەر ئاگای لە هەموو شتێك هەبێت، بێگومان قسەی زۆریشی لەبارەی باوکی ئالیۆشاوە پێدەگات.))

بە کەمڕووییەوە گوتم: ((ناتاشا، ئامادەیت بچینە دیدەنییان؟))

بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو لەسەر کورسییەکەی هەستا و لە بارێکدا کە زیاتر ڕەنگی ڕووی پەڕی بوو گوتی: ((کەی؟)) لای وابوو دەڵێم هەر ئێستە.

دەستەکانی خستنە سەر هەردوو شانم و بە ئاوازێکی غەمگینەوە درێژەی دایێ: ((نا، ڤانیا، نا، هاوڕێکەم... هەر دەییەیتەوە سەر ئەم باسە... ئیدی ئەو باسەم لەگەڵدا مەکەرەوە، وا باشترە.))

بە خەمگینییەوە گوتم: ((یانی ئەم گێرەوکێشەیە هەرگیز دوایی نایێت؟ یانی ئەوەندە لەخۆباییت کە ناتەوێ دەستپێشخەری بکەیت؟ ئەوە تۆیت کە دەبێت ببیتە سەرمەشقی ئەوان... لەوانەیە باوکت، بۆ ئەوەی لێت خۆشبێ تەنیا چاوەڕێی ئەم هەنگاوەی تۆ بێت... ئەو باوکی تۆیە و ئەوە تۆیت کە ئەوانت ئازار داوە. ڕێز لە غرووری بگرە، ئەم غرووره ڕەوا و ئاساییە! تۆ دەبێت ئەم ئیشە بکەیت. هەوڵی خۆت بدە... بەبێ هیچ بەندوبەستێك لێت دەبووری.))

- بەبێ هیچ بەندوبەستێك! ئەقڵ نایبڕێ، سەرکۆنەم مەکە، ڤانیا، سوودی نییە. بیرم لەم بابەتە کردووەتەوە. شەو و ڕۆژ بیری لێ دەکەمەوە. لەو کاتەوەی کە جێم هێشتون، هەمیشە بیر لەم بابەتە دەکەمەوە. قسەی زۆرمان لەم بارەیەوە کردووە. خۆت باشتر دەزانیت کە ئەمە دژوارە!

- هەوڵبدە!

- نا، هاوڕێکەم، ناتوانم. گەر وەها کارێك بکەم، ئەوا زیاتر ئەو لە خۆم ئەدێوێنم و فرەتر نارەحەتی دەکەم. ئەو ڕێگەیەی کە گرتوومەتە بەر گەڕانەوەی تێدا نییە، خۆت باش دەزانیت کە ئەم ڕێگەیە گەڕانەوەی تێدا نییە! ناکرێ دیسان ئەو ڕۆژە خۆشانە زیندوو بیکەمە کە بە منداڵی لەگەڵ ئەواندا بەسەرم بردوون.

تەنانەت گەر بشم بەخشن ئیدی وەك جاران هەڵسوکەتم لەگەڵ ناکەن. ئەو هێشتا ئەو ڕۆڵەی پێشووی، ئەو کچۆڵەیەی جارانی خۆش دەوێت. ئەو وەختێك کە دەیلاواندمەوە و خۆشەویستیی بۆ دەردەبڕیم، تەنیا مەبەستی ئەوە

بوو کە ستایشی پاکیزەیی و داوێنپاکیم بکات. هەروەك حەوت ساڵەییم کە لەسەر ئەژنۆی دادەنیشتم و گۆرانییە منداڵانەکانم بۆ دەگوت، دەستی بەسەرمدا دەهێنا. هەر لە منداڵیمەوە هەتا ئەم دواییانەیش هەمیشە دەهاتە لای تەختەخەوەکەم، جا وەك شەوشادی خاچێکی بۆ دەکێشام. مانگێك بەر لە ڕوودانی ئەم بەدبەختییە، بێ ئەوەی ئاگادارم بکاتەوە (گەرچی خۆم بە تەواوی ئاگادار بووم) جوتێك گوارەی بۆ سەندم، کاتێك ئەوەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە من بە وەرگرتنی دیارییەکە چەندە خۆشحاڵ دەبم، هەروەك منداڵان دەکەوتە شادی و کاتێکیش کە زانیی من دەمێکە زانیومە گوارەی بۆ کڕیوم، بە سەختی لە هەموومان و بە تایبەتیش لە من زویر بوو. سێ ڕۆژ بەر لەوەی ئەوان جێبهێڵم زانیبووی من بێتاقەتم، هێندە خەفەتی لەم بابەتە خوارد هەتا کەوتە جێگە، باوەڕ دەکەیت کە بەو حاڵەشەوە، بۆ ئەوەی سەرگەرمم بکات چوو بلیتی شانۆی بۆ کڕیم!... دەیویست لە ڕێی ئەم کارەوە وەڕزی و بێتاقەتییەکەم بڕەوێنێتەوە! دووبارە دەیڵێمەوە کە ئەو هەمان ئەو کچۆڵەیەی خۆشدەوێ کە ئەوسا دەیناسی و تەنانەت نەیدەتوانی بیر لەوەش بکاتەوە کە من ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە ژن... هەرگیز نەیدەهێشت وەها فکرێکی بە مێشکدا بێت. گەر ئێستە بگەڕێمەوە بۆ لای ئەوان، تەنانەت ئیدی ناشم ناسێتەوە. با بڵێین لێم دەبووریٚ، بەس ئایا ئەو پێشوازی لە چ کەسێك دەکات؟ من ئیدی ئەو مرۆڤەی پێشتر نیم، ئەو کچۆڵەیەی جاران نیم، من تەمەنێکم تێپەڕاندووە. تەنانەت گەر بشبمە مایەی خۆشحاڵیی، ئەو هەر خەفەت بۆ خۆشبەختیی ڕابردوو دەخوات، بەوە دڵتەنگ دەبێ کە ئیدی من هەمان کەسەکەی جاران نیم، هەمان ئەو کەسەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان منداڵ بوو و ئەو بە تەواوی بوونییەوە خۆشی دەویست. ئەم یادگارییە تووشی چەرمەسەریی دەکات. ئاە! ڕابردوو چەندە خۆش بوو، ڤانیا.

دوای ئەم قسانە ناڵەیەکی پڕ ژان لە قووڵای سنگییەوە هاتە دەرێ. من گوتم:

- ئەم شتانەی کە باسیان دەکەیت هەموویان ڕاستن، ناتاشا. بەم پێیە لە هەلوومەرجی هەنووکەییدا ئەو دەبێ پێشوازی لە تۆ بکات و خۆشتیبوێ. بەخێرهاتنت لێ دەکات، بێگومان پاشانیش خۆشتی دەوێ. نەکا لات وابێت ئەو بەو سروشتە پاك و دڵە نەرم نیانەیەوە نەتوانێ بەدەمتەوە بێ و لێت تێنەگات!

- ئاە! ڤانیا، بێویژدان مەبە! بۆ نموونە لە چ بارەیەکەوە لێم تێبگات! مەبەستم ئەوە نەبوو. بڕوانە، هێشتا بابەتێکی تر لە ئارادایە: خۆشەویستیی باوکانەش ئیرەییی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو شتەی کە ئەو ئازاری پێوە دەکێشێ، ئەوەیە کە هەموو ئەم گێرە و کێشەیە لەسەر ئالیۆشا سازدراوە و منیش لەنێوان باوکم و ئەودا، ئەوم پەسەند کردووە، ئەمەش لە دۆخێکدایە کە ئەو نە ئاگای لێبووە و نە سۆسەی هیچ شتێکیشی کردووە. ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە لە پاکیی خۆیەوە هەرگیز پێشبینیی وەها شتێکی نەکردووە، جا پشتکردنە ماڵ و عەشقم بۆ ئالیۆشا وەك ناپاکی و نمەك بە حەرامی لێك دەداتەوە. چوونکە هەر لەسەرەتاوە کە عاشقی ئالیۆشا بووم ئەم بابەتەم لەگەڵ ئەودا نەکردەوە و پاشانیش لای ئەو دانم بەوەدا نەنا کە دڵم چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، بەڵکە بە

پێچەوانەوە هەموو شتێکم لە دڵی خۆمدا هێشتەوە، باوەڕ بکە ڤانیا، ئەو ئەم بابەتە وەك سووکایەتی پێکردنێکی خرا پتر لە دەرئە نجامی عەشقی من بۆ ئالیۆشا لێك دەداتەوە، بە تایبەت لەبەر ئەوەی من هەر بەو بۆنەیەوە ماڵ و حاڵی خۆمم جێهێشت و دوای ماشووقەکەم کەوتم. گریمان ئەمڕۆکە بە گەرم و گوڕی و خۆشەویستییەکی باوکانەوە پێشوازیی لە من کرد، بەس خۆ داخی ئەو دژمنایەتییەی ڕابردووی هەر لە دڵدا دەمێنێ. بۆ سبەی، یان دوو سبەی دوای گەڕانەوەم، هەستیاری، سەرکۆنەکردن، شك و گومان دەست پێدەکەنەوە. وێڕای ئەمانەش، بەبێ پێش مەرج نامگرێتەوە خۆ. با دابنێین کە من لە ناخی دڵمەوە دانم بە حەقیقەتەکەدا نا، گوتم دەزانم کە بەم کارەم گوناهێکی چەندە گەورەم دەرهەق بەو کردووە و چ حەیاچوونێکم خستووەتە شوێنی. بەس ئەگەر دەرك بەوە نەکات کە ئەم دەورانی خۆشبەختییەی من لەگەڵ ئالیۆشادا بە چ بەهایەك بۆم تەواو بووە، چ ئازارێکم کێشاوە و لەمەودوایش لەژێر باری چ خەم و پەژارەیەکی بەرگەنەگردام، ئەوا ئەم کارە لەبەر چاوی ئەودا بایەخێکی ئەوتۆی نابێت. ئەو داوای قەرەبوو کردنەوە شتێکی نەکردەم لێ دەکات: ئەو دەیەوێ من ویستی ڕابردووم و ئالیۆشا لەبیر بکەم و چاو لە عەشقەکەم بپۆشم و پەشیمانی دەربڕم. ئەو نەکردەی لە من دەوێت: چاوەڕێی ئەوەیە ڕابردووی بۆ بگەڕێنمەوە و ئەم شەش مانگە لە ژیانمدا بسڕمەوە و لەبیری بکەم. بەس ناتوانم نەفرەت و نەعلەت لە هیچ کەسێك بکەم، ناتوانم پەشیمانی دەربڕم... ئەوەی ڕووی داوە هەر دەبوو ڕوویدات... نا، ڤانیا، لە ئێستەدا ئەمە کارێکی دژوارە. هێشتا کاتی نەهاتووە.

- ئەی کەی کاتی دێت؟

- نازانم، بۆ خۆشبەختیی داهاتوومان، دەبێت هەتا کۆتای ئازارێکی زۆر بچێژم و لەو پێناوەدا بە نارەحەتییەکی تازەی زۆردا ڕاببوورم. ئازار و ژان هەموو شتێك پاك و بێگەرد دەکاتەوە... ئاه! ڤانیا، ئینسان تا کەی دەبێت بەم هەموو ئازارەوە بژیێ!

بێدەنگ بووم بەسیمایەکی تێفکرانەوە لێی وردبوومەوە.

- بۆچی ئاوها لێم دەڕوانیت، ئالیۆشا.

جا کە زانیی هەڵەی کردووە بە بزەوە گوتی: نا، ڤانیا.

- وا خەریکم لە بزەکەت دەڕوانم، ناتاشا. بە بۆنەی چییەوە بوو؟ خەندەکانی پێشووت ئاوها نەبوون.

- مەگەر ئەم بزەیەم چۆن بوو؟

- لە ڕاستیدا هەمان سادەییە منداڵانەکەی جارانتی تێدا دەبینرێ... بەس کە بزە دەتگرێت مرۆڤ وا هەست دەکات کە شتێك ئازاری دڵت دەدات. زۆر لاواز بوویت، ناتاشا، قژەکانیشت پڕتر دێنە بەر چاو... ئەم جلەی بەرت کامەیە؟ هەمان ئەو جلە نییە کە وەختێك لای دایك و باوکت بوویت لەبەرت دەکرد؟

سەیرێکی سۆزدارانەی کردم و گوتی: ((تۆ چەندە خۆشەویستیت، ڤانیا. باشە تۆ، تۆ ئێستاکە بە چییەوە خەریکیت؟ کارەکەت گەیشتووەتە کوێ؟))

- هیچ نەگۆڕاوە، هێشتا هەر خەریکی نووسینی ڕۆمانەکەمم، بەس ئیشێکی سەختە و بەباشی ڕایی ناکرێ. گیرفانم پووتە[1]، گەر گوێ بە باری مادیم نەدەم، ئەوا لەوانەیە بتوانم شتێکی ناوازە و سەرنجڕاکێش بخەمە بەر دەست، بەس حەیفە فکرەی باش بە فیڕۆ بدرێت. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەیەی کە من هەمیشە ڕەچاوی دەکەم و پێیەوە پابەندم، دەبێ ئەم کارەشم لە ماوەیەکی دیاریکراودا تەواو بکەم و بیدەمە گۆڤارێك تا بڵاوی بکاتەوە. تەنانەت ئەو فکرەم لە سەردایە کە ڕۆمانەکەم بە ناتەوی جێ بهێڵم و دەست بە نووسینی کورتەچیرۆکێك بکەم، شتێکی ئاسان و دڵخۆشکەر، دوور لە بەسەرهاتی غەمگین و ئاڵۆز، یانی شتێکی سەرگەرمکەر و چێژبەخش.

- ئەی نووسەری ڕۆژبڕی داماو![2] بەڕاست ئەسمیت چیی بەسەر هات؟

-خۆ ئەسمیت مردووە.

- ڕۆحی نەهاتووە بۆ لات؟ هەر بەجددی قسەت لەگەڵ دەکەم، ڤانیا: تۆ نەخۆشیت، مەزاجت تێکچووە، سەرت پڕە لە خەون و خەیاڵی سەیر و سەمەرە. لەو کاتەوەی کە پێمت گوتووە ئەپارتمانەکەی ئەوت بە کرێ گرتووە، ئاسەواری ئەمەت پێوە دیارە. ئەپارتمانەکەت هێشتاکە شتێدار و بێ خزمەتگوزارییە؟

- بەڵێ، لەم دوایانەدا هەندێك پێشهاتی دیکەش هاتوونەتە ڕێم... دواتر بۆتی دەگێڕمەوە.

ئیدی گوێی بە قسەکانم نەدەدا و لە فکرێکی قووڵدا ڕۆچووبوو.

بە سیمایەکەوە کە دەتگوت چاوەڕێی بیستنی وەڵام نییە، گوتی:

- سەرم لەوە دەرناچێ کە چۆن توانیم ماڵی باوانم جێ بهێڵم. ئەو شەوە تا لێ هاتبوو.

گەر لەو ساتەدا قسەم بۆ بکردبا، بێگومان نەیدەبیست.

---

[1] - گیرفانم پووتە: بێ پارەم یان پارەم لێ بڕاوە. بە مانای هەژاری و نەداری دێ (فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا / ن و ئا: عەبدولوەهاب شێخانی).

[1]. ڕۆژبڕ: کرێی ڕۆژا و ڕۆژ، ڕۆژانە. (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە)

**بە دەنگێکەوە کە بە زەحمەت دەبیسترا دیسان گوتی:**

**- ڤانیا، بۆیە تکام لێکردبوویت بێیتە دیدەنیم، چوونکە دەبوو بابەتێکی گرنگت لەگەڵ بخەمە بەر باس.**

**- چ بابەتێك؟**

**- دەمەوێ واز لەو بهێنم.**

**- دەتەوێ وازی لێ بهێنیت، یان هێناوتە؟**

**- دەبێت کۆتایی بەم جۆرە ژیانە بهێنم. بۆیە داوام لە تۆ کرد بێیت بۆ لام هەتا هەموو ئەو شتانەت بۆ باسبکەم کە لە دڵمدا پەنگیان خواردووەتەوە و تا ئێستە لێم شاردوویتەوە.**

**هەر کات گەر بیوستبا نهێنییەکی خۆیم لەلا بدرکێنێ و بیخاتە بەر باس، هەمیشە بەم جۆرە سەری قسەی دەکردەوە. هەمیشەیش وا هەڵدەکەوت کە من دەمێك بوو ئەو نهێنییەم دەزانی، چوونکە خۆی پێی گوتبووم.**

**- ئاە! ناتاشا، من سەد کەڕەت ئەم قسانەم لە زاری تۆوە بیستوون! زۆر ئاساییە گەر نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن: پەیوەندیی نێوان ئێوە شتێکی سەیری تێدایە، هیچ خاڵێکی هاوبەشتان لەنێواندا نییە. بەس دەتوانیت بەرگەی بگریت؟**

**- پێشتر تەنیا تەمای ئەم کارەم هەبوو، ڤانیا، وەلێ ئێستاکە بە تەواوی لێبڕاوم. بە تەواوی بوونمەوە ئەوم خۆشدەوێ، بەس لە هەمان کاتدا هەستدەکەم کە دژمنی سەرەکیی ئەوم، چوونکە مەترسی بۆ داهاتووی دروست دەکەم. دەبێت سەرپشکی بکەم. ئەو توانای زەماوەندکردنی لەگەڵ مندا نییە، ناتوانێت بەرانبەر بە باوکی بووەستێتەوە. هەروەها نامەوێ پابەندی بکەم. تەنانەت گوێم لەوەش نییە کە عاشقی دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەی ببێت. ئەمە وا دەکات ئاسانتر لەبیرم بکات. دەبێت ئەم کارە بکەم. ئەمە ئەرکی منە... گەر بەڕاستی ئەوم خۆشبووێ، ئەوا پێویستە عەشقی خۆمی بۆ بسەلمێنم و بەم پێیەش دەبێت هەموو شتێکی لە پێناودا بەخت بکەم، ئەمە ئەرکی منە! وا نییە؟**

**- وەلێ ناتوانیت ئەو بەم کارە قایل بکەیت.**

**- دەتوانم قایلی بکەم. هەر وەك ڕابردوو هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەم. هەر کاتێك حەزی لێ بوو دەتوانێ سەردانم بکات. وەلێ دەبێت بیخەمە سەر ڕێگەیەك کە بە ئاسانی واز لە من بهێنێ و دواتر تووشی پەشیمانی نەبێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە من ئازاری بە دەستەوە دەکێشم، ڤانیا. یارمەتیم بدە. ڕاسپاردەی تۆ چییە؟**

- تەنیا یەك ڕێگەت لەبەردەم دایە: پشت لەو بکەیت و پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیدا سازبدەیت. بەس پێم وانییە ئەمە ڕێی تێبچێ. تۆ شارەزای سرووشتی ئەویت. ئیستە پێنج ڕۆژە کە نەهاتووە بۆ لات، وای دابنێ کە هەر بە یەکجاری دەستی لێ هەڵگرتوویت. هەر ئەوەندە بەسە بۆی بنووسیت کە وازی دەهێنیت، خێرا دەگەڕێتەوە بۆ لات.

- بۆچی ئەوت خۆشناوێ، ڤانیا؟

- من؟

- بەڵێ، تۆ، تۆ بە نهێنی و بە ئاشکرا دژمنایەتیی دەکەیت! تۆ هەرگیز ناتوانیت ڕق لە دڵانە قسە لەسەر ئەو نەکەیت. چەندان جار ئاگاداری ئەوە بوومە کە چێژ لە ڕسواکردن و ناشیرین نیشاندانی ئەو وەردەگریت! بەڵێ، ناشیرین نیشاندان، ڕاستییەکەی دەڵێم!

- تۆ چەندان کەڕەت ئەمەت پێ گوتووم، ناتاشا، بەسیە. با قسە لە بابەتێکی دیکە بکەین.

دوای کەمێك بێدەنگی گوتی: ((دەمەوێ باربکەم بۆ ماڵێکی دی. بەس خۆت قەڵس مەکە، ڤانیا...))

- باشە ئەی دواتر؟ دێ بۆ ماڵە تازەکەت؟ سوێند دەخۆم کە لێت قەڵس نیم.

- عەشق زۆردارە، عەشقی تازە دەتوانێ ئەو گیرۆدە بکات، گەر بشگەڕێتەوە بۆ لای من ئەوا هەر تەنیا بۆ ساتێکی کوورتە، ڕات چۆنە؟

- نازانم، ناتاشا، ئەو سەرێکە و هەزار سەودا! گەرەکییەتی لەگەڵ ئەو کچە زەماوەن بکات و لە هەمان کاتیشدا تۆی خۆشبووێ. ئەو بە جۆرێك لە جۆرەکان دەتوانێ هاوکات هەموو ئەم کارنە ئەنجام بدات.

- گەر لەوە دڵنیا بووبام کە ئەوی خۆشدەوێ، ئەوا بڕیارێکم دەدا، ڤانیا! هیچ شتێك لە من مەشارەوە. ئایا هیچ شتێك دەزانیت کە پێت خۆشنەبێ بە منی بڵێیت؟

بە نیگایەکی شپرزانە و پرسیارکەرانەوە لێم ڕاما.

- من هیچ شتێك نازانم، هاورێکەم، بەڵێنی شەرەفت پێ دەدەم. من هەمیشە لەگەڵ تۆ ڕاستگۆ بوومە. ئەوجا من وای بۆدەچم: لەوانەیە بەوجۆرە دەرنەچێت کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە و بە هیچ شێوەیەك عاشقی زرکچەکەی کۆنتیس نەبوویێت، ئەمە خەیاڵێکی بێ هوودەیە، بزانە...

- تۆ باوەڕت وایە، ڤانیا؟ خوایە گیان، دڵنیا بووم! ئای کە چەندم حەز لێیەم لەم ساتەدا ئەو ببینم، تەنیا سەیرێکی بکەم! ئەوسا دەتوانم هەموو شتێك لە ڕووخساریدا بخوێنمەوە! بەس ئەو نایێت، نایێت!

- وەڵێ بزانم ناتاشا، ئایا تۆ چاوەڕێی ئەویت؟

- ئەو لای ‹‹ئەو کچە›› یە، ئەمە دەزانم، کەسێکم ناردووە و هەواڵی بۆ هێناوم. ئای چەندە حەز دەکەم چاوم بەو کچەش بکەوێ!... گوێ بگرە، ڤانیا، دەمەوێ قسەیەکی گەمژانەت لەلای بکەم، هەرگیز ناتوانم ئەو نەبینم و ئارام دابنیشم، دیدارێکی لەگەڵدا ساز نەکەم. لەم بارەیەوە ڕات چییە؟

بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی وەڵامی من بوو.

- هەڵبەتە دەکرێ چاوت پێی بکەوێ. بەس بینینی ئاسایی بێ سوودە.

- هەر ئەوەندە بەسە ببینم، ئەوسا خۆم سۆسەی هەموو شتێك دەکەم. گوێ بگرە: دەزانیت لەم ڕۆژانەدا زۆر حۆل بوومە، تەنیا دەزانم بە ژوورەکەمدا سەر و خوار بکەم، دایمەی خوایش بە تەنیام، هەموو کاتەکانم بە بیرکردنەوە بەسەر دەبەم، ئەم کارە وەك گێجەڵووکەیەك بەر دەبێتە سەرم و بڕستم لێ دەبڕێت! فکرەیەکیشم بۆ هات، ڤانیا، تۆ ناتوانیت ئاشنایی لەگەڵ ئەو دروست بکەیت؟ بۆچی کۆنتیس ستایشی ڕۆمانەکەتی کردووە؟ (بەخۆت ئەمەت پێ گوتم)، تۆ هەندێك جار بەشداریی شەونشینییەکانی شازادە ‹‹ر›› دەکەیت، ئەویش دێتە ئەوێندەرێ، کارێك بکە هەتا بەو کچەت بناسێنن. ڕەنگە ئالیۆشا خۆی ئەم کارە ئەنجام بدات و بەوت بناسێنێ. پاشان دێیت و هەموو شتێکم بۆ باس دەکەیت.

- ناتاشا، هاوڕێکەم دوایی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین. وەڵێ بڵێ بزانم: دەتوانیت واز لەو بهێنێت؟ سەیری خۆتت کردووە؟ لە دڵەوە ئەم قسەیە ناکەیت.

بە دەنگێکەکەوە کە بە زەحمەت دەبیسترا گوتی: ((توانای ئەوەم هەیە. لە پێناو ئەودا ئامادەی ئەنجامدانی هەموو کارێکم. بەس دەزانیت، ڤانیا، ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە ئێستە ئەو لەم ساتەدا لای ئەو کچەبێت، منی لەبیر کردووە، لە تەکیەوە دانیشتووە، قسەی لەگەڵ دەکات و بەدەمییەوە پێدەکەنێ، بیرتدێت، هەروەك ئەو وەختانەی کە لێرە بوو؟ لە چاوەکانی ڕادەمێنێ، ئەو هەمیشە ئاوهایە و هەرگیز ئەوەشی بە خەیاڵدا نایێت کە منیش بوونم هەیە و لێرەم... لەگەڵ تۆ.))

قسەکەی تەواو نەکرد و سەیرێکی نائومێدانەی کردم.

- چی دەڵێیت، ناتاشا، بەس ئێستە، ئێستە بە منت گوت...

بریقەیەك لە چاوەکانیدا درەوشایەوە و گوتی: ((هەمووومان پێکڕا لە یەکدی جیا دەبینەوە. من دوعای بۆ دەکەم، بەس ئەمە بۆ من زۆر سەختە، ڤانیا، ئەو بە کرداری منی لە بیر کردووە! ئاە ڤانیا، وای لەم ئەشکەنجەیە! خۆشم لەخۆم تیناگەم، ئەمە وەك بیرلێکردنەوە شتێکە و وەك کردار شتێکی دییە! من چیم بەسەر دێت!))

- بەسیکە ناتاشا، وەرە سەر خۆت!

- ئەوا پێنج ڕۆژە کە هەر کاتژمێرێك، هەر خولەکێك... چ خەوتبم و چ خەو نەبینم، بەردەوام ئەوم لەبەر چاواندایە. دەزانیت ڤانیا! بمبە بۆ ئەوێ!

- ئارامبە، ناتاشا!

- ئەرێ، با بڕۆین! هەر لەبەر ئەوەش چاوەڕوانیتم دەکرد، ڤانیا. ماوەی سێ ڕۆژە بیر لەم بابەتە دەکەمەوە. هەر بەم بۆنەیەوە نامەم بۆ نووسییت... دەبێ بمبەیت بۆ ئەوێ و داواکەم جێبەجێ بکەیت... چاوەڕێت بووم. سێ ڕۆژی ڕەبەق چاوەڕێت بووم... ئەمشەو ئەو لەوێیە... با بڕۆین!

پێم وابوو خەریکی وڕێنە کردنە. لە هۆڵەکەوە دەنگێك هاتە گوێ: پێدەچوو ماورا لەگەڵ کەسێکدا دەمە قرەی بووبێت.

- بیبڕەوە، ناتاشا. کێ لەوێیە؟ گوێ بگرە.

- بە بزەیەکی بڕوانەکەرانەوە گوێی هەڵخست و بەشێوەیەکی ترسناك لە پڕ ڕەنگی پەڕی.

بە دەنگێکی ئێجگار نزمەوە دەیگوت: ((خوایەگیان! کێ لەوێیە؟))

ویستی بەر بە ڕۆیشتنم بگرێ، بەس من هەنگاوم بەرەو هۆڵەکە ناو و دەمویست بزانم ماورا لەگەڵ کێ دەمەقرەی بووە. بەڵێ، خۆی بوو، ئالیۆشا، پرسیاری لە ماورا دەکرد و ئەویش سەرەتا دەیویست ڕێگەی پێ بگرێ و لێنەگەڕێ بێتە ژوورێ.

وەك ئەوەی خۆی خاوەن ماڵ بێت دەیگوت: ((تا ئێستە لە کوێ بوویت؟ ها؟ وێڵ وێڵێك بەکوێدا دەسووڕایتەوە؟ یەڵا، بڕۆ عەرەبانەکەت ڕاکێشە. ناتوانیت مەمکە مژەم لە دەم بنێیت! بڕۆ ئیدی، بە چ ڕوویەکەوە هاتوویتەوە؟))

ئالیۆشا بە کەمێك هەڵچوون و شپرزەییەوە گوتی: ((من لە هیچ کەسێك ناترسم! هەر ئێستە دەچمە ژوورێ.))

- زۆر باشە، بڕۆ، تۆ تەڕ نابیت!

- هەر وا دەکەم.

کە چاوی بەمن کەوت گوتی: ((ئاە! ئێوەش لێرەن؟ زۆرم پێ خۆشە! باشە، ئەوە منیش هاتم، ئێستە چی بکەم؟))

سووك و ئاسان پێم گوت: ((کەواتە وەرە ژورەوە، لەچی دەترسێیت؟))

به بڕوا بەخۆبوونێکی ڕووالەتییەوە لەبەر دەرگەکە ڕاوەستا و گوتی:

- ترسم لە هیچ شتێك نییە، بێخەم بن، خودا شاهێدە کە من هیچ گوناحێکم نەکردووە. لاتان وایە گوێنەدەر و گوناحبارم؟ ئێستە بەخۆتان دەیبینن، بۆتان ڕوون دەکەمە. ناتاشا، دەتوانم بێمە ژووری؟

هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە.

ئالیۆشا بە سیمایەکی پەرۆشەوە پرسیی: چی قەوماوە؟

وەڵامم دایەوە: ((ناتاشا هەتا چەند ساتێك لەمەبەریش هەر لێرە بوو: نەکا... ))

ئالیۆشا بە پارێزەوە دەرگەی ژوورەکەی کردەوە و بە شەرمەوە چاوێکی پێدا گێڕا. ژوورەکە هیچ کەسێکی تێدا نەبوو.

لەناکاو لەسووچێکی بەینی پەنجەرە و دۆڵابەکەدا ناتاشای کەوتە بەرچاو. لەوێ ڕاوەستابوو و هەوڵی دەدا خۆی بشارێتەوە، لە نارەحەتیاندا ئەوەندەی لە مردوویەك دەچوو لە مرۆڤێکی زیندوو نەدەچوو. هەتا ئەم ڕۆیش هەر کات کە بیر لەو دیمەنە دەکەمەوە، خۆمم پێ ڕاناگیرێ و پێکەنین دەمگرێت. ئالیۆشا بە پارێز و شێنەیی لێی نزیك بووەوە. لە دۆخێکدا کە ترساوانە لێی دەڕوانی، بە شەرمەزارییەوە گوتی: ((سڵاو ناتاشا، حاڵت باشە؟))

ناتاشا کە زۆر نیگەران و خەمین ببوو، وەك ئەوەی کە خۆی خەتابار بێت گوتی: ((چی بووە؟ نا، هیچ... تۆ... چا دە خۆیتەوە؟)) ئالیۆشا بەوپەڕی ماتی و سەگەردانییەوە گوتی: ((گوێ بگرە، ناتاشا. لەوانەیە پێت وابێ من خەتابار بم... بەس من، بە هەموو شێوەیەك بێگوناحم. بەخۆت دەیبینیت، هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.))

ناتاشا لەو شوێنەی کەتێیدا ڕاوەستا بوو هاتە دەرێ، گۆناکانی کەمێك ڕەنگیا تێ گەڕابووەوە و بە ورتە ورتەوە گوتی:

- سوودی چییە؟ نا، نا، پێی ناوێت. دەستتم بەرێ و... وەك هەمیشە، با وای دابنێین کە هیچ نەبووە.

چاوەکانیی لە زەوی بڕی بوو و دەتگوت زاتی نییە لە دەموچاوی ئالیۆشا بڕوانێ.

ئالیۆشا بە تامەزرۆییەوە گوتی: (( ئاە! خوایە گیان! گەر من خەتابار بووبام ئەوا زاتم نەدەکرد سەیری دەموچاوت بکەم.)) پاشان ڕووی کردە من و درێژەی دایێ: ((بڕوانن، بڕوانن: دەبینن من بە خەتابار دەزانێ، هیچ شتێك لە بەرژەوەندیی مندا نییە، بە ڕووالەت هەموو شتێك لە دژی منە! پێنج ڕۆژە نەهاتوومەتە ئێرانە! بیستوویەتی کە من لای دەزگیرانە پێشنیار بۆ کراوەکەمم، ئەرێ؟ لە من دەبووڕێت و دەڵێ: ((دەستتم و بەرێ و با ئیدی هیچی لەبارەوە نەڵێین!)) ناتاشا، ئازیزم، فریشتەی من! ئەوە بزانە کە من تووشی هیچ گوناحێکنەبوومە. بە هیچ شێوەیەك کارێکی خراپم نەکردووە! بە پێچەوانەوە! بە پێچەوانەوە!

**ناتاشا گوتی: ((بەس تۆ دەبێت بچی بۆ ‹‹ئەوێ››... داوەتیان کردوویت... چی بووە کە هاتوویت بۆ ئێرە؟ ... کاتژمێر چەندە؟))**

**- کاتژمێر دەونیوە! لەوێ بووم... بەس گوتم حاڵم باش نییە و ئەوێم بەجێهێشت. دواى پێنج ڕۆژ ئەمە یەکەمین جارمە کە بتوانم لێیان هەڵبێم و خۆم ئازاد بکەم و بێم بۆ لاى تۆ، ناتاشا. یانى پێشتریش دەمتوانى بێم بۆ لات، بەس بە قەستى نەهاتم! بۆ؟ ئێستە دەیزانیت، بۆت ڕوون دەکەمەوە، بەس سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەم جارەیان بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ شێوەیەك خرا پەم بەرانبەر نەکردوویت!**

**ناتاشا سەرى بەرز کردەوە و لێى ڕاما... بەس نیگاى ئالیۆشا بە چەشنێك دڵپاکى و ڕاستگۆیى لێ دەبارى، ڕووخسارى ئەوەندە ڕۆشن و شادمان بوو کە نەدەکرا مرۆڤ بڕوا بە قسەکانى نەکات. وام بە خەیاڵدا هات کە هەروەك جارى جاران بە هاوارەوە باوەش بە یەکدیدا دەکەن و ئاشت دەبنەوە. بەس ناتاشا کە لە خۆشحاڵیاندا هەناسەى بۆ نەدەدرا سەرى نەوى کرد و لەناکاو... بە بێدەنگییەوە دەستى کردە گریان... ئالیۆشایش زیاد لەوە خۆى پێ ڕانەگیرا و خۆى خستە بەر پێیەکانى، دەست و پێى ماچ کرد. دەتگوت ئاگاى لە خۆى نەماوە. کورسییەکم بۆ ناتاشا برد و لەسەرى دانیشت. گەر دانەنیشتبا ئەوا لە هۆش دەچوو و تەختى زەوى دەبوو.**

## بەشی دووەم

١

بۆ خولەکێك دواتر هەمووما‌ن هەروەکو شێت لە قاقای پێکەنینمان دابوو.

ئالیۆشا بە دەنگێکی بەرزەوە کە دەیویست بەسەر دەنگی ئێمەدا زاڵ بێت گوتی: ((وەلێ دەرفەت بدەن، دەرفەت بدەن با بۆتان باس بکەم. ئەوان لایان وایە هەموو شتێك وەك ڕابردووە و من وەکو جاران تەنیا قسەی بێ سەروبەر دەکەم... با پێتان بڵێم کە بابەتێکی زۆر جێ سەرنج لە ئارادایە. ئەرێ کڕ دەبن یان نا؟

وەك دانەی سەر ساج هەڵبەز و دابەزی بوو، ئۆقرەی لێ بڕابوو، گەرەکی بوو هەرچی زووتر حەکایەتەکەی بگێڕێتەوە. بە سیمایدا دیاربوو کە هەواڵی گرنگی پێیە. بەس ئەو سیما جددییەی کە گوایە هەڵگری هەواڵگەلێکی گرنگە، زیاتر ناتاشای خستە ناوسك بڕان. منیش بە پێچەوانەی مەیلی خۆمەوە دەستم بە پێکەنین کرد. تا زیاتر لێمان پەست دەبوو، ئێمە زیاتر پێکەنین دەیگرتین. ئەو قین و نائومێدییە منداڵانەیەی کە ئالیۆشای داگرت ئێمەی خستە بارێکەوە کە هەر بەتەنیا یەك ئاماژە بەس بوو بۆ ئەوەی پێکەنینەکەمان دوای پێبێت. ماورا موبەقەکەی جێهێشتبوو، هاتبووە بەر دەرگەی ژوورەکە و بە دەموچاوێکی گرژەوە لە ئێمە ڕامابوو، داخی ئەوەی بوو کە ناتاشا نەیتوانیوە بەو جۆرەی کە دەشیا، ئالیۆشا تەمبێ بکات، ئەو لە پێنج ڕۆژی ڕابردووەوە چاوەڕێی ئەم بابەتە بوو و کەچی ئێستە لەجێی ئەوە، قاقا و پێکەنینی ئێمەی دەبیست.

دواجار که ناتاشا بینیی به پێکەنین ئالیۆشامان زویر کردووە، وازی لە پێکەنین هێنا و پرسیی: ((باشە، بڵێ بزانم، دەتەوێ چیمان بۆ باس بکەیت؟))

ماورا بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێکی ئەتەکیەتی قسەکردن، هەڵیدایێ و نەیهێشت ئالیۆشا بێتە گۆ و گوتی: ((ئەرێ دواجار سەماوەرەکە بێنم یان نا؟))

ئالیۆشا بە ئاماژەی دەست مۆڵەتی ماورای دا و گوتی: ((بڕۆ ماورا، بڕۆ))، پاشان ڕووی کردە ئێمە: ((ئێستە هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە، هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویان داوە و ڕوودەدەن، چونکە ئاگام لە هەموو شتێك هەیە. دەبینم کە ئێوەی هاوڕێیانی ئازیز چاوەڕێی ئەوەن کە بزانن لە پێنج ڕۆژی ڕابردوودا لەکوێ بووم، لەڕاستیدا منیش دەمەوێ باسی ئەم بابەتەتان بۆ بکەم، بەس ئێوە لێناگەڕێن. باشە: بەر لە هەموو شتێك دەبێ بڵێم کە من بە درێژایی ئەم ماوەیە خیانەتم لە تۆ کردووە، ناتاشا، بە درێژاییی ئەم ماوەیە، دەمێکە ئەم بابەتە گرنگە لە ئارادایە.))

- خیانەتت لە من کردووە؟

- بەڵێ، لە مانگی ڕابردووەوە، بەر لە هاتنەوەی باوکیشم دەستم داوەتە ئەم کارە: ئیدی ئێستە کاتی ئەوەیە کە قسەلەڕوو بم، مانگێك بەر لە گەڕانەوەی نامەیەکی تێروتەسەلم لەلایەن ئەوەوە پێگەیشت کە لەو بارەیەوە هیچم بە ئێوە نەگوتووە. لەم نامەیەدا (بە شێوەیەکی ئێجگار جددی و ترسێنەر) نووسرابوو کە هەموو ئامادەکارییەك بۆ زەماوەندەکەی من کراوە، دەزگیرانەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە شیاو و لەبارە، هەڵبەتە من شایەنی ئەو نیم، وێڕای ئەوەش دەبێت زەماوەندی لەگەڵ بکەم. سەرەنجام خۆم بۆ ئەم کارە ئامادە بکەم و واز لە فکر و خەیاڵی دەبەنگانە بێنم، هەروەها نازانم چی و چی... هەڵبەتە دیارە کە مەبەستی لە فکر و خەیاڵی دەبەنگانە چییە. من ئەم نامەیەم لە ئێوە شاردەوە.

ناتاشا قسەی پێ بڕی و گوتی: ((بەهیچ شێوەیەك نەتشاردووەتەوە، بەخۆتەوە مەنازە، لە ڕاستیدا بە هەڵسوکەوت هەموو شتێکت بۆ باس کردووین. بیرم دێ کە لەپڕێکدا دەستەمۆ و گوێڕایەڵ ببوویت، ئیدی جێت نەدەهێشتم، وا دەهاتە بەرچاو کە لەبارەی شتێکەوە خۆت بە خەتابار بزانیت و باسی هەموو وردەکارییەکی نامەکەت بۆ کردین.))

- ڕێی تێناچێ، بێگومان ناوەڕۆکی بابەتەکەم باس نەکردووە. لەوانەیە پێکەوە گومانتان بۆ هەندێك شت چووبێت، ئەمە پەیوەندیی بە خۆتانەوە هەیە، بەس من باسی هیچ شتێکم نەکردووە. بابەتە سەرەکییەکەم لێتان شاردووەتەوە و لەم بارەیەشەوە زۆر ناڕەحەتم.

من گوتم: ((لەبیرمە کە هەندێ جار باسی ناوەڕۆکی نامەکەت دەورووژاند و ڕاوێژت بە من دەکرد.)) پاشان سەیرێکی ناتاشام کرد و بۆم زیاد کرد: ((بەس بە ناڕاستەوخۆ.))

ناتاشا بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی من گوتی: ((تکا دەکەم، لە خۆت بایی مەبە، هەموو شتێکت بۆ باس کردووین. کەی تۆ توانای قسە شاردنەوەت هەیە؟ ماوراش ئاگای لە هەموو شتێك هەیە، وا نییە، ماورا؟))

ماورا لای دەرگەکەوە ملێکی درێژ کرد و وەڵامی دایەوە: ((بێگومان، هەر لە ماوەی سێ ڕۆژی سەرەتادا هەموو شتێکت گێڕایەوە. تۆ قسەت لە دەم ناوەستێت!))

- ئاه! ئێوە چەندە پیاو نارەحەت دەکەن. تۆ تەنیا بۆ تۆڵەسەندنەوە وا دەکەیت، ناتاشا! جا تۆ، ماورا، تۆیش بەهەڵەدا دەچیت. بیرم دێت کە ئەو وەختانە هەر لە شێت دەچووم، لە یادتە، ماورا؟

- چۆن دەکرێ ئینسان وەها شتێکی لەبیر بچێت! ئەمڕۆیش هەر لە شێت دەچیت!

- نا،نا، مەبەستم ئەوە نەبوو. بیرت دێت کە ئەو وەختانە هیچ پارەیەکمان لە بەرکدا نەبوو، جا تۆیش ڕۆیشتیت و پاکەتە زیوییەکەی جگەرەکانمت خستە گرەو،بە تایبەت ئەمەم بیر هێنایتەوە، چونکە تۆ خۆت لە گێلی دەدەیت، ناتاشا ئامۆژگاریی کردوویت. ئێستە گریمان کە پێشتر هەموو ئەم شتانەم بۆ گێڕابێنەوە، (ئەها... ئێستە بیرم هاتەوە)، ڕاست دەکەن. بەس ئەی خۆ ئاگاتان لە شێوازی دەربڕینی نامەکە نییە، باش دەزانن کە ئەو شێوە دەربڕینەی لە نامەدا بەکار دەبرێت شتێکی ئێجگار گرنگە. دەمویست ئەم بابەتەتان بیر بهێنمەوە.

ناتاشا پرسیی: ((باشە، شێوازی دەربڕینی نامەکە چۆن بوو؟))

- گوێگرە، ناتاشا، پێدەچێ تۆ بە گاڵتەوە ئەم پرسیارە لە من بکەیت. گاڵتە مەکە. دڵنیابە کە زۆر گرنگە. شێوازی دەربڕینەکە ئەوەندە ڕەق بوو کە وەك برووسکە بەرکەوتووەکان وشکی کردم. باوکم تا ئەو کاتە بە وەها شێوازێك قسەی لەگەڵ من نەکردبوو. گوتبووی: " گەر بە پێی ویستی من نەجوڵێیتەوە، ئەوا قیامەت بەرپا دەبێت." شێوازی دەربڕینەکەی بەم جۆرە بوو!

- زۆر باشە، ئادەی ئێستە پێمان بڵێ، بۆچی دەبوو نامەکەمان لێ بشاریتەوە؟

- ئاه! خوایە گیان! بۆ ئەوەی نەتانترسێنم. هیوام وابوو خۆم هەموو شتەکان ڕایی بکەم. بەم پێیە، دوای پێگەیشتنی نامەکە و هەر لەگەڵ گەڕانەوەی باوکم، مەینەتی و نارەحەتییەکانم دەستیان پێکرد. خۆمم ئامادە کردبوو کە بە شێوەیەکی ڕوون و پتەو وەڵامی بدەمەوە، بەس هەرگیز ئەو هەلەم بۆ نەڕەخسا. ئەو تەنانەت هیچ پرسیارێکیشی لێ نەکردم: مرۆڤێکی تەڵەکەبازە! بە چەشنێك ڕەفتاری دەکرد کە وەك بڵێ هەموو شتێك بڕابێتەوە و هیچ ناکۆکی و هەڵە حاڵی بوونێکمان لە نێواندا نەبێت. تێدەگەیت، وەك بڵێیت هەر جۆرە چەلەحانێیەك «نەکردە» یە. کەسێکی زۆر خۆویستە. جا زۆر دڵنەرمانە و خۆشەویستانە لەگەڵم دەجوڵایەوە. ئەم بابەتە هەژاندمی. ڤانیا، گەر بزانیت مرۆڤێکی چەندە زۆرزانە. ئەو دەستی ئێمەی خوێندووەتەوە، هەموو شتێك دەزانێت،

گەر تەنیا بۆ یەك جار تووشی ئەو بێن، هەموو فکرتان وەك فکری خۆی دەخوێنێتەوە. بێگومان هەر لەبەر ئەمەشە کە دەڵێن ئەو ژۆزویتێکە بۆ خۆی. ناتاشا حەز ناکات پێیدا هەڵبڵێم. خۆت قەڵس مەکە، ناتاشا... وەلێ بەڕاست، ئەها لە سەرەتاوە پارەی نەدەدامێ، بەس دوێنێ پارەی باشی دامێ، ناتاشا، فریشتەکەم! باخەڵمان گەرم بووەوە! وەرە، سەیرکە. ئەها ماوەی شەش مانگ بۆ ئەوەی تەمبێم بکات پارەی لێ گرتمەوە، دوێنێ بە یەك جار پارەی ئەو شەش مانگەی پێ دامەوە. ئادەی با بزانین کێ دەزانێت چەندە؟ هێشتا دەرفەتی ژماردنیم نەبووە. ماورا بڕوانە، چاو لەو هەموو پارەیەی! ئێستە ئیدی پێویست بەوە ناکات چەنگاڵ و کەوچکە چاکانمان بخەینە گرەو.

دەستی بە گیرفانیدا کرد و سەفتە ئەسکەناسێکی کە لە هەزار و پێنج سەد ڕۆبڵ زیاتر دەبوو، دەرهێنا و خستیە سەر مێزەکە. ماورا بە سەرسامییەوە ڕوانییە سەفتە ئەسکەناسەکە و پیرۆزبایی لە شازادە کرد. ناتاشا بە پێداگرییەوە داوای لە ئالیۆشا کرد درێژە بە قسەکانی بدات. ئالیۆشا گوتی:

- جا لەبەر ئەوە لە خۆمم دەپرسی کە داخۆ دەبێ چی بکەم؟ بە پێچەوانەی ویستی ئەو بجوڵێمەوە؟ سوێندتان بۆ دەخۆم کە ئەگەر ڕەفتاری ئەوەندە نەرمونیان نەبووبا، گەر بە بەدگەوهەرییەوە ڕەوشێکی دڵڕەقانەی بگرتبابەر، هەرگیز کاردانەوەیەکی لەو جۆرەم لە بەرانبەریدا نەدەبوو. ڕاستەوخۆ پێم دەگوت کە من ناچمە ژێر باری بەرنامەی ئەو، ئێستە پیاوێکم بۆ خۆم و ئیدی منداڵ نیم و ئامادە نیم بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆم هەنگاو بنێم. باوەڕ بکەن کە زۆر بە توندی ڕووبەڕووی دەبوومەوە. بەس لەو هەلومەرجەدا چیم لەدەست دەهات؟ خەتابارم مەکەن. دەبینم واقت وڕماوە، ناتاشا. بۆچی بە لاچاو سەیری یەکدی دەکەن؟ بێگومان ئێستە وا بیر دەکەنەوە کە: کەواتە ئیدی، تەواو کەریان کردووە و هیچ هەڵوێستێکی نەبووە. هەتا دڵ حەزکا من بەهەڵوێست و سەرسەختم، زۆر زیاتر لەوەیش کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە! بەڵگەکەشی ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی و هەلومەرجەکەمەوە، بە خۆمم گوت: (( ئیدی ئەمە ئەرکی منە، دەبێ لەبەردەم باوکم دان بە هەموو شتێکدا بنێم. )) هەر بەم بۆنەیەوە ئیدی باسی هەموو شتێکم کرد و ئەویش تا کۆتا گوێی بۆ قسەکانم گرت.

ناتاشا بە سیمایەکی نیگەرانەوە پرسیی: (( وەلێ باسی چیت بۆ کرد؟ ))

- گوتم من دەزگیرانی دیکەم ناوێ، چونکە خۆم یەکێکم هەیە: تۆ. هەڵبەتە گەر ڕاستییەکەیت بوێ هێشتا بە ئاشکرا ئەمەم پێ نەگوتووە، وەلێ ئەوم بۆ بیستنی ئەم قسەیە ئامادە کردووە و بەیانیش پێی دەڵێم، بە تەواوی لەسەری سوورم. بەر لە هەموو شتێك بەوم گوت هاوسەرگیری لە پێناو پارەدا ئیشێکی سەرشۆڕانە و شەرمەزارانەیە و ئەوپەڕی گەمژەییە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە سەر بە چینی خانەدانانین (زۆر بە ئازادییەوە لەگەڵی دوام، چونکە وەك برایەك ڕەفتاری لەگەڵ کردم). پاشان بەوم گوت من سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەم و لەم بارەیەشەوە شانازی بە خۆمەوە دەکەم، لەگەڵ ئینسانەکانی دی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆم نییە و هەرگیز ناشمەوێ خۆمیان لێ جیا بکەمەوە. بە کورتییەکەی تەواوی ئەم فکرە دروست و باشانەم لەگەڵ ئەودا خستە بەر

باس... به گڕوتینێکی زۆرەوە لەگەڵی دەدوام. خۆشم سەرم سووڕ مابوو. جا بۆ کۆتایی هێنان بەم مەسەلەیە، لە دیدگەی خۆیەوە قسەم لەگەڵ کرد...بێ پێچ و پەنا گوتم: ((ئێمە چ جۆرە شازادەیەکین؟ لەوانەیە تەنیا لەبەر ئەوەی کە سەر بە بنەماڵەی شازادەکانین بە بەشێك لەم چینە ئەژمار بکرێین، وەلێ لە ڕاستیدا هیچ شتێکمان لە شازادەکان ناچێت. بەر لە هەموو شتێك ئێمە کەسانێکی ساماندار نیین و سامانیش لە هەموو شتێك گرنگترە. دیارترین شازادەی سەردەمی ئێمە *رۆچیلدە*، جیا لەمەیش، ناوی ئێمە دەمێکە لە دونیای خانەدانەکاندا کوێر بووەتەوە، دواهەمین کەسی ناوداری بنەماڵەکەمان، *سیمۆن ڤالکۆڤسکی* ی خاڵمە کە ئەویش تەنیا لە مۆسکۆدا ناسراو بووە. بەس لەبەر ئەوەی دواهەمین دارایی خۆی، سێسەد سە پانەکەی لەدەستداوە، ئیدی هیچ کەسێك لای لێ نەکردووەتەوە. گەر با پیرەیش بۆ خۆی کەمێك ماڵ و موڵکی پێکەوە نەدەنا، بێگومان دەبوو نەوەکانی خەریکی زەوی کێڵان بن، هەمان ئەو کارەی کە شازادەکانی دی دەیکەن. بەم پێیە هۆکارێك بۆ لووتبەرزی و بەخۆوەنازین لە ئارادا نییە. بەکورتییەکەی ئەوەی کە لە دڵمدا پەنگی خواردبووە و ئازارمی دەدا، بەبێ لەڕوودامان و بە گڕوتینەوە هەموویم هەڵڕشت، لە درێژەی قسەکانمدا هەندێك شتی دیکەشم گوت. تەنانەت هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو، تەنیا سەبارەت بە تەرککردنی ماڵی *کۆنت نائینسکی* سەرکۆنەمی کرد. پاشان ئەوەشی بۆ زیاد کرد کە دەبێ وەسف و ستایشی *شازادە «ك»* ی دایەنم بکەم چونکە گەر ئەو پێشوازیم لێ بکات و دەرگەی ماڵەکەیم بەڕوودا ئاوەڵا بکات، ئەوا لەم ڕێیەوە کەسانی دیکەش من پەسەند دەکەن و بەمەیش داهاتووم دابین دەبێ، جا پاشان لەم بارەیەوە هەندێك قسەی دیکەی کرد. بەردەوام ئاماژەی بەوە دەکرد کە لە پێناو تۆدا ناتاشا، پشتم لەو هەموو شتانە کردووە و هەموویشی لەژێر کاریگەریی تۆدایە. بەس بیرت نەچێت کە هەرگیز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبارەی تۆوە قسەی لەگەڵ نەکردووم، تەنانەت هەوڵی دەدا لە ئاماژەپێکردنی ناڕاستەوخۆیشت خۆی بەدوور بگرێ. من و ئەو هەردووکمان فێڵ لە یەکدی دەکەین، چاومان لەسەر یەکدییە و دەرەقەتی یەکدی دێین، جا دڵنیابە کە نۆرەی ئێمەیش دێ.

- باشە، وەلێ ئەنجامەکەی چی بوو؟ چ بڕیارێکی دا؟ ئەم بابەتە لە هەمووی گرنگترە، ئینسانێکی چەندە زۆرڕەویت ئالیۆشا...

- تەنیا خودا دەزانێ بڕیاری ئەو چییە، بە هیچ شێوەیەك زۆرڕەو نیم و بە جددی قسە دەکەم، هیچ بڕیارێکی نەداوە و ئەو کاتەش کە قسەم بۆ دەکرد و بەڵگە و مەنتیقم بۆ دەهێنایەوە، وەك ئەوەی کە بەزەیی پێمدا بێتەوە، بزەی دەهاتێ. دەزانیت، هەست دەکەم ئەم ڕەفتارەی سووکایەتی پێکەرانەیە، بەس بە هیچ شێوەیەك هەست بە شەرمەزاری ناکەم. بە منی گوت: ((بە تەواوی هاوڕاتم، با بچین بۆ لای کۆنت نائینسکی، بەس ئاگاداربە، لەوێ بە هیچ شێوەیەك ئەم جۆرە قسانەت لە دەم دەرنەچێ. من لێت تێدەگەم، بەس ئەوان سەر لەم جۆرە بابەتانە دەرناکەن. بیستوومە کە ئیدی پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێ، لە سەر بابەتێك دڵیان لێی ئێشاوە.)) بە شێوەیەکی گشتی ئێستاکە لەگەڵ باوکیشم دا ئەوەندە ڕوویان خۆش نییە و لێی لووتەلان. کۆنت هەر لە سەرەتاوە

لووتبەرزانە و بە شێوەیەکی ساردوسڕانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم، وەك بڵێی بیری چووبێتەوە کە من لە ماڵی ئەودا گەورە بوومە، تەنانەت بیری دەکردەوە هەتا لەم بارەیەوە شتێکی یاد بێتەوە! سووك و ئاسان لەبەر سپڵەییم گازاندەی لێ دەکردم، بەس لە ڕاستیدا من بە هیچ شێوەیەك بەرانبەر بەو سپڵە نەبوومە. پیاو لە ماڵی ئەودا زوو بێتاقەت دەبێت و هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەوێم جێ هێشت و ئیدی سەرم پێدا نەکردەوە. ئەو ڕێزێکی ئەوتۆیشی لە باوکم نەنا. ڕەفتاری ئەوەندە ساردوسڕانە بوو کە سەرم لەوە دەرنەدەچوو داخۆ بۆچی باوکم سەردانی ئەو دەکات. ئەم شتانە بریندارم دەکەن. باوکی داماوم لە بەرانبەر ئەودا کەم تا زۆر دەبێ تا نیوە بچەمێتەوە، دەزانم کە هەموو ئەم کارانە لە پێناو مندا دەکات، بەس بە هیچ شێوەیەك پێویستم پێیان نییە. پاشانیش ویستم لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆمی بۆ دەربڕم، بەس دانم بەخۆمدا گرت. سوودی چییە! ناتوانم بیروڕای بگۆڕم، دەزانم تەنیا بێتاقەتتری دەکەم، ئێستاکەیش تا ڕادەیەکی زۆر لەو کارانە نیگەرانە کە کردوومن. جا هەر بەم بۆنەیەوە بە خۆمم گوت دەبێ فێڵێك بەکار بهێنم، کڵاو دەنێمە سەری هەموویان، کۆنت ناچار دەکەم ڕێز لە من بگرێ، باوەڕتان هەبێت دەمودەست بە ئامانج گەیشتم. لە ماوەی ڕۆژێکدا هەموو شتێك گۆڕا. کۆنت نائینسکی لەگەڵ من زۆر ڕووخۆش بووە. ئەم کارەشم هەر بە تەنیا ئەنجامدا، بە فێڵ و تەڵەکەی خۆم، باوکم باوەڕ ناکات.

ناتاشا بەبێ ئۆقرەییەوە گوتی: ((گوێگرە، ئالیۆشا، باشتر وایە بەسەرهاتەکەمان بۆ بگێڕیتەوە. وامزانی دەتەوێت باسی ئەو بابەتە بکەیت کە ئێمە مەبەستمانە، بەس تۆ هەر چەنە دەدەیت و باسی بەرزکردنەوەی کەسایەتیی خۆتمان بە بەرچاوی کۆنت نائینسکییەوە بۆ دەکەیت. ملی ئەم کۆنتەشت بشکێ!))

- دەبیستن ڤانیا، ئەو کۆنت بەهەند وەرناگرێ، بەس ئەسڵی مەسەلەکە لێرە دایە. دەیبینیت، ناتاشا، جا خۆشت واقت وڕدەمێنێ. لە کۆتای گوتەکانمدا هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە. تەنیا مۆڵەتم بدە (با ڕاستگۆیانە بدوێم)، با هەموو شتێکت بۆ باس بکەم... دەزانیت ناتاشا، ئێوەش ڤانیا، لەوانەیە زۆر بە کەمی ئەوە ڕووبدات کە من ئاقڵانە بدوێم. با بڵێین تەنانەت ( ڕوویشی داوە ) کە گەمژانە بدوێم، هەر ئەمەندە و بەس. وەلێ دڵنیابن کە لەم مەسەلەیەدا فێڵ و تەڵەکەیەکی زۆرم بەکارهێناوە، بەڵێ... هەروەها زیرەکییش، لام وابوو بەوە دڵخۆش دەبن کە بزانن من لە هەموو کاتێکدا... گەمژە نیم.

ناتاشا گوتی: ((ئای! چی دەڵێیت ئالیۆشا، دەکرێ بێدەنگ بیت؟))

ناتاشا بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە ئەوانی دی وەك گەمژە و حۆل سەیری ئالیۆشا بکەن. زۆربەی جار وەختێك ئالیۆشام لەوە ئاگادار دەکردەوە کە ئەو کارەی ئەنجامی داوە گەمژانەیە،ناتاشا بێ ئەوەی لەم بارەیەوە هیچ شتێکم بە ڕوودا بدات، لێم لووتەلا دەبوو. ئەو لەم بارەیەوە گەلێك هەستیار بوو. هەروەها بەرگەی ئەوەشی نەدەگرت کە بە چاوی سووکەوە لە ئالیۆشا بڕوانرێ، گەر خۆیشی وەها کارێکی بکردبا ئەوا تا سنوورێکی دیاریکراو بوو. بەس هەرگیز وەها کارێکی بەرانبەر نەکردبوو، چونکە ترسی لە شکانی حورمەتی ئەو هەبوو. بەس ئالیۆشا

**لەو ساتانەدا زۆر زیتەڵە بوو و تەنانەت دەیتوانی سۆسەی هەستە شاراوەکانی ناتاشا بکات. ناتاشایش بەم بابەتەی دەزانی و تووشی ئازارێکی سەخت دەبوو، سۆزی بۆ دەردەبڕی و دەیلاواندەوە. جا هەر بەم بۆنەیەوە وەختێك کە قسەکانی ئالیۆشای بیست، نارەحەتی دایگرت و دڵی بە ژان کەوت.**

**ناتاشا لەسەری ڕۆیشت: ((واز لەم بابەتە بێنە. تۆ تەنیا کەمێك گێژیت و حۆلیت، بۆچی خۆت ڕسوا دەکەیت؟))**

**- زۆر باشە، بەس لێگەڕێن با بەسەرهاتەکە تەواو بکەم. دوای ئەوەی کە چووم بۆ لای کۆنت، باوکم لێم قەڵس بوو. بە خۆمم گوت کەمێك سەبرت هەبێت. پاشانیش چووین بۆ لای شازادە. وام بیستبوو کە بەهۆی پیرییەوە تا ڕادەیەك یادگەی لەدەست داوە. جگە لەمە گوێشی تەپ بووە و سەگی بچووکی گەلەك خۆش دەوێن. چەندین سەگی هەیە و شەیدایانە. وێڕای ئەوەش لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتیدا دەستڕۆیشتووە و کۆنت نائینسکی، بەو هەموو لووتبەرزی و خۆبەزلزانییەیەوە لەبەردەم ئەودا تەنیا خزمەتکارێکە. بەم پێیە هەر بەدەم ڕێوە نەخشەیەکم بۆ هەنگاوەکانی داهاتووم داڕشت، دەزانن نەخشەکە سەبارەت بە چی بوو؟ سەبارەت بە خۆشەویستیی خۆم بۆ سەگ، بەڵێ، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەبێ پێتانی بڵێم. زۆر بەباشی لەوە تێگەیشتووم کە، یان هێزێکی ڕاکێشانی موگناتیسی لە مندا بوونی هەیە یان ئەوەیە کە منیش هەر بەڕاستی هەموو ئاژەڵانم خۆش دەوێن. نازانم، هەر ئەوەندە ئەزانم کە سەگەکان منیان خۆش دەوێ، هەر ئەمەندە و بەس. سەبارەت بە هێزی کێشکردنی موگناتیسییەوە، هیچ شتێکم بە تۆ نەگوتبوو ناتاشا. ڕۆژێکیان ڕۆحم بانگ کرد. ڕۆژێکیان سەردانی کەسێکم کردبوو کە لەم بوارەدا شارەزا بوو، هەر بەڕاستی جێگەی سەرسامییە، ئیڤان پترۆڤیچ، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دانام. بانگی ڕۆحی *یۆلیۆس قەیسەرم* کرد[1].**

**ناتاشا پێکەنین گرتی و گوتی: ((ئاه! خوایە گیان، ئیشت بە *یۆلیۆس قەیسەر* چی بوو؟ هەر ئەمەمان کەم بوو.))**

**- وەڵێ بۆچی؟... ئایا من... بۆچی مافی بانگکردنی *یۆلیۆس قەیسەرم* نەبێت؟ ئەمە چ زیانێك بەو دەگەیەنێ؟ دیسان دەستی بە پێکەنین کرد.**

**- هەڵبەتە هیچ زیانێك بەو ناگەیەنێ ئازیزم... باشە، *یۆلیۆس قەیسەر* چیی پێ گوتیت؟**

**- هیچی نەگوت، تەنیا ئەو پێنووسەی کە بە دەستمەوە بوو خۆبەخۆ بەسەر کاغەزەکەدا جووڵەی دەکرد و شتی دەنووسی. بە منیان گوت کە ئەوە *یۆلیۆس قەیسەرە* شت دەنووسێ. بەس من باوەڕم نەکرد.**

**- چیی بۆ نووسییت؟**

**- شتێکی وەك ‹‹dip it in›› بەو شێوەیەی کە لە نمایشنامەکەی گۆگۆڵ دا هاتووە... دەکرێ پێنەکەنیت!**

---

**[1] . بانگکردنی ڕۆح لە ڕوسیای سەردەمی دۆستۆیڤسکیدا زۆر باو بووە. لیۆ تۆلستۆیش، لە ‹‹ئانا کارێنا››دا دیمەنێکی لەو جۆرەی هێناوە.**

- با بچینەوە سەر باسەکەی شازادە!

- هەمیشە قسەم پێ دەبڕێت. هەرکە گەیشتینەماڵی شازادە، یەکسەر دەستم بە لاواندنەوەی *میمی* کرد. ئەم میمیە پیرە دەڵێکی ناشیرینە، وێڕای ئەوەی کە قێزەونە، دڕ و قەپگریشە. شازادە زۆری خۆش دەوێ، هەر دەڵێی هاوتەمەنی یەکدین. قۆڵم لێ هەڵماڵی و نوقڵێکم پێدا. جا لە ماوەی دە خولەکێکدا فێری تەوقەکردنم کرد، ئەو بە هەموو تەمەنی نەیتوانیبوو فێری وەها کارێکی بکات. شازادە لە خۆشحاڵیاندا باڵی گرتبوو، هێندەی نەمابوو لە خۆشییاندا بکەوێتە گریان: ((میمی، میمی، میمی! تەوقە!)) کەسێك هاتە ژوورەوە: ((میمی تەوقە لەگەڵ ئەم بەرێزەدا بکە، زڕ کوڕەکەم فێری تەقەوکردنی کرد!)) پاشان کۆنت نائینسکی هاتە ژوورێ، شازادە گوتی: ((میمی تەوقە لەگەڵ ئەودا بکە!)) لە منی دەڕوانی و چاوەکانی پڕ ببوون لە فرمێسکی شادمانی. ئای ژنەی داماو! دڵم بۆی دەسووتا. هەلەکەم قۆستەوە و دەستم بە زمانلووسی کرد. ئەلبوومێکی دەرهێنا و وێنەیەکی نزیکەی شەستساڵ لەمەوبەری کە کچێکی گەنج بووە، لە بەینی ئەلبوومەکەوە کەوتە سەر زەوی، من وێنەکەم هەڵگرتەوە و وەك ئەوەی کە نەزانم وێنەی ئەوە گوتم: ((ئای لەم وێنە جوانە! ئەم وێنەیە لەوپەڕی جوانیدایە!)) جا بەم قسەیە بە تەواوی دڵیم بەدەست هێنا. ئەوجا زەوقی کرایەوە و دەستی بە قسە و باس کرد. لە منی پرسی: لە کوێ خوێندوومە، لە ماڵی کێ دادەنیشم، بۆ ئەوەندە قژەکانم جوانن!. ئیدی کەوتە سەر ئەم باس و خواسانە. منیش حەکایەتێکی پێکەنیناویم بۆ گێڕایەوە و خستمە پێکەنین. ئەو حەزی لەم جۆرە حەکایەتانەیە، بەدەم پێکەنینەوە پەنجەی لێ ڕادەوەشاندم. وەختێك ویستم بەجێی بێڵم، ماچی کردم، خاچی بۆ کێشام و بەڵێنی لێ وەرگرتم کە هەموو ڕۆژێك بچم بۆ لای و سەرگەرمی بکەم. کۆنت بە گەرمی دەستمی گوشی. نیگای زۆر میهرەبانانە بوو. بەس باوکم، جا بڕوا بە قسەم بکەن یان نا، وێڕای هەموو شت، کە باشترین، شەریفترین و سەرڕاسترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوییە، لە خۆشییاندا کەوتبووە گریان. وەختێك پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵ، منی ماچ کرد و دەردەدڵی لەگەڵ کردم، هەروەها قسەگەلێکی سەیری لەبارەی ئیش و کار، پەیوەندیی کۆمەلایەتی، پارە و زەماوەند و هەندێك قسەی دیکەشی کرد کە من سەریان لێ دەرناکەم. هەر ئەو وەختە بوو کە ئەم پارانەی دامێ. ئەم ڕووداوە بۆ دوێنێ دەگەڕێتەوە. سبەینێ دیسان دەچمەوە بۆ لای شازادە، بەس باوکم شەریفترین مرۆڤە، بە خراپی مەزانن. ڕاستە هەوڵ دەدات من و تۆ لێك جیا بکاتەوە، بەس هۆکارەکەی ئەوەیە کە تەماح کوێری کردووە، چونکە چاوی لە سێ ملیۆنەکەی کاتیایە و تۆیش وەها سەروەتێکت نییە، وەلێ ئەو هەموو ئەم شتانە لە پێناو مندا ئەنجام دەدا و لە نەزانیی خۆیەوە ئاوها بێویژدانانە ڕەفتارت لەگەڵ دەکات. جیا لەمەیش چ باوکێك هەیە کە حەز بە خۆشبەختیی کوڕەکەی نەکات؟ ئەو بێتاوانە گەر پێی وایە خۆشبەختی لە ملیۆنە پارەدایە. هەموو باوکەکان بەم جۆرەن. دەبێت لەم دیدگەیەوە لەو بڕوانیت نەك لە دیدگەیەکی دیکەوە، ئەوسا ئیدی دەستبەجێ دەرك بەوە دەکەیت کە ئەو لەسەر هەقە. ناتاشا، من پەلە پەل خۆم گەیاندە ئێرە هەتا بتخەمە سەر ئەم بڕوایە، چونکە دەزانم تۆ هێندە کەیفت بەو نایێ، هەڵبەتە لەم بارەیەشەوە تۆ بێتاوانیت. بۆ ئەم بابەتە سەرکۆنەت ناکەم.

ناتاشا پرسیی: ((کەواتە تۆ لە ڕێگەی سەردانکردنی شازادە و بەدەستهێنانی دڵی ئەو، داهاتووتت دەستەبەر کردووە، ئەمە هەموو فێڵ و تەڵەکەکەت بوو؟))

- چی؟ چیت گوت؟ ئەمە سەرەتای کارەکەیە... من بۆیە باسی شازادەم بۆ کردیت هەتا پێت بڵێم کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانم باوکم قایل بکەم، تێدەگەیت؟ بەس هێشتا بابەتە سەرەکییەکەم باس نەکردووە.

- کەواتە هەتا زووە بۆمانی باس بکە.

- ئەمڕۆ پێشهاتێکی هەژێنەری دیکەم هاتە ڕێ. هێشتا کاریگەریی لەسەرم ماوە. دەبێت ئەوە بزانن کە ئەگەرچی باوکم و کۆنتیس سەبارەت بە زەماوەندکردنی نێوان من و زڕ کچەکەی گەیشتوونەتە ڕێککەوتن، وەلێ هێشتا هیچ شتێك نە ڕەسمییە و نە یەکلایی بووەتەوە. بەبێ هیچ کێشە و بگرە و بەردەیەك دەتوانین دوای زەماوەندەکە دەمودەست لێك جیا ببینەوە، تەنیا کۆنت نائینسکی بەم بابەتەی زانیوە، بەس ئەو تەنیا حسێبی خزمێکی بۆ دەکرێ و هێندە خۆی لەم بابەتە ناگەیەنێ. جیا لەمە، گەرچی لە ماوەی ئەم دوو حەفتەی دواییدا زۆربەی کات دیدەنیی کاتیام کردووە، بەس هەتا عەسری دوێنێش، لەبارەی داهاتوو، یانی لەبارەی زەماوەندەوە، هیچ قسەیەکمان نەکردبوو، نا... باشە... بەڵێ، هیچ قسەیەکی عاشقانەیش. وێڕای ئەمەش، هەر لە سەرەتاوە بڕیار وابووە کە بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی شازادە ‹‹ك››... ئەم زەماوەندە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە کەسێکی ئێجگار دەوڵەمەندە و پارەی ڕێکخستنی ئاهەنگ و ئاڵتوون و ئەم جۆرە شتانە لەسەر ئەوە.جا هیچ کەسێکیش ناتوانێت قسە لە قسەیدا بکات، قسەی ئەو قسەی هەمووانە، بەتایبەت لەبەر ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ ئەم و ئەودا هەیەتی... هەمووان دەیانەوێت هەرچی زووترە پێ بخەمە ژیانێکی کۆمەڵایەتییەوە و لە کۆمەڵگەدا جێ پێی خۆم پتەو بکەم. بەس بەزۆری زڕدایکی کاتیا، یانی کۆنتیس لەم بارەیەوە پێداگری دەکات. کۆنتیس هەندێك دۆستی لە دەرەوەی وڵات هەیە و لە ڕاستیشدا شازادە هەر لەبەر ئەم هۆیە ڕێگە نادات ئەو بێتە ماڵەکەی و لەوانەیشە ئیدی ئەوانی دیکەش دەرگەی ماڵیانی بەڕوودا نەکەنەوە، بەهەرحاڵ زەماوەندکردنەکەی من دەرفەتێکی باشی بۆ دەڕەخسێنێ هەتا لە کۆمەڵگەی خانەدانانەدا جێگەی خۆی بکاتەوە. ئەو کۆنتیسەی کە لە سەرەتاوە بە ئەنجامدانی ئەم زەماوەندە قایل نەبوو، هەر لەبەر ئەم هۆیە ئەمڕۆ زۆر لەوە خۆشحاڵە کە توانیومە شازادە بەلای خۆمدا ڕابکێشم، بەس با ئەم بابەتە بخەینە لاوە و بچینە سەر بابەتێکی گرنگتر: من لە ساڵی ڕابردووەوە بە کاترینا ئاشنا بوومە، بەس ئەو کاتە تەنیا کوڕیژگەیەك بووم و سەرم لە هیچ شتێك دەرنەدەچوو، هەر بەم بۆنەیەوە هیچ شتێکی تایبەت و سەرنجکێشم لەودا نەدەدیت...

ناتاشا قسەکەی پێ بڕی و گوتی: ((زۆر ئاساییە، لەبەر ئەوە بووە کە ئەو کات خۆشەویستییەکی زیاترت بۆ من هەبووە، بەس ئێستاکە...))

ئالیۆشا بە هەڵچوونەوە هاواری کرد: ((بیبڕەوە، ناتاشا، تۆ بە تەواوی لە هەڵەدایت و بەم قسانەشت وەك ئەوە وایە جوێنم پێ بدەیت!...تەنانەت نامەوێت وەڵامیشت بدەمەوە، ئێستە گوێ بۆ قسەکانم بگرە، ئەوجا لە هەموو شتێك حاڵی دەبیت... ئاە! گەر تۆ کاتیات دەناسی، گەر دەتزانی ڕۆحێکی چەندە پاك و بێگەردی هەیە. بەس تێدەگەیت. تەنیا تا کۆتا گوێ بۆ قسەکانم ڕادێرە. پازدە ڕۆژ لەمەوبەر کە کاتیا و زڕدایکەکەی گەڕانەوە بۆ پترسبورگ و باوکم منی بردە ماڵی ئەوان، بە سەرنجێکی زۆر لێی ورد بوومەوە. زانیم کە ئەویش چاوی لەسەر منە. ئەم بابەتە بووە هۆی بزواندنی کونجکۆڵیم، تەنانەت هیچ لەبارەی ئەو تەمایەوە ناڵێم کە بۆ باشتر ناسینی ئەو هەمبوو، ئەو تەمایەی کە دوای بەدەست گەیشتنی نامە کاریگەرەکەی باوکم لە مندا چێ بوو. هیچی لەبارەوە ناڵێم، وەسف و ستایشی ناکەم، تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەو بەهیچ شێوەیەك لە کەسانی دەوروبەری ناچێ و لەوان جیاوازە. سروشتێکی ئەوەندە بەرز و ڕۆحیەتێکی هێندە بەهێز و ڕووڕاستانەی هەیە – ڕۆحێك کە بە بۆنەی ڕووڕاستی و پاکییەکەیەوە بەهێزە - کە من لە بەرانبەر ئەودا تەنیا حسێبی هەرزەکارێکم بۆ دەکرێت، وەك برا گچکەی ئەو دەردەکەوم، گەرچی ئەو تەمەنیشی تەنیا حەڤدە ساڵە. دەرکم بە بابەتێکی دیکەش کرد، ئەو لە ناخەوە کەسێکی خەمگینە، وەك بڵێی نهێنییەکی لە دڵدایە، کەسێکی کەمدووە، لە ماڵەوەیاندا، کەم تا زۆر هەمیشە بێدەنگە، تەنانەت پیاو وای بۆ دەچێ کە ڕەنگە زاتی قسەکردنی نەبێت... یان فکری سەرقاڵی شتێك بێت. وا دەردەکەوێت کە سڵ لە باوکم دەکاتەوە. سۆسەی ئەوەشم کرد کە هیچ خۆشەویستییەکی بۆ زڕدایکەکەی نییە. بەڵکە ئەوە کۆنتیسە کە بە نیەتێکی تایبەتەوە وای دەنوێنێ کە گوایە زڕکچەکەی شەیدای ئەوە، بەس ئەمە هەمووی درۆیە. کاتیا ئەوەندە کتوکوێرانە گوێڕایەڵیی دەکات، کە وەك بڵێی سەبارەت بە بابەتێك ڕێککەوتنێکی نهێنییان لە نێواندا بێت. چوار ڕۆژ لەمەوبەر، دوای سەرنج و تاووتوێکردنێکی زۆر، بڕیارمدا نەخشەکەم بخەمەگەڕ، یانی هەمان ئەو کارەی کە ئەمشەو کردم: تەمام وابوو کە هەموو شتێك بە کاتیا بڵێم و دانی پێدا بنێم، ئەویش بێنمە تەك خۆمان و پاشانیش لە کتوپڕێکدا سەری ئەم بابەتە بنێمەوە.

ناتاشا بە پەرۆشەوە گوتی: ((چۆن؟ چی پێ بڵێیت؟ دان بە چ بابەتێکدا بنێیت؟))

- هەموو شتێك، لە ڕاستیدا هەموو شتێك. سوپاس بۆ خودا کە ئەم فکرەی خستە سەرمەوە، بەس گوێبگرن، گوێبگرن! چوار ڕۆژ لەمەوبەر بڕیارمدا تا ماوەیەك لە ئێوە دووربم و بەتەنیا دوایی بە هەموو شتێك بێنم. گەر لەگەڵ ئێوە بووبام، ئەوا لە هەموو ئەو ماوەیەدا تووشی دوودڵی دەبووم، گوێم بۆ قسەکانی ئێوە شل دەکرد و هیچ بڕیارێکم نەدەدا. بەس کاتێك کە تەنیا بووم، توانیم خۆم بخەمە هەلومەرجێکەوە کەوا بڕوا بەخۆم بهێنم کە دەبێت سەری ئەم بابەتە بنێمەوە، زاتم دایە بەر خۆم و کۆڵم نەدا. بەڵێنم بەخۆم دابوو کە بە بڕیارێکی بنجبڕانەوە بگەڕێمەوە لاتان، ئەوە ئێستاکەش لێبڕاوانە بە خزمەتتان گەیشتووم.

- یانی چی؟ چی بووە؟ زوو باسی بکە.

- زۆر سادەیە. بوێرانە و ڕاستگۆیانە چوومە دیدەنیی. بەس دەبێت بەر لە هەموو شتێك ئەو پێشهاتەتان بۆ بگێڕمەوە کە بەر لەوە ڕوویدا و بە توندی کاریگەریی لەسەر دانام. بەر لەوەی لە ماڵ بچینە دەرێ، باوکم نامەیەکی پێ گەیشت. لەو ساتەدا چوومە ژووری کارەکەی و لە ئاسانەی دەرگەکە ڕاوەستام. ئەو منی نەدەبینی. ناوەڕۆکی نامەکە ئەوەندەی حەپەساندبوو کە بە دەنگی بەرز و سەرسامییەوە کەوتبووە قسەکردن، تووڕە بووبوو و بە ژوورەکەدا هاتوچۆی دەکرد، سەرەنجام لە بارێکدا کە نامەکەی بەدەستەوەبوو، دەستی بە پێکەنین کرد. من زاتم نەکرد بچمە ژوورێ. کەمێك خۆم ڕاگرت و ئیدی پاشان ڤیروسیام لێ کرد. باوکم زۆر کەیفخۆش بوو، بە سەروسیمایەکی هەژەندەوە لەگەڵم دەدوا، لە کتوپڕێکدا کڕ بوو و جا پاشانیش، گەرچی هێشتا زۆر زوو بوو، دەمودەست فەرمانی پێدام خۆم گورج بکەمەوە و بچین بۆ شوێنێك. ئەمڕۆ ماڵی ئەوان بێ لە ئێمە هیچ کەسێکی دیکەی لێ نەبوو، هەر خۆمان بووین و گەر پێشت وایە خەریکی ئاهەنگ گێڕان بووین ئەوا بە تەواوی لە هەڵەدایت، ناتاشا، بە هەڵە تێیان گەیاندوویت.

- ئاە! لە بابەتەکە لا مەدە، ئالیۆشا، تکا دەکەم، بڵێ بزانم چۆن هەموو شتێکت بۆ کاتیا گێڕایەوە.

- خۆشبەختانە من و ئەو بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە تەنیا ماینەوە. بەوم کڕاگەیاند کە گەرچی باوکم و زڕدایکی پێداگرییەکی زۆر دەکەن و گەلەك حەزیان بە زەماوەندکردنی ئێمە هەیە، بەس ئەمە شتێکی نەکردەیە، من وەك هاوڕێیەك ئەوم زۆر خۆش دەوێ و تەنیا ئەویش دەتوانێت دەربازم بکات. لەو کاتەدا بوو کە هەموو شتێکم بۆ ئاشکرا کرد. تۆ بڕوانە، ئەو بەهیچ شێوەیەك ئاگای لە کەین و بەینی ئێمە نەبوو، ناتاشا! گەر بزانیت دوای بیستنی ئەو بەسەرهاتە چەندە خەمین بوو. تەنانەت هەر لە سەرەتاوە خەم دایگرت. ڕەنگی پێ نەما. لە نووکەوە بۆ نووك هەموو بەسەرهاتەکەمانم بۆ گێڕایەوە، گوتم تۆ لەبەر من ماڵی خۆتت جێ هێشتووە و لە دایك و باوکت جیا بوویتەوە و بە تەنیا دەژیت، لەژێر باری غەم و چەرمەسەریداین، ترسمان لە هەموو شتێك هەیە و ئێستاکەش پەنامان بۆ ئەو بردووە (ناوی تۆیشم بەو گوت، ناتاشا) تا بێتە پاڵمان، ڕێك و ڕاست بە زڕدایکەکەی بڵێت کە نایەوێ لەگەڵ من هاوسەرگیری بکات، ئەوە تاقە ڕێگەی نەجاتمانە و ئومێدمان بە هیچ کەسێکی دی نییە. بەوپەڕی هاوخەمی و کونجۆڵییەوە گوێی بۆ قسەکانم ڕادێرا. جا چاوەکانی لەو ساتەدا چەندە هەژەندە بوون! دەتگوت تەواوی هەستی لە چاوانیدا کۆبووتەوە. ڕەنگی چاوەکانی شینێکی ئاسمانییە. سەبارەت بەوەی کە متمانەم پێ کردووە سوپاسی منی کرد و بەڵێنی دا بەوپەڕی توانایەوە یارمەتیمان بدات. دوای ئەوە هەندێك پرسیاری لەبارەی تۆوە لێ کردم، گوتی زۆری حەز لێیە بتناسێ و هەروەها پێتبڵێم کە خۆشەویستییەکی خوشکانەی بۆت هەیە و دەبێت تۆیش حسێبی خوشکی خۆتی بۆ بکەیت، وەختێك زانیی ماوەی پێنج ڕۆژە چاوم بە تۆ نەکەوتووە، دەستبەجێ هانی دام بێم بۆ لات.

ناتاشا واقی وڕمابوو.

نیگایەکی لۆمەکەرانەی گرتە ئەو و گوتی: ((جا تۆیش لەو کاتەوە هەموو ئەمانەت وەلا ناوە و هەر باسی سەرکەوتنەکانی لای شازادەتم بۆ دەکەیت! ئاە! ئالیۆشا، ئالیۆشا! ئەی کاتیا چی؟ وەختێك تۆی ناردە لای من شاد و بەکەیف بوو؟))

- بەڵێ، زۆر بەوە دڵخۆش بوو کە دەرفەتی جووڵەیەکی شەریفانەی بۆ ڕەخساوە. هاوکاتیش دەگریا. چونکە دەزانیت ناتاشا، ئەویش منی خۆشدەوێ. دانی بەوەدا نا کە بەرە بەرە منی کەوتووەتە بەردڵ، تا ئێستە تێکەڵیی کەسانی دیی نەکردووە و دەمێکە منی خۆش دەوێ. پێی وایە من لە کەسانی دیکە ناچم، چونکە هەموو کەسانی دەوروبەری درۆزن و کلاوچین و ئەو وەك کەسێکی ڕاستگۆ و ڕووڕاست لە من دەڕوانێ. پاشان لە جێگەکەی هەستا و پێی گوتم: ((بڕۆ و ئەمانەتی خودابیت، ئالێکسی پترۆڤیچ، کەچی من پێم وابوو...)) قسەکەی تەواو نەکرد و دایە پرمەی گریان، پاشانیش ژوورەکەی جێ هێشت. بڕیارمان وایە کە هەر ئەم بەیانییە بە دایکی ڕابگەیێنێت کە نایەوێ لەگەڵ مندا زەماوەند بکات، منیش سبەینێ چاونەترسانە و لێبڕاوانە ئەم بابەتە بە باوکم ڕادەگەیێنم. جا لەبەر ئەوەی درەنگ ئەم بابەتەم بۆ باس کردووە سەرکۆنەی کردم: ((مرۆڤی بەشەرەف نابێ لە هیچ شتێك بترسێ!)) کچێکی زۆر پاك و نەجیبە! ئەویش کەیفی بە باوکم نایێت، دەڵێ پیاوێکی تەڵەکەبازە و هەمیشە بەدوای پارەوەیە. بەرگریم لە باوکم کرد: بەس ئەو باوەڕی بە قسەکانم نەکرد. گەر بەیانی نەمتوانی باوکم قایل بکەم و قسەی خۆم ببە سەر (کاتیا دڵنیایە کە ناتوانم)، ئەوا ئەویش لەسەر ئەو ڕایەیە کە پەنا بۆ شازادە ‹‹ك›› ببەم و داوای پشتیوانیی لێ بکەم.... چونکە نە باوکم و نە زڕدایکی زاتی ئەوەیان نییە قسە لە قسەی ئەودا بکەن. بەڵێنمان بە یەکدی داوە کە لەمەودوا لەگەڵ یەك وەك خۆشك و برابین. ئاە! خۆزگە تۆ بەسەرهاتی ژیانی ئەوت دەبیست و دەتزانی چەندە کلۆڵە! لەئێشە ناشیرین و دزێوەکانی دایکی زۆر قەڵسە و حەز ناکات لەگەڵ ئەو ژیان بەسەر ببات! هەڵبەتە ئەم بابەتەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێ نەگوتم، لەوانەیە سڵ لە منیش بکات، بەس من بە هەندێك لە قسەکانیدا سۆسەی ئەم بابەتەم کرد. ناتاشا، هاوڕێکەم! داخۆ گەر چاوی بە تۆ بکەوێ، دەبێ چ ستایشێکت بکات! کچێکی چەندە دڵپاکە! دیدار و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو چەندە ئاسان و دڵخۆشکەرە! ئێوە هەر بۆ ئەوە کراون کە ببنە خوشکی یەك و یەکدیتان خۆش بوێت. هەمیشە بیرم لەم بابەتە کردووەتەوە. هەر بەڕاست: ئێوە بە یەکدی دەناسێنم، خۆشم لاتانەوە دادەنیشم لێتان دەڕوانم. مەهێڵە بیری خراپ بە مێشکدا بێت، ناتاشا، لێگەڕێ با باسی ئەوت بۆ بکەم. نیازم وایە لەبارەی ئەوەوە بدوێم و هەروەها لەگەڵ ئەویشدا باسی تۆ بکەم. بەس دەزانیت کە من تۆم لە هەموو کەسێك زیاتر خۆشدەوێ، زیاتر لەویش... تۆ هەموو شتێکی منیت!

ناتاشا بێدەنگ بوو، ئەویندارانە و خەمبارانە چاوی لەو بڕیبوو. دەتگوت قسەکانی ئالیۆشا هاوکات هەم دەیلاوێننەوە و هەم ئەشکە نجەشی دەدەن.

- ماوەی پازدە ڕۆژێك دەبێت كە بۆچوونێكم لەسەر كاتیا پەیدا كردووە. هەموو شەوێك چوومەتەماڵیان، وەختێك كە دەگەڕامەوە ماڵێ، بیرم لە هەردووكتان دەكردووەوە و پێكم بەراود دەكردن.

ناتاشا بە بزەوە گوتی: كاممان لە سەرووی ئەوی دیكەوە بوو؟

- جارێ تۆ و جارێ ئەو. بەس زۆربەی جار تۆ لە سەرووی ئەوەوە بوویت. وەختێك لەگەڵ ئەو دەدوێم، وا هەستدەكەم كە خۆم لە سەرووی هەردووكتانەوەم، بەس بە شێوەیەكی شەریفانەتر و هۆشیارانەتر. وەلێ بەیانی، بەیانی هەموو شتێك یەكلایی دەبێتەوە.

- دڵت بۆی ناسوتێ؟ ئەو خۆشتی دەوێ، بەخۆت باشتر ئەمە دەزانیت، گوتت خۆت دەركت بەم بابەتە كردووە.

- ئەی چۆن، دڵم بۆی دەسووتێ. بەس خۆ دەكرێت هەرسێكمان یەكدیمان خۆشبوێ، ئەوسا...

ناتاشا بە چرپە و وەك ئەوەی لەبەرخۆوە قسە بكات گوتی: ((كەواتە ئیدی ماڵئاوا!))

ئالیۆشا بە دوودڵییەوە لێی ڕاما.

بەس لەناكاو گفتوگۆكەمان بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو پچڕا. لە موبەقەكەدا، كە لە هەمان كاتدا بە سەرسەرایش دادەنرا، دەنگێكی هێواش بەر گوێ كەوت، پێدەچوو كەسێك هاتبێتە ژوورێ. ماورا دەرگەكەی كردەوە و بە سەر ئاماژەیەكی بۆ ئالیۆشا كرد. هەموومان ڕوومان لەو كرد.

ماورا بە دەنگێكی تەلیسماوییەوە گوتی: ((كاریان بە تۆیە، دەكرێ بێیت؟))

ئالیۆشا سەیرێكی مەیلەو سەرسامانەی ئێمەی كرد و گوتی: ((بەم شەوە كێ ئیشی بە منە، وا هاتم!))

پێشخزمەتەكەی شازادە لە موبەقەكەدا چاوەڕێ بوو. زانیم كە شازادە لە كاتی گەڕانەوەی بەرەو ماڵ، لەبەردەم ماڵەكەی ناتاشادا گالیسكەكەی ڕاگرتووە و پێشخزمەتەكەی ناردووەتە سەرێ هەتا بزانێت داخۆ ئالیۆشا لەوێیە یان نا. پێشخزمەت دوای گەیاندنی پەیامی شازادە ئەوێی بەجێهێشت.

ئالیۆشا بە پەشێوحاڵی و سەرسامییەوە سەیرێكمانی كرد «سەیرە، باوكم هەتا ئێستە هیچ كارێكی لەم جۆرەی نەكردووە. دەبێت مانای ئەم كارەی چیبێ؟»

ناتاشا بە شپرزەییەوە سیمای ئالیۆشای هەڵسەنگاند.

ماورا دەرگەكەی كردەوە و گوتی: ((شازادە وا دێت.)) و دەمودەست دیار نەما.

**ناتاشا ڕەنگی پەڕی و لە جێگەکەی هەستا، خۆی بەسەر مێزەکەدا دا و لە بارێکدا کە سەرا پای کەوتبووە لەرزین، چاوی لە دەرگەکە بڕی کە دەبوو هەر ئێستە میوانێکی ناوەختی لێوە بێتە ژورێ. چاوەکانی بریقەیان دەهات.**

**ئالیۆشا کە هەم خەمگین و لە هەمان کاتیشدا کە هەم خۆی کۆنترۆڵ کردبوو، گوتی:**

**- ناتاشا، ترسی هیچت نەبێ. ڕێگەی پێ نادەم سووکایەتی بە تۆ بکات.**

**دەرگەکە کرایەوە و سەروشکڵی شازادە ڤالکۆڤسکی لە ئاسانەی دەرگەکەدا دەرکەوت.**

**٢**

**بە نیگایەکی وردبینانە و خێراوە هەموومانی هەڵسەنگاند. باری نیگاکەی نەدەخوێندرایەوە و نەدەکرا لەوە تێبگەیت کە داخۆ وەك دۆست هاتووەتە ئێرە یان وەك دژمن. بەس حەز دەکەم وەسفی تەواوی وردەکارییەکانی سەروسیمای بکەم. ئەو شەوە بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەریی لەسەر دانام. پێشتریش ئەوم دیبوو، پیاوێکی چل و پێنج ساڵان بوو. ئەندامانی ڕووخساری ئێجگار گونجاو و جوان بوون، باری دەموچاوی لە کاتی قسەکردن و بە پێی حاڵەت، بە شێوەیەکی زۆر خێرا و وەسف هەڵنەگرانە دەگۆڕا، لە کتوپڕێکدا شێوەی ڕووخساری لە ڕووخۆشی و میهرەبانییەوە بۆ ناشادییەکی ڕووگرژانە دەگۆڕا. ڕووخسارە هێلکەیی و کەمێك گەرمژەکەی، ددانە جوان و ڕێکەکانی، لووتە ڕێکوپێکەکەی و تەوێڵە بەرزەکەی کە هێشتا گچکەترین چرچی تێ نەکەوتبوو، چاوەخۆڵەمێشی و تا ڕادەیەك گەورەکانی هەمووی پێکەوە پیاوێکی قۆز و خۆش قیافەیان نیشان دەدا. کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، باری ڕووخساری نەدەچووە دڵەوە. ئەم ڕووخسارە دڵگر نەبوو، چونکە وا دەهاتە بەرچاو کە بارەکەی ساختە و دەستکردە. بەس هەمیشەی خودا ورد و سەختگر و ساختە بوو و مرۆڤ هیچ گومانێکی لەوە نەدەما کە ناتوانێت هیچ شتێکی بنجبڕانەی لێ هەڵبکرێنێ. گەر بە مکوڕی و وردییەوە ڕووخساریت هەڵبسەنگاندبا، بەرە بەرە بەوە دەگەیشتیت کە لەژێر ئەم دەمامکە یەکڕەنگ و هەمیشەییەوە، ڕووخسارێکی ئێجگار لەخۆبایی و فێڵباز و مەترسیدار خۆی مەڵاس داوە. کاتێك کە چاوە خۆڵەمێشی و جوانەکانی بە تەواوی دەکرانەوە، بە شێوەیەکی**

تایبەت سەرنجی ڕادەکێشایت. پێدەچوو ئەوان تاکە ئەندامی لاشەی بن کە بە تەواوی پەیڕەوی لە ویستی ئەو نەکەن. تەنانەت گەر گەرەکی بووبا بە شێوەیەکی دۆستانە و میهرەبانانە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکات، چاوەکانی پرشنگدارتر دەبوون و لەنێو پرشنگە دۆستانە و میهرەبانانەکانیدا، پرشنگ گەلێکی دیکەی خۆپەسەندانە و پشکنەرانە هەروەها شەڕەنگێزانە و گومانڕەشانە دەدرەوشانەوە. ئەندامانی لاشەی گونجاو و بالاّی بەرز بوو، کەمێکیش لاواز بوو و لەچاو تەمەنیدا زۆر گەنج دەردەکەوت. لەنێو قژە درێژە زەردەکانیدا بە زەحمەت چەند تاڵێکی سپی بەدی دەکران. دەست و پووز و پێیەکانی زۆر حەیرانکەر بوون و جوانییەکی ئەرستۆکراتیانەیان پێ دەبەخشی. جلەکانی گەلێك جوان دووراو و شیك بوون، ڕەفتارێکی زۆر لاوانەی هەبوو کە زۆریشی لێ دەهات. ئەوەندە لاو دیار بوو کە دەتگوت برا گەورەی ئالیۆشایە. بەهەرحاڵ هیچ کەسێك بڕوای بەوە نەدەکرد کە باوکی ئەم کوڕە بێت.

ڕاستەوڕاست بەرەو لای ناتاشا چوو و بە نیگایەکی سەنگین و بڕوا بەخۆکەرەوە بەوی گوت:

- ئەم سەردانەم بەم کاتی شەوە و بەبێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە، لە نەریت و ئەدەبی هەڵسوکەوتەوە بەدوورە، بەس هیوادارم هۆکاری ئەم جووڵە نائاساییەم لەبەرچاو بگرین. ئەوەش دەزانم کە سەروکاریم لەگەڵ چ کەسێکدا هەیە، هەروەها لەوەش ئاگادارم کە ئێوە کەسێکی بەشەرەف و سنگفراوانن. تەنیا دە خولەك مۆڵەتم بدەنێ، هیوادارم دوای ئەوە خۆتان لە مەبەستم تێگەیشتبن و هەقم پێ بدەن.

ئەم قسانەی بە شێوەیەکی ڕێزدارانە و هاوکات جددیانە و فەرماندەرانە کردن.

ناتاشا هێشتا هەر نارەحەت و جۆرە ترسێکی دەسپێکی دیداری پێوە دیاربوو، جارێ نەهاتبووەوە سەر خۆی و لەگەڵ ئەوەشدا گوتی: دانیشن.

سەرێکی هێمنانەی دانەواند و دانیشت.

ئاماژەیەکی بۆ ئالیۆشا کرد و گوتی: ((مۆڵەتم بدەنێ پێشەکی چەند قسەیەك لەگەڵ کوڕەکەم بکەم.))پاشان ڕووی کردە ئەو و گوتی: ((ئالیۆشا بێ ئەوەی لە سەرم ڕابوەستیت و تەنانەت ماڵئاواییشم لێ بکەیت، لێتدا و ڕۆیشتیت. هاتن و هەواڵیان هێنا کە کاترینا فیۆدۆرنا حاڵی تێکچووە. کۆنتیس پەلە پەل ویستی بەدەمییەوە بچێ، بەس بەر لەوە خودی کاترینا بە شپرزەیی و پەشێوحاڵی و بەوپەڕی نارەحەتییەوە کتوپڕ خۆی بە ژوورەکەدا کرد. ڕێکوڕاست بە ئێمەی گوت نایەوێت زەماوەندت لەگەڵدا بکات. پاشان گوتی بە تەمایە بچێ بۆ دەیر و هەروەها تۆیش داوای یارمەتیت لەو کردووە و پێیت ڕاگەیاندووە کە ناتالیا نیکۆلۆنات خۆش دەوێ. ئەم بڕیارە ئەقڵنەبڕەی کاترینا لەو ساتەدا، بێگومان بە بۆنەی ئەو قسە سەیروسەمەرانەوە بووە کە تۆ بۆ ئەوت کردوون. ئەو کەم تا زۆر هۆشی لەسەر خۆی نەبوو. دەزانیت کە ئەم بابەتە منی تووشی ترس و سەرسوڕمان کرد.)) دوای ئەم قسانە ڕووی

کرده ناتاشا و درێژەی دایێ: (کاتێ که بیرەدا ڕادەبوردم بینیم کەوا پەنجەرەکانتان ڕووناکن، جا هەر ئەو فکرەی که دەمێکه مێشکی منی قاڵ کردووه، به چەشنێك بەسەرمدا زاڵ بوو که نەمتوانی بەری پێبگرم و سەرەنجام ڕووم کرده ماڵەکەتان. بۆچی؟ ئێسته به ئێوەی دەڵێم. بەس پێشەکی تکاتان لێدەکەم له شێوازی زبری ڕوونکردنەوەکانم ناڕەحەت نەبن. هەموو ئەمانه به شێوەیەکی زۆر کتوپڕانه ڕوویان داوه...

ناتاشا به کەمێك دوودڵییەوه گوتی: ((هیوادارم له مەبەستتان حاڵی ببم. به شێوەیەکی شیاو و گونجاو سەرنج دەخەمه سەر گوتەکانتان.))

شازاده سەرنجی لەسەر ئەو چڕ کردبووەوه، دەتگوت پەلەی ئەوەیەتی که هەرچی زووتر و له ماوەی خولەکێکدا به تەواوی شارەزای سروشت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو ببێت. پاشان له دوابەدوای قسەکانیدا گوتی:

- گومانم له توانای تێگەیشتن و دەربڕینکردنی ئێوەدا نییه و گەر ئەمشەویش مۆڵەتم به خۆم داوه بێمه ئێره، لەبەر ئەوەیه که دەزانم سەروکارم لەگەڵ چ کەسێکدایه. دەمێکه ئێوه دەناسم و لەگەڵ ئەوەشدا بێویژدانانه ڕەفتارم بەرانبەر کردوون و لەم بارەیەشەوه خەتابارم. گوێبگرن: ئاگادارن که ناکۆکی و قینێکی کۆن له بەینی من و باوکتاندا بوونی هەیه. نامەوێ پاکانه بۆ خۆم بکەم. لەوانەیه بەرانبەر بەو زۆر لەوه زیاتر خەتابار بم که خۆم بیرم لێ کردووەتەوه. بەس گەر بەم جۆره بێت، ئەوه هۆکارەکەی ئەوەیه که من تا ئێسته بەهەڵەداچوومه. دان بەوەدا دەنێم که من مرۆڤێکی بەدگومانم. سروشتم وهایه و وا ڕاهاتووم که هەمیشه به دیدێکی بەدبینانەوه له شتەکان بڕوانم. ئەمه تایبەتمەندییەکی ئازاردەری مرۆڤه بێهەستەکانه. بەس بەوەش ڕانەهاتووم که عەیب و عارەکانم بشارمەوه. باوەڕم به هەموو ئەو تۆمەت و بوختانانەی که درانه پاڵ باوکتان، کرد و ئەو کاتەیش که لەبەر ئالیۆشا دایك و باوکتان بەجێهێشت، ترسی داهاتووی ئەوم لێ نیشت. بەس ئەو وەخته ئێوەم بەباشی نەدەناسی. ئەو زانیاریانەی که بەره بەره لێره و لەوێوه به دەستم گەیشتن به تەواوی بێخەمیان کردم. بەدگومانییەکانی خۆمم لەبەرچاو گرت، بەدواداچوونم بۆ کردن و سەرەنجام بەوه گەیشتم که هیچ بنەمایەکیان نیه. هەواڵم پێگەیش که له خانەوادەکەتان دابڕاون، ئەوەش دەزانم که باوکتان به تەواوی بوونیەوه لەوه ناڕازییه که ئێوه زەماوەند لەگەڵ ئالیۆشادا بکەن. دەمەوێ سەرنج بخەمه سەر ئەو خاڵەی که گەرچی ئێوه دەسەڵات یان گەر بکرێت بڵێم زۆرتان بەسەر ئالیۆشادا هەیه، بەس تا ئێسته ئەم دەسەڵاتەتان بەکار نەهێناوه و ناچارتان نەکردووه زەماوەندتان لەگەڵدا بکات، ئەم خاڵەیش سەلمێنەری ژیری و نەفس بەرزیی ئێوەیه. بەس دەبێت دانی پێدابنێم که لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، به هەموو توانایەکمەوه له بەرانبەر هەموو ئەگەرێکی زەماوەندکردنی ئێوه لەگەڵ کوڕەکەم ڕاوەستاومەتەوه. دەزانم زۆر ڕووڕاستانه دەدوێم و قسەکانیشم کەمێك ڕەقن، بەس گەر تا کۆتا گوێ له قسەکانم بگرن، ئەوا بەخۆتان پشتڕاستیان دەکەنەوه. ماوەیەك دوای ئەوەی ئێوه ماڵی باوانتان جێهێشت، من چووم بۆ پترسبورگ، بەس هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکم لەبارەی ئالیۆشاوه نەبوو. بەڵکه پشتم به حورمەت و

نەفس بەرزی و شەرەفمەندیی ئێوە قایم بوو. زانیبووم کە ئێوە لەسەر ئەو بڕوایەن هەتا ناکۆکییە بنەماڵەییەکانمان نەبڕێن بە بارێکدا، ئەوا نەیێنە ژێر باری ئەم زەماوەندە، هەروەها ناشتانەوێ نێوان من و ئالیۆشا تێك بدەن، چونکە لە وەها دۆخێکدا من هەرگیز بە هاوسەرگیرییەکەتان قایل نەدەبووم و هەروەها ئەوەشم دەزانی کە ئامانجی ئێوە لەم هاوسەرگیرییەدا ئەوە نییە کە ببنە بووکی بنەماڵەی شازادەیەك و لەم ڕێیەشەوە پێگە و ناوبانگێك بۆ خۆتان دەستەبەر بکەن. بە پێچەوانەوە، تەنانەت لەم بارەیەشەوە بە چاوێکی سووك لە ئێمە دەڕوانن و لەوانەشە چاوەڕێی ئەو ساتە بووبن کە من بەخۆم بێم بۆ لاتان و داواتان لێ بکەم کە ئەو شانازییەمان پێ ببڕن و لەگەڵ کوڕەکەم هاوسەرگیری بکەن. لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی مکوڕانە هەر دژایەتیتانم کرد. نامەوێ پاکانە بۆ خۆم بکەم، بەس هۆکارەکانی ئەم جۆرە ڕەفتارانەشتان لێ ناشارمەوە. هۆکارەکانم ئەمانەن: ئێوە نە ناوبانگتان هەیە و نە سامان. ڕاستە کە من ساماندارم، وەلێ دەبێت دەستم بە سامانێکی زۆر لەوە زیاتر ڕابگات. بنەماڵەکەی ئێمە ناوی لە کولەکەی تەڕدا نەماوە. پێویستیم بەوە هەیە سامانێکی زۆر خڕ بکەمەوە و لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتیدا جێ پێم قایم بکەم. گەرچی زڕکچەکەی کۆنتیس پەیوەندیی بە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتییەوە نییە، بەس ئەو کەسێکی خاوەن سامانە. گەر خاوەخاوی لێ بکەم، ئەوا هەلپەرستێکی دی پەیدا دەبێت و ئەم دەرفەتەمان لە چنگ دەردەهێنێ. نابێت ڕێگە بە لەدەستچوونی وەها دەرفەتێك بدرێ و گەرچی ئالیۆشایش هێشتا کاتی زەماوەندی نییە، بەس بڕیارم داوە ژنی بۆ بهێنم. خۆ دەبینن کە هیچ شتێك لە ئێوە ناشارمەوە. هەقی خۆتانە گەر وەها باوکێك ڕسوا بکەن کە لەبەر چاوبرسییێتی و دەمارگیری دەیەوێ کوڕەکەی ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی چەپەڵانە بکات، چونکە وازهێنان لە کچێکی ژیر و دڵپاك کە لە پێناو کوڕەکەی مندا پشتی لە هەموو شتێك کردووە، کارێکی ئێجگار دزێوە. بەس من پاکانە بۆ خۆم ناکەم. دووەمین هۆکارم بۆ سەرگرتنی زەماوەندی نێوان کوڕەکەم و زڕکچەکەی کۆنتیس ئەوەیە کە ئەم کچە شایەنی ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییە. دڵرفێنە، پەروەردەیەکی باشی هەیە و گەرچی لە زۆر ڕووەوە هێشا منداڵ دەنوێنێ، بەس خاوەنی کەسایەتی و تێگەیشتنێکی گەلێك بەرزە. ئالیۆشا بێ کەسایەتییە، حۆلە، هەتا بڵێیت کەم ئەقڵە و لە تەمەنی بیست و دووساڵیدا هێشتا هەر لە منداڵێك دەچێت، بەس خاوەنی دڵێکی پاك و نەفسێکی بەرزە، ئەمەیش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە خودییەکانی دیکەی جێگەی مەترسییە. دەمێکە دەرکم بەوە کردووە کە ئیدی کەمتر دەسەڵاتم بەسەریدا دەشکێ: کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هەوا و هەوەس و حەزی هەرزەکارانەوە و تەنانەت گوێی لە ئاست هەندێك بەرپرسیاریەتییەکانیدا خەواندووە. گەرچی لەوانەیە من خۆشەویستییەکی زۆرم بۆی هەبێت، بەس دڵنیام کە بە تەنیا ناتوانم جڵەوی بگرم. بەم پێیە پێویستە هەمیشە لەژێر کاریگەریی هێزێکی نیازپاکانە و خێرخوازانەی هەمیشەییدا بێت. سروشتێکی دەستەمۆ و لاواز و جلفی هەیە و وای پێ باشە لە جێی فەرمان کردن هەمیشە فەرمان جێبەجێ بکات. تا کۆتای تەمەنی هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە. نازانن کە تا چ ڕادەیەك دڵخۆش بووم وەختێك کە بە کاترینا ئاشنا بووم و دەمودەست دەرکم بەوە کرد کە هاوسەرێکی گونجاوم بۆ کوڕەکەم دۆزیوەتەوە. بەس زۆر دێری کردبوو، ئەو پێشتر کەوتبووە ژێر کاریگەریی کەسێکی دیکە: ژێر کاریگەریی ئێوە.

مانگێك لەمەوبەر كە گەڕامەوە بۆ پترسبورگ ئەوم خستە ژێر چاودێرییەوە و بەوپەڕی سەرسامییەوە دەبینم گۆڕانێكی ڕیشەیی لەودا هاتووەتە ئارا، كەم تا زۆر تایبەتمەندییە منداڵانەكانی وەك خۆیان مابوونەوە، بەس هەندێك لە سیفەتە بەرز و شەرەفمەندانەكانی گەشەیان كردبوو، ئیدی هۆگری هەرزەگەری نەبوو و بەدوای هەندێك تایبەتمەندیی بەرز و شەرەفمەندانە و نەجیبانەوە بوو. ڕاستە فكری سەیر و كاتی و تەنانەت هەندێك جار پووچیشی لەسەر دایە. بەس ویستەكانی، هەڵچوونەكانی و نیەتەكانی دڵی باشتر بوونە و ئەمەش لە هەموو بابەتێك سەرەكیترە، دەبێت دان بەوەدا بنێم كە هەموو ئەم گۆڕانكارییە ئەرێنیانە لە سایەی ئێوەوە بووە و لەم بارەیەوە قەرزاری ئێوەیە. ئێوە سەرلەنوێ ئەوت پەروەردە كردووەتەوە. دەبێت دان بەوەشدا بنێم كە ئەو فكرەشم بە مێشكدا هات كە ئێوە لە هەر كەسێكی دی باشتر دەتوانن خۆشبەختی بكەن. بەس دەمودەست ئەم فكرەم لە خۆم دوورخستەوە و سڕیمەوە. من تەمام وابووە بە هەر نرخێك بێت ئەو لە چنگی ئێوەدا دەربهێنم، لەم بارەیەشەوە دەست بەكار بوومە و لایشم وابووە كە بە ئامانج گەیشتووم. كاتژمێرێك لەمەوبەر وام بیر دەكردەوە كە سەركەوتن هەر بۆ خۆمە. بەس ئەو ڕووداوەی كە لە ماڵی كۆنتیس ڕووی دا، هەرەسی بە هەموو گریمانەكانم هێنا . بابەتێك منی خستە ژێر كاریگەرییەكی قووڵەوە، ئەو بابەتەش جددی بوونی چاوەڕوان نەكراوی ئالیۆشا و پتەوبوونی خۆشەویستیی بۆ ئێوە و هەروەها مانەوەی گڕوتینی ئەم خۆشەویستییەیە. دیسان دووبارەی دەكەمەوە، ئێوە بۆ هەمیشە پەروەردەیەكی نوێتان بەبەر ئەودا كردەوە. هەر بە سەیركردنێك لەوە حاڵی بووم كە ئەو گۆڕانكاریانەی لەودا هاتوونەتە ئارا، زۆر لەوە زیاتریش پەرە دەسێنن كە من چاوەڕێی دەكەم. ئەمڕۆ لەبەردەم مندا هەندێك ڕەفتاری كردووە كە هەمووی نیشاندەری زیرەكی و هۆشیاریی ئەون و من هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات كە ئەو وەها كارێكی لێ بوەشێتەوە و هاوكاتیش بەرزە سروشتی و هێزی ویستێكی بێ وێنەی خۆی سەلماندووە. ئەو بۆ خۆنەجاتدان لەو هەلومەرجەی كە بە مووی لووتی زانیوە،باشترین و دڵنیاترین ڕێگەی هەڵبژاردووە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەكەشی، هەستی بەخشندەیی و هاوكاریی لە كەسێكدا بزواندووە و وای لێ كردووە یارمەتیی بدات: یانی بزواندنی هەستی چاكەكردن لە وەڵامی خراپەدا. ئەو بەوپەڕی چێژەوە خۆی ڕادەستی كەسێك كردووە كە لە ڕابردوودا بە كەم تەماشای دەكرد و ئیستاكەش پەنای بۆ بردووە هەتا داوای یارمەتیی لێ بكات و هاوخەمی بێت. لای ئەو دانی بە بوونی نەیارێكی ژندا ناوە كە خۆشەویستی خۆیەتی و هاوكات نەیهێشتووە هەستی ئەو بشكێ و واشی لێكردووە كە نەیارەكەی خۆش بوێت، جا دواجار داوای لێبوردنی كردوە و بەڵێنی هاوڕێیەتییەكی خوشك و برایەنە و خاڵی لە هەر چاوەڕانییەكی لێ وەرگرتووە. باسكردنی وەها بابەتێك و ڕوونكردنەوەیەكی لەم چەشنە ئەمەیش لە بارێكدا كە نەهێڵێت كەسی بەرانبەر هەست بە سووكایەتی پێكردن و برینداربوونی هەستی بكات، كارێكە كە هەندێك جار لە پیاوانی ژیر و لێزانیش ناوەشێوەتەوە، تەنیا كەسانێك وەها ئیشێكیان لێ دەوەشێتەوە كە دڵێكی پاك و بێ فڕ و فێڵیان هەیە و بە ڕاستەڕێدا دەڕۆن. من دڵیام كە ئێوە دەستتان لەم كارەدا نەبووە و نە بە

قسه و نه به ئامۆژگاری ئەوتان  بۆ ئەنجامدانی وەها کارێك هان نەداوە، لەوانەشە هەر ئێستە بەم کارەیت زانیبێت. خۆ بەهەڵەدا ناچم، نا؟

ناتاشا بە ڕووخسارێکی گەشاوەوە، کە لە هەمان کاتدا چاوەکانی بە بریقەیەکی هەژێنەر دەدرەوشانەوە و هەر دەتگوت ئیلهامی بۆ هاتووە گوتی: ((نا، ئێوە بەهەڵەدا نەچوون.)) قسە مەنتیقییەکانی شازادە خەریك بوو کاریگەریی خۆیانیان دەکرد. ناتاشا لە دوا بەدوای قسەکانیدا گوتی: ((پێنج ڕۆژە ئەوم نەدیوە. خۆی وەها بیرێکی بە مێشکدا هاتووە و کاری پێکردووە.)) شازادە بە پاڵپشتی کردنەوە گوتی: ((بێگومان هەر وایە، بەس وێڕای ئەم قسانە، زیرەکی و دووربینیی چاوەڕوان نەکراوی، شان دانە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە لە ئەستۆیدایە و سەرەنجام ئەم قسە بردنەسەرە شەرفمەندانەیەی، هەمووی لەو دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن کە ئێوە بەسەر ئەودا هەتانە. من لەم بارەیەوە بە بڕوایەکی بنجبڕانە گەیشتووم، وەختی گەڕانەوەم بەرەو ماڵ بیرم لێی دەکردەوە و پاشانیش هێزم دایە بەر خۆم و ئەم بڕیارەم دا. تەواوی بەرنامەی سەرگرتنی ئەم زەماوەندەمان کەوتووەتە بەر مەترسی و ناتوانرێ کاری لەسەر بکرێت و تەنانەت گەر ئەمەش  ڕێی تێبچێ، ئیدی هیچ هۆکارێکمان بۆ جێبەجێ کردنی نییە. ئەوەی ڕاستی بێت، من بەم ئەنجامە گەیشتووم کە تەنیا ئێوە دەتوانن ژیانێکی خۆشبەختانەی بۆ دەستەبەر بکەن، ئێوە باشترین ڕێنوێنیکەری ئەون و هەر لە ئێستەوە زەمینەسازیتان بۆ خۆشبەختبوونی ئەو کردووە! من هیچ شتێکم لە ئێوە نەشاردەوە، لەمەودوایش هیچتان لێ ناشارمەوە، من زۆر شەیدای ناوبانگ، پێشکەوتن، پارە و تەنانەت پلە و پایەشم، دان بەوەدا دەنێم کە لەم بارەیەوە پێشداوەری و فکرەی بێ بنەمام لە زهنمدا سەوز کردووە، بەس من حەزم لەم فکرە بێ بنەمایانەیە و بەهیچ شێوەیەك دڵم پێوە نییە دەستیان لێ هەڵبگرم. بەس جار جار بە بۆنەی هەندێك هەلومەرجەوە وا دەخوازێ کە ڕەچاوی چەند تێبینییەکی دیکە بکەیت، هەندێك هەلومەرج کە ناکرێ پیاو هەر بە هەمان پێوەری پێشوو هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات... جیا لەمەش من خۆشەویستییەکی شێتانەم بۆ کوڕەکەم هەیە. لە یەك ڕستەدا کورتی دەکەمەوە: من بەو ئەنجامە گەیشتووم کە نابێت ئالیۆشا واز لە ئێوە بهێنێ، چونکە بەبێ ئێوە ئیدی کاری تەواوە. ئەم هەموو دان پێ هاتنە بەس نییە؟ ماوەی مانگێکە ئەم فکرەم بە مێشکدا هاتووە، بەس ئەوە تازە بە تازە دەزانم کە بڕیارێکی دروستم داوە. هەڵبەتە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە دەکرا بەیانی بێم و بەم وەختی شەوە بێزارتان نەکەم. لەوانەیە لەڕێی ئەم پەلە پەلکردنەمەوە لەوە حاڵی بن کە چەندە بە جددی لە خەمی ئەم بابەتەدام. ئیدی من هەرزەکارێك نیم. لەم تەمەنەدا ناتوانم بڕیاری ئەنجامدانی کارێك بدەم کە پێشوەخت سەنگ و سووکم نەکردبێت. کاتێك کە پێم نایە ماڵەکەی ئێوە، لای خۆم بە تەواوی هەموو شتێکم هەڵسەنگاندبوو و لەو بارەیەوە لێبڕابووم. دەزانم پێویستیم بە کاتێکی زۆرە بۆ ئەوەی وا لە ئێوە بکەم کە بڕوا بە ڕاستگۆییەکەم بهێنن... وەلێ هەر بەڕاست! بۆتانی ڕوون بکەمەوە کە بۆچی هاتوومەتە ئێرانە؟ هاتووم هەتا ئەرکی سەرشانی خۆم بە شێوەیەکی فەرمی و ئەوپەڕی ڕێزەوە لە بەرانبەر ئێوە جێبەجێ بکەم، بەم پێیە داوا لە ئێوە دەکەم کە شەرەفی بوونە هاوسەری کوڕەکەمم پێ ببەخشن و

خۆشبەختی بکەن. ئاە! پێت وانەبێ کە من باوکێکی سەرسەختم و سەرەنجام دەمەوێ دوایی بەم بابەتە بهێنم، هەر بەم بۆنەیەشەوە لە کوڕەکەم خۆش بوومە و دڵم بەوە خۆش کردووە کە دواجار گەورەییم نواندووە و بە خۆشبەخت بوونی ئێوە ڕازی بوومە. نا! نا! گەر بەم جۆرە بیر لە من بکەنەوە ئەوا تووشی شەرمەزاریم دەکەن. هەروەها وا نەزانن کە گەر پێشتر سەرم نەهێناوەتە ڕاستە ئەوا لەبەر ئەوە بووە کە چاوەڕێی فیداکارییەکی دیکەشم لە ئێوە کردووە. من بەخۆم یەکەمین کەسم کە بە دەنگی بەرز دەڵێم ئەو شایەنی تۆ نییە و... (ئەو سەرڕاست و سادەیە) خۆم دان بەم ڕاستییەدا دەنێم. بەس هەموو مەسەلەکە هەر ئەمەندە نییە. هەر بە تەنیا بە بۆنەی ئەو بابەتەوە نییە کە بەم کاتی شەوە سەردانی ئێرەم کردووە... (جا بە ڕێز نواندنێکی تا ڕادەیەك فەرمییەوە هەستا)، لەبەر ئەوە هاتووم بۆ ئێرە هەتا پەیوەندییەکی دۆستانەتان لەگەڵ ساز بکەم! دەزانم بەهیچ شێوەیەك وەها مافێکیشم نییە، بە پێچەوانەوە! بەس ڕێگە بدەن کە شایەنی ئەو مافە بم! مۆڵەت بدەن ئەو هیوایەم هەبێت!...))

بە ڕێزێکی زۆرەوە لەبەردەم ناتاشادا سەری دانەواند و چاوەڕێی وەڵامی ئەو بوو. لە کاتی دەربڕینی هەموو ئەم قسانەدا من چاوم لێی لانەدەدا و خۆیشی ئاگاداری ئەمە بوو.

ئەو بە سارد و سڕی و تەنانەت خەمساردییەوە دەدوا، لە هەندێك شوێنیشدا لەڕێی پشتبەستن بە بەڵگە و مەنتیق ئەم قسانەی کردبوون. ئاوازی دەنگی، لەگەڵ ئەو پاڵنەرەی کە لەم کاتە نەگونجاوەی شەو و لەو هەلومەرجەدا کە بۆ یەکەمین دیدار پەلکێشی لای ئێمەی کردبوو، یەکی نەدەگرتەوە. بە ڕوونی ئەوە بە هەندێك لە قسەکانییەوە دیاربوو کە پێشتر ئامادەی کردوون. بۆ دەربڕینی قسە دوورودرێژەکانی کە بە بۆنەی دوورودرێژییانەوە هەژێنەر دەیاننواند، هەوڵی دابوو بە سیمایەکی ساختەی ڕاستگۆیانەوە دەربکەوێ، هەروەها بە دەربڕینی قسەی ساف و لووس و گاڵتەکردن و پیشاندانی نیەتپاکییەوە، گەرەکی بووە هەستە ڕاستەقینەکەی ناخی بشارێتەوە. بەس من دوای تێپەڕینی ماوەیەك جا ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوانەم بۆ قسەکانی کرد، لەو کاتەدا مەسەلەیەکی دی لە ئارادا بوو. ئەوەندە هەست ناسکانە، گەرم و گوڕانە و ڕاستگۆیانە قسەکانی دەردەبڕین و وەها ڕێزێکی لە ناتاشا دەنا کە دڵی هەموومانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. بۆ ساتێك شتێکی هاوشێوەی فرمێسکیش لە چاوانیدا درەوشایەوە. بەو قسانەی خۆی دڵە پاکەکەی ناتاشای دیل کردبوو. لەسەر جێگەکەی هەستا و بێ ئەوەی هیچ بڵێ، بە بارێکی ئێجگار سەرسامبووانەوە دەستی درێژ کرد. شازادە بە ڕێز و خۆشەویستییەوە دەستی ئەوی ماچ کرد. ئالیۆشایش هێندە خۆشحاڵ بوو کە لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبووەوە و بە هاوارەوە گوتی:

- چیم پێ گوتیت، ناتاشا. تۆ باوەڕت بە قسەی من نەبوو، باوەڕت بەوە نەبوو کە ئەو شەریفترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوییە! چاوت لێیە، چاوت لێیە...

خۆی هاوێشتە کۆشی باوکی و بە جۆش و خرۆشەوە ماچی کرد. باوکیشی ئەوی ماچ کرد، بەس خێرا کۆتایی بەم دیمەنە هەستبزوێنە هێنا، دەتگوت شەرمی بە دەربڕینی هەستەکانی دێت. کڵاوەکەی هەڵگرت و گوتی: ((باشە،

بەسیەتی، ئیدی من دەڕۆم.)) جا پاشان بە بزەیەکی کورتەوە ئەمەشی خستە سەر: ((داوای دە خولەك دەرفەتم لێ کردن و کەچی کاتژمێرێك کاتم لێتان گرت. بەس دەبێت ئێستە جێتان بهێڵم و بەوپەڕی حەز و تاسەوە هیوادارم هەرچی زووتر چاوم پێتان بکەوێتەوە. مۆڵەت دەدەن کە هەر کات بۆم ڕەخسا بێمە دیدارتان؟))

ناتاشا وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، بەڵێ. هەر کات پێتان خۆش بوو دەتوانن بێن! ئارەزوومە هەرچی زووتر...)) پاشان بە شەرم و کەمڕووییەوە بۆی زیاد کرد: ((خۆشەویستیتان لە دڵ بگرم...))

شازادە بە بیستنی ئەم قسانە بزەیەکی هاتێ و گوتی: ((ئێوە زۆر خاکی و دڵپاکن. تەنانەت بۆ شاردنەوەی شەرمەکەشتان هەوڵی دەربڕینی بچووکترین وشەی ڕێزدارانەیش نادەن. بەڵێ! هەست دەکەم پێویستم بە کاتێکی زۆرە هەتا بگەمە ئاستێك کە شایستەی ڕێزی ئێوە بم.))

ناتاشا بە هەمان پەشێوحاڵییەوە چرپاندی: ((ئەمە چ قسەیەکە دەیکەن، ئەمەندە ستایشی من مەکەن، بەسیەتی.))

جوانییەکەی ئەو ساتەی وێنەی نەبوو.

شازادە گوتی: ((باشە، وەلێ چەند قسەیەکی دیم ماوە. دەبینن کە من مرۆڤێکی چەندە چارەڕەشم؟ چونکە نە سەبەینێ و نە دووسبەش ناتوانم سەردانتان بکەم. هەر ئەمشەو نامەیەکم پێ گەیشتووە و تێیدا داوام لێکراوە کە بەزووترین کات بەشداری لە کۆبوونەوەکی گرنگدا بکەم. بەیانی پترسبورگ جێدە هێڵم. جا تکاتان لێ دەکەم وانەزانن کە من لەبەر ئەوە بەم درەنگە شەوە سەردانم کردوون کە نە سبەینێ و نە دووسبەش نەمدەتوانی سەردانتان بکەم، بێگومان وا بیرناکەنەوە، بەس ئەمە بچووکترین نموونەی سروشتە گوماناوییەکەی منە. بۆچی دەبێت وابزانم کە بێ چەند و چوون ئێوە وەها فکرێکتان بە مێشکدا هاتووە؟ بەڵێ ئەم بەدگومانی و شکاوی بوونەم لە تەمەنمدا تووشی کێشەی زۆری کردووم و بۆی هەیە هەڵەحاڵی بوون و ناکۆکیشم لەگەڵ خانەوادەکەی ئێوەدا هەر لەم تایبەتمەندییە ئەخلاقییە نادروستەمەوە سەرچاوەی گرتبێت!... ئەمڕۆ سێشەممە بوو. چوارشەممە و پێنجشەممە و هەینی لێرە نابم. هیوادارم بتوانم شەممە بگەڕێمەوە و هەر هەمان ڕۆژ سەردانتان بکەم. بڵێن بزانم، ئایا دەکرێ عەسری ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئێوە بەسەرببەرم؟))

ناتاشا بە هەیەجانەوە گوتی: ((هەڵبەتە، هەڵبەتە، عەسری شەممە بە بێ سەبرییەوە چاوەڕێتانم!))

- ئاە! چەندە خۆشحاڵم. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر ئێوە بناسم. باشە، ئیدی من دەبێت بڕۆم.

پاشان ڕووی کردە من و گوتی: ((بەس ناتوانم بێ ئەوەی تەوقەم لەگەڵ ئێوەدا کردبێت، ئێرە بەجێ بێڵم. داوای لێبوردنم هەیە، قسەکانم زۆر پەرت و تێکەڵ و پێکەڵ بوون... پێشتر چەند جارێك شانازیی بینینتانم پێبڕاوە،

تەنانەت پێکیش ناسێندراوین. دەبێت بەر لەوەی ئێرە بەجێ بهێڵم ڕادەی خۆشی و شادیی خۆم سەبارەت بەم دیدارە تازەیە دەرببڕم.))

لە بارێکدا کە دەستی بەرەو لام درێژ کردبوو و منیش دەمگوشی، گوتم: ((ڕاستە، پێشتر یەکدیمان دیوە، بەس داوای لێبوردن دەکەم، من بیرم نایێ کە بە یەکدی ناسێنرابین.))

- با، ساڵی ڕابردوو، لە ماڵی شازادە ‹‹ر›› .

- بمبەخشن، بیرم چووبوو. دڵنیابن کە ئەمجارەیان ئیدی بیرم ناچێتەوە. یادگاریی ئەمشەوم بە شێوەیەکی تایبەت لە زهندا دەمێنێتەوە.

- بەڵێ، ئێوە ڕاست دەکەن. لای منیش هەر وا دەبێت. دەمێك بوو دەمزانی کە ئێوە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەن، هاوڕێیەکی خەمخۆری ناتالیا نیکۆلایۆنا و کوڕەکەمن. هیوادارم بەخۆم چوارەمین هاوڕێی ئێوە بم.

ڕووی کردە ناتاشا و ئەمەی بۆ زیاد کرد: ((ئەی وانییە؟))

ناتاشا بە هەستێکی قووڵەوە وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، ئەو دۆستێکی ڕاستەقینەیە و دەبێت هەموومان دەست لەناو دەست بین.))

داماوی وا، کاتێك کە بینیی شازادە گەرەکییەتی لەگەڵ منیشدا پەیوەندییەکی دۆستانە ساز بدات، لە خۆشییاندا ڕووخساری گەشایەوە. ئای کە چەندی خۆش دەویستم!

شازادە ڕووی لە من کرد و لەسەر قسەکانی ڕۆیشت: ((دیدارێکی زۆرم لەگەڵ هەوادارانی بەرهەمەکانتاندا هەبووە. ئاشناییەکی نزیکم لەگەڵ دوو لە خوێنەرە جددییەکانی ئێوەدا هەیە. زۆر دڵخۆش دەبن گەر لەنزیکەوە ئێوە بناسن. ئەم دووانە کۆنتیسی باشترین دۆستی من و زڕ کچەکەین. هیوادارم ئەم چاکەیەم لەگەڵدا بکەن و مۆڵەت بدەن کە بەم دوو خانمەتان بناسێنم.))

- ئەمە بۆ من شانازییەکی گەورەیە، گەرچی لە ئێستەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵ کەسانی دەورو بەرم دا نییە...

- بەڕاست، دەکرێ ناونیشانەکەتانم بدەنێ؟ ماڵتان لە کوێیە؟ خۆشحاڵ دەبم...

- من لە ماڵەکەمدا میوانداری لە کەس ناکەم، شازادە، یان لایەنی کەم لە ئێستەدا نایکەم.

- سەرەڕای ئەمەش، بۆچی من وەك کەسێکی جیاواز ئەم شەرەفەم پێ نەبڕێ، من...

- مادام لەسەری سوورن، ئەوا بە دیدارتـان خۆشحاڵ دەبین. من لە بینـای *کلوگن* دا نیشتەجێم کە لە کۆڵانی ‹‹ن››دا هەڵکەوتووە.

بە دەنگێکی بەرز و بـارێکی سەرسوڕماوانەوە گوتی: ((لە بینای کلوگن! چۆن! دەمێکە لەوێ نیشتەجێن؟))

خۆنەویستانە کەمێك لێی ورد بوومەوە و گوتم: ((نـا، ماوەیەکی زۆر نییە. ژمارەی ئە پارتمانەکەم چل و چوارە.))

- چل و چوار؟ بە تەنیا دەژین؟

- بەڵێ، بە تـاقی تەنیا.

- ئاە! بەڵێ! ئاخر... لام وایە ئەو بینایە پێدەزانم. باشتر... بێگومان سەردانتان دەکەم، بێگومان. قسە و باسێکی فرەم لەگەڵ ئێوەدا هەیە و چاوەڕوانییەکی زۆرم لێتان هەیە. لە زۆر ڕووەوە دەتوانن من بخەنە ژێر منەتی خۆتـان. دەبینن، هێشتا هیچ نەبووە کە بوومە مایەی زەحمەتتان. بەس جارێ ماڵئاوا. جارێکی دیکەش تەوقەتـان لەگەڵ دەکەم.

لەگەڵ من و ئالیۆشادا تەوقەی کرد. جارێکی دیش دەستە ناسکەکەی ناتاشای ماچ کرد و جا بێ ئەوەی داوا لە کوڕەکەی بکات لەگەڵیدا بڕوا، ژوورەکەی جێهێشت.

هەرسێکمان حەیران و مات بووین. تەواوی ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەکی ئێجگار کتوپڕانە و چاوەڕوان نەکراو ڕوویاندابوو. وامان هەستدەکرد کە لە چاوتروکانێکدا هەموو شتێك گۆڕاوە و قۆناغێکی تازە و نائاشنا هاتووەتە پێش. ئالیۆشا بە کرِی لە تەك ناتاشاوە دانیشت و دەستیی ماچ کرد. جار جار سەیرێکی ئەوی دەکرد، دەتگوت چاوەڕێیە تـا بزانێت ئەو لەم بارەیەوە چی دەڵێ. سەرەنجام ناتـاشا گوتی:

- ئالیۆشا، هاوڕێکەم، سەرلەبەیانی بچۆ بۆ لای کاتیا.

ئالیۆشا وەڵامی دایەوە: ((خۆشم بیرم لەوە دەکردەوە. بێگومان دەچم.))

- بەس لەوانەیە بینینت نارەحەتی بکات... چار چییە؟

ئالیۆشا نەیتوانی بەر بەخۆی بگرێ و گوتی: ((نازانم، هاوڕێکەم. بیرم لەم بابەتە نەکردووەتەوە. بزانم چی دەبێت. دواجار بڕیارێك دەدەم. باشە، ناتـاشا، ئێستە هەموو شتێك گۆڕاوە.))

ناتـاشا بزەیەك گرتی و نیگایەکی ئەویندارانەی لەو کرد.

ئالیۆشا درێژەی بە قسەکانی دا: ((دەبینیت مرۆڤێکی چەندە خاکی و تێگەیشتووە! ماڵە هەژارانەکەی تۆی بینی و هیچیشی بە ڕووی خۆیدا نەهێنا...))

- لە چ ڕوویەکەوە؟

- لە ڕووی بارکردن و گۆڕینی ماڵ... یان هەر شتێکی دی.

ئالیۆشا بە گوتنی ئەم قسانە سوور هەڵگەڕا.

- دەکرێ بێدەنگ بیت، ئالیۆشا. ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە قسەکانی ئەوەوە هەیە؟

- هیچ، دەمویست بڵێم مرۆڤێکی وردبینە. وەسف و ستایشێکی زۆرتی کرد! خۆ پێم گوتبوویت. بەڵێ ئەو کەسێکە هەستیارە و دەتوانێت دەرك بە هەموو شتێك بکات. بەس کە باسی منی کرد، دەتگوت قسە لەسەر منداڵێك دەکات! هەقی خۆشیەتی، لە ڕاستیدا من لە منداڵێك بەولاوە هیچی دیکە نیم.

- تۆ منداڵیت، بەس لە هەموومان دڵپاکتریت. تۆ زۆر باشیت، ئالیۆشا!

-ئەو گوتی پاکیی دڵم زیانم پێدەگەیەنێ. بۆچی؟ سەری لێ دەرناکەم. تۆ هۆکارەکەی دەزانیت، ناتاشا؟ بە بۆچوونت وا باش نییە کە هەر ئێستە بچم بۆ لای ئەو؟ سەر لە بەیانیش دێمەوە بۆ لات.

ناتاشا گوتی: ((بڕۆ، بڕۆ، هاوڕێکەم. فکرەیەکی باشە. یەکڕاست دەچیت بۆ لای، ئەرێ؟ بەیانی هەر کات بۆت ڕەخسا سەرێك لێرە بدە.))

پاشان بە نیگایەکی لاوێنەرانە و ئاوازێکی سەرکۆنەکەرانەوە لەسەری ڕۆیشت: ((هیوادارم ئەمجارەشیان پێنج ڕۆژێك پێوار نەبیت.))

هەموومان دڵخۆش و بێخەم بووین. ئالیۆشا لە بارێکدا کە خەریکی چوونەدەرەوە بوو بە منی گوت: ((لەگەڵم دێیت، ڤانیا؟))

ناتاشا گوتی: ((نا، هێشتا هەندێك قسەمان لەگەڵ یەکدی ماوە و دەبێ بیانکەین. قەرارەکەمانت بیر نەچێ، سەر لە بەیانی.))

- باشە، خواحافیز ماورا.

ماورا هەیەجان گرتبووی، لە پشت دەرگەکەوە تەواوی قسەکانی ئێمەی بیستبوو، بەس زۆر لەوە زەینکوێرتر بوو کە لە ماناکەیان تێبگات. دەیویست سەر لەم نهێنییە دەربکا تو هەندێك پرسیار بکات. بەس لەو کاتەدا سیمایەکی ئێجگار جددی و تەنانەت لووتبەرزانەشی هەبوو.

من و ناتاشا تەنیا ماینەوە، دەستمی گرت و ماوەیەك بێدەنگ بوو، پێدەچوو بیر لەو شتە بکاتەوە کە دەیەوێت قسەی لەسەر بکات.

دواجار بە دەنگێکی ماندووانەوە گوتی: (( ماندووم. گوێبگرە: تۆ بەیانی دەچیت بۆ لای دایك و باوکم، ئەرێ؟ ))

- بێگومان.

- بەسەرهاتی ئەمشەو بۆ دایکم بگێڕەرەوە، بەس هیچ شتێك بۆ ‹‹ئەو›› باس مەکە.

- بەخۆت باشتر دەزانیت کە من بەهیچ شێوەیەك لەلای ئەو باسی تۆ ناکەم.

- ڕاستە: گەر باسی هیچ شتێکی بۆ نەکەیت، ئەو بەخۆی لە هەموو شتێك تێدەگات. بەس بەباشی قسەکانی لەگوێ بگرە و بزانە چ کاردانەوەیەکی دەبێت. ئەی خوای گەورە، ڤانیا! تۆ بڵێی لەسەر ئەم زەماوەندە حاشام لێ بکات؟ نا، ئەقڵ نایبڕێ!

من خێرا گوتم: (( پێویستە شازادە هەموو ئەم کارانە بخاتەوە ڕاستە، هەر چۆنێك بووە دەبێت لەگەڵ باوکت ئاشت ببێتەوە، پاشان هەموو شتێك جێبەجێ دەبێت. ))

ناتاشا بە دەنگێکی وەك پاڕانەوەوە گوتی: ئاە! خوایە گیان! شتێکی چەندە باشە گەر ئەمە سەربگرێت...

- خەمت نەبێ، ناتاشا، هیچ کارێك نەکردە نییە. بەس دەبێت لە ڕێگەیەکی گونجاوەوە بۆی بچین.

چاوی تێبڕیم و پرسیی:

- ڤانیا، بۆچوونت لەسەر شازادە چۆنە؟

- گەر ڕاستگۆیانە دوابێت، ئەوا بە بۆچوونی من مرۆڤێکی شەریفە.

- گەر ڕاستگۆیانە دوابێت؟ مەبەستت چییە؟ بەس ڕێی تێناچێ درۆی کردبێت.

- منیش هەر وای بۆ دەچم.

بەس لە دڵی خۆمدا گوتم: (( ناتاشا، شتێکی دیکەی لەژێر سەردایە، بەس جارێ من سەری لێ دەرناکەم! ))

تۆ بە درێژاییی ئەو ماوەیە چاوت لەسەری بوو...

- بەڵێ، کەمێك سەیر دەهاتە بەر چاوم.

- بەلای منیشەوە هەر وابوو. بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ من دەدوا... هێزم تیا نەماوە، هاوڕێکەم. دەزانیت؟ تۆیش بڕۆوە بۆ ماڵێ و بەیانیش دوای ئەوەی کە سەردانی دایك و باوکمت کرد، هەر کات کە بۆت لوا سەرێکم لێ بدە. با ئەمەش بڵێم: ئایا کاتێك کە بەوم گوت منیش ئارەزومە هەرچی زووتر خۆشەویستیی ئەو لە دڵ بگرم، قسەکەم سووکایەتی ئامێز بوو؟

- نا، بۆ دەبێت سووکایەتی ئامێز بێت؟

- نەفامانەش نەبوو؟ چونکە وا لێك دەدرێتەوە کە من هێشتا ئەوم خۆش ناوێت.

- بە پێچەوانەوە، ئەم قسەیەت سادە و بێ مەرامانە و لە دڵەوە بوو. جا لەو وەختەدا چەندە دڵڕفێن بوویت! ئەو گەر بەو سروشتە ئەرستۆکراتیانەی خۆیەوە لە مانای قسەکەت تێنەگەیشتبێت ئەوا دیارە زۆر گەمژەیە.

- ڤانیا، پێدەچێ خۆشت لێی نەیێ! وەلێ من مرۆڤێکی چەندە بەدگومان و خۆپەرستم! پێمەکەنە: باش دەزانیت کە هیچ شتێکت لێ ناشارمەوە. گەر دیسان بەدبەختی ڕووم تێ بکات، گەر جارێکی دیش ڕۆژە ڕەش ببمەوە، باش دەزانم کە تۆ هەر جێم ناهێڵیت و لەگەڵم دەبیت، لەوانەشە تۆ تەنیا کەسێك بیت کە لەگەڵ مندا دەمێنیتەوە! چۆن دەتوانم قەرەبووی ئەم هەموو چاکانەت بۆ بکەمەوە؟ هەرگیز پشت لە من مەکە، ڤانیا!

کە گەیشتمەوە ماڵێ، دەمودەست جلەکانم داکەندن و لە جێخەوەکەمدا پاڵکەوتم. ژووره تاریك و شێدارەکەم هەر لە ئەشکەوتێك دەچوو. هەستێکی خراپم هەبوو و فکرگەلێکی سەیر مێشکمیان جەنجاڵ دەکرد و تا ماوەیەکی زۆریش خەو مەچووە چاوم.

بەس هەر لەو کاتەدا، پیاوێك بەوپەڕی ئاسوودەییەوە دەچێتە جێخەوەکەی، جا لەبەرخۆوە پێکەنینی بە ئێمە دێت، هەڵبەتە گەر بە شایەنی ئەوەشمان بزانێت کە پێمان پێبکەنێ.

## ٣

کاتژمێر نزیکەی دەی بەیانی بوو، من بەنیاز بووم بچم بۆ لای نیکۆلای و هاوسەرەکەی، جا پاشانیش سەرێك لە ناشا بدەم، هەر هەنگاوم بەرەو دەرەوەی ئەپارتمانەکە هەڵهێنا و کتوپڕ لە بەردەرگەکەدا تووشی سەردانیکەرە بچکۆلەکەم، یانی نەوەکەی ئەسمیت بووم. هاتبوو بۆ لام و منیش هۆکاری هاتنەکەیم نەدەزانی. بەس بیرم دێ هەرکە چاوم پێی کەوت یەکسەر ڕووم گەشایەوە. دوێنێ دەرفەتم نەبوو باش لێی بڕوانم، ئێستە لەبەر ڕۆشنایی ڕۆژدا زیاتر سەرنجی ڕاکێشام. ئاستەم بوو مرۆڤ لە ژیانیدا چاوی بە کەسێك بکەوێت کە لەو هەژێنەتر و سەیروسەمەرەتر بێت. بەو ئەندامە ناسکانەی لاشەی، بەو چاوە ڕەشە درەوشاوانەیەوە کە لە چاوی ڕووسەکان نەدەچوون، بەو قژە ئێجگار پڕ و قەترانی و نیگا مکوڕەیەوە، بەو بێدەنگییە تەلیسماوییەیەوە نەدەکرا سەرنجی هەموو کەسێك بەرەو خۆی ڕانەکێشێ. بەتایبەت نیگای زۆر کاریگەر بوو، کە نیشاندەری زیتەڵەیی لە ڕادەبەردەر و بەدگومانی و هەروەها بێ متمانەیی ئەو بوو. ئێستە پۆشاکەکەی لەبەر ڕۆشنایی ڕۆژدا، زیاتر لە دوێنێ شڕ و وڕتر و کۆنەتر دەینواند. وام هەستکرد کە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە و بێ دەرمان بووە کە پلە بە پلە و بێ چەندوچوون پێکهاتەی لاشەی لەبەین دەبات. ڕووخسارە لاواز و ڕەنگپەڕیوەکەی، ڕەنگێکی زەردی مەیلە و قاوەییی هەبوو کە نائاسایی دەردەکەوت. سەرباری هەموو ئەم ناشیرینیانەی ڕووخساری کە گشتی لە هەژاری و کوێرەوەرییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ناحەز نەدەهاتە بەرچاو. برۆیەکی کەوانەیی جوان و تەوێڵێکی بەرز و قەشەنگ و لێوێکی زەریفی هەبوو. هەروەها ڕووخساری مەغروورانە و بێڕەنگ و تا ڕادەیەك بێشەرمانە بوو.

کە چاوم پێی کەوت گوتم: ((ئاه! ئەوە تۆیت، هەر زانیم سەردانم دەکەیتەوە. وەرە ژوورێ.))

وەك دوێنێ بە هەنگاوی هێدییەوە هاتە ژوورێ و سەیرێکی بەدگومانانەی دەوروبەری کرد. بە وردییەوە چاوێکی پشکنەرانەی بەو ژوورەدا خشاند کە باپیرەی تێیدا دەژیا، وەك بڵێی گەرەکی بێت بزانێ کە داخۆ کرێچییە تازەکە چ گۆڕانکارییەکی تێدا کردووە. بە خۆمم گوت: ((گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە! وەها باپیرەیەك هەر دەبێ نەوەیەکی لەم جۆرەی هەبێت. تۆ بڵێی شێت نەبێ؟)) من لە چاوەڕوانیدا بووم و ئەویش نقەی لە خۆی بڕیبوو.

لە بارێکدا کە چاوەکانی لە زەوی بڕیبوون، بە ورتە ورتەوە گوتی: ((هاتووم بۆ کتێبەکان.))

- ئاه! بەڵێ! کتێبەکان، بیانگرە، ئەوانم بە تایبەت لای خۆم گلدابوونەوە هەتا پێت بدەمەوە.

سەیرێکی کونجکۆڵانەی کردم و چرچێکی سەیر کەوتە گۆشەی لێوەکانییەوە کە وەك بڵێی نیشاندەری جۆرێك لە ناباوەڕی بوو. بەس خێرا ون بوو و بە شێوەیەکی کتوپڕانە جێگەی خۆی بەخشییە بارە جددی و مەتەڵئاساکەی ڕابردووی.

لە بارێکدا کە بە نیگایەکی ڕەخنەگرانەوە سەرا پامی هەڵدەسەنگاند پرسیی:

- با پیرەم لە بارەی منەوە هیچی بە ئێوە نەگوت؟

- نا، هیچی لە بارەی تۆوە نەگوت، بەس ئەو...

پەڕییە نێو قسەکەم و پرسیی: ((ئەی چۆن دەتزانی من دێم؟ کێ ئەمەی بە تۆ گوتبوو؟))

- چونکە لام وابوو ڕێی تێناچێ کە هیچ کەسێك لە با پیرەتی نە پرسیبێتەوە و ئەو هەر بەتەنیا ژیابێت. ئەو زۆر پیر و پەککەوتە بوو، هەر لەبەر ئەمەش وام بە خەیاڵدا هات کە کەسێك سەردانی دەکات. بگرە، ئەوەش کتێبەکانت. دەیا نخوێنیتەوە؟

- نا.

- ئەی بۆ چیتن؟

-پێشتر کە دەها تمە لای با پیرەم وانەی پێ دەگوتمەوە.

-لەو کاتەوە ئیدی نەهاتوویت؟

وەك ئەوەی بیەوێ پاکانە بۆ کردەوەکەی بکات گوتی: نا... چونکە نەخۆش بووم.

- خێزانت هەیە؟ دایکێك، باوکێك؟

لە پڕ دەم و لووتی دا بەیەکدا و بە وەڕەزییەوە سەیرێکی کردم، پاشان سەری دانەواند، چووە دوا و بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات، بە هەمان شێوەی دوێنێ و بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە، بە شێنەیی ویستی ژوورەکە جێ بهێڵێ. من واق و وڕ لێیم دەڕوانی. بەس لە ئاسانەی دەرگەکەدا ڕاوەستا، وەك چۆن دوێنێ لە کاتی چوونە دەرەوەیدا پرسیاری ئازۆرکاری کردبوو، هەر بەو ئاوایە و بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو بەرەو لام سووڕایەوە. جا پرسیی: چۆن مرد؟

لێی نزیك بوومەوە و پەلە پەل ڕوونکردنەوەیەکی کورت و پوختم پێدا. بە سەرێکی کزکردوو پشتی تێ کردبووم، دەنگی لێوە نەدەهات و بە وردی گوێی بۆ قسەکانم ڕادێرابوو. هەروەها ئەوەشم بۆ گێڕایەوە کە پیرەمێرد لە کاتی

گیانەڵادا، باسی کۆڵانی شەشەمی بۆ من کردبوو. پاشان بۆم زیاد کرد: ((بەو ئەنجامە گەیشتم کە ماڵی ئازیزێکی لەو کۆڵانە دایە، هەر لەبەر ئەمەیش چاوەڕێ بووم کەسێك بێت و هەواڵی بپرسێ. بە دڵنیاییەوە تۆی زۆر خۆشویستووە، چونکە لە دواهەمین ساتەکاندا باسی تۆی دەکرد. ))

کچۆڵەکە بە ورتەیەکی حەسرەت ئامێزەوە گوتی: نا، ئەو منی خۆش نەدەویست.

گەلێك خەمین بوو. من لە کاتی قسەکردن بەسەریدا چەمیمەوە و لە ڕووخساری ڕامام. دەرکم بەوە کرد کە لە لووتبەرزیاندا گوشارێکی توند دەخاتە سەر خۆی هەتا خەم و پەژارەی دڵی لە من بشارێتەوە. ڕەنگی زیاتر پەڕی و گازێکی لە لێوی ژێرەوەی گرت. بەس ئەوەی زیاتر لە هەر شتێك حەپەساندمی، ترپەی نائاسییی دڵی بوو. خێرایی لێدانی دڵی سات بە سات زیاتر و توندتر دەبوو و تەنانەت لە دوو سێ هەنگاو دوورتریشیەوە دەکرا بیانبیستی. پێموابوو هەر لەو ساتەدا وەك دوێنێ دەداتە پرمەی گریان، بەس دانی بەخۆیدا گرت.

- پەرژینەکە لە کوێیە؟

- کامە پەرژین؟

- ئەو پەرژینەی کە لە تەنیشتییەوە مرد.

- کە چووینە دەرێ پێت نیشان دەدەم. بەس گوێگرە: ناوت چییە؟

- گرنگ نییە.

- چی گرنگ نییە؟

لە پڕێکدا گوتی: ((هیچ... من بێ ناوم.)) پێدەچوو مەزاجی تێکچووبێت و جوڵەیەکی بە ئاڕاستەی دەرگەکە کرد. بەردەمیم گرت و پێم گوت:

- ڕاوەستە، کچۆڵەیەکی چەندە سەیریت! دەزانیت، من چاکەی تۆم دەوێ. دوێنێ کە لە سووچێکی پلیکانەکاندا دەگریایت، دڵم بۆت پڕ بوو. ناتوانم وێڵت بکەم... وێڕای ئەوەش باپیرەت لەنێو باسکەکانی مندا مرد و کاتێك کە لەبارەی کۆڵانی شەشەمەوە دەدوا، بێگومان بیری لە تۆ دەکردەوە و بە جۆرێك لە جۆرەکان گەرەکی بووە تۆم پێ بسپێرێ. تەنانەت خەویشی پێوە دەبینم... کتێبەکانم بۆ هەڵگرتوویت، بەس تۆ تووڕەیت، پێدەچێ لە من بترسیت. بێگومان تۆ زۆر هەژاریت، لەوانەیە منداڵە هەتیوێك بیت و کەسانی دی بەخێوت بکەن، وایە؟

بە گڕوتینەوە هەوڵی ئاسوودەکردنی خەیاڵیم دەدا و بەخۆشم نازانم چ شتێك منی وابەستەی ئەو دەکرد. هەستێکی خەمگینانە و تێکەڵ بە بەزەییم بەرانبەری هەبوو. ئایا ئەم هەستە بە بۆنەی تەلیسمی ئەم دیدارەوە بوو، یان

لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە ئەسمیت لەسەری دانابووم یان بەهۆی تایبە تمەندیی خەیاڵپەروەرانەی خوو و ڕەوشتی خۆمەوە بوو؟ نازانم، وەلێ لەبەر هەرچییەك بوو من بە شێوەیەکی بەر پێنەگیراوانە وابەستەی ئەم کچۆڵەیە بووبووم. وام هەستکرد قسەکانم کاریگەرییان لەسەری هەبووە، بە نیگایەکی سەیرەوە لێم ڕاما، بەس نەك سەرسەختانە، بەڵکە بە شێوەیەکی درێژخایەن و نەرم و نیان لێمی ڕوانی، دوای ئەوە پێدەچوو تووشی دوودڵی بووبێت و چاوەکانی لە زەوی بڕین.

لەناکاو بێ پێشەکی و کەم تا زۆر بە دەنگێکی هێدییەوە چرپاندی: ئێلنا.

- یانی تۆ ناوت ئێلنایە؟

- بەڵێ...

- ئێستە بڵێ بزانم، دیسان سەردانم دەکەیتەوە؟

دەتگوت لەگەڵ خۆیدا ململانێ دەکات و بە چرپەوە گوتی: ((ناتوانم... نازانم... کە دێم یان نا...))

لەم ساتەدا کاتژمێرێك کەوتە زەنگ لێدان. بە بیستنی دەنگی زەنگی کاتژمێرەکە ڕاچەنی و بە نیگەرانییەکی پڕ ئازاری لەبەین نەچووەوە سەیرێکی منی کرد و پرسیی:

- کاتژمێر چەندە؟

- بێگومان دە و نیوە.

لە ترساندا هاوارێکی لێ هەڵسا و گوتی: ((ئەی خوایە گیان!)) جا ویستی ژوورەکە جێ بێڵێت. بەس من بۆ دووەمین جار لە سەرسەرادا ڕامگرت و گوتم:

- لێناگەڕێم ئاوها لێرە بڕۆیت. لەچی دەترسێیت؟ درەنگت پێ بووە؟

لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی دەدا خۆی لە چنگی من ڕا پسکێنێ، بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

- بەڵێ، بەڵێ، من بە دزییەوە لە ماڵ هاتوومە دەر. لێگەڕێن با بڕۆم. گەرنا ئەو ژنە لێم دەدا.

- کەمێك گوێبگرە و هێندە پەلەقاژە مەکە: تۆ دەتەوێ بچیت بۆ ڤاسیلی ئۆستڕۆف و منیش هەر بۆ ئەوێ دەچم. من بۆ کۆڵانی سێزدە دەچم. منیش دێرم پێ بووە و نیازمە بە گالیسکە بڕۆم. پێتخۆشە لەگەڵم بێیت؟ لە کۆڵانی شەشەم داتدەبەزێنم، ئاوها زووتر لە پیاڕۆیی دەگەیتەوە ماڵێ...

بە ترسێکی لە ڕادەبەدەرەوە هاواری کرد: ((نابێت، نابێت بێنە ماڵی من.)) لەوە تۆقی بوو کە من بە شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی بزانم.

- وەلێ خۆ پێم گوتیت کە من بۆ کۆلانی سێزدە دەچم، نەك بۆ ماڵی تۆ. لەوێ ئیشم هەیە. پە یجۆریت ناکەم، بە گالیسکە زوو دەگەینە جێ. یەڵا، با بڕۆین.

بە هەڵەداوان بە پلیکانەکاندا چوینە خوارێ، هەر کە یەکەمین گالیسکە دەرکەوت، کە گالیسکەیەکی شەق و شڕ بوو، من دەستم لێ ڕاگرت. پێدەچوو ئێلنا زۆر پەلەی بێت، چونکە ئامادە بوو لەگەڵ من سواری گالیسکە ببێ. لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو کە من زاتم نەبوو هیچ پرسیارێکی لێ بکەم. وەختێکیش کە لێیم پرسی لە کێ دەترسێ، ئەوەندە بە ترسەوە دەستەکانی ڕاوەشاند کە هێندەی نەمابوو لە گالیسکەکەوە تەختی زەوی ببێ. لە خۆم پرسی: ((دەبێ ئەمە چ نهێنییەك بێت؟))

لە گالیسکەکەدا زۆر نائاسوودە بوو، دەستەکانی چڵکن و لاواز بوون، لەگەڵ هەر تەکانێکی گالیسکەکەدا، بە دەستە چە پی چنگی بە پاڵتۆکەی مندا دەکرد. بە دەستەکەی دیکەشی کتێبەکانی بەخۆیەوە دەگوشین، دیاربوو کە گەلێك ئەم کتێبانەی لەلا بەنرخن. لە ساتێکدا کە خەریکی گورجکردنەوەی جلەکانی بوو، من بەوپەڕی سەرسامییەوە سەیر دەکەم وێڕای ئەوەی کە پێڵاوەکانی کون کونن کەچی پێیەکانی ڕووتن و گۆرەویی لە پێدا نییە. گەرچی بڕیارم دابوو ئیدی پرسیاری لێ نەکەم، بەس خۆم پێ ڕانەگیرا و دیسان پرسیم:

- یانی چی؟ تۆ گۆرەویت نییە؟ چۆن دەتوانیت بەم سەرماوسۆڵەیە بە پێی ڕووتەوە لە ماڵ بێیتە دەر؟

بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە گوتی: نا، گۆرەویم نییە.

- ئاە! ئەی خودایە! بەس تۆ لای کەسێکی دی ژیان بەسەر دەبەیت. دەتوانیت داوای گۆرەویی لێ بکەیت، چونکە تۆ دێیتە دەرێ و دەرەوەش ساردە.

- حەزم لێ نییە گۆرەوی لە پێ بکەم.

- وەلێ نەخۆشدەکەویت، دەمریت!

- بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە.

پێدەچوو حەز نەکات وەڵامم بداتەوە و پرسیارەکانم تووڕەی بکەن.

بەدەم ڕێوە، ئەو خانووەم پیشاندا کە پیرەمێردەکەی لەنزیکەوە مردبوو و گوتم:

- سەیرکە، با پیرەت لە تەك ئەم خانووەدا مرد.

به وردییەوە لێی ڕوانی، پاشان لە پڕ ڕووی تێکردم و بە سیمایەکی تکالێکەرانەوە گوتی:

- توخوا دوام مەکەون! دێمەوە بۆ لاتان، هەر کات بۆم لوا سەردانتان دەکەم.

- باشە. خۆ پێشتر پێم ڕاگەیاندیت کە نایێم بۆ ماڵی تۆ. بەس لە کێ دەترسیت؟ بێگومان تۆ زۆر کلۆڵیت. بە بینینت دڵم توند دەبێت.

بە دەنگێکەوە کە لە ئاوازەکەیدا هەست بە وەڕەزی دەکرا، هاتە وەڵام: لە هیچ کەس ناترسم.

- بەس چەند ساتێك لەمەوبەر گوتت: لێم دەدەن!

چاوانی کەوتنە درەوشانەوە و لەرزی لێ نیشت. بە ئاوازێکی تاڵ و لە بارێکدا کە بە شێوەیەکی سووکایەتی پێکەرانە لێوی سەرەوەی بەرز دەکردەوە، لەسەر یەك گوتی: با لێم بدەن، با لێم بدەن!

دواجار گەیشتینە ڤاسیلی ئۆستڕۆف. بە گالیسکەوانەکەم گوت لە کۆڵانی شەشەمدا ڕابوەستێ و جا کچەکەش لە بارێکدا کە بە نیگایەکی ترساوانەوە دەوروبەری دەپشکنی، لە گالیسکەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێ.

بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی توند و هاوکات تکاکەرانەوە گوتی: لێرە بڕۆن، سەردانتان دەکەم. تکاتان لێ دەکەم دوام مەکەون. تا زووە لێرە بڕۆن، خێراکەن.

من لەسەر ڕێکردنی خۆم بەردەوام بووم. بەس دوای ئەوەی کەمێك بە شەقامە بەستێنییەکەدا ڕێمانکرد، من داوام لە گالیسکەوانەکە کرد ڕابوەستێ و جا بە پێ بەرەو کۆڵانی شەشەم گەڕامەوە. خێرا خۆم گەیاندە پیادەڕێکەی بەرانبەر. کچۆڵەکەم دۆزییەوە. گەرچی خێرا ڕێی دەکرد، بەس هێشتا بۆی نەڕەخسا بوو زۆر دوور بکەوێتەوە، هەیتا هەیتا سەیری دەور و بەری دەکرد. تەنانەت بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت کە داخۆ من پەیجۆرییم کردووە یان نا، تاوێك ڕاوەستا و چاوی بە چواردەوریدا گێڕا. بەس من لە بەردەرگەی ماڵێکی گەورەدا خۆم حەشاردا و ئەو منی نەدیت. دیسان پەلەپەل بە ڕێکەوت و منیش لە پیادەڕێکەوە هەنگاو دوای هەنگاو بەدوایەوە بووم. هەستی کونجکۆڵیم بە توندی بزوابوو. بەڵێنم بە خۆم دابوو کە پەیجۆریی نەکەم، بەس لە هەمان کاتدا حەزم دەکرد بزانم خۆی بە چ ماڵێکدا دەکات. کەوتبوومە ژێر کاریگەریی هەستێکی سەیر و قورسەوە، ڕێك وەکو هەمان ئەو هەستەی کە باپیرەی لە کاتی تۆپینی ئازۆرکاردا، لە مندا بزواندبووی.

## ٤

ماوەیەکی زۆری پێچوو تا گەیشتینە *‹‹کۆڵانی گچکە››*. کچۆڵەکە کەم تا زۆر ڕای دەکرد، سەرەنجام خۆی بە دوکانێکدا کرد. ڕاوەستام و چاوەڕێ مام. بە خۆمم گوت: خۆ ناشێ لەم دوکانەدا ژیان بەسەر ببات.

دوای یەك دوو خولەکێك لە دوکانەکە هاتە دەرێ، بەس ئیدی کتێبەکانی بە دەستەوە نەبوون. لە جێی ئەوان شتێکی هاوشێوەی گۆزەیەکی گڵیی پێبوو. دوای کەمێك ڕێکردن خۆی بە کەچە خانووێکدا کرد. کۆنە خانوێکی بچووك و لە خشتدرووستکراوی دوو نهۆمی بوو کە بە زەردێکی چڵکن ڕەنگ کرابوو. نهۆمی یەکەم سێ پەنجەرەی هەبوو کە لە یەکێك لە پەنجەرەکاندا وێنەی تابووتێکی سوور بەرچاو دەکەوت و ئەوێی وەك شوێنی تابووتسازی دەناساند. پەنجەرەکانی نهۆمی دووەم زۆر بچووك و تاریك بوون، ڕەنگێکی کەسکیان هەبوو و لە پشتیانەوە چەند پەردەیەکی پەمەیی کە لە توخمی مەڕمەڕشا بوون، بەرچاو دەکەوتن. شەقامەکەم بڕی و لە دەرگەی خانووەکە نزیك بوومەوە، لەسەر پلاکێکی کانزایی کە بەسەر دەرگەکەدا کوترابوو، ئەم نووسراوەم خوێندەوە: ‹‹خانووی *بۆبنۆڤای* بۆرجواز››.

بەس هێشتا لە خوێندنەوەی نووسراوەکە نەببوومەوە کە لە پڕ هات و هاواری تێکەڵ بە جوێن و قسەی پیسی خاتوو بۆبنۆڤام بەر گوێ کەوت. لە پەنجەرەی بچووکی تەنیشت دەرگەوە سەیرێکی حەوشەکەم کرد: ژنێکی کڵاو بەسەر و ملپێچ لە مل بەرچاو کەوت کە بەسەر پلیکانێکی بچووکی تەختەییەوە ڕاوەستاوە و جلی میوانیی پۆشیوە. ڕەنگی ڕووی ئەرخەوانییەکی ناجۆر بوو. چاوە بچووکە سوورەکانی لە بەدفەڕییاندا بریقەیان دەهات. بە ڕواڵەتیدا وا دیار بوو کە بەم ناوەختە کەمێکی خواردووەتەوە. ئێلنای کڵۆڵ بە ماتی و کڕییەوە لەبەردەمیدا ڕاوەستابوو و ئەویش هاواری بەسەردا دەکرد. لەخوار پلیکانەکان و لە پشت ئەو ژنە قەڵەوەی کە ڕووخسارێکی ئەرخەوانیی هەبوو، ژنێکی دیکە، بە قژی شەمزاو و شانە نەکراوەوە کە جلێکی سوور و سپیی پۆشی بوو، ڕاوەستا بوو و لەم دیمەنەی دەڕوانی، بۆ ساتێك دواتر لە سەرووی پلیکانەکانەوە دەرگەیەك کرایەوە و ژنێکی نێوان ساڵ، بە ڕوویێکی خەمگین و دڵگرەوە دەرکەوت. بێگومان لەتاو هاتوهاواری ژنەی قەڵەو وەدەرکەوتبوو. لە دەرگەی نیوەکراوەی بیناکەدا سەروشکڵی چەند کرێچییەکی دیکە دەرکەوت: یەکێکیان پیرەژنێکی پەککەوتە و ئەوی دیکەیشیان کچە لاوێك بوو. لادێییەکی باڵابەرز و بەقەڵافەتیش، کە بێگومان قاپچیی بیناکە بوو، لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا گسك بە دەست ڕاوەستابوو و بە خەمساردییەوە تەماشای دیمەنەکەی دەکرد. ژنەی قەڵەو هەر قسەیەکی پیسی بە دەمدا دەهات دەیگوت و بە ڕەتڵ جوێنی دەدا:

‹‹ئاە! ئەی نەفرەتی، ئاە! ئەی زالوو، گەنە! بەم جۆرە پاداشتی چاکە و ماندووبوونەکانم دەدەیتەوە، قەحپە! ناردبووم خەیارشۆر بکڕێ و کەچی هەر دیاری نەبوو. دڵم هەواڵی دابوو کە دەیەوێت بۆی دەرچێ. ئاخ دڵم. دوێنێ

هەر لەسەر ئەم بەزمە هەموو پرچی سەریم ڕووتاندەوە و کەچی هەر عاری نەناوە. بڵێ بزانم هەموو ڕۆژێك بۆ کوێ دەچیت هەی بێ حەیا، بۆ کوێ دەچیت؟ سەر بە ماڵی کێدا دەکەیت قەحپە، حەشەرەی نەگریس، ماڵی کێ! قسە بکە بۆگەن گەرنا دەتکوژم!))

بە ڕق و هەڵچوونەوە هەڵمەتی بردە سەر کچە داماوەکە، بەس هەرکە چاوی بە کرێچییەکەی نهۆمی دووەم کەوت، کە بەسەر پلیکانەکانەوە ڕاوەستابوو و لەوی دەڕوانی، لە پڕ جووڵەی لێ بڕا، ڕووی کردە ئەو ژنە و وەك ئەوەی کە بیەوێ ئەو بکاتە شاهێد بەسەر تاوانە تۆقێنەرەکانی قوربانییە بەستەزمانەکەیەوە، جا لەگەڵ ئەوەی کە دەستی ڕادەوەشاند، بە دەنگێکی جاڕزکەرانە و گوێکەڕکەرانەترەوە دیسان دەستی بە گازاندە و ئاە و ناڵە کرد:

- ئێوە کەسانێکی باش و میهرەبانن، هەمووتان دەزانن کە ئەمە دایکی تۆپی و ئەو بەتەنیا مایەوە و عانەیەکیشی بۆ جێ نەهێشت. ئەم داماوە پارووە نانێکی نەبوو بیخوات و کەس نەیدەگرتەخۆ، باشە، منیش بە خۆمم گوت لەبەر خاتری *سن نیکلا* ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرم و ئەم منداڵە هەتیوە بەخێو دەکەم. ئەوجا لەبەر ئەوە هێنامە ماڵی خۆم. جا پێتانوایە ئە نجامەکەی چی بوو؟ ئەوە بۆ دوو مانگ دەچێت کە لەژێر سەرپەرشتیی من دایە. لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا هەموو خوێنمی هەڵمژیوە، هەڵی لووشیوم. زالوو! ماری شاخدار، دێوەزمە! نقەی لێوە نایێ، تێی هەڵبدەیت یان نا، ئەو هەرگیز قسەیەکی لە دەم دەرناچێ! دڵم لەت لەت دەکات و نقە لە خۆی دەبڕێت! بەس خۆت بە چی دەزانیت، دەعبای کلك درێژ! گەر من نەبام بەو کۆڵانانەدا لە برسان دەمردیت! دەبێ پێیەکانم ماچ بکەیت، هیچوپووچ! گەر من نەبام ئەوا ئێستاکە تۆپی بوویت!

ئەو ژنەی کە ئەم مرۆڤە دەم پیس و جوێندەرە ڕووی دەمی لێ کردبوو، بە شێوەیەکی ڕێزدارانەوە پرسیی:

- بۆچی هێندە خۆتان قەڵس دەکەن، *ئانا تریفۆقنا*؟ ئەو چیی کردووە کە تۆ ئاوها هەڵچوویت؟

- چیی کردووە، خانم گیان؟ چیی کردووە؟ من حەزناکەم نافەرمانیم بکات و بە پێچەوانەی ئارەزوومەوە بجووڵێتەوە. ئەو بەو جۆرە ڕەفتار ناکات کە من دەمەوێ، بەڵکە بە پێی ئارەزووی خۆی دەجوڵێتەوە و دواجاریش من تووڕە دەبم. من مرۆڤێکی ئاوهام. بەس ئەمڕۆ بەم کارەی خەریك بووە بە کوشتنم بدات. ناردوومە خەیارشۆرم بۆ بکڕێ و کەچی دوای سێ کاتژمێر گەڕاوەتەوە! وەختێك کە ناردم، دڵم هەواڵی دابوو، هەر دەمزانی. بۆ کوێ چووە؟ چ بەخێوکەرێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە؟ ئایا تا چەندە توانیبێتم هێشتوومە بێخاتر بێت؟ ئەوجا پازدە ڕۆبلی زیویشم بۆ بە خاکسپاردنی دایکە ڕاستنەبووەوەکەی بژاردووە، بێ لەمەیش بەخێوکردن و تەربیەتدانی منداڵە نارەسەنەکەیم لە ئەستۆ گرتووە! خانمانی ئازیز خۆتان باشتر دەزانن کە مانای ئەم کارانە چییە. ئایا لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من مافی ئەوەم نییە کە کەمێك گوێی ڕابکێشم؟ ئەو دەبێت پێبزانێ، کەچی لەجێی ئەوە بە پێچەوانەی ویستی منەوە دەجوڵێتەوە. من خۆشبەختیی ئەوم دەوێ، حەزدەکەم جلی ئاڵا و واڵای لەبەر بکەم، لە بازاڕدا پۆتینم بۆ ئەم هیچوپووچە کڕیوە، وەك کچە پادشاکان جلم کردووەتە بەری. ئێوە پێتانوایە دوای ئەوە چی

ڕوویدا، ئەی خەڵکانی شەریف؟ لە ماوەی دوو ڕۆژدا جلەکانی شڕ و وڕ کردن و ئێستاکەش ئەمە جلی هەموو شوێنێکیەتی. دەستئەنقەست ئەم کارەی کردووە، درۆ ناکەم، بە چاوی خۆم دیومە. گوتی: ((جلی موسیلینم ناوێ، پۆشاکێکی کەتانیم دەوێت!)) ئیدی منیش چاوم پەڕییە تەوقی سەرم و بۆ ئەوەی قینی دڵمی بەسەردا خاڵی بکەمەوە، ئەوەندەم لێیدا کە ناچار بووم دکتۆر بێنمە بان سەری و هەق دەستی ئەویشم هاتە مل. ئەم حەشەرە پۆخڵە ئیشێکی کردبوو کە هەق بوو بیخنکێنم، بەس لەجێی ئەوە بۆ ماوەی یەك حەفتە شیرخواردنەوەم لێی قەدەغە کرد. هەروەها بۆ تەمبێکردنیشی ڕامسپارد هەموو ژوورەکان بشواتەوە، وادەزانن ئەم گلاراوییە بە گوێی کردووم! بۆ شۆردنەوەی ژوورەکان گیا نمی دەرهێنا. گوتم بێگومان بەیانی دەیکات. دوێنێش لە چاوتروکانێکدا دیاری نەما. خۆتان بیستتان، ئەی خەڵکانی میهرەبان، کە دوێنێ چەندەم لێدا؟ دەستەکانم کەوتبوونە ژان. گۆرەوی و پێڵاوەکانیم لێ سەندەوە، لەبەرخۆوە گوتم بە پێی پەتی ناچێتە هیچ جێیەك، جا ئەوڕۆکە ئەم پێڵاوانەی لە پێ کردوون. بۆ کوێ چووبوویت؟ قسە بکە، بۆ لای کێ چووبوویت، نارەسەن، چ داوێکت بۆ چنیوم!؟ قسە بکە، قەرەج، قسە بکە!

پاشان هەڵچوو و هەڵمەتی بردە سەر کچەکە، چنگی بە قژیدا کرد و فڕێیدایە سەر عاردی. گۆزە گڵییەکەی دەستی کچەکە کەوتە سەر زەوی و شکا. ئەمەیش هەر بە تەواوی ژنە سەرخۆش و دەم هەراشەکەی هار کرد. بە لەقە و مشتەکۆڵە سەر و چاوی کچەکەی کوتی، بەس ئێلنا سەرسەختانە نقەی لە خۆی بڕی بوو، لەژێر ئەو هەموو لەقە و مشتەکۆڵەیەدا نە دەنگێك، نە هاوارێك، نە ئاه و ناڵەیەکی لێوە دەبیسترا. من لە تووڕەییاندا ئاگام لەخۆم نەمابوو و یەکسەر پڕتاوێکم بۆ نێو حەوشەکە کرد و ڕاستە و ڕاست بۆ ژنەی سەرخۆش چووم.

دەستیم گرت و بەسەریمدا قیڕاند: ئەوە چی دەکەیت؟ چۆن دەوێریت وا لە منداڵە هەتیوێکی لێقەوماو بکەیت؟

ژنەی دەمهار ئێلنای بەڕەڵا کرد، دەستەکانی خستنە سەر کەمەری و بە هاوارەوە گوتی: چی؟ تۆ کێیت؟ لە ماڵی مندا چی دەکەیت؟

منیش هاوارم کرد: ئێوە مرۆڤێکی بێبەزەیین. چۆن دەوێرن ئاوها لەم منداڵە هەتیوە بدەن؟ دەزانم کە کچتان نییە: ئەمە کچۆڵەیەکی هەتیوی لێقەوماوە، گوێم لێبوو کە خۆتان گوتتان ئەوتان هێناوەتە لای خۆتان و بەخێوی دەکەن.

ژنەی دەمپیس دەستی کردە هاتوهاوار: تۆ لە کام کونەوە هاتوویتە دەرێ؟ لەوانەیە لەگەڵ ئەو هاتبیت؟ زۆر باشە، هەر ئێستە دەچم بۆ پۆلیسخانە! ئەوان حسێبی یەکێك لە نەجیبزادەکانم بۆ دەکەن. یانی ئەو لە ماڵی تۆ بووە؟ تۆ کێیت؟ دەتەوێ لە ماڵی خەڵکیدا ئاژاوە بنێیتەوە. یارمەتی!

بە مشتی نوقاوەوە هەڵمەتی بۆ هێنام. بەس لەم کاتەدا دەنگێکی جگەربڕ و نائینسانی هاتە گوێ. لام کردەوە و ڕوانیم. ئێلنا بوو، دەتگوت هیچ هەستێکی نەماوە و بەدەم هاوارێکی نائاسایی و ترسناکەوە کەوتە سەر زەوی و بە بارێکی گرژ بووانەوە دەستی بە پەلەقاژە کرد. ڕووخساری چرچ و لۆچ ببوو. تووشی هەڵمەتی فێ ببوو. کچەی قژ شەمزاو و ئەو ژنەیش کە لە خوارتریەوە بوو، ئێلنایان لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و لەگەڵ خۆیاندا بردیان.

ژنەی چەتوون بە دەنگێکی جاڕزکەرەوە گوتی: ((خۆزگە ئەم نەفرەتییە مردار دەبۆوە. لە ماوەی مانگێکدا ئەوە سێیەمین جاریەتی کە فێی پێ دێ.)) دیسان هەڵمەتی بۆ هێنامەوە و هاواری کرد: ((بچۆ دەرێ، جاسووس!)) جا پاشان ڕووی کردە قاپچی و گوتی:

- تۆ بۆچی لە جێی خۆت وشك بوویتە و هیچ ناکەیت. ئەی من بۆ خۆشی پارەت دەدەمێ؟

قاپچی بۆ ڕوواڵەت پارێزی، ڕووی کردە من و بە دەنگێکی هێواش و نەرمەوە گوتی:

- یەڵا، بۆ دەرێ، حەز دەکەیت حاڵیت بکەم؟ خۆت لە کاری خەڵکیدا هەڵمەقورتێنە. دەی ونبە.

هیچم لەدەست نەدەهات، چوومە دەرێ و لەوە دڵنیا بووم کە خۆهەڵقورتاندنەکەم هیچ سوودێکی نەبووە، بەس لە ڕقاندا پێچم دەدایە خۆم. لەسەر پیادەڕێی تەنیشت دەرگەکە ڕاوەستام و لە پەنجەرە بچووکەکەوە سەیرێکی حەوشەکەم کرد. لەگەڵ چوونە دەرەوەی مندا ژنەی مەست پەلەپەل بە پلیکانەکاندا چووە سەرێ و قاپچیش کە ئیدی ئەرکی خۆی جێبەجێ کردبوو، بەدەم ئیش و کاری خۆیەوە چوو. ساتێك دواتریش ئەو ژنەی کە یارمەتیی ئێلنای دابوو، گورج و گۆڵانە بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ و بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو. کە چاوی بە من کەوت، ڕاوەستا و بە کونجکۆڵییەوە لێم نز بووەوە. ڕووخسارە هێمن و لەسەرخۆکەی ئارامیی پێ بەخشیم. بەدوایدا چوومە حەوشەکە و پێم گوت:

- مۆڵەتم بدەن لێتان بپرسم کە ئەم کچۆڵەیە کێیە و بۆچی ئەم ژنە دەم سپیە ئەم نەهامەتیانەی بەسەردا دەهێنێت؟ تکا دەکەم پێتان وا نەبێ کە من تەنیا لە کونجکۆڵیاندا ئەم پرسیارە دەکەم. پێشتر من دیدەنیی ئەم منداڵەم کردووە و مەسەلەیەك وای کردووە کە زۆر دەربەستی بم.

ژنەکە وەك ئەوەی کە بەداخ بێت بۆ ئەم بابەتە، لەگەڵ ئەوەی کە جووڵەیەکی کرد هەتا لە من دوور بکەوێتەوە، گوتی:

- گەر هەر بەڕاستی دەربەستی ئەویت، ئەوا باشتر وایە کە بیبەیتە لای خۆت یان جێیەکی دیکەی بۆ بدۆزیتەوە هەتا لێرانەدا نەفەوتێت.

- بەس گەر زانیارییەکم لەبارەی ئەوەوە نەدەنێ، ئەوا من چیم لەدەست دێت؟ خۆ پێتانم گوت، من هیچ شتێکی لەبارەوە نازانم. بێگومان هەر ئەم خاتوو بۆبنۆڤایە سەرپەشتیی دەکا، وانییە؟

- وایە، ڕاستە.

- بەس چۆن ئەم کچۆڵەیە کەوتووتە ژێر چنگی ئەو؟ دایکی لێرانە مردووە؟

- هەرچۆنێك بێت جارێ لێرەیە... پەیوەندیشی بە ئێمەوە نییە. پێشتر دەیویست لێرە ڕابکات.

- تکا دەکەم چاکەی خۆتان بنوێنن: خۆ پێم گوتن کە من زۆر دەربەستی ئەوم. ئەو منداڵی کێیە؟ دایکی کێ بووە؟ ئەمانە دەزانن؟

- دایکی وابزانم خەڵکی جێیەکی دی بووە. لە ژێرزەمینێکدا دەژیاو تووشی نەخۆشییەکی کوشندە ببوو. نەخۆشیی سیلی هەبوو و هەر بەم نەخۆشیەوەش مرد.

- مادام لە ژێرزەمیندا ژیاوە، دەبێت زۆر نەدار بووبێت؟

- جەخار، کلۆڵی وا! مرۆڤ کە چاوی پێی دەکەوت دڵی دەبووە کەباب! ئێمەیش بە دژواری ژیانمان دەگوزەرێنین، بەڵێ، دوای ئەو پێنج مانگەی کە لێرە ژیا، شەش ڕۆبڵی ئێمە قەرزار بوو. ئێمە بەخاکمان سپارد. مێردەکەم کفن و دفنی کرد.

ئەی بۆچی ئەم بۆبنۆڤایە دەڵێ بە پارەی خۆی ئەوی بەخاکسپاردووە؟

- ئێتر ئەمە قسەی مفتە، ئەو لەو جۆرە کارانەی لێ ناوەشێتەوە.

- دایکی ناوی چی بوو؟

- ناتوانم ناوی گۆ بکەم، کاکە گیان، نایەتە سەر زمانم، وابزانم ئەڵمانی بوو.

- ناوی ئەسمیت نەبوو؟

- نا، وەها ناوێك نەبوو، جا پاشان ئەم ئانا تریفۆڤنایە گوایە لەبەر ئەوە ئەم کچە چارەڕەشەی بردە لای خۆی هەتا بەخێوی بکات، بەس ژیان لەگەڵ ئەو کارێکی گەلێك سەختە...

- بێگومان لەبەر هۆکارێکی تایبەت ئەو بەرپرسیاریەتییەی لە ئەستۆ گرتووە...

ژنەی میهرەبان بە شێوازێکی نیشاندەری دوودڵییەوە، وەك ئەوەی کە لە گوتنی شتێك دوودڵ بێت، گوتی: ئیشەکانی سەیر و گوماناوین، هەڵبەتە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك خۆمان لە کاروباری ئەودا هەڵناقورتێنین...

دەنگێکی پیاوانە لە پشتمانەوە گوتی: ((تۆیش واباشە کەمێك زمانی خۆت بگریت!))

پیاوێکی بەتەمەن بوو، جلی ماڵەوەی پۆشی بوو و کۆتێکی درێژیشی بەسەریاندا لەبەر کردبوو، قیافەی لە شارنشین یان کاسبکاران دەچوو: مێردی ئەو ژنە بوو کە لەگەڵ مندا قسەی دەکرد.

بە مرومۆنییەوە سەیرێکی منی کرد و گوتی: ((هێی بەڕێز، ئێمە هیچ قسەیەکمان نییە کە بۆتی بکەین.)) پاشان ڕوو بە ژنەکەی گوتی تۆیش بچۆ ژووری. ماڵئاوا بەڕێز، ئێمە تابووتسازین. گەر شتێکت پێویست بوو کە پەیوەندیی بە کارەکەی ئێمەوە هەبوو، ئەوا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئەنجامی دەدەین... بەس بەدەر لەمە، نامەوێ هیچ سەروکارییەکت لەگەڵ ئێمەدا هەبێت...

من بە دوودڵی و پەرێشانییەکی زۆرەوە لەو ماڵە هاتمە دەرێ. هیچ کارێکم لەدەست نەدەهات، بەس زۆر لەوە ناڕەحەت بووم کە کچەکە بەو دۆخە نالەبارەوە جێ دەهێڵم. هەندێك لە قسەکانی ژنەی تابووتساز ئارامییان لەبەر بڕی بووم: کەوتبوومە گومانەوە و سۆسەی ئەوەم دەکرد کە مەسەلەیەکی گڵاو لە ئارادایە.

لە فکرا ڕۆچوو بووم و بە سەرێکی کزکردووەوە ڕێم دەکرد، لە پڕ کەسێك بە ناوی بنەماڵەکەمەوە بانگی کردم. سەرم بڵند کرد، پیاوێکی سەرخۆشم بەرچاو کەوت کە لەتری دەدا، تا ڕادەیەك جلەکانی ڕێکوپێك بوون، بەس کەواکەی بەری چڵکن بوو. کڵاوێکی جوانی لەسەر بوو و بە غەواران نەدەچوو و ئاشنا دەهاتە بەرچاو. چاوێکی لێ داگرتم و بزەیەکی گاڵتەچییانەی بەدەمەوە کردم.

- نامناسیتەوە؟

لەپڕ ئەوم ناسییەوە، یەکێك لەو هاوپۆلانەی ئامادەییم بوو کەپێکەوە لە شارستاندا دەمانخوێند. بە سەرسامییەوە گوتم: ((ئاە! ئەوە تۆیت ماسلۆبیف، ئای لەم دیدارە چاوەڕوان نەکراوە!))

- بەڵێ! شەش حەوتساڵێك دەبێت کە یەکدیمان نەدیوە، یانی تووشی یەکدی بووینە، بەس جەنابی بەرز و بەڕێزتان خۆی لە من نەگەیاندووە. چونکە تۆ جەنەڕاڵێکی دونیای ئەدەبیاتیت!...

بەدەم دەربڕینی ئەم قسانەوە بزەیەکی گاڵتەجاڕانەی بۆ کردم.

- بیبڕەوە، برالە، قسەی بێسەروبەر دەکەیت. بەر لە هەموو شتێك جەنەڕاڵەکان، تەنانەت لە دونیای ئەدەبیاتیشدا وەك من نین، دوای ئەوەش مۆڵەتم بدەریّ هەتا پێت بڵێم کە زۆر بەباشی لە بیرمە دوو سێ جارێك لە کۆڵاندا تووشت هاتووم و ئەوە تۆ بوویت کە بە ئاشکرا خۆت لە من دەدزییەوە، وەختێك کە دەبینم کەسێك خۆی لە من ناگەیەنێ، خۆ بەدوایدا ڕاناکەم. ئێستەش دەزانیت بۆچوونم چیە؟ پێموایە گەر مەست نەبوو بایت، ئەوا لەم ساتەشدا بانگت نەدەکردم. وا نییە؟ باشە، سڵاو، زۆر خۆشحاڵم کە دەتبینمەوە.

- بەڕاست؟ ئاخر نامەوێ بە سەروشکڵی شێواوم ئاوڕووت ببەم... شێواو؟ باشە، پرسیاری پێ ناوێ، گرنگ نییە. باشم لە بیرە کە تۆ کوڕێکی بچووکی نەرم و نیان بوویت، ڤانیای برام. بیرت دێت کە لە باتی من قامچی کاری کرایت؟ تۆ هیچت نەگوت، منت ئاشکرا نەکرد، جا منیش لەجێی سوپاس، یەك حەفتەی ڕەبەق گاڵتەم پێ کردیت. مرۆڤێکی چەندە دڵپاکیت. سڵاو، دڵپاکەکەی من، سڵاو (یەکدیمان ماچ کرد.) ساڵانێکی زۆرە کە شەو و ڕۆژ، بە تەنیا لە هەوڵ و تەقالا دام و ڕۆژەکان بەسەر دەبەم، بەس ڕابردووم بیر ناچێتەوە. ئەی تۆ، تۆ چی؟

- باشە، منیش بە تاق و تەنیا لەگەڵ ڕۆژگار دەجەنگێم.

ئەوەندەی خواردبووەوە چاوانی سۆماییان نەمابوو و بە نیگایەکی کزەوە لێم ڕامابوو. ئەو لە دڵدا کوڕێکی ئێجگار باش بوو.

سەرەنجام بە شێوازێکی خەمگینانە گوتی: ((نا، ڤانیا، تۆ جۆرە مرۆڤێکی دیکەیت، کتێبەکەتم خوێندەوە، ڤانیا، دەزانیت... بەس گوێبگرە. با ڕێك و ڕاست قسەت لەگەڵ بکەم! پەلەتە؟))

- بەڵێ، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە پەلەمە، لەم ڕۆژانەدا بە بۆنەی هەندێك ڕووداوەوە زۆر سەرقاڵم. بڵێ، بزانم، ماڵت لە کوێیە؟ ئاوها باشترە.

- پێت دەڵێم لە کوێیە، بەس گرنگ نییە، وا باشتر نییە کە هەندێك شتی گرنگت بۆ باس بکەم؟

- چ شتێك؟

- باشە، دەبینیت؟

ئاماژەی بۆ تابلۆی فرۆشگەیەك کرد کە دە هەنگاوێك لێمانەوە دوور بوو. ((دەبینیت: شیرینی و ڕێستۆرانت، بەس جێگەیەکی زۆر باشە. لە منەوە بیبیستە،شوێنێکی گونجاو و باشە. بەس خواردنەوەکانی هیچیان لەبارەوە ناوترێ! دەمێکە من لە خواردنەوەکانی ئەوان دەخۆمەوە، ئاشنامن، لەم ڕێستۆرانتەدا کەس زاتی ئەوەی نییە خواردنەوەی خراپ بە من بدات. باش *فیلیپ فیلیپۆڤیچ* دەناسن. ئاخر من ناوم فیلیپ فیلیپۆڤیچە! چی؟ ڕووت تاڵ دەکەیت؟ لێگەڕێ با قسەکانم تەواو بکەم. ئێستە سەیری کاتژمێرم کرد، یازدە و چارەگە، ڕێك هەتا بیستوپێنج خولەکی نەمێنێ بۆ دوازدە لێناگەڕێم بچیت بەدەم ئیشتەوە. لەم ماوەیەدا بۆ خۆمان کەمێك دەمەتەقێ دەکەین. بیست خولەك لەکاتی خۆت بۆ دۆستی دێرینت تەرخان بکە، باشە؟

- گەر تەنیا بیست خولەك بێت، لاریم نییە، چونکە زۆر ئیشم هەیە، هاوڕێی ئازیز، سوێند دەخۆم...

- باشە... باش، تەنیا با لە سەرەتاوە شتێك بڵێم: ڕووخسارت هاوار دەکات کە هەندێك کێشە لە ژیانتدا هەیە، وا نییە؟

- ڕاستە.

- باشی بۆ چووم. هەنووکە براکەم، بە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دەموچاوی خەڵکییەوە سەرقاڵم، ئەمەش وەك هەر ئیشێکی دی، ئیشێکە بۆ خۆی! وەلێ با بچینە سەر باسەکەی خۆمان. لە ماوەی بیست خولەکدا دەتوانم سەماوەرێك چا و یەك دونیا خواردنەوەی دیکە بخۆمەوە، ئەوجا بەخۆشم دەتوانم هەندێك خواردنەوەی دیکە دروست بکەم. هەمیشە خەریکی خواردنەوەم، براله! تەنیا لە ڕۆژانی جەژن و بەر لە نوێژی شەو ناخۆمەوە. بەس تۆ مەشروبخۆر نییت. تۆ بۆ من مایەی دڵخۆشییت، بەس گەر تۆیش بخۆیتەوە ئەوا گەورەیی و بەخشندەیی و دڵباشیی خۆت دەنوێنیت! باشە، ئێستە با کەمێك دەمەتەقێ بکەین، ئێمە دە ساڵە یەکدیمان نەدیوە و ئاساییشە کە دوای ئەم هەموو کاتە هەریەکەمان بە ڕێگەیەکدا چووبێت، هیچ گلەییەکم لێت نییە، ڤانیای برام!

- ئەوەندە چەنەبازی مەکە با زووتر بگەینەجێ. بیست خولەك کاتت دەدەمێ و ئیدی دوای ئەوە دەستم لێ هەڵگرە.

گەیشتینە ڕێستۆرانەکە و لەڕێی پلیکانێکی تەختەیی پێچاوپێچەوە بەرەو نهۆمی سەرێ بەڕێکەوتین. کتوپڕ لە ڕێگەدا تووشی دوو کەسی بەدمەست بووین. کە چاویان بە ئێمە کەوت، بە لەترادانەوە خۆیان لادا.

یەکێکیان پیاوێکی لاوی تازە سمێڵ کردوو بوو، سیمایەکی تەواو گەمژانەی هەبوو. جلەکانی بەری زۆر شیك و جوان دورا بوون، بەس هێندە گاڵتەجاڕانە بوون لەبەریدا، کە هەر دەتگوت لە کەسێکی دیکەی وەرگرتوون و لەبەری کردوون. چەند ئەنگوستیلەیەك لە قامکەکانیدا بوون و هەروەها بۆینباخێکی گرانبایی‌شی بەستبوو. قژی بە شێوەیەکی ئێجگار گەپجاڕانە داهێنابوو و بەشێکیان وەك پۆپکە بەسەر تەوێڵییەوە بوون. هەر پێدەکەنی و قەشمەریی دەکرد. هاوڕێکەی تەمەنی پەنجا ساڵێك دەبوو: جلێکی ناڕێکی لەبەر کردبوو و کابرایەکی قەڵە و ورگ زل بوو. ئەویش بۆینباخێکی گەورەی بەستبوو و سەری ڕووتابووەوە، شل و شێواو و مەست، تەوێڵی پڕ لە چرچ و لۆچ و هەروەها عەینەکێکیشی خستبووە سەر لووتی کە شیشەکانی لە شێوەی قۆپچەدا بوون. ڕووخساری بەدفەڕ و ناپاکیی پێوە دەباری. چاوە بەدگومان و شەڕانییەکانی بە ڕووخسارە گۆشتنەکەیدا ڕۆچووبوون، دەتگوت لە بەینی دوو درزەوە سەیری دەرێ دەکات. پێدەچوو هاوڕێکەی من و ئەو یەکدی بناسن، بەس پیاوە ورگ زلەکە بە بینینی ئێمە بۆ ساتێك دەمولووتی دا بەیەکدا و بارێکی ناڕازییانە بە ڕووخساریەوە دەرکەوت و دەمودەست خۆی لادا، پیاوە لاوەکەش خەندەیەکی بێهێزانە و بەندە ئاسای هاتێ. تەنانەت کڵاوەکەی بان سەریشی داگرت. سەیرێکی سۆزدارانەی هاوڕێکەمی کرد و بە دەربڕینێکی بڕگە بڕگەوە گوتی:

- داوای لێبوردن دەکەم فیلیپ فیلیپۆڤیچ.

- بۆچی؟

- چونکە... (لێدانێکی بەسەر سنگیدا کێشا) *میرۆشکا* لەوێیە. مرۆڤێکی چەپەڵە، فیلیپ فیلیپۆڤیچ، هەمووان ئەمە دەزانن.

- مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

- ئاخر... ئەو... (بە سەر ئاماژەیەکی بۆ پیاوە ورگ زلەکەی تەنیشتی کرد) هەر لەم حەفتەی ڕابردووە دا، لەگەڵ کەسانێکی دیکە، خامەیان بە سەروچاویدا ماڵی... هە، هە...

پیاوە ورگ زلەکە تووڕە بوو و بە ئەنیشك دانەیەکی لێدا.

- دەبێ لەگەڵمان بێیت، فیلیپ فیلیپۆڤیچ، لەوانەیە پێکەوە یەك دوو بتڵێك بخۆینەوە.

فیلیپ وەڵامی دایەوە: ((نا، هاوڕێی ئازیز، ئێستە کاتم نییە. دەبێت بچم بە دەم کاری خۆمەوە.))

- هە، هە، هەروەها منیش، کاری زۆرم هەیە...

پیاوەی ورگزل دیسان بە ئەنیشك دانەیەکی دیی پێدا کێشا.

- باشە، بۆ دوایی، بۆ دوایی...

فیلیپ هەوڵی دەدا لێیان نەڕوانێ، بەس هەرکە خۆمان بە یەکەمین ژووردا کرد کە پێشخوانێکی تا ڕادەیەدەك پاك و خاوێن و لە سەر بۆ سەرەوە درێژی لێ بوو و بە جۆرەها خواردن و خواردنەوە ڕازابووەوە، دەمودەست فیلیپ منی بردە کەنارێکەوە و گوتی:

- پیاوە لاوەکەیان کوڕی یەکێك لە دانەوێڵەفرۆشە ئێجگار ناودارەکانە. دوای مردنی باوکی نیو ملیۆن میراتی پێ بڕا و ئێستاکە ئەوا بەو پارانە خەریکی ڕابواردنە. گەشتێکی بەرەو پاریس کردووە و بە ڕاست و چەپدا پارەی پەخشان و تەخشان کردووە، ڕەنگە هەموو ئەو میراتەی کە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە هەمووی بە با کردبێت، پاشانیش میراتێکی دیکەی لەلایەن مامییەوە بۆ ماوەتەوە و هەر بەو مەبەستەش لە پاریسەوە گەڕاوەتەوە. ئێستەش خەریکی خەرجکردنی ئەو پارانەیە. بە مەزەندە تا یەك ساڵی دی عانەیەکی لە بەرکیدا نامێنێ. گەمژەیەکی بێ وێنەیە. لە ڕاقیترین دیسکۆ و ڕێستۆرانەکاندا ڕادەبوێرێ. داوای پێشکەش کردووە و بەتەمایە پەیوەندی بە ڕیزی هێزی سوارەوە بکات. پیاوە ورگ زلەکەیش ناوی *ئارشیپۆف* ـە، بە جۆرێك لە جۆرەکان بازرگان یان بەردەستە. بەدگەوهەر و کلاوچییە و سەروکاریی هەندێك ڕەز دەکات و ئێستایش بووەتە هاوڕێی گیانی بە گیانیی ئەم گەنجە گەمژەیە. هەم *فالستاف* ـە و هەم *یەهودا*، دووجار مایەپووچ بووە، داوێنتەڕێکی زۆر چەپەڵیشە،هەندێك عەیب و عاری دیکەشی هەیە. دەزانم کە دەستی لە کردەوەی تاوانبارانەشدا هەیە، بەس توانیویەتی خۆی قوتار بکات. لەلایەکەوە زۆرم پێ خۆشە کە لێرانەدا تووشی ئەو هاتم، چاوەڕێی بووم... هەڵبەتە ئارشیپۆف کلاو دەکاتە سەری پیاوە لاوەکە، ئەو شوێنی زۆر پێدەزانێت، جا هەر لەبەر ئەوەش لای کوڕە لاو و کەم ئەزموونەکان بە هاوڕێییەکی باش دادەنرێت. ڕقێکی کۆنم بەرانبەر بەو لە دڵدایە. میرۆشکا، ئەو پیاوەی کە باڵا پۆشێکی دێهاتیی لەبەرە و سەروسیمای کۆچەرەکانی هەیە و لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتووە، ئەویش وردە حسێبێکی لەگەڵ ئەم پیاوەدا هەیە. میرۆشکا ماڵات فرۆشە و لەگەڵ پیاوانی هێزی سوارەی شاردا ئاشناییی هەیە. دەمەوێت شتێك بە تۆ بڵێم. مرۆڤێکی ئەوەندە تەڵەکەبازە کە دەتوانێت بە بەرچاوتەوە ئەسکەناسی ساختە چاپ بکات و تۆیش دەمودەست بە ئەسکەناسە ڕاستەقینەکانی خۆت ئاڵوگۆڕی لەگەڵ بکەیت، گەرچی ئەو بە بەرچاویشتەوە ئەم کارەی کردووە. بەو پاڵتۆ مەخمەڵییەیەوە هەر لە *ئەسلاوێك* دەچێت (بەس من پێموایە ئەم سەروسیمایەی لێ دێت، ئێستە جلی قەشەکانی لەبەر بکە، جا بیبە بۆ یانەیەکی ئینگلیزی و بەوان بڵێ ئەمە شازادەیەکی سەر بە بنەماڵەی *بارابانف*ـە، بڕوات هەبێت لە دەستی دێت بۆ ماوەی دوو کاتژمێرێك هەموویان بخەڵەتێنێ، وەك شازادەیەك بدوێ، بچووکترین گومانیشی لێ ناکەن، مەمکەمژە لە دەمی هەموویان دەنێت). بەم

پێیە میرۆشکا وردە حسێبێکی لەگەڵ پیاوە ورگ زلەکەدا هەیە، چونکە پێشتر کوڕە لاوەکە هاوڕێیەکی نزیکی ئەو بووە و پیاوە ورگزلەکەش لە چاوتروکانێکدا لەخشتەی بردووە و لەمی کردوە. ئێستاکەش لەم ڕێستۆرانەدا تووشی یەکدی هاتوون، دەبێت لە بەینیاندا شتێك ڕوویدابێت. تەنانەت دەزانم چی ڕوویداوە و دەشتوانم سۆسەی ئەوە بکەم کە هەر میرۆشکا بووە ئەو هەواڵەی پێ ڕاگەیاندووم کە ئارشیپوف و کوڕە لاوەکە لێرەن، نیازی ئەنجامدانی کاری خراپیان هەیە و هەر بەو مەبەستەوەش بەم ناوەدا دەسوڕێنەوە. دەمەوێ ڕقی میرۆشکا بەرانبەر بە ئارشیپوف لە بەرژەوەندیی خۆمدا بەکاربێنم، هەر لەبەر ئەمەش هاتوومەتە ئێرە، بەس نامەوێ میرۆشکا بە مەسەلەکە بزانێت. ئەو وەختەی کە دەمانەوێت لێرانە بچینە دەرێ، میرۆشکا بەخۆی دوامان دەکەوێت و ئەوەی کە پێویستە بیزانم خۆی پێم دەڵێت... با ئێستە بچینە ئەم ژوورە، ڤانیا.

پاشان ڕوو بە پێشخزمەتی ڕێستۆرانەکە گوتی: (( *هێی ئستفان*: خۆت دەزانیت کە من چیم دەوێ. ))

- بەڵێ بەڕێز.

- ئێستە بۆمان دەهێنیت؟

- بێگومان بەڕێز.

- باشە. دانیشە ڤانیا. بۆچی ئاوها لێم دەڕوانیت؟ ئاخر دەبینم چاوت لێ بڕیوم. سەرسامیت؟ ئاساییە. دەشێ مرۆڤ هەموو ڕووداوێکی بێتە ڕێ، تەنانەت هەندێك ڕووداویش کە بە خەونیش نەیدیون. جا بە تایبەت لە ڕۆژانێکدا کە... باشە، هەردووکمان هەر منجە منج دەکەین. باشە ڤانیا، بابەتێك هەیە کە دەبێت تۆ باوەڕی پێ بکەیت: هەرچەندە فیلیپ لە ڕاستەڕێیش لای دابێت، ئەوا دڵی هەروەکو خۆی ماوەتەوە، تەنیا هەلومەرجەکان گۆڕاون. بۆ نموونە گەر لە کاری پیسەوە گلابم، ئەوا هێشتا هەر لە مرۆڤەکانی دی چەپەڵتر نیم. سەرەتا دەمویست ببمە پزیشك، پاشان خۆم بە ئەدەبیاتی ڕووسییەوە خەریك کرد، تەنانەت وتارێکیشم لەسەر گۆگۆڵ نووسی. پاشان بڕیارم دا شوێن ئاڵتوون بکەوم، ئەوەندەی نەمابوو زەماوەند بکەم، چونکە هەموو کەسێك حەز بە ژیانێکی خۆش و شیرین دەکات. گەرچی مشك لە ماڵەکەمدا برسی بوو، بەس «ئەو» قایل بوو. دەمتوانی جووتێك پێڵاوی تازە بە ئەمانەت وەربگرم و بەشداریی ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەم بکەم، ئاخر پێڵاوەکانی خۆم ساڵ و نیوێك دەبوو کە ئیدی شڕ و کوون کوون ببوون، بەس... هاوسەرگیریم نەکرد. ئەو کچە شووی بە بەڕێوەبەرێك کرد و منیش زۆر بە ئاساییم وەرگرت و لە فەرمانگەیەکدا خۆم بە کارێکەوە سەرقاڵ کرد. دوای ئەوەش بەسەرهاتێکی دی هاتە ئارا. دوای ئەوە ئیدی ساڵان تێپەڕین و ئەوەتا ئێستەش وەك دەبینیت بێکارم، بەس بێ ئەوەی خۆم ماندوو بکەم پارە بەدەست دەهێنم، بەرتیل دەدەم بە هیچ شێوەیەکیش هەست بە پەشیمانی ناکەم. لەگەڵ دزا شەریکم و هاوڕێی قاڧڵەشم! ڕێبازێکی تایبەت بە خۆمم هەیە: بۆ نموونە دەزانم کە چەپڵە بە یەك دەست لێ نادرێت و... خەریکی کاری خۆمم. بە تایبەت لە هەندێك کاری نافەرمیدا چالاکیم هەیە... حاڵی دەبیت؟

- خۆ جاسووس نییت؟

- نا، ئەم کارە ناکەم، بەس بە هەندێك کارەوە سەرقاڵم کە بەشێکیان فەرمین و بەشێکیشیان بە تایبەت بۆ خۆمیان دەکەم. دەبینیت، ڤانیا: ڕاستە کە دەخۆمەوە، بەس هۆشم لەدەست نادەم، پێشبینیی داهاتوو دەکەم. وەختی من تێپەڕیوە. بەس دەمەوێ شتێك بە تۆ بڵێم: گەر تایبە تمەندییە ئینسانییەکانم لە دەست بدابا، ئەوا بەدواتدا نەدەگەڕام و بانگم نەدەکردیت. تۆ ڕاست دەکەیت، پێشتریش چاوم پێت کەوتووە، دەمێکە بەتەمام قسەت لەگەڵ بکەم، بەس زاتم نەکردووە و هەمیشە بۆ کاتێکی دیم دواخستووە. لە تۆ عاجز نیم. تۆ هەقتە کە دەڵێیت من بۆیە بانگتم کردووە و ویستوومە بتدوێنم چونکە سەرخۆشم. با واز لە قسەی بێمانا بهێنین و ئیدی لەبارەی منەوە نەدوێین. وا باشە قسە لەسەر تۆ بکەین. باشە، هاوڕێکەم، کتێبەکەتم لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێندەوە. مەبەستم لە یەکەمین کتێبتە. دوای خوێندنەوەی خەریك بوو ببمە مرۆڤێکی ڕێکوپێك. بەس دواتر بیرم کردەوە و وام بە باش زانی کە هەر بەم جۆرە درێژە بە ژیانم بدەم. بەم پێیە...

کاتێکی زۆری بە قسەکردنەوە بەسەربرد. تا زیاتری دەخواردەوە، دڵناسکتر دەبوو، تەنانەت وای لێهات هێندەی نەمابوو بگریێ. فیلیپ هەمیشە کوڕێکی دڵباش بوو، بەس یەکێك بوو لەو مرۆڤە تایبەتانەی کە لەچاو تەمەنیاندا فرە زاناتر دەردەکەون، فێڵباز و تەڵەکەچی بوو، ئاوەکە هەر لە سەرچاوەوە لێڵ بوو! ئەو هەر بە منداڵی و لەسەر مێزەکانی قوتابخانە بە فڕوفێڵ پارەی لە قوتابیان دەکێشایەوە، گەرچی وێڕای ئەمانەش خاوەن دڵێکی پاك بوو، بەس مرۆڤێکی ونرێ و دەست لێشۆردراوە بوو. ئەم جۆرە مرۆڤانە لەنێو ڕووسەکاندا ژمارەیان زۆرە. زۆربەشیان گەلەك لێهاتوون: بەس بە تەواوی سەریان لێ دەشێوێ، بەتایبەت بە بۆنەی لاوازییان لە بەرانبەر هەندێك کاردا، بۆی هەیە بە پێچەوانەی ویستی ویژدانییانەوە بجووڵێنەوە و بەم پێیەش ڕۆژەڕەش دەبن و لە خراپەکارییەوە دەگلێن، تەنانەت بەخۆشیان لە سەرەتاوە دەزانن کە ئەم کارانە بە چ ئاقیبەتێکیان دەگەیەنێت. فیلیپ لەنێو ئەو کارە خراپانەدا، دەستی دابووە مەینۆشی. درێژەی دایە قسەکانی و گوتی: ((با قسەیەکی دیکەش بکەم هاوڕێکەم. بیستوومە کە ناوبانگێکی زۆرت پەیدا کردووە، ئەوجا ڕەخنەگەلێکی زۆرم لەسەر تۆ خوێندووەتەوە (بەڕاستمە، هەموویانم خوێندووەتەوە، لەوانەیە پێتوابێت کە من هیچ ناخوێنمەوە.) و جا ڕۆژێکیشیان بە کۆنە پێڵاوێکی دڕاوی بێ گالۆشەوە لەنێو قوڕاودا بینیمیت، هەروەها کلاوێکی شڕ و وڕیشت بەسەرەوە بوو، جا بە خۆمم گوت ڕەنگە ئێستە خەریکی کاری ڕۆژنامە نووسین بیت، ڕاستە؟))

- بەڵێ.

- یانی بوویت بە قەڵەم فرۆش[1]؟

---

[1]. قەڵەم فرۆش: نووسین بە مەیل و ویستی کەسانی دیکە لە پێناو پارەدا.

- بەڵێ، شتێکی لەم بابەتە.

- هەر بەم بۆنەیەوە براله، پێشنیار دەکەم قومێك بخۆیتەوە. من وەختێك کە مەست دەبم، لەسەر قەنەفەکەم ڕادەکشێم (قەنەفەیەکی سپرینگم هەیە) و جا خەیاڵ هەڵم دەگرێت و لە تۆ وایە کە *دانتی* یان *هۆمەر* یان *فردریك باربروس* م، چونکە لەو کاتانەدا مرۆڤ دەتوانێت هەموو جۆرە خەیاڵێك بکات. بەس تۆ ناتوانیت خۆت بە دانتی یان فردریك باربروس بزانیت، یەکەم لەبەر ئەوەی تۆ دەتەوێ خۆت بیت و دووەمین لەبەر ئەوەی قەڵەم فرۆشیت و بۆت نییە هەموو شتێك بنووسیت. من هێزی خەیاڵکردنم هەیە و تۆ هێزی تێفکرین. ئێستاکە بەبێ خۆ هەڵەکردن گوێ لە قسە بێ پێچوپەناکانی هاوڕێکەت بگرە (گەرنا بۆ ماوەی دە ساڵ عاجزم دەکەیت)، پێویستیت بە پارە هەیە؟ من هەمە. خۆت مۆن مەکە. ئەم پارەیە بگرە و خۆت لە شەڕی خاوەن کارەکەت نەجات بدە، تەوقی نەفرەت لە ملت لابە و بۆ ماوەی ساڵێك بێ کێشە و دڵەڕاوکێ و بە ئاسوودەییەوە بژی. ئەوسا دەشتوانیت شوێن ئەو فکرانە بکەویت کە بەلاتەوە بایەخدارن و دەتەوێت بەرهەمێکی گەورەیان پێ بنووسیت! ها؟ چی دەڵێیت؟

- گوێگرە فیلیپ، سەبارەت بەو پێشنیارە برایانەیەت سوپاسگوزارم، بەس هەنووکە ناتوانم هیچ وەڵامێکت بدەمەوە: بۆچی؟ وەڵامەکەی کاتێکی زیاتری پێویستە. بەڵێنت دەدەمێ کە دواتر وەك برایەك هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە. دیسان سەبارەت بە پێشنیارەکەت سوپاسگوزارم، بەڵێنت دەدەمێ کە زوو زوو سەرت لێ بدەم. ئەوەی ڕاستییێ دەمەوێت هەندێك شتت بۆ باس بکەم و ڕێنماییەکم بکەیت، چونکە دەبینم لە هەندێك کاردا کەس شان لە شانت نادات.

پاشان هەموو بەسەرهاتی ئەسمیت و نەوەکەیم هەر لە شیرینی فرۆشییەکەوە بۆ گێڕایەوە. سەیر ئەوەبوو کە لە کاتی گێڕانەی ئەم بەسەرهاتانە، لە شێوەی سەیرکردنیدا ئەوەم خوێندەوە کە ئاگای لە هەموو شتێکە، جا لەم بارەیەوە پرسیارم لێی کرد.

هاتە وەڵام: ((نا، بێئاگام، هەڵبەتە هەندێك شتم لەبارەی ئەسمیتەوە بیستووە، دەزانم کە پیرەمێردێکە و لەو شیرینی فرۆشییەدا مردووە. بەس لەبارەی ئەم خاتوو بۆبنۆڤایەوە شتی زۆر دەزانم. دوو مانگ لەمەوبەر قۆڵیم لە بنا بڕی. با لە کوێوە هەڵبکات من لەوێوە شەن دەکەم[١]! لەم بارەیەوە لە *مۆلێر* دەچم. گەرچی ئەم جارە تەنیا سەد ڕۆبڵم لێ کێشایەوە، بەس بەڵێنم داوە کە بۆ جاری داهاتوو نەك سەد بەڵکە پێنجسەد ڕۆبڵی لێ بکێشمەوە و کڵاوی لەسەر بنێم. ژنێکی ترسناکە! هەندێك ئاڵوگۆڕی گوماناوی دەکات، جا ئەمە هەر هیچ نییە، جار جار لە ئیشە چەپەڵ و قێزەونەکانیدا هەنگاوی گەورە دەنێت. تکا دەکەم بە *دۆنکیشۆتێك*م مەزانە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من کڵاوچیم و پارەی باشم دەست دەکەوێت و زۆریشم کەیف پێهات کە نیو کاتژمێر لەمەوبەر ئەو کوڕە لاوەمان بینی. جارێ ئەو لەژێر چنگی ئەو ورگزلە دایە و دەزانم چیشی لەژێر سەرە، جا بەم ئەنجامە دەگەم کە... بەس

[١]. با لە کوێوە هەڵکا من لەوێوە شەن دەکەم: بەرژەوەندیم لە کوێ یان لەگەڵ کێ بێت، لەو شوێنە و لای ئەو کەسە کار دەکەم.

دەیخەمەوە ژێر چنگی خۆم! بەوە خۆشحاڵم کە باسی ئەو کچۆڵە داماوەت بۆ کردم. هەنووکە بەدوای کارێکی دیکەوەم. دەزانیت هاوڕێی ئازیز من ئامادەم لە هەموو کارێکی تایبەتیدا دەلالی بکەم، گەر دەزانیت سەروکاریم لەگەڵ چ جۆرە مرۆڤانێکدا هەیە! لەم دواییانە کوڵك و مووشم بۆ شازادەیەك کرد! وردە مەسەلەیەك بوو کە پیاو بە هیچ شێوەیەك بڕوا بەوە ناکات کە وەها مرۆڤێك خۆی تێدا هەڵبقورتێنێ. یان لەوانەیە حەزبکەیت باسی ژنێکی بەمێردت بۆ بکەم؟ سەردانم بکە، براکەم شتی زۆر دەزانم کە دەمەوێ بۆتی باسبکەم و ڕەنگە بڕوایش نەکەیت! ))

قسەکەیم بڕی و پرسیم: ((ناوی ئەم شازادەیە چییە؟))

سۆسەی هەندێك شتم دەکرد.

- ناوی ئەو چ گرنگییەکی بۆ تۆ هەیە؟ وەلێ مادام لەسەری سووریت، باشە، ناوی ڤالکۆڤسکییە.

- پیوتەر ڤالکۆڤسکی؟

-بەڵێ، دەیناسیت؟

هەستامە سەر پێ و گوتم: ((تا ڕادەیەك. با دواتر هەندێك شتت لەبارەی ئەم بەڕێزەوە لێ دەپرسم. پارمەتییەکی زۆر گەورەت دام.))

- دەبینیت هاوڕێی ئازیز، تۆ دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت هەموو پرسیارێکم لێ بکەیت. بەسەرهاتی زۆرم پێیە بۆ گێڕانەوە، بەس نابێت زۆر پێی لێ ڕابکێشم، خۆ لە مەبەستم دەگەیت؟ گەرنا هەموو ئەو ناوبانگ و متمانەیە لەدەست دەدەم کە لە ئیشەکەمدا هەمە.

- یانی تا ئەو جێیەی کە شەرەفت ڕێگەت پێ دەدا، ئەرێ؟

شپرزە بووبووم و ئەویش بەمەی زانی. پرسیم:

- باشە، بۆچوونت چییە سەبارەت بەو بەسەرهاتەی کە بۆتم باسکرد؟ نەگەیشتیتە هیچ ئەنجامێك؟

- بەسەرهاتی تۆ؟ تاوێك سەبرکە: جارێ دەمەوێ بچم پارەی مێزەکەمان حسێب بکەم.

بەرەو لای پێشخوانەکە چوو و بە هەڵکەوت لای ئەو پیاوە ڕاوەستا کە پاڵتۆیەکی دێهاتیی لەبەر بوو و بە شێوەیەکی خۆمانەییانە بە میرۆشکا ناوی دەبرد. وای بۆ چووم کە میرۆشکا ئەو دەناسێ و هەروەها فیلیپپیش زۆر زیاتر لەوە تێکەڵیی لەگەڵ ئەودا هەیە کە لای من دانی پێدانا. لایەنی کەم دیاربوو ئەمە یەکەم جار نییە کە چاویان بە یەکدی دەکەوێ: بە پاڵتۆ ڕووسی و جلە ئاوریشمییە سوورەکەیەوە، بە شێوەی دەموچاوە گەنمڕەنگ و گەنجەکەی و نیگا درەوشاوە و ڕوودارانەکەیەوە کاریگەرییەکی سەیری دەخستە سەر مرۆڤ و هاوکاتیش لێنەدەگەڕا

سەرنجی هیچ کەسێك بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. ئەو بڕوا بەخۆبوونەی کە لە جووڵەکانیدا دەینواند ساختە دەردەکەوت، بەس هاوکات لەو وەختەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و دەیویست وەك دەسەڵات بەدەستێکی جددی و بەرجەستە دەربکەوێت.

فیلیپ پاشان هاتە لای من و گوتی: ((ڤانیا، کاتژمێر هەشت وەرە بۆ لام، لەوانەیە قسەی زۆرم بۆت هەبێت. بەس بە تەنیا، دەزانیت، هۆش و هزرێکی باشم نییە، پێشتر هەمبوو، بەس لەو وەختەوەی کە دەستم داوەتە خواردنەوە نەمماوە، ئیش و کارەکانیشمم وێڵ کردوون. هەڵبەتە هێشتا هەندێك پەیوەندیم هەیە، لێرە و لەوێ هەندێك زانیاریم پێ دەگات، دەزانم دەستی کەسانی فێڵباز بخوێنمەوە، ئەمە شێوازی کارکردنی منە. هەمیشە لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ئەم و ئەودا هەمە، هەندێك کاری گچکە ئەنجام دەدەم... بەتایبەت لە کوڵك و مووش کردندا. بەسە ئیدی هاوڕێ، چەنەبازیی زۆرم کرد... ئەمە ناونیشانی منە: کۆڵانی *شەش دوکان*. ئێستە هاوڕێ، بەرە بەرە خەریکە هێزم لێ دەبڕێ. دەبێت لێوانێك خواردنەوەی دی بکرم و بگەڕێمەوە ماڵێ. نیازمە کەمێك بنووم. کە هاتی بۆ لام بە *ئالێکساندرا سمیۆنۆڤنات* دەناسێنم و گەر کاتیشت هەبوو، قسە لەسەر شعریش دەکەین.))

- لەسەر ئەو بابەتەش؟

- لەوانەیە.

- زۆر باشە، بێگومان دێم.

٦

ئانا لەمێژە چاوەڕێم بوو. ئەو قسانەی کە دوێنێ سەبارەت بە نامەکەی ناتاشا بۆم گێڕابووەوە، گەلەك کونجکۆڵی کردبوو و زۆر زوو، یانی لەنزیك کاتژمێر دەی بەیانییەوە چاوەڕێم بوو. وەختێك کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ گەیشتمە ماڵیان، ئەو داماوە لە چاوەڕوانیاندا گیانی گەیبووە سەر لێوی. وێڕای ئەوەش، نیازی وابوو کە هەموو ئەو هیوا تازانەم لەگەڵدا بخاتە بەر باس کە لە دوێنێوە لە دڵیدا چەکەرەیان کردبوو، هەروەها هەندێك قسەشی لەبارەی نیکۆلاییەوە هەبوو کە: گەرچی لە دوێنێوە بێتاقەت و بێحاڵ بووە، بەس زۆر بە میهرەبانییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەم دا کردووە. کە گەیشتمە لای بە سارد و سڕی و بە سیمایەکی ناشادەوە بەخێرهاتنمی کرد، نقەی لە خۆی بڕی و هیچ کونجۆڵییەکی نیشان نەدا. وەك بڵێی گەرکییەتی پێم بڵێ: ((بۆچی هاتوویت؟ تۆ کاتی باشت بۆ ئەم لا و ئەو لا کردن و سووڕانەوە هەیە، بەس کاتی سەردانکردنی منت نییە.)) لەبەر دواکەوتنەکەم لێم لووتەلا بوو.

بەس من پەلەم بوو و بێ کات بەفیڕۆدان، هەموو دیمەنی ئەو ڕووداوەم بۆ گێڕایەوە کە شەوی دوێنێ لە ماڵی ناتاشادا ڕوویدابوو. ئانا هەرکە گوێبیستی بەسەرهاتی سەردانەکەی شازادە بۆ ماڵی ناتاشا و پێشنیارە فەرمییەکەی بوو، یەکسەرە لە چاوتروکانێکدا لووتەلاییەکەی نەما. دەرەقەت نایێم وەسفی خۆشحاڵییەکەی بکەم: دەتگوت هۆشی بەسەر خۆیەوە نەماوە، خاچی بەسەر سنگییەوە دەکێشا، دەگریا، لەبەردەم کۆتەڵی پیرۆزدا هەتا سەر زەوی دەچەمییەوە، منی ماچ کرد و گەرەکی بوو تا زووە بچێ بۆ لای نیکۆلای و خۆشحاڵییەکەی لەگەڵدا بەش بکات. بە منی گوت:

- تکات لێ دەکەم، هاوڕێی ئازیز، تێکچوونی مەزاج و قەڵسیی ئەو هەموو بە بۆنەی ئەو سووکایەتیانەوەن کە بە ناتاشا کراون، بەس هەرکە بزانێ تەواوی ئەو سووکایەتیانە قەرەبوو کراونەتەوە، ئیدی هەموو شتێك لەبیر دەکات.

بە دونیایەك تکا و ڕجا تا توانم لەم کارەی پاشگەز بکەمەوە. داماوی وا، گەرچی بیستوپێنج ساڵ لەگەڵ نیکۆلایدا ژیابوو، بەس هێشتا بە تەواوی ئەوی نەدەناسی. هەروەها زۆر تامەزرۆی ئەوەبوو کە هەرچی زووتر لەگەڵ من سەردانی ماڵی ناتاشا بکات. پێم گوت کە نیکۆلای نەك هەر بە تەنیا پاڵپشتی لەم ڕەفتارانەی ناکات، بەڵکە لەوانەیە هەموو شتێکیش تێك بدات. زۆری پێچوو هەتا قسەکەمی پەسەند کرد، بەس بە بێهوودە نیو کاتژمێر منی لەوێ ڕاگرت و هەر دووبارەی دەکردەوە: ((ئێستە چۆن دەتوانم ئەم هەموو شادییە لە دڵی خۆمدا گل بدەمەوە و لەنێو ئەم چوار دیوارییەدا بەرگە بگرم؟)) دواجار ڕازیم کرد وازم لێ بهێنێ و ئەوێ بەجێ بهێڵم، وەختێك پێیم گوت ناتاشا بە پەرۆشییەوە چاوەڕێی منە، قایل بوو. چەند جارێك خاچی بۆ کێشام و ڕایسپاردم کە دوعای خێری ئەو بە ناتاشا بگەیێنم. کاتێك کە بە تەواوی ئەوەم ڕەد کردەوە کە ئەگەر ناتاشا ڕووداوێکی تایبەتی هاتبێتە ڕێ، ئەوا شەو بگەڕێمەوە بۆ لای، هێندەی نەمابوو بداتە پرمەی گریان. ئەو ڕۆژە نیکۆلایم نەدیت: تەواوی شەو خەو نەچووبووە چاوی و بەدەست سەرئێشە و لەرزەوە، داد و بێدادی بوو، هەنووکەش لە ژوورەکەیدا خەوتبوو.

ناتاشا هەر لە نیوەڕۆوە چاوەڕێم بوو. وەختێك کە چوومە ژوورێ وەك خووی هەمیشەیی خۆی، دەست لەسەر سنگ لە فکرا ڕۆچوو بوو و بە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. ئێستەش کە خەریکی گێڕانەوەی ئەم باسەم، ئەوم دێتەوە بەرچاو کە بە تەنیا و لەو ژوورە بچووکە شوومەدا، لە فکرا ڕۆچووە و وێڵە، چاوەڕێیە و دەستەکانی وەك خاچ وان بەسەر سنگییەوە و بە ژوورەکەیدا پیاسە دەکات.

ناتاشا بەدەم پیاسەکردنەوە لە منی پرسی بۆچی ئەوەندە درەنگم پێ بووە.

منیش لە کورتیدا ئەو شتانەم بۆ گێڕایەوە کە بۆم هاتبوونە پێش، بەس ئەو هێندە گوێی بە قسەکانی من نەدەدا. بە ڕوونی ئەوەی پێوە دیاربوو کە فکری بە بابەتێکی دیکەوە مەشغوڵە.

لەوم پرسی: هەواڵی تازە چییە؟

وەڵامی دایەوە: ((هیچ))، بەس دەکرا بە سیمایدا هەست بەوە بکەیت کە ڕووداوێکی تازەی بۆ هاتووەتە پێش و چاوەڕێی من بووە هەتا بۆمی بگێڕێتەوە، بەس دەمزانی کە بەپێی خووی هەمیشەیی خۆی دەمودەست بۆم ناگێڕێتەوە، بەڵکە لەو ساتەدا دەکەوێتە سەر هەوای دەردەدڵکردن کە من دەمەوێ بەجێی بهێڵم. ڕەوشی نێوان ئێمە هەمیشە بەم جۆرە بوو. بەم پێیە خۆم بۆ ئەو یارییەی کە دەیویست لەگەڵمدا بیکات، ئامادە کرد و چاوەڕێ مام. هەڵبەتە بە باسی ڕووداوەکەی شەوی ڕابردو سەری قسەمان کردەوە. ئەوەی کە بووە مایەی سەرسامیم ئەوە بوو کە هەردووکمان یەك بۆچوونمان لەسەر شازادە هەبوو. ئەمڕۆ بەراود بە دوێ شەو بۆچوونی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو. لە بارێکدا کە خەریکی شیکردنەوەی هەموو وردەکارییەکانی دیدارەکە بووین، لە پڕێکدا گوتی:

- گوێ بگرە ڤانیا، هەمیشە بەم جۆرە هەڵدەکەوێت: مرۆڤ گەر لە سەرەتاوە کەیفی بە کەسێك نەیێ، ئەوە مانای وایە کە دواجار کەیفی بەو کەسە دێت. لایەنی کەم بۆ من هەمیشە بەم جۆرە بووە.

- خوا بکات بەم جۆرە بێت، ناتاشا. جیا لەمە، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو وردەکارییەکان، بۆچوونی من ئەمەیە: شازادە لەوانەیە خەریکی نواندن بێت و بە درۆوە وای نیشان بدات کە دەیەوێ قەرەبووی سووکایەتی پێکردنەکانی ڕابردووی بکاتەوە، بەس لەوانەشە بە زەماوەندکردنەکەی ئێوە قایل بێت.

ناتاشا لە بارێکدا کە پیاسەی دەکرد، بە بیستنی ئەم قسانە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستا و سەیرێکی تیژ و جددیانەی منی کرد. باری دەموچاوی بە تەواوی گۆڕا بوو، تەنانەت لێوەکانیشی کەمێك کەوتبوونە لەرزین. بە شێوازێکی نادڵنیا و بارێکی دەماربەرزانەوە پرسیی: ((بەس ئەو چۆن دەتوانێت فێڵ بکات و لە ‹‹وەها›› هەلومەرجێکدا درۆ بکات.))

من گورج گوتم: بێگومان، بێگومان!

- بێگومان درۆی نەکردووە. بە بۆچوونی من تەنانەت نابێت بیر لەوەش بکەینەوە. تەنانەت نابێت وای وێنا بکەین کە خەریکی نواندن بووە. دەبێت من چی بم هەتا ئەو بیەوێ پێم ڕابوێرێ؟ پیاو ناتوانێ بەم جۆرە سووکایەتی بە ژنێك بکات.

بە پاڵپشتی لێکردنەوە گوتم: ((هەڵبەتە، هەڵبەتە))، بەس لە دڵا بە خۆمم گوت: (( ئەی بچکۆڵەکەی من تۆ لەم ژوورەدا بەدەم پیاسەکردنەوە تەنیا بیرت لەم بابەتە دەکردەوە، لەوانەشە زیاد لە من گومانت لە قسەکانی شازادە هەبێت.))

- ئای کە چەندم حەز لێیە بەم نزیکانە بگەڕێتەوە. ئارەزووی دەکرد هەموو شەوەکە لەگەڵ مندا بەسەرببات و... بێگومان دەبێ کاری زۆر گرنگی هەبووبێت، بۆیە جێی هێشتین و ڕۆیشت. تۆ دەزانیت مەسەلە چییە، ڤانیا؟ ئایا هیچت لەم بارەیەوە نەبیستووە؟

- ئەی خودای گەورە، نا! ئەو لەدوی بەدەست هێنانی پارەیە.بیستوومە کە دەیەوێ بەشداری لە کارێکی گەورەدا بکات کە لە پترسبورگدا ئەنجام دەدرێ. ناتاشا، من و تۆ سەر لەم کارانە دەرناکەین.

- بێگومان ڕاستە. ئالیۆشا دوێنێ باسی نامەیەکی بۆ دەکردم.

- بێگومان دەبێت هەواڵگەلێکی تازە لە ئارادابن، سەردانی کردوویت؟

- بەڵێ

- سەر لە بەیانی؟

- نا، نیوەڕۆ، ئاخر وەك دەزانیت ئەو هەتا درەنگانێك دەخەوێت. ناردم بۆ لای کاترینا، هەر دەبوو ئەمە بکەم.

- خۆی بەتەما نەبوو بچێ؟

- با، با.

گەرەکی بوو قسەیەکی دیش بکات، بەس بێدەنگ بوو. چاوێکم لێ کرد و دڵم پێی سووتا. سیمایەکی خەمگینی هەبوو. حەزم دەکرد هەندێك پرسیاری دیکەشی لێ بکەم، بەس هەندێك جار حەزی بەوە نەدەکرد بدرێتە بەر پرسیار.

دواجار لە بارێکدا کە لێوەکانی کەمێك هێنابوونەوە یەك و هەوڵی دەدا لێم نەڕوانێ پێمی گوت:

- ئەم کوڕە مرۆڤێکی زۆر سەیرە.

- بۆ؟ هیچی تازە ڕوویداوە؟

- نا، هەروا گوتم... جا ئەمڕۆ زۆر بە نەرم و نیانییەوە لەگەڵم دەجووڵایەوە... تەنیا...

من گوتم: ((خۆ ئێستە هەموو نیگەرانی و خەم و خەفەتێك کۆتایی پێ هاتووە.))

بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە لێم ڕاما. دەتگوت بەتەمایە پێم بڵێ کە ئالیۆشا هەرگیز کەڵکەڵە و نیگەرانیی گەورەی نەبووە، تەنانەت لە ڕابردوویشدا، بەس پێدەچوو لە چاوی مندا ئەو فکرە بخوێنێتەوە. جا لەبەر ئەوە بارێکی زویرانەی وەرگرت.

بەس لە پڕێکدا گۆڕا و خۆش ڕەفتار و میهرەبان بوو. ئیدی ئێستە بە شێوەیەکی تایبەت نەرم و نیان ببوو. زیاد لە کاتژمێرێك لای مامەوە. زۆر نیگەران بوو. لە شازادە ترسابوو. بە هەندێك لە پرسیارەکانیدا زانیم کە زۆر حەزدەکات بزانێ کە داخۆ دوێنێ شەو چ کاریگەرییەکی خستووەتە سەر شازادە. ئایا ڕەفتاری شیاو بووە؟ لەبەردەم ئەودا زیاد لە ڕادە خۆی شادمان نیشان نەداوە؟ بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو زۆر هەسیار یان بە پێچەوانەوە زۆر میهرەبان نەبووە؟ ئایا لەبەرچاوی شازادەدا وەك کەسێکی خراپ دەرنەکەوتووە. لە دڵدا پێی پێناکەنێ؟ بە گەوجی نازانێ؟ بەدەم ئەم جۆرە فکرانەوە ڕوومەتی داگیرسا بوو.

بەوم گوت: ((ئەو تەنانەت گەر بیرکردنەوەیەکی خرا پیشی سەبارەت بە تۆ هەبێت، چۆن دەبێ تۆ ئەوەندە خۆت ئازار بدەیت و لە فکری ئەوە دابیت کە داخۆ ئەم نا پیاوە چۆن بیرت لێ دەکاتەوە؟))

پرسیی: ((بۆچی ئەو نا پیاوە؟))

ناتاشا زۆر بەدگومان بوو، بەس خاوەنی دڵێکی پاك و ڕۆحێکی بێگەرد بوو. بەدگومانییەکەشی هەر لەم دڵپاکییەوە سەرچاوەی دەگرت. بەرزەدەمار بوو، بەرزەدەمارییەکی حورمەتدارانە و بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە بە چاوی سووك لەو شتانە بڕوانن کە لای ئەو نرخێکی ئەوتۆیان هەبوو. لە ڕاستیدا ئەو سووکایەتیی پێ کرابوو، جا لەلایەن مرۆڤێکی چەپەڵیشەوە. بەس ئەو دڵی لەوە ئێشابوو کە پێی وابوو لەسەر شتێکی پیرۆز و بەنرخ سووکایەتیی پێ کراوە و ئێستاکەش بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی نییە کە کێ ئەمەی بەرانبەر کردووە. ئەم تایبەتمەندییە ئەخلاقییەی بە بۆنەی لاوازیی دەروونییەوە نەبوو، بەڵکە لەبەر ئەوە بوو کە بە باشی شارەزای خەڵکی و بەتایبەت پیاوان نەبوو و هەموو ئەم کەم ئەزموونییەش لە گۆشەگیرییەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو هەمیشە لە خەڵوەتدا ژیابوو و ئەوەندە لە ماڵ نەهاتبووە دەر. دواجار ئەو کەسێکی خۆشباوەڕ و بەرزەدەمار بوو کە ئەم تایبەتمەندییەشی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە: ئەم تایبەتمەندییەش بریتی بوو لەخۆشباوەڕی و زیاد لە ڕادەی ڕاستەقینە بەباشتر زانینی خەڵکی و هەروەها زیادەڕەوی لە وەسفکردنی لایەنە باشەکانیان. دەرهێنانی ئەم جۆرە مرۆڤانە لەو دونیا خەیاڵییەدا کارێکی ئێجگار سەخت و تاقەت پڕوکێنە: بەتایبەت گەر وا هەست بکەن بێ لە خۆیان هیچ کەسێکی دی شیاوی گومان لێ کردن و لۆمەکردن نییە. ئەوان چاوەڕوانییەکی زیاد لە ڕادەیان لە کەسانی دی هەیە، هەر بەم بۆنەیەشەوە هەمیشە نائومێدی و نامورادی چاوەڕێیانە. وا باشترە کە ئەمانە هەر لەو گۆشە تەریکەی خۆیاندا بە هێمنی بمێننەوە و نەیێنە دەرێ، تەنانەت من دەرکم بەوە کردووە کە ئەوەندە هۆگری ئەو گۆشەگیرییەن و بە ڕادەیەك خوویان پێوە گرتووە کە هەرگیز ناتوانن دەستبەرداری بن. جیا لەمەیش، ناتاشا بەدبەختی و داماوییەکی زۆری بەسەردا هاتبوو. کچێکی نەخۆش بوو و نەدەکرا خەتاباری بکەیت، هەڵبەتە گەر ئەم قسانەی من وەك خەتابارکردنێك لێك نەدرێنەوە...

بەس من پەلەی چوونە دەرم بوو. ئەم کارەم بووە هۆی حەپەساندنی و تەنانەت هێندەی نەمابوو بکەوێتە گریان، کەچی بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لای مامەوە هیچ خۆشحاڵی یان خۆشەویستییەکی لە بەرانبەر نەنواندم: بەڵکو بە پێچەوانەی ڕابردووەوە ساردوسڕانەتر ڕەفتاری لەگەڵدا کردم. ماوەیەکی زۆر لێم ڕاما، بە گەرمی دەستمی گوشی و گوتی:

- گوێبگرە ڤانیا، ئەمڕۆ ئالیۆشا ڕەفتارێکی سەیر و سەمەرەی هەبوو، تەواو پێی سەرسام بووم. هەڵبەتە بەوپەڕی نەرمونیانییەوە ڕەفتاری لەگەڵ کردم و بە سیمایدا پێدەچوو زۆر خۆشحاڵ بێت، بەس بە وێنەی مرۆڤێکی گوێنەدەر یان پەپوولەیەکی خۆشفڕ چلا و چڵ دەفڕی. زوو زوو دەچووە بەر ئاوێنەکە و دەستی بەخۆیدا دەهێنا، لە ڕاستیدا زۆر بێمنەت بوو. وێڕای ئەمانەش، ماوەیەکی زۆر لەلام نەمایەوە. تۆ بیری لێ بکەوە، چکلێتیشی بۆم هێنابوو.

- چکلێت؟ ئای لەم کارە میهرەبان و دڵسافانەیە! ئیدی ئێستە ئیشتان بووەتە ڕاپۆرت تۆمارکردن و جاسووسی کردن لەسەر یەکدی، لەڕێی شێوەی دەموچاوەوە فکرە نهێنییەکانی یەکدی دەخوێننەوە (بێ ئەوەی ئەم کارەش بزانن!)، ئەو لەم بارەیەوە شیاوی سەرزەنش کردن نییە، چونکە هێشتا هەر هەمان خوێندکارەکەی قوتابخانەیە، خۆشکەیف و بێخەیاڵ. بەس ئەی تۆ، تۆ بۆچی؟

وەختێك ناتاشا ئاوازی دەنگی دەگۆڕا و لای من سکاڵای لە ئالیۆشا دەکرد، یان هەندێك پرسیاری دەکرد و ڕێگەچارەی دەویست، یان نهێنییەکی لەگەڵ من دەخستە بەر باس و ئومێدی وابوو کە هەر بە یەکەمین وشە دەرکی پێ بکەم، جا یەکسەرە بڕیارێك بدەم کە بە دڵی ئەو بێت و ئیدی خەمی نەمێنێ، بیرمە کە من هەمیشە لەو وەختانەدا سیمایەکی جددی و سەختگرانەم وەردەگرت، وەك بڵێیت بمەوێ بەسەریدا بخوڕم، هەڵبەتە بەبێ ئەوەی مەبەستێکی تایبەتیم هەبێت. بەس هەمیشە فێڵەکەم سەری دەگرت. سەختگری و جددی بوونەکەم لەجێی خۆی بوو، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، چونکە هەموو مرۆڤێك جار جار پێویستی بەوەیە کە بەسەریدا بخوڕن. لایەنی کەم ناتاشا وەها بوو و دوای ئەم ڕەفتارەش، بە ئاسوودەییەوە دەستی لێ هەڵدەگرتم.

لە بارێکدا کە دەستێکی خستبووە سەر شانم و بە دەستەکەی دیی، دەستمی دەگوشی و بە نیگایەکی لاوێنەرەوە دەیکۆشی سەرنجی من بەرەو خۆی کێش بکات گوتی:

- نا، ڤانیا، هەستم کرد کە باری سەیرکردنی شەیداییەکی ئەوتۆی تێدا نییە... سیمای ‹‹مێرد›› ێکی وەرگرتبوو، دەزانیت، وەك پیاوێك دەهاتە بەرچاو کە دە ساڵێکە هاوسەرگیریی کردووە و لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا بەرانبەر بە ژنەکەی نەرمونیانە. پێت وانییە جارێ کاتی ئەم جۆرە ڕەفتارانە نەهاتووە؟... پێدەکەنی، بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، بەس دەتگوت تەنیا بەشێکی ئەم جووڵانەی لەبەر خاتری منن، بە پێچەوانەی ڕابردووەوە... پەلەی چوونە لای کاترینای بوو... کە قسەم لەگەڵ دەکرد، گوێی لە قسەکانم نەدەگرت، یان دەپەڕییە نێو قسەکانم، دەزانیت، ڕەفتارەکانی هەمان ئەو ڕەفتارە خانەدانیانە بوون کە من و تۆ هەوڵێکی زۆرمان دا هەتا پێی تەرك

بکەین. بە کورتییەکەی، ئەو زۆر... دەکرێ بڵێم بێمنەت بوو... بەس ئەمە چ قسەیەکە! دیسان خەریکی زۆر بڵێیم. ئاە! ڤانیا، ئێمەی ئادەمیان، چاوەڕوانیەکی زۆرمان لەیەکدی هەیە و گەلەك خۆویست و ئارەزووبازین! ئێستە بەمەم زانیوە! بەرگەی بچووکترین گۆڕانی ڕووخسارێك ناگرین و جا هەر خوداش دەزانێت ئەو ڕووخسارە بۆچی گۆڕاوە! تۆ لەسەر هەق بوویت کە ساتێك لەمەوبەر سەرکۆنەت کردم. هەمووی خەتای خۆمە. خەم و خەفەت بۆ خۆمان سازدەکەین و گلەیی لە خۆمان دەکەین... مەمنونتم، ڤانیا، لە ڕاستیدا تۆ چاکەت لەگەڵ کردم. ئاە! لەوانەیە لەبەر ئەوەی کە لە نێوا نماندا ڕوویدا، دیسان لێم تووڕە ببێت.

من بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: چۆن، دیسان دەمە دەمێتان بووە؟

- بە هیچ شێوەیەك! تەنیا من کەمێك بێتاقەت بووم و ئەویش کەیفخۆش، بەس لە پڕێکدا فکر و خەیاڵ دایگرت، پێموابوو کە بە ساردییەوە ماڵئاوایی لێ کردم. بەس دەنێرمە شوێنی... تۆیش وەرە، ڤانیا، وەرە.

- بێگومان، بەو مەرجەی گەر گیرۆدە نەبم.

- بە بۆنەی کێوە؟

- قەڕقەشەیەکم بۆخۆم ساز داوە! بەس هیوادارم بتوانم بێم.

## ٧

کاتژمێر حەفت لە ماڵی فیلیپ بووم. ئەو لە ئەپارتمانێکی سێ ژووریدا، کە ناوماڵێکی باشیان تێدابوو و بەس زۆر پیس و پۆخڵ بوون، نیشتەجێ بوو. ئەپارتمانەکەی کەوتبووە لای خانوویکی بچووك و لە کۆڵانی ‹‹*شەش دوکان*›› دا بوو. دەکرا بڵێی ئەپارتمانێکی باشە، بەس دیاربوو وەك پێویست پاك و خاوێن ڕاناگیرێ. کچێکی زەریف کە بیست ساڵێك دەبوو، بە جلێکی سادە و ڕێکوپێك و چاوێکی جوانەوە دەرگەکەی بە ڕوودا کردمەوە. وای بۆ چووم کە دەبێت هەمان ئەو ئالێکساندرایە بێت کە دوێنێ ناوی بردبوو و داوای لێ کردم بچم بۆ لای هەتا پێمی بناسێنێ. لێمی پرسی ناوم چییە، وەختێکیش کە ناومم پێ گوت، گوتی فیلیپ چاوەڕێم بووە و بەس هەنووکە خەوتووە، جا منی بەرەو ژوورەکەی ڕێنمایی کرد. فیلیپ بەسەر قەنەفەیەکی جوان و نەرمەوە خەوتبوو. کەوا چڵکنەکەی بەسەر

خۆیدا دابوو و هەروەها کۆنە بالیفێکی چەرمیشی خستبووە ژێر سەری. خەوی زۆر سووك بوو، چونکە هەرکە چووینە ژووری، یەکسەر بانگمی کرد.

- ئاە! تۆیت! لە خەوما تۆ هاتبوویت و هەڵتدەستاندم. کەواتە لە کاتی خۆیدا هاتیت. با بڕۆین.

- بۆ کوێ؟

- بۆ ماڵی ئەو خاتوونە.

- کامە خاتوون؟ بۆچی؟

- ماڵی خاتوو بۆبنۆڤا، بۆ ئەوەی ئەتکی بکەین.

پاشانیش ڕووی کردە ئالێکساندرا و گوتی: ((ئاە! لەم کچە زەریفە)) جا بەدەم فکری خاتوو بۆبنۆڤاوە نووکی پەنجەکانی ماچ کرد.

ئالێکساندرا کە دەتگوت بە ئەرکی خۆی دەزانێ کەمێك لێی پەست ببێ گوتی: ((ئۆف! لەم قسانە، دیسان چیت لەژێر سەردایە؟))

فیلیپ گوتی: ((ئێوە یەکدی ناناسن؟ ئالێکساندرا، جەنەڕاڵێکی دونیای ئەدەبیاتت پێ دەناسێنم، ئەمانە لە ساڵێکدا تەنیا یەك جار بۆت هەیە بەخۆڕایی چاوت پێیان بکەوێ، بۆ جاری داهاتوو دەبێ پارە بدەیت.))

کچەی لاو گوتی: ((یانی لە تۆ وایە من هێندە حۆلم. تکا دەکەم گوێ بە قسەکانی مەدەن. ئەو دایمە پێم ڕادەبوێرێ. هەر لەخۆیەوە باسی هەندێك جەنەڕاڵ دەکات.))

فیلیپ گوتی: ((کتومت مەبەستم ئەوەبوو. دەبێ بزانیت کە ئەو یەکێك لە جەنەڕاڵە دیارەکانە. بەس ئێوە میری مەزن، وا نەزانن کە ئێمە کەسانێکی گەمژەین. ئێمە زۆر لەوە ژیرترین کە لە یەکەمین نیگادا دەردەکەوین.))

- ئێوە گوێ بە قسەکانی مەدەن. ئەو دایمە لەبەردەم کەسانی گەورەدا سەر دەخاتە سەرم، بێئاوەز. خۆ ئەگەر جاروباریش بیبردبام بۆ شانۆ ئەوا هەر باش بوو.

- ئالێکساندرا، حەز دەکەیت... بیرت چووە کە دەبێ حەزت لە چ شتێك بێت؟ ئەو دەستەواژەیەت لە یادە کە فێرتم کرد.

- هەڵبەتە بیرمە، لە یادم نەکردووە... قسەیەکی گەمژانەیە.

- باشە، چییە؟

- شەرمم پێ دێت لەبەردەم میوانەکەماندا بیڵێم. لەوانەیە مانایەکی ناجۆری هەبێت. زمانم لاڵ بێت گەر بیڵێم.

- کەواتە بیرت چووە!

- نا، بیرم نەچووە. دەستەواژەیەکی خوداوەندانی دێرینی ڕۆم بوو! خوداوەندەکانت خۆشبوێ... هەر لەخۆیەوە قسە دادەهێنێ! لەوانەیە هەرگیز وەها خوداوەندانێك بوونیان نەبووبێت و بۆچی دەبێت مرۆڤ ئەوانەی خۆشبوێن؟ قسەی پڕوپووچ دەکات.

- بە پێچەوانەوە، لە ماڵی خاتوو بۆبنۆڤا...

- ئاە بەدەست ئەم خاتوو بۆبنۆڤایەی تۆشەوە.

ئالێکساندرا دوای ئەم قسانە بە تووڕەییەوە ژوورەکەی جێهێشت.

- کاتی ڕۆیشتنە، با بچین، خوات لەگەڵ ئالێکساندرا.

دوو قۆڵی چوونە دەرێ.

- سەرەتا، ڤانیا، سواری ئەم گالیسکەیە دەبین، باشە، ئەمە یەك، دووەم، ئەمڕۆ دوای ئەوەی کە لە تۆ جیا بوومەوە، دوو سەرەداوم دەست کەوت، نەك بە سۆسە و خەیاڵ، بەڵکە هەر بەڕاستی و ڕوونی. کاتژمێرێك لە ڤاسیلی ئۆستڕۆڤ مامەوە. ئەم ورگزلە، جانەوەرێکی ترسناکە، پیاوێکی قێزەونە و کە خاوەن هەوەس و سەلیقەیەکی چەپەڵە. ئەم بۆبنۆڤایەش لەمێژە بە هەندێك لەو ئیشانەوە خەریکە کە ئەو کابرایە دەیانکات. ڕۆژێکیان هێندەی نەمابوو لەبەر کچە خانەدانێك پێی بزانن و بکەوێتە تەڵەوە. جا جلی مسلینیی بۆ ئەو کچۆڵە هەتیوە ئامادە کردووە (هەر بەو جۆرەی کە بۆت باس کردم) بەس ئەمە بەلای منەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە پێشتریش لەم جۆرە قسانەم بیستبوون. زۆر بە ڕێکەوت توانیم هەندێك زانیاری بەدەست بهێنم کە بەلامەوە باوەڕپێکراون. ئەم کچۆڵەیە چەندساڵیەتی؟

- بە دەمووچاویدا، سێزدە ساڵان دیارە.

- بەس بە قەلافەت بچووکتر دەنوێنێ، وایە؟ ئەو خەریکی ئەم جۆرە فڕ و فێڵانەیە، بە پێی هەلومەرج هەندێك جار دەڵێ ئەو یازدە ساڵانە و هەندێك جاری دیکەیش پازدە ساڵان. جا لەبەر ئەوەی ئەم منداڵە هەتیو و بێ پشت و پەنایە، ئیدی ئەوسا...

- یانی ڕێی تێدەچێ؟

- ئەی بەتەمای چییت؟ لات وایە خاتوو بۆبنۆڤا لەبەر مرڤدۆستی ئەو کچۆڵەیەی لەخۆ گرتووە؟ گەر ئەو ورگزلە چووبێتە ماڵی ئەو، ئەوا مەسەلەکە ڕوونە. ئەمڕۆ چاوی بەو کەوتووە و بەڵێنی ژنێکی بەمێردیان بەم کوڕە گەمژەیەی کە *ناوی (سیزۆبریۆخف)* ە داوە، ژنی کارمەندێکی دەوڵەتە کە پلەکەی لە ئاست ئەفسەر دایە. ئەو کوڕە بازرگانانەی کە لەدووی ڕابواردنن، لەم بارەیەوە زۆر هەستیارن: بایەخ بە پلەی مێرد دەدەن و هەمیشە پرسیاری ئەو بابەتە دەکەن. ئەم بابەتە وەك شتێکی هاوشێوەی ڕێزمانی لاتینییە: بیرت دێ؟ مانای وشە بە پاشگرەکەوە بەندە. پێموایە هێشتا بەری نەداوم. باشە، ئەم بۆنۆڤایە لێناگەڕێ تۆ خۆت لە ئیشەکانیدا هەڵبقورتێنیت! دەیەوێ مەمکەمژە لە دەمی پۆلیس بنێ، باش لێی وردبەرەوە! بەس لە من دەترسێت، چونکە باش دەمناسێت... خۆ لە قسەکانم دەگەیت؟

قسەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دانام. ئەم هەواڵانە بە تەواوی ئۆقرەیان لێ بڕیبووم! دەترسام لە کاتی خۆیدا نەگەینە جێ، لەبەر ئەوە بە گالیسکەوانەکەم گوت دەست و برد بکات.

فیلیپ گوتی: ((خەمت نەبێت، وەك پێویست بە ئامادەکاریشەوە پێشبینیی هەموو شتێکمان کردووە. میرۆشکا لەوێیە. سیزۆبریۆخف پارە دەدات و ئەو ورگزلە بێ کەڵکەیش بە شتی دی حسێبەکەی پاك دەکاتەوە. پێشتر لەسەر هەموو ئەمانە ڕێککەوتوون. بەس بۆبنۆڤا، لێبگەڕێ بۆ خۆم... هەڵبەتە گەر ڕای نەگۆڕێت...))

گەیشتینەجێ و لەبەردەم ڕێستۆرانەکەدا ڕاوەستاین، بەس ئەو پیاوەی کە بە میرۆشکا ناو دەبرا لەوێ نەبوو، دوای ئەوەی بە گالیسکەوانەکەمان گوت لەبەردەم پلیکانەکاندا چاوەڕێمان بێت، بەرەو ماڵی بۆبنۆڤا بەڕێ کەوتین. میرۆشکا لەبەردەم دەرگە گەورە گەراجییەکەدا چاوەڕێمان بوو. ڕۆشنایی پشت پەنجەرەکان زۆر چڕ بوو و دەنگی قاقای سیزۆبریۆخف دەبیسترا.

میرۆشکا بە ئێمەی گوت: ((چارەکێك دەبێت کە ئەوان لەوێنە. ئێستە کاتیەتی.))

من پرسیم: ((وەلێ چۆن دەتوانین بچینە ژوورێ؟))

فیلیپ لە وەڵامدا گوتی وەك میوان، بۆبنۆڤا من دەناسێت، هەروەها میرۆشکایش. ڕاستە کە هەموو دەرگەکان داخراون، وەلێ نەك بە رووی ئێمەدا.

بە هێواشی تەقەی لە دەرگە دا. دەرگەکە دەسبەجێ کرایەوە. قاپچی نیگایەکی لەگەڵ فیلیپ ئاڵوگۆڕ کرد. بێدەنگانە چووینە ژوورێ، هیچ کەسێك دەنگی پێمانی نەبیست. قاپچی بە پلیکانێکی باریکدا ئێمەی بردە سەرێ و لە دەرگەی دا. کەسێك پرسیی کێیە؟ لە وەڵامدا گوتی خۆمانین. دەرگەکە کرایەوە و ئێمە هەموومان چووینە ژوورێ. قاپچی چوو بەدەم ئیش و کاری خۆیەوە.

بۆبنۆڤا بە مەستی و سەرخۆشی لە ژووری پێشوازیکردندا مۆم بە دەست ڕاوەستابوو و پرسیی: ((هێی! کێ لەوێیە؟))

فیلپ گوتی: ((کێ؟ یانی چی؟ میوانە ئازیزەکانت ناناسیتەوە، ئانا تیفۆنۆڤا؟ لە ئێمە زیاتر کێیە؟ ... من فیلیپ فیلیپۆڤیچم.))

- ئاە!فیلیپ فیلیپۆڤیچ، ئەوە ئێوەن، میوانی ئازیز... بەس چۆن توانیتان... من.. هیچ... تکا دەکەم لێرەوە بێن.

تەواو شپرزە و بێ ئۆقرە بوو.

- کوێ؟ خۆ ئێرە دیوارە... نا، پێویستە بە شێوەیەکی شیاوتر میوانداریمان لێ بکەیت. خواردنەوەمان دەوێ، بێگومان ئێرە کچی زەریفیشی لێیە، ئەرێ؟

بۆبنۆڤا دەمودەست خۆی کونترۆڵ کرد و گوتی:

- گەر لەژێر زەویش بێت بۆ میوانانێکی خۆشەویستی وەك ئێوەی پەیدا دەکەین، ڕادەسپێرم لە چینەوە بۆتان بهێنن.

- پرسیارێك، ئانا تیفۆنۆڤنا، ئایا سیزۆبریۆخفیش لێرەیە؟

- بع... لێ.

- دەمەوێ بیبینم، ئەم نارەسەنە چۆن توانیویەتی بەبێ من کەیف و سەفا بکا.

- بێگومان ئێوەی لەبیر نەکردووە، چاوەڕێی کەسێك بوو. کەواتە بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە ئێوەن.

فیلیپ دەرگەیەکی کردەوە و چووینە ژوورێکی بچووکەوە کە دوو پەنجەرەی هەبوو و بە گوڵدانی گوڵەشەمالی ڕازابووەوە، هەروەها دوو کورسیی حەیزەرانی و پیانۆیەکی شەق و شڕیشی لێ بوو. بەس بەر لەوەی بچینە ژوورێ و لەو کاتەی کە خەریکی قسەکردن بووین، میرۆشکا دیار نەما. پاشان زانیم کە لەگەڵمان نەهاتووەتە ژوورێ و لە پشت دەرگەی دەرێ چاوەڕێیە و دوایی بە کەسێکی گوتووە دەرگەکەی بۆ بکاتەوە. ئەو ژنە قژبڕە ئارایشکردووەی کە بەیانیی ئەو ڕۆژە لە پشت بۆبنۆڤاوە لە دیمەنی لێدانی کچەکەی ڕوانی بوو، هاتە ژوورێ. پێدەچوو هاودەستی میرۆشکا بێت. سیزۆبریۆخف بەسەر قەنەفەیەکی بچووکەوە کە لە تەختەی ئاکاژۆ دروستکرابوو، دانیشتبوو. مێزێکی خڕی چەرچەف بەسەر لە بەردەمیدا بوو. دوو بتڵ خواردنەوەی گازدار و هەندێك قاپ کە نوقڵی ترشیان تێدابوو، لەگەڵ نانی شیرین و سێ جۆرە گوێز لەسەر مێزەکە دانرابوون. ژنێکی ناشیرنی تەمەن چل ساڵە بە ڕووخسارێکی ئاوڵەدار و کراسێکی حەریری بەریەوە ڕووبەڕووی سیزۆبریۆخف دانیشتبوو و چەند گەردانە و دەسبەنێکی لە دەست و مل دابوو. ئەوان وتەنی، ئەمە هەمان ژنی کابرای ئەفسەر بوو، یان هاوژا ساختەکەی.

**سیزۆبریۆخف مەست و سەرخۆش و لەوپەڕی جەودا بوو. هاوڕێ ورگزلەکەی لەوێ نەبوو. فیلیپ بە بۆڵەبۆڵەوە گوتی: ((ئەمە چ شوێنێکی پێ دەڵێن؟ نەکا بڵێیت بۆ ڕێستۆرانی ڕاقیی *دۆسۆت* داوەت کردووم؟))**

**سیزۆبریۆخف هەستایە سەرپێ و بە لەتردانەوە بەرەو لامان هات و گوتی:**

**- ئاە! فیلیپ فیلیپۆڤیچ، شەرەفمەندم.**

**- دیسان خەریکی خواردنەوەیت؟**

**- بەڵێ، داوای لێبوردن دەکەم.**

**- لەجێی داوای لێبوردن، ئێمەیش داوەت بکە. سەیرکە میوانێکیشم لەگەڵ خۆمدا هێناوە، هاوڕێمە.**

**فیلیپ ئاماژەی بۆ من کرد.**

**- زۆر خۆشحاڵم، مەبەستم ئەوەیە کە بۆ من مایەی خۆشبەختییە.**

**- بەمە دەڵێیت خواردنەوەی غازدار؟ خۆ ئەمە هێندە ترشە هەر دەڵێی سووپی کەلەرمە!**

**- ئەمە چ قسەیەکە، گاڵتەمان پێ دەکەیت؟**

**- تۆ ئیدی زاتت نییە بێی بۆ ڕێستۆرانی دۆسۆ، جا ئەوسا پیاو بۆ ئەم جۆرە شوێنانە داوەت دەکەیت؟**

**ژنی کابرای ئەفسەر گوتی: ((بە منی گوتوە تازە لە پاریسەوە گەڕاوەتەوە، کەواتە درۆی کردووە.))**

**-*فلۆسیا*، تەشەرم لێ مەدە. ئێمە چووین بۆ ئەوێ. گەشتی پاریسمان کردووە.**

**- لادێییەکی وەك تۆ و پاریس کوجا مەرحەبا؟**

**- ڕۆیشتووین بۆ ئەوێ، ئێمە دەسەڵاتی ئەو جۆرە گەشتانەمان هەیە. لەوێ لەگەڵ *کارپ ڤاسیلیچ* زۆر باش بە دەممانەوە هاتن، کارپ ڤاسیلیچ دەناسیت؟**

**- بۆچی دەبێت کارپ ڤاسیلیچ بناسم؟**

**- هەروا گوتم... سەرقاڵی کاری سیاسەتە. لەگەڵ ئەو چووم بۆ ماڵی *مادام ژۆبر* و لەوێ ئاوێنە دیوارییەکەمان شکاند.**

**- چی؟**

- ئاوێنەی دیواری. سەرتاسەری دیوارەکەی داپۆشیبوو و بەرزییەکەشی دەگەیشتە بنمیچەکە، ئەم کارپ ڤاسیلیچە خواردبوویەوە و بە جۆرێك گرتبووی کە بە ڕووسی قسەی لەگەڵ مادام ژۆبر دەکرد. لە تەك ئاوێنە دیوارییەکەوە ڕاوەستابوو و بە ئەنیشك پاڵی پێوەدابوو. مادام ژۆبر بە فەڕەنسی بەوی گوت: ((ئەم ئاوێنە بایی حەفتسەد فرانکە، وریابە نەیشکێنیت!)) جا کارپ کەوتە پێکەنین و سەیرێکی منی کرد. من ڕووبەڕووی ئەو لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبووم و کچێکی شۆخ و شەنگیشم لەتەك بوو نەك دێوێکی وەك ئەمە. کارپ دەستی کردە هات و هاوار: *ئستپان ترنیتچ*، هێی، ئستپان ترنیتچ. پێکەوە لێرە بڕۆین؟ منیش وەڵامم دایەوە: ((ئەری)). ئەو لەپڕێکدا بەو مشتەکۆڵە گەورانەی زرمەی لە ئاوێنەکە هەستاند و وردی کرد! مادام ژۆبر دەستی کردە قاڵە قاڵ و یەخەی گرت: ((ڕێگر، نانی هاریت خواردووە! بۆچی هاتوویتە ئێرە؟)) (هەر بە زمانی فەڕەنسی) بەس کارپ وەڵامی ئەوی دایەوە: ((وەرە ئەم پارەیە بگرە و لێگەڕێ هەرچیم حەز لێیە با بیکەم.)) جا هەر لەوێ شەشسەدوپەنجا فرانکی دایێ. پەنجا فرانکیش خاتری گرتین.

لەم ساتەدا لەپشت چەندین دەرگە، لە ژوورێکەوە کە زۆر لە ئێمە دوور بوو دەنگی هاوارێکی تۆقێنەر و جەرگبڕ هاتە گوێ. من دەمودەس ڕاچەنیم و هاوارێکم لێ هەستا. دەنگی ئێلنام ناسییەوە. یەکسەر بەدوای ئەم هاوارە شووم و سکاڵائامێزەوە، جوێندان و هاوارگەلێکی دیکەش بەر گوێ کەوتن، پاشانیش هەندێك غەڵبەغەڵب و دواجاریش دەنگی ڕوونی زللەیەك. پێدەچوو ئەمە میرۆشکا بێت و خەریکی شەقکاریکردنی کەسێك بێت. لەپڕ دەرگەکە بە زرمەیەکی گەورە کرایەوە و ئێلنا بە ڕەنگی پەڕیو و نیگایەکی پەشۆکاوەوە، کە کراسێکی مۆسلینی سپیی لەبەر بوو هەروەها بە قژێکی شەمزاوی دوای چنگەپڕچێیەکەوە بە پڕتاو خۆی گەیاندە ژوورەکە. من بەرانبەر دەرگەکە ڕاوەستا بووم، ئەو ڕایکردە لای من و باوەشی پێداکردم. هەمووان سەرسامانە هەستانە سەر پێ. کە خۆی بە ژوورەکەدا کرد هات و هاوارێك بە دوایدا بیسترا. لەپشتییەوە سەروشکڵی میرۆشکا دەرکەوت و چنگی بە قژی دژمنەکەی یانی کابرای ورگزلدا کردبوو و بەدوای خۆیدا کێشی دەکرد. کە گەیشتە بەر دەرگەکە خستیە سەر زەوی.

پاشان بە سیمایەکی زۆر خۆشحاڵانەوە گوتی: ((ها، ئەوەش دەعباکە، بۆ ئێوە.))

فیلیپ بەکاوەخۆ لێم نێزیك بووەوە، دەستێکی بە شانمدا کێشا و گوتی:

- برۆ سواری گالیسکەکە ببە و کچۆڵەکەش لەگەڵ خۆتدا ببەوە ماڵێ. کاری تۆ هەر ئەمەندەیە. سبەینێ ئەم کێشە و گرفتانە چارویر دەکەین.

مۆڵەتم نەدا قسەکەی دووبارە بکاتەوە. دەستی ئێلنام گرت و لەو کاولبووەدا بردمە دەرێ. نازانم دوای ئەوە چی ڕوویدا. هیچ کەسێك نەهاتە سەر ڕێگەمان. بۆبنۆڤا لە ترساندا تووشی پاگیرە ببوو. ڕووداوەکان ئەوەندە خێرابوون کە ئەو دەرفەتی هیچ بەرهەڵستییەکی نەبوو. گالیسکەوان لە خوارێ چاوەڕێمان بوو، بەرێکەوتین و دوای بیست خولەکیش خۆمان بە ماڵێدا کرد.

ئێلنا نیوە گیان بوو. یەخەییم کردەوە، ئاوم بە دەم و چاویدا پژاند و لەسەر قەنەفەکە پاڵم خست. تای لێ هاتبوو و وڕێنەی دەکرد. من بە سەیرکردنی ڕووخسارە ڕەنگ پەڕیوەکەی و ئارایش و شریتە گرێدراوەکانی سەر کراسەکەی و هەروەها قژە ڕەش و جوان شانەکراوەکانی، کە بە وردییەوە دەرمانیان لێ درابوو و بە لایەکدا تەخت کرابوون، دەمودەست دەرکم بە کرۆکی ئەم بەسەرهاتە ترسناکە کرد. ئەو داماوە چارەڕەشە، سات دوای سات حاڵی شڕتر دەبوو. بڕیارمدا ئەو شەوە نەچم بۆ لای ناتاشا و ئەو جێ نەهێڵم. ئێلنا جار جار پێڵوەکانی بەو برژانگە درێژ و هەڵگەڕاوانەوە بەرز دەکردنەوە و تا ماوەیەکی زۆر بە وردی لێم ڕادەما، پێدەچوو بمناسێتەوە. نزیکەی کاتژمێر یەکی نیوە شەو خەوی لێ کەوت. من لەنزیک ئەو و لەسەر ڕووی زەوییەکە خەوتم.

## ٨

سەر لە بەیانی لە خەو هەستام. کەم تا زۆر هەر نیو کاتژمێر جارێك بێدار دەبوومەوە و دەچوومە سەر نەخۆشە بەدبەختەکەم. تای لێ هاتبوو و کەمێکیش وڕێنەی دەکرد. بەس نزیکەی بەرەبەیان خەوێکی قووڵ بردییەوە. لەبەر خۆمەوە گوتم ئەمە نیشانەیەکی باشە. بەس بەیانی کە بە ئاگاهاتمەوە بڕیامدا تا کچۆڵەکە خەوتووە بچم دکتۆرێك بانگ بکەم هەتا چارەسەرێکی بکات. دکتۆرێکی نێوان ساڵم دەناسی کە کەسێکی زۆر باش بوو و ماڵی لەنزیك کۆڵانی *ڤلادیمیر* بوو. ئەو دەمێك بوو لەگەڵ پیرەژنێکی خزمەتکاری ئەڵمانی لەوێ دەژیا. بەتەما بووم ئەو بانگ بکەم. کاتژمێر هەشت گەیشتمە ماڵەکەی. بەڵێنی دا کاتژمێر دە لەوێ ئامادە بێت. زۆرم دڵ پێوەبوو کە هەر لەسەر ڕێگەکەم، سەرێك لە فیلیپ بدەم، بەس پاشگەز بوومەوە، بێگومان دوای ئەو بەسەرهاتەی دوێشەو دەبوو تا ماوەیەکی زۆر پشوو بدات و بخەوێت. دڵەڕاوکێی ئەوەشم هەبوو کە ئێلنا لەم ماوەیەدا لە خەو هەستابێت و لەوە ترسابێت کە دەبینێ بە تاقی تەنیا لەو ماڵە دایە. ڕەنگە بە بۆنەی ئەو بارە مەیلەو نەخۆشانەیەوە بیری چووبێت کە کەی و چۆن هاتووە بۆ ماڵەکەی من.

هەرکە خۆم بە ژووریدا کرد یەکسەر ئەویش لەو ساتەدا بەخەبەر هات. بەکاوەخۆ لێی نزیك بوومەوە و حاڵیم پرسی. وەڵامی نەدامەوە، بەس بۆ ماوەیەکی زۆر بەو چاوە ڕەش و بوێژانەیەوە لێم نز بووەوە. بە نیگایدا هەستم بەوە کرد کە لە هەموو شتێك ئاگادارە و بە تەواوی هۆشی لەسەر خۆیەتی. خووی بە کەمدوویی و وەڵام نەدانەوەوە گرتبوو. دوێنێ و پێریش وەختێك کە هات بۆ لام وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکانی نەدامەوە و تەنیا بەو نیگا مکوڕ و نەبزوتەی لێم ڕادەما، نیگایەك کە باری گومان و دوودڵی، کونجکۆڵی و جۆرە دەماربەرزییەکی تێدا بەدی دەکرا.

ئێستاکە بارێکی بێ متمانەیی و تووڕەییشم لە نیگایدا بەدی دەکرد. دەستم خستە سەر تەوێڵی هەتا بزانم کە داخۆ هێشتا تا کەی هەر ماوە، بەس بێ ئەوەی هیچ بڵێت، هێمنانە بە دەستە بچووکەکەی دەستمی لادا و ڕووی لە دیوارەکە کرد. منیش لێی دوورکەوتمەوە و گوتم با بۆ خۆی ئاسوودە بێت و بێزاری نەکەم.

کترییەکی مسیی گەورەم هەبوو کە لە زووەوە لەجێی سەماوەر بەکارم دەهێنا و ئاوم تێدا دەکوڵاند. هێزم هەبوو، قاپچی بەشی پێنج شەش ڕۆژێك هێزمی پێ دابووم و کوانووەکەم داگیرساند، چووم ئاوم هێنا و کترییەکەم لەسەر کوانووەکە دانا. قۆری و پیاڵەکەشم خستە سەر مێزەکە. ئێلنا ڕووی لە من کردبوو و کونجکۆڵانە لە جووڵەکانمی دەڕوانی. لەوم پرسی ئایا پێویستیی بە هیچ نییە؟ بەس بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، دیسان ڕووی لە دیوارەکە کردەوە.

لە خۆمم پرسی: بۆچی لێم تووڕەیە؟ کچێکی چەندە سەیرە!

دکتۆر بە پێی بەڵێنەکەی خۆی کاتژمێر دە لەماڵەکەی من ئامادە بوو. بە سەرنج و وەسواسییەکی ئەڵمانی ئاساوە پشکنینی بۆ کرد و دڵنیاییی پێدام کە بەدەر لە تاکەی هیچ شتێکی ئەوتۆی نییە کە جێگەی نیگەرانی بێت. هەروەها گوتی ئەو بەدەست نەخۆشییەکی دیکەوە، شتێکی وەك لێدانی نارێکی دڵەوە ئازار دەچێژێ و پێویستی بە خزمەتکردن و چاودێریی تایبەتی هەیە، بەس هەنووکە هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە. وەك خووی هەمیشەیی دکتۆران، هەندێك کەپسوول و جۆشانەی ناپێویستی بۆ نووسی، پاشان دەمودەست لێمی پرسی کە ئەو بۆچی لە ماڵی مندایە؟ هاوکات، بە نیگایەکی سەرسامانە ئەپارتمانەکەمی پشکنی. ئەم دکتۆرە تەمەنکردووە گەلێك بەقسە بوو. سەری لە ڕەفتاری ئێلنا سووڕ مابوو، وەختێك گەرەکی بوو تر پەی دڵی بگرێ، ئێلنا دەستی ئەوی لادا و هەروەها زمانی خۆیشی پیشان نەدا. وەڵامی پرسیارەکانیشی نەدایەوە، بەس بە درێژایی ئەو ماوەیە بە ماتی و ڕەنجاوییەوە چاوی لە خاچە *سن ئستانیسلاسە* گەورەکەی گەردنی ئەو بڕیبوو. دکتۆر گوتی:

- ڕەنگە تووشی سەرئێشەیەکی توند بووبێت، بەس زۆر نامۆیانە لێم دەڕوانێ.

پێم وانەبوو پێویست بەوە بکات کە هیچ شتێکی لەبارەی بارودۆخی ئێلناوە پێ بڵێم، هەر ئەوەندەم پێ گوت کە ئەم بارە نالەبارەی ئێستەی حەکایەتێکی دوورودرێژی لە پشتەوەیە.

کاتی ڕۆیشن گوتی: ((گەر پێویستی کرد ئاگادارم کەرەوە. هەنووکە هیچ مەترسییەك هەڕەشەی لێ ناکات.))

بڕیارم دا ئەو ڕۆژە لای ئێلنا بمێنمەوە و تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی تەندروستیی جێگیر دەبێتەوە، جێی نەهێڵم. بەس لەبەر ئەوەی دەمزانی ناتاشا و ئانا بە پەرۆشەوە چاوەڕێمن و نەچوونم تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییان دەکات، بڕیارم دا لایەنی کەم نامەیەك بۆ ناتاشا بنووسم و پێی بڵێم ئەمڕۆ ناتوانم سەردانی بکەم. پێویستی بەوە نەدەکرد نامە بۆ دایکیشی بنووسم. چونکە هەر لەو ڕۆژەوەی کە هەواڵی نەخۆشکەوتنی ناتاشام پێ دابوو،

تکای لێ کردبووم کە ئیدی نامەی بۆ نەنێرم. پێی گوتم: ((نیکۆلای کە چاوی بە نامەکانت دەکەوێ، یەك دونیا پرتەوبۆڵەم بەسەردا دەکات. ئەو داماوە زۆر دڵی پێوەیە بزانێت کە چیت لە نامەکەدا نووسیوە، بەس لە ڕووی نایێ یان زاتی نییە پرسیار لە من بکات، جا ئە ڕۆژە بە ماتی و زویرییەوە بەسەر دەبات. ئەوەش بزانە ئازیزم تۆ بەو کورتە نامانەت ئازاری منیش دەدەیت. یانی دە دێڕ بەسە؟ پێم خۆشە پرسیاری هەندێك وردەکاری بکەم، بەس خۆ تۆ لێرە نییت! ))

لەبەر ئەوە نامەم تەنیا بۆ ناتاشا نووسی و کاتێکیش چووم دەرمانەکانی ئێلنا بکڕم، خستمە سندووقی پۆستە و گەیاندنەوە.

ئێلنا لەم ماوەیەدا دیسان خەو بردبوویەوە. بەدەم خەوەوە دەیناڵاند و کەمێکیش دەلەرزی. دکتۆرەکە باشی بۆچووبوو: تووشی سەرئێشەیەکی توند ببوو. جار جار سووکە هاوارێکی دەکرد و ڕادەچڵەکی. جا بە نیگایەکی دژمندارانەوە لێم نز دەبووەوە، دەتگوت خزمەت و چاودێری کردنەکانی من بوونەتە مایەی ئازاری گیانی. دانی پێدا دەنێم کە ئەم ڕەفتارەی ئازارێکی زۆری دەدام.

فیلیپ کاتژمێر یازدە هات بۆ لام. نیگەران و سەرقاڵ بەرچاو دەکەوت. تەنیا یەك خولەك لام مایەوە. زۆر پەلەی ڕۆیشتنی بوو.

سەیرێکی دەوروبەری کرد و گوتی: ((ڕاستە کە پێم وانەبوو لە ماڵێکی ڕازاوەدا بژییت، هاوڕێ، بەس چاوەڕێی ئەوەشم نەدەکرد کە لە قاسەیەکدا ژیان بەسەر بەریت، چونکە ئێرە ئەوەندەی لە قاسەیەك دەچێت لە ئەپارتمان ناچێت. گریمان کە بەلای تۆوە ئەمە گرنگییەکی ئەوتۆی نیە، بەس لە هەمووی ناڵەبارتر ئەوەیە کە تۆ بەم هەموو کێشە و گرفتەوە لە کارەکەتدا دوا دەکەویت. دوێنێ بەدەم ڕێکردن بەرەو ماڵی بۆبنۆڤا وەبیرم لەم بابەتە دەکردەوە. دەزانیت، من بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیم، سەر بەو تاقمە مرۆڤانەم کە خۆیان هیچ کارێکی ئەرێنی ئەنجام نادەن، بەس بە باشە ئامۆژگاریی ئەوانی دی دەکەن. ئێستە باش گوێ بگرە: من سبەی یان دووسبەی سەرێکت لێ دەدەم. بەس بێگومان تۆ بەیانیی یەك شەممە سەردانم بکەم. هیوادارم تا ئەو کاتە هەموو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بەم کچۆڵەیەوە هەیە چارەسەر بووبن، جا ئەوسا بە جددی قسەی لەبارەوە دەکەین، چونکە دەبێت بیرێکی جددیانە لە تۆ بکەمەوە. ناکرێت بەم شێوەیە ژیان بەسەر ببەیت. دوێنێ تەنیا چەند قسەیەکی سەرپێییم لەبارەی تۆوە کرد، بەس ئێستاکە بە شێوەیەکی مەنتیقی و جددی قسەت لەگەڵ دەکەم. باشە، ئێستە بڵێ بزانم، گەر بۆ ماوەیەکی کەم بڕە پارەیەکم بە قەرز لێ وەربگریت، ئایا بەم کارە ئاوڕووت دەچێت؟ ))

قسەم پێ بڕی و گوتم: ((مەیکە بە دەمەقاڵێ. تەنیا بڵێ بزانم، مەسەلەکەی دوێشەو بەچی گەیشت؟ ))

- به جێیەکی باش و ئێمەیش بە ئاما نجی خۆمان گەیشتین، حاڵی دەبیت؟ ئێستە کاتم نییە. تەنیا بۆ ئەوە هاتووم کە پێت بڵێم ئێستە کاتی ئەوەم نییە هاریکاریت بکەم، هەروەها بزانم کە ئایا ئەو دەبەیتە ماڵی کەسێکی دی یان لای خۆت گلی دەدەیتەوە؟ چونکە دەبێ بیر لەم بابەتە بکرێتەوە و بە لایەکدا ببڕێ.

- هێشتا بڕیارم نەداوە و دەبێت بڵێم چاوەڕێی هاتنی تۆ بووم هەتا لەم بارەیەوە بۆچوونت وەربگرم. من بە چ بیانوویەك دەتوانم ئەو لای خۆم گل بدەمەوە؟

- زۆر ئاسانە، بۆ نموونە وەك خزمەتکار...

- تکا دەکەم هێواشتر قسەبکە. گەرچی نەخۆشە، بەس هۆش و هزری لەسەر خۆیەتی و وەختێك کە تۆشی بینی ئاگام لێ بوو کە ڕاچەنی. بەم پێیە بە باشی دەزانێت دوێ شەو چی ڕوویداوە.

پاشان لەبارەی خوو و ڕەوشی ئێلنا و ئەو تێبینییانەی کە لەسەریم هەبوون هەندێك قسەم بۆ کرد. قسەکانم سەرنجی فیلیپیان ڕاکێشا. پاشان پێم گوت لەوانەیە ئەو ببەمە لای کەسانێکی ناسیاوم، جا دواتر چەند قسەیەکیشم لە بارەی نیکۆلای و هاوسەرەکەیەوە بۆ کرد. بەوپەڕی سەرسامییەوە لەوە تێگەیشتم کە ئەو تا ڕادەیەك ئاگاداری بەسەرهاتی ناتاشایە و لە وەڵامی پرسیارەکەیشمدا کە پرسیم ((چۆن ئەم بابەتە دەزانیت؟)) هاتە وەڵام:

- بەرێکەوت، ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستە بە بۆنەی مەسەلەیەکی دیکەوە هەندێك شتم سەبارەت بەم بابەتە بیست. خۆ پێشتر پێم گوتیت کە شازادە ڤالکۆڤسکی دەناسم. فکرەیەکی باشە، ئێلنا بنێرە بۆ لای ئەو بەدبەختانە، گەرنا تووشی ناڕەحەتیت دەکات. شتێکی دی، ئەو پێویستیی بە ناسنامە هەیە، خەمت نەبێت،خۆم جێبەجێی دەکەم. جارێ ماڵئاوا، زوو زوو سەردانم بکە. ئێستە خەوتووە؟

- ڕەنگە.

بەس هەرکە چووە دەرێ، ئێلنا بانگمی کرد و پرسیی: ((ئەم بەڕێزە کێ بوو؟)) دەنگی دەلەرزی، بەس بە هەمان نیگای زەق و لەخۆباییانەوە لێم نز دەبووەوە، بەو نیگایەوەی کە دەشێ هەر بەم چەشنە وەسفی بکەم.

ناویم پێ گوت و هەروەها ئەوەشم بۆ زیادکرد کە بە یارمەتیی ئەو توانیمان تۆ لە چنگی بۆبنۆڤا دەربهێنین، چونکە بۆبنۆڤا زۆر لەو دەترسێ. لە پڕ ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا. بێگومان ئەمە بە بۆنەی بیرهاتنەوەی بەسەرهاتەکەی دوێنێ شەوەوە بوو.

لەناکاو سیخوڕانە لێمی پرسی: ئیدی نایێتەوە بۆ ئێرە؟

خێرا بێخەمم کرد. بێدەنگ بوو و دەستمی خستە نێو دەستە بچووکە گەرمەکانییەوە، بەس وەك ئەوەی کتوپڕ ڕای گۆڕابێت، دەسبەجێ دەستمی بەردا. بە خۆمم گوت ڕاست نییە ئەوەندە ڕقی لە من بێت. ئەو خووی بەو شێوە ڕەفتارەوە گرتووە یان... یان ئەم کلۆڵە چارەڕەشە ئەوەندەیان تووشی نەهامەتی و کەسەر کردووە، کە ئیدی متمانەی بە کەس نەماوە.

لەو کاتژمێرەدا کە دەرمانفرۆشەکە دیاریی کردبوو ڕۆیشتم دەرمانەکانم کڕین و لەسەر ڕێگەکەش چوومە ئەو ڕێستۆرانەی کە بە قەرز نانم لێ دەخوارد. ئەم جارەیان قابلەمەیەکم لە ماڵەوە لەگەڵ خۆمدا هێنا و بە خاوەن ڕێستۆرانەکەم گوت شۆربای مریشکی تێ بکات هەتا لەگەڵ خۆم بۆ ئێلنای ببمەوە. بەس ئێلنا دەمی لێ نەدا و شۆرباکەش هەروا بەسەر کوانووەکەوە مایەوە.

دوای ئەوەی جۆشانەکەیشم دەرخوارد دا، خۆم بە کارەکانمەوە سەرقاڵ کرد. وام دەزانی خەوتووە، بەس کە بە لاچاوێك سەیریم کرد، بینیم کەوا سەری لە سەر بالیفەکە بەرزکردووەتەوە و بە سەرنجەوە لە جووڵەکانم ڕاماوە. من وام نواند کە ئاگاداری ئەم بابەتە نیم. دواجار بەو پەڕی سەرساممییەوە بینیم کە خەوێکی قووڵی لێکەوتووە و نە تا کەی ماوە و نە وڕێنەش دەکات. هەستم بە ناڕەحەتییەکی زۆر کرد: ناتاشا ئاگای لەم مەسەلەیە نەبوو، جا نەك هەر بە تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆ نەچوومە بۆ لای بۆی هەبوو لێم تووڕە بێت، بەڵکە لەوانەش بوو دڵی لێم ئێشابێت، چونکە ئەو ڕەنگە وای بە خەیاڵدا هاتبێت لەم هەلومەرجە نالەبارەدا کە زیاتر لە هەر کاتێکی دی پێویستیی بە منە، من خەمساردانە ئەوم پشتگوێ خستووە. لەوانەبوو گرفتێکی هاتبێتە ڕێ، یان کارێکی بە من هەبووبێت و وابزانێ من دەسئەنقەس سەردانیم نەکردووە.

بەس نەمدەزانی کە دەبێت سبەینێ چۆن داوای لێبوردن لە دایکی بکەم و چ پاساوێك بۆ سەردان نەکردنەکەم بهێنمەوە. ماوەیەك بیرم کردەوە و پاشان کتوپڕ بڕیارمدا لە ماوەیەکی کەمدا سەردانی هەردووکیان بکەم. تەنیا دوو کاتژمێر کاتم لەبەر دەستدا بوو. ئێلنا نوستبوو و نەیدەزانی کە من ماڵەوەم جێهێشتووە. دەمودەست هەستامە سەرپێ، پاڵتۆ و کڵاوەکەمم هەڵگرت و وەختێك کە گەرەکم بوو لە ژوورەکە بچمە دەر، ئێلنا بانگی کردم. حەپەسام: یانی خەوی ئەم ماوە دورودرێژەی نواندن بووە؟

دەبێت ئەوە بڵێم کە گەرچی ئێلنا وای دەنواند حەزی بە دواندنی من نییە، بەس کە هەیتا هەیتا دەستی کردە بانگ کردنم و دوودڵییەکانی کەوتنە ڕوو، ئەمە ڕێك پێچەوانەی بابەتەکەی سەلماند و شادییەکی زۆری بە دڵم بەخشی.

کە لێی نزیك دەبوومەوە، پرسیی: ((بەتەمان بۆ لای کێم بنێرن؟)) زۆربەی کات کتوپڕانە و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو پرسیاری دەکرد. تەنانەت ئەمجارەیان لە سەرەتاوە لێی حاڵی نەبووم.

- چەند خولەکێك پێشتر بە هاوڕێکەتان گوت دەتانەوێ بە دەستی کەسانێکم بسپێرن. من نامەوێت بۆ هیچ کوێ بچم.

بەرەو لای چەمیمەوە، دیسان لەبەر تا لاشەی ئاگری گرتبوو. هەوڵمدا ئاسوودەی بکەم، بەڵێنم پێدا کە گەر دڵی پێوە نەبوو ئەوا نەینێرم بۆ هیچ شوێنێك و هەر لای خۆم بمێنێتەوە. بەدەم ئەم قسانەوە پاڵتۆکەم داکەند و کڵاوەکەم بەسەرمەوە لابرد. نەمدەتوانی هیچ بڕیارێك بدەم و لەو هەلومەرجەدا بە تەنیا جێی بهێڵم.

وەختێك بینیی بڕیاری مانەوەم داوە گوتی: ((نا، بڕۆن. حەزدەکەم بنووم. هەر ئێستە دەنووم.))

بە گومان و دردۆنگییەوە گوتم: ((بەس خۆ ناکرێت تۆ بەتەنیا بیت، جا منیش لەوانەیە دوو کاتژمێرێکم پێ بچێ.))

- نا، بڕۆن، یانی گەر یەك ساڵی ڕەبەقیش من نەخۆش بم، ئێوە هەر لەماڵێ دەمێننەوە؟

هەوڵیدا خەندەیەکم بەدەمەوە بکات و سەیرێکی هەژێنەری کردم، دەتگوت لەگەڵ هەستێکی باشی دڵیدا لە ململانێ دایە. داماوی چارەڕەش! سەرەڕای ئەو هەموو قینەی کە بەرانبەر بە خەڵکی هەیبوو، دڵی پاکی لە پشت ئەو سیما شەڕانییەیەوە هەستە ناسکەکانیی دەدەلاند. سەرەتا بۆ ماڵی ئانا ڕامکرد. بەبێ ئارامی و پەرێشانییەوە چاوەڕێم بوو و لۆمەیەکی زۆری کردم. تووشی نیگەرانییەکی ترسناك ببوو: نیکۆلای دوای فراوێن یەکسەر چووبووە دەرێ و دیاریش نەبوو بۆ کوێ چووە. سۆسەی ئەوەم کرد کە لەوانەیە نەیتوانیبێت زمانی خۆی بگرێ و بە پێی خووی هەمیشەیی خۆی، بە ‹‹ناڕاستەوخۆ›› هەموو شتێکی بۆ مێردەکەی باس کردووە. ئەوجا خۆیشی دانی بەوەدا نا کە نەیتوانیوە مێردەکەی لەو خۆشییە گەورەیەدا بێبەش بکات، بەس بە پێی قسەکانی ئەو، نیکۆلای بە بیستنی ئەم قسانە، وەك کەڵەکە هەوری تۆفانهێن ڕەنگی تاریك داهاتووە و هیچی نەوتووە (نقەی لێوە نەهات و تەنانەت وەڵامی پرسیارەکانیشی نەدایەوە)، جا دوای فراوێن لەپڕ چووتە دەرێ. ئانا لەگەڵ باسکردنی ئەم ڕووداوەدا هەڵدەلەرزی و تکای لێ دەکردم لەگەڵ ئەو چاوەڕێ بم هەتا نیکۆلای دەگەڕێتەوە. من داوای لێبوردنم کرد و بێ پێچ و پەنایش پێم گوت کە لەوانەیە سبەینێش نەتوانم بێم بۆ لای و هەر لەبەر ئەوەش هاتووم هەتا لەم بارەوە ئاگاداری بکەمەوە. ئەمە هێندەی نەمابوو دەمەقاڵەیەکی لێ بکەوێتەوە. جا دایە پرمەی گریان، سەرکۆنەی کردم و قسەی تاڵ و ناخۆشی پێ گوتم. بەس کاتێك کە خەریك بوو لە دەرگەکە بترازێم، خۆی بە گەردنمەوە هەڵواسی و تکای لێکردم کە لێی زویر نەبم و قسە ناخۆشەکانی لە دڵ نەگرم.

ناتاشا بە پێچەوانەی چاوەڕانیی منەوە، تەنیا بوو. سەیر ئەوەبوو کە وا دەرکەوت وەك دوێنێ و بە گشتی وەك ڕۆژانی دی تامەزرۆی هاتنی من نەبووە. دەتگوت دەسپاگری ئەوم و نارەحەتی دەکەم. لێم پرسی ئایا ئەمرۆ ئالیۆشا

هاتووه بۆ لات. گوتی هاتووه بەس ماوەیەکی زۆر کەم ماوەتەوە. پاشان وەك ئەوەی کە دوو دڵ بێت، بۆی زیاد کرد: ((بەڵێنی داوە ئەمشەو بێت.))

- ئەی دوێ شەو چی؟

خێرا گوتی: ((نا، سەرقاڵ بووە. باشە ڤانیا، دەنگ و باسی تۆ چۆنە؟))

سەیر دەکەم حەزدەکات هەر لەوێ کۆتایی بە بابەتی قسەکردنەکەمان بێنێ و لەبارەی شتگەلێکی دیکەوە بدوێین: بە ئاشکرا بێهیوایی و دڵساردیی پێوە دیاربوو. وەختێك کە زانیی پێداگرانە نیگام لەسەر ڕووخساری چەقیوە، نیگایەکی هێندە خێرا و ڕەنجاوانەی کردم کە هەستم بە سووتانی سەرا پام دەکرد.

بەخۆمم گوت: خەمێکی دیکەی هەیە، بەس نایەوێ هیچ شتێکم لەبارەیەوە پێ بڵێت.

لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەودا، تەواوی بەسەرهاتەکەی ئێلنام بۆ گێڕایەوە. ئەم بابەتە زۆر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا و کاریگەرییەکی توندی لەسەر دانا. بە هاوارەوە گوتی:

- ئەی خودای من! جا تۆیش لەو هەلومەرجەدا، ئەوت بەتەنیا جێهێشت؟

بۆم باسکرد کە بە هیچ شێوەیەك نیازم نەبوو ئەمڕۆ بێمە لای، بەس وام بە بیردا هات کە لەوانەیە پێویستیی بە من هەبێت و لێم بڕەنجێ.

لە فکرا ڕۆچوو و وەك ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا قسە بکا، گوتی: ((پێویستیم بە تۆ هەبێت؟ لە ڕاستیشدا لەوانەیە پێویستیم پێت بێ، ڤانیا، بەس وا باشە ئەم بابەتە دوا بخەین بۆ کاتێکی دی. سەردانی دایك و باوکمت کردووە؟))

بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە.

- بەڵێ، خوا دەزانێت کە باوکم چۆن ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیە دەبێتەوە، ئەوجا گرنگیی چییە...

- چۆن ئەم گۆڕانە گەورەیە هیچ گرنگییەکی نییە؟

- بەڵێ... دەبێت بۆ کوێ چووبێت؟ ئەو ڕۆژە وات بە بیردا هات کە لەوانەیە بۆ لای من هاتبێت. گوێبگرە ڤانیا، گەر توانیت بەیانی سەرێکم لێ بدە. لەوانەیە سەبارەت بە بابەتێك قسەت لەگەڵ بکەم... بەس حەزناکەم ئارامیت لێ هەڵگرم، ئێستە دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەو کچۆڵە نەخۆشە. دوو کاتژمێرێك دەبێت کە ماڵێت جێهێشتووە، ئەرێ؟

- بەڵێ، باشە، ماڵئاوا، ناتاشا. ئەی ئالیۆشا دوێنێ هەڵسوکەوتی لەگەڵت چۆن بوو؟

- باسی ئالیۆشا دەکەیت، هیچ شتێکی تایبەت لەئارادا نەبوو... پێم سەیرە کە لەم بارەیەوە ئەوەندە کونجکۆڵی دەکەیت.

- بە هیوای دیدار، هاوڕێکەم.

ماڵئاوایی کرد و تەوقەیەکی خەمساردانەی لەگەڵ کردم، جا وەختێك کە وەك ماڵئاوایی بۆ دواهەمین جار لێیم ڕوانی، سەری بەرەو لایەکی دی سوڕاند. ئەوم جێهێشت و تا ڕادەیەکیش سەرم سوڕمابوو. بەس بە خۆمم گوت بێگومان فکری بە هەندێك پرسی دیکەوە مەشغوڵە. پرسگەلێکی گرنگ. بەخۆی سبەینێ هەموو شتێکم بۆ دەگێڕێتەوە.

غەمگینانە گەڕامەوە ماڵێ و هەرکە پێم نایە ژوورەکە بە توندی ڕاچەنیم. ئێلنا لەسەر نیمکەتەکە دانیشتبوو، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردبووەوە و پێدەچوو لە فکرێکی قووڵدا بێت. تەنانەت لای لە منیش نەکردەوە، وا دیاربوو هۆشی لە جێیەکی دیکەیە. لێی نزیك بوومەوە، لەبەرخۆ و لەژێر لێوەوە ورتە ورتی دەکرد. بە خۆمم گوت: ((نەکا دیسان تووشی وڕێنەکردن بووبێتەوە؟))

لە تەنیشتی دانیشتم، دەستم خستە سەر شانەکانی و پرسیم: ((ئێلنا، کچۆڵەکەم، تەندروستیت چۆنە؟))

بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ گوتی: ((دەمەوێ لێرە بڕۆم... بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو...))

بە دەستە پاچەییەوە پرسیم: ((بۆ کوێ بڕۆیت؟ بۆ لای کێ بگەڕێیتەوە؟))

- بۆ لای ئەو، بۆ ماڵی بۆبنۆڤا. دایمە دەیگوت پارەیەکی زۆری ئەو قەرزارم، لەسەر حسێبی بەرکی خۆی دایکمی بەخاك سپاردووە... دەچمەوە بۆ لای، ئیش دەکەم و بە ئیشکردن ئەو پارانەی دەدەمەوە کە بۆ ئێمەی خەرج کردوون.... جا دواییش ئەوێ جێ دەهێڵم. بەس هەنووکە دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ لای ئەو.

- وەرەوە سەر خۆت ئێلنا، تۆ ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ لای ئەو. ئەشکە نجەت دەدا، بە لاڕێتدا دەبات. ئەوجا درۆیش دەکات، ئەو هیچ پارەیەکی بۆ بەخاکسپاردنی دایکت خەرج نەکردووە.

ئێلنا بە تاو و تینەوە گوتی: ((با ئەشکە نجەم بدات، با بەلاڕێمدا ببات، خۆ من یەکەمین کەس نیم: کەسانی دیکەش هەبوونە، کە زۆر لە من باشتر بوونە و مەینەتییەکی زۆریشیان کێشاوە. ئەوەم لە ژنە هەژارێکی سەر کۆڵانەوە بیست. من هەژارم و دەشمەوێ هەر بە هەژاری بمێنمەوە، هەموو تەمەنم هەر بە هەژاری دەمێنمەوە، ئەمە ئەو فەرمانە بوو کە دایکم لە سەرەمەرگدا بە منی دا. ئیش دەکەم... نامەوێ ئەم جلکەم لەبەردا بێت...))

- سبەینێ زوو جلێکی دیکەت بۆ دەکڕم. کتێبەکانیشت بۆ دەهێنمەوە. لەگەڵ مندا بژی، گەر دڵیشت پێوە نییە، ئەوا دەتنێرم بۆ لای کەسانێکی ئاوڕوودار، ئارامبە...

- دەچم بۆ شوێنێك و لەوێ وەك كرێكار دادەمەزرێم.

-باشە، باشە، بەس ئێستە ئارامبەرەوە و بۆ خۆت بخەوە.

بەس داماوی ئاوها دەستی كردە گریان. بەرە بەرە گریانەكەی گۆڕا بۆ هەنسكدان. نەمدەزانی دەبێ چی بكەم. چووم كەمێك ئاوم هێنا، لاجانگەكانی و تەوێڵیم تەڕ كرد. سەرەنجام بەبێ هازییەوە لەسەر نیمكەتەكە پاڵكەوت و دیسان تووشی لەرز و تایەكی توند بووەوە. هەرچیم بەدەستەوە هات ئەوم پێ دا پۆشی و ئیدی خەو بردییەوە، بەس خەوێكی پەرێشان. سەرا پای دەلەرزی و خولەك دوای خولەك بەئاگا دەهاتەوە. گەرچی ئەو ڕۆژە زۆر ڕێم نەكردبوو، بەس هەستم بە شەكەتی دەكرد. بڕیارم دا تا زووە بخەوم. فكرگەلی ناڕەحەتكەر و ئاڵۆز مێشكمیان جەنجاڵ دەكرد. پێشبینیم دەكرد كە ئەم كچە بچووكە دەردەسەرییەكی زۆرم بۆ ساز بدات. بە كورتییەكەی، بەر لەوەی لەم شەوە ناڕەحەتكەرەدا خەو بمباتەوە، بەو ئەنجامە گەیشتم كە تا ئەو كاتە هەرگیز ڕۆحم تووشی پەرێشانییەكی لەو جۆرە نەبووە.

## ٩

درەنگانێکی نزیك کاتژمێر دەی بەیانی بوو کە بەدەم ئازاری نەخۆشییەوە لە خەو هەستام. سەیرێکی جێخەوەکەی ئێلنام کرد، بەتاڵ بوو. هاوکات لەلای ڕاستی ژوورەکەوە دەنگی خشە خشێکم بیست، پێدەچوو کەسێك خەریکی خاوێنکردنەوەی ڕووی ژوورەکە بێت. لێی چوومە پێش و سەیر دەکەم: ئێلنا قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و بەو جلە تازانەیەوە کە هێشتا لەبەریدا بوون، خەریکی گسکدانی ژوورەکەیە. بۆ پێکردنی کوانووەکە لە سووچێکەوە هێزم هەڵچنرابوو. مێزەکە سڕابوو و کتریەکەش بریقەی دەهات، بە کورتییەکەی ئێلنا هەموو ئیشەکانی ماڵێی ئەنجام دابوون.

بە تووڕەییەوە گوتم: ((گوێبگرە ئێلنا، کێ پێتی گوتووە ژوورەکە گسك بدەیت؟ من بەتەمای وەها شتێك نیم، تۆ نەخۆشیت، خۆ وەك خزمەتکار نەهاتوویت بۆ ماڵی من.))

قیت بووەوە، سەیری کردم و گوتی: ((ئەی کێ ژوورەکە گسك بدات؟ خۆ من ئیدی نەخۆش نیم.))

- وەڵێ من بۆ کارەکەری تۆم نەهێناوە. نەکا ترسی ئەوەت هەبێت کە منیش وەك بۆبنۆڤا ئەوەت بە ڕوودا بدەمەوە کە لێرانە بە خەرجیی من دەژیت؟ ئەی ئەو گسکە پیسەت لە کوێ هێناوە؟

پاشان سەیرێکی سەرسامانەی ئەو و گسکەکەم کرد و گوتم: ((من گسکم نییە.))

- هی خۆمە. بەخۆم هێناومە بۆ ئێرە. بەمە ژوورەکەم بۆ باپیرەم گسك دەدا و لەو کاتەوە، هەر لەژێر کوانووەکەدا بووە.

بەدەم بیرکردنەوەوە گەڕامەوە بۆ شوێنەکەی خۆم: بۆی هەیە بە هەڵەشدا چووبم، بەس وام بە بیردا هات کە میوانداریییەکەی منی لەبەر گرانە و بە هەر جۆرێك بووە دەیەوێت بۆم بسەلمێنێ کە لە ماڵەکەی مندا بەخۆڕایی ناژی. بەخۆمم گوت: ((ڕۆحی چەندە هەستیارە!)) دوای دوو سێ خولەکێك هات و لە شوێنەکەی دوێنێی، یانی لەسەر نیمکەتەکە دانیشت و بە نیگایەکی پشکنەرەوە لێم ڕاما. لەم ماوەیەدا من ئاوم کوڵاندبوو و چام دەم کردبوو. فنجانێك چام بۆ تێکرد و لەگەڵ لەتە نانێکی سپی دامە دەستی. بێدەنگانە و بێ ئەوەی بەرهەڵستی بکات، لێمی وەرگرت. کەم تا زۆر بۆ ڕۆژێك دەچوو کە هیچی نەخواردبوو.

ئاماژەم بە خەتێکی ڕەشی سەر کراسەکەی کرد و گوتم: ((کراسەکەتت پیس کردووە.))

دەستی کردە گەڕان بە دوای ئەو شوێنە پیسەی سەرکراسەکەی کە نیشانیم دابوو، جا فنجانەکەی لەسەر زەوی دانا، ئەوسا خوێنساردانە بە هەردوو دەست ئەو بەشەی کراسەکەی گرت، جا بە یەك جووڵە لە خوارێ ڕا هەتا سەر دڕاندی و بەم کارەی منی حە پەساند. پاشان بە ڕەنگی پەڕیوەوە، نیگا مکوڕ و زیتەکەی لە من بڕی.

وەك ئەوەی کە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێکی دێوانەدا بکەم هاوارم کرد: بۆ وا دەکەیت، ئێلنا؟

لە بارێکدا کە لەتاو ڕقێکی تێکەڵ بە خەفەت کەوتبووە هەناکە هەناك گوتی: ((ئەم کراسە نەفرەتییە. بۆ گوتت کراسێکی جوانە.)) پاشان کتوپڕ هەستا و هاواری کرد: ((نامەوێ لەبەرمدابێ. من داوام لەو نەکردبوو کە ئەم کراسەم بۆ بکڕێت. ناچارمی کرد بیپۆشم. پێشتریش وەها کراسێکی دیکەم دڕاندووە، ئەمەشیان دەدڕێنم، دەدڕێنم، دەدڕێنم!...))

بە ڕق و هەڵچوونێکی زۆرەوە کەوتە گیانی کراسەکە و لە چاوتروکانێکدا شڕ و وڕی کرد. وەختێکیش لە کارەکەی بووەوە، بە چەشنێك ڕەنگی پەڕیبوو کە بە زەحمەت خۆی بە پێوە دەگرت. من بە سەرسامی و دەستەپاچەییەوە لە جووڵە ڕقاوییەکانیم دەڕوانی. ئەویش بە نیگایەکی شەرەنگێزانەوە بە چەشنێك لێمی دەڕوانی کە وەك بڵێی گوناحێکم بەرانبەر کردبێت. بەس دەمزانی ئیدی دوای ئەمە دەبێت چی بکەم.

بڕیارم دا ئەو بەیانییە کراسێکی باشی بۆ بکڕم. دەبوو لەگەڵ ئەم مرۆڤە ڕکن و دڕ و کێویەدا، بە هێمنی و نەرم و نیانییەوە هەڵسوکەوت بکەم. پێدەچوو ئەو هەرگیز لەگەڵ مرۆڤی میهرەبان و خەمخۆردا هیچ سەروکارییەکی نەبووبێت. ئەو پێشتر سەرباری ئەو تەمبێکردنە بێ بەزەییانەیەی کە چاوەڕێی بووە گەر کراسێکی دیکەی لەم جۆرەی دڕاندبێت، ئەوا دەبوو ئێستە بە چ ڕق و قینێکەوە ئەمەیان بدڕێنێت کە سەختی و نەگبەتییەکانی ئەم دواییانەی بیر دەهێنایەوە!

لە بازاڕی کۆنە فرۆشییەکەدا بە پارەیەکی کەم کراسی جوان و باش دەست دەکەوت. بەس نەگبەتییەکەی من ئەوە بوو کە لەو ساتەدا بەرکەم پووت بوو. بەس دوێنێ شەو بەر لەوەی بخەوم، بڕیارمدا سەردانی جێیەك بکەم کە بۆی هەبوو بڕێك پارەم دەستکەوێت، بەم پێیە دەبوو بەبێ خاوە خاوکردن بەرەو ئەوێ بەڕێکەوم. کڵاوەکەمم هەڵگرت. ئێلنا بە سەرنجەوە سەیری جووڵەکانمی دەکرد، وەك بڵێی چاوەڕێی ئەوە بوو کە من کاردانەوەیەکی لە بەرانبەردا بنوێنم.

وەختێك کە کلیلەکەم هەڵگرت هەتا وەك دوێنێ و پێرێ بەدوای خۆمدا دەرگەکە قوفڵ بدەم پرسیی:

- دیسان دەتەوێت بەندم بکەیت؟

گەڕامەوە بۆ لای و گوتم: ((کچەکەم، تووڕە مەبە. بۆیە دەرگەکە قوفڵ دەدەم هەتا کەس بێزارت نەکات. تۆ نەخۆشیت و گەر کەسێکیش بێتە ژووری، ئەوا لەوانەیە بتترسێنێ. جا هەر خوداش دەزانێت کە کێ خۆی بە ژووریدا دەکات. لەوانەیە بۆبنۆڤا ئەوەی بە مێشکدا بێت کە... ))

بە قەستی ئەو قسەیەم کرد. متمانەم پێی نەبوو، هەر لەبەر ئەوەش دەرگەکەم گاڵە دەدا. وام بیر دەکردەوە کە لەوانەیە لە کتوپڕێکدا فکرەی هەڵهاتنی بە مێشکدا بێت. هەر لەبەر ئەوە بڕیارمدا پارێز بکەم. ئێلنا کڕ بوو و منیش جارێکی دی دەرگەکەم لێ داخست.

خاوەنی دەزگایەکی چاپ و پەخشم دەناسی کە لە دوو ساڵی ڕابردووەوە کتێبگەلێکی فرەی بڵاو کردبوونەوە. هەر وەخت کە زۆر پێویستم بە پارە بووبا سەردانی ئەوم دەکرد و لە بەرانبەر ئەو بڕە پارەیەی کە پێمی دەدا، هەندێك کارم بۆ جێبەجێ دەکرد. هەمیشەش لە کاتی خۆیدا هەقدەستەکەی دەدامێ. چوومە لای، وەك پێشەکی بیستوپێنج ڕۆبڵی دامێ و بەڵێنم دا لە ماوەی حەفتەیەکدا پێشەکییەکی لەسەر کتێبێك بۆ بنووسم. بەس لە هەمان کاتدا هیواخواز بووم کە دەرفەتێکم بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکەم بۆ بڕەخسێت. زۆربەی کات، یانی ئەو کاتانەی کە پارەم لێ دەبڕا، ئەم کارەم دەکرد.

لەگەڵ وەرگرتنی پارەکەدا بەرەو بازاڕی کۆنە فرۆشان ڕامکرد، لەوێ سەرم لە ژنە دوکاندارێك دا کە هەموو جۆرە کراسێکی دەستی دووی لەلا دەست دەکەوت. هەرکە بە مەزەندە درێژیی باڵای ئێلنام پێ گوت، یەکسەر کراسێکی جوان و باش و کراوە ڕەنگی پیشان دام کە لە جارێك زیاتر لەبەر نەکرابوو: نرخەکەی زۆر لەوە هەرزانتر بوو کە سۆسەم دەکرد. سەرپۆشێکیشم بۆ کڕی. لەگەڵ بژاردنی پارەی ئەواندا بیرم هاتەوە کە ئێلنا پێویستیی بە پاڵتۆیەکی بچووکیش، یان پۆشاکێکی گەرم هەیە. هەوا سارد بوو و ئەویش جلی گەرمی نەبوو تا لەبەری بکات. بەس جارێ پاڵتۆ کڕینەکەم دواخست. گەرچی من کراسێکی زۆر سادە و هەرزان بابیم بۆ کڕیوو، بەس خودا دەیزانی کە داخۆ لێم وەردەگرێت یان نا. دوو جووت گۆرەویی شلیلەیی و جووتێکی پەژمیشم بۆ کڕی. دەمتوانی بە بیانووی ساردیی ئەپارتمانەکەم و نەخۆشیی ئەوەوە، وای لێبکەم ئەمانەم لە دەست وەربگرێ. ئەو پێویستیی بە جلی ژێرەوەش بوو. بەس جارێ هەموو ئەمانەم بۆ کاتێك دانا کە باشتر شارەزای یەکدی بین. هەروەها پەردەیەکیشم بۆ دەوری تەختەخەوەکەی کڕی کەدەمزانی دەبێتە مایەی دڵخۆشیی.

کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ بەو شتانەوەی کە کڕیبوومن گەڕامەوە ماڵێ. قوفڵەکە بێدەنگانە کرایەوە و ئێلنا نەیزانی من هاتوومەتەوە. سەیر دەکەم لای مێزەکە ڕاوەستاوە و خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبەکانمە. وەختێك کە زانیی گەڕاومەتەوە، بەخێراییەوە ئەو کتێبەی داخست کە خەریکی خوێندنەوەی بوو، کەمێك سوور هەڵگەڕا و لە مێزەکە دوور کەوتەوە. سەیرێکی پەرتووکەکەم کرد: یەکەمین پەرتووکی بڵاوکراوەم بوو کە لەژێر ناونیشانەکەیەوە ناوی من چاپ کرابوو. بە شێوەیەکی لاسارانە گوتی:

- وەختێك كە لێرە نەبوويت كەسێك هات و پرسيی كە بۆچی دەرگەكەت داخستووە.

- ڕەنگە دكتۆرەكە بووبێت، قسەت لەگەڵ كرد، ئێلنا؟

- نا.

ئيدی هيچم نەگوت و ئەو بەستەيەم كردەوە كە لەگەڵ خۆمدا هێنا بووم و پۆشاكەكانی ئەوم دەرهێنان. پاشان لەو نزيك بوومەوە و گوتم:

- گوێبگرە، كچە ئازيزەكەم، تۆ نابێت ئەم جلە دڕاوانەت لەبەر بێت، جا هەر بەم بۆنەيەوە كراسێكم بۆ كڕيويت كە دەتوانيت بۆ هەموو شوێنێك لەبەری بكەيت، خەمت نەبێت زۆری تێ نەچووە، گەلێك هەرزان بايیشە. بە ڕۆبڵێك و بيست و پێنج كۆپيكم كڕيوە. تكا دەكەم لەبەری بكە.

كراسەكەم خستە سەر مێزەكەی تەنيشتی، سوور هەڵگەڕا و بۆ ساتێك چاوی تێبڕيم.

زۆر خەجاڵەتی دەكێشا و لە هەمان كاتيشدا وڕ مابوو. بەس بارێكی ميهرەبان و سۆزدارانە لە نيگايدا وەدەركەوت. وەختێك كە بينيم هيچ دەنگێكی لێوە نايێت ئيدی ڕووم لە مێزەكە كرد. پێدەچوو ئەم ئيشەی من كاريگەرييەكی زۆری لەو كردبێت. بەس بە هەوڵدانێكی زۆر بەسەر خۆيدا زاڵ بوو و بە سەرێكی كزكردووەوە، لەجێی خۆی مايەوە و جووڵەی لەخۆی بڕی.

سەرم دەسووڕا و حاڵم زۆر نالەبار بوو. هەوای پاكی دەرەوەش هيچ كاريگەرييەكی باشی لەسەر تەندروستيم نەكربوو. بەس دەبوو سەردانی ناتاشا بكەم. لە دوێنێوە هەر نيگەرانی بووم و ئەم نيگەرانييەش تا دەهات پتر دەبوو. لە پڕ دەنگی ئێلنام بەر گوێ كەوت، ڕووم لێ كرد.

لە بارێكدا كە ڕووی لە لايەكی دی كردبوو و بە پەنجەكانی ڕيشووی بەرگی قەنەفەكەی بە دەوری پەنجەكانيدا لوول دەدا، وەك بڵێيت ئەمە تاقە كارێك بێت كە خۆی پێوە خەريك بكات گوتی: تكايە وەختێك لە ماڵ دەچنە دەرێ دەرگەكەم لێ دامەخەن. من بۆ هيچ كوێ ناچم.

- باشە، ئێلنا، قايلم. بەس ئەی ئەگەر كەسێك هات؟ جا هەر خوداش دەزانێت ئەو كەسەی كە خۆی بە ژوورێدا دەكات كێيە!

- مادام وايە كليلەكە لای خۆم دابنێ، لە ژوورەوە دەرگەكە دادەخەم و گەر هەر كەسێكيش لە دەرگەی دا، دەڵێم ئێوە لە ماڵێ نين.

سەيرێكی مەكربازانەمی كرد، وەك بڵێی گەرەكی بوو بڵێ: ((زۆر ئاسانە، هەر دەبێت وا بكەيت.))

بەر لەوەی دەرفەتی وتنی شتێکم هەبێت کتوپڕ گوتی: ((کێ جلەکانتان بۆ دەشوات؟))

- ژنێك کە لەم بینایەدا نیشتەجێیە.

- بەخۆم دەیانشۆم. دوێنێ لەکوێ نانتان خوارد؟

- لە ڕێستۆران.

- من کابانییش دەزانم. چێشتتان بۆ لێ دەنێم.

- بزانم ئێلنا، ئەوە چی دەڵێیت؟ خۆ بە جددی قسە ناکەیت؟

بێدەنگ بوو و سەری نەوی کرد. پێدەچوو قسەکەمی لەبەر دڵ گران بووبێت، لایەنی کەم دە خولەکێك ڕابورد، هەردووکمان بێدەنگ بووین.

بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ گوتی: بەینتان لەگەڵ شێودا چۆنە؟

بە سەرسامیەوە پرسیم: یانی چی لەگەڵ شێو؟ چ جۆرە شێوێك؟

- دەزانم شێو لێبنێم. وەختێك کە دایە نەخۆش بوو بۆم لێدەنا. هەروەها دەچوومە بازاڕ و شمەکم دەکڕی.

لێی نزیك بوومەوە، لەسەر قەنەفەکە لە تەکییەوە دانیشتم و گوتم: ((دەبینیت ئێلنا، کچێکی چەندە لووتبەرزیت. من بەو جۆرەی کە دڵم فەرمانم پێ دەکات ڕەفتارت لەگەڵدا دەکەم. تۆ تەنیا و ڕۆژەڕەش و لێقەوماویت، گەرەکمە یارمەتیت بدەم. گەر منیش تووشی دەردیسەرییەك بووم ئەوا تۆ یارمەتیم دەدەیت. بەس تۆ بەم جۆرە بیر ناکەیتەوە و ئامادەنییت بچووکترین هەدیە لە من وەربگریت. دەتەوێ دەسبەجێ قەرەبووی بکەیتەوە و بە ئیشکردن پارەکەی ببژێریت، وەك بڵێیت من بۆبنۆڤا بم و گەر ئیشم بۆ نەکەیت ئەوا پێتدا هەڵدەشاخێم. عەیبەیە گەر بەم جۆرە بیر بکەیتەوە، ئێلنا.))

هیچی نەگوت، لێوەکانی کەوتنە لەرزین. پێدەچوو بیەوێ شتێکم پێ بڵێ، بەس دانی بەخۆیدا گرت و دەنگی لێوە نەهات. من هەستامەوە و بەنیاز بووم سەردانی ناتاشا بکەم. کلیلەکەم لای ئێلنا دانا و تکام لێی کرد دەرگەکە بۆ هیچ کەسێك نەکاتەوە و گەر کەسێکیش لە دەرگەی دا، ئەوا ناوەکەی بپرسێت. دڵنیا بووم کە ناتاشا کێشەیەکی گەورەی هەیە و لێمی دەشارێتەوە، چونکە پێشتریش شتی لەم بابەتە ڕووی دابوو. بەهەرحاڵ بڕیارم وابوو تەنیا چەند خولەکێك لای بمێنمەوە و نە بمە دەسپاگری تا لێم وەڕەز نەبێت.

هەر وایش دەرچوو، بە نیگایەکی تووڕە و ناڕازیی بە دەممەوە هات. دەبوو دەمودەست جێی بهێڵم، بەس پێیەکانم لەگەڵم نەدەهاتن. دەستم بە قسە کرد:

- تەنیا بۆ ساتێك هاتووم بۆ لات، ناتاشا، دەمەوێ ڕاوێژێکت لەگەڵ بکەم: ((چی لەو کچە بکەم کە لەلامە؟))
پاشان بە پەلە پەل هەموو ئەو شتانەم بۆ باسکرد کە پەیوەندییان بە ئێلناوە هەبوو. ناتاشا بێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێ، تا کۆتا گوێی لە قسەکانم گرت. دواجار گوتی:

- ناتوانم هیچ کارێکت پێ ڕابسپێرم، ڤانیا. هەموو باسەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە بوونەوەرێکی سەیرە. لەوانەیە ستەمێکی زۆریان لێ کردبێت، لەوانەیە زۆریان ترساندبێت. لایەنی کەم لێگەڕێ با ماوەیەکی بەسەردا بچێ و بەشکوم باری ئاسایی خۆی وەربگرێتەوە. دەتەوێ بۆ لای دایك و باوکمی بنێریت؟

- بەخۆی دەڵێ نایەوێت بچێ بۆ هیچ کوێ وماڵەکەی من جێ ناهێڵێ. لە لایەکی دیکەشەوە خودا دەزانێ کە لە ماڵی ئێوەدا چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ، جا لەبەر ئەوە من نازانم دەبێت چی بکەم. بەس تۆ هاوڕێکەم، دوێنێ سەر و سیمات باشی نەدەگوت؟

ئەم پرسیارەم بەکەمڕوییەوە لێی کرد.

خەمساردانە هاتە وەڵام: ((بەڵێ، دوێنێ سەرم زۆر دەئێشا، ئەمڕۆیش هێندە باش نیم. ئایا ئەمڕۆ چاوت بە دایك و بابم نەکەوتووە؟))

- نا، سبەی دەچم بۆ لایان. چونکە سبەی شەممەیە.

- ئێ؟

- شازادە سبەی شەو دێت.

- بەڵێ، دەزانم، بیرم نەچووە.

- نا، مەبەستم ئەوە نەبوو، هەروا گوتم...

هاتە بەردەمم و ڕاوەستا و بە نیگایەکی زیتەوە تا ماوەیەك لێم ڕاما. نیگای بڕیارێکی بنجبڕانەی تێدا دەخوێندرایەوە، بارێکی بڵێسەدار و سووتێنەری هەبوو.

- با شتێکت پێ بڵێم، ڤانیا. پیاوەتی بکە و جێم بهێڵە، تۆ ناڕەحەتم دەکەیت...

هەستامەوە و بە سەرسامییەوە لێی ڕامام. جا پاشان بە دڵەڕاوکێوە گوتم:

- ناتاشا، ئازیزم، چیتە، چی ڕوویداوە؟

- هیچ ڕووی نەداوە! بەیانی لە هەموو شتێك تێدەگەیت، لە هەموو شتێك، بەس هەنووکە دەمەوێ تەنیا بم.
گوێگرە ڤانیا: یەکسەر ئێرە جێ بێڵە، بینینت زۆر ئازاردەرە، زۆر وەڕەزکەرە.

- وەلێ لایەنی کەم پێم بڵێ...

- بەیانی هەموو شتێك دەزانیت! ئاە، خوایە گیان! ئێستە دەڕۆیت یان نا؟

ژوورەکەیم جێهێشت، لە ناڕەحەتی و سەرسامیاندا سەرم ئاوسا بوو. ماورا بە پڕتاو هاتە سەرسەراکە، لەبەردەمم دا ڕاوەستا و پرسیی:

- باشە، تووڕەیە؟ من تەنانەت زاتی ئەوەشم نییە کە لێی نزیك ببمەوە.

- نازانیت چییەتی؟

- هەموو مەسەلەکە ئەمەیە کە ‹‹ئەو›› دوو ڕۆژە دیار نییە.

سەرسامانە پرسیم: ((یانی چی؟ بەس دوێنێ ئەو بەخۆی پێی گوتم کە بەر لە نیوەڕۆ هاتووە بۆ لام و وا بڕیارە کە شەویش سەرێك بدات.))

- ڕاست نییە، بە هیچ شێوەیەك دوێنێ دوو پای نەهاتووەتە ئێرە! باوەڕ بکە لە پێرێوە پێوار بووە. بە تۆی گوت دوێنێ بەر لە نیوەڕۆ لێرە بووە؟

- بەڵێ.

- باشە، کەواتە وا دیارە ئەم بابەتەی زۆر لەبەر دڵ گرانبووە، هەر بەم بۆنەیەشەوە هیچی بۆ باس نەکردوویت. مرۆڤێکی چەندە بێباکە!

پرسیم: وەلێ مانای ئەم جۆرە هەڵسوکەتە چییە؟

ماورا دەستەکانی لێك جیا کردنەوە و گوتی:

- مانای ئەوەیە کە ئیدی من نازانم هیچی لەگەڵ بکەم. دوێنێ منی بە شوێن ئەودا نارد، وەلێ دوو جار گەڕاندمیەوە. تەنانەت ئەمڕۆ ئیدی حەزناکا قسانم لەگەڵ بکات. تۆ دەبێ بچیت و سەرێك لەو بدەیت. من ناتوانم بە تەنیا جێی بهێڵم.

بەرەو پلیکانەکان کەوتمە ڕێ.

ماورا پرسیی: ئەمشەو سەردانی ئێرە دەکەیتەوە؟

بێ ئەوەی ڕابوەستم گوتم: ((دەبێ بزانم دەنگ و باسی ئەوێ چۆنە. ڕەنگە بۆ ئەوەی هەواڵی ئێرەت لا بپرسم سەرێك بدەمەوە. هەڵبەتە گەر تا ئەو کاتە هەناسەم نەچنرابێت.))

لە ڕاستیدا دوای بیستنی ئەم قسانە حاڵم زۆر شڕ بوو.

١٠

ڕاستە و ڕاست بەرەو ماڵی ئالیۆشا بەڕێ کەوتم. ماڵی باوکی دەکەوتە *مۆسکائیبای بچووک* ەوە و ئەویش لەوێ دەژیا. شازادە گەرچی سەڵت بوو، بەس لە ئەپارتمانێکی گەورەدا دەژیا. ئالیۆشا لەو ئەپارتمانەدا دوو ژووری باشی لەبەر دەستدا بوو. تا ئەو کاتە ئەمە دووەمین جارم بوو کە سەر بە ماڵی ئەودا بکەم. زۆربەی کات و بە تایبەتی لە سەرەتای دروست بوونی پەیوەندیی لەگەڵ ناتاشا، هەمیشە ئەو سەردانی ماڵی منی دەکرد.

لە ماڵێ نەبوو، لەبەر ئەوە یەکسەر چوومە ژوورەکەی و ئەم یاداشتەم بۆ نووسی:

((ئالیۆشا، پێدەچێ ئەقڵت لەدەست دابێت. شەوی سێ شەممە وەختێك کە باوکت داوای لە ناتاشا کرد ئەو شەرەفەت پێ ببەخشێ و بە هاوسەری خۆیت پەسەند بکات، تۆ لە خۆشیاندا شاگەشکە ببوویت، بەخۆم ئاگام لێ بوو. دەبێت دان بەوەدا بنێیت کە ئەم شێوە ڕەفتارەی هەنووکەت جێگەی پرسیارە. ئاگات لێیە کە چیت بەسەر ناتاشا هێناوە؟ بەهەرحاڵ، من لەڕێی ئەم یاداشتەوە وەبیرت دەهێنمەوە کە شێوەی ڕەفتارت لەگەڵ هاوسەری داهاتووتدا هەتا بڵێی کەمتەرخەمانە و ناجۆرە. هەڵبەتە باش دەزانم کە من بە هیچ شێوەیەك مافی سەرکۆنەکردنتم نییە، بەس هەرگیز گوێ بەم جۆرە شتانە نادەم...))

((تێبینی: ناتاشا بە هیچ شێوەیەك ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەم یاداشتە نییە و لەبارەی تۆشەوە هیچ قسەیەکی بۆم نەکردووە.))

یاداشتەکەم دەق کرد و لەسەر مێزەکەم دانا. کە هەواڵی ئالیۆشام لە خزمەتکارەکەی پرسی، گوتی ئالیۆشا تەنیا دەمەو بەیانیان دێتەوە بۆ ماڵ و زۆربەی کات لێرە نییە.

بە هەزار فەلاکەت توانیم خۆم بگەیێنمەوە ماڵێ. سەرم دەسووڕا و پێیەکانم دەلەرزین. دەرگەی ئەپارتمانەکە کرابووەوە و نیکۆلای لەوێ بوو. چاوەڕێمی دەکرد. لای مێزەکە دانیشتبوو و بێ ئەوەی هیچ بڵێت، لە ئێلنا ڕامابوو. ئیلناش بە هەمان ئەندازەی سەرسامیی ئەو و بە مکوڕییەکی بێدەنگانەوە چاوی لێی بڕیبوو.

بە خۆمم گوت: ((بێگومان دەبێت ئێلنای بە مرۆڤێکی ئێجگار سەیر و سەمەرە بێتە بەرچاو.))

نیکۆلای لە بارێکدا کە بە نیگا ژوورەکەی هەڵدەسەنگاند، بە لاچاوێك ئاماژەی بە ئێلنا کرد و گوتی: ((کاتژمێرێکە من لێرەم، هاورێکەم، هەڵبەتە دانی پێدا دەنێکم کە چاوەرێ نەبووم لە ماڵێ بیت.)) لە نیگایدا سەراسیمەیی بەدی دەکرا، بەس کە بە باشی لێی نز بوومەوە، دەرکم بەوە کرد کە نیگەران و خەمگینە. رووخساری زیاد لە هەر کاتێکی دی بێ رەنگتر ببوو.

بە بارێکی شپرزانە و بە ئازارەوە گوتی: ((وەرە دانیشە. زۆر پەلەمە. رووداوێکی نارەحەتکەرم بۆ پێش هاتووە. بەس ئەوە تۆ چیتە، سەروسیمات لە هی مرۆڤێکی سەرەحاڵ ناچێت.))

- حاڵم باش نییە، لە بەیانییەوە تا ئێستە سەرم دەسوورێ.

- ئاگاداری خۆت بە، نابێ تەندروستیت پشتگوێ بخەیت. بێگومان سەرمات بووە.

- نا، تەنیا نۆرەیەکی دەمارییە. جار وبار دەمگرێت. ئێوە تەندروستیتان باشە؟

- باشە، باشە! تەنیا کەمێك وورووژاوم و تووشی دڵەکوتەیەك بوومە، هەر ئەوەندە. وەرە دانیشە، رووداوێك لە ئارا دایە.

کورسییەکم بردە لای مێزەکە و روو بە رووی دانیشتم. پیرەمێردەکە بەرەو لام چەمییەوە و دەستی بە قسە کرد:

- وریابە، سەیری ئەو مەکە و با وای نیشان بدەین کە لەمەڕ بابەتێکی دیکەوە دەدوێین. ئەم کچۆڵەیە کێیە؟

- پاشان بۆتان روون دەکەمەوە، نیکۆلای سێرگەڤیچ. کچێکی لێقەوماوە کە دایك و بابی لەدەست داوە و نەوەی ئەو ئەسمیتەیە کە لێرە دادەنیشت و لای شیرینی فرۆشییەکە مرد.

- ئاە! یانی ئەو نەوەیەکیشی هەبووە؟ بەس هاورێی ئازیز، منداڵێکی سەرسورهێنەرە، بروانە چۆن سەیر دەکات! با رێك پێتی بڵێم، گەر پێنج خولەکی دی نەهاتبایت، ئەوا یەکسەر دەرۆیشتم. دوای دونیایەك شێر و رێوی هێنانەوە جا هێشتوویەتی بێمە ژوورێ. لەو وەختەیشەوە یەك قسەی نەکردووە، پیاو لێی دەترسێت، لە مرۆڤێکی ئاسایی ناچێت. چۆن گەیشتووەتە لای تۆ؟ ئاە! دەزانم، بێگومان هاتووە چاوی بە باپیرەی بکەوێ و کەچی ئاگای لەوە نەبووە کە ئەو مردووە، ها؟

- بەڵێ، کچێکی داماوە. باپیرەی لە کاتی گیانکەنشت دا باسی ئەوی بۆ دەکردم.

- باشە، گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە! وەها باپیرەیەك هەر دەبوو نەوەیەکی ئاوها بخاتەوە. گەر هەر بەڕاستی لێقەوماوە، ئەوا لەوانەیە بکرێت دەستی بگرین. باشە، ناتوانیت پێی بڵێیت لێرە بڕوا؟ چونکە دەبێت بابەتێکی زۆر جددیت لەگەڵ باس بکەم.

- وەلێ ئەو هیچ شوێنێکی دیکەی نییە، لە ماڵی من دەژی.

بە کورتی هەموو سەربووردەی ئەوم بۆ گێڕایەوە و پێم گوت کێشە نییە، با ئەویش لێرەبێت، ئێوە دەتوانن قسەی خۆتان بکەن، خۆ ئەو تەنیا منداڵێکە.

- بەڵێ، هەڵبەتە، منداڵێك، وەلێ ئەقڵم نایبڕێ، هاوڕێکەم. ئەو لێرە لەگەڵ تۆ دەژی، ئەی خودای مەزن!

پیرەمێردەکە دیسان بە نیگایەکی هەژیوەوە چاوی لە ئێلنا بڕی. ئێلنا هەستی بەوە کردبوو کە قسە لەسەر ئەو دەکەین، جا بێ ئەوەی ورتەی لێوەبێت، سەری کز کردبوو و ڕیشووی بەرگی قەنەفەکەی بە دەوری پەنجەکانیدا لوول دەدا. ئەو کراسە تازەیەی لەبەر کردبوو کە بۆم کڕی بوو و زۆریشی لێ دەهات. قژەکانی زۆر جوانتر لە جاران داهێنا بوون و ڕەنگە ویستبێتی لەگەڵ کراسە نوێیەکەیدا هاوئاهەنگ بن. بە گشتی، بەدەر لە باری نائاسایی نیگای، کچێکی بچووکی لەبەر دڵان بوو.

نیکۆلای گوتی: ((با بە کورتی و پوختی بۆت باس بکەم، هاوڕێی ئازیز: بەسەرهاتێکی دوورودرێژی زۆر جددییە...))

چاوی لە زەوی بڕیبوو، سەروسیمایەکی زۆر جددی و تێفکرانەی هەبوو. تیا مابوو کە چۆن و لە کوێوە ‹‹دەقا و دەق›› دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتە ‹‹جددی›› یەکەی بکات. بە خۆمم گوت: دەبێ باسی چیم بۆ بکات؟

- دەزانیت ڤانیا، هاوڕێی ئازیز، هاتووم تکایەکی گەورەت لێبکەم. بەس بەر لەوە... پێم وایە دەبێت ڕوونکردنەوەیەکت لە بارەی هەندێك هەلومەرجەوە بدەمێ... هەندێك هەلومەرجی زۆر هەستیار.

کۆکەیەکی کرد، لەژێرچاوەوە سەیرێکی کردم، پاشان لە ڕقی مێشکیدا کە بەباشی کاری نەدەکرد، سوور هەڵگەڕا.

- وەلێ پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات. خۆت تێدەگەیت. بێ ئەم لا و ئەو لا دەمەوێ شازادە بۆ شەڕێکی تەن بە تەن (دۆئیل) بانگهێشت بکەم، دەمەوێ تۆ ئەم کارە ڕێك بخەیت و لەگەڵ ئەوەشدا شاهێدم بیت.

واق و وڕ پاڵم بە کورسییەکەوە دا و چاوم تێبڕی.

-چییە؟ بۆ ئاوها سەیرم دەکەیت؟ دەڵێی چاوت لە شێتێك بڕیوە.

- بەس مۆڵەت بدەن، نیکۆلای سێرگەڤیچ! بە چ بیانوویەك و لە پێناو چ ئامانجێکدا؟ جا دواجار کێ دەڵێ ئەمە ڕێك دەکەوێت...

پیرەمێرد هاواری کرد: ((بیانوو، ئامانج، ئای لەم قسەیە.))

- باشە، باشە، دەزانم وەڵامی ئێوە چییە، وەلێ ئەم کارە چ سوودێك بە ئێوە دەگەیەنێت؟ ئەنجامی ئەم (دۆئیل)ە چی دەبێت؟ دانی پێدا دەنێم کە من سەری لێ دەرناکەم.

- باشە، چاوەڕێ نەبووم سەر لەم بابەتە دەربکەیت. گوێبگرە: دادگاییەکەمان تەواو بووە ‹‹یانی لە ڕاستیدا هەر لەم ڕۆژانە دوایی دێت: تەنیا هەندێك کاری ڕواڵەتی و بێ بایەخی ماوە››، من لەم دادگاییەدا دۆڕاوم. دەبێت دە هەزار ڕۆبڵ ببژێرم: ماڵ و موڵکەکەم وەك بارمتە دەستی بەسەردا گیراوە. هەنووکە ئەم هیچوپووچە دڵنیایە کە پارەی خەسارەت وەردەگرێ و منیش موڵکەکەمی ڕادەست دەکەم، قەرزەکەم پاك دەکەمەوە و ئیدی هیچمان لە نێواندا نامێنێ. ئیدی ئەوسا دەتوانم بێژم: جەنابی شازادەی ئێجگار بەڕێز دوو ساڵی ڕەبەق سووکایەتیت بە من کرد. بەدناوت کردم و ئاوڕووی خانەوادەکەمت برد، منیش بە ناچاری نقەم لە خۆم بڕی! ئەو وەختانە نەمدەتوانی داوەتی شەڕی تەن بە تەنت بکەم. چونکە ئەوسا خوێنساردانە پێت دەگوتم: ((ئای لەم! لەم پیاوە خوێڕی و تەڵەکەچییە! بەتەمایت بمکوژیت و ئەو پارەیەش نەبژێریت کە خۆت دڵنیایت کە دادگە درەنگ یان زوو ناچار بە بژاردنیت دەکات! نا، جارێ لێگەڕێ با بزانم ئەنجامی ئەم دادگاییە چی دەبێت، جا دواتر دەتوانیت من بۆ جەنگی تەن بە تەن داوەت بکەت.)) ئێستە، جەنابی شازادەی ئێجگار بەڕێز، دادگە بڕیاری خۆی دەرکردووە و ئێوە براوەن، بەم پێیە ئیدی هیچ کێشەیەك لە ئارادا نییە، کەواتە بێ زەحمەت بێرە مەیدانی جەنگی تەن بە تەن و لە بەرانبەرمدا ڕابوەستە.)) ئەمە تەواوی بەسەرهاتەکە بوو. باشە، بە بۆچوونی تۆ من مافی ئەوەم نییە کە لە بەرانبەر ئەو هەموو تۆمەت دانە پاڵ و سووکایەتی پێکردنانە تۆڵەی خۆم بسێنمەوە؟

چاوانی گریان لێ دەباری. تا ماوەیەکی زۆر، بە بێدەنگییەوە چاوم تێ بڕی. دەمویست دزە بکەمە قووڵایی فکرییەوە.

سەرەنجام بۆ ئەوەی باش لێك حاڵی ببین، بڕیارمدا بە جددی باسی ورد و درشتی بابەتەکەی لەگەڵ بکەم. هەر بەم بۆنەیەوە گوتم:

-گوێبگرن، نیکۆلای سێرگەڤیچ، دەتوانن ڕاستگۆیانە لەگەڵم بدوێن؟

پێداگرانە وەڵامی دایەوە: بەڵێ.

- با بێ پێچ و پەنا بدوێین، ئایا تەنیا لەبەر هەستی تۆڵەکردنەوە دەتانەوێ داوەتی دۆئیلی بکەن، یان ئامانجێکی دیکەشتان هەیە؟

- ڤانیا، تۆ باش دەزانیت کە من لێناگەڕێم هیچ کەسێك سەبارەت بە هەندێك پرس گومان بخاتە سەرگوتەکانم، بەس لەتۆی ناگرم، چوونکە تۆ بەو ڕۆحە ڕۆشن و وردبینەت، دەمودەست سۆسەی ئەوەت کرد کە ئەمە بابەتێك نییە کە هەر وا بە سادەیی بەسەریدا ڕابوویت. با، ئامانجێکی دیکەم هەیە و ئەویش پاراستنی حەیای کچەمە کە خەریکە لەکەدار دەکرێت و نامەوێ لێگەڕێم بەو ڕێگەیەدا بڕوا کە لەم دوایانە ئەویان پەلکێشکردووەتە ناوی، هەروەها دەمەوێت بیخەمەوە سەر ڕاستەڕێ.

- بەس ئەم «دۆئیل»ـە چۆن فریای ناتاشا دەکەوێت؟

- لەم ڕێگەیەوە دەتوانم هەموو ئەو نەخشە و پلانانەیان تێك بدەم کە دایانڕشتوون.گوێ بگرە: پێت وانەبێ کە سۆزی باوکانە یان لاوازییەکی دەروونی منی ناچار بە ئەنجامدانی وەها کارێك کردووە. ئەمانە هەمووی شتی بێ مانان. من لێناگەڕێم کەس دەرك بە نهێنییەکانی ناخم بکات. تەنانەت تۆیش ناتوانیت دەرکیان پێ بکەیت. کچەکەم پشتی تێ کردووم، لەبەر خاتری ماشووقەکەی ماڵی باوانیی جێهێشتووە و منیش بۆ تاهەتا ئەوم لە دڵی خۆمدا سڕیوەتەوە، هەر لەو شەوەوەی کە ڕۆیشت، بیرت ماوە؟ گەر لە بەرانبەر وێنەکەدا منت بە چاوی تەڕەوە بینی، ئەوا مانای وا نەبوو کە من ویستی لێبووردنیم هەیە. تەنانەت ئێستەیش لێی نابوورم. من بۆ ئاوڕووی تکاوو کامەرانیی لەکیس چووم دەگریام، نەك بۆ ئەو هەلومەرجەی کە ئێستە ئەوی تێدا دەژی. دەشێ زۆربەی کاتەکان چاو بە فرمێسك بم، دانی پێدا دەنێم و شەرم ناکەم، هەروەها شەرم لەوەش ناکەم کە بڵێم کچەکەمم لە هەموو کەسێکی سەر ئەم زەوییە خۆشتر دەوێت. لەوانەیە هەموو ئەمانە بە ڕواڵەت لەگەڵ بڕیارەکەمدا یەك نەگرنەوە و پێچەوانە بن. لەوانەیە پێم بڵێیت: مادام گەر وایە، گەر ئیدی ئەو بە کچی خۆت نازانیت و چارەنووسیت بەلاوە گرنگ نییە، ئەی بۆچی خۆت لەو نەخشانەدا هەڵدەقورتێنیت کە ئەوان دایان ناون؟ وەڵامت دەدەمەوە، یەکەم نامەوێ لەم نێوەندەدا مرۆڤێکی بەدئاکار و کڵاوچی براوە بێت و دووەمیش لەبەر هەستێکی مرۆڤانەی ئێجگار ئاسایی. گەرچی ئەو ئیدی کچی من نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بوونەوەرێکی لاواز و هەڵخەڵەتاو و بێ پەنایە کە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەوەندەی لەخشتە دەبەن هەتا بە تەواوی لەناو دەچێت. ڕاستەوخۆ ناتوانم خۆم لەم مەسەلەیەدا هەڵبقورتێنم، بەس بە ناڕاستەوخۆ و لە ڕێی ‹‹دۆئیل›› ەوە دەتوانم ئەم کارە بکەم. گەر بکوژرێم، گەر خوێنم بڕێژن، ئیدی ئەو زەماوەند لەگەڵ کوڕی کەسێکدا ناکات کە بکوژی منە، بەسەر تەرمەکەمدا ڕانابوورێت. مەگەر ببێتە کچی ئەو تزارەی کە (ئەو کتێبەت بیردێ کە تۆ لە ماڵی ئێمە لە ڕێی ئەوەوە فێری خوێندنەوە بوویت؟) کە فەرمانی دا گالیسکەکەی بەسەر تەرمی باوکیدا ڕابووڕێ. جا دواجار گەر کار بگاتە ئەم ململانێیە، ئیدی شازادەکەی

ئێمە لەو هاوسەرگیرییە پاشگەز دەبێتەوە. بە کورتییەکەی من ئەم زەماوەندە پەسەند ناکەم و هەموو کارێك لە پێناو سەرنەگرتنیدا دەکەم. ئێستە لە مەبەستم تێگەیشتیت؟

- گەر ڕاستیەکەیت دەوێت، نا. گەر ئێوە دەربەستی خوشبەختیی ناتاشان چۆن دەتوانن بڕیاری بەرگرتنی ئەم زەماوەندە بدەن؟ ئەو تەنیا لەم ڕێیەوە دەتوانێت حەیاچوونەکەی خۆی پاك بکاتەوە. ئەو هێشتا بەشی چەندین ساڵ ژیانی لە بەردەم دا ماوە. پێویستی بە حەیا و حورمەتە.

- ئەو دەبێت هێندەی پووشێکیش بایەخ بە واتەوات و بیر و بۆچوونی ئەوانی دی نەدات! ئەو دەبێت هەست بەوە بکات کە بوونە خزمی ئەم کەسە نەفس نزمانە و چوونە نێو ئەو دونیا چەپەڵەیانەوە، ئەوپەڕی حەیاچوون و بەدناویە. ئەوجا لەوانەیە ئیدی من ئامادە بم دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکەم و جا بزانم دوای ئەوە کێ زاتی ئەوەی هەیە کە سووکایەتی بە حەیا و حورمەتی کچەکەم بکات.

سەرم لەم خەیاڵپڵاویە نائومێدانەیەی سووڕما. بەس دەمودەست هەستم کرد کە لە ڕقاندا بەرچاوی خۆی نابینێت و هەرچیش دەڵێ هەمووی لە ڕقەوە سەرچاوە دەگرێت.

وەڵامم دایەوە: ئێوە داوای شتێك لەو دەکەن کە لە دەرەوەی توانایدایە. لاتان وایە کە ئەو لەبەر بوونە شازادە گەرەکییەتی ئەو هاوسەرگیرییە ئەنجام بدات؟ ئەو عاشقە، ئێوە خۆتان باش ئەمە دەزانن. باس باسی عەشقێکی دێوانەئاسا و چارەنووسێکی بێ چەند و چوونە، ئێوە داوا لەو دەکەن کە حسێب بۆ قسەی خەڵکی نەکات، وایە؟ بەس ئێوە بەخۆشتان پابەندی ئەم بۆچوونە نین. لە بەرانبەر قسەی خەڵکیدا سەری خۆبەدەستەوەدانتان دانەواندووە. شازادە سووکایەتیی بە ئێوە کردووە، بە ڕۆژی ڕۆشن ئەو بوختانەی بۆ داتاشیون کە گوایە ئێوە بە فڕوفێڵ ویستووتانە پەیوەندیی خزمایەتییان لەگەڵ دروست بکەن، ئێستاکە ئێوەش وا بیردەکەنەوە کە کچەکەتان دوای ئەو خوازبێنییە فەرمییەی کە لەلایەن ئەوانەوە لێی کراوە، گەر دەست بە ڕوویانەوە بنێت ئەوا سەلماندووتانە کە تەواوی تۆمەت و بوختانەکان ناڕەوا و ناهەق بوونە. ئێوە لە ڕقاندا گڕتان گرتووە و گەرەکتانە تۆڵەی لێ بستێننەوە و سووك و چرووکی بکەن و جا لەم پێناوەدا خۆشبەختیی کچەکەتان بەخت دەکەن. ئایا ئەمە غروور و خۆویستیی پێ ناڵێن؟))

نیکۆلای نیکۆلای بە سیمایەکی مڕومۆن و گرژەوە دانیشتبوو، تا ماوەیەکی زۆر هیچ وەڵامێکی نەدامەوە.

دڵۆپە فرمێسکێك لەنێو برژانگەکانیا درەوشایەوە و سەرەنجام گوتی: ((تۆ دەربارەی من بێ ویژدانیت، ڤانیا، سوێند دەخۆم بێ ویژدانیت، وەلێ با وا بێت، لێیگەڕێ.)) جا پاشان هەستا و کڵاوەکەی هەڵگرت و لەسەری ڕۆیشت: ((من ناتوانم هەموو هەستی دڵی خۆمت بۆ دەربڕم، تەنیا دەتوانم ئەوەندەت پێ بڵێم: تۆ باسی خۆشبەختیی

کچەکەمت کرد. وەلێ من متمانەم بە وەها خۆشبەختییەك نییە،نابێت ئەم ڕاستیەش لەبیر بکەیت کە تەنانەت گەر منیش خۆم هەڵنەقورتێنم، ئەو هەرگیزا و هەرگیز دەستی بەو خۆشبەختییە ڕاناگات.))

دۆشداماوانە پرسیم: ((چۆن؟ بۆچی وا بیر دەکەنەوە؟ هیچ شتێك لەم بارەیەوە دەزانن؟))

- نا، هیچ شتێکی ئەوتۆ نازانم. بەس ئەم ڕێوییە نەفرەتییە، لەخۆڕا بڕیارێکی لەم جۆرەی نەداوە. ئەم قسانە تەنیا درۆ و داون. من هیچ گومانێکم لەوەدا نییە و تۆیش قسەکانی خۆتت بیر نەچێت، هەر بەو جۆرە دەبێت کە پێشبینیم کردووە. جیا لەمەیش، گەر ئەم زەماوەندە سەربگرێ، هەمووی لەسەر بنەمای کۆمەڵێ حسێب و کتێبە کە ئەم هیچوپووچە کردوونی، حسێب و کتێبێکی نهێنی کە من و تۆ سەریان لێ دەرناکەین، هەروەها ئەمە بەشێکە لەو نەخشانەی کە من هیچ زانیارییەکم لەسەریان نییە. ئەوجا بە بیروڕاتدا بچۆرەوە و بە ویژدانەوە قسە بکە: ئایا ناتاشا لە ڕێی ئەم زەماوەندەوە خۆشبەخت دەبێت؟ دەیخەنە ژێر باری منەت و سەرکۆنە کردن، جا پاشانیش بە سووك و شەرمەزارکراوییەوە پشتی تێدەکەن، ئاخر ئەو دەبێت لەگەڵ کوڕێکدا ژیان بەسەر ببات کە هەر لە ئێستەوە خۆشەویستییەکەی بێ بنەما و کاتییە، هەرکە زەماوەندی لەگەڵدا کرد، بەرە بەرە خۆشەویستیی بۆ ئەو کاڵ دەبێتەوە و دوای ماوەیەك بێڕێزیی بەرانبەر دەنوێنێ و دواتریش سووك و ڕسوای دەکات، لە پەیوەندی عاشقانەدا هەتا لایەنێك زیاتر دڵسارد و کەمتەرخەم بێت، ئەوا لەبەرامبەردا عەشقی ئەوی دیکەیان زیاتر بڵێسە دەسێنێت و ئیدی خانگمانی، ئەشکەنجەی ڕۆحی، دۆزەخی ڕاستەقینە و جیابوونەوە سەر هەڵدەدات و تەنانەت لەوانەیە تاوانیشی بە دواوە بێت... نا، ڤانیا! گەر تۆ ڕێگە بۆ هاتنە ئارای هەلومەرجێکی لەم چەشنە خۆش دەکەیت، ئەوا دڵنیابە کە دەبێ لەبەردەم خوداوەندا وەڵامەکەشی بدەیتەوە، بەس ئەو وەختە ئیدی هیچ سوودێکی نابێت! ماڵئاوا.

من ڕامگرت و گوتم: ((گوێ بگرن، نیکۆلای، با جارێ واز لەم بابەتە بهێنین و تا ماوەیەك دان چاوەڕێ بین. دڵنیابن کە بەخۆم ئاگام لەم کێشەیە دەبێت، لەوانەشە بێ ئەوەی پێویست بە ڕێگەچارەی بێکەڵك و شەڕەنگێزانەی وەك دۆئیل و ئەم جۆرە شتانە بکات، کێشەکە خۆ بەخۆ چارەسەر ببێ و بە خێر و خۆشی ببڕێتەوە. زەمەن باشتر لە هەر کەسێك ئەم گرێیە دەکاتەوە! مۆڵەتم بدەنێ با پێشتان بڵێم کە نەخشەکەتان بە تەواوی نەکردەیە. ئایا بیرت لەوە کردووەتەوە کە بۆی هەیە شازادە پێشنیاری ململانێکەت ڕەد بکاتەوە؟))

- چۆن شتی وا دەبێت؟ تۆ چیت بەسەر هاتووە، ڤانیا؟ مێشکت لەدەست داوە؟

- سوێندتان بۆ دەخۆم کە پەسەندی ناکات و دڵنیایش بن کە بێ چەند و چوون ڕێگەی هەڵهاتنێکی ئاوڕوومەندانە پەیدا دەکات و خۆی لەم مەسەلەیە دەدزێتەوە. ئەو بیانوویێکی زیرەکانە دەدۆزێتەوە و لەم نێوەندەدا ئێوە دەبنە گاڵتەجاڕی خەڵکی...

- تکا دەکەم، ئازیزم، تکا دەکەم! تۆ بەم قسانەت گومانم بۆ دروست دەکەیت. بەس چۆن رێی تێدەچێ کە ئەو داوەتەکەی من بۆ ئەم ململانێیە رەد بکاتەوە؟ نا، ڤانیا، تۆ مرۆڤێکی شاعیر مەشرەبیت، شاعیرێکی تەواویت، هەر ئەمەندە و بەس، شاعیرێکی راستەقینەیت! بۆچی لات وایە ئەو من بە شایەنی ئەوە نازانێت کە شەڕی تەن بە تەنم لەگەڵ بکات؟ منیش وەك ئەو ناوبانگم هەیە. تەنیا مرۆڤێکی بەسالاچووم، مرۆڤێکی رسواکراو و تۆیش نووسەرێکی رووسییت، هەروەها کەسایەتییەکی دیار، دەتوانیت ببیتە شاهێدم و... هەروەها...تێناگەم... لەمە زیاتر ئیدی چیت دەوێ؟

- دەبیینن، ئەو بیانوێکی هێندە ئاقلانە دەهێنێتەوە کە ئێوە بەخۆتان بەر لە هەموو کەسێك دان بەوەدا دەنێن کە ئەم دۆئیلە شتێکی نەکردەیە.

- ئم!... زۆر باشە هاوڕێکەم، بە پێی راسپاردەکەی تۆ رەفتار دەکەم. تا ماوەیەك چاوەڕێ دەبم، تەنیا بەڵێنی شەرەفم بدەیێ کە نە لەگەڵ ‹‹ئەو›› و نە لەگەڵ ئانادا لەم بارەیەوە یەك وشە نەڵێیت، چاوەڕێ دەبم تا بزانم زەمەن چ بڕیارێك دەدات.

- ڤایلم.

- شتێکی دی ڤانیا، پیاوەتی بکە و ئیدی لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکم لەگەڵ دا مەکە.

- باشە، بەڵێن دەدەم.

- تکایەکی دیکەشم هەیە: ئازیزم دەزانم کە دێیتە ماڵی ئێمە بێتاقەت دەبیت، بەس گەر دەتوانیت، زوو زوو سەردا نمان بکە. ئانا کلۆڵەکەی من زۆرتی خۆشدەوێ و... هەروەها... لەو رۆژانەی کە ناتبینێ مات و خەمگینە... بەڵێنی ئەوەشم پێ دەدەیت، ڤانیا؟

جا بە توندی باوەشی پێدا کردم. منیش لە ناخی دڵەوە بەڵێنم پێ دا.

- ئێستەش دواهەمین پرسیاری ناڕەحەتکەر... ڤانیا: پارەت هەیە؟

سەرسامانە دووبارەم کردەوە: پارە؟

- بەڵێ (پیرەمێرد سوور هەڵگەڕا و سەری دانەواند)، کە هەلومەرج و شوێنی نیشتەجێ بوونت دەبینم، بەخۆم دەڵێم رەنگە زێدەخەرجیشت هەبێت (بەتایبەت لە ئێستەدا)، باشە، مادام وایە، ئەم سەد و پەنجا رۆبڵە بگرە، هاوڕێکەم، بۆ رۆژانی تەنگانە...

- سەد و پەنجا رۆبڵ بۆ ‹‹رۆژانی تەنگانە؟›› ئەمەش لە دۆخێکدا کە دادگاییەکە بە زیانی ئێوە تەواو بوو؟

- ڤانیا، دەبینم کە تۆ بە هیچ شێوەیەك لە مەبەستم حاڵی نابیت! ڕەنگە هەندێ خەرجیی پێشبینی نەکراوت بۆ بێنە پێش، ئەم پارەیە بگرە. هەندێك هەلومەرج دێنە پێش کە لەڕێی پارەوە دەتوانیت ئازادانە بڕیار بدەیت. ڕەنگە هەنووکە پێویستیت پێی نەبێت، بەس ئەی نابێ لە خەمی داهاتوویشدا بیت؟ بەهەرحاڵ ئەمەم بۆ داناویت، تەنیا ئەوەندەم پێ دابین کرا. گەر پێویستت نەبوو، ئەوا پێم بدەرەوە. جارێ ماڵئاوا! خوایە گیان، ڕەنگت چەندە پەڕیوە! نەکا نەخۆش بیت؟

وەڵامم نەدایەوە و پارەکەم وەرگرت. هۆکاری پێدانی پارەکەم بە تەواوی لەلا ڕوون بوو.

وەڵامم دایەوە: ((بەڵێ، بە زەحمەت خۆم بە پێوە دەگرم.))

- باری تەندروستیت پشتگوێ مەخە، ڤانیا، کەمتەرخەم مەبە. ئیدی ئەمڕۆ لە ماڵ دەرمەچۆ. بە ئانا دەڵێم کە تۆ تەندروستیت خراپە. وا باش نیە سەردانی دکتۆر بکەیت؟ سبەینێ سەرێکت لێ دەدەم، یان لایەنی کەم خۆم ناچار دەکەم، هەڵبەتە گەر پێیەکانم توانای هەڵگرتنی لاشەمیان هەبێت. ئێستا وا باشە ڕاکشێیت و پشوو بدەیت. باشە، ماڵئاوا، ماڵئاوا کچە گیان.

ئێلنا ڕووی بەرەو دیوارەکە وەرگێڕا. ((بگرە هاوڕێکەم، ئەم پێنج ڕۆبڵەش بدە بەم کچۆڵەیە. پێی مەڵێ من ئەمەم پێداویت. بەس بۆی خەرج بکە، جووتێك پێڵاو و هەندێك جلی ژێرەوەی بۆ بکڕە... بێگومان لە زۆر شتی کەمە! ماڵئاوا هاوڕێی من...))

تا بەردەرگە ئەوم ڕایی کرد. دەبوو قاپچی بنێرم تا خواردنێکمان بۆ بکڕێ. ئێلنا هێشتا فراوێنی نەخواردبوو...

١١

بەس هەرکە گەڕامەوە ماڵێ، سەرم سووڕا و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوتم. تەنیا هاواری ئێلنام بیر ماوە. دەستەکانی کردنەوە و بەرەو لام ڕای کرد هەتا بەر بە کەوتنم بگرێ. ئەمە دواهەمین شتێکە کە لە یادگەمدا ماوە...

وەختێ هۆشم هاتەوە، بینینم لە تەختەخەوەکەم ڕاکشاوم. ئێلنا بۆی گێڕامەوە کە بە یارمەتیی قاپچی کە لەو ساتەدا خواردنە کڕدراوەکەی بۆ هێنابووین، منی خستووەتە سەر تەختەخەوەکە. لەو ماوەیەدا چەندین جار بێدار بوومەوە هەر جارێك ڕووخساری نیگەران و پڕ سۆزی ئێلنام بینی کە بەسەرمدا چەمیوەتەوە. بەس ئەمانەم بە چەشنێك دێنەوە بەرچاو کە وەك بڵێی لەپشت چینێك تەم یان لە خەوا بینیبێتمن. وێنەی کچەی بێنەوام وەك تابلۆیەك بەرچاو دەکەوت. ئاوی بۆ دەهێنام و سەرمی بڵند دەکرد هەتا بیخۆمەوە، بە خەمگینی و هەراسانییەوە لەلام دادەنیشت و دەستی بە قژمدا دەهێنا. تەنانەت بیرم دێت کە جارێکیان بە هێمنی ڕوومە تمی ماچ کرد. جارێکی دیکەش، دەمەو شەو بەئاگا هاتم. لەبەر ڕۆشنایی مۆمێکی بچووکدا کە خەریك بوو تەواو دەتوایەوە و لەسەر مێزێکی نزیك تەختەخەوەکە دانرابوو، سەیرم کرد ئێلنا سەری خستووەتە سەر بالیفەکەی من و خەوێکی ئاڵۆزی لێکەوتووە. لێوەکانی بێڕەنگ و نیوەکراوە بوون و دەستی خستبووە ژێر گۆنا گەرمەکەی. وەختێكێ کە تەواو هاتمەوە هۆش خۆم، ئیدی دەمەو بەیان بوو. مۆمەکە بە تەواوی توابووەوە، ڕۆشنایی ڕەنگ سووری سپێدە بەر دیوارەکە کەوتبوو. ئێلنا لەسەر کورسییەکی لای مێزەکە دانیشتبوو، باسکی چەپی لەسەر مێزەکە بوو و سەری خستبووە سەری و خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو، بیرمە کە سەیری ئەو ڕووخسارە بچووکەیم دەکرد کە تەنانەت لە خەویشدا باری خەم و پەژارەی کەسانی بەتەمەنی پێوە دەبینرا. ڕووخساری ڕەنگ پەڕیوی، بە برژانگی درێژ و ڕوومەتی لاوازەوە، لەنێو قژە ڕەنگ شەوەییەکانییەوە کە بەشێکی زۆریان بە کەمتەرخەمی پەلکە کرابوون و کەوتبوونە سەر ڕووخساری، جوانییەکی هەژێنەر و نەخۆشانەی هەبوو. دەستەکەی دیی لەسەر پشتییەکەی من بوو. زۆر بە هێواشی ماچێکی ئەم دەستە لاوازەم کرد، بەس ئەو کلۆڵە داماوە بێدار نەبووەوە، تەنیا زەردەخەنەیەك نیشتە سەر لێوە بێ ڕەنگەکانی. تا ماوەیەکی زۆر تەماشایم کرد و جا پاشان خەوێکی قووڵ و ئاسوودەیی بەخش بردمیەوە. ئەمجارەیان هەتا نزیکەی نیوەڕۆ خەوتم. کە بەئاگا هاتم سەیرم کرد تاڕادەیەك حاڵم باش بووە. تەنیا لە ئەندامانی لاشەم دا

هەستم بە سستی و لاوازییەك دەكرد. پێشتر ئەم نۆرە دەماریانەم تووش بووبوو و پێیان ڕاهاتبووم. ئەم ناڕەحەتییە هەمیشە لە ڕۆژێك زیاتری نەدەخایاند، گەرچی نەخۆشییەكە بەرە بەرە و لە ماوەی بیست و چوار كاتژمێردا نەدەما، بەس كاریگەرییەكەی هەر دەمایەوە.

دەمەو نیوەڕۆ بوو. یەكەمین دیمەن كە هاتە بەرچاوم، ئەو پەردەیە بوو كە دوێنێ كڕی بووم، پەردەكە لە گۆشەیەكدا بە تەنافێكەوە هەڵواسرابوو. ئێلنا، لە سووچێكی ژوورەكەدا شوێنێكی بۆ خۆی خۆش كردبوو. لەبەردەم كوانووەكە دانیشتوو و خەریكی دەم كردنی چا بوو. وەختێك سەیری كرد كە بێدار بوومەتەوە، بزەیەكی خۆشحاڵانەی هاتێ و دەمودەس بەرەو لام هات. دەستیم گرت و گوتم: ((كچۆڵەكەم، ئەمشەو لە لای تەختەخەوەكەوە هەر بە دیارمەوە بوویت. هەرگیز نەمدەزانی ئەوەندە باش و میهرەبانیت.))

- بەس چۆنتان زانی كە من لەتەك تەختەخەوەكەتانەوە بێدار بوومە؟ كێ ناڵێ منیش خەو نەیبردبوومەوە؟

ئەم قسانەی لە بارێكدا كردن كە بە شەرم و مهرەبانییەكی مەكربازانەوە لێمی دەڕوانی و هاوكاتیش سوور هەڵگەڕا.

- بەئاگا هاتم و هەموو شتێكم بینی. تۆ هەتا بەر لە ڕۆشن بوونی هەوایش هەر نەخەوتبوویت.

وەك چۆن وەختێك وەسف و ستایشی كەسانی شەرمن و پاكیزە دەكەیت یەكسەرە هەوڵ دەدەن باسەكە بگۆڕن، ڕێك بە هەمان شێوە لە درێژەدان بەم گفتوگۆیە ناڕەحەت بوو و قسەكەمی بڕی، جا گوتی:

- چا دەخۆنەوە؟

-بەڵێ، وەلێ بزانم، دوێنێ فراوێنت خوارد؟

- فراوێن نا، بەس دوێنێ ئێوارە شتێكم خوارد. قاپچی خواردنی بۆ هێنام. وەلێ باشتر وایە قسە نەكەن و پشوو بدەن.

دواتر چای بۆ هێنام و لای تەختەخەوەكەمەوە دانیشت و درێژەی پێدا: ((ئێوە هێشتا بە تەواوی تەندروستیتان جێگیر نەبووە.))

- پشوو بدەم؟ باشە، تا ئێوارە لە تەختەخەوەكەمدا دەمێنمەوە، بەس پاشان دەبێت بچمە دەرێ. بێگومان دەبێت وا بكەم، ئێلنا بچكۆلانەكەم.

- یانی هەر بەڕاستی دەبێت بچنە دەرێ؟ بۆ لای كێ دەچن؟ خۆ بۆ لای دیدەنی كەرەكەی دوێنێتان ناچن، نا؟

- نا، بۆ لای ئەو ناچم.

- حەزم کرد. ئەو بووە هۆی نەخۆشکەوتنتان. ئەی بۆ ماڵی کچەکەی دەچن؟

- چۆن دەزانیت ئەو کچی هەیە؟

سەری دانەواند و گوتی: ((من هەموو قسەکانتانم بیست.))

ڕووخساری سوور هەڵگەڕا و برۆکانی هێنانەوە یەك. پاشان بۆی زیاد کرد:

- مرۆڤێکی بەدفەڕە.

- تۆ ئەو ناناسیت، بە پێچەوانەوە مرۆڤێکی زۆر خەمخۆرە.

بە بارێکی هەیەجان ئامێزەوە گوتی: ((نا، نا! ئەو بەدفەڕە. گوێم لە قسەکانی بوو.))

- گوێت لە چ شتێك بوو؟

- ئەو نایەوێ لە کچەکەی خۆش ببێت.

- بەس ئەوی خۆش دەوێت. ئاخر کچەکەی لە ئاست ئەودا خەتابارە. هەمووی بە بۆنەی ئەوەوە ئازار دەچێژێ.

- بەس بۆچی لێی نابوورێ. ئەوجا گەر لێیشی ببوورێ، کچەکەی هەر نابێت سەر بە ماڵی ئەودا بکاتەوە.

- یانی چۆن؟ بۆچی؟

بە هەڵچوونەوە هاتە وەڵام: ((چونکە ئیدی ئەو کچەکەیی خۆش ناوێت. کەواتە باشتر وایە بۆ هەمیشە لە باوکی جیا ببێتەوە و دەست بداتە دەرۆزە کردن و مەینەت بکێشێت.))

چاوانی بریقەیان دەهات و گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون. بە خۆمم گوت بێگومان ئەم قسانە هۆکارێکیان لە پشتەوەیە.

دوای کەمێك بێدەنگی پرسیی: ((دەتانویست بۆ ماڵی ئەوانم بنێرن؟))

- بەڵێ، ئێلنا.

- حەز دەکەم بچم لە شوێنێك کار بکەم.

- ئاە! ئەم قسانە باش نین کە تۆ دەیانکەیت، ئێلنا بچکۆلانەکەم. قسەی بێمانان: دەتەوێ کارەکەری بۆ چ کەسێك بکەیت؟

له بارێكدا كه هەروا چاوی له زەوی بڕیبوو، بێ سەبرانه وەڵامی دایەوە: ((بۆ لای هەر وەرزێرێك كه ئامادەبێت وەك كارەكەر لای خۆی ڕامبگرێ.))

پێدەچوو زۆر تووڕەبێت.

به خەندەیەكی كورتەوە گوتم: ((وەلێ وەرزێر پێویستیی به كارەكەرێكی وەك تۆ نییه.))

- مادام وایه دەچم بۆ ماڵی كەسانی دەوڵەمەند.

- بەتەمایت بەم خوو و ڕەوشتەتەوە بچیت بۆ ماڵی دەوڵەمەندەكان و كارەكەرییان بۆ بكەیت؟

- بەڵێ.

تا زیاتر تووڕە دەبوو به شێوەیەكی ڕەقتر وەڵامی دەدایەوە.

- بەس تۆ لەوێ خۆت ناگریت.

- با. ئەوان پرتەوبۆڵەم بەسەردا دەكەن، بەس من خۆم كەڕ دەكەم و وەڵام نادەمەوە. گەر لێیشم بدەن نقه له خۆم دەبڕم. گەر لەخۆڕایش لێم بدەن، به هیچ نرخێك ناگرییێم. گەر نەشگرییێم،ئەوا زیاتر لێم تووڕە دەبن.

- چیت بەسەر هاتووە، ئێلنا! چەندە لووتبەرز و توونه مەزاجیت! بێگومان هۆكارەكەی ئەوەیه كه نەهامەتییەكی زۆرت بەسەردا هاتووە...

هەستامەوە و چوومه لای مێزی خوانی فراوێن. ئێلنا هەر به هەمان شێوە لەسەر قەنەفەكه دانیشتبوو و به سیمایەكی تێفكرانەوە، وەك خووی هەمیشەیی خۆی خەریكی ڕیشووەكانی بەرگی قەنەفەكه بوو. بێدەنگ بوو، بیرم كردەوە: تۆ بڵێیت دڵی له قسەكانم ئێشابێت؟

دەستم به هەڵدانەوەی لاپەڕی ئەو كتێبانه كرد كه دوێنێ بۆ نووسینی پێشەكیی كتێبەكه وەرم گرتبوون، خۆم به خوێندنەوەوە خەریك كرد و ئیدی بەرە بەرە ئاگام له دەوروبەرم نەما. زۆربەی كات تووشی ئەم دۆخه دێم: نیازمه بۆ چەند خولەكێك كتێبێ بكەمەوە و هەندێك زانیاریی لێ وەربگرم، بەس هێندەی پێ ناچێت به چەشنێك گیرۆدەی دەبم كه هەموو شتێك لەبیر دەكەم.

ئێلنا كه هاتبووە نزیك مێزەكه به خەندەیەكی دڵگیرەوە پرسیی: ((دەتانەوێت چی بنووسن؟))

- هەموو شتێك. ئازیزم. له بەرانبەر ئەم كارەدا پارەم دەدەنێ.

- ژیاننامه؟

- نا، ژیاننامە نا.

پاشان تا ئەو جێیەی کە توانیم بۆیم شیکردەوە کە بەسەرهاتی جۆراوجۆر لەبارەی کەسانی جیاوازەوە دەنووسم. ئەم جۆرە نووسینانەش کورتەچیرۆك یان ڕۆمانیان پێ دەڵێن.

بە کونجکۆڵییەکی زۆرەوە گوێی بۆ قسەکانم دەگرت.

- دایمە بەسەرهاتی ڕاستەقینە دەنووسن؟

- نا شتانێك دەنووسم کە زادەی خەیاڵمن.

- بۆچی شتی درۆیینە دەنووسن؟

- وەرە، ئەم کتێبە بخوێنەرەوە، ئیدی بۆخۆت لە مەسەلەکە حاڵی دەبیت. هەمان ئەو کتێبەیە کە ئەوی جارێ بە دەستتەوە بوو. خوێندەواریت هەیە؟

- بەڵێ.

- باشە، کەواتە بۆخۆت حاڵی دەبیت. خۆم ئەم کتێبەم نووسیوە.

- ئێوە؟ مادام وایە دەیخوێنمەوە...

زۆری دڵ پێوە بوو شتێکم پێ بڵێ، بەس دیاربوو کە ئەم بابەتە ناڕەحەتی دەکرد و زۆریش وروژابوو. پرسیارەکانی بابەتگەلێکی نهێنییان لە پشتەوە بوون.

دواجار پرسیی: ((لە بەرانبەر ئەم ئیشەدا پارەیەکی زۆرتان دەدەنێ؟))

- بە پێی کات، هەندێك جار زۆر و هەندێك جاریش کە کارەکەم پەسەند ناکرێ، هیچم نادەنێ. ئیشێکی قورسە، ئێلنا.

- یانی ئێوە کەسێکی دەوڵەمەند نین؟

- نا.

- مادام وایە، دەچم ئیش دەکەم و یارمەتیتان دەدەم.

نیگایەکی خێرای کردم، بە تەواوی ڕەنگی سوور هەڵگەڕا، سەری دانەواند و دوو هەنگاوی بەرەو من هاویشت. پاشان لە کتوپڕێکدا دەستەکانی لە ملم ئالاند و سەری بە سنگمەوە گوشی. من واق و وڕ بووبووم. سەرەنجام گوتی:

- من ئێوەم خۆشدەوێ. کەسێکی لووتبەرز نیم. دوێنێ گوتتان زۆر لووتبەرز و لەخۆباییم. نا، نا، ڕاست نییە... خۆشتانم دەوێ... بێ لە ئێوە هیچ کەسێك لە خەمی مندا نییە...

جا کەوتە گریە و بەس دەنگی گریانەکە لە گەوریدا خەفەبوو. بە هەمان شێوەی دوێنێ کە فێی پێ هاتبوو و دەینالاند، نالەیەك لە سنگییەوە هاتە دەرێ. لەبەردەم مندا ئەژنۆی دادا و دەستی بە ماچکردنی دەست و پێم کرد. بەردەوام چەند بارەی دەکردەوە:

- ئێوە خۆشتان دەوێم. تەنیا کەسێکن کە منتان خۆش دەوێ!...

بە بارێکی گەشەنگ بووانەوە باوەشی بە ئەژنۆکانمدا کردبوو. هەموو ئەو هەستانەی کە دەمێك بوو لە سینەیدا بەندی کردبوون، بە شێوەیەکی بەر پێنەگیراو فوارەیان کرد. جا ئەوسا لەڕێی ئەو هەموو مکوڕیی و کەللەڕەقییەیەوە کە هەموو هەستەکانی بەوپەڕی سەرسەختی و پێداگری لە دڵی خۆی دەپەنگاند، دەرکم بەوە کرد و زانیم کە ئینسان تا چەندە هەستەکانی گل بداتەوە و لە دڵیدا پەنگیان پێ بخواتەوە، دواجار هەر ساتێك دێتە پێش کە بە شێوازی تەقینەوەك دەربکەون، تەقینەوەیەکی بەرپێنەگیراو کە وا لە مرۆڤ دەکات ئیدی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمێنێ و خۆی ڕادەستی پێویستییەکی پێداگرانە بکات، ئیدی لەبەردەم پێویستیی عەشق، دەربڕینی هەست و سۆز، پێزانی، لاواندنەوە و گریاندا دەسەوەسان دەبێت...

هێندە گریا هەتا تووشی بارێکی وەك نۆرەی دەماری بوو. بە زەحمەت توانیم دەستەکانی لە ئەژنۆم جیا بکەمەوە، بەرزم کردەوە و لەسەر قەنەفەکە دامنیشاند. وەك ئەوەی کە لەبەردەم مندا خەجاڵەت بکێشێ، پاڵکەوت و سەری بە پشتییەکەدا ڕۆبرد و تا ماوەیەکی زۆر گریا، بەس بە توندی دەستمی گرتبوو و بەسنگییەوە دەیگوشی.

بەرە بەرە ژێر بووەوە، بەس سەری بەرز نەکردەوە. بۆ یەك دووجارێك، وەك ئەوەی شەرم لە نیشاندانی هەستەکانی بکات، بە دزییەوە نیگایەکی لێوڕێژ لە سۆز و میهرەبانیی کردم و دووبارە سەری بە پشتییەکەدا ڕۆبردەوە. دواجار سەری بەرز کردەوە و دانیشت، سوور هەڵگەڕا و بزەی هاتێ.

پرسیم: ((کچۆڵە هەستیار و نەخۆشەکەم، ئێلنای چکۆڵەی من، حاڵت باشتر بوو؟))

لە بارێکدا کە دیسان ڕووخساری لێ دەشاردمەوە، بە ورتە ورت گوتی: ((نابێت بەم جۆرە بانگم بکەن.))

- کەواتە بە چی بانگت بکەم؟

- نێلی.

- نێلی؟ بۆچی نێلی؟ هەڵبەتە بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە، ناوێکی خۆشە. مادام وات پێ خۆشە، ئیدی بەم ناوە بانگت دەکەم.

- دایکم بەم ناوە بانگمی دەکرد... حەزم نەدەکرد هیچ کەسێکی دی بەم جۆرە بانگم بکات... بەس ئێوە، حەزدەکەم بە نێلی بانگم بکەن... تاهەتا خۆشم دەوێن، تاهەتا.

بە خۆمم گوت: ((وای لەم دڵە بچووکە غروور و میهرەبانە. دەبێت چەندی پێ بچێ هەتا من ببمە شایەنی ئەو خۆشەویستییەت... نێلی)) بەس ئیدی دەمزانی کە بۆ تاهەتا دڵیم بەدەست هێناوە.))

هەرکە هێور بووەوە گوتم: ((گوێبگرە نێلی. دەڵێیت بێ لە دایکت هیچ کەسێکی دی تۆی خۆشنەویستووە، هیچ کەس. ئایا باپیرەشت تۆی خۆش نەدەویست؟))

- نا...

- بەس ئەو وەختەی کە بیستت ئەو مردووە، لێرە لە پلیکانەکاندا گریایت، بیرت دێت؟

ساتێك بیری کردەوە و پاشان گوتی: ((نا، خۆشی نەدەویستم... بەدفەڕ بوو.)) بە گوتنی ئەم قسانە بارێکی ئازاراوی بە ڕووخسارییەوە دەرکەوت.

- بەس نەدەبوو چاوەڕێی شتێکی لەو جۆرەشی لێ بکەیت. ئەو وەك منداڵێکی لێ هاتبوو. لە وەختی مردنیشیدا هەر لە شێت دەچوو. بۆم گێڕایتەوە چۆن مرد؟

- بەڵێ، بەس لەم دواییانەدا وای لێهات و تووشی لەبیرچوونەوە بوو. بەیانی تا ئێوارە لێرە دادەنیشت، گەر من سەردانیم نەکردبا، دوو، تەنانەت سێ ڕۆژیش هەر لەم دۆخەدا دەمایەوە، بێ ئەوەی هیچ شتێك بخوات، یان قومێك ئاو بخواتەوە. بەس پێشتر زۆر باش بوو.

- یانی چی پێشتر؟

- ئەو وەختانەی کە دایە هێشتا لە ژیاندا بوو.

- یانی تۆ خواردنت بۆ دەهێنا؟

- بەڵێ.

- لە کوێ خواردنت بۆ پەیدا دەکرد؟ لە ماڵی بۆبنۆڤا؟

بە شێوەیەکی بنجبڕانە، بەس بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: ((نا، من هیچ کات لە ماڵی بۆبنۆڤا دەستم بۆ هیچ شتێک نەدەبرد.))

- ئەی لە کوێ پەیدات دەکرد؟ خۆ تۆ هیچ پارەیەکت نەبوو؟

نقەی لێ بڕا و بە شێوەیەکی تۆقێنەرانە ڕەنگی پەڕی، پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ چاوی تێبڕیم:

- لە کۆڵانان‌دا سواڵم دەکرد... وەختێك کە پێنج کۆپیکم کۆ دەکردەوە، خواردن و دەرمانم بۆ دەکڕی...

- جا ئەو، ئەم شتانەی لە دەستت وەردەگرت، نێلی؟

- سەرەتا لەو بارەیەوە هیچ شتێکم پێ نەدەگوت. بەس وەختێك کە زانیی سواڵ دەکەم، ئیدی بەخۆی ناردمی بۆ سواڵکردن. دەچووم لەسەر پردێك ڕادەوەستام، لە ڕێبواران دەپاڕامەوە یارمەتیم بدەن و ئەویش چاوەڕێ دەما هەتا من بگەڕێمەوە، وەختێکیش کە دەیزانی خەڵکی پارەیان داومەتێ، تێم بەردەبوو و لێی دەسەندم، وەك بڵێی ویستبێتم لێی بشارمەوە، یان سواڵکردنەکەم بە بۆنەی ئەوەوە نەبووبێت.

بە گوتنی ئەم قسانە بزەیەکی تاڵ و چزوودار نیشتە سەر لێوەکانی. پاشان درێژەی پێدا: ((ئەمانە لە دوای مردنی دایە ڕوویاندا. وەك شێتی لێ هاتبوو.))

- دایکتی زۆر خۆشدەویست؟ بۆچی لەگەڵ ئەو نەدەژیا؟

- نا، خۆشی نەدەویست... بەدفەڕ بوو و نەیدەویست لێی ببوورێت... ڕێك بە هەمان شێوەی ئەو پیاوە بەدفەڕەی کە دوێنێ لێرە بوو.

ئەم قسانەی بە هێمنی دەکردن و سات بە ساتیش زیاتر ڕەنگی دەپەڕی.

من ڕاچەنیم. ئامیانی ڕۆمانێك لە زهنمدا مەیی: ئەمە کچی ژنێکی کلۆڵ بوو کە لە ژێرزەمینی بینای تابووتسازێکدا گیانی دەرچوو و کچەکەشی بە تەواوی هەتیو کەوت، ئەو کچەی کە جاروبار دەچووە دیدەنیی باپیرەیەك کە حاشای لە دایکی ئەو کردبوو، بۆ دیدەنیی پیرەمێردێکی هەژێنەر کە یادگەی لەدەست دابوو و دوای تۆپینی سەگەکەی، لەنزیك ڕێستۆرانێك کۆچی دوایی کردبوو!...

نێلی یادەوەرییەکی هاتەوە یاد، کتوپڕ بزەیەکی هاتێ و گوتی:(( پێشتر ئازۆرکار هی دایکم بوو. باپیرە لە ڕابردوودا دایکمی زۆر خۆشویستووە و وەختێکیش کە دایکم ئەو جێ دەهێڵێ، ئازۆرکار لای خۆی گل دەداتەوە. هەر بەم بۆنەیەشەوە ئاوها هۆگری ئازۆرکار دەبێت. بەس وەختێك کە ئازۆرکار تۆپی، ئیدی ئەویش ماڵئاوایی لە ژیان کرد.))

له وەختی دەربڕینی ئەم قسانەی دواییدا، شێوەی قسەکردنی زبر بووبوو و زەردەخەنەکەی سەر لێویشی دیار نەمابوو.

دوای ئێستێکی کورت، پرسیم:

- نێلی، پێشتر باپیرەت چ جۆرە کەسێك بووە؟

- نازانم چ جۆرە کەسێك بووە، هەر ئەوەندە دەزانم کە دەوڵەمەند بووە. کارگەیەکی هەبووە... دایە ئەمەی بۆ گێڕامەوە. پێشتر حسێبی منداڵێکی بۆ دەکردم کە لە شتەکان تێنەگات، جا هەر لەبەر ئەمەیش هیچی لەو بارەیەوە بۆ باس نەدەکردم. منی ماچ دەکرد و دەیگوت: ((با کاتی بێت، ئەوسا هەموو شتێك دەزانیت، کچۆڵەکەم، کچۆڵە داماوەکەم.)) هەمیشە منی بە کچۆڵەی بەدبەخت و داماو ناودەبرد. کە شەو دادەهات و وایدەزانی من خەوتووم (هەڵبەتە من هێشتا نەخەوتبووم و وام دەنواند کە خەوتووم)، منی ماچ دەکرد، دەگریا و لەژێر لێو دەی ورتاند: ((منداڵە چارەڕەشەکەم، منداڵە داماوەکەم!))

- دایکت بە چی مرد؟

- تووشی سیل ببوو. ئەم کارەساتە شەش حەفتە لەمەوبەر ڕوویدا.

- تۆ ئەو سەردەمەت لەبیرە کە باپیرەت دەوڵەمەند بووە؟

- وەڵێ خۆ من لەو سەردەمەدا هێشتا نەهاتبوومە دونیا. دایە بەر لە هاتنە دونیای من، باپیرەمی جێهێشتووە.

- دایکت لەبەر کێ ماڵەوەی جێهێشت؟

نێلی بە دەنگێکی هێواش، وەك ئەوەی کە لە قووڵایی بیرکردنەوەدا بێت گوتی: ((نازانم... دایکم چووە دەرەوەی وڵات و منیش لەوێ لەدایك بووم.))

- دەرەوەی وڵات؟ کوێ؟

- سویسرا. من زۆر شوێن گەڕاوم، ئیتاڵیا، پاریس.

بە سەرسوڕمانە پرسیم: ((تۆ هەموو ئەمانەت لە بیرە، نێلی؟))

- من زۆر شتم لە بیرە.

- ئەی چۆن فێری ئەم ڕووسییە باشە بوویت؟

- دایە لەوێ فێری کردم. ئەو بەخۆی و دایکی ڕووس بوون و باپیرەش ئینگلیز، سروشتی لە هی ڕوسیەکان دەچوو. کە ساڵ و نیوێك لەمەوبەر گەڕاینەوە بۆ ئێرە، ئیدی من ڕووسیەکەمم کامل کرد. دایە هەر لەو وەختەوە نەخۆش کەوتبوو و ئیدی ڕۆژ دوای ڕۆژ هەژار و هەژارتر بووین. دایە هەمیشە دەگریا. لە سەرەتای گەڕانەوەماندا، تا ماوەیەکی زۆر بە پترسبورگدا لە دووی باپیرە گەڕا، بەردەوام دەیگوت خەتای بەرانبەر ئەو کردووە و هەر فرمێسکی دەڕشت... وەختێك کە زانیشی باپیرە سامانەکەی لە دەستداوە، ئیدی زیاتر گریا. زۆربەی کات نامەی بۆ دەنارد، بەس ئەو وەڵامی نەدەدایەوە.

- بۆچی دایکت گەڕایەوە بۆ ئێرە؟ تەنیا لەبەر باپیرەت؟

چاوانی نێلی کەوتنە درەوشانەوە و گوتی: ((نازانم. ئێمە لەوێ ژیانمان زۆر خۆش بوو. دایە دۆستێکی میهرەبانی وەك ئێوەی هەبوو... ئەوی لێرە ناسیبوو. بەس ئەو مرد و ئیدی دایەش بە ناچاری گەڕایەوە بۆ ئێرە...))

- یانی دایکت دوای ئەوەی لە باپیرەت جیا بووەوە، لەگەڵ ئەم پیاوە چووە دەرەوەی وڵات؟

- نا، دایە لەگەڵ کەسێکی دیکە چووە دەرەوەی وڵات، بەس ئەو لەوێ دایکمی وێڵ کرد....

- ئەم کەسە کێ بوو، نێلی؟

نێلی سەیرێکی کردم و وەڵامی نەداوە. ئەو بێ چەند و چوون دەیزانی دایکی لەگەڵ کێ چووە بۆ دەرەوەی وڵات و باوکیشی کێیە. بەس ناوهێنانی ئەو کەسەی زۆر لەبەر دڵ گران بوو، تەنانەت ئامادە نەبوو لای منیش ناوی بهێنێ. حەزم نەکرد بە پرسیارەکانم ئەشکەنجەی بدەم. منداڵێکی تووڕە و خاوەن تایبەتمەندییەکی ڕۆحیی سەیر و سەمەرە بوو، هەستی خۆی دەرنەدەبڕی و کچێکی لەبەردڵان بوو، بەس دیلی دەستی بەرزە دەمارییەکی کێوی بوو. گەرچی لە ناخی دڵەوە و بە عەشقێکی ئاسمانی منی خۆش دەویست، یان کەم تا زۆر هێندەی ئەو دایکەی کە هەرگیز نەیدەتوانی بەبێ ئازار و ناڕەحەتی لە بارەیەوە بدوێ خۆشەویستیی بۆ من هەبوو، بەس لە هەموو ئەو ماوەیەی کە لەگەڵی بووم زۆر بە کەمی قسەی دڵی بۆ دەکردم و لەو ڕۆژە بەدواشەوە، ئیدی زۆر بە دەگمەن سەبارەت بە ڕابردوو قسەی لەگەڵ کردم، بگرە بە پێچەوانەشەوە، زۆر جددیانە هەموو شتێکی لێ شاردمەوە. بەس ئەو ڕۆژە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا، بە خەم و پەژارەیەکی زۆر و گریە و هەنسکدانی بێ هۆشانەوە، هەموو ئەو شتانەی بۆ باس کردم کە دەروونی ئەویان دەکرۆشت و منیش هەرگیز ئەو قسە ماتەمبارانەم بیر ناچنەوە. بەس جارێ بەسەرهاتە سەرەکییەکە هەڵدەگرین بۆ دواتر...

بەسەرهاتێکی خەمناك بوو: حەکایەتی ژنێکی بێکەس، مەینەتی، نەخۆش، داڕزاو بەدەست ئازار و پشت تێکراو لەلایەن هەموو کەسێکەوە، حاشالێکراو لەلایەن کەسێکەوە کە دواهەمین هیوای ئەو بوو، لەلایەن باوکێکەوە کە ئەم لە ڕابردووا ببووە مایەی حەیاچوونی، ئەوجا باوکیشی لە بەرانبەر ئەم ئەشکەنجەیەی کە لەو حورمەتشکان و

سووکایەتی پێکرانە بەرگە نەگیراوەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەقڵی لەدەست دابوو. چیرۆکی ژنێکی دیلی دەستی نائومێدی و وێڵی نێو کۆڵانە سارد و پیس و پۆخڵەکانی پترسبورگە، کە بەخۆی و ئەو کچە بچووکەوەی کە لای وایە جارێ لە شتەکان تێناگات پێکەوە دەست لە خەڵکی پان دەکەنەوە. بەسەرهاتی ژنێکە کە چەند مانگێك لە ژێرزەمینێکی شێداردا بەدەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێ و باوکیشی هەتا دواهەمین ساتەکانی ژیانی ئامادە نەبوو لێی خۆش ببێت، هەڵبەتە لە دواهەمین ساتدا ڕای گۆڕابوو و بە پەرۆشەوە بەرەو پیری هەڵهاتبوو هەتا بیبەخشێ، بەس لەجێی چاوکەوتن بەو کەسەی کە لە گیانی خۆی خۆشتری دەویست، ڕووبەڕووی لاشەیەکی ساردەوە بوو دەبێتەوە. ئەمەبوو حەکایەتی پەیوەندیی ئاڵۆز و کەم تا زۆر سەر لێ دەرنەچووی نێوان کابرای پیرەمێرد و نەوەکەی، پەیوەندیی ئەو پیرەمێردەی کە خوو و ڕەوشتی منداڵانی گرتبوو لەگەڵ ئەو نەوەیەی کە وێڕای کەمیی تەمەنی کەچی دەرکی بەو دەکرد و خاوەن لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی هێندە بەهێز بوو کە زۆرێك لە مرۆڤەکان بە درێژایی ژیانی ئاسوودە و بێ کێشەی خۆیان دەستیان بە وەها تێگەیشتن و ژیرییەك ڕاناگات. لەو چیرۆکە ماتەمبار و دڵتەنگکەرانە بوو کە زۆربەی کات خەڵکی لێیان بێ ئاگان، چیرۆکێکی کەم تا زۆر تەلیسماوی کە لەژێر ئاسمانی تار و هەوراویی پترسبورگدا ڕوودەدا، لە کۆرەوڵێکی پیس و تاریکی ئەم شارە، لەنێو کوڵ و هەڵپەی بێبەزەییانەی ژیان، لەنێو چاوبرسییەتی و شەڕ و ململانێ لەسەر موڵك و ماڵ، لەنێو خۆشگوزەرانی و هەرزەگەرییە شوومەکان، لەنێو دونیایەك تاوانی ئاشکرانەبووی ناو ئەم دۆزەخی ژیانە نائاسایی و پووچە...

بەس دواتر دێینەوە سەر ئەم چیرۆکە.

# بەرگی دووەم

## بەشی یەکەم

### ١

ئەم مۆتەکە ڕەش و تاریکە وەختێك بەری دام کە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئێوارەدا تێپەڕی بوو. بە نێلیم گوت:

- کچەکەم گەرچی تۆ نەخۆش و پەرێشانیت، گەرچی چاو بە فرمێسك و بەدحاڵیت، بەس من دەبێ بەتەنیا جێت بێڵم. داوای لێبوردنت لێ دەکەم، هەروەها ئەوەش بزانە کە هەنووکە کەسێکی ڕۆژەڕەشی دیکە هەیە کە ئەویش خۆشیان دەوێت و هاوکاتیش نەیانبەخشیوە و پشتیان لێ کردووە، دراوەتە بەر تۆمەت و سووکایەتیی پێ کراوە و جا هەنووکە چاوەڕێی منە. بەسەرهاتەکەی تۆ هێندەی ورووژاندم کە خۆم پێ ڕاناگیرێ و دەبێت هەر ئێستە دیدەنیی بکەم.

نازانم کە داخۆ نێلی لە هەموو ئەو قسانە تێگەیشت کە بۆم کرد یان نا. بەسەرهاتەکەی ئەو و نەخۆشییەکەی خۆم سرەوتیان لێ بڕیبووم. بەس دەمودەست بەرەو ماڵی ناتاشا بەڕێ کەوتم. درەنگانێکی نزیکەی کاتژمێر نۆ بوو کە گەیشتمە بەردەم ماڵی ئەو. لەسەر کۆڵانەکەی بەر دەرگەی ماڵی ناتاشا، چاوم بە گالیسکەیەك کەوت و لەبەر خۆمەوە گوتم لەوانەیە هی شازادە بێت. دەرگەی دەرەوەی ماڵی ناتاشا بەرەو دەرێ دەکرایەوە. هەرکە گەیشتمە پلیکانەکان، لە یەك نهۆم سەرترەوە دەنگی پێی پیاوێکم بیست کە بە پارێزەوە سەردەکەوت، پێدەچوو ئەوەندە شارەزای ئەم پلیکانە ڕێیە نەبێت. وای بۆچووم کە ئەو پیاوە ڕەنگە شازادە بێت، بەس دەستبەجێ دەرکم بە هەڵەکەی خۆم کرد. غەوارەکە هەنگاو دوای هەنگاو پرتەوبۆڵەی زیاتری دەکرد و جوێنیشی لێوە دەبیسترا. ڕاستە پلیکانە ڕێیەکە باریك و تاریك و پیس بوو و هەرگیز هیچ ڕۆشنایییەکی تێدا نەبوو و پیاوی پەست دەکرد، بەس نەدەکرا ئەو جوێنانەی کە لە کاتی گەیشتنە نهۆمی سێیەمدا بە زمانی کابرای غەوارەیا دەهاتن، بدەمە پاڵ کەسێکی وەك شازادە. کابرا هەروەك گالیسکەوانێك دەستی بە جوێندان و قسەی پیس کردبوو. لە نهۆمی سێیەم

بەولاوە پلیکانەکان ڕووناك بوون: لەبەردەم ئەپارتمانەکەی ناتاشادا فانۆسێکی بچووك پێ کرابوو. لەبەردەم دەرگەی ئەپارتمانەکەی ناتاشادا تووشی کابرای غەوارە بووم و بەوپەڕی سەرسامییەوە سەیرم کرد و دەبینم شازادەیە! دیاربوو زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئاوها بێ ئاگایانە و لە وەها هەلومەرجێکدا تووشی من بووە. سەرەتا منی نەناسییەوە، بەس لەپڕ شێوەی دەم و چاوی گۆڕا. یەکەمین نیگای کە ڕکن و دژمنانە بوو، لەپڕ گۆڕا بۆ نیگایەکی میهرەبانانە و دۆستانە. جا بە سیمایەکی زۆر شاد و تایبەتەوە هەردوو دەستی بەرەو من درێژ کردن.

- ئاه! ئەوە ئێوەن! هێندەی نەمابوو ئەژنۆ دابدەم سەر زەوی و داوا لە خودا بکەم نەجاتم بدات. بیستتان کە خەریکی جوێندان بووم؟

بە ڕووخسارێکی تەواو کراوەوە کەوتە پێکەنین. بەس کتوپڕ ڕووخساری شێوەیەکی ناڕازی و جددیی وەرگرت. لە بارێکدا کە سەری تەکان دەدا گوتی:

- تۆ سەیری ئەم ئالیۆشا دەبەنگە کە لەم کەلاوەیەدا ماڵی بۆ ناتالیا نیکلایۆنا گرتووە. هەر بەو جۆرەی کە دەیڵێن ئەم ‹‹کەمتەرخەمییە›› ڕەنگدانەوەی کەسیەتیی ئینسانە. خەمی لێ دەخۆم. کوڕێکی باشە، دڵێکی پاکی هەیە، بەس ئەمە نموونەی ئیشەکانییەتی: ئەو شێتانە عاشقی کەسێکە و کەچی خۆشەویستەکەی لە کەلاوەیەکی لەم چەشنەدا ئاکنجی دەکات.

پاشان بە دەنگێکی هێور و لە بارێکدا کە لەدووی دەسگرەی زەنگەکە دەگەڕا، لەسەری ڕۆیشت: ((بیستوومە کە تەنانەت هەندێك کات نانە ڕەقەشیان نییە بیخۆن. وەختێك کە بیر لە داهاتووی ئەو و بە تایبەتیش کە بیر لە داهاتووی ئانا نیکلایۆنا دەکەمەوە وەختێك کە دەبێتە ژنی، بەر چاوم ڕەش دەبێت.))

بە هەڵە ناوی بچووکی ناتاشای گوت و بەخۆیشی نەزانی، جا هەر بە هەمان شێوە، بە پەستییەوە لەدووی دەسگرەی زەنگەکە دەگەڕا. بەس هیچ زەنگێك لە گۆڕێدا نەبوو و خەریکی ڕاکێشانی دەسگرەی دەرگەکە بوو، ماورا دەمودەست دەرگەکەی لێ کردینەوە. موبەقەکە بە تەنکە دیوارێکی تەختەیی لە سەرسەراکە جیا دەکرایەوە و لە دەرگە کراوەکەیەوە دیاربوو کە، ماورا خەریکی ڕا پەڕاندنی ئیش و کاری موبەقە: هەموو شتێك سڕرا بوو و زیاتر لە جاران بریقەی دەهات. زۆپا داگیرسا بوو و چەند مەنجەڵێکی تازە دانرابوون. بە تەواوی دیار بوو کە چاوەڕێی هاتنی ئێمەیان کردووە.

ماورا دەسوبردانە پاڵتۆکانمانی لە دەست گرتین.

لەوم پرسی: ئالیۆشا لێرەیە؟

بە سیمایەکی تەلیسماوییەوە ورتاندی: لەو کاتەوە سەر و شکڵیمان نەدیوە.

چووینە ژوورەکەی ناتاشا. لەوێ هیچ ئامادەکارییەکی تایبەتی نەدەبینرا، هەموو شتێك وەك ڕابردوو بوو. ئەوجا ژوورەکەی ئەو دایمە هێندە پاك و خاوێن بوو کە پێویستی بە ڕێکوپێککردن نەبوو. ناتاشا لەنزیك دەرگەکە بە دەممانەوە هات. گەرچی لەو ساتەدا گۆنا کەم خوێنەکانی کەمێك سوور هەڵگەڕابوون، بەس من بە بینینی ڕەنگی پەڕیو و لاوازیی نائاسیی ئەو ڕاچەنیم. چاوانی تادار بوون. بێ ئەوەی هیچ بڵێت، خێرا دەستی بەرەو شازادە درێژ کرد، بە ڕوونی دڵەکووتە و شپرزەییی پێوە دیار بوو. تەنانەت بەلاچاوێکیش سەیری منی نەکرد. من ڕاوەستابووم و چاوەڕێ مام.

شازادە بە ئاوازێکی شاد و دۆستانە گوتی: ((باشە، دواجار هاتم. چەند کاتژمێرێکە گەڕاومەتەوە. تەواوی ئەم ماوەیە بیرم لە ئێوە کردووەتەوە (بە نەرمونیانی و شێنەیی دەستیی ماچ کرد)، هەموو فکر و هۆشم لای ئێوە بوو! قسەگەلێکی زۆرم بۆتان هەیە... بەس باشتر وایە لە کاتی خۆیدا قسە بکەین! سەرەتا دەمەوێ لەبارەی ئەم کوڕە کەللە پووتەمەوە قسە بکەم، وادیارە هێشتا نەهاتووە... ))

ناتاشا لە بارێکدا کە سوور هەڵدەگەڕا و شپرزە بوو، گوتی: ((مۆڵەت بدەن، شازادە، من سەرەتا دەمەوێت دوو قسە لەگەڵ ڤانیا بکەم...))

دەستمی گرت و بردمیە پشت دیواری بزۆکی نێو ژوورەکەی. کە گەیشتینە تاریکترین جێ، بە دەنگێکی زۆر نزم گوتی: لێم دەبووریت؟

-ناتاشا، دەکرێ بێدەنگ بیت؟ ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت؟

-نا، نا، ڤانیا، تۆ چاوپۆشییەکی زۆرت لێکردووم، بەس سەبریش سنووری خۆی هەیە. تۆ هەرگیز منت لەبەرچاو نەکەوتووە و هەر خۆشت ویستووم، ئەمە دەزانم، بەس مافی خۆتە پێم بڵێیت کە من کچێکی چاوپان و سپڵەم، بەرانبەر بە تۆ پێنەزان و بێبەزەیی و خۆویست بوومە...

دەمودەست کەوتە گریان و سەری خستە سەر شانم.

بە پەلە پێم گوت: ((بیبڕەوە، ناتاشا. دەزانیت، شەوێ حاڵم زۆر خراپ بوو، ئێستاکەش بە ئاستەم خۆم بە پێوە ڕاگرتووە، هەر بەم بۆنەیەشەوە دوێ شەو و ئەمڕۆ سەردانتم نەکردووە، جا تۆیش وات بە خەیاڵدا هاتووە کە لێت زویر بوومە، هاوڕێکەم، ئایا لات وایە کە من نازانم ئێستە چی بە دڵتدا ڕادەبووری؟))

بە چاوی فرمێسکاوییەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و لە بارێکدا کە بە توندی دەستمی دەگوشی گوتی: ((باشە، کەواتە تۆ وەك هەمیشە منت بەخشیوە. شتانێکی زۆر هەن کە دەبێت بۆتیان باس بکەم، ڤانیا. جارێ با بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو.))

- خێراکە ناتاشا، ئێمە زۆر کتوپڕانە ئەومان جێهێشت...

پەلەپەل  بە گوێمیدا چرپاند: ((دەبینیت، بەخۆت دەبینیت کە ئێستە چی ڕوو دەدات. ئێستە هەموو شتێك دەزانم، سۆسەی هەموو شتێکم کردووە. هەمووی سووچی ‹‹ئەو›› ە. ئەمشەو شتانێکی زۆر یەکلایی دەبنەوە. با بڕۆین و بزانین! ))

لە مەبەستی حاڵی نەبووم، بەس کاتی پرسیارکردن نەبوو. ناتاشا بە سیمایەکی هێمنەوە بەرەو لای شازادە چوو. شازادە هەروا کڵاو بەدەست بە پێوە ڕاوەستابوو. ناتاشا بە ڕوویێکی گەشەوە داوای لێبوردنی لێ کرد، کڵاوەکەی لێ وەرگرت و کورسییەکی بۆ بردە پێشێ. سێ قۆڵی لە دەوری مێزە بچووکەکە دانیشتین.

شازادە گوتی: ((خەریك بووم لەبارەی ئەم کوڕە کەللەپووت و کەمتەرخەمەوە دەدوام. تەنیا بۆ ماوەی یەك خولەکەك توانیومە بیبینم، ئەویش لە کۆڵاندا، بۆ ماڵی کۆنتیس دەچوو. چوار ڕۆژێکە یەکدیمان نەدیوە، کەچی هێندەی پەلە بوو کە تەنانەت سواری گالیسکەکەشم نەبوو! من بوومەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو ئێستە لێرە نەبێت، چونکە بەخۆم ئەمڕۆ نەمتوانی بچم بۆ لای کۆنتیس، جا دەرفەتەکەم قۆستەوە و ئەرکێکم بەو سپارد. بەس دوای کەمێکی دی ئەویش خۆی دەگەیێنێتە ئێرە.))

ناتاشا بە سیمایەکی زۆر دڵسافانەوە پرسیی: ((یانی هەر بەڕاستی بەڵێنی بە ئێوە داوە کە ئەمشەو بێت بۆ ئێرە؟))

شازادە بە سەرسوڕمانەوە لە ناتاشا نز بووەوە و گوتی: ((ئاە، خودایە گیان، هەر ئەمەمان کەم بوو کە نەشێێت بۆ ئێرە! چۆن دەکرێ ئاوها بیر بکەنەوە. تێدەگەم: ئێوە لەو پەستن، هەڵبەتە کارێکی زۆر ناشیرینە کە ئەو دوای هەمووومان بێتە ئێرە. بەس دووبارەی دەکەمەوە کە خەتای من بوو. لێی دڵگران مەبن. ئەو گێژ و فەحەیە، نامەوێ بەرگریی لێ بکەم. بەس هەنووکە هەندێك  هەلومەرجی تایبەتی وا دەخوازن کە  نەك هەر بە تەنیا نابێ خۆی لە ماڵی کۆنتیس و ناسیاوانی دی بەدوور بگرێت، بەڵکە بە  پێچەوانەوە دەبێت زوو زوو لەو شوێنانە دەکەوێ. چونکە لام وایە وەختێك کە دێت بۆ لای ئێوە، ئیدی ناچێتە دەرێ و هەموو کەس و هەموو شتێك لەبیر دەکات، لێم دڵگران مەبن کە جار جار بە بۆنەی هەندێك کاری تایبەتیی خۆمەوە چەند کاتژمێرێك کاتی دەگرم. دڵنیام کە زۆر لەمێژە سەردانی شازادە ‹‹ئا›› ی نەکردووە. ناڕەحەتم لەوەی کە پێم نەگوت سەرێکی لێ بدات...))

سەیرێکی ناتاشام کرد، بە بزەیەکی کاڵی گاڵتەجاڕانەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەو ڕادێرابوو. بەس شازادە هێندە ڕووڕاست و ئاسایی دەدوا کە بە هیچ شێوەیەك گومانت لە گوتەکانی نەدەکرد.

ناتاشا وەك ئەوەی کە لەبارەی بابەتێکی زۆر سادەوە قسە بکات، بە شێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆوە پرسیی:

- یانی ئێوه هەر بەڕاستی ئاگاتان لەوه نییه کە ئەو لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا تەنانەت بۆ یەك جاریش سەردانی منی نەکردووه؟

شازاده کە وای دەنواند زیاد لە ڕاده سەرسامە، گوتی:

- چی؟ تەنانەت یەك جاریش؟ مۆڵەت بدەن، ئەوە چی دەڵێن؟

-ئێوه درەنگانێکی شەوی سێشەممە هاتنە دیدەنیم، بەیانیی ئەو شەوە سەردانی کردم، نیو کاتژمێرێك لام مایەوه و ئیدی لەو ڕۆژەوه چاوم پێی نەکەوتووەتەوه.

-ناچێتە ئەقڵەوه! (زیاتر لە جاری پێشوو سەرسام دەینواند). کەچی من لام وابوو لەو کاتەوه تەنانەت بۆ یەك ساتیش ئێوەی جێ نەهێشتووه! داوای لێبوردن دەکەم، زۆر سەیره... بە هیچ شێوەیەك ئەقڵ نایبڕێ!

- لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕاستە و زۆیش حەیفە!... ئێستاکەش بە تەما بووم لای ئێوه هەواڵی ئەو بپرسم.

-ئاه! خوایە گیان. بەس ئەو هەر ئێستە دێت. ئەم قسەیەتان زۆری نارەحەت کردم... باوەڕ بکەن، بێ لەمە، چاوەڕێی هەموو شتێکم لەو دەکرد!

- دەڵێی سەرسامن؟ لام وابوو کە ئەم قسانە بە هیچ شێوەیەك سەرسامتان ناکەن، چونکە پێشتریش دەتانزانی کە هەر وای لێدێت.

شازاده سەیرێکی هەردووکمانی کرد و گوتی: ((دەمزانی، من؟ بەس زۆر لەوه دڵنیابن ناتالیا نیکلایۆنا، کە تەنیا ئەمڕۆ بۆ چەند خولەکێك چاوم بەو کەوتووه و هەواڵی ئەویشم لە هیچ کەسێك نە پرسیوه، پێم سەیره کە گومان لە گوتەکانم دەکەن.))

ناتاشا هاتە وەڵام: ((خودا نەکات وەها فکرێك بە مێشکم دابێت: بەڵکە تەواو لەوه دڵنیام کە ئەوەی ئێوه دەیڵێن زۆر ڕاستە.))

دوای ئەم قسانە کەوتە پێکەنین. شازاده کەمێك ناوچاوی تاڵ کرد و گوتی: ((مەبەستتان چییه؟ تکایە ڕوون کردنەوه بدەن.))

-هیچ مەبەستێك لە ئارادا نییه و پێویست بە ڕوونکردنەوەش ناکات. قسەکانم گەلەك ڕوونن، ئێوه بەخۆتان زۆر باش دەزانن کە ئالیۆشا چەندە گێژ و گوێنەدەره. ئێستە ئەو بە تەواوی ئازاده، هەر کوێی پێ خۆش بێت دەڕوا و هەرچیی حەز لێبێ دەیکات.

- وەلێ نابێت مۆڵەتی ئەوەی پێ بدرێ سەر بە هەموو کونێکدا بکات، ئەمە هۆکارێکی لەپشتەوەیە، هەر کە سەروشکڵی دەرکەوت، ناچاری دەکەم لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەی تەواو بدات. بەس بەلای منەوە لە هەموو شتێك سەیرتر ئەوەیە، وێڕای ئەوەی کە لێرە نەبوومە، کەچی ئێوە هەموو خەتاکە لە ئەستۆی من دەنێن. بەس لە لایەکی دیکەوە ناتالیا نیکلایۆنا، دەبینم کە ئێوە زۆری لێ قەڵسن. دەرك بەمە دەکەم! بە تەواوی هەقی خۆتانە و ... باشە.

پاشان بە بزەیەکی ڕکنەوە ڕووی کردە من و بۆی زیاد کرد: ((هەڵبەتە بەر لە هەر کەسێکی دی من خەتابارم، چونکە من بەر لە هەمووان هاتووم بۆ ئێرە، وانییە؟))

ناتاشا بە تەواوی سوور هەڵگەڕا.

شازادە لە دوا بە دوای قسەکانیدا بە لووتبەرزییەوە گوتی: ((دەرفەت بدەن، ناتالیا نیکلایۆنا، قەبوڵمە کە لەم بارەیەوە تا ڕادەیەك خەتابارم، هەمووشی لەبەر ئەوەیە کە من هەر بەیانیی ئەو شەوەی کە شەرەفی ئاشنابوونتانم پێ برا سەفەرم کرد، بەم پێیە، جۆرێك لە هەستی بەدگومانی لە ئێوەدا دەبینم و وادیارە کە بۆچوونتان لەمەڕ منەوە گۆڕاوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە لەم ماوەیەدا هەلومەرجێك هاتووەتە پێش کە ڕێخۆشکەریی بۆ دروست بوونی ئەم بەدگومانییە کردووە. گەر سەفەرم نەکردبا، ئەوا زیاتر منتان دەناسی و منیش ئالیۆشام دەخستە ژێر چاودێریی خۆمەوە و لێنەدەگەڕام خەریکی هەرزەگەری بێت. ئێستە بەخۆتان دەبیستن کە چۆنی لێ دەپێچمەوە.))

- بەتەمان کارێك بکەن ئەو وا هەست بکات کە من بۆ ئەو بوومەتە بارگرانی، ئەرێ؟ لە ڕاستیدا پێم وایە ئێوە زۆر لەوە زیرەك و هۆشمەندترن کە بتانەوێ لە وەها ڕێگەیەکەوە یارمەتیی من بدەن.

- بەم قسەیە دەتانەوێ پێم بڵێن کە گوایا من بە تەمام ئالیۆشیا وا تێبگەیێنم کە بەرپرسیارییەتی ژیانی ئێوە لە ئەستۆی ئەودایە، ئەم قسەتان دڵشکێنە، ناتالیا نیکلایۆنا.

ناتاشا وەڵامی دایەوە: ((من کە لەگەڵ هەر کەسێکدا دەکەومە گفتوگۆ، هەوڵ دەدەم خۆم لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بە دوور بگرم، بە پێچەوانەوە حەزدەکەم تا دەکرێت ڕاشکاوانەتر و بێ پێچ و پەنا بدوێم، لەوانەیە ئێوەیش هەر ئەمڕۆ لەم بارەیەوە بە دڵنیایی بگەن. بە هیچ شێوەیەك نیازی ڕەنجاندنی ئێوەم نییە، هیچ هۆکارێکیش پاڵم پێوە نانێت هەتا وەها کارێك ئەنجام بدەم، سەرەڕای ئەمەش، ئێوە لە هیچ جۆرە قسەیەکی من ناڕەنجێن. بڕوایەکی زۆرم بەم بابەتە هەیە، چونکە زۆر بە باشی لە پەیوەندییە هاوبەشەکانمان تێدەگەم: خۆ ئێوە قسەکانی من بەهەند وەرناگرن، وانییە؟ بەس ئەگەر هەر بەڕاستی دڵتانم ئێشاندووە، ئەوا ئامادەم داوای لێبوردنتان لێ بکەم،

هەتا لەم ڕێیەوە ئەو ئەرکەی کە بەرانبەر بە ئێوە لە ئەستۆی من دایە، یانی ئەرکی میوانداری کردن، بە شێوەیەکی باش ئە نجام بدەم.))

وێڕای ئەوەی کە ناتاشا بە شێوەیەکی هێدی و هێمن و تەنانەت ڕووخۆشییەوە ئەم ڕستەیەی دەربڕی و بزەی لەسەر لێوان بوو، هەرگیز تا ئەو وەختە بەو ڕق لەدڵییەی ئەو کاتەوە ئەوم نەدیبوو. تەنیا لەو ساتەدا لە هۆکاری ئەو هەموو ئازار و بێتاقەتییانەی کە لە دڵیدا پەنگیان خواردبووەوە، تێگەیشتم. ئەو قسە مەتەڵ ئاسایانەی کە بۆ منی کردبوون: ((کە هەموو شتێك دەزانێ و سۆسەی هەموو شتێکی کردووە،)) منی تۆقاند، هەموو ئەم قسانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە شازادەوە هەبوو. لەمەڕ بۆچوونی ئەو گۆڕابوو و ئێستە بە ئاشکرا شازادەی بە دژمنی خۆی دەزانی. بە ڕوونی ئەوی بە هۆکاری شکستهێنانی پەیوەندیی نێوان خۆی و ئالیۆشا دەزانی، پێدەچوو هەندێك بەڵگەشی لەبەر دەستدابێت کە لەم بارەیەوە هەموو گومانێکی ئەویان دەڕەواندەوە. ترسی ئەوەم هەبوو کە کتوپڕ بیکەنە دەمەقاڵە. ئەو ڕووخۆشییە درۆیینەی کە لە شێوەی قسەکردنەکەی دابوو، زۆر لەوە ئاشکراتر بوو کە بکرێت بشاردرێتەوە،ئەو دوا قسانەی کە بۆ شازادەی کردن، ئەوەی کە ناتوانێ پەیوەندیی نێوانیان بەهەند وەربگرێ و داوای لێبوردن کردن سەبارەت بە میوانداری، هەروەها ئەو بەڵێنە هەڕەشە ئامێزەی کە گوایا ئەمشەو بۆی دەسەلمێنێت لە توانایدایە بێ پێچ و پەنا و لەڕووداممان قسە بکات، هەموو ئەمانە هێندە زبر و چزوودار بوون، ئەوەندە ڕوون و ئاشکرابوون کە ڕێی تێ نەدەچوو شازادە لێیان حاڵی نەبێت. سەیرم کرد و گۆڕانێکم لە سیمایدا بینی، بەس باش دەیزانی کە چۆن خۆی کۆنترۆڵ بکات. دەمودەست وای نواند کە سەرنجی لەم قسانە نەداوە و لە مانا ڕاستەقینەکەیان حاڵی نەبووە، سەرئە نجام بە گاڵتەیەك خۆی لەم شەڕە لادا.

بە خەندەوە گوتی: ((خودا نەکات من چاوەڕێی ئەوە بم کە ئێوە داوای لێبوردنم لێ بکەن. بە هیچ شێوەیەك داوای وەها شتێك ناکەم و لە تایبە تمەندیی مندا نییە کە تەمای ئەوەم هەبێت خا نمێك داوای لێبوردنم لێ بکات. هەر لە یەکەمین دیدارمانەوە ئێوەم لە تایبە تمەندییە ڕۆحی و ئەخلاقییەکانم ئاگادار کردەوە، بەم پێیە، لام وایە گەر ئاماژە بە بابەتێك بکەم کە بە شێوەیەکی گشتی هەموو خا نمان دەگرێتەوە، ئەوا ئێوە قسەکەم پەسەند دەکەن.)) پاشان ڕووی کردە من و بە میهرەبانییەوە لەسەری ڕۆیشت: ((من تێبینیی سیفەتێکی تایبەتم لە خا نماندا کردووە: وەختێك کە ئافرەتێك لە مەسەلەیەکدا خەتابارە، وای پێی باشە کە سەرەتا بە میهرەبانی و ستایش و نازکێشان بەرانبەرەکەی شل بکات، جا دوایی دان بە تاوانەکەیدا بنێ و داوای لێبوردن بکات. بەم پێیە، تەنانەت گەر دڵیشم لە ئێوە ئێشابێت، بە هیچ شێوەیەك لە هەمان ساتدا چاوەڕێ نیم داوای لێبوردنم لێ بکەن، بەڵکە بەرژەوەندیی من لەوەدایە کە گەر دواتر خۆتان دەرکتان بە هەڵەی خۆتان کرد و ویستتان دڵم لێتان ساف ببێتەوە، ئەوا لەجێی داوای لێبوردن، میهرەبانی و نەرمونیانی بنوێنن. ئەوجا ئێوە هێندە باش، پاك، دڵساف و بێ فرِوفێڵن، لەو ساتەدا کە پەشیمانی خۆتان دەردەبڕن، دڵڕفێنتر دەردەکەون! لەجێی داوای لێبوردن، پێم بڵێن کە ئەمشەو چۆن دەتوانم بۆتان بسەلمێنم کە شێوەی هەڵسوکەوتی من لەگەڵ ئێوە، لەوپەڕی ڕووڕاستی و ڕاستگۆیی دایە!))

ناتاشا سوور هەڵگەڕا. منیش لام وابوو کە شێوەی قسەکردنی شازادە تا ڕادەیەك گوێنەدەرانە و خەمساردانەیە و تەنانەت جۆرە لاقردییەکی تێدایە.

ناتاشا بە نیگایەکی ڕکابەرانەوە لێی ڕاما و گوتی:

-یانی دەتانەوێ بۆمی بسەلمێنن کە لەگەڵ مندا بێ پێچ و پەنا و ڕاستگۆن؟

- بەڵێ.

- مادام وایە، ئەوەی کە پێتانی دەڵێم پەسەندی بکەن.

- بەر لە بیستنی داخوازییەکەشتان بەڵێنتان دەدەمێ کە پەسەندی بکەم.

- باشە، من ئەم داخوازییەم هەیە: نە ئەمشەو نە لەمەودوایش، نە بە قسە و نە بە ئاماژەکردن بە من، ئالیۆشا عاجز مەکەن. بە بۆنەی پشتگوێخستنی منیشەوە، بە هیچ شێوەیەك سەرکۆنەی مەکەن. دەمەوێ بە چەشنێك پێشوازیی لێ بکەم کە وەك بڵێیت هیچ شتێك لە نێوان ئێمەدا ڕووی نەدابێت، نامەوێ هەست بە هیچ شتێك بکات. ئەمە ویستی منە. بەڵێنم پێ دەدەن؟

شازادە وەڵامی دایەوە: ((بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، جا دەرفەت بدەن کە لە ناخی دڵەوە دان بەوەدا بنێم کە من زۆر بە دەگمەن بە دیدگەیەکی ئەوەندە ژیرانە و ڕۆشنبینانەوە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە گرفتانە بوومەتەوە... وابزانم ئەوە ئالیۆشایش هات.))

لە ژووری تەنیشتەوە دەنگێك بیسترا. ناتاشا ڕاچەنی و پێدەچوو ئامادەکاری بۆ شتێك بکات. شازادە بە سیمایەکی جددییەوە چاوەڕێ بوو تا بزانێت چی ڕوودەدا. دەرگە کرایەوە و ئالیۆشا بە پەلە خۆی بە ژووردا کرد.

## ٢

بە ڕووخسارێکی کراوە و شاد و گەشاوەوە هاتە ژووری. بە سیمایدا دیاربوو کە بەکەیفە و ئەم چوار ڕۆژەی بە خۆشی ڕابواردووە، هەروەها پێدەچوو بیەوێ هەواڵێکمان پێ ڕابگەیەنێت.

بە دەنگی بەرز گوتی: ((باشە، من دەبوو بەر لە هەمووان لێرە ئامادەبم! بەس ئێستە بەخۆتان هەموو شتێك دەزانن، هەموو شتێك. باوکە کەمێك لەمەوبەر، گەرچی شتێگەلێکی زۆر هەن کە دەمەوێ پێتیان بڵێم، بەس دەرفەت نەبوو چەند قسەیەکت لەگەڵ بکەم.)) پاشان ڕووی کردە من و درێژەی پێدا: ((لەو وەختانەدا کە خۆشکەیفە بەخۆی مۆڵەتم دەداتێ بە ‹‹تۆ›› لەگەڵی بدوێم، بەس دڵنیابە کە لە هەندێك ساتیشدا وەها مۆڵەتێك نادات! ئەمەش ڕەوشەکەیەتی: بەخۆی پێم دەڵێ ئێوە. بەس لەمەودوا حەزدەکەم هەمیشە شاد و بەکەیف بێت و کارێکیش دەکەم کە وەها دۆخێك دەستەبەر ببێت. بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژەدا بەتەواوی گۆڕاوم، ئێستە کەسێکی دیم و هۆکارەکەشتان پێ دەڵێم. بەس با جارێ واز لەمە بێنین. لە هەمووی گرنتر ئەوەیە کە ئەو لێرەیە! تەماشای بکەن! ناتاشا، گەوهەری من، فریشتەکەم!)) دوای کردنی ئەم قسانە، بەرەو لای ڕۆیشت و لە تەنیشتییەوە دانیشت، جا بە تاسەوە دەستی ماچ کرد. پاشان درێژەی پێدا: ((ئەم ڕۆژانە بەبێ تۆ زۆر بێ تاقەت بووم. بەس بە تەمای چی بوویت؟ نەمتوانی سەردانت بکەم! دەسەڵاتی منی تێدا نەبوو. ئازیزم! لاواز دیاریت و ڕەنگت پێوە نەماوە...))

بە جۆش و خرۆشەوە هەر خەریکی ماچکردنی دەستەکانی ناتاشا بوو، چاوی لێ هەڵنەدەگرت و دەتگوت هەرگیز لە سەیرکردنی تێر نابێت. سەیرێکی ناتاشام کرد و بە ڕووخساریدا زانیم کە هەردووکمان وەك یەك بیر دەکەینەوە: ئالیۆشا لە پاکی و بێ گوناحیدا هەر دەتگوت فریشتەیە. جا لە خۆمان دەپرسی کەی و بە چ هۆکارێك ئەم بێ گوناحییە دەگۆڕێ و دەبێتە تاوان. کتوپڕ سەر گۆنا ڕەنگ پەڕیوەکانی ناتاشا سوورییەکی بێ ڕادەیان پێوە دەرکەوت، دەتگوت هەموو ئەو خوێنەی کە تا ئەو ساتە لە دڵیدا پەنگی خواردووەتەوە، لە کتوپڕێکدا هێرشی بۆ سەری هێناوە. چاوەکانی کەوتنە درەوشانەوە بە فیزەوە لە شازادەی ڕوانی.

بە دەنگێکی گیراو و پچڕ پچڕ پرسیی: ((بەس بە درێژاییی ئەم هەموو ڕۆژە... لە کوێ بوویت؟)) هەناسەی قورس و ناهاوسەنگ بوو. ئای خوایە گیان! چەندە ئەم کوڕەی خۆش دەویست.

- ڕاستە کە وا دەردەکەوێ بەرانبەر بە تۆ خەتابارم، بەس تەنیا بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێ. هەڵبەتە خەتابارم، بەر لەوەی کە بێمە ئێرەش ئەمەم دەزانی. کاتیا دوێنێ و ئەمڕۆیش بە منی گوت کە هیچ ژنێك هەرگیز ناتوانێت بەرانبەر بە وەها کەمتەرخەمییەك لەخۆبردوو بێت (ئاخر ئەو ئاگای لە ورد و درشتی هەموو بەسەرهاتی شەوی سێشەممە هەیە. ئاخر سبەینێی هەمان شەو بە خۆم هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە). لەگەڵ ئەو گفتوگۆم کرد و پێم گوت کە ئەم ژنە ناوی ناتاشایە و لەوانەیە لە هەموو دونیا یەك کەس هەبێت کە بکرێ بەوی بەراورد بکەیت: ئەویش کاتیایە. ئێستە کە هاتوومەتە ئێرانە دەزانم کە لەم باسەدا براوەم و قسەکانم ڕاست بوون. یانی ڕێی تێدەچێت کە فریشتەیەکی وەك تۆ لە گوناحی کەسێك نەبووری؟ ناتاشای من دەبێت بە خۆی بڵێ: ((بێگومان هێشتا هەر خۆشی دەوێم، گەر سەردانیشی نەکردووم ئەوا لەبەر بێدەرفەتی بووە.)) تۆ دەبێت ئەم قسەیە بە خۆت بڵێیت، ناتاشا! چلۆن دەتوانم ئیدی خۆشتم نەوێ؟ مەگەر دەکرێ؟ هەموو بوونم ئارەزووی تۆی دەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەر خەتابارم! بەس وەختێك کە هەموو شتێکت زانی، بەخۆت بەر لە هەموو کەسێك هەقم پێ دەدەیت. هەر ئێستە هەموو شتێکتان بۆ باس دەکەم، تەمام وایە سفرەی دڵمتان لەبەردەم دا واڵا بکەم، هەر بۆ ئەو مەبەستەش هاتووم بۆ ئێرە. ئەمڕۆ خوا خوام بوو تەنیا یەك خولەك ئازاد بم، هەتا بەرەو لای تۆ لە شەقەی باڵ بدەم، بێم و سەراپات نوقمی ماچ بکەم، بەس نەمتوانی: کاتیا بە پێداگرییەوە داوای لێکردبووم کە ئیشێکی گرنگی پێمە و دەبێت سەردانی بکەم. هەڵبەتە باوکە، بەر لەوەی کە لە گالیسکەکەتەوە چاوت پێم بکەوێ. لە دوو نامەدا و بۆ دووەمین جار داوام لێ کرابوو بچم بۆ ماڵی کاتیا. چونکە پۆستەی ئەمڕۆمان لە ماوەی یەك ڕۆژدا نامە لە نێرەرەوە دەگەیەنێتە دەستی وەرگر، ڤانیا، من دوێنێ چاوم بە نامەکەی ئێوە کەوت و هەڵبەتە هەقی خۆشتانە. وەلێ چی بکەم: لاشەم نەیدەکرد. هەر لەبەر ئەوە بە خۆمم گوت: سبەی شەو لەمەڕ هەموو شتێك داوای لێبوردن دەکەم، چونکە ئیدی لەمە زیاتر بەرگەی دووریتم نەدەگرت، ناتاشا.

ناتاشا پرسیی: ((مەبەستت لە کام نایە؟))

- ڤانیا هاتبووە ماڵی ئێمە، بێگومان من لەوێ نەبووم، جا لەبەر ئەوەی کە سەردانی تۆم نەکردووە لە یاداشتەکەدا سەرکۆنەیەکی زۆری کردبووم. بە تەواویش لەسەر هەقە. دوێنێ بوو.

ناتاشا سەیرێکی منی کرد.

شازادە گوتی: ((بەس تۆ گەر کاتی ئەوەت هەبووە کە لە بەیانییەوە هەتا شەو لای کاترینا فیۆدۆرۆنا بمێنیتەوە...))

ئالیۆشا قسەکەی پچڕاند و گوتی: ((دەزانم، دەزانم دەتەوێ چی بڵێیت: ‹‹گەر کاتی چوونە لای کاترینات هەبوویێت، ئەوا ئەرکی سەرشانتە کە دوو هێندە کات بۆ هاتنە ئێرە تەرخانکەیت.›› بە تەواوی هاوڕاتم و ئەمەشی بۆ زیاد دەکەم کە نەك هەر دوو هێندە بەڵکە ئەرکی سەرشانمە کە سەد هێندە کات بۆ هاتنە ئێرە تەرخان بکەم. بەس لە ژیاندا ڕووداوگەلێکی پێشبینی نەکراو و سەیروسەمەرە دێنە پێش کە هەموو بەرنامەیەك دەشێوێنن و تێکی دەدەن. جا منیش هەلومەرجێکی لەو شێوەیەم بۆ دروست ببوو. خۆ پێم گوتن، لەم ماوەیەدا سەرا پا گۆڕاوم: هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێشهاتێکی گرنگ ڕوویداوە.))

ناتاشا لە بارێکدا کە پێکەنینی بەم جۆش و خرۆشەی کوڕە لاوەکە دەهات، گوتی: ((ئاە! خوایە گیان! وەلێ چی ڕووی داوە؟ تکا دەکەم مەهێڵە لەمە زیاتر چاوەڕێ بین.))

بەس لە ڕاستیدا ڕەفتاری ئالیۆشا تا ڕادەیەك گاڵتەجاڕانە بوو: پەلەی بوو، قسەکان بە خێرایی لە دەمیەوە دەردەپەڕین، نەدەسرەوت و گەرەکی بوو هەموو شتێك باس بکات، وێڕای ئەمەش، هاوکاتی قسەکردن، دەستەکانی ناتاشای لە دەستی خۆیدا گل دابوونەوە و بەردەوام بۆ لێوی خۆی دەبردن، دەتگوت هەرگیز لە ماچکردنیان تێر نابێت.

- باشە، ئەمە ڕووداوەکەیە. ئاە! هاوڕێیان! جا چیم نەدیوە و چیم نەکردووە. هەر مەپرسن کە لە کۆڕی چ جۆرە مرۆڤانێك دانیشتووم. بەر لە هەموو شتێك ناتاشا، ئەوە بزانە کە کاتیا مرۆڤێکی تەواو و بێ خەوشە! تا ئێستە هەرگیز بەم چەشنە ئەوم نەناسیبوو! بیرت دێت کە سێشەممەی ڕابردوو بە چ جۆش و خرۆشێکەوە لەمەڕ ئەو قسەم بۆ کردیت، بەس تەنانەت ئەو وەختانەش وەك پێویست ئەوم نەدەناسی. ئەو تا ئەم دواییانەش خۆی نیشان نەدابووم. بەس ئیدی ئێستە بە تەواوی یەکدی دەناسین. بە یەکتری دەڵێین ‹‹تۆ››. بەس لە سەرەتاوە دەست پێدەکەم: ناتاشا، گەر دەتبیست دوای ئەوەی کە باسی ئەو بەسەرهاتەی ڕۆژی چوارشەممەی نێوانمانم بۆ کرد چ قسەگەلێکی لەبارەی تۆوە پێ گوتم؟... بەڕاست، بیرم هاتەوە، وەختێك کە بەیانیی سێشەممە لای تۆ بووم، وای کە سیمایەکی چەندە گەمژانەم هەبوو. تۆ بە گەرم و گوڕییەوە پێشوازیت لێ کردم، بە سەختی کەوتبوویتە ژێر کاریگەریی ئەو هەلومەرجە نوێیەمان. غەمگین بوویت و لە هەمان کاتیشدا دەتویست سەبارەت بەو بابەتە قسەم

لەگەڵ بکەیت، تۆ گاڵتەت دەکرد و منیش ڕۆڵی مێردێکی بە ویقارم دەگێڕا! ئاه کە چەندە گەمژە بووم. سوێند دەخۆم کە وەك پیاوێکی تەواو جددی خۆم دەنواند کە بە تەمایە لە ماوەیەکی نزیکدا زەماوەند بکات، جا لە بەرانبەر کێیشدا ئەم ڕۆڵەم دەگێڕا: لە بەرانبەر تۆ. ئاه! کە چەندە شایستەی ئەو گاڵتە پێهاتنەی تۆ بووم.

شازادە بێدەنگ بوو و بە بزەیەکی سەرکەوتووانە و تەنزئامێزەوە لە ئالیۆشای دەڕوانی. پێدەچوو بەوە دڵخۆش بێت کە کوڕەکەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی، یانی ڕووە گەمژانە و تەنانەت گاڵتەجاڕانەکەی نیشان دەدات. ئەو شەوە چاوم لەسەر هەڵنەگرت و گومانم لەوە نەما کە هیچ خۆشەویستییەکی بۆ کوڕەکەی نییە، گەرچی وای دەنوێنێ کە بە سۆزێکی باوکانەی پڕ لە گڕوتینەوە ئەوی خۆش دەوێت.

ئالیۆشا درێژەی بە قسەکانی دا: ((دوای جێهێشتنی تۆ، چووم بۆ لای کاتیا. خۆ کەمێك پێش ئێستە پێم گوتیت کە تەنیا لە بەیانیی ئەو ڕۆژەدا بە شێوەیەکی باش و شیاو یەکدیمان ناسی، جا بە شێوەیەکی زۆر هەژێنەریش... بە باشی بیرم نەماوە کە چیم پێ گوت... چەند قسەیەکی دۆستانە و پڕ لە جۆش و خرۆش، خستنە بەر باسی فکرەکانم، دەربڕینی هەندێك لە هەستەکان و جا دوای ئەوە بۆ هەموو تەمەن بووینە هاودەستی یەکدی. دەبێت، دەبێت تۆ ئەو بناسیت، ناتاشا! ئەو هەر دەڵێیت پێشتر تۆی ناسیوە و زۆر شتیشی بۆ ڕوون کردمەوە. تێی گەیاندنم کە تۆ بۆ من گە نجینەیەکی چەندە بەنرخیت! بەرە بەرە بیروباوەڕ و شێوەی ژیانی خۆی بۆ باس کردم، کچێکی زۆر جددی و گەرم و گوڕە. قسەی زۆرمان لەمەڕ ئەرکەکانمان و ئەو کارانە کرد کە دەبێت لە پێناو مرۆڤایەتیدا ئە نجامیان بدەین و دوای پێنج یان شەش کاتژمێر قسەکردن سوێندمان خوارد کە تا هەتا هاوڕێی یەکدی بین و تا کۆتایی تەمە نمان لە پێناو ئاما نجێکی هاوبەشدا تێبکۆشین.))

شازادە بە سەرسامییەوە پرسیی: چ ئاما نجێك؟

ئالیۆشا بە شێوەیەکی فەرمیانە وەڵامی دایەوە: ((من هێندە گۆڕاوم باوکە، کە ئەگەر دەرکی پێ بکەیت سەرت سوڕ دەمێنێ. تەنانەت پێشبینیی ئەوە دەکەم کە بەرهەڵستیشم بکەیت. ئێوە هەمووتان مرۆڤانێکی وشك و ڕەقن، پەیڕەوی لە بنەمایەکی سەختگرانە، جددی و تاقی کراوە دەکەن، بە چاوی ڕق و ناباوەڕی و گاڵتەجاڕییەوە لە شتە نوێیەکان دەڕوانن. بەس ئیدی من ئەو مرۆڤە نیم کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر دەتانناسی. تێڕوانینێکی بوێرانەم بۆ دونیا هەیە. چونکە گومانم لە ڕاستیی بیروباوەڕم نییە و هەتا دەرکەوتنی دواهەمین ئە نجام، دوای بیروباوەڕەکەم دەکەوم و لەو ڕێیەدا کە دەیگرمەبەر، ئاگام لە خۆمە و گوم نابم. دەبمە پیاوێکی ڕاستگۆ و سەرڕاست. بەس با ئیدی لەمە زیاتر لەبارەی خۆمەوە نەدوێم، ئێستە دوای ئەم هەموو قسانە، ئێوە هەرچیتان پێ خۆشە دەتوانن بیڵێن، وەلێ من لە خۆم دڵنیام.))

شازادە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە گوتی: ئاه! ئاه!

ناتاشا بە سیمایەکی نیگەرانەوە لێمانی دەڕوانی. نیگەرانی ئالیۆشا بوو. زۆربەی کات وا ڕێك دەکەوت کە پیاوە لاوەکە هەندێك قسە بکات کە بە زیانی خۆی بشکێتەوە و ناتاشایش بە باشی ئەم بابەتەی دەزانی. ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەو بەبەر چاوی خاس و خراپ و بەتایبەت بەبەرچاوی باوکییەوە خۆی بکاتە گاڵتەجاڕ. دواجار گوتی:

- ئەوە چی دەڵێیت، ئالیۆشا، تەواوی ئەم قسانە فەلسەفە ڕێسین! نەکا مێشکیان شت و شۆر دابیت... وا باشترە باسی ئەوەمان بۆ بکەیت کە لە نێوانتاندا ڕوویداوە.

ئالیۆشا بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((دەمەوێ هەمان ئەو کارە بکەم. دەزانیت، کاتیا دوو خزمی دووری هەیە، دوو کوڕە مام کە *لیۆ* و *بۆریس* یان ناوە. یەکێکیان خوێندکاری زانکۆیە و ئەوی دیکەشیان پیاوێکی سادە و گەنجە. کاتیا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەواندا هەیە، ئەوان دوو کوڕی لێهاتوون. بە پێی خووی خۆیان هەرگیز سەردانی کۆنتیس ناکەن. کە لەگەڵ کاتیا کەوتینە باسی ئینسان و تواناکانی و ئەو جۆرە شتانە، ئەو قسەی بردەوە سەر ئەوان و دەمودەست یاداشتێکی بۆ نووسیم هەتا پێیان ئاشنا ببم. هەر لە یەکەمین شەودا گەیشتینە ڕێککەوتن: نزیکەی دە تا دوازدە کەسایەتیی جۆراوجۆر ئامادەییان هەبوو: خوێندکاری زانکۆ، ئەفسەر، هونەرمەند، تەنانەت نووسەرێکیش... هەمووان ئێوەیان دەناسی، ڤانیا، یانی کتێبەکانتانیان خوێندبووەوە و چاوەڕێی بەرهەمی نوێتان بوون. خۆیان ئەمەیان پێ گوتم. بەوانم گوت کە من دۆستی ئێوەم و بەڵێنیشم پێدان بە ئێوەیان بناسێنم. هەمووان بە چەشنی برایەك و بە باوەشێکی برایانەوە پێشوازییان لە من کرد. دەمودەست پێیانم ڕاگەیاند کە بڕیارە لەم نزیکانەدا زەماوەند بکەم، ئیدی ئەوانیش هەروەك پیاوێکی هاوسەردار ڕەفتاریان لەگەڵ کردم. ئەوان لە نهۆمی چوارەمی ژێر باندا دەژین و حەفتەی جارێکیش، وەك هەمیشە لە ڕۆژانی شەممە، لە ماڵی لیۆ و بۆریسدا کۆدەبنەوە. هەمووان گەنجانێکی ڕووخۆش و ڕۆشنبیرن، خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ مرۆڤایەتی هەیە، ئێمە بەوپەڕی سادەیی و بێ مەرامییەوە سەبارەت بە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست، ئەدەبیات و ئاییندەمان وتووێژمان کرد، جا خوێندکارێکی ئامادەییش لە کۆڕەکەی ئەواندا ئامادەگیی هەیە. پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەگەڵ یەکدیدا دروست کردووە. ئای کە چەندە نەجیب و بەڕێزن! تۆ بزانە من هەتا ئێستە هەڵسوکەوتم لەگەڵ چ جۆرە مرۆڤانێکدا کردووە، چیم دیوە؟ چ فکرێکم دەرخوارد دراوە؟ ناتاشا، هەتا ئێستە تەنیا تۆ لەو جۆرە قسانەی ئەوانت بۆ کردووم. ئاە! ناتاشا، بێگومان دەبێت تۆ چاوت بەوان بکەوێت. کاتیا دەمێکە ئاشنایی لەگەڵ ئەواندا هەیە و دەیانناسێ. ئەوانیش کەم تا زۆر بە شێوەیەکی ستایش ئامێز باسی ئەو دەکەن و کاتیایش بە لیۆ و بۆریسی گوتووە هەرکە گەیشتە تەمەنێك کە ئیدی سەروەتەکەی بدرێتە دەستی خۆی، ئەوا ملیۆنێکی بۆ کاری خێر تەرخان دەکات.))

شازادە گوتی: ((بێگومان لیۆ و بۆریس و هەموو ئەندامانی گروپەکەیان گیرفانیان بۆ ئەم ملیۆنە دووریوە، ئەرێ؟))

ئالیۆشا بە هەڵچوونەوە هاواری کرد: ((وەڵێ نا، نا، بە هیچ شێوەیەك، ئەم جۆرە قسانە مایەی شەرمەزارین، باوکە. سۆسەی ئەوەم دەکرد کە چیت بە خەیاڵدا دێت. هەڵبەتە ئێمە سەبارەت بەم یەك ملیۆنە گفتوگۆمان کرد و تا ماوەیەکی زۆر قسەمان لەسەر شێوەی بەکارهێنانی کرد. سەرەنجام بڕیارماندا بەر لە هەموو شتێك بیخەینە خزمەت هۆشیاریی گشتییەوە.))

شازادە هەر بە هەمان زەردەخەنەی گاڵتە ئامێزەوە، وەك ئەوەی کە لەگەڵ خۆی بدوێ گوتی: ((ڕاستە، من تا ئێستە وەك پێویست کاترینا فیۆدۆرۆنام نەدەناسی. لەبەر ئەوە چاوەڕێی زۆر شتم لێ دەکرد، بەس ئەمەیان...))

ئالیۆشا قسەی پێ بڕی و گوتی: ((چی؟ بۆ ئاوها سەرت لەم فکرەیەی سوڕماوە؟ هەر لەبەر ئەوەی کە زۆر دوورە لەو بنەما و بیروباوەڕەی کە تۆ و هاوشێوەکانی تۆ پەیڕەویی لێ دەکەن؟ هەر لەبەر ئەوەی کە تا ئێستە هیچ کەسێك یەك ملیۆن پارەی لە وەها ڕێگەیەکدا خەرج نەکردووە و ئەو بەتەمای وەها کارێکە؟ لەبەر ئەوەیە، وانییە؟ کێ دەڵێ ئەو حەزدەکات لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی ئەوانی دیکەدا بژی؟ ئەو لای وایە هەتا ئەم پارانەی هەبێت هەر دەبێ لەژێر سەرپەرشتیی ئەوانی دیکەدا ژیان بەسەر ببات (تازە ئەمەم زانیوە). ئەو دەیەوێت سوود بە نیشتمان و بە هەموو کەسێك بگەیەنێ و پارەکەی لە ڕێی خۆشگوزەران کردنی خەڵکیدا بەکار بهێنێت. لە ئەدەبیاتی ئێمەدا باس و خواسێکی زۆر لەبارەی بەکاربردنی پارە لەم ڕێیەوە کراوە، ئێستە ئەو پارەیە با ملیۆنێکیش بێت، قابیلە چییە؟ بۆچی ئاوها لێم دەڕوانیت، باوکە؟ دەڵێی سەروکاریت لەگەڵ شتێك یان لەگەڵ گەپجارێکدا هەیە! یان وەك بڵێی من گەمژەبم؟ ناتاشا، خۆزگە دەتبیست کە چ قسەیەکی لەم بارەیەوە دەکرد! دەیگوت: ((زیرەکی گرنگ نییە، بەڵکە شتانێکی وەك دڵ و سروشت و بەخشندەیی و پێشکەوتنخوازی گرنگن، کە ئەو زیرەکییە ئاڕاستە دەکەن.)) بەس لە هەمووی گرنگتر ئەو ڕستە بلیمەتانەیە بوو کە *بێزمگین* دەیگوت. ئەو هاوڕێی لیۆ و بۆریسە و لەنێو ئێمەدا حسێبی بیرمەند، یان بلیمەتێکی بۆ دەکرێ. دوێنێ لە کاتی گفتوگۆکەمان دا گوتی: ((گەمژەیەك کە بە گەمژەبوونی خۆی ئاگایە، گەمژە نییە!)) هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە. هەر ساتەو قسەگەلێکی بە مانای وەك ئەمەی دەگوتن. تۆوی حەقیقەتی دەپژاند.))

شازادە جەختی لەسەر کردەوە: ((لە ڕاستیدا ئەو بلیمەتە.))

- هەمیشە خەریکی گاڵتە پێکردنیت، هەر ئەوە دەزانیت، ئەم جۆرە قسانەم نە لە ئێوە و نە لەو کەسانەشەوە نەبیستووە کە سەر بە تاقمی ئێوەن. کەسانێکی وەك ئێوە، بە پێچەوانەی کەسانی دیکەوە دایمە هەموو شتێك دەشارنەوە، لە دیدگەی ئێوەوە هەمیشە دەبێت بە کەم لە هەموو شتێك بڕوانرێت و حسێبێکی ئەوتۆی بۆ نەکرێ، دەبێت هەموو شتێك لەسەر ئەساسی هەندێك پێوەر و تێڕوانین لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێ: وەك بڵێیت ئەو کارەتان کردە و ئەقڵبڕ بێت، کەچی هەزاران جار لەو شتانەی کە ئێمە بیریان لێ دەکەینەوە یان دەیانڵێین نەکردەتر و ئەقڵ نەبڕترە! سەرباری ئەوەش بە خەیاڵپڵاومان دەزانن! گەر دەتبیست کە دوێنێ چ قسانێکیان بۆ کردووم...

ناتاشا گوتی: ((بەس ئێوە، ئەو دوانەتان باسی چ بابەتێك دەكەن؟ بیر لە چ شتێك دەكەنەوە؟ بۆمانی باس بكە ئالیۆشا... تا ئێرە من سەرم لە هیچ شتێك دەرنەچوو.))

- بە شێوەیەكی گشتی باسی ئەو شتانە دەكەین كە ئێمە دەخەنە سەر ڕێگەی پێشكەوتن، سۆز و خۆشەویستی و چاكەكاری، لەبارەی ئەو شتانەوە باس و خواس دەكەین كە پەیوەندییان بە هەنووكەوە هەیە. لەبارەی بانگەشە، دەستەواژەی تازە، مرۆڤ دۆستی، كەسانی دڵسۆزی زەمانی ئێمە و... قسە دەكەین، شرۆڤە و شیكاریان دەكەین و شتیان لەسەر دەخوێنینەوە. بەس سوێندمان خواردووە كە بۆ یەكدی و ئەوانی دیكەش بەوەفا بین و بەبێ پەردەپۆشی، هەموو ئەو شتانە بخەینە بەر باس كە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە. تەنیا لە ڕێی وەفاداری و ڕاستگۆییەوە دەتوانین بە ئامانج بگەین. بێزمگین لەم ڕێیەدا زۆر خۆی هیلاك دەكات. لەگەڵ كاتیا قسەم لەسەر بێزمگین كردووە و كاتیا بڕوایەكی پتەوی پێی هەیە. بەم پێیە، هەموومان بەڵێنمان داوە كە بە پێی ڕێنوێنییەكانی بێزمگین، تا كۆتایی تەمەن بە ڕاستگۆیی و شەرەفمەندییەوە كار بكەین، هەرچیشمان لەبارەوە بڵێن، هەر داوەرییەكمان لەسەر بكەن، نەكەوینە ژێر كاریگەرییەوە و بڕوامان لەق نەبێ، شانازی بە هیواو ئامانجەكانمانەوە بكەین، شەرم لەوە نەكەین كە بە گەرم و گوڕی و شەوقەوە باس لە بیر و باوەڕەكانمان بكەین، بەڵكە لەسەر ڕاستە ڕێیەكەمان بەردەوام بین و گەر هەڵەیەكمان كرد تەریق نەبینەوە و بێ هیوا نەبین، گەر دەتەوێ ئەوانی دی ڕێزت بگرن، ئەوا بەر لە هەموو شتێك خۆت ڕێزی خۆت بگرە، ئەمە بنەمایەكی گرنگە. تەنیا لەو كاتەدا ئەوانی دی ناچار دەبن ڕێزت لێ بگرن كە خۆت ڕێز لە خۆت بگریت. ئەمە گوتەی بێزمگینە و كاتیاش بە تەواوی هاوڕایەتی. هەنووكە هەموومان بە سەختی پابەندی بیر و باوەڕەكانمانین و بڕیارمان داوە كە هەر یەكەمان لەلایەن خۆیەوە، خۆی لەسەر ئەم كارە ڕابهێنێ و فێری شتگەلێك ببێت و بیر و بۆچوونەكانمان بۆ یەكدی باس بكەین.

شازادە بە نیگەرانییەوە گوتی: ((ئای لەم قسە بێ سەروبەرانە. ئەم بێزمگینە كێیە؟ نا، درێژەدان بەم دۆخە نەكردەیە.))

ئالیۆشا گوتی: ((بۆ درێژەدان بەم دۆخە نەكردەیە؟ گوێبگرە باوكە، دەزانیت بۆچی باسی ئەم شتانەم بۆ كردیت؟ چونكە هیوادارم و ئارەزووم وایە كە تۆیش ببێتە ڕیزی ئێمەوە. پێشتر بەڵێنێكی لەم جۆرەم بەوان داوە. پێدەكەنیت، عەیبی نییە، هەر دەمزانی كە ئەم قسانە دەبنە مایەی پێكەنینت! بەس تا كۆتایی گوێ لە قسەكانم بگرە. تۆ پیاوێكی باش و شەریفیت: دەرك بە ئامانجی ئێمە دەكەیت. تۆ ئەم كەسانە ناناسیت، هەرگیز ئەوانت نەدیوە، گوێت لە قسەكانیان نەبووە. گریمان تا ئێستە چەند شتێكت لەبارەیانەوە بیستووە، ئاخر زانیاریی زۆرت پێ دەگات، بەس خۆ خودی ئەوانت نەدیوە، هامۆشۆت نەكردون. مادام وایە چۆن دەتوانیت داوەرییەكی بەویژدانانەیان لەبارەوە بكەیت؟ تۆ تەنیا پێت وایە كە ئەوان دەناسیت. نا، وەرە بۆ كۆڕی ئەوان، گوێ لە قسەكانیان بگرە، ئەوسا، بەڵێن دەدەم كە تۆیش دەبیتە یەكێك لە ئێمە! بەس من بە تایبەتی هەموو هەوڵی خۆم

دەخەمە گەر هەتا تۆ لەو کۆمەڵگەیەدا نغرۆ نەبیت کە ئەوەندە پێیەوە وابەستەیت، ئەو کۆمەڵگەیەی کە هەموو بیروباوەڕە ڕەسەنەکانتت لێ دەستێنێتەوە.))

شازادە بە بزەیەکی ژەهراوییەوە، بێ ئەوەی یەك وشە بڵێت، گوێی بۆ قسەکانی کوڕەکەی شل کرد، بەدفەڕی بە ڕووخسارییەوە دەخوێنرایەوە. ناتاشا بە ڕقێکەوە کە هیچ هەوڵێکی بۆ شاردنەوەی نەدەدا، چاوی لەو بڕیبوو. شازادەش ئەوەی دەزانی، بەس وای دەنواند کە چاوی لێی نییە. هەرکە قسەکانی ئالیۆشا تەواو بوون، دایە قاقای پێکەنین، تەنانەت بە پشتا خۆی بەسەر کورسییەکەدا دا و دەتگوت توانای پاراستنی هاوسەنگیی خۆی لەدەست داوە. بەس بێگومان بە زۆر پێدەکەنی. زۆر ڕوون بوو کە بۆ سووکایەتی پێکردن و شەرمەزارکردنی کوڕەکەی پێدەکەنێ. ئالیۆشا بە پێکەنینەکەی ئەو دڵی ئێشا. خەمێکی قووڵ ڕووخساری دا پۆشی. بەس خۆڕاگرانە چاوەڕێ ما هەتا پێکەنینەکەی باوکی تەواو ببێت. پاشان بە خەمگینییەوە گوتی:

- باوکە، بۆچی گاڵتەم پێ دەکەیت؟ من ڕاستگۆیانە و بەبێ هیچ پەردەپۆشییەك ڕووم لێ نایت. گەر قسەکانی من گەمژانەن، لەجێی ئەوەی پێم پێبکەنیت ئەوا تێم گەیێنە کە بۆچی گەمژانەن و دەتخەنە پێکەنین؟ چونکە ئەم قسانە لە ئێستەدا لای من پیرۆز و بەرزن. ڕەنگە بە هەڵەدا چووبم، دوور نییە کە ئەم قسە و فکرانە نادروست بن و منیش هەر بەو جۆرەی کە چەندین جار گوتوومە دەکرێ لە کوڕێکی گەمژە بەو لاوە هیچی دی نەبم، بەس گەر بە هەڵەشدا چووبم، ئەوا هەڵەکەم شەرەفمەندانە و ڕاستگۆیانەیە، شەرەفمم لەدەست نەداوە. ئەو فکرە بەرزانەی کە بەم ڕادەیە منیان هێناوەتە جۆش و خرۆش، تەنانەت گەر کردەییش نەبن، ئەوا شەرەفمەندانەن.خۆ پێم گوتیت کە تا ئێستە نە تۆ و نە کەسانی دی هیچ قسەیەکی لەو جۆرەتان بۆ نەکردووم کە بمخاتە سەر ڕێ و فێری ئەزموونم بکات. گەر بەڵگەکانی ئەوان ڕەد دەکەیتەوە، کەواتە خۆت چەند بەڵگەیەکم بخە بەر دەست هەتا پەیڕەوی لە تۆ بکەم، بەس گاڵتەم پێ مەکە، چونکە ئەم کارە زۆر ئازارم دەدات.

ئالیۆشا بە ویقارێکی شکۆدارانەوە ئەم قسانەی کردن. ناتاشا بە میهرەبانییەکی تەواوە چاوی تێ بڕی بوو. شازادە سەرسامانە گوێی لە قسەی کوڕەکەی گرت و پاشان، شێوازی قسەکردنی خۆی گۆڕی:

- بە هیچ شێوەیەك مەبەستی زویرکردن و ئازاردانتم نەبوو، کوڕەکەم، بە پێچەوانەوە، من خەمی تۆمە. تۆ لە قۆناغی خۆ کامڵکردن دایت و دەتەوێ سەردەمی هەرزەکاری و سووکەسەریت تێبپەڕێنیت. من وای بۆ دەچم. گەر پێکەنیم، ئەوا بە دەست خۆم نەبوو، بەس بە هیچ شێوەیەك مەبەستی ئازاردانتم نەبوو.

ئالیۆشا بە شێوە قسەکردنێکی تاڵەوە پرسیی: ((ئەی بۆچی من وام لێکدایەوە؟ بۆچی من دەمێکە وا هەست دەکەم کە بە نیگایەکی نەیارانەوە لێم دەڕوانیت؟ بۆچی من پێم وایە گەر لە جێگەی تۆ بووبام، ئەوا بەم جۆرە ڕسواکەرانەیە بە قسەی کوڕەکەم پێنەدەکەنیم، هەر بەو جۆرەی کە ئێستە تۆ بە قسەکانم پێکەنیت؟ گوێ بگرە: باشتر وایە بێ پێچ و پەنا قسە بکەین، بۆ ئەوەی هەر لە ئێستەوە و بۆ تا هەتا لە یەکدی حاڵی ببین و هیچ

هەڵەتێگەیشتنێك لە نێوانماندا ڕوونەدات. هەروەها... ئێستە هەموو ڕاستییەکە دەخەمە ڕوو: وەختێك کە خۆم بەم ژوورەدا کرد، وام هەستکرد کە کەشێکی ناڕەحەتکەر ژوورەکەی تەنیوەتەوە، پێم خۆش نەبوو لە کەشێکی لەم جۆرەدا چاوم پێتان بکەوێ. ڕاست دەکەم یان نا؟ گەر ڕاست دەکەم ئەوا باشتر وایە کە هەر کەسەو بێ پێچ و پەنا هەستەکانی خۆی دەربڕێت. گەر ڕووڕاستانە بدوێین ئەوا بۆی هەیە زۆربەی گرفتەکان چارەسەر بکەین.))

شازادە گوتی: ((قسە بکە ئالیۆشا، قسە بکە، ئەو بابەتەی کە قسەی لەسەر دەکەیت زۆر ژیرانەیە.)) پاشان سەیرێکی ناتاشای کرد و درێژەی پێدا: ((ڕەنگە وا باشتربا کە سەرەتا بەم جۆرە قسانە دەستمان بە گفتوگۆ بکردبا.))

ئالیۆشا گوتی: ((کەواتە دڵگران مەبە لەو قسە ڕاست و ڕێکانەی کە دەیانکەم. مادام حەزدەکەیت بیانبیستیت و خۆت بۆ ئەم کارە هانم دەدەیت، کەواتە گوێبگرە: تۆ بەوە ڕازی بوویت کە من لەگەڵ ناتاشادا زەماوەند بکەم. زۆرت لە خۆت کرد و ئەم خۆشبەختییەت بە ئێمە بەخشی. گەورەییت نواند و ئێمەش هەموومان ستایشی بەرزە هیممەتیمان کردیت. کەواتە بۆ چی لە هەر دەرفەتێکدا بە جۆرێك لە خۆشحاڵییەوە دەتەوێ ئەوەم تێگەیێنیت کە من هێشتا هەر کوڕێژگەیەکی هێرم و بوونە مێردم لێ ناوەشێتەوە؟ سەرباری ئەوەش، وەك بڵێیت دەتەوێ بمکەیتە گەپجاڕ، ڕسوام بکەیت و تەنانەت لەبەر چاوی ناتاشادا وەك کەسێکی دەست و پێ سپی نیشانم بدەیت. زۆر لەوە خۆشحاڵیت کە من بە گەپجاڕ و سووکەسەر نیشان دەدەیت، ئەمەش شتێك نییە کە من تەنیا ئەمڕۆ دەرکم پێ کردبێت. بە تایبەت هەوڵی ئەوە دەدەیت کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە ئێمە بڵێیت کە زەماوەندکردنمان ئیشێکی بێهوودە و نەفامانەیە و ئامادەیی ئەم کارەمان تێدا نییە. هەر بەڕاستی وەك ئەوە وایە کە بڕوات بەو کارە نەبێت کە مۆڵەتی ئەنجامدانیت پێ داوین، بە سیماتدا وا دەردەکەوێ کە هەموو ئەمانە بە گاڵتە و گەمەیەك دەزانیت، هەوڵێك بۆ ڕابواردن، نمایشێك بۆ سەرگەرمی... من تەنیا لەو قسانەوە بەم ئامانجە نەگەیشتووم کە ئێستە کردتن. شەوی سێشەممە، وەختێك کە پێکەوە لێرە بووین، هەندێك دەستەواژەت بەکارهێنا کە من بە بیستنیان چاوم زەق بوو و تەنانەت عاجزیش بووم. ڕۆژی چوارشەممەش، لە وەختی ڕۆیشتنتدا، ئاماژەیەکت بە هەلومەرجی هەنووکەییمان کرد، لەبارەی ناتاشایشەوە قسەت لەگەڵ کردم، هەڵبەتە قسەکانت سووکایەتی ئامێز نەبوون، وەلێ بەو جۆرەش نەبوون کە من چاوەڕێیان بووم، زۆر بە خوێن ساردی و خاڵی لە خۆشەویستی و بەدوور لە هەموو جۆرە ڕێزێکەوە قسەت کرد... سەلماندنی دژوارە، بەس شێوەی قسەکردنەکەت زۆر ڕوون بوو: مرۆڤ لە ڕێی دڵیەوە هەست بەم جۆرە شتانە دەکات. دە بڵێ وا نییە! بۆم بسەلمێنە کە هەڵەم. خەیاڵم تەخت بکە... خەیاڵی ناتاشایش تەخت بکە، چونکە ئەویشت ناڕەحەت کردووە. وەختێك کە هاتمە ئەم ژوورە، هەر بە یەکەمین نیگا دەرکم بەم بابەتە کرد...

ئالیۆشا بە شێوەیەکی پتەو و پڕ لە گڕوتین قسەی دەکرد. ناتاشا کەم تا زۆر بە شێوەیەکی شکۆمەندانە گوێی بۆ قسەکانی دەگرت، زۆر ورووژا بوو، ڕووخساری داگیرسا بوو و لەو ماوەیەدا کە ئالیۆشا خەریکی قسەکردن بوو، دوو یان سێ جارێك لەبەر خۆوە ورتاندبووی: ((بەڵێ، بەڵێ، ڕاستە.))

شازادە حەپەسابوو و لە وەڵامی ئالیۆشادا گوتی: ((کوڕەکەم، دیارە هەموو ئەو قسانەم بیر نایێنەوە کە پێتم گوتوون، بەس زۆرم بەلاوە سەیرە کە تۆ بەم جۆرە قسەکانی منت لێك داونەتەوە. ئامادەم بە پێی توانای خۆم هەوڵ بدەم کە لەم هەڵەتێگەیشتنە دەرت بهێنم. هۆکاری پێکەنینەکەم زۆر ڕوونە. من لەڕێی ئەم پێکەنینەوە هەوڵی شاردنەوەی ناموراديی خۆمم دا. وەختێك بیر دەکەمەوە کە تۆ بە تەمایت بەم نزیکانە زەماوەند بکەیت، ئەوا ئەم بابەتە وەك شتێکی بێهودە و ئەقڵنەبڕ دێتە بەر چاو، داوای لێبوردن دەکەم، تەنانەت پێکەنیناویش دەردەکەوێ. تۆ لەبەر ئەوەی کە پێکەنیوم، لۆمەم دەکەیت، بەس من پێت دەڵێم هەموو ئەمانە لەبەر خاتری تۆیە. ئەوەم قەبووڵە کە منیش بەش بە حاڵی خۆم خەتابارم: پێدەچێ لەم دواییانەدا ئەوەندە بە دەمتەوە نەبووبم، هەر لەبەر ئەوەیە کە من تەنیا لەم شەودا دەرکم بەوە کردووە کە تۆ توانای ئەنجامدانی کارگەلێکی زۆرت هەیە. هەنووکە کە بیر لە داهاتووی تۆ و ناتالیا نیکلایۆنا دەکەمەوە، لەرزم لێ دەنیشێ، من پەلەم کردووە، دەبینم ئێوە بۆ یەکدی گونجاو نین. عەشق شتێکی کاتیە، بەس نەگونجان و ناکۆکی هەر دەمێنێتەوە. تەنانەت نامەوێ هیچ قسەیەك لە بارەی چارەنووستەوە بکەم. باش بیر بکەوە، تەنانەت گەر نیەتێکی شەرەفمەندانەشت هەبێت، ئەوا بێ چەندوچوون و بۆ تا هەتا ناتالیا نیکلایۆنا ڕۆژەڕەش دەکەیت. تۆ ماوەی کاتژمێرێکە باس لە مرۆڤدۆستی، بیروباوەڕی شەرەفمەندانە و ئەو کەسە مەزنانە دەکەیت کە تازە ناسیوتن. لە ئیڤان پترۆڤیچ (ڤانیا) بپرسە کە وەختێك پێکەوە گەیشتینە نهۆمی چوارەم چیم پێ گوت، وەختێ پێکەوە بەم پلیکانە تاریك و پیسانەدا سەردەکەوتین، هەر ڕەحمی خودا بوو کە نەکەوتین و مل یان پێیەکمان نەشکا. دەزانیت لەو کاتەدا خۆنەویستانە و دەمودەست چ فکرێکم بە مێشکدا هات؟ سەرم لەوە ئاوسا کە وێڕای ئەو هەموو عەشق و خۆشەویستییەی کە بۆ ناتالیا نیکلایۆنا هەتە، کەچی ئەوت خزاندووەتە ئەم کونە مشکەوە. چۆن لەوە حاڵی نەبوویت کە ئەگەر وەك پێویست توانات نییە، گەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانتت نییە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك مافی بوونە مێردیشت نییە، بۆت نییە هیچ جۆرە بەرپرسیارییەتییەك لە ئەستۆ بگریت؟ عەشق بە تەنیا بەس نییە، دەبێت کرداریشی لەگەڵدابێت، وەختێك کە بیر دەکەیتەوە و لەبەر خۆوە دەڵێیت: ‹‹لەگەڵ مندا بژی تەنانەت گەر لەم ڕێیەدا تووشی ئازاریش بیت››، ئەوا ئەم فکرەیەت نائینسانیانە و نەشیاوە! قسەکردن سەبارەت بە مرۆڤدۆستی، گەرم داهاتن بە بۆنەی هەندێك پرسی ئینسانییەوە و هاوکاتیش تووشبوون بە تاوانی عاشقانە و دەرك پێنەکردنی، لە ڕاستیدا ئەمە بانێکە و دوو هەوا! قسەم پێ مەبڕە، ناتالیا نیکلایۆنا، دەرفەتم بدەنێ تەواوی بکەم، ئەم بابەتە زۆرم ئازار دەدات و دەبێت هەرچیم لە دڵدایە هەمووی هەڵبڕێژم. ئالیۆشا، تۆ بە ئێمەت گوت کە

لەم ڕۆژانەدا سەرقاڵی شتگەلێکی ڕەسەن، جوان و شەرەفمەندانە بوویت و گازاندەی ئەوەش دەکەیت کە لە کۆڕی ئێمەدا وەها شتانێك لە ئارادا نین و ستایش ناکرێن، بەڵکە لەوێ تەنیا ئەقڵ و حسێبگەری فەرمانڕەوایی دەکەن. کەمێك سەرنج بدە: دوای ئەو قسانەی کە شەوی سێشەممە لێرە کران، تۆ ماوەی چوار ڕۆژی تەواو هەواڵی ئەو کەسەت نەپرسی کە زیاتر لە هەر مرۆڤێکی دیکەت خۆشدەوێ، لەجێی ئەوە، بۆ من چوویت و دوای قسەگەلێکی جوان و فریودەرانە کەوتیت! خۆت لەبەردەم ئێمە دانت بەوەدا نا کە لەگەڵ کاتیا مشتومڕتان بووە، چونکە پێت گوتووە ناتالیا نیکلایۆنا هێندەی خۆش دەوێیت و ئەوەندە لەخۆبردووە کە لە گوناحەکانت دەبوورێت. بەس تۆ چۆن مافی ئەوەت هەیە کە هەر لەبەر ئەوەی ئەو لێبووردەیە، بە ئارەزووی خۆت ڕەفتار بکەیت و مەرج لەسەر لەخۆبردوویی ئەو بکەیت؟ ئایا تۆ تەنانەت بۆ جارێکیش بیرت لەو هەموو ئازارە، نامورادییە، شك و بەدگومانییە کردووەتەوە کە لەم ڕۆژانەدا بە بۆنەی تۆوە بەرۆکی ناتالیا نیکلایۆنایان گرتووە؟ ئایا کەوتنە ژێر کاریگەریی فکرێکی تازە، مافی ئەوەت دەداتێ کە ئەرکی سەرەکیی خۆت پشتگوێ بخەیت؟ بمبەخشە ناتالیا نیکلایۆنا گەر نەمتوانی بەڵێنەکەم ببەمە سەر. بەس ئەم بابەتە هەنووکەییە زۆر لەو بەڵێنە گرنگترە کە پێم دایت: خۆتان ئەمە دەزانن... دەزانیت ئالیۆشا وەختێك کە ناتاشام بەو ناڕەحەتی و بێتاقەتییەوە بینی، یەکسەر زانیم کە تۆ بەو چوار ڕۆژی پێواریتە چ دۆزەخێکت بۆ ئەو بەرپاکردووە؟ ئەمەش لە دۆخێکدا کە دەبوو ئەم ڕۆژانە خۆشترین ڕۆژانی تەمەنی ئەو بن. تۆ ئەمەت لەچی و ئەوەت لەچی؟ ئایا من لەسەر هەق نیم؟ ئێستە دوای ئەم هەموو کارانە زاتت هەیە من تاوانبار بکەیت، لە دۆخێکدا کە تاوانباری ڕاستەقینە خۆتیت؟

شازادە کڕ بوو، بە چەشنێك سەرمەستی ڕەوانبێژییەکەی خۆی ببوو، کە نەیتوانی هەستی سەرکەوتن و شانازییەکەی لە ئێمە بشارێتەوە. ئالیۆشا کە قسەکانی ئەوی لەبارەی ئازار و ناڕەحەتیی ناتاشاوە بیست، نیگایەکی خەمناك و لێوان لێو لە پەژارەی گرتە ئەو، بەس ناتاشا هێشتا لایەنگری ئەو بوو و گوتی:

- بێتاقەت مەبە ئالیۆشا، کەسانی دی زۆر لە تۆ گوناحبارترن. دانیشە و باش گوێ بگرە، بزانە دەمەوێ چ قسەیەك بۆ باوکت بکەم. ئیدی کاتی ئەوەیە کە ئەم مەسەلەیە ببڕێتەوە!

شازادە گوتی: ((تکا دەکەم،ناتالیا نیکلایۆنا، ڕوونکردنەوە بدەن. ماوەی دوو کاتژمێرە کە ئێوە مەتەڵئاسا وەڵامی من دەدەنەوە. ئەم بابەتە ئیدی تاقەتی لێ بڕیوم. دەبێت دان بەوەدا بنێم کە بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێی ئەوە نەبووم کە بەم چەشنە مامەڵەم لەگەڵ بکەن.))

- ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە پێتان وابووە قسەکانتان بەرچاوی ئێمە دەگرن و دەرك بە نیەتی شاراوەی ئێوە ناکەین. چ شتێك ڕوون بکەمەوە؟ ئێوە هەموو شتێك دەزانن و دەرکی پێدەکەن. ئالیۆشا ڕاست دەکات. گەورەترین ئارەزووی ئێوە ئەوەیە کە ئێمە لە یەکدی جیا بکەنەوە. زۆر بەباشی دەتانزانی کە دوای شەوی سێشەممە، لێرە چی ڕوودەدتا و تەواوی ئەمانەتان بە پەنجە حسێب کردبوون. خۆ پێم گوتبوون کە ئێوە نە من و نە ئەو خوازبێنییە ڕواڵەتییەی

كە لە منتان كردبوو بەهەند وەرناگرن. تەنیا حەزدەكەن لەم ڕێیەوە كەمێك ڕابوێرن، یاری بە ئێمە بكەن، هەموو ئەم كارانەش مەبەستێكیان لەپشتەوەیە كە هەر بە تەنیا خۆتان دەیزانن. بێگومان هەموو ئەمانە تەنیا نمایشێكن. ئالیۆشا ناهەقی نییە كە لەسە ئەو نمایشە پێكەنیناوییەی كە هێناوتانە ئاراوە، سەرزەنشتتان دەكات. بەس بە پێچەوانەوە، ئێوە دەبێت خۆشحاڵ بن نەك لۆمەی ئالیۆشا بكەن، چونكە بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ، هەموو ئەو شتانەی بە زیادەوە ئەنجام داوە كە ئێوە لێتان چاوەڕێ دەكرد.

من لە سەرسامیاندا وشك بووبووم. هەڵبەتە چاوەڕێی ئەوەم دەكرد كە ئەو شەوە شتێك بقەومێ، بەس قسە زیاد لە ڕادە ڕقاویەكانی ناتاشا و شێوەی ئاشكرای سووكایەتی پێكردنی واق و وڕی كردم. وام بە بیرداهات كە ئەو شتگەلێك دەزانێت و بڕیاری داوە كە بێ وەستان ئەم پەیوەندییە بپچڕێنێ. لەوانەشە خۆڕانەگرانە چاوەڕێی شازادە بووبێت هەتا لە كاتێكدا بە بێباكییەوە هەموو شتێكی پێ بڵێ. شازادە كەمێك ڕەنگی پەڕی. تۆقینێكی سادەدڵانە و ئازارێكی دڵپەرۆشانە بە ڕووخساری ئالیۆشاوە دەبینرا.

شازادە بە دەنگێكی بەرز گوتی: ((بیرتان نەچێت كە چ تۆمەتێكتان داومەتە پاڵ و كەمێك ئاگاتان لە قسەكانتان بێت... ئەسڵەن من سەرم لە هیچ شتێك دەرناچێت...))

ناتاشا گوتی: ((ئاە! بە كورتییەكەی، ئێوە ناتانەوێ تێبگەن، تەنانەت ئالیۆشایش وەك من دەركی بە نیازە نهێنییەكانی ئێوە كردووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە هیچ قسە و كارێكمان پێكەوە ڕێك نەخستووە و لە پێشدا هەماهەنگیمان نەكردووە، هەروەها یەكدیشمان نەدیوە! ئەویش سۆسەی ئەوەی دەكرد كە ئێوە یارییەكی ناجوامێرانەمان پێدەكەن، لە هەمان كاتیشدا خۆشتانی دەوێ و وەك خودایەك بڕوای پێتان هەیە. واتانزانی كە پێویست بەوە ناكات بە پارێزەوە ڕەفتار بكەن، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاشكرا فریوتان داین و لات وابوو كە ئەو بەمە نازانێت. بەس ئەو دڵێكی هەستیار و باش و میهرەبانی هەیە كە هەر بەو جۆرەی خۆی دەڵێ، هەستی بەم «شێوە»ی قسەكردنانە كردووە...))

شازادە بە سیمایەكی تەواو هەژیوەوە، ڕووی كردە من و وەك ئەوەی كە بیەوێت بمكاتە شاهێد، گوتی: ((خۆ من بە هیچ شێوەیەك سەر لەم قسانە دەرناكەم.)) جا بە تووڕەیی و دەهری بووانەوە ڕوو بە ناتاشا ئەمەشی بۆ زیاد كرد: ((ئەوە زۆر ڕوونە كە ئێوە ئیرەییتان بە كاتیا دێت و هەر بەو بۆنەیەشەوە ئامادەن هەموو دونیا و بەر لە هەر كەسێكیش من تۆمەتبار بكەن... مۆڵەت بدەن كە بڵێم ئەم قسە و ڕەفتارانەتان دەبنە هۆی ئەوەی وا بیربكەمەوە كە ئێوە تایبە تمەندییەكی ڕۆحی و ئەخلاقیی سەیرتان هەیە... من خووم بە بینینی ئەو جۆرە دیمەنانەوە نەگرتووە، گەر بەرژەوەندیی كوڕەكەم لە ئارادا نەبووبا، ئەوا ئامادە نەدەبووم تەنانەت یەك خولەكیش لێرە بمێنمەوە... هێشتا چاوەڕێم: تكایە چاكەتان هەبێت و ڕوونی بكەنەوە كە مەبەستی سەرەكیتان چییە؟))

- گەرچی زۆر بە باشی هەموو شتێك دەزانن و وای دەنوێنن کە سەر لە قسەکانم دەرناکەن، بەس فەیدی نیە. یانی هەر بەڕاستی حەزدەکەن بێ پەردە هەموو شتێکتان پێ بڵێم؟

- بەڵێ، حەزدەکەم.

چاوانی ناتاشا لە ڕقاندا بریقەیان دەهات و هاواری کرد:

- زۆر باشە، کەواتە گوێ بگرن. هەر ئێستە هەموو شتێکتان پێ دەڵێم!

٣

ناتاشا لە جێگەکەی هەستا و دەستی بە قسە کرد، هێندە هەیەجان گرتبووی و هەڵچووبوو کە ئاگای لە خۆی نەبوو. شازادەش لە جێگەکەی هەستابوو و گوێی لە قسەکانی دەگرت. دیمەنەکە زۆر جددی بوو.

ناتاشا وەها دەستی پێکرد: ((خۆ بیرتان نەچووە کە شەوی سێشەممە چیتان گوت. گوتتان: ‹‹پێویستیتان بە پارە و بەو ڕێگانە هەیە کە دەتانکەنە کەسێکی دیار و بەرجەستە، بیرتان دێت؟››

- بەڵێ.

- زۆرباشە، هەر لەبەر خاتری بەدەستهێنانی پارە و ئەو سەرکەوتنانەی کە ناوتان بردن و ئێستە خەریکە لە کیستان دەچن، هاتوون بۆ ئێرە. جا دواتر ئەم خوازبێنییە گاڵتەجاڕانەیەتان هێنایە ئارا، چونکە پێتان وابوو کە لەڕێی ئەم گاڵتە پێکردنەوە دەتوانن دووبارە هەموو مەرامە لەکیسچووەکانتان بەدەست بهێننەوە.

من بە ناڕەحەتییەوە گوتم: ((ناتاشا، ئاگاداربە چی دەڵێیت!))

شازادە بە سیمای کەسێکەوە کە سووکایەتی بە کەسێتیی کرابێت دووبارەی کردەوە: ((گاڵتەجاڕی، مەرام!))

ئاليۆشا لە تاو خەم و پەژارەدا تەفروتونا بووبوو و بێ ئەوەی سەر لە هیچ شتێك دەربكات، سەیری ئەو دووانەی دەكرد.

ناتاشا بە توورەییەوە درێژەی دایە قسەكانی: ((بەڵێ، بەڵێ، قسەم پێ مەبڕن، سوێندم خواردووە هەموو شتێك بڵێم. بیرتان دێت: كە ماوەیەك ئالیۆشا ئیدی نەدەهاتە ژێر بارتان. جا ئێوەش ماوەی شەش مانگی ڕەبەق هەموو هەوڵێكی خۆتان خستەگەڕ هەتا ئێمە لێك جیا بكەنەوە. بەس ئەو خۆی بەدەستەوە نەدا، جا ئەوسا هەستتان كرد كە ئیدی خەریكە بەرە بەرە كات دەڕوات و درەنگ دەكات. گەر ئەو دەرفەتەتان لەدەست بدابا، ئەوسا دەزگیران و پارە، بەتایبەت پارە، سێ ملیۆن شەكرێتتان لەكیس دەچوو. تەنیا یەك ڕێگەچارە لە ئارادا بوو: ئالیۆشا دڵبەستەی ئەو كچە ببێت كە ئێوە وەك دەزگیران بۆتان هەڵبژاردووە، واتان بە بیردا هات كە ئەگەر ئالیۆشا خۆشەویستیی ئەوی بچێتە دڵەوە، ئەوا بۆی هەیە واز لە من دەهێنێت...))

ئالیۆشا بە پەژارەوە هاواری كرد: ((ناتاشا، ناتاشا! ئەوە چی دەڵێیت؟))

ناتاشا بێ ئەوەی گوێ بداتە هاوارەكەی ئالیۆشا، درێژەی پێ دا: ((ئێوە ئەم هەنگاوەتان نا، بەس هیچ لە هیچ نەگۆڕا! دەشیا هەموو شتێك بەپێی ویستی ئێوە بەڕێوەبچێت، بەس من نەخشەكانتانم تێكدا! تەنیا یەك ئومێدتان بۆ مابووەوە: ئێوە وەك مرۆڤێكی بەئەزموون و فێڵباز، بێگومان هەستتان بەوە كردبوو كە جار جار ئالیۆشا وا هەست دەكات كە پەیوەندیی دێرینەی لەگەڵ مندا بووەتە بارێكی گران بەسەر شانیەوە. ڕێی تێنەدەچوو دەركتان بەوە نەكردبێت كە ئالیۆشا كەم تا زۆر دڵی لە من سارد بووەتەوە و تەنانەت ئەم پەیوەندییە وەڕزی دەكا، هەر لەبەر ئەمەشە كە ماوەی پێنج ڕۆژە سەردانم ناكات. هیواداربوون كە دواجار منی لەبەرچاو بكەوێ و وازم لێ بهێنێت. بەس ڕەفتاری لێبڕاوانەی ئالیۆشا لە شەوی سێشەممەدا هەموو پلانەكانتانی كردە نەخشی سەر ئاو... كەواتە لەم دۆخەدا دەبوو چی بكەن؟))

شازادە بە قەڵسییەوە گوتی: ((دەرفەت بدەن، بە پێچەوانەوە...))

ناتاشا بە شێوەیەكی پێداگرانە قسەی پێ بڕی و گوتی: ((هێشتا قسەكانم تەواو نەبوون. ئەو شەوە لە خۆتان پرسی كە ئاخۆ دەبێت چی بكەن. جا بۆ دامركاندنەوەی ئالیۆشا، بە شێوەیەكی سەر پێیی و هەر تەنیا بە <<قسە>>، بڕیارتان دا بە ڕواڵەت لەسەر ئەم زەماوەندە ڕێكبكەون. بە خۆتان گوت: دەكرێ بە ئارەزووی خۆم بەرواری زەماوەندەكە دوا بخەم، ئینجا لەم ماوەیەشدا عەشقێكی تازە لە دڵی ئالیۆشادا چرۆ دەكات. ئێوە بەم بابەتەتان زانیبوو. جا ئیدی ئەوسا تەواوی نەخشەكانی خۆتان لەسەر بنەڕەتی ئەم عەشقە نوێیە داڕشت.))

شازادە بە دەنگێكی ورتە ورت ئاساوە، وەك ئەوەی كە لەگەڵ خۆیدا قسە بكات گوتی: ((ئەمە هەمووی دەرەنجامی خەیاڵپڵاوی، تەنیایی، خوێندنەوەی چیرۆك و ڕۆچوون لە دونیای خەیاڵاتە.))

ناتاشا بێ ئەوەی هیچ گرنگییەك بە قسەكانی شازادە بدات یان تەنانەت بیانبیستێ، درێژەی پێ دا: ((بەڵێ، ئێوە هەموو شتێكتان لەسەر بنەڕەتی ئەم عەشقە نوێیە بنیاد نا.)) گڕوتینێكی تێكەڵ بە تا گرتبووی و سات دوای سات زیاتر هەڵدەچوو: ((ئەم عەشقە نوێیە تا چ ڕادەیەك هەلی سەركەوتنی تێدابوو؟ ئەمە لەو وەختەوە سەری هەڵدا كە هێشتا ئالیۆشا دەركی بە هەموو كەمالاتی ئەم كچە لاوە نەكردبوو! هەر لەو شەوەوە كە بەم كچە لاوە ڕادەگەیەنێت كە ناتوانێ ئەوی خۆش بوێت، چونكە ئەو كەسێكی دیكەی خۆشدەوێت و ئەركێكی دیی لەسەر شانە، جا ئەو كچە لاوە لە بەرانبەر ئالیۆشادا هێندە دڵگەورانە و نەجیبانە ڕەفتار دەكات، لە بەرانبەر ئەو و ڕەقیبەكەیدا ئەوەندە نەفس بەرز و میهرەبان دەبێت كە دەمودەست ئالیۆشا دەرك بە گەورەیی و جوانیی دەكات، تا ئەو كاتەش هەستی بەوە نەكردبوو كە ئەم كچە تا چ ڕادەیەك شیاوی خۆشویستنە و كەسێكی چەندە دڵڕفێنە. جا لەو وەختەدا بوو كە هات بۆ لای من و ئەوەندە كەوتبووە ژێر كاریگەریی سروشت بەرزیی ئەو كچە، كە باس هەر باسی ئەو بوو. بەڵێ، هەر لە بەیانیی ئەو شەوەوە، ئەو نیازی وابوو كە تەنانەت گەر بۆ ڕاگەیاندنی پێزانینی خۆی بێت، ئەوا بێ چەند و چوون سەردانی ئەم بوونەوەرە ستایش ئامێزە بكات. جا بۆ سەردانی نەكات؟ ئەو ئیدی بە هیچ شێوەیەك خەمی عەشقە دێرینەكەی خۆی نەبوو، چارەنووسی دیاری كرابوو و ئەویش هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەو تەرخان كردبوو، بەم پێیە دیدار لەگەڵ دووەمین كچ بە سەردەمێكی كاتی و تێپەڕ دادەنرا... ئەوجا گەر ناتاشایش دڵی لەم كچە پیس ببووبا یان ئیرەیی پێ ببردبا، ئەوا ژنێكی پێنەزان بوو. ئیدی ئەوسا دەكرا بەرە بەرە و بە شێوەیەكی هەستپێنەكراو ناتاشای لێ دوور بخرێتەوە، سەرەتا بۆ خولەكێك و پاشان بۆ كاتژمێرێك، دواتر بۆ ڕۆژێك، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ و... جا لەم ماوەیەدا كچەی لاو بە ڕووخسارێكی دیكە و بە شێوەیەكی تەواو چاوەڕوان نەكراو خۆی بەو نیشان دەدا، ئەو كچێكی هێندە بەڕێز، هێندە تامەزرۆ و هاوكات هێندە سادە دڵە كە زیاتر حسێبی منداڵێكی بۆ دەكرێت: لەم ڕووەشەوە بە تەواوی لە ئالیۆشا دەچێت. ئەوان یەكتری سوێند دەدەن كە ببنە هاوڕێی یەكدی، ببنە خوشك و برای یەكدی و ئیدی دوای ئەوە لە یەكدی جیا نەبنەوە. ((لە ماوەی پێنج یان شەش كاتژمێر گفتوگۆدا))، ڕۆحی كوڕەی لاو ئاشنای هەستگەلێكی نوێ دەبێت و بە تەواوی دڵی دەخاتە گرەوی عەشقێكی دیكەوە... كاتی دیاریكراو نزیك دەبێتەوە، بیری لێ بكەنەوە، ئەوسا... ئالیۆشا لەنێوان ئەم كچە لاوە و ماشوقە دێرینەكەیدا دەست بە بەراوردكردن دەكات: ئەوی دیكەیان هەموو تایبەتمەندییەكانی ئاشنا و ناسراون: چاوەڕوانییەكی زۆری لە ئینسان هەیە، ئیرەگەرە، دەمەقاڵە دەكات، دەگرێ... ئەوجا ئەم كچە لاوە گەر گاڵتەیەكیشی لەگەڵ بكات، یان پێی ڕابوێرێت، ئەوا دیسان لەم ڕووەوە هەر لە ماشوقە دێرینەكەی ناچێت، بەڵكە هاوشانی خۆیەتی و ئەویش منداڵێكە... ئەم بابەتەش ڕوون و ئاشكرایە و لەمێژە دەركی پێ كراوە...))

كچەی لاو لەبەر گریان و خەفەتێك كە لە نائومێدییەوە سەرچاوەی دەگرت، خەریك بوو هەناسەی لەبەر دەبڕا، بەس دیسان بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و لەسەری ڕۆیشت: ((ئەی دواتر؟ دواتریش زەمەن بەخۆی هەموو شتێك چارەسەر دەكات: زەماوەندكردن لەگەڵ ناتاشادا بەم زووانە سەرناگرێ و هێشتاكە بەروارەكەی دیاری نەكراوە: زەمەن هەموو

شتێك دەگۆڕێت... ئێوەش بە قسە، بە پاساو و مەنتیق هێنانەوە، بە تانە و توانج و سەرەنجام بە زمان لووسیتان دەتوانن دەسەڵاتی بەسەردا بگرن و جڵەوی بکەن... بە فرۆفێڵ و زیرەکی خۆتان دەتوانن کە ئەم ناتاشای مووی لووتەش لەکۆڵ بکەنەوە و... هەڵبەتە کەس نازانێ کە ئاقیبەتی ئەم مەسەلەیەك چۆن دەبێت، بەس سەرکەوتن بۆ ئێوەیە! ئالیۆشا، لێم دڵگران مەبە، هاوڕێکەم! نەڵێیت من دەرك بە عەشقی تۆ ناکەم و بە شێوەیەکی گشتی نرخی بۆ دانانێم. دەزانم کە هێشتاکە خۆشت دەوێم و لەوانەشە ئێستە لە گازاندەکانم تێنەگەیت. بەس منێك کە گەرچی ڕۆژانە ئەم هەموو شتانە دەبینم و لێیان تێدەگەم و کەچی ڕۆژ دوای ڕۆژیش بە گڕوتینێکی زیاترەوە هەتا سەر سنووری شێتی خۆشم دەوێیت، چ کارێکی دیم لە دەست دەهات!))

دوای ئەم قسانە، بە هەردوو دەست دەموچاوی داپۆشی، خۆی بەسەر کورسییەکدا دا و هەروەك منداڵێك دەستی بە هەنسکدان و گریان کرد. ئالیۆشا هاوارێکی لێ هەستا و بەرەو لای ڕایکرد. هەرگیز ڕێکنەکەوت بوو کە چاوی بە فرمێسکی ناتاشا بکەوێ و بەخۆشی گریان نەیگرێ.

ئەم هەنسکدان و گریانە خزمەتێکی گەورەی بە شازادە کرد، هەموو ئەو ڕق و قینەی کە ناتاشا لە وەختی ڕوونکردنەوەکانیدا لە بەرانبەر شازادە دەریبڕیبوون و ئەویش کە بە ڕواڵەت وای نواندبوو کە پێیان ڕەنجاوە، ئێستە زۆر بە ڕوونی دەکرا حسێبی جۆرێك لە پەشێویی هۆشییان بۆ بکرێ کە لە ئیرەیی یان سووکایەتی کران بە عەشقەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ، تەنانەت دەکرێ بە جۆرێك لە نەخۆشیش لێك بدرێنەوە. تەنانەت دەشیتوانی بە ئەدەبێکی درۆیینەوە لەو ساتەدا خۆی بە خەمخۆر و دڵسۆزی کچەکە نیشان بدات...

بۆ هێورکردنەوەی ئەو گوتی: ((ئارام بن، وەرنەوە سەر خۆتان ناتالیا نیکلایۆنا، هەموو ئەمانە لە هەڵچوون، خەون و خەیاڵ، هەروەها لە کاریگەرییەکانی تەنیاییەوە سەرچاوە دەگرن... ئێوە بەدەست خەمساردیی ئالیۆشاوە تەواو تووڕەن... بەس هەموو ئەمانە بە بۆنەی گێژی و حۆلیی ئەوەوە ڕوو دەدەن: دوای ئەو بابەتە ئێجگار گرنگەی کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد، یانی دوای تەواو بوونی گفتوگۆکانی شەوی سێشەممەمان، ئەو دەبوو ڕادەی دڵبەستەیی و ئەوینی خۆی بۆ ئێوە بسەلمێنێ و کەچی ئێوە لەجێی ئەوە پێتان وایە...))

ناتاشا لە بارێکدا کە بە کوڵ دەگریا قسەکەی ئەوی بڕی و گوتی: ((ئاه! باسی بەسەرهاتی ئەو شەوە مەکەن، یان لایەنی کەم لەم ساتە هەستیارەدا هیچ مەڵێن! دەمێك بوو کە دڵم هەواڵی هەموو ئەم شتانەی دەدا! وا گومان دەبەن من نازانم کە هەر ئێستە عەشقە دێرینەکەی کاڵبووەتەوە و لەبەین چووە؟... لێرە، هەر لەم ژوورەدا، تەنیای تەنیا... وەختێك کە منی جێ دەهێشت و لە بیری دەبردمەوە... پێشبینیی هەموو ئەمانەم کردووە... چەندین جار بیرم لەو شتانە کردووەتەوە... بەس چیم لە دەست دەهات؟ خەتابارت ناکەم، ئالیۆشا... ئێوە بۆ دەتانەوێ بمخەڵەتێنن؟ لاتان وایە کە خۆم هەوڵی خەڵەتاندنی خۆمم نەداوە؟... ئاه! چەندین جار، چەندین جار! ئاگام لە

بچووکترین گۆڕانی دەنگی بووە، فێربوومە کە لە ڕووخساری، لە چاوانیدا هەموو فکرە شاراوەکانی بخوێنمەوە... هەموو شتێك لەدەست چووە، هەموو شتێك مردووە... وای کە کچێکی چەندە چارەڕەشم!))

ئالیۆشا لەبەردەم ئەو ئەژنۆی دادابوو و دەگریا و بەردەوامیش لە بەینی هەنسك دانەکانیدا دەیگوت: ((بەڵێ، بەڵێ، هەمووی خەتای منە... هەمووی خەتای منە!...))

ناتاشا گوتی: ((نا، خۆت بە خەتابار مەزانە ئالیۆشا... ئەوانی دی ئەم دۆخەیان بۆ سازداوین... دژمنەکانمان...ئەوانن... ئەوان...))

شازادە بەبێ ئۆقرەییەوە گوتی: ((دواجار دەرفەت دەدەن کە منیش دوو قسە بکەم یان نا؟ بە چ بەڵگەیەك هەموو ئەم تاوانانە دەدەنەوە پاڵ من و لاتان وایە هەمووی لەلایەن منەوەن؟ تەواوی ئەمانە تەنیا چەند گریمانەیەکی بێ بەڵگەی ئێوەن...))

ناتاشا بە تەکان لە جێگەکەی هەستا و هاواری کرد: ((بەڵگەتان دەوێ، ئەی مرۆڤی گڕیباز؟ ئەو وەختانەی کە بە پێشنیاری خوازبێنییەوە هاتنە ئێرە، تەنیا نیازی ئاژاوەنانەوەتان هەبوو و بەس! پێویستتان بەوە بوو کە کوڕەکەتان هێور بکەنەوە، دەتانویست هەستی دوودڵیی لەبەین ببەن تا بەوپەڕی ئازادییەوە خۆی بخاتە بەر دەستی کاتیا، گەرنا بۆ هەمیشە لە فکری مندا دەبوو، گوێی بۆ نەدەگرتن، ئێوەش ئیدی تاقەتی چاوەڕوانیتان نەمابوو. ئایا ئەم قسانە ڕاست نین؟))

شازادە بە شێوەیەکی گاڵتەپێکەرانە وەڵامی دایەوە: ((دانی پێدا دانێم کە ئەگەر هەر بەڕاستی تەمای هەڵخەڵەتاندنتانم هەبووبا، ئەوا لە ڕاستیدا هەر ئەم حسێب و کتێبەم دەکرد، ئێوە... خاوەن هۆش و لێکدانەوەیەکی زۆر باشن، بەس بەر لەوەی بەم جۆرە سەرکۆنەی کەسێك بکەن دەبێت گوناحەکانی بسەلمێنن...))

- سەلماندن؟ یانی هەموو کۆششەکانی ڕابردووتان، ئەو وەختانەی کە هەوڵتان دەدا لە دەستی من دەریبهێنن، حسێبی بەڵگەیان بۆ ناکرێت؟ کەسێك کە کوڕەکەی فێری خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتیەکانی و وەلانانی ئەرکەکانی دەکات هەتا بتوانێ پارە بەدەست بهێنێ و لە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتیدا ڕێگەی خۆی خۆش بکات، ئەوا لە ڕاستیدا تەنیا گومڕای دەکات، پەلکێشی نێو گەندەڵیی دەکات! چەند خولەکێك لەمەوبەر لە پلیکانەکاندا چیت لە بارەی ئەم ئەپارتمانە هەژارانەیەوە دەگوت؟ ئایا ئەوە ئێوە نین کە لە ڕێی بڕینی ئەو یارمەتییە مادییەوە کە لە ڕابردوودا دەتان دایە ئالیۆشا، ئێمەتان ناچار بە برسییەتی کێشان کردووە و وەك کەرەستەیەك بۆ لێك جیاکردنەوەی ئێمە بەکاری دەهێنن؟ گەر ئێمە لەم کونەمشك و پلیکان بۆگەنەدا دەژیین، ئەوا هەموو گوناحەکەی لە گەردنی ئێوەیە، کەچی لەسەر ئەوە کوڕەکەتان سەرکۆنە دەکەن، ئێوە مرۆڤێکی چەندە تەڵەکەچین! یان ئەو شەوە، چۆن لە کتوپڕێکدا ئەو بیرورا نائاسایی و بێ پێشینەتان بە مێشکدا هات؟ بۆچی ئەوەندە پێویستیتان بە من بوو؟

من له ماوەی ئەم چوار ڕۆژە بەردەوام بەم ژوورەدا پیاسەم دەکرد، بیرم له هەموو شتێك دەکردەوە، هەموو شتێك، هەر یەك له قسەکانتان و شێوەی ڕووخسارتانم هەڵدەسەنگاند و سەنگ و سووکم دەکردن، دواجار بەو ئەنجامە گەیشتم کە تەواوی ئەمانە فڕوفێڵن، هەر هەمووی تەنیا یارییەکە و بەس، نمایشێکی پێکەنیناوی، ڕسواکەرانە و پیس و چەپەڵە... ئاخر من دەمێکە ئێوە دەناسم. هەر وەخت کە ئالیۆشا لە لای تۆ دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ، بە ڕووخساریدا سۆسەی هەموو ئەو شتانەم دەکرد کە پێتان گوتووە یان بۆتان پێشنیار کردووە، شارەزای هەموو ئەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتانە بووم کە ئێوە دەتانخستە مێشکییەوە. نا، ئێوە ناتوانن من بخەڵەتێنن! لەوانەیە هێشتا لەبەر خۆتانەوە حسێبگەلێکی دیکە بکەن، لەوانەیە هێشتا من بە دروستی پەنجەم نەخستبێتە سەر خاڵە سەرەکییەکە، بەس جیاوازیی نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێوە، درۆتان لەگەڵ کردم! ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە دەبێ بێت پێچ و پەنا و ڕوو بە ڕوو پێتانی ڕابگەیەنم!...

- تەواو؟ ئەمە هەموو بەڵگەکانتان بوون؟ بەس ئێوە لە بارێکی پڕ لە شپرزەیی و هەڵچوون دان و کەمێك وەرنەوە سەر خۆتان: یانی من بەو ڕا گۆڕینە کتوپڕانەیە (ئێوە بەم جۆرە ناوی پێشنیارەکەی منتان برد) ئەرکێکی گەورەم لە ئەستۆی خۆم ناوە و پێم جێبەجێ ناکرێت؟ ئایا من هیچ کەمتەرخەمییەکم نیشانداوە؟

- ئێوە چ ئەرکێکتان لە ئەستۆ ناوە؟ لە فریودانی من زیاتر چ نیەتێکی دیکەتان هەبووە؟ سووکایەتی کردن بە کچێکی بێ کەسوکار چ جوامێرییەکی تێدایە؟ من بێ لە کچێکی ڕەدووکەوتووی حاشالێکراو کە بەر نەفرەتی دایك و باوکی کەوتووە، کچێك کە بێ پشت و پەنا و گوناحکارە و خۆویستانە ئاوڕووی خۆی بردووە چ شتێکی دیم؟ ئایا شایەنی ئەوەم کە کەسێك ڕێزم لێ بنێ، گرنگیم پێ بدات، بە تایبەت لە بارێکیشدا کە ئەم یارییە بۆ ئێوە شتێکی سوودبەخشە؟

- باش بیر لەوە بکەنەوە، ناتالیا نیکلایۆنا، کە خۆتان دەخەنە چ هەلومەرجێکەوە. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە من سووکایەتیم بە ئێوە کردووە. ئایا لاتان وایە کە ئەم سووکایەتی پێکردنە هێندە ئاڵۆزە کە من ناتوانم سەری لێ دەربکەم و نازانم کە بۆچی دەبێت بەم جۆرە لێك بدرێتەوە، یان بۆ دەبێت ئەوەندە بەهەند وەربگیرێ؟ داوای لێبوردن دەکەم، بەس دەبێت ئینسان زۆر نامراد و هیوابڕاو بێت کە ئاوها بە سادەیی گریمانەیەکی لەم جۆرە بکات. من مافی ئەوەم هەیە کە سەرکۆنەتان بکەم، چونکە کوڕەکەمم لێ هەڵدەنێن، گەر لەم ساتەشدا بەرگری لە ئێوە نەکات و ڕووبەڕووی من نەبێتەوە، ئەوا لە دڵدا ڕقم لێ هەڵدەگرێ...

ئالیۆشا گوتی: ((نا باوکە، نا، من لە دژت ناوەستمەوە، چونکە باوەڕم وایە کە تۆ سووکایەتیت بەو نەکردووە و ڕازیش نیم کە هیچ کەسێك سووکایەتییەکی لەو جۆرە بە کەسێکی دی بکات!))

شازادە بە خۆشحاڵییەوە گوتی: دەبیستن؟

ئالیۆشا گوتی: ((ناتاشا، هەمووی خەتای منە، ئەو تۆمەتبار مەکە. ئەمە گوناحە، گوناحێکی گەورە!))

ناتاشا هەڵچوو و هاواری کرد: ((دەبینیت ڤانیا، ئێستە ئەویش دژایەتیم دەکات.))

شازادە گوتی: ((بەسیەتی، دەبێت ئەم دیمەنە ئازاربەخشە، ئەم هەڵمەتدانە شەڕەنگێز و کوێرانە و پڕ لە ئێرەییە کە سنووری ئاسایی تێپەڕاندووە و بە جۆرێکی دی کەسایەتیی ئێوەم دەخاتە بەر چاو، دوایی پێ بێت. هەر دەمزانی. ئێمە زۆر پەلەمان کرد، لە ڕاستیدا زۆر. خۆتان نازانن کە چ ئازارێکتان پێ گەیاندووم، ئەم بابەتە لای ئێوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. زۆرم پەلە کرد... زۆر... هەڵبەتە هێشتا لەسەر بەڵێنی خۆمم... من باوکێکم و خۆشبەختیی کوڕەکەمم دەوێت...))

ناتاشا کە لە ڕقاندا پێچی دەدایە خۆی، هاواری کرد: ((کەواتە ئێوە لە قسەی خۆتان پاشگەز دەبنەوە، ئەم هەلومەرجەی ئێستە یارمەتیدەرتانە و سوودی لێ وەردەگرن. زۆر باشە، بەس ئەوە بزانن کە من وەختێك دوو ڕۆژ لەمەوبەر لێرانە بە تەنیا بووم، بڕیارم دا کە بەڵێنەکەتان ڕادەست بکەمەوە، ئێستەش بە ئامادەگیی خۆتان پشتڕاستی دەکەمەوە. من پێشنیاری زەماوەند کردنەکە پەسەند ناکەم.))

- یانی نیازتان وایە کە هەموو هەستە نیگەرانکەرەکانی ئەو بورووژێنن، هەستی ئەرك، پەرۆشی بۆ بەرپرسیارییەتی (هەر بەو جۆرەی کە خۆتان چەند ساتێك لەمەوبەر گوتتان) تا لەم ڕێیەوە هەر وەکو ڕابردوو وابەستەی خۆتانی بکەن. ئەمە بەشێکە لە ویستی شاراوەی ئێوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە من بەو جۆرە هاتمە گۆ، بەس ئیدی بەسیەتی، زەمەن بەخۆی بڕیار لەسەر هەموو شتێك دەدات. چاوەڕێ دەبم تا لە کەشێکی هێمندا هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە. هیوادارم پەیوەندیی نێوانمان بە یەکجاری نە پچڕابێت. هەروەها هیوادارم کە بۆ جاری داهاتوو بە ڕێزێکی زیاترەوە قسەم لەگەڵ بکەن. دەمویست ئەمڕۆ خواست و بڕیارەکانی خۆمتان لەبارەی خێزانەکەتانەوە پێ ڕابگەیێنم، جا ئەوسا تێدەگەیشتن کە... وەلێ با جارێ واز لەم بابەتە بهێنین!

پاشان لە من نزیك بووەوە و درێژەی پێدا: ((ئیڤان پترۆڤیچ، ئێستە زیاتر لە هەر ساتێکی دی ئارەزوو دەکەم لەنزیکەوە بتانناسم، تەنانەت لێتان ناشارمەوە کە ئەم بابەتە ئارەزوویەکی دێرینی دڵی من نەبووە. هیوادارم لێم تێبگەن. مۆڵەت دەدەن کە هەر لەم ڕۆژانەدا سەرێکتان لێ بدەم؟))

من داواکەم پەسەند کرد. وام بە مێشکدا هات کە ناکرێت لەم هەلومەرجەدا داواکەی ڕەد بکەمەوە. دەستمی گوشی، لە بەرانبەر ناتاشادا سەرێکی دانەواند، جا بە سیمایەکەوە کە وای دەنواند حورمەتی شکێندراوە، ژوورەکەی بەجێهێشت.

# ٤

هەموومان تا ماوەیەك بێدەنگ بووین و هیچمان نەگوت. ناتاشا بە خەمگینی و شەکەتییەوە لە فکر و خەیاڵدا نوقم ببوو. هەموو وزەی لاشەی بە شێوەیەکی کتوپڕانە لەنێو چووبوو. دەستی ئالیۆشای گرتبوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، بە سەرگەردانییەوە چاوی لە بەرانبەری بڕیبوو. ئالیۆشا گریانێکی بێدەنگانە گرتبووی و جار جار بە ترس و کونجکۆڵییەوە سەیرێکی ناتاشای دەکرد.

دواجار بە کەم ڕووییەوە دەستی بە دڵدانەوەی ناتاشا کرد، تکای لێ دەکرد تووڕە نەبێت و تاوانەکەی لە ئەستۆی خۆی دەنا، بە ڕوونی گەرەکی بوو پاکانە بۆ باوکی بکات و بە شێوەیەکی زۆر تایبەت ئەم بابەتەی بەلاوە گرنگ بوو. چەندین جار هەوڵیدا لەم بارەیەوە هیچ نەڵێ، بەس زاتی نەکرد ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی ڕابگەیەنێت، چونکە دەترسا دیسان ناتاشا تووڕە بکاتەوە. سوێندی دەخوارد کە عەشقی بۆ ناتاشا تا هەتایی و نەگۆڕە و بە جۆش و خرۆشەوە دەیویست پاساو بۆ پەیوەندیی نێوان خۆی و کاتیا بهێنێتەوە، بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە برایانە کاتیای خۆش دەوێت، وەك خوشکێکی دڵپاك و شیاوی خۆشەویستی چاوی لێ دەکات و ناتوانێ بە یەکجاری پەیوەندیی لەگەڵ بپسێنێ: جیا لەوە، پچڕاندنی ئەو پەیوەندییەش بە دڵڕەقی و بێ ئەدەبی دەزانێت. دڵنیای

دەکردەوە کە ئەگەر بە کاتیا ئاشنا ببێت، ئەوا دەمودەست دەبنە دوو هاوڕێی نزیکی یەکدی، وای لێدێت کە ئیدی هەرگیز ناتوانن لێك جیا ببنەوە و لە ئەنجامیشدا هیچ هەڵە تێگەیشتنێك دروست نابێت. ئەم فکرەی لە هەموو فکرێکی دی بەلاوە پەسەندتر بوو. قسەکانی ئەو کوڕە داماوە تەواو ڕاستگۆیانە بوون. دەرکی بەوە نەکردبوو کە ناتاشا ترسی لە چ شتێك هەیە و بە شێوەیەکی گشتیش سەری لەو قسانە دەرنەچووبوو کە ئەو بە باوکیی گوتبوون. هەر ئەوەندەی دیبوو کە ئەوان لەگەڵ یەکدی دەمەقاڵە دەکەن و ئەم بابەتەش بە توندی ناڕەحەتی کردبوو.

ناتاشا لەوی پرسی: ((تۆ لەبەر ئەو ڕەفتارانەی کە بەرانبەر باوکت کردمن، سەرکۆنەم دەکەیت؟))

ئالیۆشا بە پەژارەوە گوتی: ((چۆن دەتوانم سەرکۆنەت بکەم، لە دۆخێکدا کە خۆم بوومەتە هۆکاری دروستبوونی هەموو ئەم کێشانە و خەتاباری ڕاستەقینە خۆمم؟ ئەوە من بووم کە بوومە مایەی تووڕەبوونت و وەختێکیش کە تووڕە بوویت، بۆ ئەوەی بێگوناحیی من بسەلمێنیت، تاوانەکەت دایە پاڵ ئەو. تۆ هەمیشە پاکانە بۆ گوناحەکانی من دەکەیت بێ ئەوەی کە من شایەنی وەها شتێك بم. لەم نێوەندەدا دەبێت تاوانباری سەرەکی بدۆزرێتەوە و تۆیش وات بە فکردا هات کە ئەو کەسە باوکمە.)) پاشانیش لە بارێکی ئێجگار وروژاودا، بۆی زیاد کرد: ((بەس ئەو خەتابار نییە. هەر لەبەر ئەوەش هاتبووە ئێرە، دەیویست بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ!))

بەس کە بینیی ناتاشا بە نیگایەکی خەمگینانە و سیخناخ لە لۆمەوە لێی دەڕوانێت، دەمودەست ئەو دڵنیاییەی لەدەست دا و گوتی:

- نا، ئیدی زۆری لەسەر ناڕۆم، بمبوورە. من هۆکاری سەرەکیی دروست بوونی هەموو ئەم کێشانەم.

ناتاشا بە تەقەللایەکی زۆرەوە گوتی: ((ڕاستە ئالیۆشا. ئەو هەنووکە مەودای خستووەتە نێوان ئێمە و بۆ تا هەتا ئاسوودەگیمانی شێواندووە. تۆ هەمیشە زیاتر لە هەر کەسێك بڕوات بە من هەبوو: بەس ئەو ئێستە ژەهری شك و بەدگومانیی ڕشتووەتە نێو دڵی تۆوە: من بە خەتابار دەزانیت. ئەو نیوەی دڵمی لە من ڕفاندووە، ئیدی ئەو نێوانی ئێمەی تێکداوە.))

ئالیۆشا کە ئەم قسەیەی ناتاشا خەمگینی کردبوو، گوتی: ((قسەی وا مەکە، ناتاشا. بۆچی دەڵێیت ئەو نێوانی ئێمەی تێکداوە؟))

- ئەو بە دڵنەرمی و خەمخۆرییەکی ڕواڵەتی، بە بەرزە هیممەتییەکی درۆیینە، تۆی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە و ئیدی لەمەودوا زیاتر لە جاران لە دژی من هانت دەدا.

ئالیۆشا بە گوڕوتینەوە گوتی: ((سوێند دەخۆم کە وا نییە. گەر گوتیشی: «ئێمە زۆر پەلەمان لێ کردووە.» ئەوا تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە تۆ ناڕەحەتت کرد. بەخۆت دەبینیت کە هەر سبەینێ یان هەر لەم ڕۆژانەدا، لە قسەی خۆی

پاشگەز دەبێتەوە و گەر بەو ڕادەیەش تووڕە بوو کە ڕەزامەندی لە بارەی زەماوەند کردنی ئێمەوە دەرنەبڕێت، سوێندت بۆ دەخۆم کە ملکەچی نەبم. لەوانەیە توانای ئەم کارەم نەبێت...)) پاشان بە جۆش و خرۆشێکی کتوپڕانەی سەرچاوەگرتوو لە فکرێکەوە کە بە زهنیدا هاتبوو، درێژەی پێدا: ((دەزانیت بۆ ئەم مەبەستە کێ یارمەتیمان دەدات؟ کاتیا! بە چاوی خۆت دەیبینیت، دەبینیت کە بوونەوەرێکی چەندە شکۆمەند و دڵپاکە. بەخۆت دەرك بەوە دەکەیت کە ئەو نەیارت نییە و نایەوێ من و تۆ لێك جیا بکاتەوە! وەختێك گوتت من لەو جۆرە کەسانەم کە ڕۆژی دوای هاوسەرگیری لە بیرت دەکەم، داوەرییەکی زۆر بێویژدانانەت کرد. ئەم قسانەت دڵیان زۆر ئێشاندم. نا، من وەها مرۆڤێك نیم و گەر بەردەوامیش سەردانی کاتیا دەکەم...))

- تکا دەکەم، ئالیۆشا، هەر وەخت کە پێت خۆش بوو بچۆ بۆ لای. من ئەم قسانەم بەو مەبەستە نەکردن. باش لە مەبەستم حاڵی نەبوویت. لەگەڵ ئەو کەسە بژی کە خۆشتدەوێ و هیوام خۆشبەختیتە. من ناتوانم چاوەڕوێی فیداکارییەك لە دڵت بکەم کە لە توانایدا نەبێت...

لەم کاتەدا ماورا هاتە ژوورێ و بە بۆڵەبۆڵ گوتی:

- بزانم، دواجار بەتەمان چا بخۆنەوە یان نا؟ ئەوا بۆ دوو کاتژمێر دەچێت کە سەماوەرەکە قوڵە قوڵیەتی.کاتژمێر یازدەیە.

بە ڕق و قین و بارێکی بێ ئەدەبانەوە قسەی دەکرد، دیاربوو کە جەوی نییە و لە ناتاشا قەڵسە. لە ڕاستیدا تەواوی ئەم ڕۆژانە، لە سێشەممە بەولاوە، وەختێك کە بیستبووی خانمەکەی (کە زۆریشی خۆش دەویست) وا بڕیارە بەم نزیکانە هاوسەرگیری بکات، بە ئاسمانی حەوتەمدا دەفڕی و بە شەپیوور و کەڕەنا تەواوی خەڵکی بیناکە، دراوسێکان، دوکاندارەکان و قاپچییەکەشی لەم هەواڵە خۆشە ئاگادار کردبووەوە. لەم بارەیەوە بەخۆی دەنازی و بە ویقار و شکۆیەکی تەواوەوە گێڕابوویەوە کە شازادە، کەسێکی دیار، جەنەڕاڵ و هەروەها خاوەن سامانێکی زۆرە و خۆی بەتایبەت هاتووەتە خوازبێنیی خانمەکەی و ئەو، یانی مارا، بە گوێی خۆی ئەم داوایەی بیستووە. جا ئێستە هەموو ئەمانە ببوونە دووکەڵ و بە ئاسماندا چووبوو. شازادە، بێ ئەوەی چای خواردبێتەوە بە تووڕەیی ئەوێی جێهێشتبوو، بێگومان لەم نێوەندەشدا خانمەکەی خەتاباری سەرەکی بووە، چونکە گوێی لێ بووبوو کە چەندە ڕق لە دڵانە و بە چ بێ ئەدەبییەکەوە قسەی لەگەڵ شازادەدا کردبوو.

ناتاشا گوتی: ((بەڵێ، ماورا چا بێنە.))

- خۆراکیش؟

ناتاشا کەوتە پێکەنین و گوتی: ((بەڵێ، هەڵبەتە.))

**ماورا دیسان گوتی: (( حەیف بۆ ئەو ئەرکانەی کە کێشامن. لە دوێنێوە هەر جرت و فرتمە و تەواو شەکەت بوومە. بۆ کڕینی خواردنەوە چوومە بۆ *بۆلوار نیۆسکی* و ئێستەش... )) ئەم قسانەی کردن و چووە دەرێ و بەدوای خۆیشیدا توند دەرگەکەی پێوە دا.**

**چا و خۆراکی بۆ هێنـاین: گۆشتی ڕاو و ماسی و دوو بتڵ خواردنەوەی دەرەجە یەك بوون. لە خۆمم پرسی: بۆچی وەها ئامادەکارییەکی کردووە؟**

**ناتـاشا بە شەرمەزارییەوە، تەنـانەت لەبەردەم منیشدا، لە مێزەکە نزیك کەوتەوە و گوتی: (( پێشبینیی ئەوەم دەکرد کە ئەمڕۆ هەموو شتێك دوایی پێ بێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئارەزووم وابوو کە کۆتـاکەی بە جۆرێکی دی بێت: ئالیۆشا دێتەوە بۆ لام، لەگەڵی پێك دێمەوە، ئاشتی و شادی دەکەوێتە نێوا نمان، تەواوی بەدگومانییەکانم دەرەوێنەوە، تێدەگەم کە بە هەڵەدا چوومە و ئەم خوانەشم هەر بەو بۆنەیەوە ئامادە کرد. پێم وابوو کە گفتوگۆکا نمان درێژە دەکێشن. ))**

**ئای ناتـاشای داماو! لە وەختی دەربڕینی ئەم قسانە تەواو سوور هەڵگەڕا. ئالیۆشا هێندە خۆشحاڵ بوو کە لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبووەوە.**

**بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((دەبینیت، ناتـاشا، بەخۆشت دڵنیا نەبوویت، هەر دوو کاتژمێر لەمەوبەر بڕوات بە بەدگومانییەکانت نەبووە! نا، دەبێت هەموو شتێك ڕاست بکرێتەوە، من خەتـابارم، هەر دەبێت بەخۆشم قەرەبووی بکەمەوە، ناتـاشا. مۆڵەت بدە دەمودەست بچم بۆ لای بـاوکم. دەبێت ببینم، ئەو عاجزە و پێویستە دڵی بدەمەوە، هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکەمەوە، تەنیا لەلایەن خۆمەوە قسەی لەگەڵ دەکەم، تۆ ناهێنمە نێو باسەکە و هەموو شتێك وەك خۆی لێدەکەمەوە... دەمەوێت بچم ئەو ببینم و هەر لەبەر ئەوەش دەبێت جێت بهێڵم، لێم دلگران مەبە. ئەو هەرگیز ئاوها نییە: دڵم بۆی دەسووتێ، بەخۆت دەیبینیت، قسە و ڕەفتاری بەرانبەر بە تۆ چاك دەبێت... سبەی زوو دێمەوە ئێرە، تەواوی ڕۆژەکە لای تۆ بەسەر دەبەم ناچم بۆ ماڵی کاتیا... ))**

**ناتـاشا ڕێگریی نەکرد، تەنـانەت هانیشی دا هەتـا بڕوات. زۆر لەوە دەترسا کە ئالیۆشا لە ڕۆژانی داهاتوو «بە ناچاری» لای ئەو بمێنێتەوە و وەڕز ببێت. تەنیا داوای لێ کرد لەلایەن ئەوەوە قسە نەکات، وەختی ماڵئاواییش هەوڵیدا بزەیەکی بۆ بکات. ئالیۆشا ئامادەی ڕۆیشتن بوو، بەس لەپڕ بەرەو لای ناتـاشا چوو و لە تەکییەوە دانیشت. بە ئەوینێکی وەسف هەڵنەگرەوە چاوی تێبڕی:**

**- ناتـاشا، هاوڕێکەم، فریشتەکەم، لێم قەڵس مەبە، با ئیدی هەرگیز یەکتری نەڕەنجێنین. بەڵێنم پێ بدە کە وەك هەمیشە لە هەموو ڕوویەکەوە متمانەم پێ بکەیت، منیش هەموو ڕەفتـار و قسەکانت پەسەند دەکەم. دەمەوێ بـاسی شتێکی دیکەشت بۆ بکەم. ڕۆژێکیان نازانم لەسەر چ شتێك ببووە مشتومڕمان، هەڵبەتە خەتـای من بوو. ئیدی لێك**

تۆرابووین و یەکدیمان نەئەدواند. من حەزم نەدەکرد دەستپێشخەر بم و داوای لێبوردن بکەم، بەس زۆر خەمگین بووم. بە کۆڵانەکاندا وێڵ بووم و بێ ئامانج دەسووڕامەوە، سەردانی هاوڕێیا نم کرد، بەس زۆر دڵتەنگ بووم... لەو کاتەدا خەیاڵێکم بە مێشکدا هات: گەر تۆ نەخۆش بکەویت و بمریت ئەوا من چیم بەسەر دێت؟ وەختێك کە ئەم فکرەم بەسەر داهات، بە چەشنێك نیگەران بووم کە دەتگوت هەر بەڕاستی تۆم لەدەست داوە. سات دوای سات ئەم فکرە ئازاربەخشتر و جەرگبڕتر دەبوو. بەرە بەرە وام وێنا دەکرد کە هەر لەو کاتەدا لەسەر گۆڕەکەتم و بە بێقەراری خۆم بەسەریدا داوە، باوەشم پێداکردووە و لە تاو پەژارە و ناسۆریدا خەریکە لە پێ دەکەوم. وام دەهاتە بەرچاو کە باوەشم بە گۆڕەکەتدا کردووە، بانگت دەکەم، دەلالێیمەوە کە تەنانەت گەر بۆ ساتێکش بووە لە گۆڕەکەت بێیتە دەرێ، لە خوا دەپاڕێمەوە کە پەرجوویەك بکات، بۆ ساتێك بە زیندوویی بتهێنێتە بەرانبەرم، وێنام دەکرد کە بەرەو لات پڕتاو دەکەم هەتا بە توندی باوەشت پێدا بکەم، ماچت بکەم و پێم وابوو کە وەك ڕابردوو گەر بۆ یەك چرکەسات لە باوەشت بگرم ئەوا لە خۆشحاڵیاندا گیانم دەردەچێ. لەگەڵ وێناکردنی ئەم دیمەنەدا لە پڕ بەخۆمم گوت: من لە خودا دەپاڕێمەوە کە تەنیا بۆ یەك سات تۆم بۆ بگەڕێنێتەوە، کەچی ئەوە بۆ ماوەی شەش مانگ دەچێت کە لەگەڵ یەك دەژین و لەم ماوەیەشدا چەندان جار دەمەقڕەمان لەگەڵ یەکدی بووە، چەندین ڕۆژ ڕابردووە و ئێمە یەك قسەشمان لەگەڵ یەکتر نەکردووە! بەیانی تا ئێوارە خەریکی چەلەحانێ بووینە و ئەو خۆشبەختییەمان لەکیس چووە کە خاوەنی بووینە. لەو ساتەدا ئارەزووم وابوو کە تەنیا بۆ یەك خولەك لە گۆڕەکەت بێیتە دەرێ و لە بەرانبەر ئەمەدا من ئامادەبووم هەموو تەمەنی خۆم ببەخشم!... دوای وێناکردنی هەموو ئەم شتانە، ئیدی خۆم پێ ڕانەگیرا، بەوپەڕی توانامەوە بەرەو ماڵەکەت ڕامکرد، تۆ چاوەڕێم بوویت و وەختێکیش بۆ ئاشتبوونەوە ماچتم کرد، بیرم دێت کە تا ماوەیەك تۆم بە سنگمەوە گوشی، دەتگوت هەر بەڕاستی وا بڕیارە لەدەستت بدەم. ناتاشا، با ئیدی هەرگیز دەمەقڕە نەکەین! ئەم کارە زۆرم ئازار دەدات! ئەی خوایە، یانی ئەقڵ دەبیڕێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو فکرەم بە مێشکدابێت کە واز لە تۆ بهێنم؟

ناتاشا لە باوەشی ئەودا دەگریا و ئالیۆشا جارێکی دی سوێندی تازە کردەوە کە هەرگیز لەو جیا نابێتەوە. دوای ئەوە بە پەلە بەرەو ماڵی باوکی بەڕێ کەوت. زۆر لەوە دڵنیابوو کە هەموو شتێك دێتەوە ڕاستە.

ناتاشا بە بارێکی مەیلەو پەرێشانییەوە دەستمی گرت و گوتی: ((هەموو شتێك کۆتاییی هات، هەموو شتێك لەدەست چوو. ئالیۆشا خۆشی دەوێم و هەرگیزیش ئەم عەشقە لەیاد ناکات، بەس دڵی بە کاتیاشەوەیە و دوای ماوەیەك ئەوی زیاتر لە من خۆشدەوێ. ئەم شازادە ملشکاوە ژەهراویە هەرگیز دەسەوەسان دانانیشێ و ژەهری خۆی دەڕێژێ، ئەوسا...))

- ناتاشا منیش بڕوام وایە کە ئەم شازادەیە کاری ناپیاوانەی لێ دەوەشێتەوە، بەس...

- تۆ بڕوات بە تەواوی ئەو قسانە نەدەکرد کە بەوم گوتن، بە سیماتدا ئەمەم دەخوێندەوە. بەس پەلەت نەبێت، بەخۆت تێدەگەیت کە ئایا من لەسەر هەقم یان نا. پێم وایە من بەشێکی لاوەکیی پرسەکانم. هەر خوا دەزانێت کە ئێستە چ نەخشە و پیلانێکی دیکەی لەژێر سەردایە! ئەو مرۆڤێکی ترسناکە. لەم چوار ڕۆژەدا بەدەم پیاسەکردنەوە، سۆسەی هەموو شتێکم کردووە! ئەو بە تەمایە ئالیۆشا لە کەلکەڵەی ئەو بەرپرسیاریەتییە عاشقانەیەی کە بەرانبەر بە من هەیەتی و ئاسوودەییی لێ بڕیوە، نەجات بدات. ئەو بۆیە ئەم بابەتی خوازبێنییەی هێنایە گۆڕێ، هەتا لە ڕێی نیشاندانی دڵگەورەیی و خەمخۆرییەوە، ئەو بەرەو خۆی ڕابکێشێ. ڕاستە، ڕاستە ڤانیا، لە ڕاستیدا ئەوە سروشتی ئالیۆشایە: گەر ڕێز لە من بگیرێ و حسێبم بۆ بکرێ ئەوا ئەویش دەسرەوێت، ئیدی ئەوەندە بیر لە من ناکاتەوە. بە خۆی دەڵێ: ((ئێستە ئەو ژنی منە و بۆ تاهەتا لەگەڵ من دەبێت))، سەرئەنجام بە شێوەیەکی نائاگایانە زیاتر گیرۆدەی کاتیا دەبێت. زۆر ڕوونە کە شازادە لە بن گوێی ئەم کچە دەخوێنێ، سۆسەی ئەوەی کردووە کە ئەو بۆ کوڕەکەی شیاوترە و زیاتر لە من دەتوانێت ئەو بەرەو خۆی ڕابکێشێ. بەداخەوە ڤانیا! ئێستە ئیدی هەموو هیوایەکم بە تۆیە، شازادە دەیەوێت لەگەڵ تۆ پەیوەندی دابمەزرێنێ، پێشنیارەکەی ڕەد مەکەوە و هەوڵبدە دزە بکەیتە نێو ماڵی کۆنتیسەوە، لەوێ کاتیا دەناسیت، هەڵی دەسەنگێنیت و دواتر بە من دەڵێیت کە ئەو چ جۆرە مرۆڤێکە. من پێویستم بەوەیە کە تۆ هامۆشۆت لەگەڵ ئەواندا هەبێت. هیچ کەسێك وەك تۆ لە من تێناگات، تۆ هەر کارێك کە لە بەرژەوەندیی مندا بێت ئەنجامی دەدەیت. هەروەها بزانە هاوڕێیەتییەکەیان لەسەر چ بنەمایەك و تا چ ئەندازەیەکە، بزانە نێوانیان چۆنە، لە بارەی چییەوە دەدوێن، بەس بەتایبەت چاوت لەسەر کاتیا بێت...
ئەمجارەشیان هاوڕێیەتیی خۆتم بۆ بسەلمێنە، ڤانیای ئازیز و نازەنینم! هەموو هیوایەکم بە تۆیە!

کە گەڕامەوە ماڵێ، کەم تا زۆر نیوەشەو بوو. نێلی بە ڕووخسارێکی خەواڵووەوە دەرگەکەی بۆ کرمەوە. کە چاوی پێم کەوت بزەیەکی خستە سەر لێوی و بە سیمایەکی شادەوە لێمی ڕوانی. داماوە زۆر لە خۆی قەڵس بوو کە خەو بردبوویەوە. گەرەکی بوو لە چاوەڕوانیمدا ئێشك بکێشێت. گوتی کەسێك هاتووە و ویستوویەتی چاوی بە من بکەوێ، چەند خولەکێك چاوەڕوانیمی کردووە و پاشان یاداشتێکی نووسیوە و لەسەر مێزەکە داینـاوە. یاداشتەکە لەلایەن فیلیپەوە نووسرابوو، داوای لێکردبووم بۆ نیوەڕۆ لە ماڵی ئەواندا ئامادەبم، حەزم دەکرد چەند پرسیارێك لە نێلی بکەم، بەس ئەم کارەم دانا بۆ بەیانی و پێداگریم کرد کە بچێت و ئاسوودە لێی بخەوێ. کچۆڵەی داماو لە ئێشك گرتن و چاوەڕوانی کێشاندا وەڕەز بووبوو و تەنیا نیو کاتژمێر بەر لە گەیشتنی من خەوی لێ کەوتبوو.

## ٥

بۆ بەیانییەکەی نێلی وردەکارییەکی سەیری لە بارەی هاتنەکەی فیلیپەوە بۆ باس کردم. جیا لەمەش زۆر بەوە سەرسام بووم کە فیلیپ بۆچی دوێنێ شەو بڕیاری داوە سەردانی ماڵی من بکات، ئەو دەیزانی کە لە ماڵێ نیم، چونکە لە دواهەمین دیدارماندا لەم بارەیەوە زانیاریم پێ دابوو و بێگومان بیری نەچووبوو. نێلی گوتی سەرەتا نەیویستووە دەرگەی لێ بکاتەوە، چونکە لەو کاتژمێر هەشتی شەوەدا ترسی هەبووە. بەس لە پێش دەرگەکەوە ئەوی دڵنیا کردووەتەوە و پێی گوتووە کە ئەگەر یاداشتێکم بۆ جێ نەهێڵێت، ئەوا بەیانی تووشی دەردەسەرییەکی سەخت دەبم. وەختێك مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی دەداتێ، فیلیپ یاداشتەکەی دەنووسێ و دەیخاتە سەر مێزەکە، پاشانیش دێت و لە تەنیشت ئەو دادەنیشێ. نێلی گوتی: ((من لەسەر قەنەفەکە هەستام و نەمدەویست قسەی لەگەڵ بکەم، زۆری لێ دەترسام، دەستی کردە قسەکردن لە بارەی بۆبنۆڤاوە، گوتی زۆر لە من تووڕەیە، بەس ئیدی زاتی نییە لێم نزیك ببێتەوە، دوای ئەوەش دەستی بە ستایشکردنی ئێوە کرد، گوتی هاوڕێی نزیکی یەکدین و هەر لە منداڵییەوە یەك دەناسن. جا ئەوسا منیش قسەم لەگەڵ کرد. چەند نوقڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا و فەرمووی لێ کردم، دڵنیای کردمەوە کە مرۆڤێکی نیەتپاکە، دەزانێت گۆرانی بڵێ و بە باشی سەما بکات، جا پاشان لەناکاو هەستایەوە و دەستی بە سەما کرد. بەو کارەی سەرسامی کردم. دوای ئەوە گوتی تا چەند خولەکێکی دی چاوەڕێی ئێوە دەکات، لەوانەیە تا ئەو کاتە بگەڕێنەوە. جا دواتر گوتی ترسم نەبێت، بچم و لەتەکییەوە دابنیشم. منیش دانیشتم، بەس ئیدی نەمدەویست هیچ قسەیەکی لەگەڵ بکەم. ئەوسا بە منی گوت کە دایك و بابمی ناسیوە و... منیش لەگەڵی کەوتمە قسەکردن. ماوەیەکی زۆر لێرە مایەوە.

- لە بارەی چییەوە قسەت لەگەڵ کرد؟

- لە بارەی دایە... بۆبنۆڤا... بابیرە.نزیکەی دوو کاتژمێر لێرە مایەوە.

وا دەردەکەوت نێلی گەرەکی نییە لەبارەی ئەو باسەوەی کە پێکەوە کردوویانە، هیچ شتێك بە من بڵێت. هیوام وابوو کە هەموو شتێك لە زمانی فیلیپەوە ببیستم و هەر لەبەر ئەوەش هیچم لەو نەپرسی. تەنیا بەم ئەنجامە گەیشتم کە فیلیپ لە پێواریی مندا بەتایبەت دیدەنیی نێلیی کردووە. بەس بۆچی؟

ئەو سێ نوقڵەی پیشان دام کە فیلیپ بۆی هێنابوو. جۆرەکەیان باش نەبوو، لە شەکری جۆ دروست کرابوون و لە کاغەزێکی سوورەوە پێچرابوون. بێگومان لای بەقاڵی سەر کۆڵانەکە کڕیبوونی. نێلی کە نوقڵەکانی پیشان دام دەستی بە پێکەنین کرد.

لەوم پرسی بۆچی نەتخواردوون؟

بڕۆی هێنایە یەك و بە سیمایەکی جددییەوە گوتی: ((نەمدەویستن. ئینجا من ئەوانەم لێ وەرنەگرت، بەخۆی لەسەر مێزەکەی دانان.))

ئەو ڕۆژە دەبوو سەردانی چەند شوێنێك بکەم. ماڵئاواییم لە نێلی کرد و وەختی چوونە دەر لەوم پرسی: ((بە تەنیا وەڕز نابیت؟))

- بەڵێ و نایش. کاتێك وەڕز دەبم کە ئێوە زۆر دوادەکەون.

لەگەڵ گوتنی ئەم قسانەدا سەیرێکی سۆزدارانەی کردم. تەواوی ئەو بەیانییە بە نیگایەکی پڕ لە میهرەبانییەوە چاوی تێ بڕیبووم، زۆر شاد و خۆش کەیف دەردەکەوت، بەس لە هەمان کاتدا ڕەفتارێکی بە پارێز و تەنانەت شەرمنانەشی هەبوو، پێدەچوو ترسی ئەوەی هەبێت کە قسەیەك بڵێت یان کارێك بکات کە پێچەوانەی مەیلی من بێت و ببێتە هۆی کاڵبوونەوەی هاوڕێیەتیمان و... هەروەها نەشی دەویست کارێك بکات کە زیاد لە پێویست لێم نزیك بکەوێتەوە، وەك بڵێی ئەم کارەی بە جۆرێك لە ڕووداری لێك دەدایەوە.

لەو ساتەدا ئەوەندە ئازیز بوو لەلام، کە بە پێچەوانەی مەیلی خۆمەوە، بزەیەکم کرد و پرسیم: ئەی بە چی وەڕز نابیت؟ چونکە گوتت <<بەڵێ و نایش>>

بە خەندەیەکی زوو گوزەرەوە گوتی: ((ئاە خۆتان باش ئەوە دەزانن)) بەس پاشان شڵەژانێك بە سیمایەوە دەرکەوت.

دەرگەکە کرابووەوە و لە ئاسانەکەیدا پێکەوە قسەمان دەکرد. نێلی بە سەرێکی کزکراوەوە لەبەردەم من ڕاوەستابوو. دەستێکی خستبووە سەر شانم و بە دەستەکەی دیی سەر قۆڵی چاکەتەکەمی بەرەو خوار ڕادەکێشا.

پرسیم: بڵێ بزانم، ئایا ئەمە نهێنییە؟

سەری بەرز کردەوە، سەیرێکی سۆزدارانە و لە هەمان کاتدا خەمگینی کردم، بە توندی سوور هەڵگەڕا و گوتی:

- نا... هیچ... من... من وەختێك کە ئێوە لێرە نەبوون دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکەتان کرد.

من بە شپرزەییی نووسەرێکەوە کە لە ئامادەگیی خۆیدا وەسف و ستایشی دەکەن گوتم: ((ئاە! بەڕاست! ئایا حەزت پێی هات؟)) خودا دەزانێت کە لەو ساتەدا چەندم حەز لێبوو ماچێکی بکەم. بەس ئەمە وەك شتێکی نەکردە دەردەکەوت. نێلی هەروا بێدەنگ بوو.

بە سیمایەکی سیخناخ لە پەژارەیەکی قووڵەوە لێمی پرسی: ((بۆ، بۆ ئەو دەمرێت؟))

بەخێرایی چاوێکی لێ کردم و دیسان سەری کز کردەوە.

- کێ؟

- ئەو پیاوە لاوە سیلاوییەی کە لە کتێبەکەدا باسی لێ دەکرێت.

- هیچ چارێکی دیی نەبوو، نێلی، هەر دەبوو وای بەسەر بێت.

خولەکێك ڕابرد.

لە بارێکدا کە هەر بە هەمان شێوە و کەمێك توندتر لە پێشوو سەرقۆڵی چاکەتەکەمی ڕادەکێشا، بە ورتەوە گوتی: ((ئەی ئەو کچە... هەروەها ئەوانی دی، کچەی لاو و پیرەمێرد... ئایا پێکەوە دەژین؟ ئیدی بە هەژاری نامێننەوە؟))

- نا، نێلی، کچە لاوەکە ئەوێ جێ دەهێڵێ و دەڕوات بۆ شوێنێکی دوور، لەگەڵ موڵکدارێکی دەوڵەمەند زەماوەند دەکات و پیاوەکەش بە تەنیا دەمێنێتەوە.

بە خەم و حەسرەتەوە ئەم قسانەم بۆ کرد، هەر بەڕاستی زۆر لەوە خەمگین بووم کە نەمدەتوانی قسەیەکی بۆ بکەم کە ببێتە مایەی دڵخۆشیی.

- ئاە! یانی ئێوە مرۆڤێکی ئاوهان؟ مادام وایە ئیدی نامەوێ ماوەی حەکایەتەکە بخوێنمەوە!

بە سیمایەکی تووڕەوە سەرقۆڵمی بەردا، بەخێرایی پشتی تێکردم و لێم دوور کەوتەوە، بە سەرێکی کزکردووەوە چووە سووچێکی ژوورەکە. ڕووخساری بە تەواوی سوور هەڵگەڕابوو و بە وێنەی کەسێك کە تووشی نەهامەتییەکی گەورە بووبێت، هەناسەدانی دژوار و ناهاوسەنگ ببوو.

لێی نزیك بوومەوە و گوتم: ((بەسیکە، نێلی، بۆچی خۆت تووڕە کردووە؟ ئەمە هەمووی حەکایەتە، خۆ بەسەرهاتی ڕاستەقینە نییە! مرۆڤ نابێت لەخۆڕا تووڕە بێ! تۆ کچێکی چەندە هەستیاریت!))

بە شەرمەوە سەری هەڵهێنا، نیگا گەش و پڕسۆزەکەی لە من بڕی و گوتی: تووڕە نیم.

پاشان لە پڕ دەستمی گرت، ڕووخساری خستە سەر سنگم و دەستی بە گریان کرد.

بەس هەر لەو ساتەدا دەستی بە پێکەنین کرد، هاوکات هەم دەگریا و هەم پێدەکەنی. منیش هەم دڵخۆش بووم و هەم خەمگین. بەس بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو ڕووخساریم پیشان بدات و کاتێکیش کە هەوڵم دا ڕووخساری لە سنگم دوور بخەمەوە، هەر بە هەمان باری پێکەنیناوییەوە زیاتر خۆی بە منەوە گوشی.

دواجار ئەم دیمەنە خەمناکە دوایی هات و ماڵئاواییمان لە یەکدی کرد. زۆر پەلەم بوو. نێلی بە ڕووخسارێکی خەمین و پەرێشان هەروەها بە چاوانێکی گەشەوە، هەتا سەر پلیکانەکان بە دوامدا هات و گوتی هەتا پێم دەکرێ زووتر بگەڕێمەوە.

سەرەتا سەرێکم لە دایك و باوکی ناتاشا دا. هەردووکیان نەخۆش بوون. ئانا بە تەواوی نەخۆش و نیکۆلاییش لە ژووری کارەکەی بوو. دەنگمی بیستبوو، بەس دەمزانی کە بە پێی خووی هەمیشەیی خۆی، تا چارەکێکی بەسەردا نەچێت، نایێت بۆ لامان. تەناییمان تێك نادات و لێدەگەڕێ بە ئاسوودەییەوە قسەکانمان بکەین. حەزم نەدەکرد ئانا زۆر ناڕەحەت بکەم، بەم پێیە هەتا لە توانام دابوو بە شێوەیەکی زۆر ئارام و بە پارێز بەسەرهاتی شەوی ڕابردووم بۆ گێڕایەوە، بەس ڕاستییەکەم پێ گوت. بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە بینیم کە ژنەی بێنەوا گەرچی بە بیستنی ئەم بابەتە ناڕەحەت بوو، بەس زۆر نەشڵەژا و هەواڵی ئەگەری پچڕانی پەیوەندیی نێوان کچەکەی و ئالیۆشای پەسەند کرد.

پێی گوتم: ((باشە، منیش هەر وای بۆ دەچووم. ئەو ڕۆژەی کە هاتیت و هەواڵی خوازبێنیی شازادەت پێ ڕاگەیاندم و ڕۆیشتیت، ماوەیەکی زۆر بیرم لێ کردەوە و بەو ئە نجامە گەیشتم کە ئەمە شتێك نییە هەروا بە ئاسانی سەربگرێت. دیارە خوداوەند بە شایەنی وەها شتێکی نەزانیوین و ئەم پیاوەش، مرۆڤێکی ناڕەسەنە. هیچ کارێکی خێری لێ ناوەشێتەوە. زەوتکردنی دە هەزار ڕۆبڵ بە دەم خۆشە! لە دۆخێکیشدا کە بەخۆی باش دەزانێت ئەم پارەیە بە هیچ شێوەیەك مافی بەوەوە نییە. دواهەمین پارەوە نانمان لێ حەرام دەکات و ناچار دەبین موڵکەکەی ئیخمینۆکامان بفرۆشین. ناتاشا ژیر و تێگەیشتوو بووە کە فریوی قسەی ئەوی نەخواردووە.)) پاشان دەنگی نزم کردەوە و لەسەری ڕۆیشت: ((دەزانیت کوڕی من، مێردەکەم، مێردەکەم بە هیچ شێوەیەك ئەم هاوسەرگیرییەی قەبوڵ نییە. پێی وایە خیانەتی لێ کراوە، گوتوویەتی مەگەر ئەو بمرێت! سەرەتا وای بۆ دەچووم کە ڕەنگە ئەم قسەیەی هەوەسێکی کاتی

بێت، وەلێ دواتر حاڵی بووم کە هەقی خۆیەتی. جا ئەوسا کۆترە چکۆڵەکەی من چیی بەسەر دێت؟ چونکە ئەو بۆ تا هەتا حاشای لێ دەکات. یان ئەوەکەی دی، ئالیۆشا، ئەو چی دەکات؟))

ماوەیەکی زۆر منی پرسیار باران کرد و وەك هەمیشەش لەگەڵ هەر وەڵامێکی مندا ئاهی هەڵکێشا و ناڵاندی. زانیم کە بە شێوەیەکی گشتی لەم ڕۆژانە لە حاڵێکی شپرزەدا دەژی و هەموو هەواڵێك ڕای دەچڵەکێنێت. ئەو خەفەتەی کە ناتاشا تووشی کردبوو خەریك بوو تەندروستیی لەناودەبرد.

نیکۆلای دوای چەند خولەکێك بە جلی ماڵ و ناڵۆکێکەکەوە خۆی بە ژووردا کرد. بە دەست تاوە سکاڵای بوو، بەس بە نیگایەکی سۆزدارانەوە لە ئاناى دەڕوانی و بە درێژاییی ئەو ماوەیەی کە من لەوێ بووم، هەر لە خەمی ئەو دابوو. نیگای لە چاوانی ئەو دەبڕی و تەنانەت شەرمەزاریی خۆیشی بەرانبەر بەو نەدەشاردەوە! بە بینینی باری نەخۆشانەی ئەو ئارامیی لێ بڕابوو. هەستی دەکرد گەر ئەو لەدەست بدات، ئەوا هەموو شتێکی لەدەست داوە.

ماوەی کاتژمێرێك لای ئەوان مامەوە. نیکۆلای بەدەم ماڵئاواییەوە هەتا سەرسەراکە بەڕێی کردم و سەبارەت بە نێلیش هەندێك قسەی لەگەڵ کردم. زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بیهێنێ بۆ ئەوێ و بیکات بە کچی خۆیان. لە منی پرسی کە داخۆ دەبێت چی بکات هەتا ژنەکەی بۆ ئەم مەبەستە سەر بهێنێتە ڕاستە. بە کونپشکنییەکی تایبەتییەوە چەند پرسیارێکی سەبارەت بە نێلی لێ کردم و پرسیی: ئایا هیچی تازەی لەبارەوە نازانم. جا منیش هەموو ئەو شتانەم بۆ باسکرد کە لەسەر ئەو دەمزانین، قسەکانم کاریگەرییەکی زۆریان لێ کرد.

بە شێوەیەکی لێبڕاوانە گوتی: ((قسەی لێ دەکەینەوە، تا ئەو کاتە... باشە، هەر کە هاتمەوە سەرخۆم، بەخۆم دێمە دیدەنیت، ئەوسا لەم بارەیەوە بڕیارێك دەدەین.))

ڕێك دەمەو نیوەڕۆ لە ماڵی فیلیپ بووم. کە چوومە ژوورێ، تەواو سەراسیمە بووم و یەکەمین کەسێك کە چاوم پێی کەوت شازادە بوو. لە سەرسەراکەدا خەریکی لەبەرکردنی کەواکەی بوو و فیلیپیش بە ڕێزەوە یارمەتیی دەدا و گۆچانەکەی دەدایە دەستی. پێشتر پێی گوتبووم کە شازادە دەناسێت، بەس ئەم دیدارەم زۆر بەلاوە سەیر بوو.

شازادە کە چاوی بە من کەوت دەتگوت لە خۆشیاندا شاگەشکە بووە. بەوپەڕی دۆستایەتییەکی درۆیینەوە گوتی:

- ئاه، ئەوە ئێوەن! دەبینن کێو بە کێو ناگات، مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات! من تازە زانیومە کە ئێوە بەڕێز فیلیپ فیلیپۆڤیچ دەناسن. خۆشحاڵم، زۆر خۆشحاڵم. ئەوەی ڕاستی بێت زۆرم حەز لێبوو چاوم بە ئێوە بکەوێ و هەرکە دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت یەکسەر دێم بۆ ماڵتان، مۆڵەت دەدەن؟ داوایەکم لە ئێوە هەیە. یارمەتیم بدەن تا ئەم مەسەلەیە ڕۆشن بکەینەوە، خۆ تێم دەگەن، مەبەستم مەسەلەکەی دوێنێیە... ئێوە هاوڕێی ئەوانن و هەنگاو بە هەنگاو ئاگاداری ڕووداوەکانن، ئێوە کاریگەریتان لەسەر ئەوان هەیە... جەخار کە ئێستە ناتوانم قسەتان لەگەڵ

بکەم... ئیش و کارێکی زۆرم بەسەردا کەڵەکە بووە! بەس هیوادارم هەر لەم ڕۆژانەدا ئەو خۆشبەختییەم پێ ببڕێت و بگەمە خزمەتتان. جارێ بە یارمەتیتان...

زۆر بە توندی دەستمی گوشی، نیگایەکی لەگەڵ فیلیپ ئاڵوگۆڕ کرد و ژوورەکەی جێهێشت.

تا ماوەیەك لە ژوورەکەدا چاوەڕێ بووم، کە فیلیپ گەڕایەوە گوتم: توخودا...

فیلیپ قسەی پێ بڕیم، بە پەلە کڵاوەکەی هەڵگرت و هاوکات لەگەڵ هەنگاونان بەرەو سەرسەراکە، گوتی: ((ئێستە ناتوانم هیچ شتێکت پێ بڵێم، ئیشم هەیە، درەنگم پێ بووە...))

- بەس تۆ بۆت نووسیبووم کە نیوەڕۆ لێرە ئامادەبم.

- باشە، ئێستە چی دەڵێیت؟ من دوێنێ ئەم یاداشتەم بۆت نووسی و ئەمڕۆ لەلایەن کەسێکی دیکەوە نامەیەکم پێگەیشتووە: خەریکە کەللەم شەق ببات. ئای لەم ڕۆژگارە سەیرە. داوای لێبوردن دەکەم ڤانیا، چاوەڕێمن. تەنیا کارێك بتوانم بۆتی بکەم، ئەوەیە کە بۆ قەرەبووکردنەوەی زەحمەتدانە بێهوودەکەت، ڕێگەت بدەم شەقکارییەکم بکەیت. گەر دەتەوێ قەرەبووی زەحمەت کێشانەکەت بکەیتەوە، ئەوا مەوەستە، بەس توخوا خێراکە! لێرە ڕاممەگرە، چاوەڕێمن...

- بۆچی شەقکاریت بکەم، مادام ئیشت هەیە دەستوبردی لێ بکە. مرۆڤ هەمیشە ناتوانێت پێشبینیی هەموو شتێك بکات. بەڵام...

پڕتاوێکی کردە ناو سەرسەراکە و هاوکات لەگەڵ پۆشینی کەواکەی قسەی پێ بڕیم و گوتی:

نا ئەوە منم کە دەبێت لەبارەی ئەم ‹‹بەڵام›› ەوە قسەت لەگەڵ بکەم (منیش دەستم بە پۆشینی کەواکەم کرد). دەبێت بابەتێکت لەگەڵ بخەمە بەر باس، بابەتێکی زۆر گرنگ، هەر لەبەر ئەوەش بوو داوام کرد بێیت بۆ ئێرە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە تۆ و بەرژەوەندییەکانتەوە هەیە. جا لەبەر ئەوەی کە ناکرێ بە کورتی باسی لێوە بکەم، ئەوا داوات لێ دەکەم کە ڕێك کاتژمێر هەشتی ئەمشەو بێیت بۆ لام، نە زووتر نە درەنگتر، من لە ماڵەوەم.

بە دوودڵییەوە گوتم: ((ئەمشەو؟ من ئەمشەو بە تەمابووم...))

- ئێستە بۆ هەر کوێ کە پێت خۆشە بڕۆ و شەو وەرەوە بۆ لای من، ڤانیا، ڤانیا گەر بزانیت دەمەوێ باسی چیت بۆ بکەم!

- وەڵێ تکا دەکەم، تکا دەکەم، دەتەوێت چیم بۆ باسبکەیت؟ دانی پێدادەنێم کە زۆرت کونجکۆڵ کردووم.

بەدەم ئەم قسانەوە لە دەرگەی دەرێ ڕابردبووین و گەیشتبووینە سەر پیادە ڕێکە.

**بە پێداگرییەوە پرسیی: باشە، کەواتە دێیت؟**

**- خۆ گوتم، دێم.**

**- نا، بەڵێن بدە.**

**- باشە، بەڵێن بێت.**

**- زۆر باشە، ئێستە لە کام لاوە دەڕۆیت؟**

**ئاماژەم بۆ لای ڕاستی شەقامەکە کرد و گوتم: لەم لاوە.**

**ئەویش ئاماژەی بۆ لای چەپی شەقامەکە کرد و گوتی: منیش لەم لاوە دەڕۆم. بە هیوای دیدار ڤانیا، لە بیرت نەچێت، کاتژمێر حەوت!**

**هەروا لەجێی خۆم ڕاوەستابووم، ئەو دوور دەکەوتەوە و منیش لێم دەڕوانی و بە خۆمم گوت: مرۆڤێکی چەندە ئاڵۆزە!**

**دەمویست ئەو شەوە سەرێك لە ناتاشا بدەم، بەس لەبەر ئەوەی تازە بەڵێنم بە فیلیپ دابوو، بڕیارم دا هەر لەو ئانەدا بچم بۆ لای. گومانم لەوە نەبوو کە لەوێ چاوم بە ئالیۆشا دەکەوێت. ئەویش هەر لەوێ بوو و بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوو. خوڵق و خووی زۆر خۆش بوو، لەگەڵ ناتاشا بە نەرم و نیانی ڕەفتاری دەکرد، تەنانەت کە چاوی بە من کەوت خۆشحاڵیی بە ترۆپك گەیشت. ناتاشاش گەرەکی بوو وای بنوێنێ کە خۆشحاڵە و دیاریش بوو کە بۆ ئەم مەبەستە فشارێکی زۆر دەخاتە سەر خۆی. ڕەنگی پەڕی بوو و ڕووخسارێکی ناشادانەی هەبوو، دیاربوو کە باش نەخەوتووە. وێڕای ئەوەش خۆشەویستییەکی زۆری بۆ ئالیۆشا دەردەبڕی.**

**ئالیۆشا چەنەبازییەکی زۆری دەکرد، هەوڵی دەدا دڵی ناتاشا خۆش بکات و زەردەخەنە بخاتە سەر لێوە قوجاوەکانی. بەس زۆر بە ڕوونی ئەوە دیاربوو کە پارێزێکی زۆر لە بردنی ناوی کاتیا و باوکی دەکات. دیاربوو کە هەوڵەکەی دوێنێ شەوی بۆ ئاشتکردنەوەی ئەوان بێهوودە بووە و بە هیچ ئەنجامێك نەگەیشتبوو. لە ساتێکدا کە ئالیۆشا چووە مویەق هەتا شتێك بە ماورا بڵێت، ناتاشا پەلە پەل بە چفە پێمی گوت: ((دەزانیت؟ زۆر حەزدەکات لێرە بڕوا، بەس زاتی نییە. منیش ناتوانم داوای لێ بکەم بڕوا، چونکە ئەوسا لەوانەیە ڕووگیر ببێت و بمێنێتەوە، بەس پەرۆشی ئەوەشم کە هێندە لێرە بمێنێتەوە هەتا وەڕز دەبێت! نازانم چی بکەم؟))**

**- ئەی خوایە، ئێوە چ گێچەڵێکتان بۆ خۆتان سازداوە، چەندە لە یەکدی بە گومانن! ئێوە بوونەتە جاسووس بەسەر یەکترییەوە! بەسە، بێ پێچ و پەنا قسەکانتان بکەن و کۆتایی بەم دۆخە بهێنن. لەوانەیە تەنیا لەبەر ئەم هەلومەرجە ناڕوونەتانە بێتاقەت بێت.**

بەنیگەرانیەکی زۆرەوە پرسیی: دەبێت چی بکەم؟

- دانبەخۆتدا بگرە، هەموو شتێك ڕایی دەکەم...

تاکێکی گاڵۆشەکانم قوڕاوی بووبوو و جا پاشان بەو بیانووەی کە داوا لە ماورا بکەم بۆم پاك بکاتەوە، بەرەو موبەقەکە چووم.

ناتاشا بە دوامدا گوتی: پارێز بکە، ڤانیا.

هەرکە گەیشتمە موبەقەکە، دەتگوت ئالیۆشا چاوەڕێم بووە و یەکسەر بە پیرمەوە هات.

- ڤانیا، هاوڕێکەم، من چی بکەم، ڕێنماییم بکەن: دوێنێ بەڵێنم بە کاتیا داوە کە ڕێك لەم کاتژمێرەدا لای ئەو ئامادەبم. ناتوانم بەڵێنەکەم بشکێنم! خۆشەویستیی من بۆ ناتاشا بە ئەندازەیەکە، کە توانای دەربڕینیم نییە، ئامادەم لە پێناو ئەودا خۆم لە ئاو و ئاگر بدەم، بەس ئەوە پەسەند بکەن کە منیش ناتوانم بە تەواوی واز لە کاتیا بهێنم، ئەمە نەکردەیە.

- باشە، بڕۆن.

- ئەی ناتاشا چی، زۆر نارەحەت دەبێت، ڤانیا، هاوڕێکەم، یارمەتیم بدەن و لەم گێچەڵە نەجاتم بدەن...

- بە ڕای من باشتر وایە بچن بۆ ئەوێ. خۆ دەزانن کە ناتاشا چەندی خۆش دەوێن، هەمیشە خەمی ئەوەیەتی کە لە ناچارییاندا لای ئەو بمێننەوە و تاقەتتان بچێت. وا باشترە کە ئاسایی ڕەفتار بکەن. وێڕای ئەمەش، با بڕۆین، من یارمەتیتان دەدەم.

- ڤانیای ئازیز، ئێوە چەندە میهرەبانن.

خولەکێك دواتر چووینە ژوورەوە و من بەوم گوت:

- چەند خولەکێك لەمەوبەر چاوم بە باوکتان کەوت.

ئالیۆشا خۆی تێکدا و پرسیی: لەکوێ؟

- بە هەڵکەوت لە کۆڵاندا، تەنیا چەند خولەکێك لەگەڵ من مایەوە و دیسان تکای لێ کردم کە مۆڵەت بدەم هەتا زیاتر بە یەکدی ئاشنا ببین. لە منی پرسی کە ئایا دەزانم ئێوە لە کوێن. کاری بە پەلەی پێتان هەبوو، گەرەکی بوو بابەتێکی گرنگتان پێ ڕابگەیەنێت.

ناتاشا کە لە مەبەستم حاڵی بووبوو گوتی: ئاه، ئالیۆشا، خێرا بچۆ بۆ لای ئەو.

- وەلیّ... ئیّستە من لە کویّ بیبینم؟ تۆ بلّێیت لە مالّەوە بێت؟

- نا، ئەوەندەی من لە بیرم بێت گوتی بۆ مالّی کۆنتیس دەچێت.

ئالیۆشا سەیرێکی خەمگینانەی ناتاشای کرد و سادەدلاّنە گوتی: ئاە! دەبیّ چی بکەم؟

ناتاشا گوتی: وەلیّ بزانم، ئالیۆشا، نەکا هەر بۆ ئەوەی من ئارام بکەیتەوە وازت لە هاورێکانت هێنابێت، ها؟ ئەمە کارێکی منداڵانەیە. یەکەم ئەمە شتێکی نەکردەیە و دووەمیش وەك بێرێزیکردنە بەرانبەر بە کاتیا. ئێوە هاورێی یەکدین: ناکریّ ئاوها بیّ ئەدەبانە پەیوەندی بپچرێنیت. وێرای ئەوەش، گەر وابزانیت من زۆر ئیرەگەرم، ئەوا سووکایەتیت پیّ کردووم. یەکسەر برۆ، تکا دەکەم. بەم جۆرە باوکیشت بێخەم دەبێت.))

ئالیۆشا بە پەرۆشی و لە هەمان کاتدا بە پەشیمانییەوە گوتی:

- ناتاشا تۆ فریشتەیت، من نرخی پە نجە بچووکەکەی تۆشم نییە. تۆ زۆر باشیت و من... من... ئاە! حەزدەکەم ئەوە بزانیت! چەند خولەکێك لەمەوبەر، لە موبەقەکەدا تکام لە ئالیۆشا کرد کە یارمەتیم بدات هەتا لێرە برۆم. ئەویش ئەم بەهانەیەی هێنایەوە. بەس خەتابارم مەکە، ناتاشا، فریشتەکەم! هێندەش خەتابار نیم، چونکە لەم دونیایەدا تۆم هەزاران جار لە هەر کەسێکی دی خۆشتر دەویّ، هەر بەم بۆنەیەشەوە فکرێکی نوێم بە مێشکدا هات: لای کاتیا دان بە هەموو شتێکدا دەنێم، پێی دەلێم کەوتووینەتە چ هەلومەرجێك و باسی بەسەرهاتی دویّ شەویشی بۆ دەکەم. بێگومان ئەو رێگەچارەیەکمان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەو زۆر وەفادارە بۆ ئێمە.

ناتاشا بە زەردەخەنەوە گوتی: ((باشە، کەوایە، بۆ چاوەرێیت، برۆ. لە راستیدا ئازیزم، زۆرم حەز لێیە بە کاتیا بناسێندرێم، ئەم کارە چۆن رێك دەخرێت؟))

ئالیۆشا کە لە خۆشیاندا پێی ئەرزی نەدەگرت، دەمودەست هەموو جۆرە رێگەچارەیەکی پێشنیار کرد. ئەم کارە بە بروای ئەو زۆر سادە بوو: کاتیا بەخۆی بیانوێك دەدۆزێتەوە. بە گوروتینەوە شرۆڤەی نەخشەکەی دەکرد، بەلێنی دا کە هەر ئەمرۆ، دوای دوو کاتژمێری دی وەلامی لیّ بگێرێتەوە و شەویش لەگەلّ ناتاشا بەسەر ببات.

ناتاشا لە بارێکدا کە ئەوی بەریّ دەکرد پرسیی: هەر بەراست دێیتەوە؟

- گومانت هەیە؟ بەهیوای دیدار ناتاشا، ئازیزی دلّم، تۆ بۆ هەمیشە لە دلّم دایت! مالّئاوا ڤانیا، خوایە گیان، نائاگایانە ئێوەم بە ڤانیا بانگکرد. گوێگرن ئیڤان پترۆڤیچ، من ئێوەم زۆر خۆشدەویّ، بۆچی بە «تۆ» یەکدی بانگ نەکەین؟ با لەمەودوا بلێین تۆ.

- باشە.

- شوکر بۆ خوا، سەدان جار ئەم فکرەم بە مێشکدا هاتبوو، بەس زاتم نەدەکرد لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ ئێوە بکەم. دیسان خەریکم بە ئێوە دەڵێم ئێوە. دەزانیت گوتنی ‹‹تۆ›› زۆر دژوارە. تۆلستۆی بە شێوەیەکی زۆر جوان ئەم بابەتەی بەیان کردووە: دوو کەس بڕیار دەدەن کە بە یەکدی بڵێن تۆ، بەس سەرکەوتوو نابن، جا لەبەر ئەوە بڕیار دەدەن کە ئەو ڕستانە بەکار نەهێنن کە ئەم جێناوەیان تێدەکەوێت. ئاە! ناتاشا، دەبێت دیسان کتێبی ‹‹منداڵی و نەوجەوانی›› ی تۆلستۆی بخوێنینەوە، زۆر بە پێزە.

ناتاشا بۆ دەرکردنی ئەو بە خەندەوە گوتی: ((زۆر باشە، بیبڕەوە، ئێستە ئیدی بڕۆ. هێندە دڵخۆشە کە هەموو شتێکی بیر چووەتەوە و هەر چەنەبازی دەکات.)

- ماڵئاوا، تا دوو کاتژمێری دی دەگەڕێمەوە.

دەستی ناتاشای ماچ کرد و خێرا ئەوێی جێهێشت.

ناتاشا دایە پڕمەی گریان و گوتی: چاوت لێیە، چاوت لێیە ڤانیا!

نزیکەی دوو دەمژمێر لای ئەو مامەوە و هەوڵی ئارام کردنەوەیم دا و دواجاریش توانیم قایلی بکەم. هەڵبەتە ناهەقی نەبوو کە دەترسا. کە بیرم لەو هەلومەرجەی دەکردەوە، دڵم دەگیرا، بۆ ئەو و ئایندەی ترسم لێ نیشتبوو. وەلێ چیم لە دەست دەهات؟

ئالیۆشاش بە بەرچاومەوە زیاتر لە جاران سەیر دەینواند. وەك ڕابردوو، بگرە زیاتر لە ڕابردووش ناتاشای خۆشدەویست، بەس خۆشەویستییەکی ئاڵۆز و ئازاردەر کە لەژێر کاریگەریی پەشیمانی و پێزانیندا بوو. وەلێ هاوکاتیش عەشقێکی پتەوی دیکە لە دڵیدا چەکەرەی کردبوو. پێشبینی کردنی کۆتای ئەم مەسەلەیە کارێکی زۆر دژوار بوو. منیش کونجکۆڵ بووبووم و کەڵکەڵەی بینینی کاتیام کەوتبووە سەر. دیسان بەڵێنم بە ناتاشا دا کە بە کاتیای بناسێنم.

سەرئەنجام لە کۆتای قسەکانماندا ناتاشا تا ڕادەیەك دڵخۆش بوو. دوای هەندێك قسە و باس، سەبارەت بە نێلی و فیلیپ کەمێك قسەم لەگەڵ کرد، هەروەها باسی چاوپێکەوتنەکەی شازادە لە ماڵی فیلیپ و قەراری دیدارەکەمان لە کاتژمێر حەوتی دوای ئێوارەشم بۆ کرد. ئەم بابەتانە بە توندی سەرنجی ئەویان ڕاکێشا. زۆر بە کەمی لەبارەی دایك و باوکی و بینینی ئەوانەوە قسەم بۆ کرد، هەروەها بابەتی دوێنێلەکەشم لێ شاردەوە، چونکە ناتاشا بە بیستنی وەها شتێك دەتۆقی. بەلای ئەویشەوە ئاشنایی نێوان فیلیپ و شازادە و سووربوونی لەسەر ئەوەی کە هەرچی زووتر ئاشنایییەکی زیاتر لەگەڵ مندا پەیدا بکات، مایەی سەرسامی بوو، گەرچی ئەم پرسە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەنووکەیی بە تەواوی ڕوون و شیاوی دەرك پێکردنیش بوو...

نزیکەی کاتژمێر سێ گەیشتمەوە ماڵێ. نێلی بە ڕووخسارێکی گەشەوە پێشوازیی لێ کردم...

## ٦

کاتژمێر حەوت لە ماڵی فیلیپ ئامادە بووم. بە دەنگ و هەرایەکی زۆر و باوەشی کراوەوە پێشوازیی لێ کردم. هەڵبەتە تاڕادەیەك سەرخۆش بوو. بەس شتێك کە بووە مایەی دۆشدامانم ئەو ئامادەکارییە نائاساییە بوو کە بۆ میوانداری کردنی من سازدرابوو. بە تەواوی دیاربوو کە چاوەڕێی هاتنی منن. سەماوەرێکی برینجیی بریقەدار بەسەر مێزێکی خڕی بچووکەوە قوڵەقوڵی بوو. چەرچەفێکی گرانبایی سەر مێزەکەی دا پۆشی بوو. تەواوی کەرەستەکانی چا خواردنەوەیان لە کریستاڵ، زیو و چینییەکی بریسکەدار بوون. لەسەر مێزێکی دی، کە چەرچەرچەفێکی جوان بەس جیاوازی بەسەرەوە بوو، جۆرەها شیرینەمەنیی وەك مرەبا، شەربەت، مارمالاد[١]، میوەگەلی لە شەکردا کوڵێندراو، ژێلە[٢]، چەندین جۆر مرەبای فەڕەنسی، پرتەقاڵ، سێو، گوێز، فندەق و پستەق بەرچاو دەکەوتن. بەکورتییەکەی کۆمەڵێك میوەی جۆراوجۆر بوون. لەسەر مێزێکی دیکەی بە چەرچەفێکی سپی و ئێجگار جوانەوە، جۆرەها چێشت و بەرچێشتانە دانرابوون: خاویار[٣]، پەنیر، گۆشتی کوتیاگ[٤]، باسترمە[٥]، ڕانە گۆشت، ماسی و چەند سوراحییەکی کریستاڵ و بریسکەداری پڕ لە جۆرەها خواردنەوە بە ڕەنگ گەلێکی دڵڕفێنەوە: کەسك، عەنبەری، ئەرخەوانی یان ئاڵتوونی و دواجار مێزێکی بچووکی دی بە چەرچەفێکی سپییەوە لە سووچێکی ژوورەکە دانرابوو کە، سەتڵێکی پڕ لە سەهۆڵی بەسەرەوە بوو و دوو بتڵ خواردنەوەی گازداری تێدابوو. ئالێکساندرا لەبەردەم ئەو مێزە دانیشتبوو کە سەماوەرە بەقوڵ هاتووەکەی لەسەر بوو. ئارایشە سادە و وردەکارانەکەی زۆر سەرنج کێش بوو. بەخۆی دەیزانی کە ئەم ئارایشەی زۆر لێ دێت و سەبارەت بەمەش زۆر بە خۆیەوە دەنازی. بە شکۆیەکی تەواوەوە لە جێگەکەی هەستا و هاتە پێشوازیم. شادی و شادمانیی لە ڕووخسار دەباری. فیلیپ جلێکی پەڕمیی ئێجگار جوانی ماڵەوەی لەبەربوو هەروەها ئالۆکێکی گەلەك قەشەنگی چینیشی لە پێ کردبوو. پۆشاکە بە قۆپچەکەی ئێجگار ڕازاوە و هاوتای دواهەمین مۆدی بازاڕ بوو. ڕۆنی لە قژی دابوو و بە وردییەوە دایهێنابوون. جا لە تەوقی سەریشیەوە بە پێی مۆدێلی ئەمڕۆ بەرەو لایەکی بردبوون. من سەراسیمانە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستابووم و چاوم بڕیبووە ئالێکساندرا کە هەتا بڵێی خۆشحاڵ بوو.

---

١ - مارمالاد: جۆرێك لە مرەبای چەرخکراوی خەست و خۆڵ لە میوەی ئاودار. (فرهنگ دانشگا کردستان / فاسی - کردی).

٢ - ژێلە: جۆرێکە لە خواردەمەنی کە بە ئاومیوە و ژێلە و شەکر چێ دەکرێ. (فرهنگ دانشگا ...)

٣ - گەرای چەند جۆرێك لە سەگە ماسی، کە بە ئەندازەی نیسکێکە و ڕەنگی زەرد، خورمایی، خۆڵەمێشی یان ڕەشە و خواردەمەنییەکی ئێجگار هێژنگ و گرانباییە. (فرهنگ دانشگا ... )

٤ - گۆشتی کوتیاگ: خۆراکی گۆشت، سێفە زەمینە، پیواز و دانەوێڵەی ناو گۆشت کە باش دەیانکوتن و تێکەڵیان دەکەن. (فرهنگ دانشگا ... )

٥ - باسترمە: گۆشت و سۆیای قیمە، ئامادە و لوول کراو. (فرهنگ دانشگا...)

دواجار بە نیگەرانییەوە پرسیم: ((مانای ئەم هەموو ئامادەکارییە چییە، ئایا کۆڕی شەونشینتان ڕێکخستووە؟))

فیلیپ بە شێوەیەکی قورس و قۆڵانە گوتی: ((نا، ئێمە بەدەر لە تۆ چاوەڕێی هیچ کەسێکی دی نین.))

بە دەست ئاماژەم بۆ شیرنەمەنی و چێشتەکان کرد و گوتم: ((ئەی ئەمانە چین؟ خۆ ئەم خواردەمەنییانە سکی فەوجێك تێر دەکەن.))

فیلیپ بە ڕووداریيەوە ئەمەشی بۆ زیاد کرد: ((هەروەها تینوێتیشیان دەشکێنێت، تۆ خواردنەوەکانت حسێب نەکرد.))

- ئەمانە تەنیا لەبەر خاتری من ئامادەکراون؟

- هەروەها لەبەر خاتری ئالێکساندراش، ئەم بەزمە لەسەر ویستی ئەو سازدراوە.

ئالێکساندرا سوور هەڵگەڕا، بەس بێ ئەوەی شادمانییەکەی سەر ڕووخساری ون ببێت گوتی: ((دە توخوا سەیری، هەر دەمزانی وا دەڵێت. یانی چیی تێدایە گەر بە شێوەیەکی باش میوانداری لە کەسێك بکەیت.))

- وەختێ زانیی تۆ دێیت بۆ ئێرە، هەر سەر لە بەیانییەوە، سەرنج بدە، لەگەڵ ڕووناك بوونەوەی دونیا، کەوتووەتە کردوکۆش، لە خۆشیاندا باڵی گرتووە.

- درۆ دەکات! لە بەیانییەوە نەبووە، لە دوێ شەو و هەر لەو کاتەوەی کە هاتن بۆ ماڵمان و گوتتان ئەمشەو دێن بۆ ئێرە...

- وەلێ تۆ بە هەڵە تێگەیشتیت.

- وا نییە، ئەمە ڕاستییەکەیەتی، من هەرگیز درۆ ناکەم. باشە عەیبی چییە گەر بە باشی میوانداریی کەسێك بکەم؟ ئێمە لێرە دەژیین و گەرچی هەموو جۆرە پێداویستییەکی میوانداری کردنمان هەیە، کەچی هیچ کەسێك سەردا نمان ناکات. لایەنی کەم با کەسانی بەڕێز ئەوە بزانن کە ئێمەش وەك خەڵکی دەزانین بۆ خۆمان بژیین.

فیلیپ ئەمەی بۆ قسەکانی ئەو زیاد کرد: ((جا هەمووانیش بەتایبەت ئەوە بزانن کە تۆ کابانێکی چەندە باش و بە دەست و بردیت. تۆ بڕوانە، ڤانیای ئازیز تەنانەت بەخۆشم سەراسیمە بووم. جلێکی لە قوماشی هۆڵەندیی لەبەر کردووم، چەند قۆپچەیەکی بە سەردەستی جلەکەمەوە لکاند، نالکی پێ لە پێ کردم، هەروەها ناچارمی کرد ئەم پۆشاکەی ماڵەوە بپۆشم، بەخۆی قژی داهێنام و کرێمی لێ دا کە بۆنی گوڵە نارنج دەدات و تەنانەت بەتەمابوو بۆنیشم لێ بدات کە ئیدی تاقەتم نەهێنا و بەرهەڵستیم کرد، وەك مێردێکی بەغیرەت کاردانەوەی خۆمم نیشاندا...))

ئالێکساندرا کە بە تەواوی سوور هەڵگەڕابوو گوتی: ((نەخێر، کرێمی گوڵە نارنج نییە و کرێمی فەڕەنسییە و لەو دەفرانەدا دەیفرۆشن کە نیگاریان لەسەر کێشراوە. بەخۆتان داوەری بکەن، ئیڤان پترۆڤیچ، نە لێدەگەڕێ بچم بۆ سەیری شانۆ، نە بۆ کۆڕی سەمایش، بەس خەریکی جل کڕینە بۆم و منیش دەیانپۆشم و بە تاقی تەنیا، هەر بەم ناوەیا دەسووڕێمەوە، ئەی چی بکەم؟ شەوێکیان زۆری لێ پاڕامەوە هەتا بمبات بۆ شانۆ، پەسەندی کرد و هەر لەو کاتەی کە لەبەردەم ئاوێنەدا خەریك بووم تەوقەیەکم لە پرچم دەدا، لێوانێك خواردنەوەی هەڵدا، پاشان یەکی دی و تا وای لێ هات ئیدی هۆشی لەسەر خۆی نەما. ئیدی منیش بە ناچاری لە ماڵێ دامکوتی. بەدەر لەو کەسانەی کە بە بۆنەی ئیش و کاری خۆیانەوە بەیانیان دێنە ئێرە و منیش لە ڕقان یەکسەر دەچمە دەرێ، هیچ کەسێکی دی سەردا نمان ناکات. ئێمە سەماوەر و کەرەستەی چاخواردنەوەی نایابمان هەیە، سەماوەر و فنجانگەلێکی بێوێنە، کە هەر هەموو دیارین. هەروەها خواردنەوە و کەرەستەی خواردنیشمان بۆ دەهێنن و ئێمە تەنانەت پێویستیمان بە کڕینی بتڵێك خواردنەوە، یان کرێمی قژ، یان تەنانەت میوەجاتیش نییە. ئەم ژامبۆنانە[1] و گۆشتە کوتیاگانە[2] و شیرینیانەمان لەبەر ئێوە کڕیون. لایەنی کەم با کەسێك بزانێت کە ئێمە چۆن چۆنی دەژیین! سەرتاسەری ساڵ بەخۆم دەڵێم: گەر ڕۆژێك میوانێ بێتە ماڵمان، لە میوانییەکی بێ کەموکوڕیدا هەموو ئەمانە نمایش دەکەین و بە باشی میوانداریی دەکەین، جا خەڵکی پیرۆزباییمان لێ دەکەن و ئەمەش شادمانییەکی زۆرمان بۆ بەبار دێنێت. نەدەبوو کرێم لە پرچی ئەم گەمژەیە بدەم، شایەنی ئەوە نییە! دایمەی خوا جلی پیس و پۆخڵی لەبەرە. سەیری ئەو جلەی بەری بکەن، ئەوە بە هەدیە بۆیان هێناوە، توخوا لێی نایێت؟ بەس ئەو هەر بە تەنیا خەریکی خواردنەوەیە. ئێستە دەبیینن کە بەر لە چا خواردنەوە، داوەتی مەی خواردنەوەت دەکات.))

فیلیپ گوتی: ((ڕاست دەکات! سەرەتا لەم خواردنەوە ڕەنگ زێڕینە دەست پێدەکەین، دوای ئەو سەرەی ئەم ڕەنگ زیوییە دێت، جا دواتریش بە دڵێکی شادەوە دەچینە گیانی خواردنەوەکانی دی.))

ئالێکساندرا گوتی: بینیتان؟ چیم گوت؟

- ناڕەحەت مەبە، کچی ئازیز، ئێمە بە سەلامەتی تۆوە چاش دەخۆینەوە، هەڵبەتە لەگەڵ یەکێك لە خواردنەوەکاندا.

ئالێکساندرا دەستەکانی بەیەکدا کێشا و گوتی: ((سەیرکەن. ئەم چایە شاهانەیە هەر کیلۆیەکی بایی دوازدە هەزار ڕۆبڵە و دوێنێ لەلایەن بازرگانێکەوە وەك دیاری بەو دراوە و ئەویش دەیەوێ لەگەڵ مەیدا بیخواتەوە. بەگوێی ئەو مەکەن، ئیڤان پترۆڤیچ، ئێستە چاتان بۆ تێدەکەم، ئەوجا بەخۆتان دەزانن چایەکی چەندە بەتامە.))

---

[1] - گۆشتی ڕان بە تایبەت گۆشتی ڕانی بەراز، گا یان مریشك کە لە کارخانەدا بەسەبەندی دەکرێ و ئامادەی خواردن دەکرێ. (فرهنگ دانشگا کردستان / فارسی - کردی).

[2] - گۆشتی کوتیاگ: خۆراکی گۆشت، سێفە زەمینە، پیواز و دانەوێڵەی ئاوگۆشت کە باش دەیانکوتن و تێکەڵیان دەکەن. (فرهنگ دانشگا ... ))

جا بەرەو ئەو مێزە چوو کە سەماوەرەکەی بەسەرەوە بوو.

زۆر ئاشکرا بوو کە ئەوان گەرەکیانە هەموو شەوەکە لەگەڵ ئەواندا بەسەر ببەم و لای خۆیان گلم بدەنەوە. ئالێکساندرا لە یەك ساڵی ڕابردووەوە چاوەڕێی میوان بوو و ئێستەش دەیویست هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ. بەس بەرنامەکانی من لەگەڵ ئەم بابەتەدا نەدەگونجان.

دانیشتم و بە فیلیپم گوت: ((گوێ بگرە فیلیپ، بۆ میوانی نەهاتووەمە ئێرە، زۆر سەرقاڵم، تۆ بەخۆت

پێت گوتم کارت پێمە و بە تەمایت بابەتێکی گرنگم بۆ باس بکەیت...))

- بەڵێ، کار شتێکە و گفوگۆی دۆستانەش شتێکی دیکەیە.

- نا، ئازیزم، ئەسڵەن بەتەمای وەها شتێك مەبە. کاتژمێر هەشت و نیو ماڵئاواییت لێ دەکەم. کارم هەیە، بەڵێنم داوە...

- باوەڕ ناکەم. تکا دەکەم، بڕوانە کەچۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ من دەکەیت؟ ئەی ئەلێکساندرا چی؟ تۆ سەیرێکی بکە، لە سەرسامیاندا وشك بووە. بۆچی کرێمی لە قژم دا؟ ئەها بۆنی نارنجیشم لێ دێت!

- فیلیپ تۆ هەمیشە خەریکی گاڵتەکردنیت. بەڵێن بە ئالێکساندرا دەدەم کە حەفتەی داهاتوو، یان گەر قایل بن بۆ شێوی ئەم هەینییە لاتان دەبم، بەس بۆ ئەمشەو براڵە، بەڵێنم داوە یان بە شێوەیەکی زۆر سادەتر دەبێت سەردانی شوێنێکی دی بکەم. ئێستە بڵێ بزانم بەتەما بوویت باسی چ بابەتێکم بۆ بکەیت؟

ئالێکساندرا بە کەم ڕوویی و بە شێوەیەکی خەمگینانە گوتی: ((یانی ئێوە تەنیا تا کاتژمێر هەشت و نیو لێرە دەمێننەوە؟)) پاشان لە بارێکدا کە فەرموی فنجانێك لە چایە نایابەکەی لێ دەکردم، کەم تا زۆر گریان گرتی.

فیلیپ گوتی: ((نیگەران مەبە ئازیزم، قسەی قۆڕ دەکات، دەمێنێتەوە. بڵێ بزانم ڤانیا، ڕۆژانە بۆ کوێ دەچیت؟ خەریکی چ کارێکیت؟ دەکرێ بزانم؟ بە درێژایی ڕۆژ خەریکی ڕاکە ڕاکیت، ئیدی بە کاری نووسەرییەکەتدا ڕاناگەیت...))

- پەیوەندیی بە تۆوە چییە؟ بەس بەهەرحاڵ لەوانەیە دواتر بۆتی باس بکەم. ئێستە بڵێ بزانم، تۆ بۆچی هاتوویت بۆ ماڵی من، ئەمەش لە دۆخێکدا بووە کە پێتم گوتبوو من لە ماڵێ نیم، بیرت دێت؟

-دواتر بیرم هاتەوە، بەس دوێنێ بیرم نەمابوو. لە ڕاستیدا دەمویست سەبارەت بە هەندێك کار وتووێژت لەگەڵ بکەم، بەس زیاتر بەو نیازەوە هاتم کە چاکەیەك بەرانبەر بە ئالێکساندرا بکەم. بە منی گوتبوو: ‹‹ئێستە کە هاوڕێیەکت پەیدا کردووە ئەی بۆچی داوەتی ناکەیت؟›› ماوەی چوار ڕۆژە کە لەبەر تۆ بۆڵە بۆڵم بەسەردا دەکات.

بێگومان لەو دونیا لەبەر خاتری ئەم کرێمی گوڵە نارنجەی کە لە سەرم دراوە، لە هەموو گوناحەکانم خۆش دەبن. بەس بە خۆمم گوت با وەك دوو هاوڕێ پێکەوە شەوێك ڕابوێرین. بۆ ئەم مەبەستەش فێڵێکم بەکار هێنا، بۆتم نووسی کە بابەتێکی زۆر جددی لە ئارادایە کە تۆ ئاگاداری نییت، جا گەر نەیێیت ئەوا هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی من دەبنە نەخشی سەر ئاو.

تکام لەو کرد کە ئیدی لەم جۆرە ڕەفتارانە دووبارە نەکاتەوە، بەڵکە پێشتر ڕاستگۆیانە ئاگادارم بکاتەوە. جیا لەمەش ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە لەم بارەیەوە پێمی دا بە تەواوی قایلی نەکردم.

لەوم پرسی: بۆچی چەند کاتژمێرێك لەمەوبەر لەناکاو لێم جیا بوویتەوە؟

- لە ڕاستیدا ئیشێکم بۆ هاتبووە پێش، باوەڕت هەبێت درۆ ناکەم.

- ئیشی شازادە؟

ئالێکساندرا بە دەنگێکی هێمن پرسیی: چایەکەی ئێمەتان بەلاوە خۆش بوو؟

پێنج خولەکێك دەبوو کە ئەو چاوەڕێ بوو هەتا وەسفی چایەکەی بکەم و منیش بیرم نەبوو.

- بێوێنەیە، ئالێکساندرا، نایابە! تا ئێستە هەرگیز چای ئەوەندە خۆشم نەخواردبووەوە.

ئالێکساندرا لە خۆشیاندا سوور هەڵگەڕا و خێرا فنجانێکی دیی بۆ تێکردم.

فیلیپ گوتی: ((شازادە؟ ئەم شازادە هاوڕێیەم، خوێڕی و ناڕەسەنە... گوێ بگرە، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم: ئەمن بەخۆشم مرۆڤێکی بەدگەوهەرم، بەس بە هیچ شێوەیەك ڕازی نیم لە جێی ئەو بم! باشە، بەسیەتی، وا باشترە ئیدی بێدەنگ بم! لەمە زیاتر ناتوانم هیچ شتێکی دیکەت سەبارەت بەو پێ بڵێم.))

- کەواتە تۆ لات وایە بەتایبەت بۆ ئەوە هاتوومە ئێرە هەتا سەبارەت بەو قسەت لێ دەربهێنم. وەلێ با جارێ واز لەمە بهێنین. ئێستە بلێ بزانم بۆچی وەختێك کە من لە ماڵێ نەبوومە تۆ سەردانی ئەوێت کردووە، نوقڵت بە ئێلنای بچووك داوە و لەبەردەمیدا سەمات کرووە؟ بە درێژاییی ئەو کاتژمێر و نیوە باسی چیت لەگەڵ کردووە؟

فیلیپ لەناکاو ڕووی لە ئالێکساندرا کرد و گوتی: ((ئێلنا کچۆڵەیەکی یازدە دوازدە ساڵانە کە هەنووکە لە ماڵی ئیڤان پترۆڤیچ دا دەژی.)) پاشان بە قامك ئاماژەی بۆ من کرد و لەسەری ڕۆیشت: ((ئاگاداربە، ئاگاداربە ڤانیا، سەیرکە ئالێکساندرا وەختێك کە زانیی نوقڵم بۆ کچێکی غەرییە بردووە چۆن سوور هەڵگەڕا. گۆناکانی گڕیان گرتووە و بەجۆرێك هەڵدەلەرزێ کە وەك بڵێیت گوللەیەکمان بە سەردا تەقاندبێت... سەیرکە، چاوەکانی وەك دوو

پارچە ڕەژووی گەشکراوە دەدروشێنەوە. ئالێکساندرا نکۆڵیکردن بێ سوودە: تۆ زۆر خانگمانیت. گەر پێیم نەگوتبا کچۆڵەیەکی یازدە ساڵانەیە، ئەوا چنگی بەقژم دا دەکرد و ئەو کرێمەش فریام نەدەکەوت کە لێیان داراوە. ))

- ئێستەش فریات ناکەوێ.

ئالێکساندرا لەگەڵ گوتنی ئەم قسەیە بە هەڵمەتێك خۆی گەیاندە ئێمە و بەر لەوەی فیلیپ دەرفەتی بەرگری لەخۆکردنی بۆ بڕەخسێت، چنگی بە قژیدا کرد و توند ڕای کێشا.

- دە فەرموو، خوا نەکات لەبەردەم میوانەکە دان بەخۆتدا بگریت و خانگمانییەکەت ئاشکرا نەکەیت!

ڕووخساری داگیرسابوو و گەرچی بە گاڵتەشی بوو، بەس فیلیپ زیڕەی کرد.

ئالێکساندرا ڕووی لە من کرد و بە شێوەیەکی جددی گوتی: (( هەرچیی بە دەمدا بێت دەیڵێ. ))

فیلیپ بە شێوەیەکی جددی و لە بارێکدا کە بەرەو ئاوێنە دیوارییەکە دەچوو هەتا قژی ڕێك بخاتەوە، گوتی: (( دەبینیت، ڤانیا، ئەوەش ژیانی من. ))

ئالێکساندرا بۆ ئەوەی دڵی بەدەست بهێنێتەوە، بەرەو لای مێزی خواردنەوەکان ڕۆیشت و لیوانێکی بۆ پڕ کرد، جا لە بارێکدا کە بە میهرەبانییەوە گۆناکانی ئەوی نەوازش دەکرد، لیوانەکەی دایە دەستی. فیلیپ نیگایەکی خێرا و سیخناخ لە لووتبەرزیی لە من کرد، بە زمان دەنگێکی لە ناو دەمیدا دروست کرد و بە یەك هەناسە هەڵیدا.

پاشان هاتە لای من و لەسەر قەنەفەکە دانیشت و گوتی: (( نازانم چۆن ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بۆچی نوقڵم بەو کچە داوە. ڕۆژی پێری سەرم گەرم بوو و ئەوانەم لای بەقاڵییەك کڕین. نازانم بۆچی. لەوانەیە لەبەر یارمەتیدانی پیشەسازی و ئابووریی نەتەوەیی بووبێت، باش نازانم. تەنیا لەبیرمە کە بەنێو کۆڵانەکاندا دەسووڕامەوە، پێم ڕۆچووە نێو گۆمێکی پڕ لە قوڕەوە، قژی خۆم دەڕنی و هاوارم دەکرد کە ئاخۆ بۆچی من مرۆڤێکی هێندە بێکەڵکم. هەڵبەتە نوقڵەکانم بیر چوونەوە و تەنیا لەو کاتەدا بیرم هاتنەوە کە لەسەر قەنەفەکەی ماڵی تۆ دانیشتم. بەس سەماکردنەکەم لەبەر سەرخۆشیم بوو. دوێنێ مەست بووم و لەو وەختانەش کە مەستم، گەر لە چارەنووسم ڕازی بم ئەوا سەما دەکەم. هەر ئەمەندە و بەس، هەڵبەتە ئەو هەتیوە بەدبەختە بەزەییمی بزواند و لەبەر ئەوەی قسەی لەگەڵ نەکردم، پێدەچوو تووڕەبێت، منیش ناچار بووم دەست بە سەما بکەم. جا بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکەم سەمام بۆ کرد و نوقڵم پێدا.

- خۆ بە تەما نەبوویت بیکڕیت، یان قسەی لەژێر زمان ڕابکێشیت؟ ڕاستگۆیانە دانی پێدا بنێ: چونکە دەتزانی لە ماڵ نیم، دەسئەنقەس چوویتە ئەوێ و ویستووتە شتێکی لێوە بەدەست بهێنیت، ڕاست نالێم؟ دەزانم کە کاتژمێر و نیوێك لەوێ ماویتەوە، گوتووتە دایکی دەناسیت و بەر پرسیارت داوە.

فیلیپ پێڵووەکانی داخستن، زەردەخەنەیەکی شەرەنگێزانەی هاتێ و گوتی:

- ئەمەش فکرەیەکی خراپ نییە، وەلێ نا ڤانیا، وا نەبوو. بەس هەر بەڕاست، گەر هەلومەرجێك بێتە پێش و وا بخوازێت، ئەی پیاو بۆچی لەم ڕێیەوە زانیاری بەدەست نەهێنێت؟ وەلێ من بەم نیازەوە نەچوومە بۆ ماڵی تۆ. گوێگرە هاوڕێی دێرین، با وەك هەمیشەش سەرخۆش بم، بەس هەرگیز بە ((نیازێکی خراپەوە، حاڵی دەبیت، بە نیازێکی خراپەوە)) هەوڵی خەڵەتاندنت نادەم.

- ئەی بە نیازێکی پاکەوە چی، دەم خەڵەتێنیت؟

- باشە، وەلێ... تەنانەت بەبێ نیازی خراپیش. بەس هەموو ئەم قسانە بە جەهەنەم. با بخۆینەوە و بێینە سەر باسی کارەکانی خۆمان. زانیاریم بەدەستهێناوە و زانیومەوە کە ئەم بۆبنۆڤایە بە هیچ شێوەیەك مافی ئەوەی نەبووە کە ئەم کچۆڵەیە لای خۆی ڕابگرێت. نە ئەوی وەك کچی خۆی ڕاگرتووە و نە وەك هیچ شتێکی دی. دایکی قەرزاری ئەو بووە، ئەویش وەك بارمتە ئەوی لای خۆی گل داوەتەوە. ئەم بۆبنۆڤایە هەرچەندە نارەسەن و چەپەڵیش بێت، بەس لێزان و بیژی نییە و لەگەڵ ژنانی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. بەڵگەکانی دایکی کچۆڵەکە یاسایی بوونە، بەم پێیە هەموو شتێك ڕوونە. ئێلنا دەتوانێت لای تۆ بمێنێتەوە، بەس گەر بکرێت خێزانێکی بەڕێز و بێوەی ئەو ببەنە ژێر باڵی خۆیان و پەروەردەکردنی لە ئەستۆ بگرن، ئەوا هیچ شتێك لەوە باشتر نابێت. تا ئەو کاتە دەتوانێ لای تۆ بمێنێتەوە. هیچ کێشەیەك لە ئارادا نییە! بەخۆم تەواوی ئەم کارانە ڕایی دەکەم: بۆبنۆڤا لەم بارەیەوە زاتی ئەنجامدانی هیچ جووڵەیەکی نییە. جەخار کە نەمتوانی زانیارییەکی ئەوتۆ و ڕوون لەمەڕ دایکی کچۆڵەکە بەدەست بهێنم. هەر ئەوەندە دەزانم کە بێوەژن بووە و ناویشی *سالتزمان* بووە.

-بەڵێ، نێلیش هەر وای بە من گوت.

پاشان بە شێوەیەکی پێداگرانە درێژەی پێدا: ((باشە، هەمووی هەر ئەوەندە بوو. ئێستە دەمەوێ تکایەکی برایانەت لێ بکەم، ڤانیا. تکام وایە پەسەندی بکەیت. بە شێوەیەکی تێروتەسەل و هەتا دەکرێت بە هەموو وردەکارییەکەوە بۆم باس بکە، چی دەکەیت، بۆ کوێ دەچیت، هەموو ڕۆژەکەت لە کوێ بەسەر دەبەیت. گەرچی بەشێکی دەزانم، بەس تکام وایە بە تەواوی و بە وردەکارییەکی زیاترەوە پێمی بڵێیت.))

ئەم شێوەی قسەکردنە مکوڕ و پێداگرانەیەی ئەو سەرسام و تەنانەت نیگەرانیشی کردم.

- بۆچی دەپرسیت، چ سوودێکت پێ دەگەیەنێت، بۆچی ئاوها جددیانە پرسیار دەکەیت؟...

- بە کورتییەکەی لەبەر ئەم هۆکارەیە: دەمویست خزمەتێکت پێشکەش بکەم. بڕوانە هاوڕێم، ئەگەر بمویستبا گزی بکەم، بەبێ هیچ جددییەتێك دەمتوانی ناچارت بکەم هەموو ئەو شتانەم پێ بڵێیت کە مەبەستمن. کەچی

تۆیش ئێستە وات گومان بردووە کە فرت و فێڵێك لە ئارادایە. با جارێ بابەتی نوقڵەکان بخەینە لاوە... بەس گەر بە شێوەیەکی جددی و پێداگرانە قسە دەکەم ئەوا لە بەرژەوەندیی تۆ دایە، نەك لە بەرژەوەندیی خۆم. جا لەبەر ئەوە هیچ گومانێکت لە من نەبێت و بێ پێچ و پەنا هەموو شتێکم پێ بڵێ...

- بە تەمایت چ خزمەتێکم پێشکەش بکەیت؟ گوێبگرە فیلیپ، بۆچی ناتەوێ لەبارەی شازادەوە قسەم لەگەڵ بکەیت. پێویستە من هەندێك وردەکاریی لەسەر بزانم. گەر ئەو زانیارییانەم پێ بڵێیت کە لەسەر ئەو دەیانزانیت، ئەوا خزمەتێکی گەورەت پێشکەش کردووم.

- شازادە؟ ئم... باشە! با ڕووڕاستانە لەگەڵت بدوێم: لە ڕاستیدا تەواوی ئەو پرسیارانەی کە لێم کردیت، پەیوەندییان بە شازادەوە هەبوو.

- چۆن؟

- ئاگام لێیە کە تا ڕادەیەك خۆی لە کارەکانت وەردەدا. ئەوەی کە چۆن زانیویەتی من و تۆ یەکدیی دەناسین، هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نییە. گرنگ ئەوەیە تۆ لەلای ئەو بەرگومانیت. ئەو یەهودای خیانەتکارە، تەنانەت خراپتر لەویش. هەر لەبەر ئەوەش وەختێك کە تێگەیشتم نیازی خراپە ...، لەرزم لێ هات. هەڵبەتە لەم بارەیەوە هیچ نازانم، هەر لەبەر ئەوەش داوام لێ کردیت لەبارەی خۆتەوە بۆم بدوێیت هەتا بتوانم بڕیارێك لەسەر ئەم بابەتە بدەم... تەنانەت ئەم داوەتکردنەش هەر لەبەر ئەوە بووە. با ڕێك بینێمە سەر دڵت و پێت بڵێم کە لەبەردەم مەترسییەك دایت.

- لایەنی کەم پێم بڵێ لەبەر چی دەبێت لە شازادە بترسم؟

- باشە، هاوڕێکەم، من جاروبار هەندێك کارم پێ دەسپێردرێت. وەلێ بەخۆت داوەری بکە، هەموو ئەو متمانەیەی کە لە کارەکەمدا هەمە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەمشڕ نیم. باشە کەواتە من دەبێت باسی چیت بۆ بکەم؟ لێم مەگرە گەر لەو بارەیەوە ناڕاستەوخۆ دەدوێم. بە ناڕاستەخۆ هەموو شتێکت پێ دەڵێم هەتا بزانیت کە ئەو مرۆڤێکی چەندە نەگریسە. ئێستە قسە بکە بزانم.

پێم وابوو هیچ شتێکم نییە کە بۆ ئەوە بشێ لە فیلیپی بشارمەوە. بەسەرهاتی ناتاشا شتێکی نهێنی نەبوو، وێڕای ئەمەش هیوام وابوو کە بتوانێت دەسبارێکی ناتاشا بدات. هەڵبەتە گەر پێویستی بکردبا، ئەوا خۆم لە درکاندنی هەندێك وردەکاری بەدوور دەگرت. فیلیپ بەسەرنجەوە گوێی لە هەموو ئەو قسانە دەگرت کە لەمەڕ شازادە

دەمکردن، لە زۆر شوێنەوە قسەی پێ بڕیم، هەندێك پرسیاری لێ کردم و منیش ڕوونکردنەوەی تێروتەسەلم پێدا. نزیکە نیو کاتژمێر قسەم کرد.

- هم! ئەم ناتاشایە کچێکی وریایە، گەر بە تەواویش سۆسەی هەموو شتێکی نەکردبێت، هەرچۆنێك بووە، زۆر باشە کە هەر لە سەرەتاوە دەرکی بەوە کردووە کە سەروکاریی لەگەڵ چ کەسێکدا هەیە و بەم بۆنەیەشەوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵدا پچڕاندووە. ئەم ناتاشایە کچێکی بیرتیژە. بە خۆشیی ئەوەوە دەخۆینەوە! (لێوانەکەی هەڵدا.) لەم جۆرە بابەتانەدا نەك هەر بەتەنیا بیرتیژی، بەڵکە دڵ و زاتیش پێویستە و ئەو دڵی خیانەتی لێ نەکردووە. بێگومان ئیدی لەم بارەیەوە چاری ناچارە، چونکە شازادە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ئالیۆشاش وازی لێ دەهێنێت. تەنیا کەسێك کە لەم نێوەندەدا دڵم بۆی دەسووتێ، باوکیەتی. بژاردنی دە هەزار ڕۆبڵ بۆ ئەم خوێڕییە کڵاوچییە! کێ کارەکانی ڕایی کردووە، کێ هەنگاوی پێویستی بۆ ناوە، پێم وایە هەر خۆی؟ گرەو دەکەم ها! ئەم مرۆڤە شەریف و هەستیارانە هەموویان وەك یەکن. بە کەڵکی هیچ کارێك نایێن! نابێت بەم چەشنە ڕووبەڕووی شازادە ببیتەوە. من دەمتوانی پارێزەرێکی پێ بناسێنم... ها!

پاشان لە ڕقاندا مستێکی بە مێزەکەدا کێشا.

- باشە، ئێستە پێویستە چی لەگەڵ شازادە بکەین؟

- ئەم شازادەیە بووە بە بنێشتە خۆشەی سەر ددانت! من ئێستە دەبێ چیت لەسەر ئەو پێ بڵێم؟ نارەحەتم لەوەی کە ئەم باسەم کردەوە. تەنیا دەمویست لەبارەی ئەم کڵاوچییەوە هۆشداریت پێ بدەم و گەر بکرێت بڵێم، کارێك بکەم کە نەکەویتە بەر هەڕەشەی ئەو. جا لەبەر ئەوە وریای خۆتبە، هەر ئەوەندە. بێگومان لات وابوو باسی نهێنییەکانی پاریست بۆ دەکەم. دیارە کە تۆ ڕۆماننووسێکی تەواویت. مرۆڤێکی تەڵەکەباز چیی لەبارەی دەوترێت؟ بێ لەوەی کە ئەو تەڵەکەبازە، هەر ئەمەندە و بڕایەوە، نە زیاتر نە کەمتر. باشە، ئێستە یەکێك لە سەربوردە گچکەکانیت بۆ دەگێڕمەوە: هەڵبەتە بەبێ بردنی ناوی شار یان وڵات، یان کەسەکان و کاتی ڕووداوەکە. دەزانیت، لە ڕابردوودا، ئەو وەختەی کە بە مووچەی کارمەندییەکی دەژیا، هاوسەرگیریی لەگەڵ کچە بازرگانێکی دەوڵەمەند کرد. هەڵسوکەوتێکی باشی لەگەڵ ژنەکەیدا نەبوو و گەرچی ئێستە باسی ئەم ژنە لە ئارادا نییە، بەس دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەو بە درێژایی تەمەنی ئەم بابەتەی بەلاوە گرنگ بوو. نموونەیەکی دی، چووە دەرەوەی وڵات و لەوێ...

- سەبرکە فیلیپ، باسی کام گەشت دەکەیت؟ لە چ ساڵێکدا؟

-ڕێك و ڕاست نەوەدونۆ ساڵ و سێ مانگ لەمەوبەر. لەوێ کچەی لاوی لەخشتەبرد، لە دایك و باوکیی دابڕی و بردیە دەرێ. ئەی چۆن لەم کارەدا سەرکەوتوو بوو؟ باوکی کچە خاوەنی کارخانەیەك بوو کە نازانم لە چ بوارێکی پیشەسازیدا چالاکیی دەکرد. ئەوەی کە بۆت باس دەکەم، ئەنجامگریی خۆمە کە لەڕێی هەندێك سەرچاوەی دیکەوە

پێی گەیشتووم. شازادە کچەی خەڵەتاند و دەستی لە کارەکانی باوکی وەردا. باوکەکەشی خەڵەتاند و پارەی لێ قەرز کرد. کابرای پیرەمێرد چەند بەڵگە و سەنەدێکی لەلا دەبێت کە ئەم بابەتە پشتڕاست دەکەنەوە. بەس شازادە خەیاڵی نەبوو قەرزەکە بداتەوە و وەك خۆمان دەڵێین، زۆر بە سادەیی کڵاوی لەسەر نا. پیرەمێردەکە هەر بە تەنیا ئەم کچەی هەبوو کە ئێجگار جوانیش بوو، جا پیاوێکی خەیاڵپڵاو عاشقی بوو. برای شیلەر[1]، شاعیرێك، لە هەمان کاتدا بازرگانێك، لاوێکی خەیاڵڕێس، بە کورتییەکەی ئەڵمانییەکی *ففرکۆشن* ناو بوو.

-گوتت ناوی ففرکۆشن بوو؟

- دەشکرێ ناوێکی دیکەی هەبێت، ملی بشکێ، جارێ ئەو لە دەرەوەی باسەکەی ئێمە دایە. جا ئەوسا شازادە بە چەشنێك لە دڵی کچەی لاودا جێگەی خۆی کردەوە هەتا دواجار دێوانەئاسا عاشقی بوو. کلیلی هەموو چەکمەجەکانی پیرەمێردەکە لە دەست کچەکەی دابوو: هێندە هۆگری کچەکەی بوو کە نەیدەویست بە مێردی بدات. ڕقی لە هەموو خوازبێنی کەرانی بوو، نەیدەتوانی دەرك بەوە بکات کە دەبێت ڕۆژێك لە کچەکەی جیا ببێتەوە و هەر لەبەر ئەمەش ففرکۆشنی، کە پیاوێکی ئینگلیزی ڕەسەن بوو، جوابکرد...

-ئینگلیز؟ ئەی ئەم پێشهاتانە لە کوێ ڕوویان دا؟

-بۆیە گوتم ئینگلیز هەتا بە لاڕێتدا ببەم و کەچی تۆیش دەمودەست باوەڕت کرد. ئەم بەسەرهاتە لە *سانتافە دۆبۆگات* دا ڕوویدا، هەڵبەتە گەر لە *کراکۆڤی* دا نەبووبێت، بەس بە ئەگەرێکی زۆر لە *شازادە نشینی دونیا*دا ڕوویداوە، دەزانیت، لە هەمان ئەو جێیەی کە ئاوکانزای سلتزی لێیە، کتومت لەم ناسووتەدا بوو، ئێستە حاڵی بوویت؟ باشە، بەم پێیە شازادە کچەی لاوی فریو دا. کچەکە چەند ئەوراقێکی بە بایەخی لەگەڵ خۆی برد. ئاخر عەشق وا لەمرۆڤ دەکات هەموو جۆرە کارێك ئەنجام بدات، ڤانیا! خوایە گیان، جا بەتایبەت بۆ کچێکی خانەدان، داوێنپاك و جوان پەروەردەکراو. هەڵبەتە دەکرێت بڵێین کە ئەو سەری لەم بەڵگە و سەنەدانە دەرنەدەکرد. تەنیا لە یەك شت دەترسا: باوکی حاشای لێ بکات. شازادە توانیی لەم بارەیەشەوە خەیاڵی تەخت بکات: بەڵێننامەیەکی فەرمی و بێ کەموکوڕیی بۆ زەماوەندکردن لەگەڵ ئەودا واژۆ کرد. جا بەم جۆرە کچەی لەوە دڵنیا کردەوە کە ئەوان بۆ ماوەیەك دەچن بۆ گەشت و گەڕان و وەختێکیش کە کڵپەی ڕقی پیرەمێردەکە دامرکایەوە، بە زەماوەندکردوویی دەگەڕێنەوە بۆ لای و ئیدی سێ قۆڵی بۆ خۆیان بە خۆشی و گەشی پێکەوە دەژین. سەرئەنجام کچەکە و ئەو پێکەوە هەڵهاتن، پیرەمێردەکەش حاشای لێکرد و لە سەرووی ئەمەشەوە مایەپووچ بوو. *فرین میلخ*یش وازی لە کار و کاسبییەکەی هێنا و بە دوای کچەکەدا بەرەو پاریس کەوتە ڕێ، ئەویش بە سەختی عاشقی کچە لاوەکە ببوو.

-سەبرکە بزانم، کامە فرین میلخ؟

---

[1] . یۆهان کریستف فردریك شیلەر: شاعرێکی ئەڵمانیە و لەبەرواری نۆڤەمبەری ۱۷۵۹ لە ئەڵمانیا لەدایك بووە و لە بەرواری ۹ مەی ۱۸۰۵ لەشاری ڤایمارماڵئاوای لە جیهان کرد. (و.ك)

-ئەوی دیکەیان ئیدی، ئەوەی کە عاشقی کچەکە بوو، ناوی چی بوو؟ *فۆیرباخ*... ملی شکا: بەڵی ففرکۆشن. بێگومان شازادە بە هیچ شێوەیەك نیازی هاوسەرگیریی نەبوو: گەر وای بکردبا ئەی چۆن وەڵامی کۆنتیس *خلستۆڤا* و بارۆن *پۆمئیکین*ی بدابایەوە؟ کەواتە دەبوو بۆ ئەم مەبەستە نەخشەیەك دابڕێژێت. هەر واشی کرد، تەنانەت هێندەی نەمابوو بەو پەڕی بێشەرمیشەوە کچەکە شەق کارییشی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ففرکۆشنی داوەتی ماڵەوەیان کرد. ئەویش شەوانە دەهاتە ماڵیان، بووە هاوڕێی ژنەکە و پێکەوە، بە درێژایی شەو دەگریان و گازاندەیان لە چارەڕەشیی خۆیان دەکرد، شازادە دەست ئەنقەست ئەم دیدارانەی بۆ ساز دەدان: جا شەوێك لە شەوان ئەو دووانە غافلگیر دەکات و بەو بیانووەی کە کەین و بەینێکیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، فەرتەنەیەك دەنێتەوە. دەڵێ گوایە بە چاوی خۆی ئەو دووانەی پێکەوە دیوە کە خەریکی ڕابواردن بوونە. دواجار هەردووکیان لە ماڵ دەردەکات و بەخۆشی بەرەو لەندەن بەڕێ دەکەوێ. بەهەرحاڵ، ژنەکە سکی لەو پڕ و لە دواهەمین مانگی دووگیانییەکەیدا بووە، کچێکی ژیکەڵە دەهێنێتە دونیاوە... یانی کچ نا، کوڕێك کە ناوی دەنێن *ڤلۆدیا* و ففرکۆشنیش دەبێتە باوکی ڕەمزیی ئەو و ژنەکەش لەگەڵ ففرکۆشن دەمێنێتەوە. ففرکۆشن بڕە پارەیەکی هەبووە، جا پێکەوە بەرەو سویسرا و ئیتاڵیا و... یانی بەرەو هەموو وڵاتە شاعیرانەکانی دونیا سەفەر دەکەن. هەردووك لە دەست چارەنووسی خۆیان دەگریان، لەم نێوەندەشدا کوڕەکە گەورە دەبێت. شازادە هەموو کارەکانی ڕایی بوون گەر تەنیا تاقە گرفتێك لە ئارادا نەبووبا: ئەو نەیتوانیبوو ئەو بەڵێننامەی زەماوەندەی کە واژۆی کردبوو، بەدەست بهێنێت. ژنە لە کاتی جێهێشتنی ئەودا دەڵێ: (( بەدگەوهەر، تۆ منت لە بەرژەوەندیی خۆتدا بەکارهێنا و ئاوڕووت بردم، ئێستەش نیازت وایە لەم دۆخەدا بەڕەڵام بکەیت. ماڵئاوا، بەس ئەو بەڵێننامەی هاوسەرگیریەت پێ نادەمەوە. نەك لەبەر ئەوەی کە بەتەمابم زەماوەندت لەگەڵ بکەم، بەڵکە لەبەر ئەوەی کە تۆ لەو بەڵێننامەیە دەترسیت و بۆ هەمیشە لەژێر چنگی مندا دەبیت. )) بە کورتییەکەی ژنە تووڕە ببوو، بەس شازادە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدا. بە شێوەیەکی گشتی وەختێك کە ئەم مرۆڤە کلاوچییانە سەروکاریان لەگەڵ ‹‹کەسانی بەڕێز›› دا دەبێت، ئەوا هەموو شتێك لە بەرژەوەندیی ئەواندا تەواو دەبێت. ئەو کەسانە هێندە دڵپاك و شەریفن کە زۆر بە سادەیی دەتوانیت فریویان بدەیت و جا ئەوسا ئەوانیش لەجێی گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایی، هەڵبەتە گەر پێویست بکات، بەدەر لەوەی کە عاجزی و نەفرەتی خۆیانت پێ نیشان بدەن هیچ کارێکی دی ناکەن. ئەم ژنەش، گەرچی بەڵێننامەکەی لەژێر دەستدا دەبێ، بەس تەنیا بە دەربڕینی نەفرەتێکی لووتبەرزانە ڕازی دەبێت. شازادەش دەزانێ کە ئەم ژنە ئامادەیە خۆی لەدار بدات بەس بەو مەرجەی لە دادگەدا شکاتی لێ نەکات، بەم پێیە تا ماوەیەك بێخەم بووە. ژنەکەی کە تفی کردبووە ڕووخساری، ئێستە گەورەکردنی ڤلۆدیای کەوتبووە ئەستۆ، باشە گەر ئەو بمردبا کوڕەکە چیی بەسەر دەهات؟ بەس ئەو هەرگیز نەیدەتوانی ڕێگەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بەخۆی بدات. *برۆدرشافت*یش هانی دەدا کە بیر لەو شتانە نەکاتەوە، بەخۆشی هەر بە تەنیا ئەوەندەی بەس بوو کە دابنیشێ و خەریکی خوێندنەوەی شیعرەکانی شیلەر بێت. دواجار برۆدرشافت نەخۆش کەوت و مرد.

-مەبەستت ففرکۆشنە؟

- بەڵێ، نەفرەتی خودای لێ بێت، جا ژنە...

-سەبرکە بزانم، ماوەی سەفەرەکەی ئەوان چەندی خایاند؟

- دووسەد ساڵی ڕەبەق. جا ئەوسا ژنە دەگەڕێتەوە بۆ *کراکۆڤی*. باوکی ئیدی باوەشی بۆ ناکاتەوە، حاشای لێ دەکات، جا ژنە دەمرێ و شازادەش لە خۆشحاڵیان گوێز بە کلکی خۆی دەشکێنێ. من لەوێ بووم، لەوێ خەریکی خواردنەوەی هیرۆمل بووم، بەس سمێڵم نەیدەهێشت تاقە دڵۆپێکیش بچێتە دەممەوە، ئیدی شەو کڵاوێکیان دامێ و منیش بۆی دەرچووم... با بخۆینەوە براکەم!

-من دڵنیام کە تۆ لەم بارەیەوە کاری بۆ دەکەیت، فیلیپ.

-یانی هەر بەڕاستی دڵنیایت؟

-تەنیا سەر لەوە دەرناکەم کە لە پای چی ئەم کارانە دەکەیت!

- بڕوانە لەبەر ئەوەی ژنەکە دوای دە ساڵ پێواری گەڕایەوە بۆ مەدرید، ئەوجا بە ناوێکی دیکەشەوە، کەواتە دەبوو هەندێك زانیاری لەبارەی برۆدرشافت و کابرای پیرەمێرد بەدەست بهێنرێ و ئەوە ڕوون ببێتەوە کە ئایا هەر بەڕاستی گەڕاوەتەوە یان نا، منداڵەکەی لە کوێیە، ژنەکە مردووە یان نا، ئایا شوناسنامە و سەنەدی پێ بووە و شتانێکی زۆری دیکە... ئەوجا بابەتێکی دیکەش: ئەم پیاوە چەپەڵە، ڤانیا زۆر وریابە، بەس لەبارەی خودی منەوە: پێت وا نەبێت من مرۆڤێکی چەپەڵ و فێڵبازم! تەنانەت گەر وەها شتێکیش ڕێی تێبچێت ئەوا (بە بڕوای من هەموو مرۆڤەکان چەپەڵ و فێڵبازن)، هەڵبەتە مەبەستم تۆ نییە. ڕاستە کە بە تەواوی سەرخۆشم، بەس گوێبگرە: گەر ئێستە یان لە داهاتوو، گەر ئەم ساڵ یان لە ساڵی داهاتوودا پێت وابوو کە فیلیپ فریوی داویت (جا تکات لێ دەکەم کە ئەم وشەی ‹‹فریو››ە لەبیر نەکەیت، ئەوە بزانە کە بە نیازێکی خراپەوە نەبووە. فیلیپ ئاگاداری تۆیە، لەبەر ئەوە هیچ گومانێکت نەبێت، بەڵکە لەجێی ئەوە بڕۆ بۆ لای و ڕووڕاستانە داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکە. ئێستە حەز دەکەیت پێکێك هەڵبدەیت؟

-نا؟

- شتێك ناخۆیتەوە؟

-نا براڵە، بمبوورە...

-کەواتە بۆی دەرچۆ، ئێستە چارەکێکی ماوە بۆ کاتژمێر نۆ و خەریکە دەم و لووت بەیەکدا دەدەیت. ئیدی کاتی ڕۆیشتنتە.

ئالێکساندرا بە دەنگێکی کەم تا زۆر تیکەڵ بە گریانەوە گوتی:

-چی؟ چۆن؟ ئەو مەستە و خەریکە میوانەکە دەردەکات. ئەو هەمیشە ئاوها ڕووقایم و بێ ئەدەبە.

- پیادە و سوار لەگەڵ یەکدیدا نایان کرێت ئالێکساندرا سمیۆنۆڤنا، بۆ خۆمان دوو قۆڵی دەمێنینەوە و ڕادەبوێرین. وەلێ ئەو، جەنەراڵێکە بۆ خۆی! نا، ڤانیا، درۆم کرد، تۆ جەنەراڵ نییت، بەس من، کابرایەکی تەڵەکەبازم. سەیر بکە، ئێستە کە لە تەنیشت تۆوەم بزانە لە چی دەچم؟ بمبەخشە ڤانیا، لێمی مەگرە و لێگەڕێ با لێوانێك خواردنەوەت بۆ تێبکەم...

منی لە باوەش گرت و دایە پرمەی گریان. من هەستابوومەوە و بە تەمای ڕۆیشتن بووم.

ئالێکساندرا نائومێدانە گوتی: ((ئاە! من بە خۆڕایی ئەم هەموو شێوەم ئامادە کرد. خۆ هەینی دێن بۆ لامان؟))

-دێم، ئالێکساندرا بەڵێن دەدەم.

-لەوانەیە لەم باری مەستییەدا بە چاوێکی سووکەوە لەو بڕوانن... بەس سووکایەتیی پێ مەکەن، ئیڤان پترۆڤیچ، ئەو کەسێکی باشە، بەخۆشتان دەزانن، کەسێکی زۆر باش... ئێوەشی زۆر خۆشدەوێ. ڕۆژ و شەو بە بەردەوامی باسی ئێوەم بۆ دەکات. کتێبەکانتانی بۆ کڕیوم، هێشتا نەمخوێندوونەتەوە، سبەینێ دەستیان پێ دەکەم، جا گەر خۆشتان بێن بۆ لامان، ئەوا بە ئامادەیی خۆت چێژێکی زیاتریان لێ وەردەگرم. من دیدەنیی هیچ کەسێك ناکەم، هیچ کەسێك نایێت بۆ ماڵمان. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو پێداویستییەکی میوانداری کردنمان هەیە، کەچی هەر تەنیاین. ئەمڕۆ گوێبیستی هەموو قسەکانتان بووم، شتێکی چەندە باش بوو!... کەواتە بە هیوای دیدار تا هەینی!

٧

پەلەم بوو، دەمویست هەرچی زووتر خۆم بگەیەنمەوە ماڵێ. قسەکانی فیلیپ کاریگەرییەکی زۆریان تێ کردبووم. هەر خودا دەزانێت کە چەندە فکریان بزواندبووم... لە ماڵەوە، وەك بڵێیت هەر دەست ئەنقەست، ڕووداوێك لە چاوەڕوانیم دابوو کە هەروەکو کەسێکی کارەبا گرتوو سەرا پای لەرزاندم.

لە تەنیشت دەرگە گەراجییەکەی ئەو بینایەی کە تێیدا نیشتەجێم، فانۆسێك هەڵواسراوە. هەرکە پێم نایە حەوشەکە، کتوپڕ لەژێر فانۆسەکەدا کەسێکی نەناسراو هەڵمەتی بۆ هێنام و لەترساندا هاوارم لێ هەستا. مرۆڤێکی هەراسان، ترسناك، سەرا پا لەرزۆك و نیوەشێت بوو کە بە هاوارکردنەوە خۆی بەمنەوە هەڵواسی. لە حەییەتا زیرەم کرد. ئەو کەسە نێلی بوو!

بە هاوارەوە پرسیم: نێلی!چی بووە، چی قەوماوە؟

-لەوێ، لە سەرێ... ئەو لەوێیە... لە ژوورەکەی ئێوەدا.

-کێ؟ وەرە با پێکەوە بچین.

-نا، من ناتوانم! من لە پلیکانەکاندا چاوەڕێ دەبم... تا ئەو کاتەی کە ئەو دەڕوات... نامەوێ بێمە ژوورێ؟

بە هەستی بەر لە ڕوودانی کارەساتێکی هەژێنەرەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم، دەرگەکەم کردەوە و چاوم بە شازادە کەوت. لە تەنیشت مێزەکە دانیشتبوو و خەریکی خوێندنەوە بوو. یان لایەنی کەم کتێبێکی کردبووەوە و بە دەستیەوە بوو.

بە ئاوازێکی خۆشحاڵانەوە گوتی: ((ئیڤان پترۆڤیچ. زۆر خۆشحاڵم کە دواجار گەڕانەوە. ئیدی بە تەما بووم ئاوای بکەم. نزیکەی کاتژمێرێکە چاوەڕێتانم. ئەمرۆ کۆنتیس پێداگرییەکی زۆری کرد و ئیدی منیش لەسەر داوای ئەو بەڵێنم دا بتانبەم بۆ لای. گەر بزانن چەندە پاڕایەوە و تکای کرد، زۆر حەزدەکات ئێوە بناسێ!جا لەبەر ئەوەی کە ئێوە بەڵێنێکی لەو جۆرەتان بە من دابوو، وام بە مێشکدا هات کە بێمە ئێرە و بەر لەوەی بچنە دەرێ، بانگهێشتتان بکەم و لەگەڵ مندا بێن. هەر مەپرسن کە من بەدەم چاوەڕوانییەوە چەندە بێتاقەت بوومە: لەگەڵ هاتنە ژوورەوەدا، کارەکەرەکەتان گوتی لە ماڵەوە نین! کەواتە دەبوو چی بکەم؟ من بەڵێنی شەرەفم دابوو کە بێم بۆ لاتان. هەر لەبەر ئەوەش ماوەی یەك کاتژمێری تەواو لە چاوەڕوانیتاندا دانیشتم. لەم ماوەیەدا کتێبەکەتانم بە دەستەوە گرت و سەرگەرمی خوێندنەوە بووم، ئیڤان پترۆڤیچ، نایابە، پیاو کە دەیخوێنێتەوە بڕوا ناکات ئێوە نووسیبێتتان! ئایا دەزانن کە فرمێسکی بە چاودا هێنام؟ گەرچی من زۆر بە کەمی دەگریێم، کەچی خستمیە گریان.

-یانی ئێوە دەتانەوێت بێم بۆ ماڵی کۆنتیس؟ دەبێت دانی پێدابنێم کە هەنووکە... گەرچی زۆریشم دڵ پێوەیە کە بێم...

-توخوا وەرن، بیر لەوە بکەنەوە کە، گەر نەیێن ئەوا من دەخەنە چ هەلومەرجێکەوە. خۆ گوتم کە کاتژمێر و نیوێکە[1] چاوەڕێتانم!... وێڕای ئەوەش، گەلێك، گەلێکم پێخۆشە وتوێژێکتان لەگەڵ بکەم، خۆ دەزانن سەبارەت بە بە چ بابەتێك؟ ئێوە زیاتر ئاگاداری ئەم بەسەرهاتەن... لەوانەیە بگەینە بڕیارێك، لەوانەیە بتوانین ڕێگەچارەیەك بدۆزینەوە، بیری لێبکەنەوە! تکا دەکەم داواکەم ڕەد مەکەنەوە!

لەبەر خۆوە بیرم کردەوە کە درەنگ یا زوو هەر دەبێ سەردانیی ماڵی کۆنتیس بکەم. تەنانەت گەر ناتاشا لەم ساتەش تەنیا بێت و پێویستی بە من بێت، وا چاکە بڕۆم، مەگەر خۆی تکای لێ نەکردبووم کە هەرچی زووتر بە کاتیا ئاشنا ببم... دەمزانی کە تا هەواڵگەلێکی سەبارەت بە کاتیا پێ نەگەیێنم دڵی ناسرەوێ، بەم پێیە بڕیارم دا بڕۆم. بەس فکر و خەیاڵم هەر لای نێلی بوو.

بە شازادەم گوت، تاوێك چاوەڕێم بێت، پاشان چوومە پلیکانەکان، نێلی لەوێ خۆی لە گۆشەیەکی تاریك نابوو.

- بۆچی نایەیتە ژوورێ، نێلی؟ چیی لێ کردوویت؟ چیی گوتووە؟

-هیچ... نامەوێت... نامەوێت... دەترسێم...

گەرچی هەوڵێکی زۆرمدا تا قایلی بکەم، بەس هەر نەهاتە ژێر بار. جا لەبەر ئەوە لەبەینی خۆماندا ڕێککەوتین کە هەر لەگەڵ چوونە دەری من و شازادە، ئەو بچێتەوە ژوورێ و دەرگەکە گاڵە بدات.

- بۆ هیچ کەسێکی مەکەرەوە، نێلی، هەر بیانوویەکیشیان هێنایەوە هەر ڕازی نەبیت.

- لەگەڵ ئەو دەڕۆن؟

- بەڵێ.

سەرا پا کەوتە لەرزین و دەستمی گرت، وەك بڵێیت تکام لێ بکات کە نەڕۆم، بەس هیچ قسەیەکی نەکرد. بەڵێنم پێدا کە بەیانی هەموو وردەکارییەکی لێ بپرسم.

دوای ئەوەی داوای لێبوردنم لە شازادە کرد، دەستم بە پۆشینی جلەکانم کرد. دڵنیای کردمەوە کە پێویست بە خۆڕازاندنەوە ناکات.

بەس پاش ئەوەی کە بە نیگایەکی ڕەخنەگرانەوە سەرا پامی هەڵسەنگاند گوتی: ((تەنیا جلێکی تازەتر لەبەر بکەن، خۆتان دەزانن کە ئەم کەسە بۆشناخانە... مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت خۆی لە دەستیان نەجات بدات.)) وەختێ

[1] - لە سەرەوە نووسراوە ((نزیکەی کاتژمێرك))، دەبێت هەڵەیەك ڕووی دابێت. (و. ك)

کە بینیی من پۆشاکێکی تازەم لەبەر کردووە، بە ڕەزامەندییەوە لەسەری ڕۆیشتن: ((لەنێو تاقمی ئێمەدا ئەوەندە سەرنج لە ڕواڵەت نادرێت.))

هاتینە دەرێ، بەس لەنێو پلیکانەکاندا ئەوم جێهێشت و هاتمەوە ژوورێ. نێلی یەکسەر بە پێدزە گەڕابووەوە، جارێکی دی ماڵئاواییم لێی کرد. زۆر حە پەسابوو. ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو. زۆرم خەم لێ دەخوارد، ناڕەحەتی ئەوە بووم کە بەتەنیا جێی دەهێڵم.

وەختی چوونە خوارەوە بە پلیکانەکاندا شازادە گوتی: ((خزمەتکارێکی سەیرتان هەیە، ئەم کچۆڵەیە کارەکەرتانە، ئەرێ؟))

-نا، بە کاتی لای من دەژی.

- منداڵێکی سەیر و سەمەرەیە، گومان دەکەم کە شێت بێت. بیری لێ بکەنەوە، لە پشت دەرگەکە بە ڕێزەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە، بەس دوای ئەوەی کە چاوی پێم کەوت، هاوارێکی کرد و بەگژما هات، کەوتە هەڵلەرزین، لەگەڵم دەستەویەخە بووەوە، دەیویست شتێك بڵێ، بەس بۆی نەهات، دانی پێدادەنێم کە ترسام و هێندەی نەمابوو ڕابکەم، بەس سوپاس بۆ خودا، ئەو لە من ڕایکرد. واق و وڕ مابووم. چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەو هەڵبکەن؟

وەڵامم دایەوە: داماوە نەخۆشیی فێی هەیە.

- ئاە! دە وابڵێین! مادام وایە هۆکاری ڕەفتارە سەیر و سەمەرەکانی ئەوەیە کە جاروبار تووشی هەڵمەتی فێ دێت.

لە هەمان ئەو ساتەدا وام بە مێشکدا هات کە هاتنی فیلیپ بۆ ماڵی من و ئەمەش لە کاتێکدا کە دەیزانی لە ماڵێ نیم، دیدارەکەی ئەمرۆم لەگەڵ ئەو، ئەو قسانەی کە بە دەم سەرخۆشییەوە دەیکردن، داوەتە کتوپڕانەکەی کاتژمێر حەوت، دڵنیاکردنەوەم لەوەی کە هیچ فێڵێك لە ئارادا نییە و دواجار یەك کاتژمێر و نیو چاوەڕێ مانی شازادە لە ماڵەکەی من، کە بۆشی هەبوو زانیبێتی من لە ماڵی فیلیپ دامە و هەروەها سەرئە نجام ڕاکردنەکەی نێلی، هەموو ئەم ڕووداوانە پەیوەندییان بە یەکدیەوە هەیە. دەبوو زۆر بە وردی بیر لەم بابەتە بکەمەوە.

گالیسکەکەی شازادە لەبەر دەرگەدا چاوەڕێی بوو. سوار بووین و بەڕێ کەوتین.

## ٨

ڕێگەکە زۆر دوورودرێژ نەبوو. ماڵی کۆنتیس لەنزیك پردی *کمریس* بوو. سەرەتا هەردووکمان بێدەنگ بووین. لە خۆمم دەپرسی دەبێت چۆن دەست بە قسان بکات. وای بۆ چووم کە لەوانەیە تەمای تاقیکردنەوەی منی هەبێت و بزانێ ئاخۆ سەری قسانی لەگەڵ دەکەمەوە یان نا. بەس خۆی دەستپێشخەریی کرد و چووە سەر بابەتە سەرەکییەکە:

- لە ئێستەدا بابەتێك هەیە کە زۆی نیگەرانی کردووم، ئیڤان پترۆڤیچ، دەمەوێ بەر لە هەموو شتێك لەو بارەیەوە قسەتان لەگەڵ بکەم و ڕاتان بپرسم. دەمێکە ئەو فکرەم بەسەر داهاتووە کە چاو لە دادگاییەکەم لەگەڵ ئیخمینف بپۆشم و دە هەزار ڕۆبڵەکەی پێ بدەمەوە. بەس نازانم چۆن ئەم کارە ئەنجام بدەم؟

لە چرکەساتێکدا و بەخێراییی برووسکە فکرێك بە مێشکمدا ڕابورد و گوتم: ئەقڵ نایبڕێت کە نەزانیت دەبێ چی بکەیت. دەتەوێ پێم ڕابوێریت؟

بە سیمایەکی تەواو سادەدڵانەوە گوتم: ((نازانم، شازادە. تا ئەو جێیەی کە پەیوەندیی بە ناتالیا نیکلایۆناوە هەیە، دەتوانم هەموو جۆرە زانیارییەکتان بخەمە بەر دەست، بەس سەبارەت بە باوکی لام وایە بەخۆتان باشتر دەزانن کە دەبێت چ هەنگاوێك بنێن.))

- نا، نا، بە پێچەوانەوە... ئێوە ئەو دەناسن و لەوانەیە ناتالیا نیکلایۆنا چەندان جار بە ئێوەی گوتبێت کە ئەو چۆن بیر لەم بابەتە دەکاتەوە، ئەمەش بۆ من بەرچاوڕوونییەکی زۆر باش دەبێت. ئێوە دەتوانن یارمەتییەکی گەورەی من بدەن، بابەتەکە زۆر هەستیارە. من ئامادەم چاو لە بەرژەوەندیی خۆم بپۆشم و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش بە تەواوی لێ بڕاوم، جا بەلایشمە گرنگ نییە کە ئەنجامی باقیی مەسەلەکانی دی بە چ لایەکدا دەشکێنێتەوە. خۆ تێم دەگەن؟ بەس پرسیارەکە ئەوەیە کە، چۆن و بە چ جۆرێك ئەم کارە ئەنجام بدەم. پیرەمێردێکی لووتبەرز و کەللەڕەقە، دوور نییە لە بەرانبەر ئەم چاکەیەی مندا، لەجێی سوپاس و پێزانین سووکایەتیم پێ بکات و پارەکان بە دەموچاومدا بکێشێ...

- وەلێ دەرفەت بدەن، ئێوە ئەم پارانە بە مافی خۆتان دەزانن یان هی ئەو؟

- لە دادگاییيەكەدا من براوەبووم، كەواتە هی منن.

- بەس ویژدانتان چی دەڵێ؟

ڕووخساری بە بۆنەی ئەم ڕێك و ڕاست قسەكردنەی منەوە كەمێك گرژ بوو و هاتە وەڵام: ((هەڵبەتە من بە هی خۆمیان دەزانم، ئەوجا لام وایە ئێوە ئاگاتان لە ورد و درشتی مەسەلەكە نییە. من پیرەمێردەكە بەوە تۆمەتبار ناكەم كە بە دڵ ویستی خەڵەتاندنی منی هەبووبێت و دانی پێدادەنێم كە من هەرگیز وەها تۆمەتێكم ئاڕاستەی ئەو نەكردووە. ئەو بەخۆی وا بیری دەكردەوە كە تۆمەتی بۆ داتاشراوە و سووكایەتیی پێ كراوە. ئەو لە بەجێ هێنانی ئەركەكانیدا كەمتەرخەمی نواندووە، جا بە پێی ئەو ڕێككەوتنەی كە لە نێوا نماندا هەبوو ئەو بەرپرسیارە. بەس ئەم بابەتەش گرنگییەكی ئەوتۆی نییە، بابەتە گرنگەكە ئەو مشتومڕ و سووكایەتیانەن كە بەرانبەر بە یەكدی كردوومانن، بە كورتییەكەی حورمەتی یەكدیمان شكاندووە. لەوانەیە گەر وەها بابەتێك لەئارادا نەبا، ئەوا من هەرگیز گرنگییەكی ئەوتۆم بەم دە هەزار ڕۆبڵە بێ بایەخە نەدابا،بەس بێگومان دەزانن كە بەسەرهاتەكە چۆن دەستی پێكرد. دانی پێدا دەنێم كە لەوانەیە بەبێ هۆكار گومانم لەو كردبێت (مەبەستم لە ڕابردووە)، بەس لەبەر ئەو بێ ئەدەبییەی كە ئەو لە بەرانبەرمی نواند، هۆشم لەسەر ئەم بابەتە نەما، تووشی هەڵچوون بووم و ئیدی نەمویست دەرفەتەكەم لەكیس بچێ و كارەكەم گەیاندە دادگە. لەوانەیە لاتان وابێت ئەو كارەی كە لە منەوە وەشاوەتەوە ناجوامێرانەیە، من بە هیچ شێوەیەك سوور نیم لەسەر ئەوەی كە پاكانە بۆ خۆم بكەم، تەنیا ئەوەتان بیردەهێنمەوە كە هەڵچوون و حورمەت شكان هیچ سەروكارییەكی لەگەڵ جوامێری و نەجیبیدا نییە و هەموو مرۆڤێك ئەم غەریزە سروشتییانەی تێدایە، دیسان دووبارەی دەكەمەوە كە ئیخمینیفم نەدەناسی كت و كوێرانە باوەڕم بە هەموو ئەو قسە و قسەلۆكانە كردبوو كە لەبارەی كچەكەی و ئالیۆشاوە كەوتبوونە سەر زمانی خەڵكی، هەروەها باوەڕم بەوەش كرد كە ئەو خەریكی دۆشینی من بووە... بەس هەموو ئەم بابەتانە لاوەكین. بابەتی سەرەكی ئەوەیە كە هەنووكە نازانم چی بكەم. گەر چاوپۆشی لە دە هەزار ڕۆبڵ بكەم و هاوكاتیش بانگەشەی ڕەوایەتیی سكاڵاكەم بكەم، ئەوا مانای وایە كە من دەمەوێت دیارییەكی پێشكەش بكەم. ئێستە با مەسەلەی هەستیاری ناتالیا نیكلایۆناش بۆ ئەم بابەتە زیاد بكەین... بێگومان پارەكە فڕێ دەداتە بەر دەمم...

- بڕوانن، بە قسەكانتاندا وا دەردەكەوێت كە ئەو بە مرۆڤێكی دەستپاك دەزانن، كەواتە دەتوانن پەسەندی بكەن كە ئەو ئێوەی نەدۆشیوە. مادام وایە بۆچی خۆتان ناچن بۆ لای و ڕووڕاستانە پێی بڵێن كە شكاتەكەتان ناڕەوا بووە؟ ئەم هەنگاوەی ئێوە بە كارێكی شەریفانە و نەجیبانە لێك دەدرێتەوە و ئەوسا نیكۆلاش بەبێ ناڕەحەت بوون پارەكەی وەردەگرێتەوە.

- ئم... پارەكەی: كێشەكە لێرەدایە. چاوڕێی چیم لێ دەكەن؟ بچم بۆ لای ئەو و پێی بڵێم كە شكاتەكەم ناڕەوا بووە؟ ئایا هەمووان پێم ناڵێن باشە گەر دەتزانی ناڕەوایە، ئەی بۆچی كارت گەیاندە دادگە؟ من شیاوی وەها

سەرشۆڕییەك نیم، چونكە من لەسەر هەق بووم. من لە هیچ جێیەك نە نووسیومە و نە گوتوومە كە ئەو منی دۆشیوە، بەس ئێستەش دەڵێم كە ئەو زۆر كورتبین و كەمتەرخەم بووە و نەیزانیوە دەبێت چۆن كاروبارەكان هەڵبسوڕێنێ. ئەم پارەیە هەر بە ڕاستی هی منە، بەم پێیە شتێكی زۆر ئازاربەخشە كە تۆمەتێكی ناڕاست بدەمە پاڵ خۆم، سەرئەنجام بۆتانی دووبارە دەكەمەوە كە كابرای پیرەمێرد حەزی وابووە كە خۆی بە سووكایەتی پێكراو بزانێت، ئێستەش ئێوە داوام لێ دەكەن كە سەبارەت بەم سووكایەتییە بچم بۆ لای و داوای لێبوردنی لێ بكەم، ئەمە ئیدی زیادەڕۆییە.

- بە بۆچوونی من گەر دوو كەس ویستی ئاشتبوونەوەیان هەبێت...

- ئێوە لاتان وایە كە ئەمە كارێكی هێندە ئاسانە؟

- بەڵێ.

نا، هەندێك جار زۆریش سەختە، بەتایبەت گەر...

- بەتایبەت گەر هەندێ پرسی دیكەی تێكەڵ بووبێت. لەم بارەیەوە هاوڕاتانم، شازادە. بەس هەرچی كە پەیوەندیی بە ناتالیا نیكلایۆنا و كوڕەكەتانەوە هەیە، دەبێت پرسەكە چارەسەر بكرێ، ئەو پرسەش كە پەیوەندیی بە ئێوەوە هەیە، دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەكان ڕەزامەندیی تەواوی ئیخمینف دەستەبەر بكەن. تەنیا ئەو كاتە دەتوانن بە ڕاستگۆییەوە هەموو شتێكی بۆ ڕوون بكەنەوە. ئێستە كە هیچ بڕیارێك نەدراوە، ئێوە تەنیا یەك ڕێگەچارەتان لەبەردەست دایە: دان بە ناڕەوایەتیی شكاتەكەتاندا بنێن و تەنانەت گەر پێویستیش بێت لەبەر چاوی هەمووانیدا ڕای بگەیەنێت، ئەمە بۆچوونی منە. من بێ پێچ و پەنا دەدوێم، چونكە ئێوە بەخۆتان ڕاوبۆچوونی منتان لەم بارەیەوە پرسی و بێگومانیش چاوەڕێی ئەوە نین كە لایەنی ئێوە بگرم. ئەم بابەتە زاتی ئەوەم پێ دەدات كە پرسیارێكتان لێ بكەم. بۆچی هێندە لە خەمی ئیخمینف دان و دەتانەوێ پارەكەی بۆ بگێڕنەوە؟ گەر بە بڕوای خۆتان سكالاكەتان ڕەوایە، ئەوا بۆچی دەبێت بەوی بدەنەوە؟ لەم كونجكۆڵییەم ببوورن، بەس بە بڕوای من ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە بابەتێكی دیكەشەوە هەیە.

دەتگوت ئەسڵەن پرسیارەكەمی هەر نەبیستووە و لە پڕ پرسیی:

- وەلێ ڕای ئێوە چییە؟ پێتان وایە ئەگەر ئەم پارەیە بەبێ هیچ جۆرە داوای لێبوردنێك یان هەروەها... یان بەبێ هیچ نەرمی نواندنێك بە ئیخمینف بدرێتەوە، پەسەندی ناكات؟

- بە تەواوی دڵنیام.

له ناو ڕقدا سوور بوومەوە و هەڵلەرزیم. بەم پرسیارەی کە نیشاندەری گومان و دوودڵییەکی بێشەرمانە بوو، دەتگوت تفی کردووەتە ناو چاوم و تەواو ناڕەحەتی کردم. بەمەشەوە نەوەستا و سووکایەتییەکی دیکەشی بۆ زیادکرد: بەم جۆرە قسەکردنە بێ ئەدەبانەیەی کە تایبەت بە چینی خانەدانان بوو، بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە، بە پرسیارێکی دی قسەکەمی پێ بڕی، بێگومان لەبەر ئەوە بووە هەتا تێم بگەیەنێت کە پێم لە بەڕەکەی خۆم زیاد ڕاکێشاوە و بەم پرسیارەم، خۆمم وەك هاوشانی ئەو نیشانداوە. من هەتا گەیشتنە ئاستی ڕق و کینە بێزم لەم جۆرە ڕەفتارەی چینی خانەدانان دەبووەوە و هەوڵیشم دابوو کە ئەم خووە لە سەری ئالیۆشا دەربکەم.

لە وەڵامی مندا بە خوێنساردییەوە گوتی: ((ئم... باش چرنووکتان هەڵگەڕاوەتەوە![1] لە دونیادا کارگەلێك هەن کە بە جۆرێکی دی، نەك بەو جۆرەی کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، شێوە دەگرن. لەلایەکەوە پێم وایە کە ناتالیا نیکلایۆنا تا ئەندازەیەك دەتوانێ چارەسەری ئەم کێشەیە بکات، ئێوە هەواڵی پێ بگەیەنن. لەوانەیە ڕێگەیەکمان بۆ پێشنیار بکات.))

بەشێوازێکی زبر گوتم: ((ئێوە بە هیچ شێوەیەك گوێتان بەو قسەیە نەدا کە چەند ساتێك لەمەوبەر خەریکی گوتنی بووم و پێتان بڕیم. باوکی ناتاشا، گەر بەبێ نواندنی هیچ نەرم و نیانی و ڕاستگۆییەك پارەکەی پێ بدەنەوە، ئەوا هەر بەو جۆرەی کە خۆتان گوتتان، وەهای لێك دەداتەوە کە ئێوە بە تەمان لە ڕێگەی کچەکەیەوە قەرەبووی زیانەکەی ئەو بکەنەوە و هاوکاتیش نیازتان وایە بەم پارەیە هەقی ئەو گورزە بکەنەوە کە لەلایەن کوڕەکەتانەوە بەر ناتاشا کەوتووە...))

- ئم... بە بۆچوونی ئێوە من لەو جۆرە مرۆڤانەم، ئیڤان پترۆڤیچی ئازیز؟

پاشان دەستی بە پێکەنین کرد.

- بۆچی پێدەکەنن؟

- نازانم.

پاشان درێژەی پێدا: ((بەدەر لەم بابەتە، ئێمە قسەگەلێکی ئێجگا ئێجگار زۆرمان ماوە کە دەبێت لەگەڵ یەکدیدا بیانکەین. وەلێ جارێ زووە. بەس تەنیا تکاتان لێ دەکەم کە پیاوەتی بکەن و باش لە «شتێك» تێبگەن. ئەم بابەتە پەیوەندیی بە ناتالیا نیکلایۆنا و داهاتوویەوە هەیە و بەشێکی گەورەی بەو بڕیارەوە بەستراوەتەوە کە من و ئێوە دەیدەین. ئامادەگیی ئێوە شتێکی تەواو پێویستە، بەخۆتان باش ئەمە دەزانن. جا لەبەر ئەوە گەر لە خەمی ناتالیا نیکلایۆنا دان، ئەوا ناتوانن من پشتگوێ بخەن. باشە ئیدی، ئەوە گەیشتینە جێ...))

---

١. چرنووك هەڵگەڕانەوە: تووڕەبوونی لەڕادەبەدەر.

٩

کۆنتیس خاوەنی ئەپارتمانێکی جوان بوو. گەرچی لە ژوورەکاندا هیچ جۆرە جوانکارییەکی تایبەت بەرچاو نەدەکەوت، بەس بە سەلیقە و بە شێوەیەکی لێزانانە ڕازێندرابوونەوە. لە هەمان کاتیش وا دەردەکەوت کە کەلوپەل و ناومالەکە تەنیا بە شێوەیەکی کاتی دانراوە، ئەپارتمانەکە تایبەت بوو بە خێزانێکی دەولەمەندەوە کە دەیەوێ تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێیدا بمێنێتەوە نەك بیکاتە نشینگەی هەمیشەیی خۆی، هەروەها زۆر بە وردییەوە ڕەچاوی هەموو جۆرە نیشانەکانی شان و شکۆی خێزانێکی ئەرستۆکراتیی تێدا کرابوو. دەنگوباس بلاوبوو کە گوایە کۆنتیس ئەم هاوینە لە مولکەکەی خۆی کە دەکەوتە پارێزگەی *سیمبریسك* (کە لەبەر ئەوەی قەرزێکی زۆری بەسەرەوە کەلەکە بووبوو وەك بارمتە دەست بەسەر هەموویدا گیرابوو و ئیدی مافێکی ئەوتۆی بەمەوە نەمابوو) بەسەر دەبات و هەروەها شازادەش لەگەلی دەڕوا. من ئەم هەوالانەم بیستبوون و بە نیگەرانییەوە لە خۆمم دەپرسی گەر کاتیا لەگەل کۆنتیس بڕوا بۆ ئەوێ، ئەی ئالیۆشا چی دەکات؟ هێشتا لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکم بۆ

ناتاشا نەکردبوو، زاتم نەبوو، وێڕای ئەوەش، لە ڕێی چەند نیشانەیەکەوە دەرکم بەوە کردبوو کە خۆی ئاگای لەم بابەتە هەیە. بەس هیچ شتێك بە ڕووی خۆیدا ناهێنێ و ئەم بێدەنگییەشی ئازارێکی زۆری دەدا.

کۆنتیس زۆر بە ڕێز و خۆشەویستییەوە بەخێرهاتنی کردم، گەرموگوڕانە دەستی بەرەو لام درێژکرد و دڵنیای کردمەوە کە دەمێکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە کە لە ماڵەکەی خۆیدا میواندارییم بکات.

بەخۆی لە سەماوەرێکی زیویی جواندا چایەکی بۆم تێکرد. من و شازادە و بەڕێزێکی بەتەمەنی دیکەی سەر بە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی، کە بەو مەدالیا و نیشانانەیەوە لە سیاسەتمەدارە لووتبەرزەکان دەچوو، بە دەوری مێزی سەماوەرەکەدا دانیشتین. پێدەچوو ئەو پیاوە ڕێزێکی زۆری لەلای ئەوان هەبێت. کۆنتیس دوای ئەوەی کە لە دەرەوەی وڵات بەرەو پترسبۆرگ گەڕایەوە تا ئەو کاتە نەیتوانیبوو پەیوەندی لەگەڵ چینی ئەرستۆکراتی دروست بکات و بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێ بناغەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دابنێ و پتەوی بکات. لە ئێمە زیاتر هیچ کەسێکی دی لەوێ نەبوو و هەموو شەوەکەش کەس سەردانی نەکرد. چاوم لە دووی کاتیا دەگێڕا، ئەو و ئالیۆشا لە ژوورێکی دیکەدا بوون، بەس هەرکە هەواڵی هاتنی ئێمەی بیست، خێرا هات بۆ لامان، شازادە بە میهرەبانی دەستی ئەوی ماچ کرد و کۆنتیسیش منی بەو ناساند. کچێکی قژ بۆری لەبەردڵان بوو، جلێکی سپیی بە بەر باڵا کورتەکەیدا کردبوو، ڕووخساری دەچووە دڵەوە و بارێکی هۆشمەندانەی پێوە دەبینرا، ڕەنگی چاوەکانی شینێکی کاڵ بوو، بەو جۆرە نەبوو کە ئالیۆشا بۆمانی باس کردبوو، بێ لە جوانییەکی تایبەت بە تەمەنی لاوی هیچ تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی نەبوو. من چاوەڕێی جوانییەکی نائاسایی بووم، بەس بچووکترین نیشانەی ئەو جوانییەم لەودا نەدیت. ڕووخسارێکی شێوە هێلکەیی و ڕێکوپێك، زوڵفێکی پڕ و لە ڕاستیدا جوان کە بە سادەیی ڕازێندرابووەوە و نیگایەکی هێمن و وردی هەبوو. گەر لە شوێنێکی دیکە تووشی بهاتبام، ئەوا بێ ئەوەی سەرنجم بەرەو خۆی ڕابکێشێ، بەلایدا ڕادەبووردم، بەس تەنیا لە یەکەمین نیگادا وا دەردەکەوت، ئەو شەوە دەرفەتم بۆ ڕەخسا تا باشتر هەڵیبسەنگێنم. دەستی بەرەو لام درێژ کرد و نیگای ورد و جێگیری بە کەمێك سادەدڵیی منداڵانەوە لە من بڕی، ئەم جووڵە بچووکە، لەبەر ئەوەی نائاسایی بوو کاریگەریی لەسەر دانام و بە شێوەیەکی خۆنەویستانە بزەیەکم بە دەمییەوە کرد. دەمودەست لەوە تێگەیشتم کە سەروکاریم لەگەڵ بوونەوەرێکی دڵپاکدا هەیە. کۆنتیس بە هۆشیارییەوە چاوی لەسەر ئەو بوو. کاتیا دوای ئەوەی کە تەوقەی لەگەڵ کردم، خێرا بەرەو سووچێکی ئەوپەڕی ژوورەکە ڕۆیشت و لە چاوەڕوانیی ئالیۆشادا دانیشت. ئالیۆشاش دوای سڵاوکردن، بە هێواشی گوتی: ((من تەنیا چەند خولەکێکی دی لێرە دەمێنمەوە، دواتر یەکسەر دەچم بۆ ((ئەوێ)).

کابرای سیاسەتمەدار (لەمەودوا بەم ناونیشانە ناوی دەبەم هەتا لە کەسانی دیکەی جیا بکەمەوە) بە هێمنی و ویقارەوە قسەی دەکرد و ڕوونکردنەوەی لەسەر بابەتێك دەدا. کۆنتیس بە وردی گوێی بۆ قسەکانی ڕادێرابوو. شازادە بە بزەیەکی ستایش ئامێزەوە قسەکانی ئەوی پشتڕاست دەکردنەوە: سیاسەتمەدارەکە زۆربەی کات ڕووی دەمی لەو

بوو، بێگومان هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەوی بە گوێگرێکی هاوشانی خۆی دەزانی. دوای ئەوەی کە فنجانێك چایان پێدام، لێمگەڕان ئیسراحەتی خۆم وەربگرم و منیش لەم بارەیەوە زۆر ڕازی بووم. لەم ماوەیەدا چاوم لەسەر کۆنتیس بوو. لە یەکەمین چاوپێکەوتندا، خۆنەویستانە و بە جۆرێك لە جۆرەکان کەیفم پێی هات. گەرچی هێندە گەنج نەبوو، بەس بەلای منەوە تەمەنی لە بیست و هەشت ساڵێك زیاتر تێپەڕی نەدەکرد. ڕووخساری هێشتا تەڕ و تازەیی تەمەنی گەنجیی لەدەست نەدابوو و بێگومان دەبوو بە لاوی کەسێکی ئێجگار جوان بووبێت. قژە ئاڵتوونییە کەم ڕەنگەکانی هێشتاکە پڕبوون، نیگایەکی جوان و حاڵەتێکی خومارانەی تێکەڵ بە بەدفەڕیی هەبوو. بەس لەو ساتەدا بە ئاشکرا هەوڵی دەدا خۆی کۆنترۆڵ بکات. لە نیگایدا هۆشیارییەکی لەڕادەبەدەر و بە تایبەت زیرەکی و شادییەکی زۆر دەخوێنرایەوە. وام هاتە بەرچاو کە تایبەتمەندیی کەسایەتیی زیاتر جلفانەیە، تینووی لەزەتبردنە و جۆرێك لە خۆویستیی منداڵانەی تێدا بەدی دەکرێت کە لە ڕاستیشدا بە زەقی ئەم سیفەتەی تێدا بەرجەستە بوو. لەبەردەم شازادەدا بەنی با نەدەدا و ئەو دەسەڵاتێکی زۆری بەسەریدا هەبوو. دەمزانی کە پەیوەندییەکی عاشقانەیان لە نێواندا هەیە و لەو ماوەیەشدا کە پێکەوە لە دەرەوەی وڵاتدا ژیابوون، شازادە بە شێوەیەکی ئیرەگەرانە عاشقی ئەو بووە، بەس وام بە مێشکدا هات ( هێشتاش هەر لەسەر هەمان بڕوام ) کە دەبێت لە ژێرەوە پەیوەندییەکی دیکەشیان لە نێواندا هەبێت، یانی ڕێکەوتنێکی دوو لایەنانە لەسەر بنەمای سوودی ماددی... ئەوەشم دەزانی کە هەنووکە شازادە دڵی لێی سارد بووەتەوە، بەس سەربارى ئەوەش هەر پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەودا نەپساندبوو. پێدەچووتا ئەو کاتە هەر بە تەنیا مەسەلەی کاتیا ئەوانی پێکەوە بەستبووەوە. شازادەش هەمان ئەو کەسە بوو کە دەسەڵاتی بەسەر پتەوکردن و درێژەدان بەم پەیوەندییەدا دەشکا. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نەدەهاتە ژێر بار و هاوسەرگیریی لەگەڵ کۆنتیس نەدەکرد، بەس لەگەڵ ئەوەی کە شازادە هەوڵی دەدا کۆنتیس بهێنێتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە بە زەماوەندکردنی نێوان کاتیا و ئالیۆشای ڕازی ببێت، ئەمیش هاوکات لەلایەن خۆیەوە ئەوی هاندەدا کە زەماوەندی لەگەڵ بکات. یان لایەنی کەم ئەمە ئەو تێگەیشتنە بوو کە من لە قسەکانی ئالیۆشاوە پێی گەیشتبووم کە بەو هەموو سادەدڵییەی خۆیەوە توانیبووی لەم بارەیەوە سەر لە هەندێك شت دەربکات. هەروەها لە گوتەکانی ئەوەوە بەو ئەنجامە گەیشتبووم کە لەگەڵ ئەوەی شازادە دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر کۆنتیسدا هەیە، لە هەمان کاتدا بە جۆرێك لە جۆرەکان لێی دەترسێ. خودی ئالیۆشاش دەرکی بەم بابەتە کردبوو. دواتر لەوە حاڵی بووم کە شازادە زۆری حەز لێیە کۆنتیس بەمێرد بدات، تا ڕادەیەکیش لەبەر ئەوە هەوڵی دەدا کۆنتیس بنێرێ بۆ موڵکەکەی کە لە پارێزگای سیمیریسك بوو، هەتا لەوێ مێردێکی باشی بۆ بدۆزێتەوە.

دانیشتبووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن دەتوانم گفتوگۆیەکی دووقۆڵی لەگەڵ کاتیادا ساز بدەم. کابرای سیاسەتمەدار خەریك بوو باسی هەلومەرجی هەنووکەیی وڵاتەکە و ئەو چاکسازییانە کە بۆ جێبەجێکردن لەبەر دەستدا بوون بۆ کۆنتیس دەکرد و دەیگوت هێشتاکە دیار نییە کە ئاخۆ ئەم چاکسازییانە مەترسییان هەیە یان نا؟ تا ماوەیەکی زۆر، بەوپەڕی هێمنییەوە، وەك کەسێك کە لە لووتکەی دەسەڵات دابێت هەر قسەی کرد. بە زمانێکی

پاراو و وردییەوە بۆچوونەکانی خۆی خستنە ڕوو، بەس بۆچوونەکانی مرۆڤیان دەهری دەکرد. بە تایبەت جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم چاکسازییانە زۆر بە خێرایی هەندێك بەرئەنجامیان لێ دەکەوێتەوە: وەختێك کە هەمووان چاویان بەم بەرئەنجامانە دەکەوێ ئیدی دێنەوە هۆش خۆیان، هەڵبەتە ئەم چاکسازییە نوێیانە نەك هەر بە تەنیا لە کۆمەڵگەدا سەرناگرن، بەڵکە کۆمەڵگە دەرك بەو هەڵەیە دەکات کە تووشی بووە و ئیدی ئەوسا بە هێزێکی دووبەرانبەرەوە دەگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوەکەی ڕابردووی و درێژەی پێ دەدات. ئەو گۆڕانکارییانە هەر ئەزموونێکی بەئازاریان لێ بکەوێتەوە، ئەوا بۆ ئێمە هەر سوودبەخشە چونکە ئەوە دەردەخات کە دەبێت پارێزگاری لە ڕەوشەکەی ڕابردوو بکرێ. چەند زانیارییەك دەخاتە بەر دەستی کۆمەڵگە کە لە ڕێی پشت پێبەستنیانەوە، بەو ئەنجامە دەگات کە لەڕێی ئەم چاکسازییانەوە کەمتەرخەمی و کورتبینییەکی گەورەی نواندووە. پاشانیش بەم ئەنجامگرییە گەیشت: ((بەبێ ئێمە هیچ کەسێك توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکی نییە، بەبێ ئێمە هەرگیز هیچ چینێك بەرگەی نەگرتووە. ئێمە لەم نێوەندەدا هیچ شتێك لەدەست نادەین، بەڵکە بە پێچەوانەوە براوەش دەبین. ئێمە دەمێنینەوە، دەمێنینەوە و دەبێت دروشمی هەنووکەییشمان ئەمە بێت: ((گۆم تا قووڵتر بێت، مەلەی خۆشترە!)) شازادە بزەیەکی پاڵپشتکەرانەی بە دەمەوە کرد کە بە تەواوی حاڵمی تێك دا. وتاربێژێکی زۆر لووتبەرز بوو. هێندە پەست بووبووم، کە خەریك بوو کارێکی نەفامانەم لێ بوەشێتەوە و وەڵامێکی پڕ بە پێستی بدەمەوە، بەس نیگای ژەهراویی شازادە ڕامی گرت. ئەم نیگایەی بە خێرایی تێگرتم و وام بە بیر داهات کە ڕێك چاوەڕێیە من کاردانەوەیەکی نائاسایی و هەڵەشانە بنوێنم، تەنانەت لەوانەشە حەزی بەوە کردبێت کە من لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیەکی لەو جۆرەوە خۆم بکەمە پووش پیاز. هاوکاتیش گومان لەوەدا نەما کە کابرای سیاسەتمەدار نە وەڵامەکەم دەبیستێ و نە هەست بە ئامادەگیشم دەکات. تەواو نارەحەت بووم، بەس ئالیۆشا منی لەو گێچەڵە نەجاتدا.

بە ئەسپایی لێم نزیك بووەوە، دەستێکی بە شانم داکێشا و تکای لێ کردم لەگەڵی بڕۆم، دەیویست هەندێك قسەم لەگەڵ بکات. وای بۆچووم کە کاتیا ئەوی ناردبێت. لە ڕاستیشدا هەر وا دەرچوو. بۆ خولەکێك دواتر لەلایەوە دانیشتبووم. بەر لە هەر شتێك بە نیگایەکی پشکنەرانە لە سەرا پام ورد بووەوە، وەك بڵێیت لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ((کەواتە تۆ وەها مرۆڤێکیت)). لە سەرەتا ساتەکاندا، نە من و نە ئەویش نەماندەزانی چۆن سەری قسە بکەینەوە. لەوە دڵنیا بووم کە هەر ئەوەندەی حسێبە دەست بە قسەکردن بکات، ئیدی هەتا بەیانی قسەوباسمان درێژە دەکێشێ. ئەو ((پێنج یان شەش کاتژمێر گفتوگۆیە)) م بیر هاتەوە کە ئالیۆشا ئاماژەی پێ کردبوو. ئالیۆشا لای ئەو دانیشتبوو و بە پشوو کورتییەوە چاوەڕێ بوو ئێمە دەست بە قسە بکەین.

بە بزەوە لێمانی ڕوانی و گوتی: ((بۆچی هیچ نالێن؟ ئێستە کە کەوتوونەتە یەك، نقەتان لێوە نایێ.))

کاتیا وەڵامی دایەوە: ((ئاه! ئالیۆشا، نازانم تۆ چ جۆرە مرۆڤێکیت، من و ئیڤان پترۆڤیچ ئەوەندە قسەمان بۆ یەکدی زۆرە کە نازانین لە کوێوە دەست پێبکەین. زۆر درەنگ یەکدیمان ناسیوە، دەبوو دەمێك لەمەوبەر دیدەنیی یەکدیمان بکردبا، گەرچی من، ئیڤان پترۆڤیچ دەمێکە ئێوە دەناسم و زۆرم حەزلێبوو چاوم پێتان بکەوێ! تەنانەت ئەم فکرەشم بە مێشکدا هات کە نامەتان بۆ بنووسم...))

من خۆنەویستانە بزەم بە دەمییەوە کرد و پرسیم: سەبارەت بە چ بابەتێك؟

بە شێوەیەکی جددی هاتە وەڵام: ((بابەتمان زۆرە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین. بە تایبەت سەبارەت بەوەی کە بزانم وەختێك ئالیۆشا لەم هەلومەرجەدا ناتالیا نیکلایۆنا بە تەنیا جێدەهێڵێ، ئایا ئەو دڵگران نابێت؟ ئایا ڕەوایە بەم جۆرە ڕەفتار بکات؟ کەواتە تۆ ئالیۆشا، لێرە چی دەکەیت؟ دەکرێت پێم بڵێیت؟))

- ئاه! خوایە گیان! هەر ئێستە دەڕۆم. خۆ گوتبووم کە هەر بە تەنیا یەك خولەك دەمێنمەوە، چاوەڕێی ئەوەم بزانم کە ئێوە چۆن سەری قسە دەکەنەوە و ئیدی دەسبەجێ دەڕۆم.

- باشە، خۆ ئێمە وا دەستمان بە قسان کردووە، مەگەر نابینیت؟

جا پاشان لە بارێکدا کە کەمێك سوور هەڵدەگەڕا، بە پەنجە ئاماژەی بۆ ئالیۆشا کرد و لەسەری ڕۆیشت: ((ئەو هەمیشە ئاوهایە و هەر دەڵێ: "تەنیا یەك خولەك، یەك خولەکی بچووك" و ئیدی بێ ئەوەی پێی بزانین هەتا نیوەشەو دەمێنێتەوە و ئیدی ئەوسا درەنگی کردووە. ئەوەش هەڵسوکەوتی ئەم بەڕێزە، ئایا ئەمە کارێکی ئاقڵانەیە، جوامێرانەیە؟

ئالیۆشا بە شێوەیەکی خەمگین گوتی: ((مادام پێداگری دەکەیت، ئەوە من هەر ئێستە دەڕۆم، بەس زۆر حەزدەکەم لاتان بمێنمەوە...))

- ئێمە پێویستمان بە تۆ نییە، بە پێچەوانەشەوە چەندین قسەی تایبەتیمان بۆ یەکدی هەیە کە دەبێت دوو بە دوو بیانکەین. یەڵا، تووڕە مەبە. ڕۆیشتنت بە تەواوی کارێکی پێویستە... باش لەمە تێبگە.

- گەر پێویستە، ئەوا هەر ئێستە دەڕۆم... هیچ هۆکارێکیش بۆ تووڕەبوون لە ئارادا نییە. تەنیا لە ماوەی خولەکێکدا دەچم سەرێك لە لیۆ دەدەم و پاشان ڕاستە و ڕاست بەرەو ماڵی ناتاشا بەڕێ دەکەوم.

کڵاوەکەی هەڵگرت و درێژەی پێ دا: ((بەڕاست، ئیڤان پترۆڤیچ، ئایا دەزانیت باوکم بە نیازە چاوپۆشی لەو دە هەزار ڕۆبڵە بکات کە لە دادگاییەکەدا پێی بڕا؟))

- دەزانم، بەخۆی پێی گوتم.

- ئای لەم کارە جوامێرانەیە! کاتیا بڕوا بەوە ناکات کە ئەو هیچ کارێکی جوامێرانەی لێ بوەشێتەوە. لەم بارەیەوە قسەی بۆ بکەن. ماڵئاوا کاتیا، جا تکاش دەکەم کە هیچ گومانێکت لە عەشقی من بۆ ناتاشا نەبێت. بۆچی شتێکی لەو بابەتەم بەسەردا دەسە پێنیت، بۆچی سەرکۆنەم دەکەیت، بۆچی چاوت لەسەرمە... وەك بڵێیت دەبێت لەژێر چاودێریی ئێوە دابم! ناتاشا بەخۆی دەزانێ کە چەندم خۆشدەوێ. لێم دڵنیایە و منیش لەو بارەیەوە هیچ گومانێکم نییە. من لە هەموو هەلومەرجێکدا ئەوم خۆش دەوێ. نازانم چۆن خۆشمدەوێ، زۆر بە سادەیی من عاشقی ئەوم. جا لەبەر ئەوەش نابێت وەك مرۆڤێکی گوناحبار بمخەنە بەر لێزمەی پرسیار. خۆ ئێستە ئیڤان پترۆڤیچ لێرەیە و لێی بپرسە: بەخۆی پێت دەڵێ کە ناتاشا خانگمان و گەرچی خۆشمی دەوێ، بەس خۆشەویستییەکەی خانەگمانییەکی زۆری تێکەڵە و نایەوێ هیچ جۆرە چاوپۆشییەکم لێ بکا.

من لە بارێکدا کە بڕوام نەدەکرد ئەو قسانە لە دەمی ئەوەوە دێنەدەر، بە سەرسامییەوە گوتم: ((ئاگاتان لەخۆتانە چی دەڵێن؟))

کاتیا لە بارێکدا کە دەستەکانی بەیەکدا دەکێشان، کەم تا زۆر بە هاوارەوە گوتی: ((ئەوە چیتە، ئالیۆشا.))

- بەڵێ ئیدی، لە ڕاستیشدا جێگەی سەرسامییە. ئیڤان پترۆڤیچ ئەمە دەزانێ. ئەو چاوەڕێی ئەوەیە کە من هەمیشە لەلای بم، یانی داوایەکی لەو جۆرەم لێ ناکات، بەس زۆر ڕوونە کە چاوەڕێی وەها شتێکە.

کاتیا هەڵچوو و گوتی: ((خەجاڵەت ناکێشیت، خەجاڵەت ناکێشیت!))

- بۆچی دەبێت خەجاڵەت بکێشم، کاتیا، لە ڕاستیدا تۆش مرۆڤێکی سەیریت. من ئەوم زۆر لەوە زیاتر خۆشدەوێ کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە و خۆ ئەگەر ئەو، بە هەمان ئەندازەی من خۆشەویستیی بۆم هەبووبا، ئەوا چاوپۆشیی لە لەزەتی دەربڕینی ئەو خۆشەویستییە دەکرد. ڕاستە کە هەمیشە بەخۆی مۆڵەتی ڕۆیشتنم پێ دەدات، بەس بە ڕووخساریدا دیارە کە ئەو کارە ئازاری پێ دەگەیەنێت، منیش بە دەست ئەو کارەوە ئازار دەچێژم، بەس وەك بڵێیت ئەو بە تەمایە من هەمیشە لەبەردەمی دا سەوز بم.

کاتیا لە بارێکدا کە بریقەی ڕق لە چاوانیدا دەدرەوشایەوە گوتی: ((نا، ئەمانە قسەی تۆ نین. دانی پێدابنێ، دانی پێدا بنێ ئالیۆشا کە هەر ئەمڕۆ باوکت ئەم قسانەی فێرکردوویت. تکاش دەکەم هەوڵ مەدە لەگەڵ مندا فڕوفێڵ بەکار بهێنیت، چونکە من دەمودەست پێت دەزانم. ئەوەی کە گوتم ڕاستە یان نا؟))

ئالیۆشا بە شەرمەزارییەوە گوتی: ((با، ئەم قسانە هی ئەوون، بەس خۆ خراپی نەگوتووە؟ زۆر بە نەرم و نیانی و وەك هاوڕێیەك ئەم قسانەمی بۆ کرد و بە درێژاییی ئەو ماوەیەش هەر خەریکی ستایشکردنی ئەو بوو: بەخۆشم سەرم سوڕمابوو. ناتاشا دڵی ئێشاندووە و کەچی ئەو هێشتا هەر وەسف و ستایشی دەکرد!))

من گوتم: ((جا ئێوەش بڕواتان کرد، ئێوەیەك کە ناتاشا تا ئەو جێیەی کە لە توانایدا بوو هەموو شتێکی لە پێناوتاندا بەخت کردووە. ئەمڕۆش هەر بە تەنیا خەمی یەك شتی بوو: کارێك بکات کە ئێوە وەڕەز نەبن و هەروەها کاتی دیداری کاتیاتان لێ نەگرێت. خۆی ئەمەی پێ گوتم. جا ئێوەش بڕواتان بە هەموو ئەم تۆمەتانە کرد؟ تەریق نابنەوە؟))

کاتیا وەك ئەوەی کە سەروکاری لەگەڵ مرۆڤێکی هەرچی و پەرچیدا هەبێت، ئاماژەیەکی بۆ ئەو کرد و گوتی: ((ئەی سپڵە!))

ئالیۆشا بە شێوەیەکی گلەیی ئامێزەوە گوتی: ((باشە، ئێوە منتان بە چی زانیوە؟ تۆ کاتیا دایمە ئاوهایت. هەمیشە نیەتی خراپم دەدەیتە پاڵ... واز لە ئیڤان پترۆڤیچ بهێنە، هیچ قسەیەکی لەسەر ناکەم. ئێوە وا گومان دەبەن کە من ناتاشام خۆشناوێ؟ وەختێك کە دەڵێم خۆویستە، مەبەستم ئەوەیە کە زیاد لە ڕادە خۆشمی دەوێت، زیاد لە ڕادە و ئەمە دەردیسەری بۆ هەردووکمان دروست دەکات. بەس باوکم، تەنانەت گەر بشیەوێت، ئەوا فێڵ لە من ناکات. بەخۆشم هەرگیز دەرفەتی وەها کارێکی پێ نادەم. ئەو کە گوتی ناتاشا خۆویستە، هیچ مەبەستێکی خراپ لە پشت قسەکەیەوە نەبوو. بەباشی لە قسەکەی تێگەیشتم. ئەو ڕێك هەمان ئەو قسانەی کرد کە هەر ئێستە من بۆتانم کرد: ئەوەندەی خۆشدەوێم کە خۆشەویستییەکەی دەگۆڕێ بۆ جۆرێك لە خۆویستی، جا ئەمە وەك بارێکی قورس وایە بەسەر شانمەوە و ئەم بابەتەش لە داهاتوودا لە من زیاتر ئازاری ئەو دەدات. ئەمە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، جا باوکیشم گەر منی خۆش نەویستبا ئەم قسانەی بۆ نەدەکردم و مەبەستیشی نەبوو سووکایەتی بە ناتاشا بکات، بە پێچەوانەوە، ئەو دەزانێ کە ناتاشا زیاد لە ڕادە منی خۆش دەوێ، هەر لەبەر ئەوەش ئەم قسانەی بۆ کردم.))

بەس کاتیا قسەی پێ بڕی و مۆڵەتی درێژدادڕیی نەدا. بە توندی سەرزەنشی کرد و بۆی ڕوون کردەوە کە باوکی تەنیا لەبەر ئەوە وەسف و ستایشی ناتاشای کردووە هەتا لە ژێر ئەم ڕواڵەتە خێرخوازانەیەوە، ئەو فریو بدات و هەموو ئەو کارانەشی لەبەر ئەوە کردوون هەتا ئەوان لە یەکدی جیا بکاتەوە و لەژێرەوە ئالیۆشا لە دژی ئەو هەڵبنێ. بە زیرەکی و گوڕوتینەوە ئەوەی پێ نیشان دا کە ناتاشا تا چ ڕادەیەك ئەوی خۆشدەوێ و بێجگە لەو هیچ کەسێك ناتوانێت چاوپۆشی لەم جۆرە ڕەفتارانە بکات، لە ڕاستیدا خۆویستی ڕاستەقینە خودی ئەوە. کاتیا بەرە بەرە ئەوی تووشی خەفەت و پەشیمانییەکی گەورە کرد. لە لای ئێمە دانیشتبوو و واق و وڕ چاوی لە زەوی بڕیبوو، شێوەیەکی ئێجگار بەئازار و شەکەتباری هەبوو و هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، بەس کاتیا کۆڵی نەدەدا. بە سەرسامییەکی زۆر لێی ورد دەبوومەوە. حەزم دەکر هەرچی زووتر ئەم کچە سەیرە بناسم. منداڵێکی ڕاستەقینە بوو، بەس منداڵێکی هەژێنەر، لەخۆ دڵنیا، هەروەها خاوەنی سروشتێکی پتەو و عەشقێکی پڕ لە گوڕوتین بۆ چاکەکاری و یەکسانی. گەر لە ڕاستیدا بکرێت ئەو بە منداڵ ناو ببەین، ئەوا سەر بەو دەستە منداڵە ((خەیاڵپەروەر)) انە بوو

که لەنێو خێزانەکانی ئێمەدا ژمارەیان زۆرە. دیاربوو کە کەسێکی زۆر تێفکرە. کە زهنە مەنتیقیەکەیت تاووتوێ دەکرد، لەوە حاڵی دەبوویت کە چۆن ئەو فکرە مەزنانە ئاوێتەی ئەو تایبەتمەندییە منداڵانەیەی بوونە، جا ئەوەش لە ڕێگەی ئەو ئەزموون و هەست پێکردنانەی کە بەدەستی هێنابوون (چونکە کاتیا بە ئەزموون گەلێکدا تێپەڕی بوو) و هاوکاتیش فکرگەلێکی خەیاڵپلاوانەی هەبوون کە پێدەچوو وا بیر بکاتەوە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە بەدەستی هێناون. ئەو شەوە و شەوی دواتر بە باشی توانیم ئەو بناسم. دڵێکی هەستیار و سەرشار لە شادیی هەبوو. لە هەندێك هەلومەرجدا وا دەردەکەوت، وەك شتێکی قێزەون چاو لە هونەری خۆ کۆنترۆڵکردن بکات و پێی وابوو کە حەقیقەت لە پێش هەموو شتێکەوەیە. هەر جۆرە زۆر لەخۆکردنێکی بە جۆرێك لە دووچاوەکی دەزانی و وا دەردەکەوت کە بە بۆنەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەوە، هەر بەو جۆرەی کە لای زۆربەی مرۆڤە خەیاڵاتییەکان هەروایە – تەنانەت لە تەمەنێکیشدا کە ئیدی هەرزەکار نین – هەستی بە شانازی و لووتبەرزی دەکرد. بەس ئەم بابەتە وای دەکرد سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت. پێی خۆش بوو بیر بکاتەوە و بەدوای حەقیقەتدا بگەڕێ، بەس جووڵەکانی ئەوەندە خاکی و منداڵانە بوون کە مرۆڤ هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتندا هۆگری تەواوی تایبەتمەندییەکانی دەبوو. بۆ ساتێك کەوتمە بیری لیۆ و بۆریس، جا وام هاتە بەرچاو کە هەموو جووڵە و تایبەتمەندییەکانی ئەم کچە سروشتی و ڕەسەنن. ئەو بابەتەی کە زیاتر لە هەر شت سەرسامی کردم ئەوەبوو کە، گەرچی لە یەکەمین نیگادا جوان دەرنەدەکەوت، بەس پاشان سات دوای سات لەبەرچاومدا جوان و جوانتر دەینواند. ئەم کەسایەتییە بێگەرد و دوانەییە، یانی هاوکات هەم منداڵ و هەم ژنێکی ئاقڵ بوون، ئەم تینوویەتییە ڕاستگۆیانەیە بۆ حەقیقەت و یەکسانی و دڵنیاییەکی تەواو سەبارەت بە بیروڕاکانی، هەمووی ڕووخساری ئەویان بە نوورێکی جوانی ڕاستگۆیی ڕووناك دەکردەوە و جوانییەکی مەعنەویی نائاساییان پێ دەبەخشی. مرۆڤ لەو کاتەدا حاڵی دەبوو کە ناتوانێ وا بە خێرایی دەرك بە مانای ئەو جوانییە بکات کە بە یەکەمین سەیرکردن، خۆی بە نیگایەکی کەمتەرخەمانە نیشان نادات. زانیم کە دەبێت ئالیۆشا زۆر بە توندی وابەستەی ئەو بوو بێت. چونکە ئەو بەخۆی نەیدەتوانی بە شێوەیەکی شیاو و گونجاو بیربکاتەوە و تێبفکرێت، ڕێك هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەو کەسانەی خۆشدەویستن کە توانای بیرکردنەوەیان هەبوو و جا کاتیایش لەم زەمینەیەدا بە تەواوی ببووە سەرمەشق و پیری ئەو. دڵی گەورەی کوڕە لاوەکە وابەستەی هەموو شتێکی جوان و شەریفانە بوو. کاتیاش هەمیشە بە ڕاستگۆیی و بە شێوەیەکی منداڵانە ئەوی دواندبوو. ئالیۆشا بچووکترین ویستی نەبوو، بەس کاتیا بە پێچەوانەوە سەرپای ویست بوو، ویستێکی پڕ لە تین و تاو و هەمیشەیی. جا ئالیۆشاش هەمیشە وابەستەی ئەو کەسانە دەبوو کە بتوانن بەسەر ئەودا زاڵ بن و تەنانەت فەرمانی بەسەردا بکەن. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لە سەرەتای پەیوەندیی نێوان ئەو و ناتاشادا، بەو ڕادەیە دڵبەستەی ناتاشا ببوو. بەس کاتیا لە خاڵێکدا پێش ناتاشا کەوتبوو: هێشتاکە منداڵ بوو و پێشدەچوو هەتا ماوەیەکی زۆر هەر بە منداڵی بمێنێتەوە. ئەم تایبەتمەندییە منداڵانە و ڕۆحە سەرکەشەی و هاوکات نەبوونی توانایەکی تەواو لە داوەریکردندا، زیاتر ئالیۆشای بەرەو خۆی کێش دەکرد. ئالیۆشاش بەم بابەتەی دەزانی و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر لەو نزیك دەکەوتەوە. گومان لەوەدا

نییە کە ئەو وەختانەی تەنیا خۆیانن، لە پاڵ گفتوگۆ لەسەر هەندێك پرسی جددی، بێ چەندوچوون باسی یاریی منداڵانەش دەکەن. کاتیا گەرچی زۆربەی کات بەسەریدا دەخوڕی و پرتە و بۆڵەی دەکرد، بەس زۆر ڕوون بوو کە ئەمەی لە هاونشینی و چەندوچوون کردن لەگەڵ ناتاشادا بەلاوە خۆشترە. ئەو دووانە زۆر ‹‹گونجاو›› بوون بۆ یەکدی و ئەمەش ئەسڵی بابەتەکە بوو.

ئالیۆشا لە جێگەی خۆی هەستا و لەگەڵ ئەوەی بە مەبەستی ماڵئاوایی کردن دەستی بەرەو ئەو درێژ کرد، گوتی: ((بەسە، بەسە، کاتیا، دواجار وەك هەمیشە من هەڵەم و تۆ لەسەر هەقیت. ئێستە لە جێی چوون بۆ لای لیۆ، دەمودەست بەرەو لای ناتاشا بەڕێ دەکەوم...))

- تۆ هیچ ئیشێکت بە لیۆ نییە و چاکەی خۆتە گەر بە قسەم بکەیت و سەرێك لە ناتاشا بدەیت.

ئالیۆشا بە شێوەیەکی غەمگینانە گوتی: ((تۆ زیاتر لە هەر کەسێکی دی چاکەت بەسەر منەوە هەیە. ئیڤان پترۆڤیچ دەمەوێ دوو قسەتان لەگەڵ بکەم.))

چەند هەنگاوێك لە کاتیا دوور کەوتینەوە.

بە دەنگێکی نزم پێمی گوت: ((ئەمڕۆ ڕەفتارێکی زۆر شەرمەزارانەم ئەنجامدا، من بەم بەدگەوهەرییەی خۆمەوە، بەرانبەر هەموو مرۆڤایەتی و بە تایبەت بەرانبەر بەم دووانە گوناحبارم. باوکم دوای خوانی فراوێن منی بە ژنێکی فەڕەنسی کە ناوی *ئالێکسەندرین* بوو، ئاشنا کرد... من... یش دوای کەوتم و... چی بڵێم! من شیاوی هاونشینیی کاتیا و ناتاشا نیم... خواتان لەگەڵ ئیڤان پترۆڤیچ!))

کە گەڕامەوە و لای کاتیا دانیشتم، خێرا گوتی: ((منداڵێکی نەجیب و میهرەبانە، بەس دوایی قسەی لەسەر دەکەین. هەنووکە بەر لە هەموو شتێك دەبێت خاڵێك ڕوون بکەینەوە: ڕاتان لەسەر شازادە چییە؟

- مرۆڤێکی قێزەونە.

- منیش هەر وای بۆ دەچم. لەم بارەیەوە بۆچوونێکی هاوبەشمان هەیە، کەواتە دەکرێ داوەریکردنێکی باشترمان هەبێت. ئێستە با لەمەڕ ناتالیا نیکلایۆنا قسە بکەین... دەزانن ئیڤان پترۆڤیچ، من لەنێو تاریکیدام و چاوەڕێی ئەوە بووم کە ئێوە ڕۆشناییم بۆ بهێنن. هەموو شتێکم بۆ شی بکەنەوە، چونکە بە گشتی، بە پێی ئەو قسانەی کە ئالیۆشا بۆمی گێڕاونەتەوە ناتوانم بە ئەنجامێکی قایلکەر بگەم. نەمدەتوانی لەلایەن هیچ کەسێکی دیکەشەوە زانیاری بەدەست بهێنم. بەر لە هەموو شتێك پێم بڵێن (ئەسڵی مەسەلەکە لێرەدایە) ئایا پێتان وایە ئالیۆشا و ناتاشا لەگەڵ یەکدی خۆشبەخت بن؟ من بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەم بابەتەم بۆ ڕوون ببێتەوە هەتا بتوانم بە ئەنجامێك بگەم و هەروەها بەخۆشم بزانم کە دەبێت چۆن هەنگاو بنێم.

- چۆن دەکرێ بە دڵنیاییەوە قسە لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە بکەم؟

- هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە نا، بەس دەکرێت لە ڕێی هەستپێکردنەوە شتێك بڵێن، چونکە مرۆڤێکی زۆر زیرەکن.

- من وا هەست دەکەم کە ناتوانن لەگەڵ یەکدی خۆشبەخت بن.

- بۆچی وا دەڵێن؟

- چونکە بۆ یەکدی گونجاو نین.

- ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە منیش بیرم لێی دەکردەوە.

دەستەکانی خستنە سەر یەکدی و بە شێوەیەکی ئێجگار تێفکرانە درێژەی پێدا: ((هەموو وردەکارییەکم بۆ باس بکەن. ڕەنگە بزانن کە من زۆرم حەز لێیە ناتاشا بناسم، چونکە قسەیەکی زۆرم لەگەڵیدا هەیە و لام وایە کە پێکەوە دەتوانین ڕێگەچارەیەك بدۆزینەوە. بەردەوام ئەو دەهێنمە بەرچاوی خۆم: دەبێت مرۆڤێکی ئێجگار ژیر، جددی، ڕووڕاست و جوان بێت. ڕاستە؟))

- بەڵێ.

- دڵنیابووم، بەس گەر کچێکی ئاوهایە ئەی بۆچی ئالیۆشای خۆشدەوێ کە لە کوڕێژگەیەك بەولاوە هیچی دی نییە؟ ئەمەم بۆ ڕوون بکەنەوە. بەردەوام بیری سەرقاڵ کردووم.

- ڕوونکردنەوەی ئەستەمە کاترینا فیۆدۆرۆنا. زۆر سەختە ئینسان لەوە تێبگا کە بۆچی مرۆڤ عاشقی کەسێکی دی دەبێت. ڕاستە، ئەو تەنیا منداڵێکە. بەس ئایا دەزانن کە منداڵ شتێکی چەندە خۆشەویستە؟ (وەختێك بینیم کە بە سەرنجێکی قووڵەوە، جددی و بێ سەبرانە چاوی تێ بڕیوم، خەم دایگرتم.) جا ناتاشایش بۆیە عاشقی ئالیۆشا بووە چونکە بەخۆی مرۆڤێکی جددییە و بە پێچەوانەی ئالیۆشاوە خوو و ڕەوشی منداڵانە نییە. دڵپاك و ڕاستگۆیە و هەندێك جاریش لەبەر نیەت پاکییەکەی بە شێوەیەکی ئێجگار هەژێنەر سادەدڵ دەردەکەوێ. لەوانەیە یەکێك لە پاڵنەرەکانی عاشق بوونی ناتاشایش هەر ئەم تاییە تمەندییانە بن... چۆن بیڵێم؟... یان لەبەر جۆرێك لە هەستی بەزەیی. دڵی گەورە و لەخۆبردوو دەتوانێ لەژێر کاریگەریی بەزەییدا عاشق ببێ... وێڕای ئەمەش، لام وایە ناتوانم بە تەواوی بابەتەکەتان بۆ ڕوون بکەمەوە. بەس دەمەوێت پرسیارێکتان لێ بکەم: ئێوەش ئەوتان خۆشدەوێ، ئەرێ؟

زۆر بە ڕووداریییەوە ئەم پرسیارەم لێی کرد، هەستم دەکرد سەرەڕای ئەوەی کە پرسیارەکەم کتوپڕانە بووە، بەس ڕێی تێناچێ ئارامیی ئەم ڕۆحە پاك و منداڵانەیە بشێوێنێ.

نیگایەکی بێگەردانەی کردم و هاتە وەڵام: ((خودا شاهێدە کە هێشتا بەخۆشم نازام، پێم وایە زۆرم خۆشدەوێ.))

- چاوتان لێیە؟ ئایا دەتوانن ڕوونی بکەنەوە و بڵێن کە بۆچی؟

دوای ساتێك تێفکرین، وەڵامی دایەوە: ((چونکە جەوهەری ئەو لە درۆ بەرییە و وەختێکیش کە دەیەوێت قسەیەکم بۆ بکا، چاو لە چاوم دەبڕێ و منیش زۆر لەزەت لەم کارەی دەبەم! بەس وەختێك کە ئەم قسەیە لەبەردەم ئێوەدا دەکەم، ئیڤان پترۆڤیچ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە من کچێکی لاوم و ئێوەیش پیاوێك، لەوانەیە ئەمە کارێکی باش نەبێت، ئەرێ؟))

- چ خەوشێك لەم قسەیەدا دەبینن؟

- ڕاستە! بەس ئەوانە (بەچاو ئاماژەی بۆ ئەو گرووپە کرد کە لە دەوری سەماوەرەکە دانیشتبوون)، بێگومان پێم دەڵێن کارێکی باشم نەکردووە. ئایا ڕاست دەکەن یان نا؟

- نا، ئێوە لە دڵدا وا هەست ناکەن کە کارێکی خرا پتان کردبێت و لە ئە نجامیشدا...

قسەی پێ بڕیم تا هەرچی زووتر بڵێ: ((هەمیشە هەر وا دەکەم، دایمە کە تووشی گومانێك دێم یەکسەر بە دڵمدا دەچمەوە، گەر دڵم ئاسوودە بێت، ئەوا منیش ئاسوودە دەبم. هەمیشە دەبێت ئەم کارە بکەین. گەر ئاوها سەرڕاست و ڕاستگۆیانە لەگەڵتان دەدوێم هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئێوە پیاوێکی لەخۆبردوو و هێژان، هەروەها ئاگام لە هەموو بەسەرهاتی نێوان ئێوە و ناتاشا هەیە، وەختێك کە بیستیشم زۆر گریام.))

- کێ بۆی گێڕاونەتەوە؟

- بێگومان ئالیۆشا، وەختی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، بەخۆشی دەگریا: هەستێکی زۆر جوان و باشی دەربڕی و منیش زۆر بەو هەستەی دڵخۆش بووم. وا دەردەکەوێت بەراورد بەو خۆشەویستییەی کە ئێوە بۆ ئەوتان هەیە، ئەو زیاتر ئێوەی خۆشدەوێ. ئەم تایبە تمەندییانەی ئەوم زۆر بە دڵن. من گەر ئاوها ڕاشکاوانە لەگەڵ ئێوە دەدوێم، لەبەر ئەوەیە کە ئێوە مرۆڤێکی تێگەیشتوون و دەتوانن ئامۆژگاریی باشم بکەن و تێم بگەیەنن.

- بۆچی لاتان وایە من هێندە تێگەیشتووم کە دەتوانم ببمە ڕێنوێنتان؟

- ئەمە چ قسەیەکە دەیکەن!

دیسان بەدەم تێفکرینەوە گوتی: ((هەروا گوتم، وەلێ با بێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە. بڵێن بزانم، ئیڤان پترۆڤیچ: هەنووکە وا هەست دەکەم کە نەیاری ناتالیا نیکلایۆنام، دەرك بەمە دەکەم، بەس دەبێت چی بکەم؟ هەر لەبەر ئەوەش بوو کە لێتانم پرسی ئایا ئەو دووانە دەتوانن لەگەڵ یەکدی خۆشبەخت بن؟ شەو و ڕۆژ بیر لەم

بابەتە دەکەمەوە. ناتاشا لە هەلومەرجێکی جەرگبڕ دایە، جەرگبڕ! ئالیۆشا ئیدی ئەوی خۆشناوێ و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر عاشقی من دەبێت. وایە، ئەرێ؟))

- منیش هەر وای بۆ دەچم.

- لەگەڵ ئەمەشدا، خیانەت لەو ناکات. بەخۆشی نازانێ کە ئیدی ئەوی خۆش ناوێ. بەس ناتاشا، بێ چەندوچوون ئاگای لە بابەتەکە هەیە. دەبێت چ ئازارێك بچێژێ!

- بە ڕای خۆتان دەبێت چی بکەن، کاترینا فیۆدۆرۆنا؟

بە شێوەیەکی تەواو جددی گوتی: ((لەو بارەیەوە نەخشەگەلێکی زۆرم هەن، بەس فکرم پەرتەوازەیە و ناتوانم کاریان پێ بکەم. بێ سەبرانە چاوەڕێی دیدارتان بووم هەتا ئەم کێشەیەم بۆ چارەسەر بکەن. ئێوە زۆر لە من زیاتر سەروکاریتان لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا هەیە. هەنووکە بۆ من حوکمی خوداتان هەیە. سەرەتا بیرم دەکردەوە: گەر ئەو دووانە یەکدییان خۆشدەوێ، ئەوا دەبێت خۆشبەخت بن، منیش دەبێت فیداکاری بکەم و یارمەتییان بدەم. ئەمەشم بە باشترین کار دەزانی!

- دەزانم کە ئێوە لەم ڕێگەیەدا فیداکاریتان نیشانداوە و چاوپۆشیتان لە هەستی خۆتان کردووە.

- بەڵێ، بەس دوای ئەوەی بەردەوام هاتە دیدەنیم و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێمەوە هۆگر بوو، تووشی دوودڵی بووم و تا ئێستەش هەر لەخۆم دەپرسم ئایا درێژە بەم فیداکارییە بدەم و بکشێمەوە یان نا. دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، ئەرێ؟

- ئاساییە، دەبێت هەروابێ... ئێوەش لەم نێوەندەدا هیچ خەتایەکتان نییە.

- بەس خۆم وا بیر ناکەمەوە، ئێوە لە گومان پاکیی خۆتانەوە ئەو قسەیە دەکەن. بەس من پێم وایە کە دڵم ئەوەندەش پاك نییە، چونکە گەر پاك بووبا ئەوا دەبوو ئێستە بزانم کە پێویستە چ بڕیارێك بدەم. وەلێ جارێ با ئەم بابەتە وەلا بنێین. دوای ماوەیەك لەلایەن شازادەوە زانیارییەکی زیاترم سەبارەت بە پەیوەندییان پێگەیشت. هەروەها لەلایەن دایکم و ئالیۆشایشەوە، جا دواتر بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەوان بۆ یەکدی نەکراون، ئێوەش ئەمەتان پشتڕاست کردەوە. جا ئەوسا زیاتر کەوتمە بیری ئەوەی کە دەبێت چی بکەم، چونکە گەر بڕیار وابێت هەردووکیان بەدبەخت بن، ئەوا باشتر وایە کە لێك جیا ببنەوە، هەر لەبەر ئەوەش ویستم وردەکارییەکی زیاترتان لێ بپرسم، یان بەخۆم بچم بۆ لای ناتاشا و پێکەوە بڕیارێکی هاوبەش بدەین.

- بەس چ بڕیارێك؟ گرفتەکە ئەمەیە.

**- بەو دەڵێم: ‹‹ئێوە لەم دونیایەدا هیچ کەسێکتان هێندەی ئەو خۆش ناوێ، بەم پێیە خۆشبەختیی خۆتانی لە پێناودا بەخت بکەن و دواجار لێی جیا ببنەوە.››**

**- یەکەم ئێوە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو داخۆ چۆن ئەم پێشنیارەتان لێك دەداتەوە و دووەمیش گەر هاوڕاتان بێت، ئایا توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی هەیە؟**

**- ئەمە ڕێك هەمان ئەو شتەیە کە من شەو و ڕۆژ بیری لێ دەکەمەوە و...**

**کتوپڕ لە پڕمەی گریانی دا.**

**لە بارێکدا کە لێوەکانی دەلەرزین، بە ورتە ورت گوتی: ((باوەڕناکەن کە چەندە دڵم بۆ ناتاشا دەمێنێتەوە.))**

**ئیدی هیچی نەگوت. منیش بێدەنگ بووم و ئارەزووی گریان گرتبوومی. لێیم دەڕوانی و بەزەییم بەویشدا دەهاتەوە. وای لەو کچە نازدارە! لێم نەپرسی کە بۆچی لای وایە ئالیۆشا لەگەڵ ئەو خۆشبەخت دەبێت. دوای ئەوەی کە ژێر بووەوە، بە بارێکی کەمێك تێفکرانەوە پرسیی: ((ئێوە حەزتان لە مۆسیقا هەیە، ئەرێ؟))**

**بە کەمێك سەرسامییەوە گوتم: بەڵێ.**

**- گەر کاتمان هەبا ئەوا کۆنسێرتی ژمارە سێی *بتهۆڤن*م بۆ دەژەنتن. هەنووکە زۆر باش فێری بوومە. تەواوی ئەم هەستانەی تێدا بەیان کراون... ڕێك هەمان ئەو شتانەی کە خۆم هەستیان پێدەکەم، بەس با جارێ واز لەمە بێنین، با درێژە بە گفتوگۆکانمان بدەین.**

**سەبارەت بە چۆنیەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ناتاشا و ڕێکخستنی ئەم دیدارە قسەمان لەگەڵ یەکدی کرد. بە منی گوت کە چاودێریی دەکەن و گەرچی زڕدایکەکەی ژنێکی باشە و ئەوی خۆشدەوێ، بەس بە هیچ شێوەیەك مۆڵەتی ئەوە نادات کە دیدەنیی ناتاشا بکات، جا لەبەر ئەوەش بڕیاری داوە فێڵێك بەکار بهێنێ. بەیانیان جاروبار چووەتە دەرێ و پیاسەی کردووە، بەس هەمیشە کۆنتیسی لەگەڵ بووە. هەندێك جاریش بەخۆی لەگەڵی نەچووە و مۆڵەتی پێداوە کە بە تەنیا پیاسە بکات، بەس لەگەڵ سەرپەرشتێکی فەڕەنسی کە لەو کاتەدا نەخۆش بوو. جا ئەو دیدارەش لە کاتێکدا سەری دەگرت کە کۆنتیس تووشی سەرئێشە ببێت، بەم پێیە دەبوو چاوەڕێی هاتنە ئارای ئەو هەلومەرجە بێت. جا ئەوسا سەرپەرشتە فەڕەنسییەکەی قایل دەکات، (پیرەژنێك کە ڕۆڵی هاودەمی هەبوو) و ژنێکی زۆر باشیش بوو. بەس کێشەکە لەوە دابوو کە نەدەکرا پێشوەختە کاتێك بۆ سەردان و دیدەنیی ناتاشا دیاری بکرێت.**

- دوای ئاشنابوون بە ناتاشا لەو کارەتان پەشیمان نابنەوە، ئەویش زۆر حەزدەکات بتانناسێ، ئەم کارە پێویستیشە، چونکە لەوە تێدەگات کە ئالیۆشا بە دەستی چ کەسێك دەسپێرێ. هێندە خەم لەم بابەتە مەخۆن. زەمەن بەخۆی ڕێگەچارەیەك بەردەست دەخات. پێموایە بەم نزیکانە دەچن بۆ هاوینەهەوار، ئەرێ؟

- بەڵێ، بەم نزیکانە، لەوانەیە تا مانگێکی دی، دەزانم کە شازادە لەم بارەیەوە پێداگرییەکی زۆر دەکات.

- پێتان وایە کە ئالیۆشایش هاوسەفەرتان بێت؟

سەیرێکی کردم و گوتی: ((ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بەخۆشم بیرم لێ دەکردەوە. ئاخر ئەویش لەگەڵمان دێت.))

- ڕاستە.

- خوایە گیان، نازانم کە داخۆ ئەنجامی ئەم مەسەلەیە چی دەبێت. گوێگرن ئیڤان پترۆڤیچ، زوو زوو نامەتان بۆ دەنێرم و لە ڕووداوەکانتان ئاگادار دەکەمەوە. ئێستە ئێوەشم خستە دڵەڕاوکێ... سەردا نمان دەکەنەوە؟

- نازانم،ئەوە پەیوەندیی بە هەلومەرجەکانەوە هەیە... لەوانەشە هەرگیز نەیێمەوە.

- بۆچی؟

- لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر... ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ بە چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان من و شازادەوە پەیوەستە.

کاتیا بە شێوەیەکی بنجبڕانە گوتی: ((ئەو مرۆڤێکی کڵاوچییە. بزانم ئیڤان پترۆڤیچ، پێتان چۆنە گەر من سەردانتان بکەم؟ ئەم کارە دروستە یان نادروست؟))

- ڕای خۆتان چیە؟

- بە ڕای من کارێکی دروستە.

پاشان بە بزەوە لەسەری ڕۆیشت: ((من سەرتان لێ دەدەم، بۆیە ئەم قسەیە دەکەم کە نەك هەر بە تەنیا لای من کەسێکی بەڕێزن، بەڵکە خۆشەویستییەکی زۆریشم بۆتان هەیە... دەکرێ شتگەلێکی زۆرتان لێ فێر ببم... من هۆگری ئێوەم... ئایا ئەمە بە جۆرێك لە ڕووداری لێك نادرێتەوە؟))

- قسەی وا مەکەن، من بە چشنێك ئێوەم خۆشدەوێ کە وەك بڵێیت خزمایەتییەکی نزیکمان لەگەڵ یەکدیدا هەبێت.

- کەواتە پێتان خۆشە ببنە هاوڕێم؟

- بەڵێ، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە.

جارێکی دیش بە سەر ئاماژەی بۆ ئەو گرووپە سێ کەسییەی دەوری سەماوەرەکە کرد و گوتی: ((بێگومان ئەوان دەڵێن ئەم کارە شوورەییە. لەوە دڵنیام کە شازادە دەست ئەنقەست ئێمەی بە تەنیا جێهێشتووە هەتا بە بێخەمی گفتوگۆ لەگەڵ یەکدی بکەین. باش دەزانم شازادە چاوی لە سامانەکەی منە. ئەو دووانە لایان وایە من تەنیا منداڵێکم و ئەقڵم بە هیچ ناشکێ و بە ئاشکراش ئەو قسەیە دەکەن. بەس من وا نیم. ئیدی منداڵ نیم. کەسانێکی چەندە سەیرن! بەخۆیان منداڵن: بۆچی ئەوەندە پیش دەخۆنەوە؟))

- بەڕاست کاترینا فیۆدۆرۆنا، ئەم لیۆ و بۆریسەی کە ئالیۆشا زۆربەی کات سەردانیان دەکات، چ جۆرە کەسانێکن؟

- سووکە خزمایەتییەکم لەگەڵیاندا هەیە، کەسانێکی زۆر تێگەیشتوو و زۆر سەرڕاستن، بەس قسەی زۆر دەکەن، زۆر... دەیانناسم.

دوای کردنی ئەم قسانە بزەیەکی هاتێ. من پرسیم:

- ڕاستە نیازتان وایە یەك ملیۆن لە سەروەتەکەی خۆتان بخەنە بەر دەستی ئەوان؟

- بەڵێ، بێگومان، بەس خۆزگە باسەکە هەر ئەوەندە بووبا، هێندە چەنە چەنیان لەو بارەیەوە کردووە کە ئیدی ئارامیم لێ براوە. هەڵبەتە من ئامادەم لە ڕێی هەر کارێکی باشدا پێشکەشی بکەم. بەس پێتان وا نییە کە ئەم بڕە پارەیە ئێجگار زۆرە؟ ئەوجا من ناشزانم کە کەی دەتوانم ئەو پارەیە بدەم، کەچی ئەوان خەریکی دابەشکردنین، ڕا و بۆچوونی خۆیانی لەبارەوە دەڵێن، مشتومڕ دەکەن و لەسەر باشترین ڕێگەی بەکاربردنی لەگەڵ یەکدی دەیکەن بە چەلەحانێ، تەنانەت دەشی گەیەننە دەمەقرەکردن، لە ڕاستیدا زۆر سەیرە. زۆر لەسەر شت دەڕۆن و لێکی دەدەنەوە. بەس سەرەڕای ئەوەش زۆر ڕاستگۆ و دەستپاکن و... زۆریش زیرەکن. بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و تاووتوێن و ئەم کارەش زۆر لەوە باشترە کە خەڵکانی دی لە ژیانیاندا ئەنجامی دەدەن. ئێوە چی دەڵێن؟

تا ماوەیەکی زۆر پێکەوە دواین. کەم تا زۆر هەموو ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە و منیش چلێسانە گوێم لە تەواوی قسەکانی گرت. بە درێژایی ئەو ماوەیە بەردەوام داوای لێ دەکردم قسە لەسەر ناتاشا و ئالیۆشا بکەم. شەو گەیشتبووە نیوە و دواجار شازادە بەرەو لام هات، بە ئاماژەیەك تێیگەیاندم کە ئیدی وەختی ڕۆیشتنە. ماڵئاواییم لە کاتیا کرد، بە گەرموگوڕی دەستمی گوشی و سەیرێکی مانادارمی کرد. کۆنتیس تکای کرد سەردانیان بکەمەوە، لەگەڵ شازادە ماڵەکەمان جێهێشت.

ناتوانم چاوپۆشی بکەم و ئاماژە بە خاڵێکی بچووك نەکەم کە لەوانەشە پەیوەندیی بە گوتەکانمەوە هەبێت: لە دەرئەنجامی گفتوگۆ سێ کاتژمێرییەکەم لەگەڵ کاتیا، وێڕای هەندێك تێگەیشتنی دی، بە شێوەیەکی سەیر و

**بنجبڕانە ئەو بۆچوونەم بۆ دروست بووبوو کە ئەو لە منداڵێك بەولاوە هیچی دی نییە و هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان ژن و مێرد نییە. ئەم بابەتە وای دەکرد هەندێك لە بەڵگەهێنانەوە و بە گشتی ئەو شێوازە جددییەی کە بۆ وتووێژ لەسەر هەندێك پرس بەکاری دەبرد، شێوەیەکی پێکەنیناوی وەربگرێت.**

## ١٠

**شازادە وەختێك لە گالیسکەکەدا لە تەك منەوە دانیشت گوتی: (( پێت چۆنە دوو قۆڵی بچین شێوێك بخۆین؟))**

**من بە دوودڵییەوە هاتمە وەڵام: ((لە ڕاستیدا نازانم، شازادە، من هەرگیز شێو ناخۆم.))**

**بە سیمایەکی فێڵبازانەوە لێمی ڕوانی و گوتی: ((بێگومان بەدەم شێو خواردنەوە ‹‹گفتوگۆ››یش دەکەین.))**

**بەخۆمم گوت: ((ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی لە مەبەستی تێبگەم، دەیەوێ باسی هەندێك وردەکاری بکات و ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کەمن پێویستیم پێیەتی.)) پێشنیارەکەیم پەسەند کرد.**

**- باشە، کەواتە ڕێککەوتین، با بچین بۆ ڕێستۆرانی *مۆرسکائیا*...**

به كەمێك نارەحەتییەوە پرسیم: بۆ ڕێستۆران؟

- بەڵێ، بۆ عەیبی چییە؟ من بە دەگمەن لە ماڵێ شێو دەخۆم. مۆڵەت دەدەن داوەتتان بكەم؟

- بەس خۆ پێم گوتن كە من هیچ كات شێو ناخۆم.

- ئەمجارەیان لەبەر من بیخۆن، جا داوەتەكەش لەلایەن منەوەیە...

بە مانایەكی دی یانی پارەی خۆراكەكە لەسەر ئەوە. دڵنیا بووم دەسئەنقەست ئەم قسەیەی كردووە. خۆم سپاردە دەستی ئەو، بەس بە تەواوی لێبڕابووم كە بەخۆم پارەی خۆراكەكەم بدەم. گەیشتینە ڕێستۆران. شازادە ژوورێكی بچووكی هەڵبژارد و دوو سێ جۆر خۆراكی ڕاسپارد كە دیاربوو زۆر بەباشی پێیان ئاشنایە. ئەو خۆراك و خواردنەوانەی كە ڕایسپاردن زۆر گران بایی بوون. هیچ یەك لەوان لە توانای ماددیی مندا نەبوون. سەیرێكی لیستی خۆراكەكانم كرد و خواردنەوەیەكی هەرزان بایی و خۆراكێكی سادەم ڕاسپارد. شازادە نارەزایی دەربڕی:

- حەزناكەن لەگەڵ من شێو بخون؟ ئەمە شتێكی گاڵتەجاڕانەیە هاوڕێ، ئەم قرچۆكییەت لە هەڵبژاردنی جۆری خواردندا شتێكی زۆر بێتاقەتكەرە... ئەو پەڕی ڕادەی ڕەزیلییەوە. باوەڕ بكەن ئەم كارەتان نارەحەتم دەكات.

بەس من بڕیاری خۆمم نەگۆڕی.

- بەهەرحاڵ كەیف كەیفی خۆتانە، من ناچارتان ناكەم... بزانم، ئیڤان پترۆڤیچ، ئایا دەكرێت وەك دۆستێكی نزیك قسەتان لەگەڵ بكەم؟

- بێگومان، تكا دەكەم.

- ئەم دوورەپەرێزی و سەرسەختییە بە زیانی خۆتان دەشكێتەوە. تەواوی ئەو كەسانەش كە لەم بارەیەوە لە ئێوە دەچن، زیان بە خۆیان دەگەیەنن. ئێوە نووسەرن و نووسەریش پێویستە تێكەڵی خەڵكی ببێت و بیناسێ، كەچی ئێوە خۆتان لە خەڵكی دەدزنەوە. هەنووكە هیچ قسەیەك لەسەر ئەو خۆراكە ناكەم كە هەڵتان بژاردووە، بەس دەبینم ئێوە لەم ڕێیەوە دەتانەوێت هەموو جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ چینی ئێمەدا بپچڕێنن و ئەمەش كارێكی باش نییە. وێڕای ئەوەش شتانێكی زۆر لەدەست دەدەن (مەبەستم لە كارەكەتانە). ئێوە دەبێت لەنزیكەوە هەموو ئەو شتانە ببینن و ئەزموونیان بكەن كە لە چیرۆكەكانتاندا لێیان دەدوێن: كۆنتیسەكان، شازادەكان، ژووری تایبەتی خانمەكانیان... كەچی ئێوە تەنیا لەبارەی چارەڕەشی، پاڵتۆ ونبووەكان[1]، لێكۆڵەران، ئەفسەرە لووتبەرزەكان، فەرمانبەرانی دەوڵەت، سەبارەت بە ڕابردوو و ڕێ و ڕەوشتی بڕوادارە دێرینەكان دەدوێن...

---

[1]. ئاماژەیە بە ڕۆمانی ‹‹پاڵتۆ››ی نیكۆلای گۆگۆل.

- بەس ئێوە لە هەڵەدان، شازادە، گەر من لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئێوە بە ‹‹چینی پۆشتە و پەرداخ›› ناوی دەبەن هاموشۆم نییە، سەرەتا لەبەر ئەوەیە کە من لە نێویاندا وەڕەز دەبم و دوای ئەوەش هیچ کارێکم بەوان نییە! وێڕای ئەوەش جاروبار بە پێی پێویست تێکەڵی دەبم...

- دەزانم، ساڵی جارێك خۆتان بە ماڵی شازادە ‹‹ر›› دا دەکەن، یەکەمین جاریش هەر لەوێ ئێوەم بینی. بەس ماباقی ساڵەکە بە لووتبەرزییەکی دیموکراسیانەوە دەخزێنە ئەشکەوتەکانتان و لەوێ دادەڕزێن، گەرچی لە ڕاستیدا ئێوە تا ڕادەیەك ئاوها نین. بەس هەندێك ئاژاوەچی هەن کە جەوم پێیان دەگیرێت...

- تکاتان لێ دەکەم بابەتی گفتوگۆکە بگۆڕن و واز لە ئەشکەوتەکانی ئێمە بهێنن.

- ئاە، خوایە گیان! دەبینم وەك سووکایەتی پێکردنێك لێك دەدەنەوە. ئەوجا بەخۆتان مۆڵەتتان دامێ کە هاوڕێیانە قسەتان لەگەڵ بکەم. بەس داوای لێبوردن دەکەم، من هێشتا شایستەی ئەوە نیم کە ببمە هاوڕێتان و بۆ ئەم مەبەستەش هیچ کارێکم نەکردووە. ئەمە خواردنەوەیەکی باشە، تاقیی بکەنەوە.

کەمێکی بۆ تێکردم.

- دەزانن ئیڤان پترۆڤیچی ئازیز، من بە تەواوی ئەوە دەزانم کە سەپاندنی هاوڕێیەتی بەسەر کەسانی دیکەدا کارێکی بێ ئەدەبانەیە. هەر بەو جۆرەی کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە هەموو هاوچینەکانی ئێمە بەرانبەر بە ئێوە بێشەرم و ڕووهەڵماڵراو نین. هەڵبەتە لەوەش دەگەم کە گەر ئێوە لێرانە لەسەر مێزێك لەگەڵ من دانیشتوون، ئەوا بە بۆنەی چاوی کاڵی منەوە نییە، بەڵکە لەبەر ئەوەیە بەڵێنم پێتان داوە کە ‹‹دەمەتەقێ››یەکتان لەگەڵ بکەم. وا نییە؟

جا دەستی بە پێکەنین کرد.

بێ سەبرانە قسەم پێ بڕی و گوتم: ((بە هەڵەدا نەچوون.)) سەیردەکەم ئەو لەو جۆرە مرۆڤانەیە کە وەختێك کەسێکیان دەکەوێتە ژێر دەست کە پێویستیی بەوانە، ئیدی دەست بە تەشقەڵە پێکردنی کابرای ژێردەست دەکەن، منیش ئەو ساتە لە ژێر دەستی ئەو دابووم، نەمدەتوانی بەر لە بیستنی ئەو قسانەی کە دەیویست پێمیان بڵێ بەجێی بهێڵم، ئەویش چاك ئەم بابەتەی دەزانی. کتوپڕ شێوازی قسەکردنی خۆی گۆڕی و هەر ساتەو چووختیتر، بێشەرمتر و تەشقەڵەبازتر دەردەکەوت. من درێژەم پێدا: ((بەڵێ، ڕاست دەکەن، شازادە، هەر لەبەر ئەوە لەگەڵتان هاتووم بۆ ڕێستۆران، گەرنا، هەرگیز لێرە نەدەمامەوە... بەتایبەت تا ئەم درەنگانی شەوەش.))

پێم خۆشبوو بڵێم گەرنا بە هیچ نرخێك ئامادە نەبووم لە تەك ئێوە دابنیشم، بەس بەرم بە خۆم گرت و ڕستەکەمم گۆڕی، وەلێ نەك لەبەر ترس، بەڵکە لەبەر ئەدەب و هەروەها ئەو لاوازییە دەروونییە نەفرەتییەی کە هەمە. جیا

لەمەش چۆن دەکرێت ڕووبەڕوو قسەی ناشرین بەرانبەر خەڵکی بکەیت، تەنانەت گەر بەرانبەرەکەت شایەنی ئەوەش بێت و وای پێ خۆشبێ کە بێئەدەبانە و شەڕانیانە ڕەفتاری لەگەڵ بکەیت؟ پێموایە شازادە ئەم بابەتەی لە نیگامدا خوێندەوە، چونکە لە وەختی قسەکردنەکەمدا، بە سیمایەکی گاڵتەجاڕانەوە چاومی تێبڕی بوو، دەتگوت لەزەت لە دەستە پاچەیی و کەم ڕوویم دەبات و بە نیگای هەڵیدەنام کە: ((کەواتە زاتت نییە قسەی دڵت بکەیت و دەیگۆڕیت، ئازیز!)) بێگومان ئەمە مانای نیگاکەی بوو، چونکە کە قسەکەم تەواو بوو، دەستی کردە پێکەنین و بە سیمایەکی پاڵپشت کەرانەوە دەستێکی بە ئەژنۆم داکێشا. لە نیگایدا ئەمەم دەخوێندەوە: ((کاتێکی خۆشت پێ بەسەر دەبەم، هاوڕێ!))

لە دڵدا گوتم: پەلەت نەبێت!

بە دەنگی بەرز گوتی: ((هەست دەکەم ئەمشەو زۆر خۆشحاڵم، لە ڕاستیدا بەخۆشم هۆکارەکەی نازانم. بەڵێ! دەمەوێ قسە لەسەر باوکی ئەو کچە بکەم. مرۆڤ دەبێت تەنیا جارێک قسە لەسەر بابەتێك بکات و ئیدی بگاتە ئەنجام، هیوادارم ئەمجارەیان بە تەواوی دەرك بە قسەکەم بکەن. ماوەیەك لەمەوبەر قسەم لەسەر ئەم باوکە ساویلکەیەی کە هەر دەڵێی کوڕێژگەیەکی شەست ساڵەیە و ئەو بڕە پارەیە کرد کە بە ئێوەم گوت بە تەمام بۆی بگەڕێنمەوە... پێویست ناکات دیسان دووبارەی بکەمەوە. بەس ئەو قسانەم «هەروا و بۆ خۆشی» کردن. ها! ها! ها! ئێوە نووسەرن و دەبوو سۆسەی ئەم شتانە بکەن...))

واق و وڕ لێیم دەڕوانی. وێڕای ئەوەش بە سیمایدا پێنەدەچوو مەست بێت...

- باشە، بەس سەبارەت بەم کچە لاوە، لە ڕاستیدا ڕێزم بۆی هەیە، تەنانەت هەست دەکەم خۆشیشم دەوێ، باوەڕ بکەن، ڕاستە کە تا ڕادەیەك کەڵکەڵەبازە، بەس پێشینیان لەسەر هەق بوون کە پەنجا ساڵێك لەمەوبەر گوتوویانە: «هیچ گوڵێك بێ دڕك نییە»، ڕاستە کە دڕکەکان ئازار بە مرۆڤ دەگەیەنن بەس مرۆڤ وەسوەسە دەکەن و بەرەو خۆیانی ڕادەکێشن، گەرچی ئەم ئالیۆشایەی من لاوێکی دەبەنگە، بەس تا ئەندازەیەك لێی خۆش بوومە، چونکە سەلیقەیەکی باشی هەیە. بە کورتییەی من کەیفم بەم جۆرە کچانە دێت و (لێوەکانی بە شێوەیەکی مانادار پێك گوشین) تەنانەت لەم بارەیەوە بڕیارێکیشم داوە... بەس با ئەمە هەڵگرین بۆ دوایی...

بە ناڕەحەتییەوە گوتم: ((شازادە، من سەر لەم ڕاگۆڕینە کتوپڕانەیەتان دەرناکەم، بەس... تکا دەکەم بابەتی قسەکردنەکە بگۆڕن!))

- دیسان کەللەت گەرم داهاتەوە! باشە... بابەتێکی دی دەکەمەوە! تەنیا دەمویست شتێکتان لێ بپرسم، هاوڕێ باشەکەم: ئایا ئێوە ڕێزێکی زۆرتان بۆ ئەم کچە هەیە؟

بە پشووکورتییەکی کتوپڕانەوە گوتم: بەڵێ.

بە دەمێکی دادڕیو و ددانێکی دەرکەوتوو و هەروەها پێڵوێکی نیوە داخراوی ڕقهەڵسێنەوە لەسەری ڕۆیشت: باشە، خۆشیشتان دەوێ؟

بە دەنگێکی بەرز گوتم: بیرتان چوو چ بەڵێنێکتان پێ دام.

- باشە، بێدەنگ دەبم، ئیدی قسە ناکەم. وەرنەوە سەرخۆتان! ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ئێجگار سەرسامکەر بە زەوق و خۆشکەیفم. زۆر دەمێکە وەها شادییەکم بەخۆمەوە نەدیوە. پێتان چۆنە خواردنەوەی غازدار بخۆینەوە، ڕاتان چییە، کاکی شاعیر؟

- من ناخۆمەوە، حەزناکەم هیچ شتێك بخۆمەوە.

- بێدەنگ بن. دەبێت بە تەواوی هاوڕای من بن. جەوێکی خۆشم هەیە و زۆر هەستیار بوومە، بەس ناکرێت خۆم بە تەنیا دڵخۆشبم. کێ چوزانێ، لەوانەیە بەدەم خواردنەوەوە بە یەکدی بڵێین«تۆ»! ها! ها! ها! نا، هاوڕێ لاوەکەم، هێشتا ئێوە بە باشی من ناناسن! دڵنیام کە خۆشتان دەوێم. حەزدەکەم لە خەم و شادی، گریە و پێکەنین دا هاوبەشم بن، گەرچی هیوادارم لایەنی کەم نەکەومە گریان. باشە، پێتان چۆنە، ئیڤان پترۆڤیچ؟ ئاگاتان لە وەبێت کە ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەو جۆرە سەر نەنرێتەوە کە من دەمەوێت، ئەوا هێزی خەیاڵم لە دەست دەدەم، دەبێتە دوکەڵێك و تێکەڵی هەوا دەبێت و ئێوش هیچ شتێکتان دەست ناکەوێ، ئەمەش لە دۆخێکدا کە ئێوە تەنیا بەو بۆنەیەوە لێرەن هەتا سەر لە بابەتێك دەربکەن، وا نییە؟

دیسان چاوێکی ڕوودارانەی لێ داگرتم و بۆی زیاد کرد: ((جا هەڵبژاردن لە دەست خۆتان دایە.))

هەڕەشەکە جددی بوو. پەسەندم کرد. بەخۆمم گوت: ((تۆ بڵێیت بە تەمای سەرخۆشکردنم نەبێت؟)) هەر بەڕاستی ئێستە کاتی ئەوە بوو کە باسەکە ببەمەوە سەر ئەو قسانەی کە لەبارەی شازادەوە دەکران و منیش دەمێك بوو بیستبوومن. باسیان دەکرد کە گەرچی لەنێو خەڵکی و کۆمەڵگەدا ڕەفتاری ڕێزدارانە و بێ خەوشە، بەس هەندێك شەو حەزی لێیە بخواتەوە و لە ژێرەوە بە هەندێك کاری چەپەڵەوە خەریك بێت... حەکایەتگەلێکی تۆقێنەرم لەبارەیەوە بیستبوون. دەیانگوت ئالیۆشایش دەزانێت کە باوکی جار و بار لە خواردنەوەدا زیادەڕۆیی دەکات، ئەویش هەوڵی دەدا ئەم بابەتە لەوانی دی و بەتایبەت لە ناتاشایش بشارێتەوە. ڕۆژێکیان کە لەگەڵ من تێکەوت، زۆر بە پەلە باسەکەی بردەوە سەر هەندێك شتی دی و وەڵامی هیچ پرسیارێکمی نەدایەوە. جیا لەوەش من ئەم بابەتەم لە زاری ئەوانی دیکەوە بیستبوو و دانیشی پێدا دەنێم کە تا ئەو وەختە بڕوام نەکردبوو، ئێستە چاوەڕێی بووم بزانم چی ڕوودەدات.

خواردنەوەی گازداریان هێنا و شازادە لێوانەکەی من و هیکەی خۆیشی پێ پڕ کرد.

شازادە بەدەم نۆشینی خواردنەوەکەیەوە درێژەی دایە گوتەکانی: ((دلرفێنە، کچێکی زۆر دلرفێنە، گەرچی ڕەفتارێکی زبریشی بەرانبەر من نواند: بەس ئەم بوونەوەرە لەبەردلان و ناسکانە بە تایبەت لەو ساتانەدا زۆر سەرنجراکێشتر دەبن... بێگومان لەبەر خۆیەوە وا بیری کردووەتەوە کە ئەو شەوە منی دەهری کردووە، بیرتان دێت؟ منی کردووە بە خۆلەمێش! ها! ها! ها! ئەو سوور هەلگەڕانەی چەندە لێ دەهات. ئێوە شارەزای ژنەکانن؟ هەندێك جار گۆنای ڕەنگ پەڕیو، بە شێوەیەکی شایەنی ستایش سوور هەلگەڕانی لێ دێت، ئێوە سەرنجی ئەم بابەتەتان داوە؟ ئاە! خوایە گیان! دیسان ناوچاوتان تال کرد.))

ئیدی نەمدەتوانی بەر بە خۆم بگرم و بە هاوارەوە گوتم: ((بەلێ! حەز ناکەم قسە لەسەر ناتالیا نیکلایۆنا بکەن... یان لایەمی کەم بەم شێوەیە... لێتان... لێتان قەبوول ناکەم!))

- ئۆو، ئۆو! باشە، لەبەر خاتری دلی ئێوە هەر ئێستە بابەتەکە دەگۆڕم. من وەکو هەویر شلك و شیاو و ئەهلی ئاشتیم. با قسە لەسەر ئێوە بکەین. من زۆر دەربەستی ئێوەم، ئیڤان پترۆڤیچ، گەر بزانن من چەندە ڕاستگۆیانە و هاوڕێیانە دەربەستی ئێوەم...

قسەکەیم پێ بڕی و گوتم: ((شازادە، باشتر نییە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین؟))

- مەبەستتان لە ((بابەتەکەی خۆمان))ـە؟ باش لە قسەکەتان تێدەگەم، هاوڕێکەم، بەس هیچ ئاگاتان لەوە نییە کە چەندە لە بابەتە سەرەکییەکە نزیك کەوتووینەتەوە. گەر ئێستە قسە لەسەر ئێوە بکەین و هەلبەتە گەر قسەکانم پێ نەبڕن، ئیدی ئەوسا دەتوانم مەبەستی خۆم ڕابگەیێنم: دەمەوێت بە ئێوە بلێم ئیڤان پترۆڤیچی ئێجگار بەڕێز، گەر درێژە بەم جۆرە ژیانە بدەن، ئەوا زۆر بە سادەیی لەناودەچن. لێگەڕێن با تاووتوێی ئەم بابەتە هەستیارە بکەین، تەنیا لەبەر خاتری هاوڕێیەتی ئەم کارەش دەکەم. ئێوە کەمدەستن، بەر لە نووسینی کتێبێك بڕە پارەیەك وەك یارمەتی لە پەخشانگەی کتێبەکەتان وەردەگرن، بەو پارەیە قەرز و قۆلەکانتان دەدەنەوە و بەوەندەشی کە بۆتان دەمێنێتەوە، بە درێژایی شەش مانگ تەنیا نان و چا دەخۆن، لە کونە مشکەکەشتاندا لە سەرماندا هەلدەلەرزن و چاوەڕێی ئەوەن کە ڕۆمانەکەتان بەش بەش لەو گۆڤارەدا بلاو ببێتەوە کە گرێبەستتان لەگەلی هەیە: وا نییە؟

- گریمان کە ئاوها بوو، بەس لەگەل هەموو ئەمانەشدا...

- بەلێ، هەلبەتە، ئەمە زۆرلە دزیکردن باشترە، زۆر لە ماستاوکردن کردن بۆ ناپیاوان و بەرتیل دان و پیلانگێڕان باشترە. دەزانم بەتەمای چ قسەیەکن، هەموو ئەمانە ڕوون و ئاشکران، زۆر لەمێژە.

- پێویست بەوە ناکات قسە لەسەر بار و دۆخی ژیانی من بکەن. پێویست ناکات فێری ڕەچاوکردنی ئەو خالانەم بکەن، بەلکە ئەوە ئێوەن کە پێویستتان بە ڕەچاوکردنی ئەو خالانە هەیە...

- هەڵبەتە نا! بەس سوودی چییە من ئەوەندە سەری خۆم بەم بابەتەوە بئێشێنم؟ بەهەرحاڵ، ئیدی قسە لەسەر کەچە خانووەکان ناکەم. من وەك خۆم حەز ناکەم لەو جۆرە شوێنانە بژیم، تەنیا مەگەر لە هەندێك هەلومەرجدا (پێکەنینێکی چەپەڵانەی کرد). بەس بابەتێك زۆر سەرسامم دەکات: چ چێژێك لە نواندنی ڕۆڵی ژمارە دوو وەردەگرن؟ ڕاستە کە نووسەرێك لە جێیەکدا نووسیویەتی کە گەورەترین کار لە ژیاندا لەوانەیە ڕازیبوون بێت بە گێڕانی ڕۆڵێکی ئاسایی و سەرپێیی... یان شتێکی لەم بابەتە! لەم بارەیەوە هەندێك شتم بیستووە، دەزانم کە ئالیۆشا خۆشەویستەکەتانی لێ زەوت کردوون و ئێوەش بە وێنەی شیلەرێکی ڕاستەقینە لە پێناو ئەواندا خۆتان دەکەنە قوربانی، خزمەتێکی زۆریان پێ دەکەن، تەنانەت هەر ئەوەندەی ماوە بە تەواوی ببنە بەردەستیان... لێم ببوورن، دۆستی ئازیز، وەلێ من تەنیا لە خۆشەویستییەوە ئەم قسانە دەکەم... هەر بەڕاست چۆن بابەتێکی لەم چەشنە ئازارتان پێ ناگەیەنێت؟ ڕۆڵێکی شەرمەزارانەیە! گەر لە جێگەی ئێوە بام، پێموایە لە داخاندا دەمردم، ئەمە زۆر جێی شەرمەزارییە، شەرمەزاری!

لە بارێکدا کە هێندە ڕقم هەستابوو بەرچاوی خۆمم نەدەدەیت، گوتم: ((شازادە، دەبینم بۆیە منتان هێناوە بۆ ئێرە هەتا پێم ڕابوێرن.))

- ئاه، نا دۆستی من، نا. هەنووکە من مرۆڤێکم کە وازم لە قسەی بێ ناوەڕۆك هێناوە و بێ لە خۆشبەختیی ئێوە هیچ شتێکی دیکەم ناوێت. بە کورتییەکەی بە تەمام هەموو شتێك بخەمەوە سەر ڕاستەڕێ. بەس با جارێ واز لەم قسانە بهێنین، گوێم بۆ ڕادێرن و هاوکات هەوڵبدەن تەنانەت گەر بۆ چەند خولەکێکیش بێت کەللەتان گەرم دانەیێ. ڕاتان چییە لەسەر ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەك؟ دەبینن کە وا خەریکم بە تەواوی لەبارەی ‹‹بابەتێکی دیکە›› وە قسە دەکەم: بۆچی ئاوها واق و وڕ لێم ڕاماون؟

لە بارێکدا کە هەر بەڕاستی واق و وڕ لێی ڕامابووم گوتم: ((چاوەڕێی تەواوبوونی قسەکانتانم.))

- وەلێ تەواوی بابەتەکە هەر ئەمەندە بوو. دەمەوێ بزانم گەر یەکێك لە هاوڕێکانتان هەر بە ڕاستی دەربەستی خۆشبەختیتان بێت، خۆشبەختییەکی ڕاستەقینە نەك خەیاڵی، جا ئەو هاوڕێیە گەر کچێکی بەئەزموونتان پێ بناسێنێ، ئەوا کاردانەوەی ئێوە چی دەبێت، هەڵبەتە خەریکم بە خوازە قسە دەکەم، بەس ئێوە باش لە مەبەستم حاڵی دەبن، کچێکی وەك ناتالیا نیکلایۆنا، هەڵبەتە لەگەڵ پاداشتێکی شیاو و باشیشدا... (ئاگاداربن کە من لەمەڕ بابەتێکی دیکە دەدوێم و مەبەستم لە مەسەلەکەی ‹‹خۆمان›› نییە)، باشە، ڕاتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟

- ڕای من ئەوەیە کە ئێوە شێتن!

- ها! ها! باه، دەڵێی دڵتان پێوە تێهەڵدانێکیشم بکەن؟

لە ڕاستیدا ئامادەبووم دەست بۆ یەخەی ببەم. لەوە زیاتر خۆمم پێ ڕانەدەگیرا. وەك حەشەرەیەکی نەگریس دەهاتە بەرچاوم، وەك جاڵجاڵۆکەیەکی گەورە کە هێندە بەلامەوە پیس و چەپەڵ بوو کە حەزم دەکرد هەر لەو ساتەدا بە لەقە بیپلیشێنمەوە. ئەو چێژی لەم تەشقەڵە پێکردنە دەبرد و لە بارێکدا کە پێی وابوو بە قۆڵبەستراوی لەبەر دەستی دامە، وەك چۆن گوربە یاری بە مشکێك دەکات بە هەمان شێوە ئەویش منی کردبووە بابەتی یاری و پێ ڕابواردن. وای بۆ دەچووم (تەواو لەم بابەتە دڵنیا بووم) ئەو لەزەتێکی ئاژەڵانە لەم بێشەرمی، ڕووهەڵماڵراوی، بێئەدەبی نواندن و دەمامك لە ڕوولادانە دەبات. گەرەکی بوو چێژ لە سەرسامکردن و تووڕەکردنم وەربگرێت. لە ڕاستیدا ڕسوای کردبووم و سەری دەخستە سەرم. هەر لە هەمان سەرەتاوە وای بۆ چووبووم کە شێوەی ڕەفتار و قسەکردنی هەر لە سەرەتاوە دیاریکراوە و بە مەبەستێکی تایبەت وا دەکات، بەس لەو هەلومەرجەدا کە منی تێدا بووم، دەبوو بە هەر نرخێك بووە بە ناچاری هەتا کۆتا گوێ لە قسەکانی بگرم. بەرژەوەندیی ناتاشا وای دەخواست و دەبوو بە هەموو ئەگەرێك ڕازی ببم، چونکە لەوانەبوو لەم ساتەدا ڕێگەچارەیەك بۆ مەسەلەکەی ئەو پەیدا ببێت. بەس چۆن دەکرا بە خوێن ساردییەوە مل بۆ ئەو هەموو پێ ڕابواردنە ناشیرن و ناخۆشانە بدەم و نقەم لێوە نەیێ؟ لە هەمووشی خراپتر ئەوەبوو کە ئەو دەیدیت من ناچارم هەتا کۆتا گوێ لە قسەکانی بگرم و ئەمەش وای دەکرد سووکایەتی کردنەکانی چەپەڵانەتر دەربکەون. بە خۆمم گوت: ((لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش بە هەمان شێوە پێویستی بە من هەیە.)) جا بە شێوەیەکی ڕەق و بنجبڕانە لێی هاتمە وەڵام، ئەویش دەرکی بەم بابەتە کرد.

بە سیمایەکی جددییەوە چاوی تێبڕیم و گوتی: ((گوێبگرن هاوڕێ لاوەکەم: ئێمە ناتوانین درێژە بەم مەسەلەیە بدەین، وا باشترە لەسەر شتێك ڕێك بکەوین. من نیازمە بۆچوونی خۆم لەبارەی هەندێك شتەوە دەرببڕم، بەس دەبێت ئێوە پیاوەتی بکەن و تا کۆتا گوێ لە قسەکانم بگرن. دەمەوێ بە پێی حەزی دڵ و جۆری بیرکردنەوەی خۆم قسە بکەم و لەم هەلومەرجە هەنووکەییەشدا ئەمە شتێکی زۆر پێویستە. باشە، هاوڕێ لاوەکەم، وەك پێویست دان بەخۆتدا دەگریت؟)) گەرچی بە نیگایەکی گاڵتەجاڕانە و جەوگرەوە چاوی تێ بڕیبووم و بە ئاشکرا دەیویست هەڵمبنێ هەتا بەرهەڵستیی بکەم، بەس بەسەر خۆمدا زاڵ بووم و نقەم لەخۆم بڕی. بەس کە بینیی من بێدەنگیم هەڵبژاردووە، ئیدی درێژەی دایە قسەکانی:

-لێم قەڵس مەبن، هاوڕێکەم! جا بۆ دەبێت لە من بڕەنجێن؟ تەنیا لەبەر ئەو ڕەفتاری کە دەینوێنم؟ بەس ئێوە بەدەر لەمە هەرگیز چاوەڕێی هیچ شتێکی دیکەم لێ مەکەن. جیا لەوەش چ بە ڕێز و ئەدەبەوە قسە بکەم یان هەندێك جار وەك ئێستە بە بێشەرمییەکی تەواو بدوێم، لای ئێوە هەر یەك مانای هەیە. ئێوە کەیفتان بە من نایێ، وایە؟ بڕوانن کە من مرۆڤێکی چەندە ڕاستگۆ، ڕاشکاو و جوان سروشتم! من تەنانەت بچووکترین هەوەسە منداڵانەکانی خۆمیشتان پێشان دەدەم. بەڵێ، دۆستی ئازیز، گەر ئێوەش کەمێك خولق و خووتان نەرم بێت، ئەوا لەگەڵ یەکدی دەگەینە ڕێککەوتنێك و دواجار بۆ هەمیشە لە یەکدی تێدەگەین. سەرت سوڕنەمێنێ: تەواوی ئەم دڵپاکی و بێ گوناحییە، هەموو ئەم بەسەرهاتە شاعیرانە شیلەر ئاسایانە، ئەم هەموو هەوراز و نشێوانەی ئەم

پەیوەندییە نەفرەتییەی ناتاشا (کە وێڕای هەموو شتێك کچێکی لەبەردڵانە)، هێندەم بێتاقەت دەکەن کە هەندێك جار بە پێچەوانەی حەزی خۆمەوە ناچارم کەمێك گاڵتەجاڕی بنوێنم. ئێستاکە ئەم هەلومەرجە هەڵکەوتووە، جیا لەوەش هەر حەزم دەکرد سفرەی دڵمتان لەبەردەم واڵا بکەم، ها! ها! ها!

- بەڕاستی سەرم لێتان سوڕماوە، شازادە، بەم شێوە قسەکردنە ڕاشکاوانەیەتان ڕێك لە لێبووکێك دەچن.

- ها! ها! ها! زۆریش خراپ نییە. پێکچواندنێکی سەنجڕاکێش بوو. ها! ها! ها! قسەکانتان چێژبەخشن، دۆستی ئازیز، جەوم خۆشە و بەکەیف و ڕازیم، جا ئێوە، شاعیرەکەی من، دەبێت بەرانبەر بە من زۆر لەخۆبردوو بن.

پاشان لە بارێکدا کە زۆر دڵی بەخۆی خۆش بوو، لێوانەکەی پڕکرد و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ((وا باشە کەمێك بخۆینەوە. ئەوە بزانن هاوڕێکەم کە ئەو شەوە نارەحەتکەرەی ماڵی ناتاشا، بیرتانە؟ زۆری بێتاقەت کردم. ڕاستە ڕەفتاری زۆر بەڕێزانە بوو، بەس من بە کینەیەکی توندەوە ئەوێم جێهێشت و هەرگیز ئەم بابەتەش لەبیر ناکەم. باکیشم لە گوتنی ئەم قسەیە نییە. هەڵبەتە بەم نزیکانە نۆرەی من دێت، بەم نزیکانە، وەلێ با جارێ ئەم بابەتە بخەینە لاوە. دەمەوێ پێتان بڵێم کە لەنێو تایبەتمەندییە خودییەکانی مندا، خەسڵەتێك هەیە کە هێشتا ئێوە بە باشی پێی ئاشنا نین. من بێزم لەم هەموو ساویلکەییە بێتامانە و ئەم هەموو عەشقە شاعیرانانە دەبێتەوە و هەروەها هەمیشە لەزەتم لەوە بردووە کە سەرەتا ببمە هاوسۆز و هاوخەمیان، پاڵپشتییان بکەم، لەگەڵیاندا بکەومە وەسف و ستایشی کەسانی شیلەر ئاسا و ئەویندار، جا پاشان لە کتوپڕێکدا دۆشیان دابهێنم: بە جووڵەیەکی خێرا، دەمامك لە ڕووخسارم لابدەم و لە جێی نیشاندانی سیمایەکی خەماوی، دەمەلاسکەیان بکەمەوە و جا لە ساتێکدا کە زۆر بە کەمی چاوەڕێی شتێکی لەو جۆرە دەکەن، زمانمیان لێ ڕابکێشم. یانی چی؟ ئێوە لەم شتانە تێناگەن؟ لەوانەیە وەك شتێکی پڕوپووچ، ناشیرین و چەپەڵ بێنە بەرچاوتان؟ ))

- بەڵێ.

- چەندە مرۆڤێکی قسە لەڕوون! بەس وەختێ کەسانێك ئازارم پێ دەگەیەنن، ئێوە بە تەمان من چ کاردانەوەیەکم لە بەرانبەریاندا هەبێت؟ من بە شێوەیەکی گەمژانە ڕاشکاوم، بەس ئەمە بەشێکی بچووکی تایبەتمەندییە خودییەکانی منە. جیا لەمە، دەمەوێ هەندێك لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە. جا ئەوسا زۆر بە باشی لێم تێدەگەن و زۆریشتان بەلاوە سەرنجڕاکێش دەبێت. بەڵێ، ڕاستە، ڕەنگە لە لێبووکێك بچم، بەس خۆ لێبووکێکیش دەتوانێ ڕووڕاست بێت، ئەرێ؟

- گوێبگرن شازادە، درەنگ وەختە و لە ڕاستیدا...

- خوایە گیان! ئێوە چەندە پشووکورتن. ئەم هەموو پەلەکردنەتان لە چییە؟ با وەك دوو دۆستی گیانی بە گیان لە بەرانبەر لێوانێك خواردنەوەدا بمێنینەوە و بێ فرەوفێڵ وتووێژ لەگەڵ یەکدی بکەین، وەکو دوو هاوڕێی باش. پێتان

وایە سەرخۆشم؟ گەر وا بیر دەکەنەوە، ئەوا باشتر، ها! ها! ها! ڕاستە، پاشان تا ماوەیەکی زۆر ئەم دانیشتنە دۆستانەیەتان لە یاد دەمێنێتەوە، چێژیشتان پێ دەبەخشێت. ئێوە مرۆڤێکی نارەسەنن، ئیڤان پترۆڤیچ! هەستیار نین. عەیبی چییە یەك دوو کاتژمێرێك لە وەختی خۆتان لەگەڵ دۆستێکی وەك من بەسەر ببەن؟ ئەمە وادەکات زیاتر لە بابەتە سەرەکییەکەمان نزیك ببینەوە... چۆن دەرك بەمە ناکەن؟ ئێوە گەرچی نووسەرن، بەس ناتانەوێ سوود لەم هەلومەرجە وەربگرن، دەتوانن وەك سەرمەشقێك چاو لە من بکەن، ها! ها! ها! خوایە گیان، ئەمڕۆ بەهۆی ئەم ڕاشکاوییەمەوە چەندە جوان و دڵپەسەند دەنوێنم.

بە ڕوڵەت وا دەردەکەوت گرتبێتی، ڕووخساری گۆڕابوو و بارێکی ڕق لە دڵانەی وەرگرتبوو. بە تەواوی ئەوەی پێوە دیاربوو کە حەز دەکات ئازارم بدات، بمتەزێنێ، توانجم لێ بدات و پێم ڕابوێرێ. بە خۆمم گوت: ((لە ڕوێکەوە وا باشترە کە سەرخۆش بێت. مرۆڤی سەرخۆش قسەی دڵی دەکات.)) بەس ئەو بە تەواوی فکر و هۆشی لەسەر خۆی بوو.

بە چالاکی و خۆشکەیفییەکی ئاشکراوە، دیسان دەستی بە قسە کردەوە: ((هاوڕێکەم، چەند ساتێك لەمەوبەر دانم بەوەدا نا کە هەندێك جار حەزم لێیە زمان لە کەسانێك ڕابکێشم، لەوانەشە نابەجێ بووبێت، بەس ئێوە لەبەر ئەم دان پێدانانە ڕووڕاستانەیە، منتان بە لێبووکێك چواند، لە ڕاستیدا کەیفم بەم بابەتە هات. بەس گەر لۆمەم بکەن، یان سەرتان لەوە سوڕبمێنێ کە بۆچی لەم ساتەدا ئاوها بێ ئەدەبانە لەگەڵتان دەدوێم، یان بە جۆرێکی شەڕەنگێزانە و وەك ڕەعیەتێك ڕەفتارتان لەگەڵ دەکەم، ئاخر لە پڕێکدا بە تەواوی شێوازی قسەکردنەکەم گۆڕی، ئەوا لە ڕاستیدا ئەمە بێویژدانییە. یەکەم من چێژ لەوە دەبەم کە ئاوها بم، دووەم تەنیا نیم و ‹‹لەگەڵ ئێوە››م... بە دەربڕینێکی دی دەمەوێت بێژم کە وەك دوو هاوڕێی نزیك بۆ خۆمان خەریکی ڕابواردنین و سێیەمیش من ئارەزووم لە هەوەسبازییە، ئایا دەزانن کە لە ڕابردوودا، من کەسێکی مرۆڤدۆست بووم و دوای هەندێك پرسی بان سروشت (میتافیزیك) ی کەوتبووم و هێندەی نەمابوو ببمە هاوفکری ئێوە؟ هەڵبەتە هەموو ئەمانە سەر بە ڕابردوویەکی دوورن، بۆ سەردەمی زێڕینی لاویم دەگەڕێنەوە. بیرم دێت کە بە ئامانجگەلێکی مرۆڤ دۆستانەوە گەڕابوومەوە سەر موڵکەکەم و بێگومان زۆریش بێتاقەت دەبووم. باوەڕم پێ ناکەن گەر بڵێم لەو سەردەمەدا چ ڕووداوێکم بۆ هاتە پێش. لەبەر بێتاقەتی و وەڕزی هاتوچۆی هەندێك کچی جوانم دەکرد... خۆتان مۆن دەکەن؟ ئاه! هاوڕێ لاوەکەم! بەس با ئەم قسانە لە بەینی خۆمان دابن. مرۆڤ لە وەختی ڕابواردن و خواردنەوەدا، زمانی خۆی پێ ناگیرێت! جا ئەخلاقی منیش ڕووسیانەیە، زێدپەرست و ڕاشکاوم، حەزم لە کەیف و ڕابواردنە، ئەوجا مرۆڤ دەبێت هەلەکان بقۆزێتەوە و چێژ لە ژیان وەربگرێت. ئێمە ڕۆژێك دادێت کە دەمرین، بە تەمای چین؟ جا هەر لەبەر ئەوە خووم دایە کچ و شت. ژنە شوانێکم بیرهاتەوە کە مێردەکەی ڕەعیەتێکی لاو و قۆز بوو. ڕامسپارد چینێکی باشیان تێهەڵدا و جا دەمویست ڕەوانەی خزمەتی سەربازیی بکەم (هەمان ئەو فڕوفێڵە کۆنانە، هاوڕێ شاعیرەکەم!) بەس ئەو کارەم نەکرد. لە نەخۆشخانەکەمدا گیانی سپارد... چونکە لەو سەردەمەدا ڕامسپاردبوو و نەخۆشخانەیەکی دوازدە قەرەوێڵەیی شازیان دروست کردبوو، پاك و خاوێن، ڕووپۆشێکی تەختەییشی هەبوو.

ماوەیەکی زۆرە ڕووخاندوومە، بەس لەو سەردەمەدا زۆر پێیەوە دەمنازی: ئەوسا هێندە مرۆڤدۆست بووم کە کارێکم کرد ئەو ڕەعیەتە لەژێر لێدانی قامچیدا بمرێت، هەڵبەتە لەبەر ژنەکەی... دیسان ناوچاوتان تاڵ کردەوە، ڕقتان لەم جۆرە قسانەیە؟ هەستی شەرەفمەندانەتان دەبزوێنن؟ باشە، بەسە، ئارام بن. ئەمانە هەمووی سەر بە ڕابردوون. لە سەردەمێکدا ئەم کارانەم کردن کە سروشتێکی شاعیرانەم هەبوو، یان نیازم وابوو کەسێکی سوودمەند بم بۆ مرۆڤایەتی، لێژنەیەکی مرۆڤدۆست پێك بهێنم... چووبوومە کرۆکی ئەم جۆرە کارانەوە. لەو وەختانەدا ڕامدەسپارد ڕەعیەتەکان شەلاقکاری بکەن. ئێستە ئیدی دەستم لەم جۆرە کارانە هەڵگرتووە، یانی سەردەمەکە وا دەخوازێ، دەبێت هەمووومان ڕقمان لەم کارانە بێت، ئێستە دەبێت خەریکی نواندن بین، ئەمە هەمان ئەو کارەیە کە هەمووومان پێیەوە خەریکین... بەس هەنووکە ئەوەی کە زیاتر لە هەر شتیکی دی دەمخاتە پێکەنین، ئەم ئیخمینفە گەمژەیەیە! دڵنیام کە ئاگای لە هەموو بەسەرهاتی ئەو کابرا ڕەعیەتە هەیە... وەلێ باشە، لەبەر ئەوەی کەسێکی دڵپاکە و لەو سەردەمەشدا زۆر بە منەوە هۆگر بوو و بەردەوام بە شان و باڵمدا دەهات، بڕیاری دا لەم بارەیەوە نە هیچ شتێك بزانێ و نە بڕوایش بە هیچ قسەیەك بکات، یانی دانی بەم بەسەرهاتەدا نەنا و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ، تا ئەو کاتەی کە خۆی گرفتار بوو، هەر بە گوڕوتینەوە بەرگریی لە من کرد. ها! ها! ها! بەس ئەمە هەمووی قسەی گەمژانەیە! با بخۆینەوە هاوڕێ لاوەکەم. بلێ بزانم بەینتان لەگەڵ ژناندا خۆشە؟ ))

هیچ وەڵامێکم نەدایەوە و بڕیارم دا تەنیا گوێی لێ بگرم. بتڵێك خواردنەوەی دیکەی هەڵپچڕاند...

- من هەمیشە حەزم وایە بەدەم شێو خواردنەوە باسی ژنان بکەم... پێم خۆشە وەختێك کە ئێرەمان جێهێشت بە *مادموازفیلیپرت* ناوێکتان بناسێنم، ڕاتان چۆنە؟ بەس ئەوە چیتانە؟ تەنانەت ناتانەوێ لێشم بڕوانن؟... ئەم!

لە فکردا ڕۆچوو، لەناکاو سەری بەرز کردەوە، سەیرێکی ماناداری منی کرد و درێژەی بە قسەکانی دا:

- گوێبگرن، هاوڕێ شاعیرەکەم، دەمەوێ نهێنییەکی سروشتتان بۆ ئاشکرا بکەم کە بە شێوەیەکی گشتی پێی ئاشنا نین. لەوە دڵنیام کە وەك مرۆڤێکی گەندەڵ، یان لەوانەشە بەدگەوهەر، یان ئاژەڵێکی گەندەکار و گومڕا لە من دەڕوانن. بەس دەمەوێت بابەتێکتان پێ بڵێم! گەر ڕێك بکەوێ (جا بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مرۆڤ، ئەمە هەرگیز ڕێك ناکەوێ)، بەهەرحاڵ، گەر ڕێك بکەوێ هەر یەك لە ئێمە، بێ دوودڵی و بە یەکجاری پەردە لەسەر تەواوی نهێنییەکانی خۆی لابدات، نەك هەر بە تەنیا ئەو هزر و نهێنییانەی کە زاتی گوتنیانی نییە و بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە بیاندرکێنێ، بەڵکە ئەوانەش کە تەنانەت ناوێرێ لای نزیکترین هاوڕێی خۆیشی باسیان بکات، چونکە ئەو هەندێك جار بەخۆشی لە بیستنیان دەترسێ، ئیدی ئەوسا چەشنە بۆگەنێك ئەم سەرزەوییە دەتەنێتەوە کە هەر هەمووومان دەتاسێنێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە بنەما و داب و نەریتەکانی دونیای ئەرستۆکراتی ئەوەندە بە بەهان. واتایەکی قووڵیان هەیە وەلێ ئەخلاقی نین، هەر ئەم بنەما و داب و نەریتانەن کە کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی بە پێوە ڕادەگرن و ئاسوودەیی پێ دەبەخشن، چوونکە ئەخلاق دواجار بێ لە ئاسوودەیی هیچ شتێکی

دی نییە، مەبەستم ئەوەیە کە لەبەر خاتری ئاسوودەییی مرۆڤ ئەخلاقیان داهێناوە. بەس پاشان دەگەڕێینەوە سەر داب و نەریت، ئێستە هەست و هۆشم لە جێی خۆی نییە، دواتر بیرمی بهێنەرەوە. جا لەبەر ئەوە دواجار بەم ئەنجامە دەگەین: ئێوە من بە گومڕایی، داوێن تەڕی و بە فەسادی ئەخلاقی تۆمەتبار دەکەن و کەچی لەوانەشە تەواوی خەتای من بە تەنیا ئەم ڕووڕاستییەم بێت، هەر ئەوەندە. هەر بەو جۆرەی کە ساتێك لەمەبەر گوتم، من سوورم لەسەر دانان بەو شتانەی کە تەنانەت ئەوانی دی لە خودی خۆشیانی دەشارنەوە... ڕاستە ئەوە بە زیانی من دەشکێتەوە، بەس زۆرم حەز لەو کارەیە.

بە بزەیەکی گاڵتەجاڕانەوە بۆی زیاد کرد: ((وێڕای ئەوەش، نیگەران مەبن، خۆ گوتم ‹‹خەتابارم››بەس داوای لێبوردن بوون ناکەم. هەروەها سەرنج لەم بابەتەش بدەن: نیازی حە پەسانندنتانم نییە، لێتان ناپرسم کە ئایا ئێوەش لەم جۆرە نهێنییانەتان هەیە یان نا، بۆ ئەوەی لەم ڕێیەوە پاکانە بۆ خۆم بکەم... من بە شێوەیەکی شیاو و شەریفانە هەڵسوکەوت دەکەم. من بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە شەرەفمەندانە دەجووڵێمەوە.))

سەیرێکی ڕسواکەرانەیم کرد و گوتم: ((قسەی هەڵەق و مەلەق دەکەن، شازادە.))

- قسەی هەلەق و مەلەق دەکەم؟ ها! ها! ها! حەزدەکەن پێتان بڵێم کە لەم ساتەدا بیر لە چی دەکەنەوە؟ ئێستە ئێوە خەریکن لە خۆتان دەپرسن کە بۆچی ئێوەم هێنایە ئێرە و بۆچی لە پڕ و بەبێ هۆکار سفرەی دڵمم لەبەر دەمتاندا والاکرد؟ ڕاستە یان نا؟

- بەڵێ.

- زۆر باشە، دواتر لە هۆکارەکەی تێدەگەن.

- سادەترین ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە ئێوە دوو بتڵتان خواردووەتەوە و هۆشتان لەسەر خۆتان نییە.

- دەتانەوێ بڵێن من بەدمەستم، لەوانەشە. مەستی کەمێك لە خوارووی بەدمەستییەوەیە. ئاە مرۆڤێکی چەندە وردەکار و هەستیارن. بەس پێموایە ئیدی بەرە بەرە کارمان دەگاتە چەلەحانێ، ئەمەش لە بارێکدا کە بابەتێکی ئێجگار جێ سەرنجمان خستبووە بەر باس! بەڵێ، هاوڕێ شاعیرەکەم، گەر لەم دونیایەدا هێشتاکە شتێکی جوان و دڵنشین بوونی مابێت، ئەوە بێگمان ژنەکانن.

- بڵێن بزانم، شازادە، من هێشتا لەوە تێنەگەیشتووم کە بۆچی دەتانەوێ باسی فکر و حەز و نهێنییەکانی خۆتان بۆ من بکەن؟

- ئم... خۆ گوتم کە دواتر لەم بابەتە تێدەگەن. بێخەم بن. جیا لەوەش تەنانەت بە ڕێکەوت ئەم کارەم کردووە، بەبێ هیچ هۆکارێك، ئێوە شاعیرن، ئێوە لە من تێدەگەن هەر بۆیە ئەم قسانەم بۆ کردن. مرۆڤ جۆرە ئالۆشێکی

ناچارکەری تێدایە کە هەندێك جار وای لێ دەکات بەبێ هەستکردن بە شەرم و حەیا و بە شێوەیەکی ڕووداماڵراوانە، کتوپڕ لە بەرانبەر کەسێکی دیکە دەمامك بە دەموچاوی خۆیەوە لاببات. دەمەوێ لەم بارەیەوە کورتە چیرۆکێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە. لە پاریس کابرایەکی شێت هەبوو کە وەك کارمەندی دەوڵەت کاری دەکرد، جا پاشان ئەویان برد بۆ نەخۆشخانەی دەروونی، یانی دوای ئەوەی کە گومانیان لە شێتیی کابرا نەما. لە دەسپێکی شت بوونەکەیدا، بۆ سەرگەرمیی خۆی دەستی بەم کارە کرد: لە ماڵەکەیدا هەروەك حەزرەتی ئادەم خۆی ڕووت دەکردەوە و تەنیا پێڵاوەکانی لە پێ دەمانەوە، پاشان کەوایەکی پان و پۆڕ و درێژی لەبەر دەکرد کە تاسەر قولە پێکانی دەهات، ئەوجا بەو باڵاپۆشە جوان جوان خۆی دەپێچایەوە و بە سیمایەکی جددی و قورس و قوڵ لە ماڵێ وەدەر دەکەوت و خۆی بە کۆڵاناندا دەکرد. جا هەر کەس ئەوی دەدیت وای بۆ دەچوو کە ئەویش وەك ئەوانی دی، کەسێکی ئاساییە و بەو کەوا پان و پۆڕ و درێژەیەوە بۆخۆی خەریکی پیاسەکردنە. بەس هەرکە لە گۆشەیەکی چۆڵدا تووشی ڕاویەرێك دەبوو، بە هەمان ئەو سەر و سیما جددی و بەویقارەیەوە لە بەردەمیدا ڕادەوەستا، جا بە هەردوو دەست قەراخەکانی کەواکەی دەگرت و بە جووڵەیەکی خێرا سەرا پای ڕووتی خۆی بە کابرای ڕاویەر نیشان دەدا. ئەم کارە تەنیا تاوێکی دەخایاند، پاشان باڵاپۆشەکەی لە خۆیەوە دەپێچا و بێ ئەوەی تەنانەت یەکێك لە ماسوولکەکانی رووخساری جووڵەیان لێوە بێت، زۆر بە ئاسایی و هەروەك تارماییەکەی نێو شانۆنامەی ***هاملێت*** لەو کابرایە دوور دەکەوتەوە کە واق و وڕ لە جێگەکەی خۆی بزمارکوت کراوبوو. ئەم کارەی بەرانبەر بە هەموو کەسێك دەکرد: پیاو، ژن، منداڵ و هەموو خۆشییەکی ژیانی هەر ئەوەندە بوو و بەس. باشە، دەکرێ لە ڕێی کارێکی دیکەشەوە هەر بە هەمان ئەو چێژ و خۆشییە بگەیت، ئەویش سەراسیمەکردنی شیلەر ڕەنگەکانە، یانی ڕێك لە هەمان ئەو کاتەدا کە بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێی نین، تۆ زمانی خۆتیان لێ دەربهێنی. سەراسیمەکردن، ئای کە دەستەواژەیەکی چەندە دڵنشینە، وانیە؟ من ئەم چیرۆکەم لە جێیەکی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێوەدا خوێندووەتەوە...

- بەڵێ، بەس ئەو کابرایە شێت بوو...

- یانی من ئەقڵم تەواو نییە؟

- بەڵێ.

دەستی کردە پێکەنین و بە شێوەیەکی تەواو بێشەرمانە گوتی:

- ئێوە ئاقڵانە بیر دەکەنەوە.

من کە تەواو لە بێشەرمییەکەی تووڕە بووبووم گوتم: ((ئێوە ڕقتان لە هەموو مرۆڤەکانە و لەنێو هەمووشیاندا زیاتر ڕقتان لە منە، لەم ساتەشدا دەتانەوێ تۆڵەی هەموویان لە من بکەنەوە. هەموو ئەمانە لە غرووڕێکی تەواو

سووك و چرووكانەوە سەرچاوە دەگرن. ئێوە مرۆڤێكی بەدفەڕن، بە شێوەیەكی تەواو قێزەونانە ڕق لەدڵن. لە ئێمە پەست و بێتاقەتن و لەوانەیە لەو شەوە بەدواوەش هێشتا ڕقتان دانەمركابێتەوە و هیچ شتێكیش وەك ئەم سووكایەتی پێكردنەی كە بە منی ڕەوا دەبینن، نەتوانێ ئاگری كینەتان دا بمركێنێتەوە. ئێوە تەنانەت گاڵتەتان بەو ئەدەبە ئاساییەش دێت كە پێویستە مرۆڤ لە بەرانبەر كەسانی دیكەدا بینوێنێ. بە ئاشاكرا دەتانەوێ پێم نیشان بدەن كە بە هیچ جۆرێك شەرم لەوە ناكەن كە ئاوها بەم شێوە كتوپڕانەیە دەمامكی قێزەونی ڕووخسارتان لە بەرانبەر من لادەبەن و ئاوها بە ڕووداری و بێ ڕەچاوكردنی ئەخلاق لەگەڵم دەدوێن...))

بە شێوەیەكی كینەدارانە و لە بارێكدا كە نیگایەكی پڕ لە ڕقی لێ بڕیبووم لێمی پرسی:

- بۆچی ئەم قسانەم پێ دەڵێن؟ دەتانەوێ لەم ڕێیەوەم ئەوەم نیشان بدەن كە هێزی دزەكرنە نێو فكری منتان هەیە؟

- دەمەوێ ئەوەتان نیشان بدەم كە دەرك بە قسەكانتان دەكەم و لەسەر ئەوەش سوورم كە تێتان بگەیەنم.

دیسان چووەوە سەر باری جارانی خۆی و بە شێوەیەكی شاد و بەكەیفانە گوتی: ((قسەی بێ مانا دەكەن، هاوڕێی ئازیز. ئێوە تەنیا ویستتان سەرەداوی باسەكەم لێ ون بكەن، هەر ئەوەندە. با بخوێنەوە، هاوڕێكەم، مۆڵەت بدەن لێوانەكەتان پڕ بكەم. بەس نیازم وابوو بەسەرهاتێكی سەیر و سەرنجڕاكێشتان بۆ بگێڕمەوە. بە هەموو وردەكارییەكەوە بۆتانی باس دەكەم. بە لاوی تووشی ژنێك بووم كە لە هەڕەتی گەنجێتیدا بوو، تەمەنی نزیكەی بیستوحەوت، بیستوهەشت ساڵێك دەبوو، جوانییەكی دۆشداهێنەری هەبوو كە لە كەم كەسدا دەبینرا، چ لەش و لارێك، چ ویقارێك، چ ڕەوت و لار و لەنجەیەك! نیگایەكی هەڵۆ ئاسا، هەمیشە جددی، بەفیز و لەخۆباییانەی هەبوو. مرۆڤ كە چاوی لێ دەكرد وای بۆ دەچوو كە وەكو سەهۆڵ ساردوسڕ بێت، بە نەجیبی و داوێنپاكییە لەكە هەڵنەگرەكەی هەمووانی لە قاڵب دەدا. لەنێو كەسانی دەوروبەریدا هیچ داوەڕێكت دەست نەدەكەوت كە لەو سەرسەختتر بێت. ئەو نەك هەر بە تەنیا گەندەكاری بەڵكە بە شێوەیەكی توند ئیدانەی بچووكترین هەڵەی ژنانی دیكەی دەكرد. هەمووان ڕێزیان لێ دەنا. لەخواترسترین و بە پارێزترین و لە هەمان كاتدا لووتبەرزترین ژن ڕێزی لێ دەگرت و مەراییی دەكرد. وەك ڕاهیبەیەكی سەدەكانی ناوەڕاست، بە چاوێكی كەم و بێبەزەییانەوە لە هەمووانی دەڕوانی. ژنانی لاو لە بەرانبەر بۆچوون و حوكمەكانیدا هەڵدەلەرزین. لەنێو كۆمەڵگەدا دەسەڵاتێكی هێندە باڵای هەبوو كە بۆ حەیاچوونی تاهەتایی كەسێك، هەر ئەوەندە بەس بوو كە ئەو یەك وشەی لە دەم دەربچێ یان بچووكترین ئاماژە بكات. تەنانەت پیاوانیش سڵیان لێ دەكردەوە، بە كورتییەكەی ئەو ڕێچكەیەكی عاریفانەی گرتبووە بەر و هەمیشە خوێنسارد و لووتبەرز بوو... بەس بڕوا بەوە ناكەن گەر بڵێم لەم ژنە جلفتر و داوێنتەڕتر بوونی نەبوو و من ئەو خۆشبەختییەم پێ بڕا كە متمانەی ئەو بەدەست بهێنم. لە كورتیدا بە نهێنی بوومە ماشووقەی. ژوانەكانمان هێندە لێهاتووانە ڕێكدەخران كە تەنانەت هیچ كام لە خزمەتكارەكانیشی بچووكترین

**گومانی خراپیان پێ نەدەبردین، تەنیا کارەکەرە جوانە فەڕەنسیەکەی ئاگای لە کەین و بەینەکانی بوو کە بە تەواوی جێی متمانە بوو، چونکە ئەویش بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵی هاودەست بوو. ژنەی ئاماژەپێکراو هێندە هەوەسباز بوو کە دەرسی بە *مارکی دو ساد*[1] دەدا. بەس گرۆتینی لەزەتی ئەم پەیوەندییە لە شاراوەیی و لەو بێشەرمییەدا بوو کە بۆ فریودانی ئەم و ئەو دەینواند. ئەم ڕەوشی قەشمەری کردنە بەو ڕەفتارانەی کە لەبەردەم خەڵکیدا وەك ئافرەتێکی داوێنپاك و پاکیزە پێیانەوە خۆی هەڵدەکێشا، ئەو خەندە شەیتان سیفەتە دەروونییە، هەروەها پامالکردنی ئەو حەیایەی کە گوایە لەکە هەڵنەگرە و تەواوی ئەو کارە بێ حسێب و کتێبانەی کە تەنانەت هیچ کەسێك بە خەیاڵیشیدا نەدەهاتن، چێژێکی لەڕادەبەدەریان بەو دەبەخشی... بەڵێ، شەیتانێکی بەرجەستە بوو، بەس خاوەنی هێزێکی نائاسایی بۆ وەسوەسەکردن و هەڵخەتاندنی خەڵکی. تەنانەت ئێستەش کە بیری لێ دەکەمەوە سەرم سڕ دەمێنێ. لە ترۆپکی پڕخرۆشترین لەزەتەکاندا، لەپڕ وەك بەشەرێکی قۆشمە لە تریقەی پێکەنینی دەدا و منیش بە شێوەیەکی شیاوی ستایشکردن دەرکم بە مانای ئەم پێکەنینە دەکرد. گەرچی ئەو بەسەرهاتە ساڵانێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە، بەس ئەمڕۆش کە ئەو یادگارییەم بیردێتەوە، تووشی هەناسەتەنگی دێم. دوای ڕابردنی ساڵێك، ماشووقەیەکی دی کردە جێنشینم. خۆ گەر ئارەزووم لێ کردبا ئەوا دەمتوانی سڕوتڕی ئاشکرا بکەم، بەس ئایا کێ باوەڕی بە قسەکانم دەکرد؟ کێ؟ ڕای ئێوە چییە هاوڕێ لاوەکەم؟**

**من کە بە بێزارییەوە گوێم بۆ ئەم پێ هاتنانەی گرتبوو وەڵامم دایەوە: یەع! لەم بەسەرهاتە قێزەونانە!**

**- گەر بە جۆرێکی دی وەڵامتان بدابامەوە، ئیدی حسێبی هاوڕێیەکی ئازیزم بۆتان نەدەکرد. هەر زانیم وا دەڵێن. ها! ها! ها! پەلەتان نەبێت، هاوڕێکەم. جارێ بژین ئیدی ئەوسا بەخۆتان تێدەگەن، ئێستە... جارێ دەبێت برسیەتی بکێشن. نا، لەوەودوا ئیدی واز لە شاعیری دەهێنن. جا ئەم ژنە لە مانای ژیان تێگەیشتبوو و دەیزانی چۆن سوودی لێ وەربگرێت.**

**- بەس چۆن دەبێت مرۆڤ بەو ڕادەیەش دابەزێت و ببێتە هەڵگری ئەم خووە ئاژەڵییانە؟**

**- چ خووێکی ئاژەڵی؟**

**- ئەو خووەی کە ئێوە و ئەو ژنە پێکەوە گرتبووتان.**

---

[1] . مارکی ئالفۆنس فرانسوا ٢ ساد ((١٧٤٠_١٨١٤))، فەیلەسوفێکی فەڕەنسی بوو و لە خێزانێکی خانەدان هاتە دونیا، ژیانی هەوراز و نشێوێکی زۆری تیادا بووە و سی ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زینداندا بەسەر بردوە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ شانۆکاراندا هەبووە، لەلایەن باوکیەوە ناچار کراوە زەماوەند بکات. وشەی ((سادیسم)) لە ناوی ئەم نووسەرەوە وەرگیراوە، فەلسەفەی ساد بریتیە لە هەبوونی پەیوەندی ئازادی جنسی و ئارەزوی ئازاردانی جنسی. سادیسم لەمڕۆدا وەك تاییە تمەندیەکی شێواوی کەسیەتی ئاماژە پێ دەکرێت کە وێڕای حەز بە ئازاردانی جنسی، وەك حەز بۆ ئازار دانی دەرونی و رۆحی و لاشەی ئەوانی دیش بەکار دەبرێت. ساد بۆ تێك شکاندنی مەزهەب هێرشی دەبردە سەر پاکیزەی و داوێن پاکی. قسە کردن لەسەر ساد زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە هەر بەتەنیا بڵێین ئەو زینای لە داوێن پاکی بە باشتر دزانی. (و.ك)

- هاه! ئێوه بەمە دەڵێن خووی ئاژەڵی؟ کەواتە دەردەکەوێت کە ئێوە تازە بەرێکەوتوون. هەڵبەتە پەسەندی دەکەم کە دەکرێت بێشەرمی بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە خۆی بنوێنێ، وەلێ... با سادەتر بدوێین، هاوڕێکەم... دانی پێدابنێن کە ئەم پەیڕەوی کردن لە ئەخلاقە هەمووی قۆڕیاتە.

- ئەی چ شتێك قۆڕیات نییە؟

- خودی من، هاوڕێکەم. هەموو شتێك لە پێناو مندایە. دونیا بۆ من ئافرێندراوە. گوێگرن هاوڕێی ئازیز، بە بڕوای من هێشتاکە مرۆڤ دەتوانێت لەم گۆیە خاکییەدا بە باشی ژیان بەسەرببات و ئەمەش باشترین بڕوایە، چونکە بەبێ ئەو بڕوایە تەنانەت ناتوانێ ژیانێکی خراپیش دەستەبەر بکات، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێ بێ لەوەی کە خۆی ژەهرخوارد بکات. دەڵێن هەندێك لە مرۆڤە دەبەنگەکان ئەم کارە دەکەن. ئەو جۆرە مرۆڤانە هێندە لە فەلسەفە ڕێسیدا ڕۆدەچن هەتا دواجار دەگەنە جێیەك کە نکۆڵی لە هەموو شتێك دەکەن، تەنانەت نکۆڵی لە ڕەوابوونی ئاساییترین ئەرکیش، ئیدی ئەمانە بێ لە سفر هیچ شتێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. ئیدی ئەوسا لە کەللەیان دەدا و ژەهر بە باشترین شتی ئەم ژیانە دەزانن. بێگومان ئێوە پێم دەڵێن: ئەمە بیروڕای هاملێتە، لووتکەی نائومێدی، یانی هەمان ئەو بێ هیواییە کوشندەیەی کە تەنانەت لە خەونیشدا بوونی نییە. بەس ئێوە شاعیرێکن و منیش ئاسایی، جا لەبەر ئەوە بە ئێوەی ڕادەگەیێنم کە ئەم مەسەلەیە دەبێت لە سادەترین و کردەییترین دیدگەوە لێی بڕوانرێ. بۆ نموونە، من دەمێکە ئەم کۆت و بەندانەم پساندوون و خۆمم ئازاد کردووە. هەست بە بەرپرسیارییەتی ناکەم و بە هیچ شتێکەوە پابەند نیم تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە بەرژەوەندییەکی من لە ئارادابێت. هەڵبەتە ئێوە ناتوانن لەم دیدگەیەوە سەیری شتەکان بکەن. دەست و پێی ئێوە کۆت کراوە، بە کۆتی سەلیقەیەکی ڕوو لە تیاچوون. بە پێی پرسگەلی ئەخلاقی و خەیاڵپەروەرانە داوەری لەسەر شتەکان دەکەن. من ئامادەم هەرچی کە ئێوە دەیڵێن پەسەندی بکەم، بەس چی بکەم کە هیچ گومانێکم لەوەدا نیە کە قووڵترین لووتبەرزییەکانی دونیا لەسەر پایەی ئەم خۆپارێزیە ئینسانییانە بنیادنراون؟ کارێك تا چەندە پارێزکارانەتر ئەنجام بدرێت، ئەوا ڕادەی خۆویستی و لووتبەرزیی تێدا زیاتر دەبێت. خۆتت خۆش بوێ، ئەمە تاکە ڕێسایە کە من پێیەوە پابەندم. ژیان بازاڕێکە، پارەکانتان بەفیڕۆ مەدەن، بەس گەر بەدوای چێژ وەرگرتنەوەن، ئەوا بەهاکەی ببژێرن، ئیدی ئەوسا هەموو ئەرکێکی خۆتان بەرانبەر بە هاوچەشنەکانتان جێبەجێ کردووە، ڕێسا ئەخلاقییەکەی من ئەمەیە، گەر لەسەری سوورن ئەوا دەتوانن پێی ئاشنابن. گەرچی بەخۆم دان بەوەدا دەنێم کە، لەو بارەیەوە بڕوام وایە کە مرۆڤ نابێت بەهای هیچ شتێك ببژێرێ، پێویستە فێری ئەوە ببێت کە چۆن ئەوانی دی ناچار بکات بەخۆڕایی کاری بۆ بکەن. من هیچ ئامانجێکی بەرزم نییە، ناشمەوێ هەمبێت، هەرگیز هەستم بە پێویستیشی نەکردووە. مرۆڤ بەبێ ئامانجی بەرزیش دەتوانێت بە دڵپەسەندترین و خۆشترین شێوە ژیان بەسەر ببات و... بە کورتییەکەی من زۆر بە سادەیی دەتوانم خۆم لە ژەهرخواردنەوە بەدوور بگرم. گەر کەمێك ‹‹پارێزکارتر›› بوویام، لەوانەبوو منیش وەك ئەو فەیلەسووفە دەبەنگە (کە بێگومان ئەڵمانی بووە.) نەمتوانیبا چاوپۆشیی لە ژەهرەکە

بکەم. نا، ژیان هێشتا شتانێکی باشی دیکەی تێدا ماوە. من شەیدای ڕێزلێگیران، خانووی ڕازاوە و گرەوکردنی گەورەم، بە تایبەت (شەیدای یاریی وەرەق) م. بەس لە سەرووی هەموویشیانەوە ژنەکان، ژنەکان... جا هەر سەر و شکڵێکیان هەبێت، تەنانەت حەزم لە ڕابواردنی نهێنی و سەرپێیانەش هەیە، ڕابواردنی هەژێنەر و داهێنەرانە، ڕابواردنی چەپەڵکارانە بۆ جەوگۆڕین... ها! ها! ها! کە لێم دەڕوانن ڕووخسارتان بێزاریی لێ دەبارێ!

وەڵامم دایەوە: ڕاستە.

- باشە، با وای دابنێین ئێوە لەسەر هەقن، هەرچۆنێك بێ ئەمە زۆر لە ژەهرخواردنەوە باشترە، ئێوەش هاوڕامن؟

- نا، من ژەهرخواردنەوەم لەلا باشترە.

- دەسئەنقەست ئەم پرسیارەم لێ کردن، پێم خۆش بوو چێژ لە وەڵامەکەتان وەربگرم، لە پێشدا دەمزانی چ وەڵامێك دەدەنەوە. نا هاوڕێکەم، ئێوە گەر کەسێکی مرۆڤدۆست بان ئەوا ئارەزووتان دەکرد هەموو مرۆڤە تێگەیشتووەکان، بە مێك خوێڕیەتییەوە هاوسەلیقەی من بن، گەر نا ئیدی ئەوان هیچ کارێکیان بەم دونیایە نامێنێ و ئێرەش دەبێتە شوێنی مرۆڤە گەمژەکان. گەر هاوسەلیقەی من بن، ئەوا هەموویان خۆشبەختانە دەژین. ئەم پەندەتان بیستووە: «مرۆڤە گەمژەکان لە هیچیان کەم نییە.» بیستووتانە؟ هیچ شتێك لەوە خۆشتر نییە پیاو لەگەڵ مرۆڤە گەمژەکاندا ژیان بەسەر ببات و بچێتە ڕیزیان: ئەم کارە سوودێکی زۆری تێدایە. سەرکۆنەم مەکەن گەر پابەندی هەندێك ڕێسا و بیروباوەڕم، یان دەمەوێت ڕێزێکی تایبەتیم هەبێت و بەها بۆ دووچاوەکی دادەنێم. باش دەزانم کە لە کۆمەڵگەیەکی گەندە و سووکدا دەژیم، بەس هەتا ئێستە زانیومە چۆنی بخۆم و لەگەڵ گورگەکاندا لووراندوومە، وای دەنوێنم کە سەرسەختانە بەرگری لەو کۆمەڵگەیە دەکەم، سەرباری ئەوەش، گەر پێویست بکات لەوانەیە بەر لە هەموو کەسێك پشتی تێبکەم. بە هەموو فکرە تازەکانتان ئاشنام، تا ئێستە هیچ زیانێکیان بە من نەگەیاندووە و پێشم وانییە بتوانن زیانم پێ بگەیەنن. هەرگیز هەست بە پەشیمانی ناکەم، هەموو شتێك پەسەند دەکەم، تەنیا بەو مەرجەی کە چێژی لێ وەربگرم، من و کەسانی وەك من ژیانێکی بێوەیانە بەسەر دەبەین. لەم دونیایەدا ئەگەری لەناوچوونی هەموو شتێك هەیە، بەس تەنیا ئەوە ئێمەین کە هەرگیز لەناوناچین. لەو کاتەوەی کە دونیا دونیا بووە ئێمە هەر بوونمان هەبووە. بۆی هەیە جیهانی بوون لەنێوبچێ، بەس ئێمە دەمێنینەوە: هەمیشە سەرمان لە دەرەوەی ئاوەکە دایە. هەر بەڕاست، بڕوانن ژمارەی ئەو کەسانە چەندە زۆرە کە وەك ئێوە ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری دەژین، ژیانی ئێمە زۆر جیاواز و دوورودرێژە: ئەم بابەتە هەرگیز ئێوەی ڕانەچڵەکاندووە؟ هەشتا تا نەوەدوهەشت ساڵێك دەژین، بەم پێیە سروشت بەخۆی پشتگیریمان لێ دەکات، هە! هە! دەمەوێت نەوەدوهەشت ساڵ بژیم. ڕقم لە مردنە. فەلسەفە ئێمەی هێنایە سەر ئەم باسە، بچێ بۆ دۆزەخ! با بخۆینەوە هاوڕێی ئازیز! باسی کچی جوانمان دەکرد... وەلێ، ئەوە بۆ کوێ دەچن؟

- من بە تەمای ڕۆیشتنم، ئیدی کاتی ئەوەیە ئێوەش بڕۆن.

**- پەلە مەکەن، پەلە مەکەن، من خەریکم وەك هاوڕێیەکی خۆشەویست و نزیك قسەی دڵی خۆمتان بۆ دەکەم و ئێوەش بە هیچ شێوەیەك گوێ بەم بابەتە نادەن، هە! هە! جیا لەمە، ئێوە هاوسۆزیتان بۆ خەڵکی نییە، هاوڕێ شاعیرەکەم. بەس پەلە مەکەن، جارێ دەمەوێ بتلێکی دیکەش ڕابسپێرم...**

**- سێیەمین دانە؟**

**- بەڵێ، سەبارەت بە پارێزکاریش، شوێنکەوتووە لاوەکەم (مۆڵەت دەدەن ئەم ناسناوەتان پێ ببەخشم؟ کێ چووزانێ، لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان وانەکانم بەکەڵکتان بێن...) دەبێت بڵێم: (پێشتریش پێم گوتوون) ‹‹مرۆڤ هەتا زیاتر بەپارێز بێت، ئەوا ڕادەی خۆویستی و بەرزەدەماریی تێدا زیاتر دەبێت››. دەمەوێ لەم بارەیەوە چیرۆکێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە: سەردەمانێك کەم تا زۆر کچێکی لاوم خۆشدەویست. ئەویش فیداکارییەکی گەورەی لە پێناودا کردم...**

**لە بارێکدا کە ئیدی نەمدەتوانی بەر بەخۆم بگرم، بە شێوەیەکی پڕ لە ڕق گوتم: ((هەمان ئەو کچەی کە تالانتان مرد؟))**

**شازادە ڕاچەنی، شێوەی سیمای گۆڕا، نیگای بڵێسەداری لە من بڕی، نیگای دوودڵی و ڕقی تێدا بەدی دەکرا.**

**وەك ئەوەی کە لەبەرخۆوە قسان بکات گوتی: ((ڕاوەستن. لە ڕاستیدا من سەرخۆشم و فکرم پەرت بووە.))**

**بێدەنگ بوو و بە نیگایەکی ڕق لەدڵانە و پشکنەرانەوە لێم نز بووەوە، دەستی خستبووە ناو دەستی و پێدەچوو ترسی ئەوەی هەبێت کە من جێی بهێڵم. گومانم لەوەدا نییە کە ئەو ساتە بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ من چۆن ئەو بەسەرهاتەم زانیوە کە کەم تا زۆر هیچ کەسێك ئاگاداری نییە، هەروەها هەوڵی دەدا لەوە دڵنیا ببێتەوە کە داخۆ ئەمەی هیچ مەترسییەکی بۆ ئەو تێدایە یان نا. نزیکەی خولەکێك بەم جۆرە ڕابرد، بەس سەروسیمای لە پڕێکدا گۆڕانی بەسەر داهات، دیسان چووختیەتی و شادییەکی سەرخۆشانە لە نیگایدا دەرکەوتەوە. جا پاشان لە تریقەی پێکەنینی دا:**

**- ها! ها! ئێوە لە کۆنە سیاسە تمەدارێکی وەك *تالیران*[1] دەچن، نە زیاتر و نە کەمتر. باشە بە تەمای چین؟ ئەو دەمەی کە بە ئاشکرا تۆمەتی دزیی دامە پاڵ، من لەبەر چاویدا بووبوومە مرۆڤێکی نەگریس و قێزەون. هەر مە پرسە چ هاتوهاوارێکی کرد، چ جوێن و قسەیەکی پیسی پێشکەش کردم. لە ڕقاندا هار ببوو... نەیدەتوانی بەر بە خۆی**

---

[1] . شارل موریس دو تالیران کە لە ساڵی ١٧٥٤ لە پاریس لە دایك بووە، لە مێژووی ئەوروپادا بە یەکێك لە دیارترین سیاسە تمەداران دادەنرێت کە لە سەردەمێکی پڕ لە پشێویدا ژیاوە و خزمەتی بە چەند حکومەت و فەرمەنڕەواییی جیاواز کردووە. بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕش لە خومەتی پادشادا بووە، پاشان چووە خزمەت ناپلیۆن، لەگەڵ دەسپێکی شەڕی نێوان فەڕەنسا و ئیسپانیا، تالیران کە پێی وابوو ئیمپراتۆری فەڕانسا کەوتووەتەوە نێو هەلومەرجێکی مەترسیدارەوە، دەمودەست پەیوەندیی لەگەڵ ئیمپراتۆری ئەو سەردەمەی ڕووسیا (تزار ئەلێکسەندەری یەکەم) درووست کرد و ئەوی دژ بە دەوڵەتی فەڕەنسا هەڵنا. (و. ك)

بگرێت. بەس ئێوە لەم نێوەندەدا دەتوانن داوەری بکەن: بەر لە هەموو شتێك هەر بەو جۆرەی کە ئێستە خۆتان گوتتان، من ئەوم تالآن نەکردووە. بەخۆی ئەو پارەیەی پێدام، کەواتە هی من بوو. باشە، با ئێستە وای دابنێین کە ئێوە باشترین پۆشاکی خۆتان بە من دەبەخشن (لەگەڵ گوتنی ئەم قسانەدا سەیرێکی ئەو پۆشاکەی بەرمی کرد کە ئیدی کەم تا زۆر ڕووی ئاوەدانیی پێوە نەمابوو و سێ ساڵ لەوەوبەر خەیاتێکی نەزان دووری بووی). من لەم پارەیەوە مەمنوونتان دەبم و پاشان دەیپۆشم، جا دوای ساڵێك لە پڕ لەگەڵ من دەمەقرەتان دەبێت و ئێوە داوای پۆشاکەکەم لێ دەکەنەوە، کەچی پۆشاکەکەتان لەو کاتەدا ئیدی کۆن بووە... ئایا ئەمە کارێکی چاوچنۆکانە نیە؟ بۆچی پێتان بەخشیم؟ دوای ئەوەش ئەگەرچی ئەم پارەیە هی من بوو، بەس بێگومان پێم دەدایەوە، وەلێ بەخۆتان بڵێن: من لەکوێ دەمتوانی مەبلەغێکی ئاوها دابین بکەم؟ جیا لەوەش، هەر بەو جۆرەی کە پێشتریش پێتانم گوت ئەمن کەیفم بە دیمەنی شاعیرانە و دڵناسکانە نایێ و هەموو ئەم بەسەرهاتانەش بە بۆنەی ئەم بەزمەوە ڕوویاندا. ئێوە نازانن کە لەبەردەممدا چ شاتە شاتێکی دەکرد و زوو زوو بە ڕوومیدا دەدایەوە کە ئەو پارەکانی پێداوم (کە لە ڕاستیشدا هی خۆم بوون). زۆری لێ پەست بووم و ئیدی داوەرییەکی بێلایەنانەم لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد، ئاخر من هەمیشە ئەقڵ میوانمە: جا بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەگەر پارەکەی پێ بدەمەوە، ئەوا بۆ هەموو تەمەنی بەدبەختم کردووە و بە هۆی ئەو خەتایەمەوە چێژی بەدبەخت بوونێکی تەواوەتیم لێی زەوت کردووە. باوەڕتان هەبێت هاوڕێکەم لەم جۆرە بەدبەختیانەدا، گەر مرۆڤ بێڕادە خۆی بە نەفس بەرز و سەرڕاست بزانێت و کەسی بەرانبەر کاردانەوەیەکی ناجوامێرانەی بەرانبەر بنوێنێ، ئەوا جۆرێك لە سەرمەستی بوونی هەیە. بێگومان ئەم حەز لە ڕق و بەنەفرەتکردنە لە فکرگەلی شیلەر ئاساوە سەرچاوە دەگرێت: لەوانەیە دواتر ئەم ژنە تیکەنانێکی بۆ خواردن نەبووبێت، بەس لەوە دڵنیام کە خۆشبەخت بووە. من نەمویست ئەم خۆشبەختییەی لێ زەوت بکەم، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پارەکەم پێ نەدایەوە. لە ئەنجامدا ئەم دروشمەی من کە "مرۆڤ تا چەندە زیاتر جوامێری بنوێنێ، ئەوا ڕادەی خۆویستی لەودا زیاتر دەبێت"، بە تەواوی چەسپاوە... ئایا بە تەواوی ڕوون نییە؟ بەس... ئێوە دەتانویست غافلگیرم بکەن، ها! ها! ها! یەڵا، دانی پێدا بنێن کە دەتانویست غافلگیرم بکەن؟... یەڵا بەڕێز تالیران قسە بکەن!

لە جێگەکەم هەستامەوە و گوتم خواحافیز.

وازی لە لاقردی کردن هێنا و بە شێوەیەکی جددی گوتی: ((تاوێك بوەستن! تەنیا دەمویست دوو قسەی دی بکەم. دواهەمین بابەت: دوای ئەو هەموو شتەی کە بە ئێوەم گوت، دەکرێت بەم ئەنجامە بگەین (پێموایە بەخۆشتان تێگەیشتبن) من هەرگیز ڕێگە بە هیچ کەسێك نادەم کە پشکێکم لە دەست دەربهێنێ. من حەزم لە پارەیە و پێویستم بە بڕێکی زۆریشە، کاترینا فیۆدۆرۆنا پارەیەکی زۆری هەیە: باوکی خاوەن کێڵگە و دەوڵەمەند بووە. باوکی سێ ملیۆنی وەك میراتی بۆ جێهێشتووە و ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ من دەبێت. کاترینا و ئالیۆشا ڕێك بۆ یەکدی کراون، هەردووکیان بە ئەندازەی یەك حۆلن، ئەمەش هەر لە بەرژەوەندیی من دایە. لەبەر ئەوە دەمەوێ هەرچی زووتر ئەم

هاوسەرگیرییە سەربگرێت. تا دوو یان سێ حەفتەیەکی دی کاترینا و کۆنتیس دەچن بۆ ئێلاخ. دەبێت ئالیۆشاش لەگەڵیاندا بڕوات. بە ناتاشا ڕابگەیەنن کە بە شێوازی شیلەریانە دیمەنی خەمناک سازنەدات و نەخەڵەتێ و بەرهەڵەستیم بکات. من کەسێکی تۆڵەسێن و ڕق ئەستوورم، دەزانم چۆن بەرگری لە بەرژەوەندییەکانم بکەم. ترسم لەم کچە نییە: بێگومان هەموو شتێك بە پێی ویستی من ئەنجام دەدرێ. بەم پێیە گەر لە ئێستەوە ئاگاداری دەکەمەوە، ئەوا لە بەرژەوەندیی خۆیدایە. تکایە ئاگاداری بن نەکا کارێکی هەڵەشانەی لێ بوەشێتەوە، لەم نێوەندەدا ژیرانە ڕەفتار بکەن. گەرنا خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە. دەبێت مەمنوونی من بێت کە تا ئێستە بە پێی یاسا لەگەڵی نەجووڵاومەتەوە. ئەوە بزانن هاوڕێکەم کە یاسا پارێزەری ئاسوودەیی خێزانەکانە، وا لە منداڵ دەکات کە گوێڕایەڵی خێزانەکەی بێت، ڕێگە نادات منداڵان سەرپێچی لەو ئەرکە پیرۆزانە بکەن کە بەرانبەر بە دایك و بابیان هەیانە. ئەوەشتان بیر نەچێ کە من پەیوەندیم لەگەڵ کەسانێکی دەستڕۆیشتوودا هەیە و ئەو نییەتی و... ڕێی تێناچێ تا ئێستە ئەوەتان نەزانیبێت کە من دەمتوانی چ ڕێوشوێنێك لە دژی ئەو بگرمەبەر... گەر ئەو کارەم نەکردووە ئەوا تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە ئەو هەتا ئێستە ژیرانە جووڵاوەتەوە. خەمتان نەبێت: لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا چاوگەلێکی تیژ چاودێریی هەر یەك لە کارەکانی ئەویان کردووە و من بە بچووکترین وردەکارییەوە ئاگام لە هەموو جووڵەیەکی هەبووە. هەر لەبەر ئەوەشە من بە هێمنی دانیشتووم و چاوەڕێی ئەوەم کە ئالیۆشا خۆی واز لەو بهێنێ و ئەو ساتەش خەریکە نزیك دەبێتەوە. تا ئەو کاتە ئیدی خۆی بەرە بەرە حەز بە جیابوونەوە دەکات. لەبەر چاوی ئەودا خۆم وەك باوکێك نیشانداوە کە خاوەنی هەستێکی مرۆڤانەیە، پێویستیشم بەوەیە کە ئەو بیروڕایەکی لەو جۆرەی لە بەرانبەر مندا هەبێت. ها! ها! ها! گەر ئەو شەوە بە شان و باڵی ناتاشامدا هەڵدا کە تا ئێستە نەفسبەرز و دڵگەورە بووە و ئالیۆشای ناچار بە زەماوەندکردن نەکردووە، تەنیا لەبەر ئەوەبوو دەمویست بزانم چ کاردانەوەیەکی دەبێت. ئەو شەوەش تەنیا بە نیازی کۆتایی هێنان بەم پەیوەندییە سەردانی ئەوێم کرد. بەس دەبوو لەم بارەیەوە بە دڵنیاییەکی تەواو بگەم... باشە، ئەم ڕوونکردنەوانەتان بەس نین؟ یان لەوانەیە حەزتان لەوەبێت بزانن کە بۆچی من ئەمشەو ئێوەم هێناوە بۆ ئێرە، بۆچی بەم جۆرە هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردن و بۆ ئاوها ڕاشکاوانە لەگەڵتان دوام، ئەمەش لە بارێکدا بوو کە دەکرا هەموو ئەم نهێنی و بەسەرهاتە تایبەتیانە هەر بە شاراوەیی بمێننەوە... ئەری؟))

من لە بارێکدا کە هەوڵم دەدا بەر بەخۆم بگرم هەتا دەهری نەبم و بە چڵێسییەوە گوێم بۆ قسەکانی ڕادێرابوو گوتم: بەڵێ.

- تەنیا لەبەر ئەوەی کە هەندێك ژیری و تێگەیشتن لە ئێوەدا هەست پێدەکەم کە ئەو دوو گەمژە بچکۆلانەیەمان لێی بێبەشن. ئێوە دەتانتوانی بەر لەوان من بناسن، بە گومان بردن فکرەکانم بخوێننەوە، لەبەر خۆتانەوە هەندێك گریمانە بکەن: حەزم نەکرد بتانخەمە ئەو زەحمەتەوە و جا هەر لەبەر ئەوەش بڕیارمدا زۆر بە ڕوونی پێتانی نیشان بدەم کە لەگەڵ‹‹چ کەسێك››دا سەروکاریتان هەیە. ئەوە زۆر گرنگە کە تێگەیشتنێکی

ڕاستەقینەمان لەسەر بابەتەکە هەبێت. دەرك بەوە بکەن، هاوڕێکەم. ئێستە دەزانن سەروکاریتان لەگەڵ چ کەسێکدا هەیە. ئێوە ئەم کچە لاوەتان خۆشدەوێ و هیوادارم هەموو دەسەڵاتی خۆتان (چونکە دەزانم کە دەسەڵاتتان بەسەر ئەودا هەیە) بەکاربهێنن هەتا ئەو لە هەندێك‹‹گێرەوکێشە››بەدوور بگرن. بەدەر لەوە تووشی ئەم گێرە و کێشانە دەبێت و دڵنیاشتان دەکەمەوە کە ئەم قسانە گاڵتە نین. دواجار سێیەمین هۆکاری ڕاشکاویم لەگەڵ ئێوە ئەوەیە کە... (بەس بێگومان ئێوە سۆسەتان کردووە، ئازیز) تف لە تەواوی ئەم جۆرە بەسەرهاتانە بکەم، جا بەتایبەت لە ئامادەگیی ئێوەدا...

لە ڕقاندا هەڵدەلەرزیم و گوتم: ((بە ئامانجی خۆیشتان گەیشتن. پەسەندی دەکەم کە ئێوە بەدەر لەمە، لە هیچ ڕێگەیەکی دیەوە نەتاندەتوانی هەستی سووك سەیرکردن و ڕقی خۆتان بەرانبەر بە من و بە شێوەیەکی گشتی بەرانبەر بە ئێمە نیشان بدەن. نەك هەر لە خەمی ئەوەدا نەبوون کە بۆی هەیە باسکردنی نهێنییەکانی دڵتان مەترسیتان بۆ دروست بکەن، تەنانەت شەرمتان لەوەش نەکرد کە لە بەرانبەر مندا باسیان بکەن... ئێوە وەك ئەو کابرا شێتەی کە کەوایەکی درێژی دەپۆشی، لەبەرانبەر مندا خۆتان ڕووت کردەوە. حسێبی مرۆڤتان بۆ نەکردم.))

لە جێگەکەی هەستا و گوتی: ((باشی بۆچوون، هاوڕێ لاوەکەم، باشی بۆچوون، بە گاڵتە نەبوونەتە نووسەر. هیوادارم وەك دوو هاوڕێی خۆشەویست لێك جیا ببینەوە. پێتان چۆنە بە سەلامەتیی یەکدی بخۆینەوە؟))

- ئێوە سەرخۆشن و منیش تەنیا لەبەر ئەوە بەو جۆرەی کە شایەنین وەڵامتان نادەمەوە...

- دیسان خۆتان لە گێلی دایەوە، بەو جۆرەی کە پێویستە وەڵامتان نەداومەتەوە، ها! ها! ها! مۆڵەت دەدەن حسێبەکەی ئێوەش ببژێرم؟

- زەحمەت مەکێشن، بەخۆم دەیبژێرم.

- دڵنیا بووم! پێکەوە پیاسەیەك بکەین؟

- نا، لەگەڵ ئێوە نایێم.

- خواحافیز، هاوڕێ شاعیرەکەی من، هیوادارم لێم تێگەیشتبن.

بە کەمێك لەتردان و بێ ئەوەی ئاوڕ لە من بداتەوە، ڕێستۆرانەکەی جێهێشت. خزمەتکارەکەی ئەوی لە گالیسکەکەی دانیشاند. هەوا تاریك بوو و باران دەباری.

## بەشی دووەم

ا

لام وایە پێویست بەوە ناکات باس لە ڕادەی تووڕەیی و ناڕەحەتیی خۆم بکەم. گەرچی دەبوو خۆم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ڕووداوێك ئامادە بکەم، بەس زۆر بەوە شۆك بووم کە شازادە ئاوها لە کتوپڕێکدا تەواوی چەپەڵییەکانی خۆی پێ نیشاندام. بیرم دێت کە لە لایەکەوە هەستم تێکەڵ و پێکەڵ بوو: هەستم بە ورد و خاش بوونی خۆم دەکرد، نیگەرانییەکی ناڕوون دڵمی دەگوشی: خەمی ناتاشام لێ نیشتبوو. وێنەی ئەوم دەهاتە بەرچاو کە لە داهاتوودا تووشی چ ناسۆرییەك بووە، بە دڵەڕاوکێوە لە ڕێگەچارەیەك دەگەڕام هەتا ئەو لە هەر ناڕەحەتی و دەردی سەرییەك بەدوور بگرم و وای لێ بکەم بەرگەی ساتی لێکدابڕان بگرێ و بتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو کە مەسەلەکە بە دابڕان دواییی دێت: بەرە بەرە کۆتایی ئەم بەسەرهاتەی ناتاشا نزیك دەبووەوە و هەر لە ئێستەوە هەموو شتێك ڕوون بوو.

گەرچی لەو ساتەدا بارانیش دەباری، بەس من بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم گەیشتمەوە ماڵێ. کاتژمێر نزیکەی سێی دوای نیوەشەو بوو. بەر لەوەی تەقە لە دەرگە بدەم، دەنگی ناڵەیەك هات و دەرگەکە بە خێرایی کرایەوە، پێدەچوو نێلی تا ئەو ساتە لە چاوەڕوانیمدا لە پیشت دەرگەکەوە ڕاوەستابێت. مۆمێك داگیرسابوو. سەیرێکی نێلیم کرد و ترسم لێ نیشت: ڕووخساری نەدەناسرایەوە، چاوانی بە بریقەیەکی تادارەوە دەدرەوشانەوە و نیگایەکی هەژێنەریان هەبوو: پێدەچوو من نەناسێتەوە. تایەکی توندی لێ هاتبوو. بەرەو لای چەمیمەوە، دەستم خستە سەر شانەکانی و پرسیم: نێلی، ئەوە چیتە، نەخۆشیت؟

وەك ئەوەی كە ترسابێت بە سەراپای لەرزۆكەوە خۆی بە منەوە گوشی، پچڕ پچڕ چەند قسەیەكی بۆ كردم. قسەكانی ناڕوون و سەیر بوون. لێیان حاڵی نەبووم: وڕێنەی دەكرد.

دەمودەست ئەوم بردە جێ خەوەكەی. بەس ئەو هەر بەرەو من هەڵمەتی دەدا، بە توندی خۆی بە منەوە نووساند و دەتگوت لە كەسێك دەترسێت و دەیەوێ من بەرگریی لێ بكەم. وەختێك كە سەرەنجام لە جێگەكەیدا ڕاكشا، دەستمی گرت و بە توندی گوشی، لەوە دەترسا جارێكی دی بە تەنیا جێی بهێڵم. بە بینینی ئەو هێندە خەمناك و وورووژا بووم كە گریان گرتمی. بەخۆشم نەخۆش كەوتبووم. وەختێك فرمێسكەكانمی بینی، بۆ ماوەیەكی زۆر نیگا مكووڕەكەی لە من بڕی، دەتگوت بە تەمایە لە چاوانمدا شتێك بخوێنێتەوە و لێكدانەوەی بۆ بكات. دیار بوو بۆ ئەم مەبەستە كۆششێكی زۆر دەكات. دواجار شتێكی وەك جۆرە فكرێك ڕووخساری ڕۆشن كردەوە. دوای هەڵمەتێكی توندی فێ، وەك هەمیشە تا ماوەیەك داهێزرا، جا نە دەیتوانی فكری چڕ بكاتەوە و نە قسەیەكی ڕوون بكات. ئەو شتەی كە لەو ساتەدا پێش هات ئەمە بوو: هەوڵێكی لە ڕادەبەدەریدا هەتا بمدوێنێ. پاشان كە زانیی من لە مەبەستی تێناگەم، دەستە بچووكەكانی بەرەو ڕوومەتم درێژ كردن و فرمێسكەكانمی سڕی، باسكی خستە دەوری گەردنم، بەرەو خۆی چەماندمییەوە و ڕوومەتی ماچ كردم.

دیار بوو كە بە درێژاییی ئەو ماوەیەی كە من لەوێ نەبووم، لە پشت دەرگەكەوە ڕاوەستاوە و هەر لەو ساتەشدا تووشی هەڵمەتی فێ بووە. پاش كۆتا هاتنی هەڵمەتی فێكە، بێگومان تا ماوەیەك بە بێهۆشی لەوێ مابووەوە. لەو ساتانەدا باری وڕێنەكردن و باری ئاسایی تێكەڵ بە یەكدی دەبن و لە ئەنجامیشدا دیمەنی تۆقێنەر و نیگەرانكەر لەبەر چاواندا پەیدا دەبن. لە لایەكی دیكەوە بە شێوەیەكی ناڕوون دەركی بەوە كردبوو كە من زوو دەگەڕێمەوە و لە دەرگە دەدەم، هەر لەبەر ئەوەش لە تەنیشت دەرگە و لەسەر ڕووی زەوییەكە ڕاكشاوە، چاوەڕێی هاتنەوەم بووە و ڕێك لەو ساتەشدا كە من ویستوومە لە دەرگە بدەم، ئەو دەمودەست لە جێگەكەی هەستاوەتەوە.

لە خۆمم دەپرسی بۆچی ڕێك لە پشت دەرگەكە بووە؟ بە سەرسامییەكی زۆرەوە سەیر دەكەم كەوا كۆنەكەی لەبەر كردووە (ئەو كەوایەی كە تازە لەو پیرەژنە فرۆشیارەم كڕیبوو كە جلی دەستی دوو دەفرۆشێ و جار جار سەرێكی لێ دەدەم و شتم بە قەرز دەداتێ)، بەم پێیە ویستوویەتی لە ماڵ بچێتە دەر و لەو وەختەشدا كە دەرگەكە دەكاتەوە، بە شێوەیەكی كتوپڕانە فێی لێ دێت و لە پێی دەخات. تۆ بڵێیت بە تەمای كوێ بووبێت؟ بۆی هەیە هەر لەو كاتەدا تووشی وڕێنەكردن بووبێت.

بەس تاكەی هەر بەردەوام بوو، دیسان تووشی وڕێنەكردن بووەوە و جا دواتریش لەهۆش چوو. لەو وەختەوەی هاتبووە ماڵی من، تا ئەو كاتە دوو جار تووشی هەڵمەتی فێ ببوو، بەس هەردوو جارەكە بە سەلامەتی نەجاتی ببوو، وەلێ هەنووكە تووشی پەشێویی زەینیش ببوو. هەتا نیو كاتژمێرێك لە تەكییەوە دانیشتم و چاودێریم كرد، جا پاشان كورسییەكانم لە تەنیشت یەك و لەنزیك جێخەوەكەی ئەوەوە ڕیز كردن، هەر بە هەمان جلی بەرمەوە

لەسەریان ڕاکشام بۆ ئەوەی هەرکە بانگمی کرد یەکسەر هاییم بیبێتەوە. مۆمەکەم نەکوژاندەوە. بەر لەوەی بخەوم چەندین جار لێیم ڕوانی. ڕەنگی پەڕی بوو، بەس لێوەکانی بەهۆی تاوە وشك هەڵاتبوون و ژێگەلی خوێنیان پێوە دەبینرا، بێگومان لە دەسپێکی هەڵمەتی فێکەدا کەوتبوو و زامدار ببوو. ڕووخساری ئاسەواری ترس و نیگەرانییەکی ئازاردەری پێوە دیار بوو کە دەتگوت تەنانەت لە خەویشدا دەستی لیٚ هەڵناگریٚ. بڕیارمدا گەر تا سەرلەبەیانی تەندووستیی باش نەبێتەوە، ئەوا دەمودەست دکتۆر بێنمە ژوور سەری. ترسی ئەوەم هەبوو کە هەر بەڕاستی تووشی نەخۆشییەکی دیکە بووبێت.

هەڵدەلەرزیم و بە خۆمم گوت: ((تۆ بڵێیت شازادە ئەوی ترساندبێت!)) جا ئەو ژنەم بیر هاتەوە کە شازادە پارەکانی لیٚ زەوت کردبوو.

٢

پازدە ڕۆژ تێپەڕی، نێلی تەندروستیی باش ببووەوە. هۆشی هاتبووە سەر خۆی و ئاسەواری پەشێویە زەینیەکەی پێوە دیار نەما، بەس هەر بەڕاستی نەخۆش کەوتبوو. لە ڕۆژێکی درەوشاوە و سامالٚی کۆتاییی مانگی نیسان لە جێگەکەی دەرهات. حەفتەی قەدیسەکان[1] بوو.

وای لەو کلۆلٚ و بێنەوایە! ناتوانم بەسەرهاتەکە وەك خۆی بگێڕمەوە. کاتێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوانەدا ڕابردووە کە من ئێستە یاداشتیان دەکەم. بەس ئەمڕۆش کە ڕووخسارە ڕەنگپەڕیو و لاوازەکەی، نیگای زەق و پێداگرانەی چاوە ڕەشەکانیم بیردێتەوە پەژارەیەکی گیان سووتێن دامدەگرێت. لە جێگەکەیدا ڕاکشابوو و تا ماوەیەکی زۆر هەر چاوی تیٚ بڕی بووم، دەتگوت بە نیگا تکام لیٚ دەکات هەتا لە ڕێی سۆسەکردنەوە دەرك بەوە بکەم کە ئەو بیری لیٚ دەکاتەوە. بەس وەختێك دەیدیت من ناتوانم بە گومانبردن دەرکی پیٚ بکەم و هەروا بە دوودڵییەوە تیاماوم، بزەیەکی نەرم و نیانی دەهاتیٚ و لەپڕ دەستە تادار و پەنجە لاوازەکانی بەرەو من درێژ دەکردن. گەرچی ئێستە

[1] - قەدیس: پلەیەکی بەرزی ڕۆحیی ئایینی مەسیحییە، بەرامبەر ( پیر : وەلی ) دێت.

زەمەنێکی زۆر بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە و من هەموو شتێك دەزانم، بەس هێشتاش دەرکم بە هەموو نهێنییەکانی دڵەی نەخۆش و ئازارچەشتوو و زەبوونی نەکردووە.

هەست دەکەم خەریکە لە باسەکەم دوور دەکەومەوە، بەس لەم ساتەدا بەدەر لە نێلی ناتوانم بیر لە هیچ کەسێکی دی بکەمەوە. سەیر لەوە دایە ئێستە کە بە نەخۆشییەوە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە پاڵکەوتووم و لەلایەن هەموو خۆشەویستانمەوە پشتگوێ خراوم، جار جار وا دێتە پێش کە هەندێك لە وردەکاریی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەم بیردێنەوە کە ئەو کات هیچ گرنگییەکم پێ نەدابوون یان لە بیرم کردبوون، جا لەم جیهانی تەنیاییەدا مانایەکی تەواو جیاواز پەیدا دەکەن و ئەو شتەی کە لەو ساتانەدا دەرکم پێ نەکردبوو، ئێستە بە تەواوی لەبەر چاومدامانایەکی ڕوون وەردەگرێت. لە چوار ڕۆژی سەرەتای نەخۆشکەوتنەکەی نێلی، من و دکتۆر ئێجگار نیگەران بووین. بەس بۆ ڕۆژی پێنجەم، دکتۆر منی بردە لایەکەوە و گوتی هیچ مەترسییەکی لەسەر نەماوە و بە دڵنیاییەوە حاڵی باشتر دەبێت. ئەمە هەمان ئەو دکتۆرە بوو کە لە مێژە دەمناسی، کەسێکی سەڵت و نێوان ساڵ بوو کە خاوەن دڵێکی میهرەبان بوو و شارەزاییەکەشی هیچی لەبارەوە نەدەگوترا، هەمان ئەو دکتۆرەی کە یەکە مجار نێلی نەخۆش کەوت من ئەوم هێنایە ژوور سەری و نێلی لەو ساتەدا بە بینینی ئەو خاچە ئستالیسناس ـە گەورەیەی کە بە گەردنییەوە شۆڕ ببووەوە سەری سووڕمابوو. بە خۆشحاڵییەوە پرسیم یانی ئیدی هیچ مەترسییەك لە ئارادا نییە؟

- نا، ئەم جارەیان حاڵی باش دەبێتەوە، بەس ژیانێکی وەهای لەبەردەمدا نەماوە.

بە سەرسامییەوە لەو حوکمەی کە بۆ نێلیی دەرکردبوو پرسیم: یانی چی؟ لەبەر چی؟

- بەڵێ، بێگومان ئەو بەم زووانە دەمرێت، نەخۆشی دڵی هەیە و بە بچووکترین ڕووداوی ناخۆش، دیسان دەکەوێتەوە جێگە، گەرچی لەوانەیە تەندروستیی جێگیر ببێتەوە، بەس دیسان نەخۆش دەکەوێ و دواجار دەمرێت.

- نا، ئەمە ڕێی تێناچێ، یانی هەر بەڕاستی هیچ ڕێگەچارەیەك بۆ نەجاتدانی لە ئارادا نییە؟

- بەداخەوە، ئەم ڕووداوە هیچ قسەیەکی لەسەر نییە. لە هەمان کاتیشدا گەر بتوانیت لە هەر ڕووداوێکی ناخۆش و ڕاچڵەکێنی بەدوور بگریت و ژیانێکی ئارامی بۆ دەستەبەر بکەیت، ئەوا مردنەکەی کەمێك دوا دەکەوێ، بە کورتی نەخۆشەکەی من گەر هەندێك هەلومەرجی دڵخوازی بۆ دەستەبەر بکرێ ئەوا بۆی هەیە نەجاتی ببێت، بەس نەجاتبوونی یەکجارەکی مەحاڵە.

- ئەی خوایە! کەواتە لەم دۆخەدا دەبێت چی بکەم؟

**- ڕاسپاردەکانی من جێبەجێ بکە، کەشێکی ئارامی بۆ دابین بکە و ئەو دەرمانانەشی لە کاتی خۆیدا دەرخوارد بدە کە بۆی دادەنێم. دەرکم بەوە کردووە کە ئەم منداڵە زۆر ئارەزووبازە[1]، خوو و ڕەوشتی بە شێوەیەکی کتوپڕانە و تەنانەت گاڵتەجاڕانە دەگۆڕێ. حەز ناکات دەرمانەکانی بە ڕێکوپێکی بخوات. هەر ئێستەش بە شێوەیەکی پێداگرانە ڕەدی کردنەوە.**

**- بەڵێ دکتۆر، لە ڕاستیدا منداڵێکی سەیرە، بەس من پێم وایە هەموو ئەمانە بەهۆی ڤینێکەوەن کە لە خۆشییەوە سەرچاوە دەگرێت. دوێنێ باری زۆر خۆش بوو، کەچی ئەمڕۆ وەختێك شەربەتەکەیم[2] بۆ برد تا بیخواتەوە، بە شێوەیەك کە وەك بڵێی نەیزانیبێت، دەستی بە کەوچکەکەدا کێشا و هەمووی ڕژاند. کە ویستیشم لە قتووەکەدا کەوچکێکی دیکە دەربهێنم و شەربەتی بۆ بگرمەوە، قتووەکەی لە دەست سەندم و فڕێی دایە سەر زەوی و پاشان لە پرمەی گریانیدا.**

**دوای ساتێك بیرکردنەوە، درێژەم بە قسەکانم دا: ((بێگومان تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە دەمویست دەرمانی دەرخوارد بدەم.))**

**- ئم! ڤین. بێگومان ڤینەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ڕابردوودا (بەشێك لە بەسەرهاتی نێلیم بۆ گێڕابووەوە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانابوو) کەسانی جۆراوجۆر بە ژیانیدا تێپەڕیون و دەستیان لە بەدبەختکردنیدا هەبووە. هەنووکە ئەمە باشترین دەرمانە بۆ ئەو و دەبێت لێی بخوات. هەوڵ دەدەم بەوە قایلی بکەم کە گوێ بە ئامۆژگارییەکانی دکتۆر بدات، یانی بە شێوەیەکی گشتی... و دەرمانەکانی بخوات.**

**لە موبەق، ئەو جێیەی کە ئەم قسانەمان تێدا کردبوو هاتینە دەر و دکتۆر بەرەو جێگەکەی نێلی ڕۆیشت. بەس پێدەچوو نێلی قسەکانمانی بیستبێت: یان لایەنی کەم لەو کاتەدا کە سەری لەسەر پشتییەکە بەرز کردبووەوە و ڕووی کردبووە ئێمە، گوێقولاخ بووە هەتا بزانێت ئێمە چی دەڵێین. من لە ڕێی دەرگە نیوە کراوەکەوە بەمەم زانی و وەختێکیش بەرەو لای چووین، لێفەکەی بەخۆیدا دابوو و بە خەندەیەکی نەخۆشانەوە لێمان ورد دەبووەوە. چارەڕەشی ئاوها لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژەدا بە دەست دەرد و نەخۆشییەوە تەواو لاواز ببوو: چاوەکانی چووبوون بە قوڵاییدا و هێشتا تای لێ بوو. بارە لاسارانەکەی و نیگای درەوشاوە و شەڕەنگێزانەی کە دکتۆر لە بەرانبەریاندا دۆش دامابوو (باشترین دکتۆری ئەڵمانی بوو لە پترزبۆرگدا) لەو ساتەدا وەك شتێکی ئێجگار هەژێنەر بەرچاو دەکەوتن. دکتۆر بە شێوەیەکی جددی و بە دەنگێکی لاوێنەر و نەرمەوە کە هەوڵی دەدا هەتا دەکرێت نەرم و نیان بێت، بەوی گوت کە خواردنی دەرمانەکەی پێویست و بەسوودە و دەبێت هەموو ئەو کەسانە لێی بخۆن کە ئەم نەخۆشییەیان هەیە. نێلی سەری لەسەر سەرینەکە بەرز کردەوە و بە جووڵەیەکی تەواو پێشبینی نەکراوی دەستی،**

---

**[1] - ئارەزوو باز: کەسێك کە حەزی خێرا و کاتیی هەیە. هەڵبەتە "ئارەزووباز" بە مانای مەیلێکی زۆر بۆ جنسیش دێت کە لێرانەدا بەو مانایە بەکار نەهاتووە.**

**[2] - شەربەت: شرووب: دەرمانی گیراوە، کە وەك چارەسەر بە نەخۆش دەدرێت.**

وەك ئەوەی كە دیسان نائاگایانە بوویێت، كێشای بە كەوچكەكەدا و هەموو گێراوەكەی ناوی ڕشتە سەر زەوی. من دڵنیابووم كە دەسئەنقەست ئەم كارەی كردووە.

دكتۆر بە شێوەیەكی نەرم و نیان گوتی: ((ئەم لاسارییەت جێگەی داخە و من دڵنیام كە دەسئەنقەست ئەو كارەت كرد، ئەو كارە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە. بەس... دەشێ قەرەبووی بكەینەوە و دیسان كەوچكێكی دیكە لەو دەرمانە بگرینەوە.))

نێلی گاڵتەی پێكرد و دیسان گێراوەكەی ڕشتە سەر زەوی.

دكتۆر بە شێوەیەكی فەرماندەرانە سەری لەقاند.

دیسان كەوچكێكی دیكەی لە ئاودا گرتەوە و گوتی: ((ئەم كارەت زۆر ناشیرینە. بە هیچ شێوەیەك دروست نییە.))

نێلی لە بارێكدا كە بێهوودە هەوڵی دەدا بەر بە پێكەنینی خۆی بگرێت گوتی: ((تووڕە مەبن: بێگومان دەیخۆمەوە... بەس جا ئەوسا منتان خۆشدەوێ؟))

- گەر هەڵسوكەوتت جوان بێت، بێگومان خۆشم دەوێیت.

- زۆر؟

- بەڵێ.

- جا گەر حەزم لێ بوو ماچیشم دەكەن؟

- بەڵێ، گەر حەزت لێبێت.

نێلی زیاد لەوە خۆی پێڕانەگیرا و لە تریقەی پێكەنینیدا.

دكتۆر بە شێوەیەكی ئێجگار جددی و چفە ئاساوە بە منی گوت: ((نەخۆشەكەمان خۆشحاڵ دیارە، بەس ئەمە خۆنەویستانەیە و لە تووڕەییاندایە.))

نێلی لە پڕ بە دەنگێكی لاوازەوە گوتی: ((باشە، ئێستە شەربەتەكەم دەخۆمەوە. بەس وەختێك كە گەورە بووم، زەماوەندم لەگەڵ دەكەن؟))

پێدەچوو چێژێكی زۆر لەم حەنەكچیەتی و لاساری نواندنە نوێیەی وەربگرێت. چاوەكانی بریقەیان دەهات و لێوەكانی لەژێر كاریگەریی تادا دەلەرزین و بەو دۆخەوە چاوەڕێی بیستنی وەڵامی دكتۆر بوو.

دکتۆر بەم لاقردی نواندنە نوێیەی ئەو خەندەیەکی خۆنەویستانەی هاتێ و گوتی: ((بەڵێ، هەڵبەتە گەر کچێکی باش، گوێڕایەڵ و بەئەدەب بیت و ئەگەر ئامادەش بیت...))

نێلی قسەکەی پێ بڕی و گوتی: ((دەرمانەکانم بخۆم؟))

- ئێ، ئێ، زۆر باشە، بەڵێ، گەر دەرمانەکانت بخۆیت.

پاشان بە ورتەوە بە منی گوت: ((کچێکی باش و ژیرە، بەس لە هەمان کاتدا... دەیەوێت لەگەڵ مندا زەماوەند بکات... ئای لەم ئارەزووە سەیرە!))

جا دیسان کەوچکێك لە دەرمانەکەی دایە دەستی. بەس نێلی ئەمجارەیان بێ ئەوەی هیچ فێڵێك بەکاربهێنێ، دەستێکی بە کەوچکەکەدا کێشا و هەموو گیراوەکەی بە جل و دەموچاوی دکتۆرە داماوەکەدا پژاند. پاشانیش لە قاقای پێکەنینیدا، بەس پێکەنینەکەی ئاسایی و دڵخۆشانە نەبوو. گەشییەکی بێبەزەییانە و پڕ لە ڕق بە دەموچاوییەوە دەرکەوت. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خۆی لە نیگای من دەدزییەوە و بە نیگا گاڵتەجاڕانە و ئازاردەرانەکەی لە دکتۆر ڕامابوو. چاوەڕێ بوو تا بزانێت هەڵسوکەوتەکەی چ کاریگەرییەك لەسەر دکتۆرە داماوەکە دادەنێت.

دکتۆر بە دەسماڵ ڕووخسار و جلەکانی پاك کردنەوە و گوتی: ((باشە، کێشە نییە! بەس دەشێ گیراوەیەکی دی ئامادە بکەینەوە.))

ئەم کاردانەوەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نێلی دانا. چاوەڕێ بوو ئێمە تووڕە ببین، لای وابوو پێیدا هەڵدەشاخێین، سەرکۆنەی دەکەین، لەوانەشە نائاگایانە چاوەڕێی کاردانەوەیەکی لەو جۆرە بووبێت هەتا وای بنوێنێ کە تووشی فێ بووە و بیانوویەك بەدەست بهێنێت و وەك جاری پێشوو فتووی دەرمانەکە ئاوەژوو بکاتەوە، یان تەنانەت شتێك بشکێنێت. هەموو ئەم کارانەشی لە پێنا و سرەوتنی دڵە بریندار و ئارەزووبازەکەیدا دەکردن. هەر بە تەنیا نێلی و مرۆڤە نەخۆشەکان دیلی ئەم جۆرە حەز و ئارەزووە نین. چەندان جار خۆشم بە ژوورەکەمدا پیاسەم کردووە و ئارەزووم وابووە کە کەسێك هەر لەو دەمەدا سووکایەتیم پێ بکات یان لایەنی کەم قسەیەك بکات هەتا من بتوانم وەك جوێندانێك لێکی بدەمەوە، جا لەم ڕێیەشەوە دڵم بسرەوێت. ژنان وەختێك دەیانەوێ لەم ڕێیەوە«سووکنایی»بە دڵیان ببەخشن، دەست بە گریان دەکەن و ڕاستگۆترین و هەستیارترینەکانیان هەتا تووش بوون بە نۆرەی دەماری کڕ نابنەوە. ئەم بابەتە شتێکی زۆر سادە و باوە و بەتایبەت لە کاتێکیشدا پێش دێت کە مرۆڤ خەمێکی، کە زۆربەی کات ناڕوونە، لە دڵدایە و حەز دەکات لەگەڵ ئەوانیدیدا باسی بکات، وەلێ ناتوانێ. بەس نێلی کەوتبووە ژێر کاریگەریی دڵگەورەیی دکتۆرەوە کە گەرچی ئەوی ڕەنجاندبوو بەس ئەو بە تاقەت و پشوودرێژییەوە خەریکی ئامادەکردنی سێیەمین گیراوە بوو، جا وەختێك بینیی دکتۆر بە بچووکترین وشەش لۆمەی

ئەوی نەکرد، لە پڕ ئارامی گرت و سرەوت. بزە گاڵتەجاڕانەکەی دیار نەما، گۆناکانی ڕەنگیان تێگەڕایەوە و چاوانی فرمێسکیان تێزا. بە خێرایی سەیرێکی منی کرد و پاشان چاوەکانی لە جێیەکی دی بڕین. دکتۆر گیراوەکەی دایە دەستی. بە هێمنی خواردییەوە، دەستە سوورهەڵگەڕاو و هەڵماسیوەکانی دکتۆری گرتن و لە چاوەکانی ڕاما.

- لە من تووڕەن، لەبەر ئەوەی کچێکی خراپم...

بەس قسەکەی تەواو نەکرد، سەری لەبن پێخەفەکە نا و بە دەنگی بەرز دەستی کردە گریان، گریانێکی ڕقاوی. دکتۆر گوتی:

- ئاە! کچۆڵەکەم، مەگری... هیچ نییە... تۆ تووڕەیت، کەمێك ئاو بخۆرەوە.

بەس نێلی گوێی بە قسەکانی نەدەدا.

دکتۆر کە مرۆڤێکی زۆر هەستیار بوو و هێندەی نەمابوو ئەویش گریان بیگرێ، گوتی: ((ئارام بە... ناڕەحەت مەبە، لێت دەبوورم و وەختێکیش کە گەورە بوویت، گەر بەڵێن بدەیت کچێکی باش بیت ئەوا زەماوەندت لەگەڵ دەکەم...))

نێلی لەژێر پێخەفەکەوە بە پێکەنینێکی لاواز و ڕقاوی و تێکەڵ بە هەنسکی گریانەوە، کە من زۆری پێ ئاشنا بووم و لە دەنگی زەنگوڵە دەچوو، گوتی: ((جا ئەوسا ئێوەش دەرمانەکانتان دەخۆن؟))

لەو ساتە بەدواوە هاوڕێیەتی و هاودڵییەکی سەیر لەنێوان دکتۆر و نێلیدا دروست بوو. بەس لەگەڵ من بە پێچەوانەوە، زیاتر لە جاران بە تووڕەیی و دژمنایەتییەوە مامەڵەی دەکرد. نەمدەزانی چۆن ئەم ڕەفتارەی لێك بدەمەوە و زیاتریش سەرم لەوە سووڕمابوو کە هەڵسوکەوتی بە شێوەیەکی کتوپڕانە گۆڕانی بەسەرداهات. ڕۆژانی سەرەتای نەخۆشییەکەی، لەگەڵ من زۆر میهرەبان و نەرمونیان بوو، هەر دەتگوت لە بینینم تێر نابێت: نەیدەهێشت لێی دووربکەومەوە، دەستمی دەخستە نێو دەستە تادارەکەی و لە تەنیشت خۆیەوە دای دەنیشاندم و گەر بیزانیبا بێتاقەت یان خەمگینم، هەوڵی دەدا بە گاڵتە و گەپ دڵخۆشم بکات، بە دەممەوە پێدەکەنی و دەکۆشا ئازار و ناڕەحەتیی خۆیم لێ بشارێتەوە. حەزی نەکرد شەوانە کار بکەم، یان بە دیارییەوە ئێشك بگرم و کە دەشیبینی من بە گوێی ناکەم، یەکسەر خەم دایدەگرت. سیمای جار جار نیگەرانییەکی پێوە دیار بوو، بۆ ئەوەی بمخاتە پێکەنین، هەندێك پرسیاری لێ دەکردم، دەیپرسی بۆچی خەمگینم، بیر لە چی دەکەمەوە، بەس سەیر ئەوەبوو کە وەختێك باسەکەم دەبردەوە سەر ناتاشا، دەمودەست بێدەنگ دەبوو یان دەستی بە قسەکردن لەسەر بابەتێکی دی دەکرد و باسەکەی دەگۆڕی. پێدەچوو حەز نەکات بە هیچ شێوەیەك قسە لەسەر ناتاشا بکات و بەمەش منی سەرسام کردبوو. وەختێك دەگەڕامەوە ماڵێ، زۆر خۆشحاڵ دەبوو. بەس لەو کاتانەی کە کڵاوەکەمم هەڵدەگرت بە تەمای چوونە دەرەوە بووم، بە نیگایەکی خەفەتاوی، سەیر و وەك بڵێیت لۆمەکەرانە لێمی دەڕوانی. لە چوارەمین ڕۆژی نەخۆشکەوتنەکەیدا، سەرانسەری ئەو ڕۆژەم لەگەڵ ناتاشادا بەسەربرد و تەنانەت تا درەنگانێکی دوای

نیوەشەویش هەر لەلای مامەوە. قسەوباسێکی زۆرمان بۆ یەکدی هەبوو. وەختێك لە ماڵ دەچوومە دەر، بە نێلیم گوت زوو دەگەڕێمەوە و لە ڕاستیشدا هەر تەمام وابوو. گەرچی ماوەیەکی زۆر لەوە زیاتر کە بەخۆم دامنابوو لای ناتاشا مامەوە، بەس خەمی نێلیم نەبوو: چونکە فیلیپ سەرێکی لە من دابوو و دواتریش کە ئەم هەواڵەی بە ئالێکساندرا ڕاگەیاندبوو، ئەو یەکسەر هاتبوو بۆ لای. خوایە گیان! ئەم ئالێکساندرا خەمخۆر و میهرەبانە چ زەحمەتێکی دەکێشا. بە فیلیپی گوتبوو:

- یانی ڤانیا بۆ فراوێن ناگەڕێتەوە ماڵێ، ئەی خودای گەورە! ئەم کچۆڵەیە بە تەنیایە. دەبێت هاوڕێیەتیی خۆمانیان بۆ بسەلمێنین. نابێت ئەم دەرفەتە لە دەست بدەین.

جا دەمودەست بە گالیسکە و بەستەیەکی گەورەی دەستییەوە خۆی گەیاندبووە ماڵەکەی من. هەر ئەو کاتە بە منی گوتبوو بۆیە هاتووە، تا ئەو ماوەیەی کە من لە ماڵێ نیم لەوێ بمێنێتەوە، هاتبوو هەتا یارمەتیم بدات و بەستە گەورەکەشی کردبووەوە. بەستەکەی جۆرەها شەربەت، مرەباگەلێکی تایبەت بە نەخۆشان، مریشك، سێو، پرتەقاڵ، هەروەها چەند جۆرێك کێك (هەڵبەتە گەر دکتۆر مۆڵەتی بدابا) و دواجار جلی ژێرەوە، لێفە، خاولی، کراس و برینپێچی تێدابوو کە دەکرا نەخۆشخانەیەکیان پێ بەڕێوە ببەیت.

وەك ئەوەی کە زۆر پەلەی بێت پێمی گوت: ((هەموو شتێکمان هەیە: جا ئێوە وەك پیرە کوڕێکی سەڵت دەژین. هیچ یەك لەم جۆرە شتانەتان نییە، لەبەر ئەوە مۆڵەتم پێ بدەن... هەڵبەتە فیلیپ فەرمانی پێکردووم کە ئەم کارانە بکەم. باشە، ئێستە... خێرا، خێرا! دەبێت چی بکەم؟ نێلی حاڵی چۆنە؟ هۆشی هاتووەتەوە سەرخۆی؟ ئاه! ئەمە باش نییە بۆ ئەو، دەبێت سەرینەکەی ڕێك بخرێ و سەری کەمێك نزمتر ببێتەوە، بزانم، ئایا سەرینێکی چەرمی و باشترتان نییە؟ کە کەمێك فێنکتر بێت. ئاه! چەندە گێژم. بیرم نەبوو دانەیەك لەگەڵ خۆم بهێنم... دەچم دەیهێنم... دەبێت ئاگر بکەینەوە؟ کارەکەرێکی پیری باش دەناسم و دەینێرم بۆ لاتان... بەس هەنووکە دەبێت چی بکەین؟ ئەمە چییە؟ دەرمانی گیایی... دکتۆر ئەمەی پێ داوە؟ بێگومان بۆ دروستکردنی جۆشانەیە؟ هەر ئێستە دەچم ئاگرەکە دەکەمەوە.))

بەس من هێورم کردەوە، جا وەختێکیش پێم ڕاگەیاند بەو جۆرەی کە ئەو بیری لێ کردووەتەوە لێرە کارێکی ئەوتۆ بۆ ئەنجامدان نییە، سەری سووڕما و تەنانەت کەمێکیش خەمگین بوو. بەس هەر دڵی سارد نەبووەوە. دەمودەست لەگەڵ نێلی بوونە هاوڕێ و لە ماوەی نەخۆشییەکەیدا یارمەتییەکی باشی دام. هەموو ڕۆژێك سەردا نمانی دەکرد و بە سیمایەکی هێندە پەشۆکاو و پەلەکەرانەوە خۆی بە ژووریدا دەکرد کە دەتگوت شتێکی لێ ون بووە و دەیەوێت هەرچی زووتر بیدۆزێتەوە. هەموو جارێکیش دەیگوت بە فەرمانی فیلیپ هاتووە. زۆر کەیفی بە نێلی هاتبوو. وەك دوو خوشك یەکدییان خۆشدەویست و بە گومانی من ئالێکساندرا لە هەندێك ڕووەوە لە نێلی منداڵتر بوو. حەکایەتی بۆ دەگێڕایەوە و دەیخستە پێکەنین، ئەو کاتانەش کە ئالێکساندرا دەگەڕایەوە ماڵێ، نێلی زۆر خەفەتبار دەبوو.

یەکەمین جار بە بینینی ئەو سەری سووڕما، بەس خێرا وای بۆ چوو کە ئەم دیدەنیکەرە چاوەڕواننەکراوە تەنیا لەبەر خاتری من هاتووە و جا وەك خووی هەمیشەیی خۆیشی، مۆنی کرد و بێدەنگییەکی دژمنکارانە دایگرت. وەختێك ئالێکساندرا ڕۆیشت، بە سیمایەکی ناڕازییەوە لێمی پرسی: بۆچی هاتووە بۆ ئێرە؟

- بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات، نێلی، خەمی تۆی بووە.

- بۆچی؟ خۆ من هەرگیز هیچ ئیشێکم بۆ ئەو نەکردووە.

- مرۆڤە دڵباش و خەمخۆرەکان هیچ کات چاوەڕێی ئەوە نین کە کەسانی دی ئیشێکیان بۆ بکەن، نێلی. حەزدەکەن یارمەتیی کەسانی لێقەوماو بدەن. بێخەم بە، ئەم جۆرە مرۆڤە چاکەکارانە زۆرن. بەس بەدبەختیی تۆ تەنیا ئەوەیە کە لە کاتی پێویستدا تووشیان نەهاتوویت.

نێلی بێدەنگ بوو. لێی دوور کەوتمەوە. بەس دوای چارەکە کاتژمێرێك بە دەنگێکی لاواز بانگمی کرد و ئاوی لێم ویست، کە پەرداخە ئاوەکەم بۆ برد لە پڕ دەستەکانی لە ملم ئاڵاند، سەری بە سنگمەوە نووساند و تا ماوەیەکی زۆر لەم بارەدا مایەوە. بەیانی کە ئالێکساندرا هات، بە بزەیەکی شادمانانەوە بەخێرهاتنی کرد، بەس پێدەچوو هێشتا شەرمی لێ بکات.

## ٣

ئەو ڕۆژە، هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە تا شەو لای ناتاشا مامەوە. درەنگانێك گەڕامەوە و لەو کاتەدا نێلی خەوتبوو. ئالێکساندراش خەوی دەهات، بەس بەدەم چاوەڕوانی کردنی منەوە لای جێگەکەی نێلی بە بێداری دانیشتبوو. بە پەلە پەل و بە دەنگێکی هێواشەوە بۆمی گێڕایەوە کە نێلی سەرەتا زۆر دڵخۆش بووە و تەنانەت زۆریش پێکەنیوە، بەس دواتر خەم دایگرتووە و لە فکردا ڕۆچووە. پاشان بە دەست ژانەسەرەوە ناڵاندوویەتی و جا دەستی کردووە بە گریان و هەنسکدان. پاشان بۆی زیاد کرد: ((هێندە گریا کە ئیدی من نەمدەزانی دەبێت چی بکەم. دوای ئەوەش لەبارەی ناتاشاوە قسەی لەگەڵ کردم، بەس من نەمدەزانی دەبێت چیی پێ بڵێم، جا دوای ئەوە ئیدی هیچ پرسیارێکی لێ نەکردم و هەموو ئەو ماوە هەتا خەو بردییەوە هەر خەریکی فرمێسك ڕشتن بوو. باشە، ئیڤان پترۆڤیچ، ئیدی دەبێت من بڕۆم، پێم وایە حاڵی باشترە. با بڕۆم تا درەنگی نەکردووە، فیلیپ پێی گوتبووم زوو بگەڕێمەوە. دەبێت دانی پێدا بنیم کە ئەو تەنیا مۆڵەتی دوو کاتژمێری پێدام، بەس بەخۆم زیاتر مامەوە. وەلێ

کێشە نیە، خەمی منتان نەبێ، زاتی نییە خۆی تووڕە بکات. ئاە! خوایە گیان، ئیڤان پترۆڤیچی ئازیز، دەبێت چی بکەم؟ لەم دواییانەدا هەمیشە بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵێ. دا یمە فکر و خەیاڵ دایگرتووە، ئیدی قسەم لەگەڵ ناکات، بێگومان بابەتێك لە ئارادایە کە نیگەرانی دەکات و گوشار دەخاتە سەر ڕۆحی، باش دەرك بەمە دەکەم، جا دیسان شەوێ بە بەدمەستی خۆی بە ماڵێدا دەکاتەوە... بە درێژایی ئەم ماوەیە هەر دڵم لای بووە و لەبەر خۆمەوە دەڵێم گەر ئێستە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ ئەوا کەس نییە بیخاتە سەر جێگەی و بیخەوێنێ. ماڵئاوا ئیڤان پترۆڤیچ. چاوێکم بە کتێبەکانتاندا خشاند. ئێوە کتێبتان زۆرە و ڕەنگە کتێبەکانتان زۆر بەکەڵك بن و کەچی منی گەمژەش هەرگیز هیچم نەخوێندووەتەوە... باشە ئیدی من دەڕۆم! تا بەیانی!))

بەس بۆ بەیانییەکەی نێلی بە خەمگینی لە خەو هەڵسا، مڕومۆن بوو و خەمساردانە وەڵامی دەدامەوە. هیچ قسەیەکی لەگەڵ نەدەکردم، پێدەچوو لە من تووڕە بێت. بەس جار جار بە نیگایەکەوە کە خەفەتێکی شاراوە و لە هەمان کاتدا سۆزێکیشی بەرانبەر بە من تێدابوو، سەیرێکی دەکردم و نەیدەهێشت من پێی بزانم. هەر ئەو ڕۆژەش بوو کە گێچەڵی بە دکتۆر گێڕا، من تیامابووم و نەمدەزانی چی بکەم.

بەس نێلی بە گشتی ڕەفتاری بەرانبەر بە من گۆڕابوو. کاری سەیر و سەمەرە و ئارەزووبازانەی دەکرد، تەنانەت تا ئەو کاتەی کە لەگەڵ من دەژیا، تا ڕوودانی ئەو کارەساتەی کە کۆتایی بە پەیوەندیی نێوا نمان هێنا، هەر جار جار ڕەفتاری ڕقاویی لە بەرانبەر دەنواندم. بەس ئەم باسە هەڵدەگرین بۆ دواتر.

جیا لەمە هەندێك جاریش بۆ یەك دوو کاتژمێرێك بە میهرەبانییەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردم. هەوڵی دەدا زیاد لە ڕادە بملاوێنێتەوە و زۆربەی کاتیش بەکوڵ دەگریا. بەس ئەم کاتژمێرانە بەخێرایی ڕادەبوردن، دیسان پەژارە دایدەگرتەوە و بە ڕق و قینەوە لێی دەڕوانیم. یا کە دەیزانی حەز بە یەکێك لە لاسارییە تازەکانی ناکەم، دەستی بە پێکەنین دەکرد و هەمیشەش پێکەنینەکەی بە فرمێسك ڕشتن دوایی دەهات.

تەنانەت جارێکیان لەگەڵ ئالێکساندرا کردییە دەمەقڕە و بەوی گوت نایەوێ ئەو هیچ کارێکی بۆ بکات و وەختێکیش لەسەر ئەم بابەتە لۆمەیم کرد، ڕقی هەستا و بە تووڕەییەوە وەڵامی دامەوە، پێدەچوو بەرانبەر بە من قینێکی زۆری لە دڵ دابێت، جا پاشان لەپڕ بێدەنگ بوو و تا ماوەی دوو ڕۆژ قسەی لەگەڵ نەکردم، نە ئاو و شەربەتی دەخواردەوە و نە دەمی لە هیچ خۆراکێکی دیکە دەدا، تەنیا دکتۆر توانیی ڕازیی بکات و بیخاتەوە سەر بارە خۆشەکەی جارانی.

پێشتر گوتم کە لەو ڕۆژەوەی دکتۆر دەرمانەکەی دەرخوارد دا، هاوڕێیەتییەکی گەرم و گوڕ لە نێوانیاندا دروست بوو. نێلی زۆر پێیەوە هۆگر ببوبوو و هەمیشەش بە خەندەیەکی خۆشحاڵانەوە پشوازیی لێ دەکرد و دەتگوت بەر لە هاتنی ئەو هیچ نارەحەتی یان خەمێکی لە دڵدا نەبووە. دکتۆریش هەموو ڕۆژێك سەردانی دەکرد، هەندێك جاریش لە ڕۆژێکدا دوو جار دەهات بۆ لای، تەنانەت ئەو کاتانەش کە نێلی تەندروستیی باش بووەوە و لە جێگەکەی هەستا

هەر سەردانی دەکرد. بە چەشنێك دکتۆری گیرۆدەی خۆی کردبوو کە نەیدەتوانی تەنانەت یەك ڕۆژیش بەبێ بیستنی دەنگی پێکەنین و گاڵتە و گەپەکانی کە هەندێك کات زۆریش خۆش بوون، هەڵبکات. کتێبی وێنەداری سوودبەخشی بۆ دەهێنا. یەکێك لە کتێبەکانی بە تایبەت بۆ کڕیبوو، جا پاشان چکلێت و شیرینیشی بۆ دەهێنا. لەو کاتانەدا بە سیمایەکی قورس و قۆڵانەوە خۆی بە ژووریدا دەکرد، دەتگوت ئەو ڕۆژە بۆ ئەو وەك جەژن وایە و نێلیش دەمودەست دەیزانی کە دیارییەکی بۆ هێناوە. بەس دیارییەکەی پێ نیشان نەدەدا، بە سیمایەکی فێڵبازانەوە لای نێلی دادەنیشت و پێی دەگوت لەو کاتانەی کە ئەم ئامادەگیی نییە، گەر کچۆڵەکە ڕەفتارێکی باشی هەبێت و شیاوی ڕێزلێنان بێت ئەوا شایەنی وەرگرتنی پاداشتێکی باشە. لەگەڵ کردنی ئەم قسانەدا بە سیمایەکی هێندە ساویلکانە و پڕ لە سۆزەوە لەوی دەڕوانی کە نێلی بەو پێکەنینەی کە لە ناخی دڵیەوە دەهات، ئەوی تێدەگەیاند کە بە چ ڕادەیەك پێیەوە هۆگرە و پەیوەندییەکی چەندە گەرموگوڕی لەگەڵی هەیە. سەرئەنجام دکتۆر بە ویقارێکی تەواوەوە لە جێگەکەی هەڵدەستا، قتووی چکلێتەکانی هەڵدەگرت و لەو کاتەش کە دەیدایە دەستی نێلی، وەك هەمیشە دەیگوت: ((بۆ هاوسەرە بەسۆزەکەی داهاتووم.)) بێگومان لەم ساتانەدا ئەو خۆشحاڵتربوو هەتا نێلی.

جا پاشان دەستی بە دەمەتەقێ دەکرد. هەموو جارێکیش بە زمانێکی نەرم و بە شێوەیەکی جددی فەرمانی پێدەکرد کە ئاگای لە تەندروستیی خۆی بێت و لەو بارەیەوە هەندێك ئامۆژگاریی پزیشکانەی دەکرد. بە شێوەیەکی سەرمەشقانە دەیگوت:

- پێویستە هەموو کەسێك ئاگای لە تەندروستیی خۆی بێت: بەر لە هەموو شتێك بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، جا پاشان لەبەر ئەوەی هەمیشە لە سەلامەتییەکی تەواوەتیدا بێت و لە ئەنجامدا خۆشبەخت ببێ. کچۆڵەکەم گەر خەمێکت لە دڵدایە، ئەوا لە بیری بکە، یان باشتر وایە هەر بیری لێ نەکەیتەوە. گەر نیشتە... ئەوا هەر بیر لەم بابەتە مەکەرەوە و هەوڵ بدە بیر لە شتگەلێکی دڵخۆشەر بکەیتەوە، لە بابەتگەلێکی شادیهێنەر و سەرگەرمکەر.

نێلی لەوی دەپرسی: بەس بیر لە چ شتێك بکەمەوە؟

لەو ساتەدا دکتۆر تیا دەما کە چ وەڵامێکی بداتەوە.

- لە یارییەکی سەرقاڵکەر، کە لەگەڵ تەمەنتدا بگونجێ... یان شتێکی لەم بابەتە...

- حەز لە یاریکردن ناکەم، ئەم کارەم بە لاوە خۆش نییە، لەبەرکردنی جلی تازەم پێ باشترە.

- جلی تازە! ئم! بیرۆکەیەکی هێندە باش نییە. مرۆڤ دەبێت خۆی لەسەر ژیانێکی سادە و بێ باق و بریق ڕابهێنێت، وەلێ باشە... دەکرێ حەزت لە جلی تازەش بێت و بیانپۆشیت.

- كه هاوسەرگیریمان كرد، جلی زۆرم بۆ دەكڕن؟

دكتۆر بێ ئەوەی خۆی تێكبدات گوتی: ((وای لەم فكرانە!)) نیلی بزەیەكی مەكربازانەی هاتێ و سەیرێكی منی كرد. دكتۆر درێژەی بە قسەكانی دا: ((وێڕای ئەوەش... گەر هەڵسوكەوتت باش و شیاو بێت، جلیشت بۆ بەڕادان دەدەم.))

- دوای ئەوەی كە هاوسەرگیریمان كرد هەر دەبێت ئەم گیراوەیە بخۆم؟

دكتۆر بزەیەكی هاتێ و گوتی: نا، لەوانەیە تەنیا هەندێك كات!

نیلی بە پێكەنینێكی بەرز ئەم گفتوگۆیەی پچڕاند. دكتۆریش سەیرێكی سۆزدارانەی ئەوی كرد و لەگەڵی پێكەنی.

پاشان ڕووی كردە من و گوتی: ((چەندە كەیفخۆشە، بەس هێشتا هەر ئەو ڕەوشتە ئارەزووباز و خەیاڵپەروەرانە و ئەو دڵناسكییەی جارانی تێدا ماوە.))

دكتۆر ڕاستی دەگوت. لە ڕاستیدا من نەمدەزانی چیی بەسەرهاتووە، وا دیار بوو ئیدی نەیەوێ قسەم لەگەڵ بكات، دەتگوت گوناحێكم بەرانبەر كردووە. ئەم بابەتە زۆر نارەحەتی دەكردم. منیش لێی لووتەلا دەبووم تەواوی ڕۆژ قسەم لەگەڵ نەدەكرد، بەس بۆ بەیانییەكەی لەم كارەم شەرمەزار دەبووم. زۆربەی كاتەكان دەگریا و لە ڕاستیدا منیش نەمدەزانی بۆ ژێركردنەوەی دەبێت چی بكەم. بە هەرحاڵ ڕۆژێكیان بێدەنگیەكەی شكاند.

ڕۆژێك بەر لە تاریكداهاتنی هەوا گەڕامەوە ماڵێ و بینیم بە پەلە پەل كتێبێكی خستە ژێر بالیفەكەوە. ڕۆمانەكەی خۆم بوو كە لە وەختی پێواریمدا لەسەر مێزەكە هەڵیگرتبوو و خەریكی خوێندنەوەی بوو. لەبەر خۆوە بیرم كردەوە كە داخۆ بۆچی لێمی دەشارێتەوە؟ تەریق دەبێتەوە؟ بەس هیچم بە ڕووی خۆمدا نەهێنا و وام نواند كە ئاگام لێی نەبووە. چارەكێك دواتر، بۆ ماوەی خولەكێك ڕۆیشتم بۆ موبەق: خێرا لە جێگەكەیەوە پڕتاوێكی كرد و كتێبەكەی خستە سەر مێزەكە. بۆ ساتێك دواتر بانگمی كرد، بە ئاوازی دەنگیدا دیار بوو كە خەفەتبارە. تا ئەو وەختە ماوەی چوار ڕۆژێك دەبوو كە قسەمان لەگەڵ یەكدی نەكردبوو.

بە دەنگێكی پچڕ پچڕ پرسیی: ((ئێوە... ئەمڕۆ.. دەچن بۆ لای ناتاشا؟))

- بەڵێ نیلی، لە ڕاستیدا پێویستە ئەمڕۆ چاوم پێی بكەوێت.

دیسان بە دەنگێكی هێدی پرسیی:

- ئێوە... زۆر... خۆشتان دەوێت؟

- بەڵێ، نیلی، زۆر.

دیسان بە هەمان دەنگی هێدییەوە گوتی: منیش خۆشم دەوێت.

دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەر کەشی نێوا نماندا کێشا.

بە چاوی تەڕەوە سەیرێکی کردم و گوتی: ((حەزدەکەم بچم بۆ لای و لەگەڵ ئەو بژیم.))

بە سەرسووڕمانەوە پرسیم: ((ئەمە شتێکی نەکردەیە، نێلی، مەگەر تۆ لێرە ئاسوودە نیت؟))

سوور هەڵگەڕا و گوتی: ((بۆچی نەکردەیە؟ ئێوە من ڕادەسپێرن کە بچم بۆ لای دایك و باوکی، بەس من نامەوێ بچم بۆ ئەوێ. ئایا ناتاشا کارەکەری هەیە؟))

- بەڵێ.

- باشە، با جوابی ئەو بکات و ئەوسا من هەموو کارەکانی بۆ دەکەم. هەر کارێکی بوێت بۆی ئە نجام دەدەم و گەر بەتەماشبێت پارەیەکم بداتێ ئەوا من وەری ناگرم، چونکە خۆشم دەوێت و چێشتیشی بۆ لێدەنێم. ئەمڕۆ ئەمەی پێ بڵێن.

- وەلێ بۆچی؟ ئەمە چ فکرێکە بە مێشکتدا هاتووە. خۆ تۆ بە هیچ شێوەیەك شارەزای ئەو نیت؟ پێت وایە بەوە ڕازییە وەك چێشتلێنەر بتگرێتە خۆ؟ گەر بەوەش قایل ببێت کە تۆ بچیت بۆ لای، ئەوا وەك هاوشانێکی خۆی سەیرت دەکات، وەك خوشکێك.

- نا، نامەوێت ئەو من بە هاوشانی خۆی بزانێت... بەم کارە ڕازی نیم.

- بۆچی ڕازی نییت؟

بێدەنگ بوو، لێوەکانی کەوتنە لەرزین، مەیلی گریانی هەبوو.

سەرە نجام پرسیی: ((مەگەر ئەو کەسەی کە خۆشی دەوێت، بەم زووانە لێی جیا نابێتەوە و وازی لێ ناهێنێ؟))

من واقم وڕما.

- چۆن ئەمە دەزانیت، نێلی؟

- خۆتان ئەمەتان پێ گوتم و پێریش کە مێردەکەی ئالێکساندرا هاتبووە ئێرە، لەوم پرسی و ئەویش هەموو شتێکی بۆ باسکردم.

- فیلیپ هاتووە بۆ ئێرە؟

سەری دانەواند و گوتی: بەڵێ.

- ئەی بۆچی پێمت نەگوت؟

- چونکە...

بۆ ساتێك لە فکردا ڕۆچووم، بۆچی فیلیپ بەم سیما تەلیسماوییەوە بە دەوروبەری ئەم کچەدا دەخولێتەوە؟ دەبێت چاوم پێی بکەوێ.

- وەلێ بۆچی تۆ بایەخ بەم بابەتە دەدەیت، نێلی؟

بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە یان چاوێکم لێ بکات گوتی:

- بەس ئێوە خۆشەویستییەکی زۆرتان بۆ ئەو هەیە، وایە؟ گەر خۆشتان دەوێ، کە ئەو وازی لێ هێنا، ئیدی دەتوانن هاوسەگیریی لەگەڵ بکەن.

- نا نێلی، من بە جۆرێك ئەوم خۆش دەوێ و ئەویش بە جۆرێکی دی منی خۆشدەوێ... نا، ئەمە نەکردەیە، نێلی.

دیسان بێ ئەوەی سەیرم بکات، هەر بە هەمان دەنگی هیواشەوە گوتی: ((من خزمەتی هەردووکتان دەکەم و ئێوەش خۆشبەخت دەبن.))

بە شڵەژانەوە لە خۆمم پرسی: ((چیی بەسەر هاتووە، بۆچی ئەم قسانە دەکات؟))

نێلی بێدەنگ بوو و ئیدی یەك قسەی نەکرد. بەس لەو وەختەی کە خەریك بووم لە ماڵ دەچوومە دەر، لە پرمەی گریانیدا و هەر بەو جۆرەی کە دواتر ئالێکساندرا بۆمی باسکرد، تەواوی ئەو شەوە گریابوو و بە چاوی فرمێسکاوییەوە خەو بردبوویەوە. تەنانەت شەو لە خەویشدا، هەر دەگریا و وڕێنەی دەکرد. لەو ڕۆژە بەدواوە خەمینتر و بێدەنگتر بوو و ئیدی قسەشی لەگەڵ من نەکرد. ڕاستە دوو سێ جارێك چاوم پێی کەوت کە بە نیگایەکی لێوڕێژ لە سۆز و ئەوینەوە لێمی دەڕوانی! بەس وەك ئەوەی بیەوێت بەر بە پاڵنەرێك بگرێت، دەمودەست ئەم نیگایەی دیار نەدەما. نێلی، کاتژمێر دوای کاتژمێر خەمگینتر دەبوو، تەنانەت لەگەڵ دکتۆریش کە سەری لەم بار گۆڕانەی سووڕمابوو، ئیدی قسەی نەدەکرد. بەس سەرئەنجام حاڵی باش بووەوە و دکتۆر مۆڵەتی پێدا بچێتە دەرەوە و لە هەوایەکی کراوەتردا پیاسە بکات، وەلێ تەنیا بۆ کاتێکی کەم. کەش و هەوا ساماڵ و گەرم بوو. بەیانییەکیان چوومە دەر، بەس بەڵێنم بەخۆم دا زوو بگەڕێمەوە و نێلی ببەم بۆ گەڕان، تا ئەو کاتە بە تەنیا جێم دەهێشت.

نازانم چۆن باسی ئەو ڕووداوە بکەم کە لە ماڵەوە چاوەڕوانیمی دەکرد. بە پەلە گەڕامەوە. کە گەیشتمە بەر دەرگە دەبینم لە دیوی دەرەوە کلیلەکە لە قوفڵەکە ڕۆکراوە. چوومە ژوورێ: کەسی لێ نەبوو. هەستم دەکرد خەریکە لەخۆ

دەچم. سەیرێکی دەوروبەرم کرد، کاغەزێك لەسەر مێزەکە بوو کە بە قەڵەمدار و بە دەستخەتێکی گەورە و ناڕێکوپێك لەسەری نووسرابوو:

(( ئەوە ماڵی ئێوەم جێهێشت و ئیدی ناشگەڕێمەوە، بەس زۆرم خۆشدەوێن. ))

‹‹دۆستی وەفادارتان، نێلی››

لە ترساندا هاوارێکم لێ هەستا و بە ڕاکردن لە ماڵ وەدەرکەوتم.

## ٤

تازە گەیشتبوومە سەر کۆڵانەکە، هێشتا دەرفەتم بۆ نەڕەخسابوو بیر لەوە بکەمەوە داخۆ دەبێت چی بکەم کە لەناکاو گالیسکەیەك لە بەردەم دەرگەی بیناکەدا ڕاوەستا: ئالێکساندرا دەستی نێلیی گرتبوو و پێکەوە دابەزین. بە توندی دەستی ئەوی دەگوشی، دەتگوت ترسی ئەوەی هەیە کە دیسان ڕابکاتەوە. بەرەو لایان هەڵهاتم و هاوارم کرد:

- نێلی، چی بووە، بۆ کوێ چووبوویت؟ بۆچی؟

ئالێکساندرا بە ورتە پێمی گوت پەلەتان نەبێت، خۆڕاگربن، با بچینە سەرێ، هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە، ئیڤان پترۆڤیچ، باوەڕ ناکەن!... دەی، با بڕۆین، هەر ئێستە هەموو شتێك دەزانن.

بە سیمایدا وا دەردەکەوت کە هەواڵگەلێکی زۆر گرنگی پێیە.

وەختێك خۆمان بە ژووردا کرد بە نێلیی گوت: ((بڕۆ کچەکەم، بڕۆ کەمێك پاڵ بکەوە: ماندوویت. ئەم هەموو ڕێکردنە گاڵتە نییە، دەبێت زۆر شەکەت بیت، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی تازە چاك بوویتەوە، بڕۆ پاڵ بکەوە، ئازیزم. ئێمەش لێرە دەڕۆین تا بۆ خۆت ئاسوودە بیت.)) جا بە چاو ئاماژەیەکی بۆ موبەقەکە کرد.

بەس نێلی پاڵنەکەوت، لەسەر قەنەفەکە دانیشت و بە هەردوو دەست ڕووخساری شاردەوە.

چووینە موبەقەکە و ئالێکساندرا پەلەپەل بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە. دواتر لە هەموو وردەکارییەکان تێگەیشتم. ئەوەی کە ئالێکساندرا گێڕایەوە بەم جۆرە بوو:

دوو کاتژمێر بەر لەوەی بگەڕێمەوە ماڵێ، نێلی دوای نووسینی یاداشتەکە، سەرەتا چووبوو بۆ ماڵی دکتۆر. پێشتر ناونیشانی ماڵی ئەوی پەیدا کردبوو. دکتۆر بۆمی گێڕایەوە کە بە بینینی ئەو هێندەی نەماوە لەخۆ بچێت و هەموو ئەو ماوەیەش کە لەوێ بووە ئەو هەر باوەڕی نەکردووە. پاشانیش وەك بەرەنجام ئەمەی بۆ زیاد کرد: ((هێشتا هەر باوەڕم نەکردووە و هەرگیزیش باوەڕ ناکەم)). وێڕای ئەوەش نێلی هەر بەڕاستی لە ماڵی ئەودا بووە. دکتۆر لە تویی جلی ماڵەوەدا، لە مەتەبەکەی دانیشتووە و خەریکی خواردنەوەی قاوەکەی بووە کە نێلی بە هەڵەداوان خۆی بە ژووریدا دەکات و بەر لەوەی بتوانێ قسەیەك بکات، خۆی دەخاتە باوەشی ئەو. بەدەم گریانەوە خۆی بەووە دەنووسێنێ، دەستەکانی ماچ دەکات و بە قسەی بێ سەروبەر تکای لێ دەکات ئەو بگرێتە خۆی. پێی دەڵێت نە دەتوانێ و نە دەیەوێ ئیدی لە ماڵی مندا بژی، لە ماڵی مندا زۆر نارەحەتە و هەر لەبەر ئەوەش پەنای بۆ ئەو بردووە. پاشان ئەوەشی بۆ زیاد کردووە کە ئیدی سەر نانێتە سەری و گێچەڵی پێ ناکات، جلی تازەی ناوێ، ئیدی ژێرانە هەڵسوکەوت دەکات، ئەو فێردەکات کە چۆن جلەکانی بشوا و پاشان هەر بەخۆشی ئوتوویان بکات. (بێگومان هەموو ئەم قسانەی لە ڕێگە یان بەر لە بەڕێکەوتن لە مێشکی خۆیدا ئامادە کردوون.) هەروەها دەڵێ ئیدی گوێڕایەڵیی دەکات و ئەگەریش پێویست بێت هەموو ڕۆژ ئەو دەرمانانە دەخوات کە ئەو پێی داوە. جا ئەگەریش گوتوویەتی دەیەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکات، ئەوا تەنیا بۆ گاڵتە بووە و ئەسڵەن بیر لە وەها شتێك ناکاتەوە. دکتۆرە داماوەکە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا هێندە سەراسیمە دەبێت، لە دۆخێکدا کە جگەرە کوژاوەکەی لە بەینی پەنجەکانیدا بووە، بە دەمی بەشکراوەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەو ڕادێراوە.

دوای ئەوەی کە تارادەیەك هاتووەتەوە سەر خۆی و توانیویەتی قسان بکات، گوتوویەتی: ((کچێ گیان، گەر باش تێگەیشتبم ئەوا ئێوە داوام لێ دەکەن کە بتانگرمەخۆ. بەس ئەم کارە ئاستەمە . بەخۆتان دەبینن کە ژیانێکی هەژارانەم هەیە و پارەیەکی کەمم دەست دەکەوێ... دوای ئەوەش ئاوها کتوپڕانە... بەبێ بیرکردنەوە... شتێکی زۆر نارەحەتکەرە. وا تێدەگەم کە ئێوە لە ماڵ ڕاتان کردووە. ئەمە کارێکی زۆر ناشیرینە... سەرباری ئەوەش، من تەنیا لەو کاتانەدا مۆڵەتی چوونەدەرم پێدان کە کەش و هەوا خۆشە، جا لەژێر چاودێریی ئەو کەسە چاکەکارەدا کە ئێوەی لەخۆگرتووە، کەچی ئێوە لە دۆخێکدا کە دەبێت ئاگاداری تەندروستیتان بن، ئەو بەجێدەهێڵن و ڕادەکەن بۆ لای من و... وە... لەجێی ئەوەی دەرمانەکانتان بخۆن... بە کورتی... بە کورتییەکەی... من هیچ تێناگەم...))

نێلی نەیهێشتووە قسەکانی تەواو بکات و دەستی بە گریان کردووە. دیسان لێی پاڕاوەتەوە، بەس بێسوود بووە. دکتۆر سەرسامتر بووە و بە هیچ شێوەیەك سەری لەو کارەی ئەو دەرنەچووە. سەرەنجام نێلی لێی نائومێد بووە و بەدەم شیوەن و شەپۆڕەوە و گوتوویەتی: ((ئاە! خوایە گیان!)) جا بە ڕاکردن ماڵەکەی جێهێشتووە. دکتۆر لە دوا بە

دوای قسەکانیدا گوتی: ((هەموو ئەو ڕۆژە بێحاڵ بووم و بۆ ئەوەی خەوم لێ بکەوێ جۆشانەیەکی خەوهێنەرم خواردەوە...))

ئەوسا نێلی بە ڕاکردن بەرەو ماڵی فیلیپ بەڕێ کەوتووە. ناونیشانی ماڵی ئەوانیشی زانیوە و هەرچۆنێك بووە دۆزیویەتییەوە. ئالێکساندرا وەختێك نێلی تکای لێ دەکات بیگرێتەخۆ، لە سەرسامیاندا لە جێگەکەیدا وشك دەبێت. لێی دەپرسێ بۆچی ئەم فکرەی بەسەردا هاتووە و ئایا لە ماڵی مندا جێی ناخۆش بووە؟ نێلی وەڵامی ناداتەوە و بەدەم گریانەوە خۆی بەسەر کورسییەکدا دەدات. ئالێکساندرا بە منی گوت: ((هێندە گریا کە گوتم هەر ئێستە دەمرێ!)) نێلی تکا دەکات کە وەك کارەکەر لای خۆیان ڕایبگرن، یان وەك چێشتلێنەر، دەڵێ ژوورەکان گسك دەدات و جلەکان دەشوات (بەو ئومێدەوەی کە زیاتر وەسوەسەیان بکات تا لای خۆیان ڕای بگرن، زیاتر جەخت لەسەر شووشتنی چەرچەفەکان دەکاتەوە.) ئالێکساندرا نیازی وابووە جارێ لای خۆی گلی بداتەوە هەتا زانیارییەکی زیاتر بەدەست بهێنێ و منیش ئاگار بکاتەوە. بەس فیلیپ بەرهەڵستیی دەکات و فەرمان دەدات هەرچی زووتر بیگەڕێنێتەوە بۆ لای من. لە ڕێگەدا ئالێکساندرا ئەوی لە باوەش گرتووە و ماچی کردووە و نێلیش بەوپەڕی توانایەوە دیسان دەستی بە گریان کردووەتەوە. ئالێکساندرا بە بینینی حاڵی شڕی نێلی، دەورووژێت و خۆیشی دەست بە گریان دەکات، هەردووکیان بە درێژایی ڕێگە هەر گریاون و گریاون.

ئالێکساندرا بە گریانەوە دەپرسێت: وەلێ بۆچی، بۆچی ناتەوێ لە ماڵی ئەودا بژییت؟ ئایا بە خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردوویت؟

- نا.

- ئەی بۆچی؟

- چونکە... نامەوێ لە ماڵی ئەودا بژیم... ناتوانم... هەمیشە بە خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەم و ئەویش بە پێچەوانەوە لەگەڵم نەرمونیانە، مرۆڤێکی باشە... لە ماڵی ئێوەدا گێچەڵ نانێمەوە، کار دەکەم.

ئەم قسانە بەدەم گریان و لە بارێکدا دەکات کە وەك بڵێیت تووشی نۆرەی دەماری بووبێت...

- وەلێ بۆچی ئەوەندە ئازاری دەدەیت، نێلی؟

- چونکە...

ئالێکساندرا دواجار لە بارێکدا کە فرمێسکەکانی دەسڕی گوتی: ((منیش بێجگە لەم ‹‹چونکە››یە نەمتوانی هیچ قسەیەکی دیی لێ دەربهێنم. بۆچی ئەو هێندە هەست بە چارەڕەشی دەکات؟ لەبەر نەخۆشییەکەیەتی؟ بۆچوونی ئێوە چییە، ڤانیا؟

ئێمە موبەقەکەمان جێهێشت و هاتینە ژوورەوە. نێلی سەری بە پشتییەکەدا ڕۆبردبوو و دەگریا. لەبەردەمیدا کەوتمە سەر ئەژنۆ، دەستەکانیم گرتن کەوتمە ماچکردنیان. نەمدەزانی چی بڵێم. دەستەکانیی لە دەستم دەرهێنا و بە گوڕوتینێکی زیاترەوە درێژەی دایە گریانەکەی. لەم ساتەدا نیکۆلای خۆی بە ژووردا کرد.

سەیرێکی هەردووکمانی کرد و سەرسام لەوەی کە من لەبەردەم نێلیدا ئەژنۆم داداوە، گوتی: ((سڵاو ئیڤان، بۆ کارێك هاتووم بۆ لات.)) پیرەمێردەکە بە درێژایی ئەو ماوەیە نەخۆش بوو. لاواز و ڕەنگپەڕیو دەینواند، بەس وەك ئەوەی کە ویستبێتی کەللەڕەقی بنوێنێ بێ ئەوەی گرنگی بە نەخۆشییەکەی بدات یان گوێ بۆ قسەکانی ئانا بگرێت: هەڵدەستێ و دەچێت بەدەم کارەکانییەوە.

ئالێکساندرا لە دۆخێکدا کە واق و وڕ لە نیکۆلای دەڕوانی، بە منی گوت: ((خواحافیز ئیڤان پترۆڤیچ، بە هیوای دیدار، فیلیپ پێمی گوتووە زوو بگەڕێمەوە، بەس ئەمشەو سەرێکتان لێ دەدەم و یەك دوو کاتژمێرێك لێرە دەمێنمەوە.))

دوای ڕۆیشتنی ئالێکساندرا، پیرەمێردەکە لە بارێکدا کە بە ئاشکرا بیری لە بابەتێکی دی دەکردەوە، لێمی پرسی: ((ئەم خانمە کێ بوو؟)) بۆیم ڕوون کردەوە.

دەمزانی چ ئیشێکی پێم هەیە و چاوەڕێی بووم. بۆ ئەوە هاتبوو تا لەگەڵ من و نێلی قسە بکات و داواکەی دووبارە بکاتەوە. ئانا دواجار سەری هێنابووە ڕاستە و بەوە ڕازی بووبوو کە کچە هەتیوەکە لە ماڵی خۆیدا ڕابگرێ. ئەمە بەرئەنجامی گفتوگۆ نهێنییەکانی نێوان ئێمە بوو. ئانام بەوە ڕازی کردبوو ئەو کچۆڵە هەتیوە لەخۆ بگرێ کە دایکی وەکو ناتاشا لەلایەن باوکییەوە حاشای لێ کرابوو، پێم گوتبوو کە لەوانەشە هەر لەو ڕێیەوە سۆزی پیرەمێردەکە ببزوێ و ڕای بگۆڕێ. بابەتەکەم بە جۆرێك بۆ ڕوون کردبووەوە کە ئێستە ئەو زۆری لە مێردەکەی دەکرد هەتا نێلی بهێنن بۆ ماڵی خۆیان. پیرەمێردەکە بەپەلە ڕوونکردنەوەی پێدام: ((بەر لە هەموو شتێك تەنیا دەمەوێت ئانا دڵخۆش بکەم، بەس بەخۆم ڕایەکی دیکەم هەیە... وەلێ دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدەم...))

پێشتر گوتم کە هەر لە یەکەمین دیداردا نێلی ڕقی لە پیرەمێردەکە هەڵگرتبوو. پاشانیش تێبینیی ئەوەم کردبوو کە بە بیستنی ناوی ئەو، بارێکی بێزارانە بە دەم و چاوییەوە دەردەکەوێت. پیرەمێرد بەبێ پێشەکی چووە سەر ئەسڵی مەسەلەکە. شەقاوی بەرەو لای نێلی هاویشت کە لەسەر جێگەکەی ڕاکشابوو و سەری بە سەرینەکەدا ڕۆبردبوو، جا لەوی پرسی ئایا حەزدەکات ببێتە کچی ئەوان و لەگەڵیاندا ژیان بەسەر ببات؟

- من کچێکم هەبوو کە لەخۆمم زیاتر خۆشدەویست. بەس ئێستە ئیدی لەگەڵ من ناژی. مردووە. ئامادەیت جێگەکەی لە ماڵی ئێمەدا پڕ بکەیتەوە... هەروەها لە دڵی منیشدا؟

چاوە هەڵماسیو و تادارەکانی دڵۆپە فرمێسکێکیان تێزا.

نێلی بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە گوتی: نا، نایێم.

- بۆچی، کچەکەم؟ تۆ هیچ کەسێکت نییە، خۆ ئیڤان تا هەتا بۆت نامێنێ، بەس لە ماڵەکەی من، لەنێو خێزاندا دەژیت.

- نایێم چونکە ئێوە مرۆڤێکی بەدفەڕن. بەڵێ، بەدفەڕ، بەدفەڕ!

دوای ئەم قسانە هەستایەوە و لەسەر تەختەخەوەکە ڕووبەڕووی کابرای پیرەمێرد دانیشت. پاشان لەسەری ڕۆیشت: ((منیش بەدفەڕم، لە هەموو مرۆڤەکان بەدفەڕتر، سەرەڕای ئەوەش، ئێوە لە من بەدفەڕترن!...))

نێلی بە کردنی ئەم قسانە ڕەنگی پەڕی، چاوانی بریقەیەکی هەژێنەریان تێدا درەوشایەوە. لێوە لەرزۆکەکانی بێڕەنگتر بوون و لەژێر کاریگەریی هەستێکی شەڕەنگێزانەدا تووشی زمان گیران بوو. پیرەمێردەکە بە حەپەسانەوە چاوی لەو بڕی بوو. نێلی گوتی:

- بەڵێ، ئێوە لە من بەدفەڕترن، چونکە نیازتان نییە کچەکەتان ببەخشن، دەتانەوێ بە تەواوی لەبیری ببەنەوە و لەجێی ئەو کەسێکی دی بکەنە ڕۆڵەی خۆتان، مەگەر مرۆڤ دەتوانێ منداڵەکەی خۆی لە بیر بکات؟ دەڵێن منتان خۆشدەوێ، بەس دوای ماوەیەکی دی هەر کاتێك لێم بڕوانن، یەکسەر ئەوەتان بە بیردا دێت کە من تەنیا بێگانەیەکم، بەخۆتان کچێکتان هەبووە کە ویستووتانە لەبیری بکەن، ئاخر ئێوە کەسێکی دڵڕەقن. نایێم... نایێم!...

بە تەواوی سوور هەڵگەڕا، سەیرێکی منی کرد و درێژەی پێ دا: ((دووسبەی جەژنی پاکە[1]، خەڵکی لەگەڵ یەك ئاشت ئاشت دەبنەوە، یەکدی ماچ دەکەن و لە هەڵە و گوناحەکانی یەکدی خۆشدەبن... ئەوە دەزانم... تەنیا ئێوەن... ئێوە کە ئامادەی لێخۆشبوون نین! مرۆڤێکی دڵڕەقن! بچن بە لای ئیشی خۆتانەوە!))

نێلی هەر وا دەگریا. بێگومان دەمێك بوو ئەم قسانەی لە مێشکی خۆیدا ئامادە کردبوون هەتا گەر جارێکی دی پیرەمێردەکە داوای لێ کرد بچێت لەگەڵ ئەواندا بژی، ئەوا یەکسەر پێی بڵێ. نیکۆلای بە تەواوی خەمگین و ڕەنگپەڕیو ببوو. ڕووخساری بارێکی ئازاراویی پێوە دەبیندرا.

نێلی لە پڕ بە قیژەیەکی بێڕادەوە هاواری کرد: ((بۆچی، بۆچی هەمووتان ئەوەندە خەمی منتانە؟ نامەوێ، نامەوێ هیچ کەسێك دڵی بۆم بسووتێ، بۆخۆم دەچم سواڵ دەکەم.))

من خۆنەویستانە هاوارم کرد: ((نێلی، ڕۆڵەکەم، تۆ چیتە؟)) بەس ئەم قسەیەم وەك ئەوە وابوو کە ڕۆن بەسەر ئاگردا بڕێژم.

---

[1]. جەژنی پاك: جەژنی خاچپەرستان. (و. ك)

بە هەنسکدانەوە گوتی: ((ئاە! وام پێ باشە لە کۆڵانەکاندا سواڵ بکەم. لێرە نامێنمەوە. دایکیشم هەر سواڵی دەکرد و لە سەرەمەرگدا گوتی: ‹‹هەژار بیت و سواڵ بکەیت، زۆر لەوە باشترە کە...›› سواڵکردن شوورەیی نییە. نەك لە یەك کەس، بەڵکە داوای یارمەتی لە هەموو خەڵکی دەکەم و هەموو خەڵکیش یەك کەس نین. شوورەییە داوای شتێك لە یەك کەس بکەیت، بەس قەیدی نییە داوا لە هەموو خەڵکی بکەیت. ئەم قسەیە ژنە سواڵکەرێك پێمی گوت، لەبەر ئەوەی مندالم و هیچ کەسێکیشم نییە. داوایان لێ دەکەم خێرم پێ بکەن، نابێم، نابێم، من بەدفەڕم، لە هەر هەمووان بەدفەڕترم: باشە ئیدی، من ئاوهام!))

لە پڕ فنجانێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و بە زەوییدا کێشا.

بە نیگایەکی شەڕەنگێزانە و سەرکەوتووانەوە بە منی گوت: ((ئێستە فنجانەکە شکاوە. تەنیا دوو فنجان بوون، ئەوی دیکەشتان بۆ دەشکێنم، جا ئەوسا چۆن چا دەخۆنەوە؟))

دەتگوت دەستیان لێوەشاندووە و چێژی لەم ڕق دەربڕینەی خۆی وەردەگرت: دەکرێت بڵێین لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی ئەمە کارێکی خراپ و شەرمهێنەرە، بەس هاوکات خۆی بۆ ئە نجامدانی کاری نەشیاوی دیکەش هەڵدەنا.

پیرەمێردەکە بە منی گوت: ((ئەم مندالە نەخۆشە، ڤانیا، یان ئەوەتا... یان من سەر لەوە دەرناکەم کە چ جۆرە مندالێکە. خواحافیز.))

کڵاوەکەی هەڵگرت و دەستی منی گوشی، بە گشتی تێکشکا بوو. نێلی بە شێوەیەکی تەواو کوشندە دڵی ئێشاندبوو، زۆر لەم کارەی پەست بووبووم.

وەختێك کە تەنیا ماینەوە گوتم: ((چۆن بەزەییت بەم پیرەمێردە داماوەدا نەهاتەوە، نێلی؟ تەریق نابیتەوە؟ نا، تۆ مندالێکی باش نییت، هەر بەڕاستی بەدفەڕیت!)) بە سەری ڕووتەوە دوای پیرەمێردەکە کەوتم، دەمویست تا بەر دەرگەی بیناکە ڕایبی بکەم و بە چەند قسەیەکیش دڵی بدەمەوە. هەر لە هەمان ئەو دۆخەدا کە پەلەپەل بە پلیکانەکاندا دەچوومە خوارێ، ڕووخساری نێلیم لەبەر چاوبوو کە لە تاو سەرزەنشەکانی من ڕەنگی پێوە نەمابوو.

خێرا خۆم گەیاندە پیرەمێردەکە.

بە بزەیەکی تاڵەوە پێمی گوت: ((داماوی ئاوها هەست بە سووکایەتی پێکران دەکات، ئەویش خەم و خەفەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، باوەڕ بکە، ئیڤان، کەچی منیش دەمویست باسی چارەڕەشییەکانی خۆمی بۆ بکەم. دەڵێن تێر ئاگای لە برسی نییە، من ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم کە برسیش ئاگای لە برسی نییە. باشە ئیدی، خواحافیز!))

بەتەما بووم لەمەڕ بابەتێکی دی قسەی لەگەڵ بکەم، بەس دەستێکی بێزارانەی ڕاوەشاند و گوتی:

- پێویست بە دڵدانەوە ناکات، لەجێی ئەوە ئاگاداربە لە ماڵ ڕانەکات.

پاشان بە جۆرێك لە تووڕەییەوە بۆی زیاد کرد: ((بە سیمایدا دیارە کە شتێکی لەو جۆرەی لەژێر سەردایە.)) پاشان بە هەنگاوی درێژەوە و لە بارێکدا کە پاش و پێشی بە دەستەکانی دەکرد و گۆچانەکەی بە بەردفەرشەکەدا دەکوتی، وەك ئەوەی کە هەڵگری هەواڵگەلێکی خراپ بێت، ئەوێی جێهێشت.

هەر مە پرسە وەختێك کە گەڕامەوە و ژوورەکەم بە خاڵیەتی بینیی تووشی چ حاڵێك بووم. ڕامکردە سەرسەراکە، لە پلیکانەکاندا لە دووی گەڕام و چەند جارێك بانگیم کرد، لە دەرگەی دراوسێکانمدا و پرسیاری نێلیم کرد. نەمدەتوانی و نەشمدەویست باوەڕ بەوە بکەم کە جارێکی دی ڕایکردوەتەوە. بەس چۆن توانیبووی ئەم کارە بکات؟ خۆ ماڵەکە تەنیا یەك دەرگەی هەبوو. ڕەنگە لەو ماوەیەدا کە لەگەڵ پیرەمێردەکە خەریکی قسەکردن بووم، ئەو بە لاماندا ڕابردبێت. بەس بە ناڕەحەتییەوە ئەوەم بە مێشکدا هات کە هەر لەو کاتەدا، ڕەنگە لە پلیکانەکان خۆی لە سووچێکدا حەشاردابێت و چاوەڕێ بووە هەتا من بگەڕێمەوە ژوورێ، جا پاشان بێ ئەوەی کەس بیبینێ، سووك و ئاسان بۆی دەرچووبێت.

زۆر نیگەران بووم، سەرلەنوێ دەستم بە گەڕان کردەوە و بۆ پارێزیش دەرگەی ئەپارتمانەکەم خستە سەرپشت.

سەرەتا سەرێکم لە ماڵی فیلیپ دا، هیچ کامیان لەوێ نەبوون. یاداشتێکم بۆ نووسین و لەو بەدبەختییە تازەیەم ئاگادارکردنەوە کە بەرۆکمی گرتبوو و داوام کرد گەر نێلی هات بۆ لایان ئەوا دەمودەست ئاگادارم بکەنەوە. دواتر چووم بۆ ماڵی دکتۆر. کارەکەرەکەی گوتی تەنیا جارەکەی پێشوو ئەوی دیوە و هیچ کەسێك سەردانی ئەوێی نەکردووە. دەستەپاچە بووبووم. سەردانێکی ماڵی بۆبنۆڤاشم کرد، ژنەی تابووتسازی گوتی قاپچی لە دوێنێوە تا ئێستە لە شوێنەکەی خۆی بووە و چاوی بە نێلی نەکەوتووە، لەو ڕۆژە بە دواوە ئیدی سەری بەم ماڵەدا نەکردووەتەوە. گێرم خواردبوو و بە ماندوویەتییەوە دیسان گەڕامەوە بۆ ماڵی فیلیپ. ئەوان هێشتا نەگەڕابوونەوە و هیچ کەسێکیش نەهاتبووە دیدەنییان. یاداشتەکەم هەروا بەسەر مێزەکەوە بوو. تیا مابووم و نەمدەزانی چی بکەم.

درەنگانێکی شەوبوو کە بە دڵەڕاوکێیەکی کوشندەوە ڕێگەی ماڵەوەم گرتەبەر. دەبوو سەردانێکی ناتاشاش بکەم. بەیانییەکەی هەواڵی ناردبوو کە سەرێکی لێ بدەم. بە درێژاییی ڕۆژ هیچم نەخواردبوو، فکری نێلی ئەشکەنجەی دەدام.

لە خۆمم پرسی: مانای ئەم کارانەی چییە، ئایا لە نەخۆشییەکەیەوە سەرچاوە دەگرن؟ ئایا ئەو کچە شێت بووە یان خەریکە دەبێت؟ ئەی خوایە ئەی ئێستە لە کوێ بۆی بگەڕێم؟ تازە ئەم قسەیەم لە دەم دەرچووبوو کە ئەوم لە چەند هەنگاوێك دوور لە خۆم و لەسەر پردی ‹‹و›› بینی... لەتەك ستوونی گڵۆپێکەوە ڕاوەستابوو و بە منی نەزانیبوو. ویستم بە پڕتاوێك خۆم بگەیەنمە لای، بەس ڕاوەستام. سەرسامانە لە خۆمم پرسی: ((لێرە چی دەکات؟))جا

بەدەم چاودێری کردنییەوە بڕیارمدا ئیدی نەهێڵم لە دەستم هەڵبێ و چاوەڕێ مام. دە خولەك ڕابرد، ئەو هەر لە جێی خۆی مابووەوە و سەیری ڕاویەرانی دەکرد. دواجار پیرەمێردێکی بەویقار و پۆشتە و پەرداخ لەسەر پردەکە دەرکەوت، نێلی بەرەو لای ئەو چوو، کاغەزێکی لە گیرفانیدا دەرهێنا و پێی نیشاندا، پیرەمێردەکە بێ ئەوەی ڕابوەستێ دەستی بە گیرفانیدا کرد، شتێکی دەرهێنا و دایە دەستی، نێلیش وەك سوپاسگوزاری لە بەردەمیدا کڕنۆشی برد. ناتوانم باس لەوە بکەم کە بە بینینی ئەو دیمەنە تووشی چ حاڵێك بووم. دڵم گیرا، هەستم کرد ئەو کەسەی کە بۆم ئازیز بوو، خۆشم دەویست و دەملاواندەوە لە چرکەساتێکدا حورمەتی شکاوە، شەرەفی لەدەست داوە: هاوکاتیش فرمێسك بە چاوا نمدا دەهاتە خوار.

بەڵێ، لەگەڵ ئەوەی کە هاوکات لە تاو ڕقێکی کێویدا خەریك بوو دەتەقیمەوە، بۆ حاڵی نێلیی کلۆڵ دەگریام. ئەو لە ناچارییاندا دەرۆزەی نەدەکرد، هیچ کەسێك ئەوی فڕێ نەدابووە سەر کۆلانان، پشتیشی تێنەکرابوو، لە ماڵی کەسانی بەدخووش ڕای نەکردبوو، بەڵکە لە ماڵی دۆستانێك هەڵهاتبوو کە خۆشیان دەویست و ڕێگەیان نیشان دەدا. دەتگوت دەیەوێت لە ڕێی ئەم کارەیەوە کەسێك یان کەسانێك بترسێنێ و سەراسیمەیان بکات. وا دەهاتە بەرچاوم کە بەم کارەی بیەوێت ڕقی خۆی بەرانبەر بە کەسێك خاڵی بکاتەوە. فکرێکی تەلیسماوی لە مێشکیدا چەکەرەی کردبوو... بەڵێ، نیکۆلای ڕاستی دەگوت، نێلی دڵشکاو بوو، زامە ڕۆحییەکەی بێچارە بوو و هەوڵی دەدا لە ڕێی ئەم دێوانەبازییە نهێنییانەوە، لە ڕێی گێچەڵ کردن بە منەوە، ڕێ لە سارێژ بوونی ئەو زامە بگرێت، ئەو چێژی لەم زامە و لەم ئازارە خۆویستانەیە (گەر بکرێ ئەم ناوەی لێ بنێین) وەردەگرت. من دەرکم بەوە کردبوو کە ئەو پێویستیی بە ژەهراوی و کاری کردنی زامەکەی هەیە و چێژ لەو ئازار و نارەحەتییە وەردەگرێت. هەموو مرۆڤە سووك و ڕسواکراوەکان گیرۆدەی کێشەیەکی لەم جۆرەن، مەبەستمان لەو مرۆڤانەیە کە دەستی چارەنووس ڕۆژەڕەشی کردوون و لەو زوڵمە ئاگادارن کە لێیان کراوە. بەس نێلی گازاندەی لە چ ستەم و لە کام ناداد پەروەری دەکرد کە لەلایەن ئێمەوە بەرانبەری کرابێت؟ دەتگوت لە ڕێی ئەم ئیشە هەژێنەرانەیەوە، ئەم ئارەزووبازی و گوێنەدەرییە دۆشداهێنەرانەیەوە دەیویست بمان حەپەسێنێت، بمانترسێنێت. بەس وەها بابەتێك لە ئارادا نەبوو، چونکە ئەو لەو ساتەدا بە تەنیا بوو، نەیدەزانی کە یەکێك لە ئێمە چاوی لە سواڵکردنەکەی ئەوە. ڕێی تێنەدەچوو لەبەر چێژوەرگرتن ئەم کارە بکات. ئەی بۆچی دەبوو دەرۆزە بکات، چ پێویستییەکی بە پارە هەبوو؟

وەختێك پارەکەی لە دەست پیرەمێردەکە وەرگرت، بەرەو لای قاپ ئاوێنەی[1] ڕووناکی دوکانێك بەڕێ کەوت. لەوێ دەستی بە ژماردنی ئەو پارانە کرد کە دەستی کەوتبوون. من دە هەنگاوێك لە دووریی ئەوەوە ڕاوەستا بووم. بڕێك پارەی لە دەستدا بوو. دیاربوو کە لە بەیانییەوە تا ئەو کاتە سواڵی کردووە. ئەو دەستەی نوقاند کە پارەکانی تێدابوون، کەوتە ڕێ و خۆی بە دوکانۆکەیەکدا کرد. دەستبەجێ چوومە بەردەم دەرگەی کراوەی دوکانەکە هەتا بزانم لەوێ بە تەمای چییە. سەیردەکەم پارەکەی خستە سەر پێشخوانەکە و خاوەن دوکانەکەش فنجانێکی سادەی،

---

١. قاپ ئاوێنە: شوێنی ڕانان و نمایشکردنی کەلوپەلی دوکان، کە ڕووی لە دەرەوەی دوکانە. (فرهنگ دانشگا کردستان).

وەك هەمان ئەو دانەیەی كە بە بەرچاوی من و پیرەمێردەكەوە شكاندبووی هەتا پێمان نیشان بدات كە چەندە نارەسەن و بەدفەڕە، بۆ هێنا. ئەم فنجانە بایی پازدە كۆپیكێك یان لەوانەیە كەمتریش بوو. فرۆشیارەكە ئەوی لە كاغەزێكەوە پێچا، جا بەنێكی بە دەوردا بەست و دایە دەستی نێلی، ئەویش بە سیمایەكی تەواو خۆشحاڵانەوە بە پەلە لە دوكانەكە وەدەركەوت.

وەختێك گەیشتە نزیك من، هاوارم كرد: نێلی! نێلی!

لەرزی لێ نیشت، سەیری كردم، فنجانەكەی لە دەست كەوتە خوار و شكا. سەرەتا ڕەنگی پەڕی، بەس وەختێك كە باش لێم ورد بووەوە و زانیی هەموو شتێكم دیوە و ئاگام لە هەموو كارەكانی هەیە، لە پڕ بە تەواوی سوورهەڵگەڕا، ئەم سوورهەڵگەڕانە نیشانەی شوورەییەكی نەشاردراوە و ئازاردەرانە بوو. ماڵەكەم زۆر دوور نەبوو لەو شوێنەوە، بۆیە دەستیم گرت و خێرا گەڕاندمەوە بۆ ماڵێ. هیچ قسەیەكمان لەگەڵ یەكدی نەكرد. كە چووینە ژوورێ، من دانیشتم، بەس نێلی دانەنیشت و هەر ئاوها لەبەردەم مندا ڕاوەستا بوو. بە شپرزەییەوە لە فكردا ڕۆچووبوو، دیسان ڕەنگی پەڕیبوو و سەری دانەواندبوو. نەیدەتوانی سەیری ناوچاوم بكات. پرسیم:

- نێلی، یانی تۆ سواڵ دەكەیت؟

بێ ئەوەی سەر بەرز بكاتەوە بە دەنگێكی نزم گوتی: بەڵێ.

- بەس مەگەر من لۆمەم كردبوویت، مەگەر پێتدا هەڵشاخابووم؟ ئایا دەزانیت ئەم كارەت چەندە نارەسەنانە و خۆپەرستانەیە؟ شەرم ناكەیت؟ ئایا...

بە دەنگێكەوە كە بە ئاستەم دەبیسترا ورتاندی: ((با، شەرمەزارم.)) جا دڵۆپە فرمێسكێك بە گۆنایدا هاتەخوار.

منیش بە دوایدا دووبارەم كردەوە: ((كەواتە تۆ شەرمەزاریت، نێلی، كچە ئازیزەكەم، من بەرانبەر بە تۆ كەمتەرخەمم، لێم ببوورە و وەرە با ئاشتمان ببێتەوە.))

سەیرێكمی كرد، فرمێسكی چاوی بەربوو و باوەشی پێدا كردم. هەر لەو ساتەدا ئالێكساندرا بە شپرزەییەوە و وەك گێجەڵووكە خۆی بە ژووردا كرد.

- چی! یانی گەڕاوەتەوە؟ دیسان؟ ئاە نێلی، نێلی، بۆچی وا دەكەیت؟ باشە، شوكر بۆ خوا كە گەڕاوەتەوە... لە كوێ بوو، ئیڤان پترۆڤیچ؟

بە چاو ئاماژەیەکم بۆ کرد کە لەم بارەیەوە پرسیارم لێ نەکات و ئەویش تێگەیشت. بە نەرمونیانییەوە خواحافیزم لە نیلی کرد کە هەر خەریکی گریان بوو و داواشم لە ئالێکساندرا کرد کە تا کاتی گەڕانەوەم لای ئەو بمێنێتەوە، پاشان بە ڕاکەڕاك بەرەو ماڵی ناتاشا بوومەوە. دواکەوتبووم و دەبوو پەلە بکەم.

لەو شەوەدا بوو کە چارەنووسمان یەکلایی بووەوە، من و ناتاشا قسەی زۆرمان بۆ یەکدی پێ بوو، بەس کورتەیەکم لە بەسەرهاتەکەی نیلی بۆ گێڕایەوە و باسی پێشهاتەکەم بۆ کرد، ڕوونکردنەوەکانم زۆری سەرنج ڕاکێشا و تەنانەت کەمێکیش دڵتەنگ بوو.

دوای ساتێك بیرکردنەوە گوتی: ((دەزانیت، ڤانیا، بە گومانم تۆی خۆشدەوێ.))

من بە سەرسامییەوە پرسیم: ((چی؟ چۆن؟))

- بەڵێ، ئەمە دەسپێکی عەشقێکە، عەشقێکی ژنانە.

- چی دەڵێیت ناتاشا، خەو دەبینیت؟ بەس ئەو تەنیا منداڵێکە!

- منداڵێك بەم زووانە پێ دەنێتە چواردە ساڵییەوە. ئەم نائومێدی و ناڕەحەتییانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە تۆ دەرك بە عەشقی ئەو ناکەیت، لەوانەیە بەخۆشی ئەوە نەزانێت، گەر تووڕەبوونەکانیشی لە زۆر ڕووەوە منداڵانە بن، ئەوا هەر نابنە پاساو بۆ ئەوەی کە عەشقەکەی جددی و ئازاردەرانە نەبێت. ئەو بەتایبەت ئیرەیی بە من دەبات. تۆ هێندە منت خۆشدەوێ، کە تەنانەت لە ماڵەوەش هەموو فکر و خەیاڵت لای منە و بێگومان بەردەوام لەبارەی منەوە قسەی لەگەڵ دەکەیت و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادەیت. ئەو هەست بەم بابەتە دەکات و ئازاری پێ دەچێژێ. لەوانەیە پێویستی بەوە بێت کە قسەت لەگەڵ بکات، ڕەنگە بیەوێ هەموو ئەوەی کە لە دڵی دایە بۆتی بدرکێنێ، بەس نازانێت چۆن بۆتی دەربڕێ، شەرم دەکات، خۆیشی بەتەواوی نازانێ چیی دەوێت و چاوەڕێی ڕەخسانی دەرفەتێك دەکات. جا تۆیش لەجێی ئەوەی پەلە بکەیت و ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێنیت، کەچی هەر دوای دەخەیت، ئەو جێدەهێڵیت و ڕادەکەیت بۆ لای من، تەنانەت لە وەختی نەخۆشکەوتنیشیدا چەندین ڕۆژ بە تەنیا جێت هێشتووە، هەر لەبەر ئەوەیە کە دایمە دەگریێ. پێواریت ئازاری دەدات و ئەوەیش کە زیاتر ئەم ئازارە بە تاوتر دەکات و لە هەموو شتێك بە ئەشکەنجەترە، ئەوەیە کە تۆ بەم بابەتە نازانیت. بڕوانە، ئێستەش هەر لەبەر من ئەوت بەتەنیا جێهێشتووە. سبەینێ دیسان نەخۆش دەکەوێتەوە. چۆن دڵت هاتووە جێی بهێڵیت؟ بڕۆ، تا زووە بگەڕێرەوە بۆ لای...

- هەڵبەتە بەتەنیا جێم نەدەهێشت، ئەگەر...

- بەڵێ، من داوام لێ کردیت بێیت بۆ لام، بەس ئێستە بڕۆ.

- هەڵبەتە دەڕۆم، بەس هیچ سەر لەم قسانە دەرناکەم کە کردتن.

- ئاخر ئەو لەگەڵ کەسانی دیدا جیاوازە. بیر لە بەسەرهاتی ژیانی بکەرەوە، تۆ بیر لەو شتانە بکەرەوە، ئەوسا بەخۆت تێدەگەیت...

وێڕای ئەوەش تا ڕادەیەك درەنگ گەیشتمەوە ماڵ. ئالێکساندرا بۆمی گێڕایەوە کە دیسان نێلی گریاوە و وەك ئەو شەوە بە چاوی فرمێسکاوییەوە خەوتووە.

- ئێستە دەبێت بڕۆم، ئیڤان پێترۆڤیچ. فیلیپ گوتوویەتی زوو بگەڕێمەوە. ئەو فەقیرە چاوەڕێمە.

سوپاسیم کرد و چووم لە تەنیشت نێلی دانیشتم. کە بیرم دەکردەوە ئەوم لە وەها دۆخێکدا بە تەنیا جێهێشتووە،نارەحەت دەبووم و ئازارم دەچەشت. تا درەنگانێکی شەو فکر و خەیاڵ بردبوومیەوە و لەلایەوە دانیشتبووم... ئای لەو ڕۆژگارە شوومە!

بەس پێویستە دەست بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بکەم کە لە ماوەی ئەم پازدە ڕۆژەی دواییدا ڕوویان داوە.

## ٥

دوای ئەو شەوە ئاماژە بۆ کراوەی کە لە ڕێستۆران لەگەڵ شازادە بەسەرم برد، بەردەوام خەمی ناتاشام بوو، دەترسام و هەر ساتە و لە خۆمم دەپرسی: ((دەبێت ئەم شازادە نەفرەتییە لە چ ڕێگەیەکەوە مەترسیی بۆ دروست بکات، چۆن دەیەوێ تۆڵەی لێ بسێنێتەوە؟)) و ئیدی مێشکم بەم ئەگەر و گریمانانەوە جەنجاڵ دەبوو. دواجار بەو ئەنجامە گەیشتم کە قسەکانی نە گاڵتە بوونە و نە فڕوفیشاڵ، تا ئەو کاتەش کە ناتاشا لەگەڵ ئالیۆشا دەژی، بۆی هەیە گێچەڵی زۆری بۆ ساز بدات. بەو ئەنجامە گەیشتم کە مرۆڤێکی بەدفەڕ، تۆڵەسێن، چەپەڵ و بەرژەوەندیخوازە. جێی سەرسامی بوو کە تا ئەو ساتە بەرگەی ئەو سووکایەتی پێکرانەی گرتبوو و بۆ قەرەبووکردنەوەی سوودی لەو هەلومەرجە وەرنەگرتبوو. بەهەرحاڵ لەنێو قسەکانیدا، بەگشتی جەختی لەسەر خاڵێکی ئەم بەسەرهاتە کردبووەوە و ئەوەشی بە من گوتبوو: بێ چەند و چوون دەیەوێت ناتاشا لە ئالیۆشا جیا ببێتەوە، منیشی ڕاسپاردبوو کە هەرچی زووتر زەمینەسازی بۆ ئەم جیابوونەیەوە بکەم بەبێ ئەوەی ‹‹دیمەنی هەست ناسکانە و شیلەر ئاسایانە›› بێتە ئارا. هەڵبەتە یەکەمین کەڵکەڵەی ئەوە بوو کە ئالیۆشا لەو ڕازی بێت و

بە باوکێکی میهرەبانی بزانێت: ئەو زۆر پێویستی بەمە بوو تا هەرچی زووتر بتوانێ سامانەکەی کاتیا بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە. بەم پێیە دەبوو هەتا زووە ناتاشا بۆ ئەم جیابوونەوەیە ئامادە بکەم. لە ناتاشادا دەرکم بە گۆڕانێکی گەورە کردبوو، نەک ئیدی ئەو متمانە و سەرسپێرییەی جارانی بەرانبەر بە من نەمابوو، بەڵکە واش دەردەکەوت کە خۆی لە من بەدوور دەگرێت. دڵنەوایی کردنەکانی من زیاتر ئەشکە نجەی ئەویان دەدا، پرسیارەکانم زیاتر لە جاران ناڕەحەتیان دەکرد و تەنانەت تووڕەشیان دەکرد. دادەنیشتم و لێم دەڕوانی کە دەست لەسەر سنگ، پڕ لە دڵەڕاوکێ و بە ڕەنگی پەڕیوەوە بە ژوورەکەدا پیاسە دەکات، دەتگوت هەست و هۆشی لە جێیەکی دیکەیە و نازانێت منیش لەوێ، لەلای دانیشتووم. وەختێکیش نیگای دەکەوتە سەر من (کە هەڵبەتە خۆی لە سەیرکردنم بەدوور دەگرت)، خێرا ڕووخساری بارێکی تووڕانەی وەردەگرت و دەمودەست چاوی لە جێیەکی دی دەبڕی. دەمزانی خەریکی بیرکردنەوەیە، پێدەچوو بیر لەو نەخشەیە بکاتەوە کە بۆ جیابوونەوەکەی داهاتوویان لە مێشکی خۆیدا داڕشتبوو. ئایا دەیتوانی بەو هەموو ئازارکێشان و هەست بە ناموراديکردنەوە بیر لەم بابەتە بکاتەوە؟ هیچ گومانێکم لەوەدا نەبوو کە هەر لە ئێستەوە بڕیاری داوە کە لە ئالیۆشا جیا ببێتەوە. بەس ئەم نائومێدییە ئازاردەرە بە سەختی دەیترساندم و ئەشکە نجەی دەدام. تەنانەت هەندێك جار زاتم نەبوو بۆ دڵدانەوەی هیچ قسەیەك بکەم و بە هەراسانییەوە چاوەڕێی ئاقیبەتی مەسەلەکەم دەکرد. گەرچی ئەو ڕەفتارە سارد و لووتبەرزانەیەی کە بەرانبەرمی دەنواند زۆر ناڕەحەتی دەکردم و ئەشکە نجەی دەدام، وەلێ هیچ گومانێکم لەوەدا نەبوو کە ناتاشای ئازیز دڵێکی باشی هەیە. دەمزانی کە ئازارێکی زۆر دەکێشێ و بێهیوایە. لەو ساتانەدا هەر کەسێك خۆی لە کارەکانی هەڵبقورتاندبا، ئەو تەنیا پێی بێتاقەت دەبوو و کاردانەوەیەکی دژمنکارانەی لە بەرانبەر دەنواند. ئێمە لەو جۆرە هەلومەرجانەدا، تەنانەت بەرگەی خۆهەڵقرتاندنی ئەو هاوڕێیانەش ناگرین کە زۆر لێمانەوە نزیکن و تەواوی نهێنییەکانمان دەزانن. لە دڵمدا هەستم بەوە دەکرد کە ناتاشا لە دواهەمین ساتەکاندا پەنام بۆ دەهێنێ و خوازیاری دڵدانەوە و سووکنایی پێ بەخشینەکانم دەبێت.

بێگومان هیچ شتێکم لەمەڕ گفتوگۆکەی نێوان خۆم و شازادە پێ نەگوت: چونکە گەر پێم بگوتبا ئەوا زیاتر دەمشڵەژاند و بە یەکجاری دەفەوتا. تەنیا بە شێوەیەکی سەرپێییانە پێم گوت لەگەڵ ئەو چوومە بۆ ماڵی کۆنتیس و زانیومە مرۆڤێکی چەندە زیانەخرۆ و ترسناکە. وەلێ ئەو هیچ پرسیارێکی لەبارەی ئەوەوە لێ نەکردم و منیش زۆر بەوە دڵخۆش بووم، بەس بە پێچەوانەوە بە حەز و تاسەیەکی زۆرەوە گوێی لە هەموو ئەو قسانە دەگرت کە سەبارەت بە دیدارەکەم لەگەڵ کاتیا بۆم دەگێڕایەوە. کە قسەکانم تەواو بوون، هیچ پرسیارێکی لێ نەکردم، بەس ڕووخسارە ڕەنگپەڕیوەکەی سوور هەڵگەڕا و بە درێژاییی ئەو ڕۆژە حاڵی پەرێشان بوو. سەبارەت بە کاتیا هیچ شتێکم لێ نەشاردەوە و تەنانەت دانم بەوەشدا نا کە کاریگەرییەکی باشی لەسەر من داناوە. ئەوجا شت شاردنەوە چ سوودێکی هەبوو؟ گەر واشم بکردبا، ئەوا ناتاشا دەرکی بەوە دەکرد کە بابەتێکم لێ شاردووەتەوە و پاشانیش زیاتر لێم دەڕەنجا. بەم پێیە، بە دەسئەنقەست، هەتا توانیم وردەکارییەکی زیاترم خستە سەر قسەکانم تا ناچار

نەبێت پرسیارم لێ بکات، چونکە ئەو لە هەلومەرجێکی هەستیار و ناخۆشدا بوو و هەروا بە ئاسانی نەیدەتوانی پرسیارەکانی بخاتە ڕوو. هەر بەڕاست، ئایا کارێکی ئاسانە کە مرۆڤ بە سیمایەکی گوێنەدەرانەوە پرسیار لە جوانی و کەمالاتی ڕەقیبەکەی خۆی بکات؟

پێم وابوو ناتاشا ئاگای لەوە نییە کە دەبێت ئالیۆشا بەپێی فەرمانی یەکلاکەرەوەی باوکی لەگەڵ کۆنتیس و کاتیادا بڕوا بۆ ئێلاخ، نیگەران بووم و نەمدەزانی چۆن لەم بابەتەی ئاگادار بکەمەوە هەتا بتوانێت بەرگەی ئەو گورزە بگرێت. بەس چەندە سەرسام بووم کە هێشتا چەند وشەیەکم دەربڕی بوو کە ناتاشا دەسبەجێ ڕایگرتم و گوتی پێویست بەوە ناکات‹‹دڵنەوایی››ی بکەم، چونکە بەخۆی لە پێنج ڕۆژی ڕابردووەوە ئەم بابەتەی زانیوە.

گوتم: ((خوایە گیان! وەلێ کێ ئەم قسانەی بۆ کردوویت؟))

- خودی ئالیۆشا.

- چۆن؟ بەخۆی ئەم بابەتەی پێ ڕاگەیاندیت؟

پاشان بە سیمایەکەوە کە بە ئاشکرا تێی گەیاندم وا باشە زۆر لەسەر ئەم بابەتە نەڕۆم گوتی: ((بەڵێ، منیش ئامادەی هەموو شتێکم، ڤانیا.))

ئالیۆشا زۆربەی کات دەهات بۆ لای، بەس هەمیشە چەند ساتێك لەلای دەمایەوە. تەنیا جارێکیان کە من لەوێ نەببووم توانیبووی چەند کاتژمێرێك هەڵبکات. وەك هەمیشە بە سیمایەکی خەمگینەوە دەهاتە ژوورێ و بە نیگایەکی شەرمنانە و ئەویندارانەوە لە ناتاشا ڕادەما، بەس ناتاشا هێندە میهرەبانانە لەگەڵی دەجووڵایەوە کە دەمودەست ڕووخساری دەگەشایەوە و هەموو شتێکی لەبیر دەکرد. کەم تا زۆر، هەمیشە هەموو ڕۆژێك سەردانی منیشی دەکرد. ئەویش هەر بەڕاستی ئازارێکی زۆری بە دەست ئەم مەسەلەیەوە دەچەشت، بەس هەرگیز نەیدەتوانی بۆ ساتێکیش بە خەمگینی دابنیشێ و یەکسەر دەهات بۆ لای من هەتا دڵنەوایی بکەم و خەمی بڕەوێنمەوە.

بەس من دەبوو چی بکەم؟ ئەو نەیدەتوانی بەرگەی خەمساردی و کەمتەرخەمی و تەنانەت دژمنایەتی نیشاندانەکانی من بەرانبەر بە خۆی بگرێت، لە پرمەی گریانی دەدا و بۆ سرەوتنی دڵی یەکسەر دەچوو بۆ لای کاتیا.

ئەو ڕۆژەی کە ناتاشا بە منی گوت دەزانێت ئالیۆشا لەسەر سەفەرە (نزیکەی حەفتەیەك دوای دیدارەکەی نێوان من و شازادە)، ئالیۆشا بە نائومێدییەکی فرەوە هات بۆ لام، ماچی کردم، سەری خستە سەر سنگم و وەك منداڵێك دەستی بە گریان کرد. من نقەم لە خۆم بڕی و چاوەڕێ مام هەتا بزانم دەیەوێ چی بڵێت.

دواجار گوتی:

- من مرۆڤێکی کەم و نەگریسم، ڤانیا: مەمدە دەست خۆم. لەبەر ئەوە ناگرییێم کە کەم و نەگریسم، بەڵکە لەبەر ئەوەیە کە ناتاشا لەبەر خاتری من بەدبەخت دەبێت. چونکە ڕۆژەڕەشی دەکەم و بە تەنیا جێی دەهێڵم... ڤانیا، هاوڕێی من، شتێك بڵێ، لەلایەن منەوە بڕیاڵێك بدە، من کامیانم زیاتر خۆشدەوێ: کاتیا یان ناتاشا؟

- من ناتوانم لەم بارەیەوە هیچ بڕیارێك بدەم، ئالیۆشا: بەخۆت باشتر دەزانیت کە من...

- نا، ڤانیا، مەبەستم ئەوە نەبوو، ئەوەندەش حوڵ نیم کە وەها پرسیارێك بکەم، بەس ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەخۆشم نازانم.لە خۆم دەپرسم، بەس هیچ وەڵامێکم دەست ناکەوێ. تۆ لە دەرەوەی گێجاوەکەیت، ئاگات لەم بەزمە هەیە و لەوانەیە لە من باشتر بتوانیت... تەنانەت گەر ناشزانیت، لایەنی کەم ڕای خۆتم پێ بڵێ؟

- بە ڕای من تۆ کاتیات زیاتر خۆشدەوێ.

- یانی وا بیر دەکەیتەوە! نا، نا بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە. باش تێنەگەیشتوویت. من ناتاشام بێئەندازە خۆشدەوێ. هەرگیز بە هیچ نرخێك ئامادە نیم وازی لێ بهێنم، ئەوەم بە کاتیا گوتووە و ئەویش هاوڕامە. بۆچی هیچ ناڵێیت؟ دەبینم زەردەخەنە دەتگرێ. ئاە ڤانیا هەرگیز لەو وەختانەی کە خەمگین بوومە سووکناییت پێ نەبەخشیوم، ڕێك وەکو ئەم ساتە... ماڵئاوا! خێرا لە ژوورەکە وەدەرکەوت و کاریگەرییەکی هەژێنەدەی لەسەر نێلی بەجێهێشت کە بە سەرسامییەوە گوێی بۆ قسەکانمان گرتبوو. نێلی هێشتا هەر نەخۆش بوو، لە جێگەدا کەوتبوو و دەرمانی دەخوارد. ئالیۆشا هەرگیز قسەی لەگەڵ ئەو نەدەکرد، لە سەردانەکانیدا کەم تا زۆر هیچ سەرنجێکی ئەوی نەدەدا.

ئالیۆشا بۆ دوو کاتژمێر دواتر گەڕایەوە و من بە بینینی ڕووخساری شادی سەرم سووڕما. دیسان دەستی کردە ملم و ماچمی کرد.

- تەواو بوو! تەواوی دوودڵییەکانم ڕەوینەوە. لێرەوە ڕاستە و ڕاست چووم بۆ لای ناتاشا، زۆر پەرێشان بووم و نەمدەتوانی چاو لە دیدەنی کرنی بپۆشم. کە گەیشمە لای، لەبەردەمیدا چۆکم دادا و پێیەکانیم ماچ کرد: پێویست بوو ئەم کارە بکەم، گەرنا لە خەفەتاندا گیانم دەردەچوو. ئەو بێ ئەوەی قسەیەك بکات یەکسەر کەوتە گریان. ئەوسا منیش بێ پێچ و پەنا، ڕاستەوخۆ پێم گوت کە کاتیام لەو خۆشتر دەوێت.

- ئەو چیی گوت؟

- هیچی نەگوت تەنیا لاواندمییەوە و دڵخۆشیی دامەوە... دەبینیت، دڵخۆشیی منێکی دەدایەوە کە ئەو قسانەی بۆ کردبوو. ئەو دەزانێت چۆن دڵخۆشی بداتەوە، ڤانیا، ئاە من باسی هەموو چارەڕەشییەکانی خۆمم بۆ کرد، هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. ڕاستگۆیانە پێیم گوت کە من کاتیام زۆر خۆشدەوێ، بەس هەرچەندە ئاشقی ئەوبم، بەبێ

ناتاشا ناتوانم بژیم و له دووریی ئەودا دەمرم. بەڵێ، ڤانیا، تەنانەت یەك ڕۆژیش ناتوانم بەبێ ئەو بژیم، لەوە دڵنیام! هەر لەبەر ئەوەش بڕیارمدا بەبێ خاوەخاوکردن زەماوەند بکەین. جا لەبەر ئەوەی بەر لە ڕۆیشتنم ناتوانین ئەم کارە بکەین، چونکە ئەمە مانگی پارێزە و ناتوانن لێکمان مارە بکەن، هەر لەبەر ئەوە هەتا کاتی گەڕانەوەم، یانی تا مانگی حوزەیران دوادەکەوێ. باوکم بێگومان ڕازی دەبێت. بەس سەبارەت بە کاتیا، باشە، ئیدی چیی لێ بکەم؟ خۆ من بەبێ ناتاشا ناتوانم ژیان بەسەر ببەم... پێکەوە زەماوەند دەکەین و پەنا بۆ کاتیا دەبەین...

ئای ناتاشای داماو! دەبێت بۆ دڵدانەوەی ئەم کوڕە چەندە ئازار بکێشێ، پێی ڕابگات، گوێ لە پێهاتنەکانی بگرێ و بۆ هێورکردنەوەی ئەم کوڕە سادەدڵ و خۆویستە بە درۆوە حەکایەتی زەماوەند هەڵببەستێ! ئالیۆشا تا چەند ڕۆژێك هەر بەڕاستی ئاسوودە بوو. ئەو بەو دڵە ناسکەیەوە تەنیا لەبەر ئەوە دەچووە لای ناتاشا کە بە تەنیا نەیدەتوانی بەرگەی خەفەتەکانی خۆی بگرێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ساتی جیابوونەوە گەیشت، دیسان تووشی نیگەرانییەکی توند بووەوە و بۆ سووککردنی باری خەمەکانی، دیسان هاتەوە بۆ لای من. دواهەمین ڕۆژەکانی بەر لە ڕۆیشتن، هێندە وابەستەی ناتاشا ببوو، کە دەتگوت نەك هەر بە تەنیا شەش حەفتە بەڵکە تەنانەت بەرگەی تاقە ڕۆژێکی دووریی ناتاشا ناگرێت، ئەوجا هەتا دواهەمین ساتەکانیش هەر بڕوای وابوو کە تەنیا بۆ ماوەی شەش حەفتە لە ناتاشا جیا دەبێتەوە و هەر کە گەڕایەوە، یەکسەر زەماوەندی لەگەڵ دەکات. بەس ناتاشا، بە تەواوی تێگەیشتبوو کە بەم زووانە چارەنووسی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئیدی ئەم جارەیان ئالیۆشا هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ لای و داهاتووشیان هەر بەم جۆرە دەبێت.

ڕۆژی لێك دابڕان گەیشت. ناتاشا نەخۆش بوو، بە ڕەنگی پەڕیو، نیگای بڵێسەدار و لێوی وشکەوە، جار جار لەبەر خۆوە قسەی دەکرد و جار و باریش بە نیگایەکی بەهێز و کاریگەرەوە سەیرێکی منی دەکرد. نەدەگریا، وەڵامی پرسیارەکانمی نەدەدایەوە و وەختێکیش کە دەنگی کاریگەری ئالیۆشا زایەڵەی دایەوە، بە وێنەی گەڵا کەوتە لەرزین. ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و بەرەو ئەو ڕای کرد. ئالیۆشا تاسەمەندانە ئەوی لە باوەش گرت، ماچی دەکرد و پێدەکەنی. بە سەرنجەوە لێی ڕادەما، جار جار بە نیگەرانییەوە لێی دەپرسی کە ئایا حاڵی باشە، دەیگوت تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم لێك جیا دەبنەوە و هەرکە گەڕایەوە پێکەوە هاوسەرگیری دەکەن. دەیویست لەم ڕێیەوە سووکنایی پێببەخشێ.

ساتێك دواتر ئالیۆشا گوتی دەبێت بەشی ئەو ماوەیەی کە ئەو لێرە نییە، بڕە پارەیەکی بۆ جێبهێڵێ، دەبێت لەم بارەیەوە هیچ خەمێکی نەبێت، چونکە باوکی بەڵێنی پێداوە کە بۆ ئەم گەشتە بڕە پارەیەکی زەوەندەی دەداتێ. ناتاشا ڕووخساری گرژ بوو. وەختێك کە تەنیا ماینەوە، پێم گوت من سەد و پەنجا ڕۆبڵم هەیە و دەتوانم بیدەمێ

هەتا پێویستییەکانی پێ دابین بکات. لێمی نەپرسی ئەو پارەیەم لە کوێ هێناوە. ئەم بابەتە بۆ دوو ڕۆژ بەر لە ڕۆیشتنی ئالیۆشا و ڕۆژێك پێش یەکەمین و دواهەمین دیداری نێوان ناتاشا و کاتیا دەگەڕێتەوە کە بە ئالیۆشادا نامەیەکی بۆ ناردبوو و داوای لێکردبوو مۆڵەتی بداتێ تا بەیانی دیدەنیی بکات. نامەی بۆ منیش ناردبوو و تکای کردبوو کە لەم دیدارەدا ئامادەگیم هەبێت.

من وێڕای هەموو ئەو ئەو کار و بەربەستە زۆرانەش، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نێلی و هەموو ئەو نیگەرانییانەی کە نیکۆلای و هاسەرەکەی لە چەند ڕۆژێك لەوەو بەرەوە بۆمیان سازدابوون، بنجبڕانە بڕیارمدا نیوەڕۆ (لەو کاتژمێرەی کە کاتیا دیاریی کردبوو)، لە ماڵی ناتاشا ئامادە بم.

ئەم نیگەرانیانە لە حەفتەی ڕابردووەوە دەستیان پێکردبوو. ئانا بەیانییەکیان کەسێکی بەدوادا ناردبووم، تکای لێ کردبووم واز لە هەموو کارەکانم بهێنم و بەبێ دواکەوتن بە بۆنەی کارێکی زۆر گرنگەوە کە بە دەستییەوە ئازار دەچێژێ، خێرا خۆم بگەیەنمە ماڵیان. تەنیا بوو و بە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد، بە دڵەخورپێیەکی زۆرەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکەی بوو. وەك هەمیشە، گەرچی کاتێکی کەمم بە دەستەوە بوو بەس نەمتوانی یەکسەر بە قسەی بهێنم و بزانم بۆچی هێندە نیگەرانە و ئاوها دەترسێ. سەرئەنجام دوای سەرکۆنەکردنێکی توند: ((بۆچی سەریان لێ نادەم، بۆچی وەك منداڵە هەتیو ئەوانم لە تەنیایی و ڕۆژەڕەشیی خۆیاندا پشتگوێ خستووە؟)) ئەمەش لە دۆخێکدا کە ((هەر خودا دەزانێت لە پێواریی مندا چییان بەسەرهاتووە)) بە منی گوت کە نیکۆلای لە سێ ڕۆژی ڕابردووەوە ئیجگار پەرێشانە و((وەسفی حاڵی))لە باسدا نییە.

- ئیدی ئەو مرۆڤەی جاران نییە: شەوانە تای لێ دێت، بە شێنەیی لە جێگەکەی دێتە دەرێ، لە بەرانبەر کۆتەڵی پیرۆزدا دەکەوێتە سەر ئەژنۆ و دوعا دەکات. بەدەم خەووەوە وڕێنە دەکات و وەخێتێکیش بەئاگا دێت هەر دەڵێیت شێتە: دوێنێ شۆربای کەلەرممان هەبوو، کەوچکەکەی نەدەدیت و چاوی بۆ دەگێڕا، پرسیاری بابەتێکی لێ دەکەیت و سەبارەت بە بابەتێکی دی وەڵامت دەداتەوە. هەیتا هەیتا لە ماڵ دەچێتە دەر، دەڵێ کاری هەیە، دەبێت چاوی بە پارێزەرێك بکەوێ و جا ئەمڕۆ بەیانیش خۆی لە ژووری کارەکەیدا بەند کردبوو. بە منی گوت دەبێت نامەیەك، کە زۆر پێویستە، بنووسێت و بینێرێت بۆ دادگە. لەبەر خۆوە گوتم: ((تۆ کە کەوچکی تەنیشت دەورییەکەت پێ نادۆزرێتەوە، بە تەمای سکاڵا بۆ دادگە بنووسیت؟)) لە کونی کێلۆنەکەوە چاودێریم دەکرد. لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، خەریکی نووسینی شتێك بوو و وەك هەوری بەهار فرمێسکی بە چاودا دەهاتە خوار. بە خۆمم گوت: ((دەبێت ئەم نامەیە سەبارەت بە چی بێت؟)) تۆ بڵێیت خەفەت بۆ لە دەستدانی موڵکەکەمان بخوات و لەو بارەیەوە ئازار بکێشێ؟ کەواتە مانای وایە بۆ هەمیشە ئەومان لەدەست داوە. لەو کاتەی کە من بیرم لەم بابەتە دەکردەوە، ئەو لەپڕ هەستایەوە، قەڵەمەکەی خستە سەر مێزەکە، سوور هەڵگەڕا و بریقەیەکی تایبەت لە چاوانیدا درەوشایەوە. کڵاوەکەی هەڵگرت، هاتە لای من و گوتی: ((ئانا، زوو دەگەڕێمەوە.)) لە ماڵ وەدەرکەوت و منیش

دەمودەست چوومە ژووری کارەکەی، چەند نامەیەکی پەیوەست بە دادگاییەکەی لەسەر مێزەکە بوون، ئەو هیچ کات ئەو نامانەم پێشان نادات. چەندین جار پێم گوتووە: ((لایەنی کەم گەر تەنانەت بۆ یەك جاریش بێت لێگەڕێ با کاغەزەکان ڕێك بخەم، با تۆز و خۆڵەکەی سەریان خاوێن بکەمەوە.)) جا لەو کاتانەدا یەکسەر دەست بە هات و هاوار دەکات و دەستەکانی لە هەوادا ڕادەوەشێنێ. لەوەتی هاتووینەتە پترسبورگ زۆر تووڕە و بێسەبر بووە. ئەوجا چوومە لای مێزەکە و دەستم کردە گەڕان بە دوای ئەو نامەیەدا کە خەریکی نووسینی بوو. دەمزانی ئەوی لەگەڵ خۆی نەبردووە، وەختێك لە جێگەکەی هەستا، ئەوی لە بەینی هەندێك کاغەزی دی ئاخنی. باشە، دۆستی ئازیز، من ئەم کاغەزەم پەیداکردووە، ها چاوێکی پێدا بخشێنە.

کاغەزی نامە نووسینەکەی پێدام، بابەتێکی نیو لاپەڕەیی لەسەر نووسرابوو، بەس ئەوەندە خەتی پێدا هێنرابوو و هەڵەکانی ڕاست کرابوونەوە کە لە هەندێك شوێندا بە زەحمەت دەخوێندرایەوە.

ئەی پیرەمێردی بێنەوا! هەر بە خوێندنەوەی دێڕەکانی سەرەتا دەکرا بزانیت ناوەڕۆکی نامەکە چییە و بۆ کێی نووسیوە، نامەکە بۆ ناتاشا بوو، ناتاشای دڵنشینی. بە وشەگەلێکی سۆزدارانە و پڕ لە جۆش و خرۆش دەستی بە نووسینی نامەکە کردبوو. لێی خۆش بووبوو و داوای لێکردبوو بگەڕێتەوە بۆ لایان. خوێندنەوەی تەواوی نامەکە کارێکی دژوار بوو، خەتەکەی ناشیرین و پڕ لە هەڵەی ڕاستکراوە بوو. بەس ئەو هەستە پڕ لە تین و تاوەی کە پیرەمێردەکەی ناچار کردبوو بە تاسەوە ئەو دێڕە سۆزدارانەی سەرەتا بنووسێت، لە پڕ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو: پیرەمێردەکە دەستی بە سەرکۆنەکردنی کچەکەی کردبوو، بە وشەگەلێکی زبر و تووڕانە تاوانە گەورەکەی بە ڕووا دابووەوە، بە قین و پێداگرییەوە سەرپێچییەکەی بەبیر هێنابووەوە، بەوە تۆمەتباری کردبوو کە هەستی نییە و ڕەنگە تەنیا بۆ یەك جاریش بیری لەو نەهامەتییە نەکردبێتەوە کە بەسەر دایك و باوکییدا هێناوە. بە هەڕەشەوە بۆی نووسیبوو کە تەمبێی دەکات و لەبەر ئەو لووتبەرزییەی حاشای لێ دەکات. دواجاریش داوای لێ کردبوو بە ملکەچی و گوێڕایەڵییەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی، جا ئەوسا دوای دەستپێکردنەوەی ژیانێکی تازەی گوێڕایەڵانە لە ‹‹مەکۆی خێزان›› دا، لەوانەیە سەر بهێنێتە ڕاستە و لێی خۆش ببێت. دیاربوو کە دوای ئەو چەند دێڕەی سەرەتا، هەست و سۆز دەربڕینەکەی خۆی وەك جۆرێك لە لاوازی لێکداوەتەوە، جا دواتر هەستی بە شەرمەزاری کردووە و دەرکی بە ڕادەی ئازاری حورمەتی برینداربووی کردووە و دیسان بە ڕق و قیندا کەوتووتەوە. ئانای بێنەوا، دەست لەسەر سنگ لەبەردەم مندا بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕێ بوو هەتا نامەکە بخوێنمەوە و ڕای خۆمی بۆ دەربڕم.

من بێ پێچ و پەنا ڕای خۆمم دەربڕی کە بریتی بوو لە: ‹‹پیرەمێردەکە ئیدی بەبێ ناتاشا توانای زیندوو مانەوەی نییە و بە دڵنیاییەوە دەکرا پێشبینی ئەوە بکەیت کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاشت دەبنەوە، بەس وێڕای ئەوەش، ئەم بابەتە پەیوەندیی بە هەلومەرجەکانەوە هەبوو. بەوم گوت من وای بۆ دەچم کە ئەنجامی نەخوازراوی

دادگاییەکە، سەرکەوتنی شازادە و ئەو تووڕەییەی کە لە وەها ئەنجامێکەوە لە نیکۆلایدا ورووژاوە، ئەوی بە تەواوی تەفروتونا و سست کردووە. لەو ساتانەشدا ڕۆح بە شێوەیەکی بەر پێنەگیراو بەرەو سۆز و خۆشەویستی دەکشێ، جا لەو ساتەشدا زیاتر لە هەرکاتێکی دی،تاسەی ئەو ناتاشایەی کردووە کە لە گیانی خۆشتر دەوێت. هەروەها بۆشی هەیە (لەبەر ئەوەی ئاگای لە هەموو شتێکی پەیوەست بە ناتاشاوە هەیە) ئەوەی بیستبێت کە ئالیۆشا بەم نزیکانە واز لە کچەکەی دەهێنێ و لێی دوور دەکەوێتەوە، جا لەبەر ئەوە توانیویەتی دەرك بەوە بکات کە ناتاشا لەو ساتەدا تووشی چ دەرد و ناسۆرییەك بووە و چەندە پێویستی بە هاوخەمی و دڵدانەوە هەیە. بەس وێڕای ئەوەش توانیویەتی بەسەر خۆیدا زاڵ ببێت، چونکە دیسان پێی وابووە کە بە دەستی کچەکەی سووك و ڕسوا کراوە. بە خۆی گوتووە بێگومان ناتاشا دەستپێشخەری ناکات و ناگەڕێتەوە باوەشی خێزانەکەی. ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا ئەوانی لەبیر کردبێت و بە پێویستی نەزانێت لەگەڵیان ئاشت ببێتەوە.)) دواجاریش وەك ئەنجامگیرییەك گوتم: ((ئەمە هەمان ئەو فکرەیە کە بە مێشکی نیکۆلایدا هاتووە و هەر لەبەر ئەوەش نەیتوانیوە نامەکە تەواو بکات، لەوانەیە ئەمەش دڵ ئێشانێکی ئاوهای لێ کەوتبێتەوە کە کاریگەریی لە هیکەی پێشوو زیاتر بێت. کێ چوزانێ، لەوانەیە ئەم ئاشتبوونەوەیە بۆ ماوەیەکی نەزانراو دوابکەوێ...))

ئانا بەدەم بیستنی قسەکانمەوە دەگریا. دواجار کە پێیم گوت دەبێت بچم بۆ لای ناتاشا و ئێستەش درەنگم پێ بووە، سەرێکی تەکاندا و گوتی بیری چووە باسی «بابەتە سەرەکییەکە» بکات. ئاخر وەختێك کە نامەکەی لە بەینی کاغەزەکانی دیکە دەرهێناوە، بە بۆنەی کەمتەرخەمییەوە مرەکەبدانەکەی بەسەردا قلّپ کردووەتەوە. لە ڕاستیدا لایەکی نامەکە مرەکەبی پێدا ڕژابوو و ئاناش ترسی لێ نیشتبوو کە مێردەکەی بەم بابەتە بزانێ و بە بینینی ئەو پەڵەیە تێبگات کە لەو وەختەی ئەو لەوێ نەبووە، ژنەکە بە کاغەزەکاندا گەڕاوە و نامەکەی خوێندووەتەوە. هەڵبەتە ناهەقیشی نەبوو کە بەو ڕادەیە بترسێت، بۆی هەبوو تەنیا لەبەر ئەوەی کە بە نهێنییەکەیمان زانیوە، پەست ببێت و زیاتر بە ڕقدا بچێت، دواجار لە لووتبەرزیاندا خۆی لە بەخشینی ناتاشا ببووری. بەس دوای ئەوەی کە ماوەیەك بیرم لەم بابەتە کردەوە، پیرەژنەکەم بێخەم کرد. پێم گوت مێردەکەی لە بارێکی ئەوەندە ناڕەحەت و پڕ لە نیگەرانیدا نامەکەی بە ناتەواوی جێهێشتووە کە لەوانەیە ئەو وردەکاریانەی بیر نەبێنەوە و پێی وابێت بەخۆی مرەکەبی بەسەردا ڕشتووە. دوای ئەوەی کە لەم ڕێییەوە خەیاڵیم ئاسوودە کرد، بە پارێزەوە نامەکەم خستەوە شوێنی خۆی و لە کاتی ڕۆیشتندا وام بە بیردا هات کە بە شێوەیەکی جددی سەبارەت بە نێلی قسەی لەگەڵ بکەم. پێم وابوو ئەو کچە هەتیو و داماوەی کە لەلایەن هەموو کەسێکەوە پشتگوێ خرابوو دەیتوانی کارێکمان بۆ بکات، لە ڕێی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی و دایکی کە ئەویش لەلایەن باوکییەوە حاشای لێ کرابوو، بۆی هەبوو دڵی پیرەمێردەکە نەرم ببێت و لە ناتاشا ببووریٚ. دڵی ئامادەی ئەم کارە بوو، خەفەتی دووری کچەکەی خەریك بوو بەسەر ناڕەحەتیی و ئازاری حورمەتی شکاویدا زاڵ دەبوو. هەر تەنیا ئەوەندەی مابوو کە پاڵنەرێك، هەلومەرجێکی گونجاو هەڵبکەوێت و نێلیش دەیتوانی ئەم هەلومەرجە بڕەخسێنێ. ئانا بە

سەرنجێکی زۆرەوە گوێی بۆ قسەکانم شل کرد. ڕووخساری بە شەوقی هیوا و تاسە ڕووناک بووەوە. یەکسەر دەستی کردە سەرزەنش کردنم کە: بۆچی زووتر ئەم بابەتەم پێ نەگوتووە؟ بێسەبرانە، لەبارەی نێلیەوە چەند پرسیارێکی دیکەی لێ کردم و بەڵێنی دا بەخۆی داوا لە مێردەکەی بکات ئەم منداڵە بهێنێ بۆ ماڵی خۆیان. ئەویش ئێستە لە دڵەوە نێلیی خۆشدەویست، لەوە نیگەران بوو کە نەخۆشە و هەواڵی دەپرسی. شیشەیەك مرەبای لە کۆمێدی خواردەمەنییەکەیان دەرهێنا و ناچاری کردم کە بۆی ببەم. بەو بیانووەی کە پارەم نەبووە بیدەم بە دکتۆر، پێنج ڕۆبڵی دامێ، وەختێکیش کە بە وەرگتنی پارەکە ڕازی نەبووم، زۆر ناڕەحەت بوو و هەر کۆڵی نەدا هەتا ئەو کاتەی کە گوتم نێلی پێویستی بە جلی ژێرەوە هەیە و دواجار بە شێوەیەکی دی دەتوانێت سوودێك بەو بگەیەنێ. دەمودەست لە سەندووقەکەیدا دەستی بە گەڕان کرد، جلەکانی ژێر و ژوور کردن و ئەوانەی دەرهێنان کە بەکەڵکی نێلی دەهاتن.

لەوێوە بەرەو ماڵی ناتاشا بەڕێ کەوتم. کە دواهەمین نهۆمم بە پلیکانە مارپێچیەکاندا بڕی، سەیر دەکەم کەسێك لەبەر دەرگەی ئەپارتمانەکەی ناتاشادا ڕاوەستاوە و دەیەوێت لە دەرگە بدات، بەس کە دەنگی پێی منی بیست دەستی ڕاگرت و لە دەرگەی نەدا. سەرئەنجام دوای کەمێك دوودڵی پەشیمان بووەوە و بەرەو پلیکانەکان هات هەتا بچێتە خوارێ و لەسەر دواهەمین پلیکان ڕووبەڕووی یەکدی بووینەوە، دەکرێت وێنای ئەوە بکەن و بیهێننە بەر چاوی خۆتان کە من لەو ساتەدا چەندە سەرسام بووم وەختێك کە سەیرم کرد ئەو کابرایەی کە لەوێ ڕاوەستا بوو خودی نیکۆلایە. پلیکانەکان هەتا نیوەڕۆش هەر بە تەواوی تاریك بوون. نیکۆلای خۆی لادا هەتا ڕێگەم بۆ خۆش بکات، هێشتا بریقەی چاوەکانیم لە یادە کە بە مکوڕییەوە لە من ڕامابوون. وام هاتە بەرچاو کە سوور هەڵگەڕاوە، بە شێوەیەکی تۆقێنەر حەپەسا و پەرێشان بوو.

بە ئاوازێکی نادڵنیاوە گوتی: ((ئاه، ڤانیا، ئەوە تۆیت: هاتبووم تا دیدەنیی کەسێك بکەم... سەرقەڵەمێك... هەروەها بۆ ئەنجامدانی کاری دادگاییەکەم... تازە ماڵی گواستووەتەوە بۆ ئەم ناوە، بەس پێم وانییە لەم بینایەدا بێت. بە هەڵە هاتووم، خواحافیز.)) جا خێرا بە پلیکانەکاندا دابەزی.

بڕیارمدا جارێ لەبارەی ئەم چاوپێکەوتنەوە هیچ شتێك بە ناتاشا نەڵێم، بەس هەرکە ئالیۆشا بەرەو هاوینەهەوار بەڕێ کەوت، ئەم بابەتەی بۆ بگێڕمەوە. هەنووکە ئەوەندە پەرێشان و مەینەتبار بوو کە تەنانەت گەر دەرکیشی بە گرنگیی ئەم بابەتە بکردبا، ئەوا نەیدەتوانی وەك پێویست پێشوازیی لێ بکات، بێگومان دواتر، ئەو وەختەی کە بەسەر نائومێدی و خەم و خەفەتەکەیدا زاڵ دەبێت، باشتر دەتوانێ دەرك بە گرنگیی ئەم بابەتە بکات. جارێ دەبوو تا ماوەیەك دان بەخۆمدا بگرم.

دەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ ماڵی دایك و باوکی، زۆریشم حەز لێبوو ئەو کارە بکەم، بەس نەمکرد. وام بە فکردا هات کە لەو حاڵەتەدا بینینم دەبێتە مایەی ئازاردانی نیکۆلای. تەنانەت بۆشی هەبوو بکەوێتە گومانەوە و پێی وابێت کە

من دوای ئەم تووشهاتنە، دەستەنقەست سەردانی ماڵیانم کردووە. وەلێ بۆ دوو سبەی چووم بۆ ماڵیان، نیکۆلای بێتاقەت بوو، بەس بە شێوەیەکی ئاسایی بەخێرهاتنی کردم و بەدەر لە کارەکانی، سەبارەت بە هیچ شتێکی دی قسەی لەگەڵ نەکردم.

لە بارێکدا کە چاوی لە جێیەکی دی بڕیبوو لە منی پرسی: ((بزانم، ئەو ڕۆژە لەو سەرەوە کە تووشی یەکدی بووین بۆ لای کێ دەچوویت؟ پێم وایە بەستر پێرێ بوو.))

منیش بێ ئەوەی لێی بڕوانم گوتم: ((بۆ لای یەکێك لە هاوڕێکانم کە لەو بینایەدا نیشتەجێیە.))

- ئاه! منیش لە دووی سەرقەڵەمێك دەگەڕام، گوتبووی ماڵی لەوێیە... بەس ماڵەکەم لێ تێکچووبوو. ئیستەش نیازمە سەبارەت بە کارەکانم قسەت لەگەڵ بکەم: دادگە بڕیاری خۆی داوە و... هەندێك شتی دیکەش.

وەختێك کە دەستی بە قسەکردن سەبارەت بە ‹‹دادگاییەکەی›› کرد، سوور هەڵگەڕا.

من بۆ ئەوەی ئانا دڵخۆش بکەم، هەر ئەو ڕۆژە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە و داوام لێ کرد کە بە نیگایەکی تایبەتییەوە لە مێردەکەی نەڕوانێ و وای نیشان نەدات کە ئاگاداری بەسەرهاتەکەیە، ئاه هەڵنەکێشێ، هیچ ئاماژەیەك بەم بابەتە نەکات و بە کورتیەکەی، بە هیچ بیانوویەك وای نەنوێنێ کە ئاگای لەم دواهەمین هەوڵەی ئەو هەیە. هێندە سەراسیمە و خۆشحاڵ بوو کە سەرەتا باوەڕی بە قسەکانم نەکرد. ئەویش لەلایەن خۆیەوە گوتی سەبارەت بە نێلی لەگەڵ مێردەکەی قسەی کردووە، وەلێ ئەو هیچ ڕایەکی دەرنەبڕیوە، کەچی لە ڕابردوودا ئەوە ئەو بوو کە پێداگریی دەکرد هەتا کچۆڵەکە بهێنن بۆ ماڵی خۆیان. بڕیارماندا بۆ بەیانییەکەی بەبێ پەردەپۆشی و پێشەکی لەم بارەیەوە پرسیاری لێ بکەین. بەس بۆ بەیانییەکەی هەردووکمان بە شێوەیەکی تۆقێنەر نیگەرانی دایگرتین.

نیوەڕۆکەی نیکۆلای قسەی لەگەڵ کارمەندێك کردبوو کە کاروباری دادگاییەکەی بۆ ڕایی دەگرد. ئەم کەسە گوتبووی شازادەی دیوە و گوتوویەتی گەرچی دادگە موڵکەکەی ئەوانی خستووەتە ژێر دەستی، بەس ئەو ‹‹لەبەر خاتری هەندێك هەلومەرجی خێزانی›› بڕیاری داوە دە هەزار ڕۆبڵەکە بۆ نیکۆلای بگەڕێنێتەوە. پیرەمێردەکە دەمودەست هاتبوو بۆ لام، زۆر پەرێشان بوو، لە تووڕەییاندا چاوەکانی بریقەیان دەهات. خودا دەزانێ کە بۆچی لە پلیکانەکاندا منی بانگ کرد و گوتی خێرا بچم بۆ لای شازادە و بانگهێشتی جەنگی تەن بە تەنی بکەم. بە چەشنێك حەپەسام کە نەمتوانی دەمودەست فکر و هۆشم کۆبکەمەوە. هەوڵمدا بیهێنمەوە سەر خۆی. بەس لە تووڕەییاندا هێندەی نەمابوو بە تەواوی حاڵی تێکبچێت. ڕامکرد هەتا پەرداخێك ئاوی بۆ بهێنم: بەس وەختێك کە گەڕامەوە، ئەو ڕۆیشتبوو. بەیانییەکەی سەردانی ماڵیانم کرد، بەس لەوێ نەبوو: بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تەواو ون بوو.

بۆ دووسبەی بە مەسەلەکەمان زانی. لە ماڵی منەوە ڕاستە و ڕاست بەرەو ماڵی شازادە بەڕێ کەوتبوو، جا لەبەر ئەوەی ئەو لە ماڵێ نەبووە، یاداشتێکی بۆ نووسیبوو و تێیدا گوتبووی کارمەندی دەوڵەت قسەکەی ئەوی بۆ گێڕاوەتەوە و ئەو وەك سووکایەتی پێکردنێکی گەورە بەرانبەر بە خۆی ئەو قسەیەی لێك دەداتەوە و شازادەی بە مرۆڤێکی بەدگەوهەر ناوبردبوو، پاشان ئەوی بۆ جەنگی تەن بە تەن ‹‹دۆئیل›› داوەت کردبوو و پێی گوتبوو گەر نایەوێ حەیای ببات، ئەوا با خۆی لەم داوەتە نەدزێتەوە.

ئانا بۆی گێڕامەوە کە: وەختێك هاتەوە بۆ ماڵ، هێندە پەشێوحاڵ و بێتاقەت بوو کە دەمودەست چووە جێگەکەی و بۆی خەوت. زۆر بە نەرم و نیانییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەو کردبوو، بەس بە هیچ شێوەیەك وەڵامی پرسیارەکانی نەدابووەوە، زۆر ڕوون بووە کە بێسەبرانە چاوەڕێی وەڵامێکە. بۆ بەیانییەکەی لە پۆستەوە نامەیەکی بۆ هاتبوو. دوای خوێندنەوەی هاوارێکی کردبوو و سەری نابووە نێوان هەردوو دەستی، ئانا لەو کاتەدا هێندە ترساوە کە گوتوویەتی مێردەکەی هەر ئێستە دەمرێ. دەسبەجێ کڵاو گۆچانەکەی هەڵگرتبوو و لە ماڵ دەرچووبوو.

نامەکە لەلایەن شازادەوە نێردرابوو. بە شێوەیەکی وشك و بەرێزانە، کورت و پوخت پێی گوتبوو ئەو هیچ قسەیەکی خراپی بۆ کارمەندەکە نەکردووە و قەرزی هیچ کەسێکی لەسەر نییە هەتا بیداتەوە. گەرچی دڵی بۆ ئێخمینف دەسووتێ کە لە دادگاییەکەدا دۆڕاندوویەتی، بەس بەوپەڕی داخەوە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نییە کە دۆڕاوی ئەم دادگاییە مافی داوەتکردنی ئەوی بۆ دۆئیل هەبێت. بەس سەبارەت بەو هەڕەشەیەی کە گوایە لەنێو خەڵکیدا حەیای دەبات، داوای لە ئێخمینف کردبوو خەمی نەبێت، چونکە بە هیچ شێوەیەك ئاوڕووی ناچێ و نامەکەی ئەو دەگەیەنێتە دەستی بەرپرسان و پۆلیسیش بۆ بەرگرتن لە ئاژاوە نانەوە بەخۆی دەزانێ کە دەبێت چ ڕێ و شوێنێك بگرێتە بەر.

نیکۆلای دەمودەست بە نامەکەوە دەچێت بۆ ماڵی شازادە، وەلێ دیسان لە ماڵ نابێت. بەس لە ڕێی خزمەتکارەکەیەوە دەزانێت کە ڕەنگە لەو کاتەدا لە ماڵی کۆنت ‹‹ن››دا بێت. بێ ئەوەی بیر بکاتەوە یەکسەر بەرەو ماڵی کۆنت بەڕێ دەکەوێ و ئەو وەختەش کە خەریکە بە پلیکانەکاندا سەرکەوێت، پاسەوان بەری پێ دەگرێ. پیرەمێردەکەش بەوپەڕی تووڕەیی و نائومێدییەوە بەر گۆچانی دەدات. دەمودەست قۆڵبەستی دەکەن، بە پلیکانەکاندا کێشی دەکەنە خوارێ و ڕادەستی پۆلیسی دەکەن. ئیدی لەوێشەوە بۆ بنکەی پۆلیس. ڕاپۆرتی ڕووداوەکە دەگەیەننە کۆنت. بەس لەو وەختەدا شازادە لەوێ دەبێت و بۆی ڕوون دەکاتەوە کە کابرای پیرەمێرد باوکی ناتاشایە (شازادە چەندان جار لەم جۆرە مەسەلانەدا خزمەتی بە کۆنت کردبوو)، پیرەپیاوە هەرزەکە بە پێکەنینەوە فەرمانی ئازاد کردنی نیکۆلای دابوو. بەس بنکەی پۆلیس بۆ دووسبەی ئەم فەرمانەی جێبەجێ کردبوو و بەویان گوتبوو (بێگومان بە پێی فەرمانی شازادە) ئازادکردنەکەی لە سایەی پیاوەتیی شازادەوە بووە.

نیکۆلای هەروەکو شێت گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ، خۆی بەسەر تەختە خەوەکەیدا داوە و بۆ ماوەی کاتژمێرێک جووڵەی لێ بڕاوە. دواجار هەڵدەتێتەوە و لە بارێکدا کە ئانا واق و وڕ لە بەرانبەریدا لێی دەڕوانێت، پێی دەڵێ بۆ تا هەتا حاشای لە کچەکەی کردووە و ئیدی هیچ دوعایەکی خێری باوکانەی لەلایەن ئەوەوە بۆ ناکرێت.

ئانا زۆر ترسابوو، بەس یارمەتیی مێردەکەی دەدا. بە درێژایی شەو و ڕۆژ، کەم تا زۆر بە شێوەیەکی بێهۆشانە خزمەتی ئەوی کردبوو، پارچەیەکی بە سرکە خوسێندراوی خستبووە سەر لاجانگەکانی. پیرەمێردەکە تای لێ هاتووە و وڕێنەی کردووە. منیش کاتژمێر نزیکەی سێی نیوەشەو بوو کە ئەوانم جێهێشت و گەڕامەوە بۆ ماڵێ. وێڕای ئەوەش پیرەمێردەکە بەر لە نیوەڕۆ هاتبوو بۆ ماڵی من هەتا نێلی لەگەڵ خۆیدا ببات. پێشتر باسی ئەو دیمەنەم کرد کە لە نێوان ئەو و نێلی دا هاتە ئارا. ئەم جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنەی نێلی بە تەواوی لە پێی خستبوو.

جا دوای ئەوەی کە دەگەڕێتەوە ماڵێ، ڕادەکشێ و خەوی لێ دەکەوێت. هەموو ئەم ڕووداوانە لە ڕۆژی هەینیی پیرۆز[1]دا ڕوویاندا، ئەو ڕۆژەی کە بڕیار وابوو کاتیا و ناتاشا چاویان بە یەکدی بکەوێ، یانی ڕۆژێک بەر لەوەی ئالیۆشا بەرەو ئێلاخ بەڕێ بکەوێت. من لە دیدارەکەیاندا ئامادە بووم. سەرلەبەیانی و پێش ئەوەی نیکۆلای بێت بۆ ماڵم، یانی بەر لە یەکەمین هەڵهاتنی نێلی، ئەم دیدارە ڕێکخرا.

## ٦

ئالیۆشا بۆ ئەوەی ناتاشا ئاگادار بکاتەوە، کاتژمێرێک زووتر لەوێ ئامادە بوو. منیش ڕێک لە کاتێکدا گەیشتم کە گالیسکەکەی کاتیا لەبەردەم دەرگەی بیناکەدا ڕاوەستا. کاتیا لەگەڵ نەدیمە فەڕەنسییەکەیدا هاتبوو کە دوای تکا و پاڕانەوەیەکی زۆر جا ڕێگەی پێدابوو دیدەنیی ناتاشا بکات، بەس بەو مەرجەی کە ئالیۆشاش لەوێ بێت و خۆیشی لە گالیسکەکەدا چاوەڕێی بکات. کاتیا بێ ئەوەی لە گالیسکەکە دابەزێ داوای لە من کرد بچمە سەرێ و ئالیۆشا بانگ بکەم. کە چوومە سەرێ دەبینم ناتاشا خەریکی گریانە و ئالیۆشایش هەر بە هەمان شێوە. ناتاشا کە زانیی کاتیا لە خوارێ چاوەڕێیە، هەستایە سەر پێ، فرمێسکەکانی سڕین و بە بارێکی شڵەژاوانەوە لە بەردەم دەرگەکە ڕاوەستا. ئەو بەیانییە کراسێکی سپیی پۆشی بوو. قژە ڕەنگ بەڕووبییەکانی بە جوانی داهێنابوون و لە پشت سەرییەوە بە چەند شریتێک بەستبوونی. من ئەم جۆرە قژ داهێنانەیم زۆر بەلاوە جوان بوو. وەختێک سەیری کرد من لە ژوورەکەدا ماومەتەوە، داوای لێ کردم لەگەڵ ئالیۆشا بچم بەدەم کاتیاوە و پێشوازیی لێ بکەم.

١. هەینیی پیرۆز: ڕۆژێکە کە مەسیحییەکان بە یادی لە خاچدانی مەسیحەوە مەراسیمێک بەڕێوە دەبەن. (و. ک)

کاتیا لە وەختی سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا بە منی گوت: ((نەمتوانی زووتر بێم. بەردەوام لەژێر چاودێریدا بووم، شتێکی زۆر بێزارکەر بوو. پازدە ڕۆژی پێچوو هەتا توانیم نەدیمەکەم *مەدام ئالبێر* بەم دیدارە ڕازی بکەم. بەس ئێوە ئیڤان پترۆڤیچ، تەنانەت بۆ جارێکیش سەردانتان نەکردم! نەشمدەتوانی نامەتان بۆ بنووسم: حەزیشم بەم کارە نەبوو، چونکە لە نامەدا ڕوونکردنەوەی هەموو شتێك دژوارە. زۆر پێویست بوو چاوم بە ئێوە بکەوێ... خوایە گیان، دڵم چەندە خێرا لێ دەدات!...))

من هاتمە وەڵام: ((پلیکانەکان زۆر سەرەوژوور و ماندووکەرن.))

- بەڵێ، لەوانەیە پلیکانەکانیش کاریگەرییان لەسەر خێرابوونی ترپەی دڵم هەبێت... بەس ئێوە پێم بڵێن: ئایا ناتاشا بە بینینی من قەڵس نابێت؟

- نا، بۆچی دەبێت قەڵس ببێت؟

- بەڵێ... هەڵبەتە... بۆچی؟ هەر ئێستە خۆم لە هەموو شتێك تێدەگەم، پێی ناوێ پرسیار لە ئێوە بکەم...

باسکمم بۆ درێژ کرد هەتا یارمەتیی بدەم و ئاسان سەربکەوێ، ڕەنگی زۆر پەڕی بوو و پێدەچوو بترسێت. لە دواهەمین باداك ئێستێکی کرد هەتا وچانێت بدات، بەس پاشان سەیرێکی منی کرد و لە پڕ بە هەنگاوگەلێکی گورجەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت.

لەبەر دەرگەکە ڕاوەستا و بە دەنگێکی نزم گوتی: ((زۆر بە سادەیی دەچمە ژووری و پێی دەڵێم من ئەوەندە متمانەم بەو هەیە کە بەبێ دوودڵی هاتووم بۆ دیداری... ئەوجا بۆ دەبێت ئەم قسەیە بکەم. من هیچ گومانێکم لەوە نییە کە ناتاشا بەڕێزترین مرۆڤی سەرزەویە. ئەی وانییە؟))

جا شەرمنانە و بە وێنەی مرۆڤێکی گوناحکار چووە ژووری و نیگایەکی کاریگەری گرتە ناتاشا و ئەویش دەسبەجێ بزەی هاتێ. جا ئەوسا کاتیا بە هەیەجانەوە بەرەو ڕووی ناتاشا چوو، دەستەکانی گرت و ئەوی ماچ کرد. پاشان بێ ئەوەی تا ئەو کاتە هیچ قسەیەکی کردبێت، ڕووی کردە ئالیۆشا و داوای لێ کرد بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێك جێیان بهێڵێ.

- زویر مەبە ئالیۆشا. من پێویستە هەندێك قسەی زۆر جددی لەگەڵ ناتاشا بکەم کە نابێت تۆ بیانبیستیت. کوڕی باش بە و بە تەنیا جێمان بهێڵە. ئیڤان پترۆڤیچ ئێوە بمێننەوە. پێویستە ئێوە قسەکانمان ببیستن.

کە ئالیۆشا ژوورەکەی جێهێشت، کاتیا بە ناتاشای گوت: ((با دانیشین. من لێرە لە بەرانبەرتان دادەنیشم. بەر لە هەموو شتێك دەمەوێ بەباشی چاوتان لێ بکەم.))

ڕوو بە ڕووی ناتاشا دانیشت و چەند ساتێك بە سەرنجەوە ئەوی هەڵسەنگاند. ناتاشا زەردەیەکی خۆنەویستانە نیشتبووە سەر لێوانی. دواجار گوتی:

- من پێشتر وێنەی ئێوەم دیوە، ئالیۆشا پێی نیشان داوم.

- باشە، ئایا لە وێنەکەم دەچم؟

کاتیا بە بزەیەکی دۆستانە و جددییەوە گوتی: ((ئێستە جوانتر دێنە بەرچاو، بەخۆشم هەر وای بۆ دەچووم کە جوانتر بن.))

- بەڕاست؟ منیش کە لێتان دەڕوانم، کەسێکی دڵڕفێنم دێتە بەرچاو!

بە دەستێکی لەرزۆکەوە دەستی ناتاشای گرت و گوتی: ((من؟ ئەمە چ قسەیەکە، هاوڕێکەم!)) هەردووکیان لە بارێکدا کە لە یەکدی ورد دەبوونەوە دیسان بێدەنگ بوون. کاتیا دووبارە گوتی: ((گوێبگرن، فریشتەی من، ئێمە تەنیا نیو کاتژمێرمان لەبەر دەستدایە.مەدام ئالبێر بە هەزار حاڵێ ئەم دەرفەتەی پێ داوم و ئێمە قسەگەلێکی زۆرمان هەیە کە دەبێت بۆ یەکدییان بکەین... دەمویست... دەبێت کە... ئاه! ئێستە زۆر بە سادەیی لە ئێوە دەپرسم: ((ئالیۆشاتان زۆر خۆشدەوێ؟))

- بەڵێ، زۆر.

- مادام وایە... گەر زۆرتان خۆشدەوێ... دەبێت دەربەستی خۆشبەختیی ئەو بن...

ئەم ڕستەیەی بە شەرم و دەنگێکی نزمەوە دەربڕی.

- بەڵێ، ئارەزوو دەکەم خۆشبەخت ببێت.

- بەڵێ، ئەمە کرۆکی بابەتەکەیە... دواجار ئەم پرسیارە دێتە پێش: ئایا من دەتوانم خۆشبەختی بکەم؟ ئایا لە ڕاستیدا مافی ئەوەم هەیە کە قسەیەکی لەو جۆرە بکەم، چونکە بەمە ئالیۆشاتان لێ دەستێنم؟ دەبێت هەر ئێستە بڕیار لەسەر ئەم بابەتە بدەین، گەر پێتان وایە لەگەڵ ئێوە خۆشبەختتر دەبێت...

ناتاشا سەری نەوی کردبوو و بە دەنگێکی هێواشەوە گوتی: ((ئەم بابەتە پێشوەخت یەکلایی کراوەتەوە، کاتیای ئازیز، بەخۆتان دەبینن کە بە تەواوی بڕیاری لەسەر دراوە...)) زۆر ڕوون بوو کە ناتوانێت درێژە بەم گفتوگۆیە بدات.

کاتیا بێگومان خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بکات: چ کەسێك دەتوانێ بە تەواوی ئالیۆشا خۆشبەخت بکات و دەبێت کامەیان کەنار بگرێ و مل بدات؟ بەس دوای بیستنی وەڵامەکەی

ناتاشا، تێگەیشت کە لەمێژە هەموو شتێك بڕیاری لەسەر دراوە و ئیدی قسەکردن لەم بارەیەوە بێهوودەیە. لە بارێکدا کە لێوە جوانەکانی بە نیوە کراوەیی مابوونەوە، چاوی بڕیبووە ناتاشا کە هێشتا دەستەکانی لەنێو دەستی ئەودا بوون و سیمایەکی خەمگین و دوودڵی هەبوو.

ناتاشا لەناکاو پرسیی: ((ئەی ئێوە؟ زۆرتان خۆشدەوێ؟))

- بەڵێ، من دەمویست پرسیارێکتان لێ بکەم، هەر بۆ ئەوەش هاتووم بۆ ئێرە: بۆچی خۆشتان دەوێت؟

ناتاشا لە بارێکدا کە بێئارامییەکی تاڵ لە دەنگیدا هەستی پێ دەکرا گوتی: ((بەخۆشم نازانم.))

کاتیا پرسیی: ((ئایا لەبەر ئەوەیە کە پێتان وایە کەسێکی بە بیر و هۆشە؟))

- نا، تەنیا خۆشم دەوێ، هەر ئەوەندە...

- منیش هەر بە هەمان شێوە، تەنانەت دڵیشم بۆی دەسووتێ.

- هەروەها منیش.

کاتیا بە ناڕەحەتییەوە گوتی: ((ئێستە دەبێت چی بکەین؟ ئەو چۆن توانیویەتی لەبەر من واز لە ئێوە بهێنێ؟ من سەرم لەم بابەتە دەرناچێ، بە تایبەت لەبەر ئەوەی کە ئێستە لەنزیکەوە چاوم پێتان کەوتووە و دەتانناسم.))

ناتاشا وەڵامی نەدایەوە، چاوی لە زەوی بڕی بوو. کاتیا بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، پاشان هەستا و بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات باوەشی بە ناتاشادا کرد. هەردووکیان لە باوەشی یەکدیدا کەوتنە گریان. کاتیا لەسەر دەسکی کورسییەکەی ناتاشا دانیشت و لە بارێکدا کە ئەوی بەخۆیدا دەگوشی، کەوتە ماچکردنی دەستەکانی و بە گریانەوە گوتی:

- گەر بزانن چەندم خۆشدەوێن! دەبینە خوشکی یەکدی، نامە بۆ یەك دەنووسین... من بۆ تا هەتا خۆشتانم دەوێ... زور زورم خۆشدەوێن...

ناتاشا پرسیی: ((سەبارەت بە زەماوەندکردنەکەی مانگی حوزەیرا نمان هیچی بە ئێوە نەگوتووە؟))

- بەڵێ، هەروەها گوتوویەتی ئێوەش پەسەندتان کردووە. بەس ئێوە ‹‹هەروا›› گوتووتانە، بۆ ئارامکردنەوەی ئەو، ئەرێ؟

- بێگومان.

- هەر زانیم. من ئەوم زۆر خۆشدەوێت ناتاشا، لە نامەدا باسی هەموو شتێکتان بۆ دەکەم. ئەو بەم نزیکانە دەبێتە هاوسەرم، هەر لە ئێستەشەوە ئامادەکاریمان کردووە. هەمووان لەسەر ئەم بابەتە کۆکن. ناتاشای ئازیز، ئەوجا ئێوە دەگەڕێنەوە... بۆ ماڵی باوکتان؟

ناتاشا وەڵامی نەدایەوە، بەس بە میهرەبانییەوە ئەوی ماچ کرد و گوتی:

- هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.

کاتیا گوتی: ((منیش... هەروەها منیش.))

لەم ساتەدا دەرگە کرایەوە و ئالیۆشا هاتە ژوورێ. ئەو نەیتوانی بوو نیو کاتژمێر خۆی ڕابگرێ و وەختێکیش چاوی بەوان کەوت کە بەدەم گریانەوە باوەشیان بە یەکدا کردووە، بە دەستەپاچەییەوە لەبەردەم دوو کچە لاوەکەدا کەوتە سەر ئەژنۆ.

ناتاشا بەوی گوت: ((تۆ بۆچی دەگریت؟ لەبەر ئەوەی بە تەمایت جێم بهێڵیت؟ بەس خۆ زۆرت پێناچێ، مانگی حوزەیران دەگەڕێیتەوە بۆ لام.))

کاتیا بۆ ئەوەی خەمی ئالیۆشا بڕەوێنێتەوە، بەدەم گریانەوە گوتی: ((جا پێکەوە هاوسەرگیریش دەکەن.))

- بەس من ناتوانم، ناتوانم تەنانەت بۆ یەك ڕۆژیش تۆ بە تەنیا جێبهێڵم، ناتاشا، بەبێ تۆ دەمرم... تۆ نازانیت کە چەندە لەلام ئازیزیت، جا بە تایبەت لەم ساتەدا!

ناتاشا کە لە کتوپڕێکدا وروژابوو گوتی: ((باشە، ئێستە پێت دەڵێم کە دەبێت چی بکەیت. کۆنتیس لە سەفەرەکەیدا تا ماوەیەك لە مۆسکۆ دەمێنێتەوە، وانییە؟))

کاتیا قسەکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی: ((بەڵێ، بۆ ماوەی حەفت هەشت ڕۆژێك.))

- هەشت ڕۆژ زۆر باشە. تۆ سبەینێ لەگەڵ ئەوان دەچیت بۆ مۆسکۆ، ئەم گەشتە لە ڕۆژێك زیاتر کاتت ناگرێ و تۆ دەستبەجێ دەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە، ئەو وەختەش کە دەیانەوێ مۆسکۆ جێبهێڵن تۆ دەمودەست دەچی بۆ ئەوێ و پێیان ڕادەگەیتەوە.

کاتیا لە بارێکدا کە نیگایەکی مانادارى لەگەڵ ناتاشا ئاڵوگۆڕ دەکرد، بە شادمانییەوە گوتی: ((بەڵێ... بەم پێیە ئێوە چەند ڕۆژێك لەگەڵ یەکدی بەسەر دەبەن.))

وەسفی ئەو جۆش و خرۆشەم پێ ناکرێ کە دوای بیستنی ئەم پێشنیارە لە ئالیۆشادا وروژا. خێرا خەیاڵی ئاسوودە بوو، لە شادیاندا ڕووخساری گەشایەوە، ناتاشای ماچ کرد، هەروەها من و دواتر دەستی کاتیاشی ماچ کرد، ناتاشا

بە نیگایەکی خەمگینەوە لێی ڕامابوو، بەس کاتیا لەوە زیاتر خۆی پێڕانەگیرا. نیگایەکی کاریگەری گرتە من، ناتاشای ماچ کرد و بە نیازی ڕۆیشتنەوە لە جێگەکەی هەستا. هەر لەو ساتەدا، نەدیمە فەڕەنسییەکە خزمەتکارەکەی خۆی ناردبوو هەتا پێیان بڵێ هەرچی زووتر کۆتایی بە گفتوگۆکەیان بهێنن، چونکە ئەو نیو کاتژمێرەی کە بڕیاریان لەسەر دابوو، تەواو بووە.

ناتاشاش لە جێگەکەی هەستا. لە بارێکدا کە دەستی یەکدیان گرتبوو، ڕووبەڕووی یەك ڕاوەستابوون و دەتگوت دەیانەوێ هەموو ئەوەی کە لە دڵیاندایە لە ڕێی نیگاوە بە یەکدیی ڕابگەیەنن.

کاتیا گوتی: ((ئێمە ئیدی هەرگیز یەکدی نابینینەوە.))

ناتاشاش هاتە وەڵام: بەڵێ، هەرگیز.

- کەواتە باماڵئاوایی لە یەکدی بکەین.

پاشان یەکتریان ماچ کرد.

کاتیا زۆر بە هێواشی بە ناتاشای گوت: ((ڤینم لێ هەڵمەگرن، لەگەڵ من هەمیشە... دڵنیابن کە خۆشبەخت دەبێت.)) پاشان دەستەکانی ئالیۆشای گرتن و بە پەلە گوتی: ((با بڕۆین، ئالیۆشا، یاوەریم بکە.))

وەختێك ئەو دووانە ژوورەکەیان جێهێشت، ناتاشا کە بەهۆی خەفەت و ماندوویەتییەوە هازی لێ بڕابوو گوتی:

- تۆیش لەگەڵیان بڕۆ، ڤانیا هەروەها... ئیدی مەگەڕێوە: ئالیۆشا تا کاتژمێر هەشت لای من دەمێنێتەوە، دوای ئەوە دەبێت بڕوا، جا ئەوسا من بە تەنیا دەمێنمەوە. بەم پێیە تکات لێ دەکەم نزیکەی کاتژمێر نۆ وەرە بۆ لام!.

کە لە کاتژمێر نۆدا نێلیم (دوای ڕووداوی شکاندنی فنجانەکە) لەگەڵ ئالێکساندرا بە تەنیا جێهێشت و چووم بۆ ماڵی ناتاشا، سەیرم کرد بە تەنیایە و بێسەبرانە چاوەڕێی منە. ماورا سەماوەرەکەی بۆمان هێنا. ناتاشا چای بۆ تێکردم، لەسەر قەنەفەکە دانیشت و بە منی گوت لە تەنیشتی دابنیشم.

پاشان بە نیگایەکی مکووڕەوە (کە هەرگیز لە بیری ناکەم) لێم ورد بووەوە و گوتی: ((هەموو شتێك تەواو بوو. عەشقەکەمان، دوای شەش مانگ ئیدی بۆ هەمیشە کۆتایی پێهات.)) دواتر دەستی منی گرت و گوشیی. دەستی گەرم بوو. ڕامسپارد کە جلی گەرم لەبەر بکات و بچێ بخەوێت.

- باشە، هەر ئێستە، هاوڕێ باشەکەم. لێگەڕێ با کەمێك قسە بکەم، لەبارەی یادگارییەکانمەوە... ئێستە ئەژنۆم شکاوە... بەیانی کاتژمێر دە بۆ دواهەمین جار ئەو دەبینم... ‹‹بۆ دواهەمین جار!››

- ناتاشا، تۆ تات لێهاتووە، هەر ئێستە تووشی لەرزیش دێیت، ئەوەندە گوشار مەخە سەر خۆت.

**- چی؟ نیو کاتژمێرێك دەبێت كە چاوەڕێتم، ڤانیا، هەر لەو كاتەوەی كە ئالیۆشا ڕۆیشت، پێت وایە بیرم لە چی دەكردەوە، چ پرسیارێكم لە خۆم دەكرد؟ لە خۆمم دەپرسی ئایا هەر بەڕاستی خۆشم ویستووە یان نا، هەروەها ماهیەتی ئەم عەشقەمان چۆن بووە. بەلاتەوە سەیرە كە لەم ساتەدا ئەم پرسیارە لە خۆم دەكەم؟**

**- ئارامبەوە، ناتاشا...**

**- بڕوانە ڤانیا، دەركم بەوە كردووە كە خۆشەویستیی من بۆ ئەو، وەك خۆشەویستیی ئاسایی ژنێك نەبووە بەرانبەر بە پیاوێك. تا ڕادەیەك ئەوم وەك... وەك دایكێك خۆش ویستووە. پێم وایە هەرگیز دوو كەس بە شێوەیەكی یەكسان یەكدییان خۆش ناوێ. تۆ لەم بارەیەوە ڕات چۆنە؟**

**بە نیگەرانییەوە لێیم دەڕوانی، دەترسام تاكە بەتاوتر ببێت. وا دەردەكەوت كە كۆنترۆڵی خۆی لەدەست دابێت، پێویستی بە دوان و دەردەدڵكردن بوو، جار جار قسەی وێڵی دەكرد، هەندێك جاریش قسەی تەماوی. زۆر نیگەرانی بووم. درێژەی بە قسەكانی دا:**

**- ئەو هی من بوو، كەم تا زۆر هەر لە یەكەمین جارەوە كە بینیم، دەستبەجێ لە خۆمدا هەستم بەوە دەكرد كە من بە شێوەیەكی بەر پێنەگیراو پێویستیم بەوەیە كە ئەو«هی من»بێت، سەیری كەسی دی نەكات، لە من زیاتر بە هیچ كەسێكی دی ئاشنا نەبێت، تەنیا من... كاتژمێرێك لەمەوبەر كاتیا هەقی بوو كە دەیگوت بە جۆرێك ئەوی خۆشدەوێ كە وەك بڵێیت بەزەییی پێیدا دێتەوە... هەمیشە بە گڕوتینەوە ئارەزووم وابووە (ئەم بابەتە هەمیشە لە كاتی تەنیاییدا ئەشكەنجەی دەدام) كە ئەو بە تەواوی خۆشبەخت ببێت. هەرگیز نەمتوانیوە بە ئاسوودەیی لە ڕووخساری بڕوانم (تۆ دەزانیت باری ڕووخساری چۆنە)! هیچ كەسێكی دی باری ڕووخساری ئاوها نییە و وەختێكیش كە پێدەكەنی، هەستم دەكرد لاشەم سارد دەبێتەوە، لەرزم لێ دەنیشت... بەڕاستمە!**

**- ناتاشا، گوێبگرە...**

**قسەی پێ بڕیم و گوتی: ((بەڵێ، تۆ دەتگوت كوڕێكی بێ كەسێتییە و ئەقڵ و هۆشی گەشەی نەكردووە و لەگەڵ منداڵێكدا جیاوازیی نییە. باشە، من ئەم تایبەتمەندییەم لە هەموو شتێكی دیكەی ئەو بەلاوە خۆشەویستتر بوو... باوەڕ دەكەیت؟ هەڵبەتە لەوە دڵنیا نیم كە هەر بەتەنیا حەزم لەم تایبەتمەندییەی بووبێت: بە شێوەیەكی گشتی ئەوم خۆشدەویست، زۆر بە سادەیی، بە هەموو باشی و خراپیەكانییەوە، بە هەموو كەم و كوڕی و جوانییەكانییەوە، گەر لەگەڵ ئەوانی دیكەدا جیاوازییەكی ئەوتۆی نەبووبا، گەر تایبەتمەندییەكانی وەك هی ئەوانی دی بووبا و وەك پێویست ژیری و زیرەكییەكی هەبا، ئەوا بۆی هەبوو بەم ڕادەیە خۆشم نەویستبا. دەمەوێ شتێكت لا بدركێنم، ڤانیا، بیرت دێت كە سێ مانگ لەمەوبەر، وەختێك كە بۆ لای ئەم... ناوی چی بوو؟ *منیا*یە چووبوو، جا پاشان ببووە دەمەقڕەمان... من بەم مەسەلەیەم دەزانی، ڕامسپاردبوو كە ئەوم بۆ بخەنە ژێر چاودێری و ئازارێكی زۆرم**

دەچەشت، بەس لە هەمان کاتدا هەستێکی دڵپەسەندم هەبوو... نازانم بۆچی... تەنیا لەبەر ئەوەی بە بیرم دادەهات کە ئەو خەریکی ڕابواردنە... یان نا، لەبەر ڕابواردن نەبوو، لەبەر ئەوەی کە دوای کچان کەوتووە، هەروەك پیاوێکی کامڵ، وەك پیاوە کامڵەکانی دیکە! جا چ چێژێکم لە دەمەقاڵەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە وەرگرت... پاشانیش لە لێبووردنی... ئاە، خۆشەویستەکەم!))

لە من وڕ ما و بزەیەکی هەژێنەری هاتێ. پاشان فکر و خەیاڵ بردییەوە، پێدەچوو دیسان خەریکی زیندووکردنەوەی یادگارییەکانی بێت. تا ماوەیەکی زۆر بە لێوی خەندانەوە لە فکردا ڕۆچوو و بێدەنگ بوو. پاشان دووبارە گوتی:

- شەیدای دواندنی ئەو بووم. دەزانیت: وەختێك کە جێی دەهێشتم، بە ژوورەکەدا پیاسەم دەکرد، دەکەوتمە نێو جیهانێکی دیکەوە، دەگریام و هاوکاتیش هەندێك جار بە خۆمم دەگوت: ((هەتا زیاتر خراپەم بەرانبەر بکات باشترە...)) بەڵێ، هەمیشە حسێبی کوڕیژگەیەکم بۆ ئەو دەکرد: وەختێك دادەنیشتم، سەری دەخستە سەر ئەژنۆم، هەر لە هەمان باردا خەو دەیبردەوە و منیش دەستم بە قژیدا دەهێنا و دەملاواندەوە... هەمیشە ئەو کاتانەی کە لەلام نەبوو، ئەم دیمەنەم دەهێنایە بەرچاوی خۆم... بەڕاست ڤانیا، ئەم کاتیایە چەندە شۆخ و جوانخاسە!

پێدەچوو دەسئەنقەست خوێ بە برینەکەیدا بکات، چونکە هەستی دەکرد کە پێویستە نائومێد ببێت، ڕەنج بکێشێ... ئەم دۆخە بەزۆری لە کاتێکدا تووشی مرۆڤ دێت کە ئازیزێکی لەدەست دابێت و بە سەختی ئازاری پێ گەیشتبێت. دیسان درێژەی بە قسەکانی دا:

- من باوەڕم وایە کە کاتیا خۆشبەختی دەکات، کچێکی خاوەن کەسیەتییە، بەجۆرێك دەدوێت کە وەك بڵێیت هیچ گومانێکی لەو قسانەدا نەبێ کە دەیانکات، زۆر بە جددی و ویقارەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەکات و هەمیشە باسی پرسگەلێکی هۆشمەندانەی بۆ دەکات، وەك بڵێیت بەرانبەرەکەی کەسێکی کامڵ و تێگەیشتوو بێت، کەچی ئەو تەنیا منداڵێکە و بەس! ئەم کچە زۆر دڵنشینە! ئاە! خودا بکات خۆشبەخت بن! ئارەزوومە، ئارەزوومە خۆشبەخت بن!

لەناکاو فرمێسکی بە چاودا هاتە خوار و بەدەم هەنسکدانەوە دەستی بە گریان کرد. بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێك نە توانیی خۆی کۆنترۆڵ بکات و نە ئارامیش بگرێت.

ناتاشا، فریشتەکەی من! لەو شەوە بەدواوە، وێڕای ئەو خەفەتەی کە هەیبوو، توانیی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانمدا دەستبارییەکم بدات، منیش وەختێك کە بینینم کەمێك ئارام بووەتەوە و لە خەفەتخواردن ماندوو بووە، بۆ ئەوەی سەرگەرمی بکەم، بەسەرهاتەکەی نێلیم بۆ گێڕایەوە... ئەو شەوە درەنگانێك ئەوانم بەجێهێشت، چاوەڕێ مام هەتا خەو بردییەوە و کاتی ڕۆیشتنیش داوام لە ماورا کرد ئاگاداری خانمە نەخۆشەکەی بێت.

که گەیشتمە ماڵێ، بە خۆمم گوت: ((خوا بکات هەرچۆنێك بووە، ئەم ئازار و چەرمەسەرییانە دواییان پێ بێت، تەنیا بەو مەرجەی کە تا زووە ئیدی ئەم مەسەلەیە کۆتاییی پێ بێت و ببڕێتەوە.))

بۆ بەیانییەکەی، ڕێك کاتژمێر نۆ لە ماڵی ناتاشا بووم. ئالیۆشاش هاوکات لەگەڵ من گەیشتە ئەوێ... هاتبوو هەتا ماڵئاوایی لە ناتاشا بکات. سەبارەت بەم دیمەنە هیچ قسەیەك ناکەم، نامەوێت دیسان زیندووی بکەمەوە. ناتاشا بێگومان بەڵێنی دابوو کە بەسەر خۆیدا زاڵ بێت، شاد و بێخەم دەینواند. بەس سەرکەوتوو نەبوو. باوەشێکی تاسەمەندانەی بە ئالیۆشادا کرد. قسەی کەمی لەگەڵ کرد، بەس تا ماوەیەکی زۆر بە مکووڕییەوە لێی ڕاما، نیگای پەرێشان و ئازاراوی بوو. بە چلێسییەوە یەك بە یەکی قسەکانی ئالیۆشای هەڵدەلووشین و هاوکاتیش پێدەچوو کە لە هیچ کامیان تێنەگات. بیرم دێت کە ئالیۆشا سەبارەت بە هەموو ئەو کارانەی کە کردبوونی و ببوونە مایەی ئازاردانی ناتاشا، هەر لە خیانەتەکانییەوە هەتا دەگاتە سەر پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کاتیا و جیابوونەوەی لە ئەو، داوای لێبووردنی لێ دەکرد... قسەی بێ سەروبەری دەکرد، گریان ڕێگەی دوانی پێ نەدەدا، جا پاشان لە ناکاوێکدا دەستی بە دڵدانەوەی ناتاشا دەکرد، پێی دەگوت تەنیا یەك مانگ یان یەك حەفتە لەو جیا دەبێتەوە، سەرەتای هاوین دەگەڕێتەوە، لەگەڵ یەك زەماوەند دەکەن، باوکی قایل دەبێت، جا هەر سبەینێش لە مۆسکۆوە دەگەڕێتەوە، چوار ڕۆژ پێکەوە دەبن و تەنیا یەك ڕۆژ لە یەکدی دادەبڕێن...

سەیر لەوەدابوو کە هیچ گومانێکی لە ڕاستیی قسەکانیدا نەبوو و دەیگوت بێ دوودڵی بەیانی دەگەڕێتەوە... کەواتە بۆچی ئەوەندە دەگریا و خۆی ئازار دەدا؟

دواجار زەنگی کاتژمێر یازدە لێیدا. بە زەحمەت توانیم ڕازیی بکەم تا ئەوێ بەجێبهێڵێ: شەمەندەفەری مۆسکۆ دەمەو نیوەڕۆ بەڕێ دەکەوت. تەنیا یەك کاتژمێری لەبەردەمدا مابوو. دواتر ناتاشا بە منی گوت کە دواهەمین نیگای ئەو ساتی ماڵئاواییەی بیر نایێتەوە. لەبەر دەرگە خاچی بۆ کێشا، ماچی کرد و جا لە بارێکدا کە بە هەردوو دەستی ڕووخساری شاردبووەوە، بە هەڵەداوان گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی. من ناچار بووم کە ئالیۆشا هەتا لای گالیسکەکەی ببەم، گەرنا بێگومان دەگەڕایەوە و ئیدی نەیدەتوانی لە پلیکانەکان بێتە خوارێ.

لەگەڵ چوونە خوارەوەدا بە منی گوت: ((هەموو هیوایەکم بە تۆیە، ڤانیا، هاوڕێکەم. من بەرانبەر بە تۆ خەتابارم و شیاوی هاوڕێیەتیت نیم، بەس تا کۆتایی بۆ ئەو وەك برایەك وابە: خۆشت بوێ و پشتی تێمەکە، لە نامەگەلێکی تێر و تەسەلدا، هەموو شتێکم بۆ بنووسە، بە هەموو وردەکارییەکەوە. بێگومان دووسبەی دەگەڕێمەوە! بەس هەرکە لێرە دەرچووم، نامەم بۆ بنووسە.))

لە گالیسکەکە دامنیشاند.

کە گالیسکەکە بەڕێکەوت، هاواری کرد: تا دووسبەی، بێگومان!

وەختی سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا، ئیدی تاقەتم لیٚ بڕابوو. ناتاشا دەست لەسەر سنگ لە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕاوەستابوو و بە سیمایەکی دڕدۆنگەوە لیٚمی دەڕوانی، دەتگوت نامناسیٚتەوە. قژە شەمزاوەکانی بەسەر شانەکانیدا پەخش ببوون. نیگای ویٚڵ و پەریٚشان بوو. ماوراش ناڕەحەتانە لەبەر دەرگەکە ڕاوەستابوو و بە ترسیٚکی زۆرەوە لەوی دەڕوانی.

کتوپڕ چاوەکانی ناتاشا کەوتنە درەوشانەوە. بە دەنگیٚکی بەرز گوتی:

- ئاە، ئەوە خۆتیت. ئیٚستە بیٚ لە تۆ هیچ کەسیٚکم بۆ نەماوەتەوە. تۆ ڕقت لەو بوو، تۆ لەبەر ئەو خۆشەویستییەی کە من بۆ ئەوم هەبوو، هەرگیز چاوت بەڕوویدا هەڵنەدەهات... ئیٚستەش دیسان هاتوویەتەوە بۆ لای من. باشە هاتوویت هەتا ‹‹دڵنەوایی››م بکەیت، هانم بدەیت هەتا بگەڕیٚمەوە بۆ لای دایك و بابم کە حاشایان لیٚکردووم. هەر دوێنیٚ پیٚشبینیی ئەمەم کرد، دوو مانگە ئاگاداری ئەم بابەتەم... نامەویٚ، نامەویٚ! منیش حاشا لەوان دەکەم... بڕۆ، کویٚربم و تۆ نەبینم! بڕۆ، بڕۆ...

زانیم کە لە دۆخیٚکی خراپی وەك وڕیٚنەکردن دایە و بینینی من زیاتر ئازاری دەدات: هەر دەبوو وابیٚت و بەو ئەنجامە گەیشتم کە وا باشە لەبەر چاوی نەمیٚنم. چوومە دەریٚ و لەسەر یەکەمین پلیکان دانیشتم و چاوەڕیٚ مام. جار جاریٚك هەڵدەستام، دەرگەکەم دەکردەوە، ماورام بانگ دەکرد و حاڵی خانمەکەیم لیٚ دەپرسی: ماورا دەگریا.

نیو کاتژمیٚر بەم جۆرە ڕابرد. ناتوانم باسی ڕادەی دڵگرانیی ئەم ماوەیەم بکەم. خەفەتباربووم و ڕەنجیٚکی زۆرم دەکیٚشا. لە پڕ دەرگە کرایەوە و ناتاشا کڵاو بەسەر و کۆڵوانە لە کۆڵ بەرەو پلیکانەکان فرکەی کرد. پیٚدەچوو هۆشی لەسەر خۆی نەبیٚت، دواتر پیٚی گوتم کە لەو ساتەدا خۆیشی نەیزانیوە نیازی چیی هەبووە و ویستوویەتی بەرەو کویٚ بچیٚت.

دەرفەتی ئەوەم نەبوو خیٚرا هەستم و خۆم لە جیٚیەکدا بشارمەوە، کتوپڕ چاوی پیٚم کەوت و بەبیٚ جووڵە ڕوو بە ڕووم ڕاوەستا، دەتگوت برووسکەی بەرکەوتووە. ماوەیەك دوای ئەو ڕووداوە پیٚمی گوت: ((هەر ئەوەندەم بیردیٚت کە تۆم دەرکردبوو، براکەم، نەجاتدەرەکەم و هاوڕیٚ گیانی بە گیانییەکەمم تاراندبوو، وای کە مرۆڤیٚکی چەندە بیٚئاوەز و دڵڕەق بووم. کە سەیرم کرد بە ناڕەحەتی و دڵگرانییەوە لەسەر پلیکانەکان دانیشتوویت و چاوەڕیٚیت هەتا بانگت بکەم، خوایە گیان، گەر بزانیت ڤانیا، کە تووشی چ باریٚك بووم. لەو ساتەدا دەتگوت دڵم قاژ دەکەن...))

هاواری کرد: ((ڤانیا، ڤانیا، تۆ لیٚرەیت...)) جا دەستەکانی بەرەو لام دریٚژ کردن و خۆی هاویشتە باوەشم.

نەمهیٚشت بچیٚتە دەریٚ و بردمەوە بۆ ژوورەکەی. هۆشی لەسەر خۆی نەبوو. بە خۆمم گوت ئیٚستە دەبیٚت چی بکەم؟ بیٚگومان تووشی تایەکی توند دەبیٚت.

بڕیارمدا خێرا ڕابکەم و دکتۆر ئاگادار بکەمەوە: دەبوو هەتا زووە بەر بە نەخۆشییەکەی بگرین. هێشتا دەرفەت هەبوو، دکتۆرە ئەڵمانییەکە هەتا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لە ماڵێ دەمایەوە. دوای ئەوەی کە تکام لە ماورا کرد کە تەنانەت بۆ یەک خولەک، یەک ساتیش لێی بێئاگا نەبێت و ڕێگە نەدات لە ماڵ بچێتە دەرێ، بەرەو ماڵی دکتۆر ڕامکرد. خوداوەند بە هانامەوە هات: گەر کەمێك دێرتر بگەیشتبامە ئەوێ، ئەوا چاوم بە هاوڕێ بەتەمەنەکەم نەدەکەوت. گەیشتبووە سەر کۆڵانەکە و تەمای شوێنێکی هەبوو، منیش ڕێك لەو ساتەدا تووشی هاتم. یەکسەر سواری ئەو گالیسکەیەم کرد کە پێی هاتبووم و بەر لەوەی بزانێت مەسەلە چییە، خۆمان بە ماڵی ناتاشادا کرد.

بەڵێ، خوداوەند بەهانامەوە هات.

لە وەختی پێواریم پێشهاتێك ڕووی دابوو کە ئەگەر من و دکتۆر لە کاتی خۆیدا نەگەیشتباینە جێ، ئەوا بۆی هەبوو ناتاشا گیانی لەدەست بدات. نزیکەی چارەکە کاتژمێرێك دوای ڕۆیشتنی من، شازادە دوای بەڕێکردنی گەشتیارەکان، لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە یەکڕاست هاتبووە ماڵی ناتاشا. بێگومان لەمێژە بەرنامەڕێژیی بۆ ئەم دیدارە کردبوو. دواتر ناتاشا بۆی گێڕامەوە کە سەرەتا تەنانەت بە بینینی ئەو سەرسامیش نەبووە. بە منی گوت فکرم زۆر پەرتەوازە بوو.

شازادە بە سیمایەکی دڵسۆزانە و هاودڵانەوە لە بەرانبەری دادەنیشێت. پاشان ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێت:

- کچی ئازیزم، دەرك بە خەم و خەفەتتان دەکەم، دەزانم لەم ساتەدا چ ئازارێك دەچێژن، هەر لەبەر ئەوە، من بە ئەرکی خۆمم زانی کە سەرێکتان لێ بدەم. گەر دەتوانن، لە ڕێی ئەو فکرەوەیەوە سووکنایی بە خۆتان ببەخشن کە بە دەستبەرداربوونی ئالیۆشا، ڕێخۆشکەریتان بۆ خۆشبەختیی ئەو کردووە. بەس ئێوە خۆتان لە من زیاتر ئاگاداری ئەم بابەتەن، چونکە هەر خۆتان بڕیاری هەنگاوێکی ئەوەندە لەخۆبردووانەتان دا...

ناتاشا بە منی گوت: ((دانیشتبووم و گوێم بۆ قسەکانی گرتبوو، بەس سەرەتا لێیان حاڵی نەدەبووم. وەلێ ئەوەم لەبیرە کە چاوی لەسەر من هەڵنەدەگرت. دەستمی گرت و گوشیی. وای دەنواند کە خەمخۆری منە. من فکر و هۆشم ئەوەندە شپرزە بوو کە تەنانەت هەوڵم نەدا دەستم لە دەستیدا دەربهێنم.)) جا پاشان درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئێوە باش دەرکتان بەوە کرد کە ئەگەر ببنە ژنی ئالیۆشا، ئەوا دوای ماوەیەك دڵی لێتان سارد دەبێتەوە، ئێوە سەر بە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و حورمەتدارن، هەر لەبەر ئەوەشە کە بڕیارێکی لەم جۆرەتان داوە... بەس من بۆ ئەوە نەهاتوومە ئێرە هەتا بە شان و باڵتاندا هەڵبڵێم. تەنیا ویستم بزانن تا ئێستە هیچ دۆستێکتان نەبووە کە لە من باشتر بێت و هەروەها ناشتان بێت. دەرك بە غەمی ئێوە دەکەم و بەزەییم پێتاندا دێتەوە. من بە نابەدڵی و بە ناچاری دەستم لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا هەبووە، وەلێ... ئەرکی خۆمم ئەنجام داوە. بەس دڵە گەورەکەتان دەرکی بەم بابەتە کردووە و لێم دەبوورێ... من لە ئێوە زیاتر ئازارم کێشاوە، بڕوا بکەن.

ناتاشا دەڵێت: ((بەسە شازادە، وازم لێ بهێنن!))

شازادە وەڵام دەداتەوە: ((هەڵبەتە، هەر ئێستە دەڕۆم، بەس من وەك كچی خۆم لێتان دەڕوانم و مۆڵەت بدەن كە جار جار سەرێكتان لێ بدەم. لەمەودوا حسێبی باوكی خۆتانم بۆ بكەن، منیش بەش بە حاڵی خۆم هەتا پێم بكرێ یارمەتیتان دەدەم...))

ناتاشا دووبارە قسەی پێ دەبڕێ و دەڵێت: ((من پێویستم بە هیچ شتێك نییە، وازم لێ بهێنن.))

- دەزانم، ئێوە لووتبەرزن... من دۆستانە و لە ناخی دڵەوە قسەتان بۆ دەكەم. ئێستە بەتەمای چین؟ لەگەڵ دایك و باوكتان ئاشت دەبنەوە؟ كارێكی زۆر باش دەكەن، بەس باوكتان بێویژدانانە هەڵسوكەوتتان لەگەڵ دەكات، هەڵەشە و لەخۆباییە، لێم ببوورن كە ئەم قسەیە دەكەم، بەس ئەوە ڕاستییە. لەمەودوا لە ماڵی باوانتاندا بێ لە لۆمە و ئازاركێشان ئیدی هیچ شتێكی دیكەتان بە نسیب نابێت... بۆیە ئیدی پێویستە بەجیا بژین. جا ئەركی من، ئەركی پیرۆزی من ئەوەیە كە یارمەتیتان بدەم و بەدەمتانەوە بم. ئالیۆشا داوای لێ كردووم نەهێڵم بەتەنیا بن و یارمەتیتان بدەم و بێ لە من كەسانێكی دیكەش هەن كە لە ناوەخەوە بەرانبەر بە ئێوە وەفادارن. هیوادارم مۆڵەت بدەن كە كۆنت ‹‹ن›› تان پێ بناسێنم... ئەو خاوەن دڵێكی پاكە، كەس و كاری ئێمەیە، تەنانەت دەتوانم بڵێم چاكەخواز و یارمەتیدەری هەموو بنەماڵەكەیە، چاكەیەكی زۆری بەرانبەر بە ئالیۆشا كردووە. ئالیۆشاش ئەوی خۆشدەوێت و ڕێزی لێ دەگرێت. پیاوێكی ئێجگار بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتووە، ڕاستە كە ئێستە كەسێكی بەتەمەنە، بەس هێشتا بەشی ئەوەی بە بەرەوە ماوە كە كچێكی لاوی وەك ئێوە بە باوەشی كراوەوە پێشوازیی لێ بكات... پێشتر سەبارەت بە ئێوە قسەم لەگەڵ كردووە. ئەو دەتوانێت دەستتان بگرێ و یارمەتیتان بدات بۆ ئەوەی بچیتە ماڵی خۆتان... ئەو خانوێكی ڕازاوەتان لەنزیك ماڵی یەكێك لە خزمەكانیەوە بۆ دابین دەكات. من دەمێكە ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ باسكردووە، ئەو كە خاوەن هەستێكی شەریفانەیە، ئەم بابەتە هێندە كاری تێكرد و ورووژاندی كە بەخۆی داوای لێكردم هەرچی زووتر بە ئێوەی بناسێنم... ئەو بە شێوەیەكی تایبەت هۆگری شتە جوانەكانە، باوەڕ بە قسەكانم بكەن، پیرەمێردێكی بەخشندە و بەڕێزە و باش دەزانێت قەدری كەسانی شایستە بگرێت، هەر لەم دواییانەش، لە مەسەلەیەكدا چاكەیەكی گەورەی بەرانبەر بە باوكتان نواندووە.

ناتاشا وەك ئەوەی كە مار گەستبێتی بەرزەپا ڕاست دەبێتەوە. ئێستە كە لە هەموو شتێك تێگەیشتووە، هاوار دەكات:

- وازم لێ بهێنن و خێرا لێرە بڕۆن.

- بەس كچی خۆم، ئێوە ئەوە نازانن كە لە ڕێگەی كۆنتەوە باوكیشتان سوودمەند دەبێت...

ناتاشا دیسان بە هاوارەوە دەڵێت: ((باوکم هیچ شتێکی ئێوەی ناوێت، بڕۆن بەلای ئیشی خۆتانەوە و وازم لێ بهێنن.))

- ئاه، خودای من، ئێوە چەندە پشووکورت و بەدبینن.

پاشان بە جۆرێك لە نیگەرانییەوە سەیرێکی دەوروبەری دەکات و دەڵێ: ((من شایەنی وەها ڕەفتارێك نیم))، دوای ئەوە سەفتە ئەسکەناسێکی گەورە لە گیرفانی دەردەهێنێ و لەسەری دەڕوات: ((بەهەرحاڵ، هیوادارم مۆڵەتم پێ بدەن کە وەك نیشانەی ڕێز و خۆشەویستیی من و بە تایبەت ڕێز و خۆشەویستیی کۆنت «ن»، ئەم سەفتە ئەسکەناسەتان پێشکەش بکەم. ئەو ڕایسپاردووم کە ئەم کارە بکەم. ئەم سەفتە ئەسکەناسە دە هەزار ڕۆبڵ لەخۆ دەگرێت.)) وەختێك دەبینێ ناتاشا هەڵچووە و بە سیمایەکی پڕ لە ڕق و قینەوە هەستاوەتە سەرپێ، دەڵێت: ((سەبرتان هەبێت، پشوودرێژ بن و تا کۆتا گوێ بۆ قسەکانم بگرن: خۆ دەزانن کە باوکتان لە دادگاییەکەدا دۆڕاوە: ئەم دە هەزار ڕۆبڵە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی ئەو لە...))

ناتاشا هاوار دەکات: ((بڕۆنە دەرێ، لێرە بڕۆن و پارەکەشتان لەگەڵ خۆتان ببەن! ئێستە سەلماندتان کە مرۆڤێکی چەپەڵ، چەپەڵ، چەپەڵن!))

شازادە بە ڕەنگی پەڕیو و بە ڕقێکی لە ڕادەبەدەرەوە هەڵدەستێت.

بێگومان بۆ ئەوە هاتبوو هەتا هەڵسەنگاندنێك بۆ دۆخەکە بکات، هەروەها ویستوویەتی ئەوەش بزانێ کە داخۆ ئەم دە هەزار ڕۆبڵە چ کاریگەرییەکی لەسەر ناتاشا دەبێت کە لەم دۆخەدا هەمووان پشتیان تێکردووە و هیچ پارەیەکی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ڕۆژانەی نییە... کۆنت پیرەمێردێکی هەرزە و داوێن پیس بوو و ئەم کابرا کەموکورتەش، چەندان جار لەم جۆرە خزمەتانەی بۆ ئەونجام دابوو. بەس لەبەر ئەوەی ڕقی لە ناتاشا بووە و سەیر دەکات دۆخەکە بەو جۆرە نەچووەتە پێش کە ئەو حەزی لێ بووە، دەمودەست شێوازی قسەکردنەکەی دەگۆڕێت و بە شادییەکی ئازاردەرانەوە هەوڵ دەدات زیاتر ناتاشا بریندار بکات«تا لایەنی کەم بە دەستی خاڵی نەگەڕێتەوە».

شازادە بۆ ئەوەی گورزێك لە ناتاشا بوەشێنێت، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت: ((باش نییە بەم جۆرە خۆتان تووڕە بکەن، کچەکەم. بە هیچ شێوەیەك باش نییە. من پێشنیارتان بۆ دەکەم و دەمەوێت یارمەتیتان بدەم، بەس ئێوە لووتتان بەرز دەکەنەوە... پێدەچێت نەزانن کە پێویستە سوپاسگوزاری من بن، من زۆر لەمێژە دەمتوانی وەك باوکی لاوێکی جلف و هەرزە کە فریوی ئێوەی خواردووە، بە گرتنتان بدەم و بتانخەمە بەندیخانەی کچانی لاڕێ... هە! هە! هە!))

بەس هەر لەو ساتەدا من و دکتۆر گەیشتینە ماڵی ناتاشا و جا لەبەر ئەوەی لە موبەقەکەوە دەنگیم بیست، بە دکتۆرم گوت تاوێك لەوێ ڕابوەستێ تا گوێ بۆ دواهەمین ڕستەی شازادە ڕادێرم. پاشان لەگەڵ پێکەنینی وەڕزکەری شازادەدا، هاوکات هاواری نائومێدانەی ناتاشا بەرز بووەوە کە گوتی: (( ئاە! خوایە گیان! )) جا ئەوسا من دەرگەی ژوورەکەم کردەوە و پەلاماری شازادەم دا.

بە هەموو هێزی خۆمەوە زللەیەکم تێ سرەواند و تفێکم لێ کرد. ویستی دەستم لێ بکاتەوە، بەس هەرکە سەیری کرد دوو کەسین، دوای هەڵگرتنەوەی ئەسکەناسەکانی سەر مێزەکە، یەکسەر بۆی دەرچوو. بەڵێ، من بە چاوی خۆم ئەم دیمەنەی ئەوم بینی. بە تیرۆکێکەوە کە لەسەر مێزی موبەقەکە هەڵم گرت، دوای کەوتم... وەختێك کە گەڕامەوە ژووری، سەیر دەکەم ناتاشا تووشی نۆبەی دەماری بووە و دەیەوێت لە دەست دکتۆر ڕا بکات، ئەویش ناتاشای گرتووە و دەیەوێت ئارامی بکاتەوە. ماوەیەکی زۆری خایاند هەتا هێورمان کردەوە، دواجار توانیمان لەسەر تەختەخەوەکەی درێژی بکەین و بیخەوێنین، خەریکی وڕێنەکردن بوو.

بە ترسێکی لە ڕادەبەدەرەوە لە دکتۆرم پرسی: (( دکتۆر چییەتی؟ ))

دکتۆر وەڵامی دامەوە: (( پەلە مەکەن، جارێ دەبێت تا ماوەیەك لەژێر چاودێریمدا بێت و بیر بکەمەوە... بەس حاڵی باش نییە. تەنانەت بۆی هەیە تووشی پەشێویی زەینیش ببێت... بەس بەهەرحاڵ، بەپێی توانا هەوڵ دەدەین بەر بە نەخۆشییەکەی بگرین. ))

لەو ساتەدا فکرێکی دی یەخەی پێگرتم. داوام لە دکتۆر کرد بۆ ماوەی دوو یان سێ کاتژمێرێکی دی لای ناتاشا بمێنێتەوە و بەڵێنم بداتێ کە بۆ یەك ساتیش جێی نەهێڵێت. بەڵێنی دامێ و منیش یەکسەر ڕامکرد بەرەو ماڵێ.

نێلی بە بێتاقەتی و پەرێشانییەوە سووچێکی لێ گرتبوو، بە نیگایەکی هەژێنەرەوە لێم ورد دەبووەوە. بێگومان ڕەنگە بەخۆشم لەو ساتەدا سیمایەکی سەیرم هەبووبێت.

دەستەکانیم گرتن، لەسەر قەنەفەکە و لەنزیك خۆمەوە دامنیشاند و بە میهرەبانییەوە ماچم کرد. بە تەواوی سوور هەڵگەڕا.

- نێلی، فریشتەی من، حەزدەکەیت نەجاتمان بدەیت، ئامادەیت فریای هەموومان بکەویت؟

بە دوودڵییەوە چاوی تێبڕیم.

- نێلی هەموو هیوایەکمان بە تۆیە. باوکێك هەیە، تۆ ئەوت دیوە و دەیناسیت، ئەو حاشای لە کچەکەی کردووە، دوێنێ هاتە ئێرە و داوای لە تۆ کرد کە جێگەی کچەکەی، جێگەی ناتاشای بۆ پڕبکەیتەوە ( پێشتر بە منت گوتبوو کە خۆشت دەوێت ) ئەو کوڕەش کە ناتاشا عاشقی بوو و لەبەر ئەو دایك و باوکی خۆی بەجێهێشت، ئێستە ئەویش

وازی له ناتاشا هێناوه. ئەو کوڕەی که کچی پیرەمێردەکه عاشقی بوو، کوڕی هەمان ئەو شازادەیەیه که شەوێکیان هات بۆ ئێره، بیرت دێت؟ تۆ تەنیا بوویت و ڕات کردبوو هەتا ئیدی چاوت بەو نەکەوێت، دواتریش نەخۆش کەوتیت و ... ئەو دەناسیت! مرۆڤێکی ناڕەسەنە!

نێلی ڕاچەنی و سوور هەڵگەڕا. پاشان گوتی: دەزانم.

- بەڵێ، پیاوێکی شەیتان سیفەتە. ڕقی له ناتاشایه، چونکه کوڕەکەی، ئالیۆشا بەتەما بووه لەگەڵ ئەو زەماوەند بکات. ئەمڕۆ ئالیۆشا چووە بۆ سەفەر و کاتژمێرێك دوای ئەوەش باوکی یەکسەر دەچێت بۆ لای ناتاشا، سووکایەتی پێ کردووه و هەڕەشەی ئەوەشی لێ کردووه که له گرتووخانەی کچانی لاڕێی توند دەکات. ناتاشاش حسێبی بۆ قسەکانی نەکردووه. تێم دەگەیت نێلی؟

چاوه ڕەشەکانی بریقەیان لێوه هات، بەس دەمودەست چاوی له زەوی بڕی. پاشان به دەنگێکی کەم تا زۆر هەست پێنەکراوەوه گوتی: بەڵێ، تێدەگەم.

- ئێستە ناتاشا تەنیا و نەخۆشه، ئەوم سپاردە دەستی دکتۆرەکەی خۆمان و خێرا بۆ لای تۆ هاتم. گوێبگرە، نێلی، با پێکەوه بچین بۆ لای باوکی ناتاشا، تۆ خۆشت ناوێت و ناتەوێ لای ئەوان بمێنیتەوە، بەس ئێمە پێکەوه دەچین بۆ ماڵیان. که چووینه ژوورێ، من بەوان دەڵێم ئێستە تۆ هاتوویت و بەوە قایلیت که جێگەی ناتاشایان بۆ پڕ بکەیتەوە. پیرەمێردەکه نەخۆشه، ئاخر خەفەت لەوە دەخوات که پشتی له ناتاشا کردووه و لەم دواییانەشدا شازادە سووکایەتییەکی زۆری بەو کردووه. هەنووکه حەز ناکات یەك وشە لەبارەی کچەکەیەوە ببیستێت، بەس خۆشی دەوێت. زۆریشی خۆشدەوێت، له دڵدا پێی خۆشه لەگەڵی ئاشت ببێتەوە، من باش دەرك بەوە دەکەم. بێ چەند و چوون!... تێدەگەیت چی دەڵێم، نێلی؟

هەر به هەمان دەنگی هێواشەوە گوتی: بەڵێ.

لەو وەختەی که ئەم قسانەم بۆ دەکرد فرمێسکم له چاو دەباری. جار جار سەیرێکی کەمڕوانەی دەکردم.

- باوەڕت بەوە هەیه که پێم گوتیت؟

- بەڵێ.

- کەواتە دەچین بۆ لای ئەوان، به سۆز و خۆشەویستییەوە بەدەمتەوە دێن و هەندێك پرسیارت لێ دەکەن. من باسەکه به لایەکدا دەبەم که ئەوان سەبارەت به ڕابردووت، دایکت، باپیرەت پرسیارت لێ بکەن. تۆش وەك چۆن هەموو شتێکت بۆ من گێڕایەوە، بۆ ئەوانیشی بگێڕەرەوە. زۆر به ئاسایی باسی هەموو شتێك بکه و هیچ مەشارەوە. پێیان بڵێ که چۆن پیاوێکی بەدگەوهەر پشتی کردە دایکت، چۆن چۆنی دایکت له ژێرزەمینی ماڵی بۆبنۆڤا گیانی له

دەستدا، چۆن بەخۆت و دایکت بە کۆڵانەکاندا وێڵ بوونە و سواڵتان کردووە، هەموو ئەو قسانەی کە پێتی گوتوون و ئەو وەسیەتانەش کە لەکاتی گیانکەنشتدا بۆتی کردوون، هەر هەموویان بۆ بگێڕەوە. هەروەها باسی باپیرەش بکە. پێیان بڵێ کە باپیرەت هەر سەری نەهێناوەتە ڕاستە و دایکتی نەبیەخشیوە، دایکیشت تۆی ناردووە بۆ لای هەتا داوای لێ بکەیت بێتە ژوور سەری و لەو دواهەمین ساتەدا لێی ببوورێت، بەس باپیرەت ئەمەی پەسەند نەکردووە و دایکیشت بە حاشالێکراوی مردووە. هەموو شتێکیان بۆ بگێڕەوە، لەو ماوەیەدا کە تۆ بە باسکردنی ئەم شتانەوە خەریك دەبیت، پیرەمێردەکەش دڵی نەرم دەبێت و ڕای دەگۆڕێت. چونکە دەزانێ کە ئالیۆشا ئەمڕۆ وازی لە کچەکەی هێناوە و ئەویش بە سووك و ڕسواکراوی، بەبێ یارمەتیدەرێك، بێ پشت و پەنایەك لەبەردەم هەڕەشەی سووکایەتی پێکردنی دژمنەکەیدا تەنیا ماوەتەوە. ئەو تەواوی ئەمشتانە دەزانێت، نێلی... فریای ناتاشا بکەوە! وەرە، ڕازی دەبیت؟

هاتە وەلام: ((بەڵێ.)) بە دژواری هەناسەی دەدا، نیگایەکی توند و پشکنەرانەی گرتە من، شتێکی وەك سەرزەنشی تێدا دەخوێندرایەوە و من لە قووڵایی بوونمدا هەستم بەوە کرد.

بەس تازە من نەمدەتوانی لەو بڕیارە پاشگەز ببمەوە. بڕوایەکی زۆرم پێی هەبوو. دەستی نێلیم گرت و پێکەوە وەدەرکەوتین. کاتژمێر نزیکەی دووی دوای نیوەڕۆ بوو. ئاسمان سامالْ بوو. لەم دواییانەدا هەوا گەرم و بەتین بوو، لەدوورەوە دەنگی گرمەی یەکەمین هەورەگرمەکانی بەهار دەهاتە گوێ. گێجەڵووکە تۆز و خۆڵی کۆڵانەکانی بە ئاسماندا دەبرد.

سواری گالیسکەکە بووین. نێلی بە درێژاییی ڕێگەکە بێدەنگ بوو. جاروبار بەو نیگا سەیر و مەتەڵ ئامێزەیەوە چاوی لێ دەکردم. سنگی بە توندی سەر و خواری دەکرد و جا لەبەر ئەوەی ئەوم بەخۆمەوە دەگوشی و دەستی لەنێو دەستم بوو، دەتگوت دڵی لە سنگیدا جێگەی نابێتەوە و دەیەوێت دەربپەڕێت.

ڕێگەکە درێژ ببووەوە و بێکۆتا دەهاتە بەرچاو. دواجار گەیشتینە جێ و من بە دڵێکی پڕ خورپەوە خۆم بەماڵی دایك و باوکی ناتاشادا کرد. نەمدەزانی داخۆ بە چ ئەنجامێك دەگەم و چۆن ئەو ماڵە بەجێدەهێڵم، بەس هەر ئەوەندەم دەزانی کە دەبێت هەتا پیرەمێردەکە بەوە ڕازی نەکەم کە لە ناتاشا ببوورێ و لەگەڵی ئاشت ببێتەوە، ئەوا ئەو ماڵە جێنەهێڵم.

کاتژمێر ببووە چوار و ژن و مێردەکە وەك هەمیشە تەنیا بوون. نیکۆلای نەخۆش و ژاکاو بوو. بێتاقەت و ڕەنگپەڕیو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و پەڕۆیەکیشی لە سەری پێچابوو. ئانا لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو و جار جاریش بە پارچە پەڕۆیەك کە لە سرکەدا خوساندبووی، لاجانگەکانی ئەوی تەڕ دەکردن و هەیتا هەیتاش بە سیمایەکی ڕەنجاو و پرسیارئامێزەوە چاوی لێ دەبڕی، کە پێدەچوو بەم کارەی پیرەمێردەکە زیاتر ناڕەحەت بکات. بە کەللە ڕەقییەوە نقەی لە خۆی بڕی بوو و ئاناش زاتی نەدەکرد ئەو بێدەنگییە بشکێنێت. بە دەرکەوتنی چاوەڕواننەکراوی ئێمە، هەردووکیان حەپەسان. ئانا کە منی لەگەڵ نێلی بینی ترسی لێنیشت و سەرەتا بە چەشنێك لێمانی دەڕوانی کە وەك بڵێت تووشی خەتایەك بووبێت.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەمدا گوتم: ((ئەوە نێلیەکەمم بۆ هێناون. بەباشی بیری لێ کردووەتەوە و خۆی بڕیاری داوە بێت بۆ لاتان. باوەشی بۆ بکەنەوە و خۆشتان بوێت...))

پیرەمێردەکە بە بەدگومانییەوە سەیرێکی کردم، بەم نیگایەیدا وا دەردەکەوت کە هەموو شتێك دەزانێت، دەزانێت کە ئێستە ناتاشا تەنیا ماوەتەوە، پشتگوێ خراوە و ڕەنگە سووکایەتیشیان پێ کردبێت. زۆری حەز لێبوو دەرك بە نهێنیی هاتنمان بکات و هەردووکیان بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە لە ئێمەیان دەڕوانی. نێلی لە ترساندا دەستمی دەگوشی و چاوی لە زەوی بڕی بوو. تەنیا جار جار بە ترس و لەرزەوە، وەك ئاژەڵێکی بچکۆلە کە کەوتبێتە تەڵەوە، سەیرێکی دەوروبەری دەکرد. بەس ئانا زۆر زوو هاتەوە سەر خۆی و بەپیر نێلییەوە هات، ئەوی ماچ کرد و لاواندییەوە، تەنانەت دایە پرمەی گریان و بێ ئەوەی دەستی بەربدات، بە جووڵەیەکی میهرەبانانە ئەوی لە تەنیشت خۆیەوە دانیشاند. نێلی بە لاچاو و بە نیگایەکی کونجکۆڵانەی تێکەڵ بە سەرسامییەوە چاوی لەو بڕی بوو. بەس وەختێك ئانا ئەم کارەی کرد و بە لاواندنەوەوە نێلیی لە تەك خۆیەوە دانیشاند، جا لەبەر ئەوەی نەیدەزانی ئیدی دەبێت چی بکات، بە نیگایەکی سادەدڵانە و پڕ لە چاوەڕوانییەوە سەیرێکی منی کرد. نیکۆلای دەم

و لووتی بەیەکدا دا، تا ڕادەیەك سۆسەی ئەوەی دەکرد کە من بۆچی نێلیم هێناوە بۆ ماڵیان. وەختێك کە زانیی سەر و سیما ناڕازی و پڕ لە بەدگومانییەکەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە، دەستی خستە سەر سەری و لە پڕ بە منی گوت:

- سەرم ژان دەکات، ڤانیا.

بە بێدەنگی دانیشتبووین و منیش نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێبکەم. ژوورەکە نیوە تاریك بوو، کەڵەکە هەوری ڕەش ئاسمانیان دا پۆشیبوو و دووبارە لە دوورەوە دەنگی هەورەگرمە دەهات.

نیکۆلای گوتی: ((ئەم ساڵ هەورەگرمە و برووسکەکان زووتر لە ساڵانی پێشوو دەستیان پێکردووە. بەس بیرم دێت لە ساڵی ١٨٣٧، زووتر لە ئێستەش دەستیان پێکردبوو.))

ئانا ئاهێکی هەڵکێشا و بە کەمڕووییەوە پێشنیاری کرد: ((پێتان چۆنە سەماوەرەکە دابگیرسێنم؟)) بەس هیچ کەسێك وەڵامی نەدایەوە و ئەویش ڕووی لە نێلی کرد و پرسیی:

- ناوت چییە، کچۆڵەکەم؟

نێلی بە دەنگێکی نزم ناوی خۆی پێ گوت و دیسان چاوی لە زەوی بڕییەوە. پیرەمێردەکە بە نیگایەکی جێگیر لێی ورد دەبووەوە.

پاشان بە بارێکی ورووژاوانەوە گوتی: ((ناوی ڕاستەقینەت ئێلنایە، وانییە؟))

نێلی بە بەڵێ وەڵامی دایەوە و دیسان بێدەنگی هەموو لایەکی گرتەوە.

نیکۆلای دیسان گوتی: ((منیش کچە پلکێکم هەبوو کە ناوی ئێلنا بوو. بە نێلیش بانگیان دەکرد. باش لەبیرمە.))

ئانا دووبارە پرسیی: ((باشە، کچۆڵەکەم، یانی تۆ نە باوك، نە دایك و نە هیچ کەسێکی دیکەشت نییە، ئەرێ؟))

نێلی بە دەنگێکی هەراسان و بە شێوەیەکی خێرا وەڵامی دایەوە: ((ڕاستە.))

- منیش هەر وام بیستووە. دایکت لەمێژە ئەمری خوای کردووە؟

- نا، ماوەیەکی زۆر نییە.

ئانا لە بارێکدا کە بە سۆز و بەزەییەوە لێی دەڕوانی، بە دووپات کردنەوەوە گوتی: ((کچە داماوەکەم، کچە داماوەکەم.))

نیکۆلای جێی بەخۆی نەدەگرت و بە پەنجەکانی تەپڵی بە مێزەکە لێدەدا.

ئانا درێژەی بە پرسیارە شەرمنانەکانی دا و پرسیی: ((دایکت بیانی بووە؟ ئێوە واتان نەگوت، نیکۆلای؟))

نێلی بە چاوە ڕەشەکانی، وەك بڵێیت داوای یارمەتیم لێ بکات، بە دزییەوە سەیرێکی کردم. هەناسەی قورس و ناهاوسەنگ بوو.

من گوتم: ((دایکی، باوکێکی ئینگلیز و دایکێکی ڕووسیی هەبوو، بەم پێیە زیاتر ڕووسی بووە، بەس نێلی لە دەرەوەی وڵات هاتووەتە دونیاوە.))

- یانی دایك و باوکی پێکەوە چوونەتە دەرەوەی وڵات؟

نێلی تەواو سوور هەڵگەڕا. ئانا دەمودەست تێگەیشت کە پەنێکی داوە و لە حەیبەت نیگای تووڕەی مێردەکەیدا هەڵلەرزی. نیکۆلای سەیرێکی سەرزەنش ئامێزی ئەوی کرد و بەرەو پەنجەرەکە ڕووی وەرگێڕا.

بەس پاشان لەناکاو ڕووی لە ژنەکەی کردەوە و گوتی: ((دایکی فریوی پیاوێکی نارەسەن و چەپەڵی خواردووە. کچەی داماو ماڵی باوانی جێدەهێڵێت و پارەکەی باوکی لە مشتی ماشووقەکەی دەنێ، ئەو پیاوە بە فێڵ و تەڵەکە پارەکە زەوت دەکات، ئەو دەباتە دەرەوەی وڵات و دوای دزینی پارەکەش لەوێ بەرەڵای دەکات. پاشان پیاوێکی ڕەسەن پەیدا دەبێت و تا مردن لەگەڵ ژنەی بێچارەدا دەمێنێتەوە. وەختێك کە ئەو پیاوە دوو ساڵ لەمەوبەر دەمرێت، ژنە دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی.)) پاشان ڕووی لە من کرد و بە شێوەیەکی توندوتیژانە گوتی: ((تۆ بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەت بۆ گێڕامەوە، ڤانیا، وانییە؟))

نێلی بەوپەڕی پەشۆکانەوە هەستا و بەرەو لای دەرگەی ژوورەکە ڕۆیشت.

نیکۆلای دواجار دەستی بەرەو لای نێلی درێژ کرد و گوتی: ((وەرە ئێرە، نێلی. لەلای من دابنیشە، ئێرە!)) پاشان بەسەریدا چەمییەوە، بە هێمنی تەوێڵیی ماچ کرد و دەستێکی بەسەریدا هێنا. نێلی هەڵلەرزی... بەس خۆی کۆنترۆڵ کرد. ئانا ئێجگار سەرسام ببوو، بە نیگایەکی لێوڕێژ لە هیوایەکی درەوشاوەوە، چاوی لە مێردەکەی بڕی.

نیکۆلای کە هەروا دەستی بەسەری نێلیدا دەهێنا و جار جاریش بە نیگایەکی تووڕەوە لە ئێمەی دەڕوانی، گوتی: ((دەزانم نێلی، کە ئەم پیاوە چەپەڵ و شەیتان سیفەتە بووە مایەی فەوتانی دایکت و هەروەها ئەوەش دەزانم کە دایکت خۆشەویستییەکی زۆری بۆ باوکی هەبووە و ڕێزی لێ گرتووە.))

دوای گوتنی ئەم قسانە، گۆنا ڕەنگپەڕیوەکانی کەمێك سووربوونەوە و هاوکات خۆی لە سەیرکردنی ئێمە بەدوور دەگرت.

نێلی بە شەرم و هاوکات بە شێوەیەکی کاریگەر، لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی دەدا سەیری هیچ کەسێك نەکات، گوتی: ((دایکم ئەوی زۆر خۆشدەویست، زۆر زیاتر لەو خۆشەویستییەی کە ئەو بۆ کچەی هەیبوو.))

نیکۆلای بە شێوازێکی زبر، کە هەر دەتگوت منداڵێکە، لە بارێکدا کە ئیدی نەیدەتوانی بەر بە تووڕەبوونی خۆی بگرێت و لە هەمان کاتیشدا لەبەر پشوو کورتییەکەی تەریق دەبووەوە، پرسیی: ((تۆ چووزانیت؟))

نێلیش بە شێوەیەکی ڕەق وەڵامی دایەوە: ((دەزانم، چونکە باوەشی بۆ دایکم نەکردەوە و... ئەوی تەرە کرد.))

نیکۆلای بەتەما بوو شتێك بڵێ، بۆ نموونە پیرەمێردەکە چەند هۆکار و پاساوێکی جددیی بۆ لەخۆنەگرتنەوەی کچەکەی هەبووە، بەس دوای ئەوەی سەیرێکی ئێمەی کرد، بێدەنگ بوو.

ئانا کە بە پێداگرییەوە دەیویست گفتوگۆکە بەم ئاڕاستەیەدا بڕوا و درێژە بکێشێ، لەناکاو پرسیی: ((ئەی دوای ئەوەی کە باپیرەت باوەشی بۆ نەکردنەوە، ئێوە ڕووتان لە کوێ کرد، لە کوێ دەژیان؟))

نێلی هاتە وەڵام: ((کە لە دەرەوە گەڕاینەوە، ماوەیەکی زۆر لە دووی باپیرەم گەڕاین، بەس نەماندۆزییەوە. جا هەر لەو کاتانەدا دایکم پێی گوتم کە باپیرەم لە ڕابردوودا زۆر دەوڵەمەند بووە و نیازی کردنەوەی کارخانەیەکی هەبووە، بەس هەنووکە زۆر کەمدەستە، چونکە ئەو پیاوەی کە دایە لەگەڵیدا ڕایکردووە، هەموو پارەکانی باپیرەی زەوت کردن و دواتریش نەیداونەتەوە. خۆی ئەمەی پێ گوتم.))

نیکۆلای سەرێکی لەقاند و گوتی: ئم!

نێلی کە زیاتر لە جاری پێشوو ورووژابوو و دەیویست لەگەڵ ئەوەی کە قسە بۆ ئانا بکات، هاوکاتیش وەڵامی نیکۆلای بداتەوە، درێژەی پێ دا: ((هەروەها دایکم گوتی کە باپیرە زۆر لێی تووڕەیە، خۆی تاوانبارە و ئێستەش بێجگە لە باوکی هیچ کەسێکی دیی لەم دونیایەدا نییە. دایە لەگەڵ کردنی ئەم قسانەدا فرمێسکی دەڕشت. بەرلەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئێرە، بە منی گوت: ‹‹باوکم نامبەخشێت، بەس لەوانەیە ئەو کاتەی کە چاوی بە تۆ دەکەوێت، بچیتە دڵییەوە و خۆشتی بوێت، جا هەر لەبەر تۆ منیش ببەخشێت.›› دایە زۆری خۆشدەویستم، کە ئەم قسانەی دەکرد، بەردەوام ماچمی دەکرد و دەیلاواندمەوە، زۆریش لەو ساتە دەترسا کە چاوی بە باپیرە دەکەوێ. منی فێرکرد دوعای بۆ بکەم و خۆیشی دوعای بۆ دەکرد. هەروەها دەشیگوت کە بەر لەو ڕووداوە، وەختێك کە لەگەڵ ئەو ژیاوە، باپیرە ئەمی زۆر خۆش ویستووە، زیاتر لە هەموو کەسێکی نێو ئەم دونیایە. دایکم پیانۆی بۆ ژەنیوە و باپیرەشم ئەوی ماچ کردووە و چەندان دیاریی بۆ هێناوە... بەس جارێکیشیان لە ڕۆژی لەدایك بوونی دایەدا، لێك تووڕە دەبن و دەبێتە دەمەدەمێیان، چونکە باپیرەم وا بیر دەکاتەوە کە دایکم نازانێت ئەو بەتەمایە چ دیارییەکی بداتێ، کەچی دایکم دەمێك لەوەوبەر ئەوەی زانیوە. دایکم جووتێك گوارەی ویستووە و باپیرەیشم وای نیشانداوە کە گەردانەی بۆ کڕیوە. وەختێکیش کە باپیرە گوارەکان دەداتە دایکم و تێدەگات کە ئەو زانیویەتی چ دیارییەکی بۆ

هێناوه، له ڕقاندا هار دەبێت و نیوەی ئەو ڕۆژە قسەی لەگەڵ ناکات. بەس پاشان خۆی دەچێت بۆ لای، ئەو ماچ دەکات و داوای لێبووردنی لێ دەکات...))

نێلی چووبووه دونیای باسەکەی خۆیەوە و گۆنا ڕەنگپەڕیوەکانی گوڵڕەنگ ببوون. دیاربوو دایکی زۆربەی کات باسی ڕۆژە خۆش و پڕ له شادییەکانی ڕابردووی خۆی بۆ کردووە. له سووچێکی ژێر زەمینەکەدا کزی کردووە، کچەکەی گرتووەتە باوەش و ماچی کردووە (تەنیا دڵخۆشییەك بۆی مابووەوە) و جا بێئاگا لەوەی کە ئەم باسانە ئاسەوارێکی خراپ لەسەر دڵی هەستیار و نزارانەی کچۆڵەکە بەجێ دەهێڵن، هەر خەریکی باسکردنی ئەو ڕۆژانەبووە و نەیزانیوە کە ئەو لە چاو تەمەنی خۆی زۆر فامیدەترە.

بەس نێلی کتوپڕ له قسەکردن وەستا، پێدەچوو گەڕابێتەوە سەر باری ئاساییی خۆی و بە نیگایەکی پڕ له گومان و دوودڵییەوە سەیرێکی چواردەوری کرد. نیکۆلای چرچێکی خستە تەوێڵیەوە و هەر بە هەمان شێوە بە پەنجەکانی تەپڵی بە مێزەکە لێدەدا، لە هەمان کاتدا دڵۆپە فرمێسکێك له گۆشەی چاوی ئانادا وەدیارکەوت کە بێدەنگانە بە دەسماڵەکەی خەریکی سڕینی بوو.

نێلی بە دەنگێکی گیراو درێژەی پێ دا: ((وەختێك کە تازە هاتبووینەوە بۆ ئێرە، دایە زۆر نەخۆش بوو. ماوەیەکی زۆر له دوی باپیرە گەڕاین، بەس بۆمان نەدۆزرایەوە: له جێیەکی تەریك و ژێرزەمینندا ژوورێکمان بە کرێ گرت.))

ئانا بە پەژارەوە گوتی: ((جێیەکی پڕ لە دەرد و نەخۆشی، هەروەکو خۆی.))

نێلی وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، دایە هیچ پارەیەکی نەبوو.)) بە گوتنی ئەم قسەیە خرۆشا و درێژەی پێ دا: ((بە منی دەگوت هەژاری شوورەیی نییە، بەس کەسانی دەوڵەمەند سووکایەتی بە کەمدەستان دەکەن و... خوایش سزایان دەدات.))

نیکۆلای لە بارێکدا کە ڕووی لە من بوو و هەوڵی دەدا سیمایەکی خەمساردانەی هەبێت پرسیی: ((لە ڤاسیلی ئۆستڕۆف، لە ماڵی بۆبنۆڤا دەژیان؟)) ئەم پرسیارەی بە جۆرێك کرد کە وەك بڵێیت لە بێدەنگی بێزار بووبێت.

نێلی وەڵامی دایەوە: ((نا سەرەتا لە کۆڵانی بۆرژوا نیشتەجێ بووین، شوێنێکی تاریك و هەناسەگر بوو. دایە حاڵی تەواو تێکچوو، بەس هەر توانای جووڵانی هەبوو. من جلەکانیم دەشوشت و ئەویش هەر خەریکی گریان بوو. بێوەژنێك کە مێردەکەی ئەفسەرێکی کۆچکردوو بوو و هەروەها کارمەندێکیش کە دایمە بە سەرخۆشی دەهاتەوە ماڵێ، لەگەڵ ئێمە دەژیان. کارمەندەکە هەمیشە دەیکردە دەنگ و هەرا و ئێمەی دەترساند. من زۆری لێ دەترسام. دایە دەیبردمە نوێنەکەی خۆیەوە و لە باوەشیدا منی بەخۆوە دەگوشی، ئەویش لە ترساندا هەڵدەلەرزی، کارمەندی دەوڵەت گوێی بەم شتانە نەدەدا هەر خەریکی قیڕ و هوڕ بوو. ڕۆژێکیان بەتەما بوو لەو بێوەژنە بدات کە زۆر پیر بوو

و به گۆچان ڕێی دەکرد. دایکم دڵی پێی سووتا و بەرگریی لێ کرد، جا ئەوسا کەوتە سەر و گوێلاکی دایکم و منیش یەکسەر بەگژیدا چووم.))

نێلی لە قسەکردن وەستا. ئەم یادەوەرییە شڵەژاندبووی و چاوەکانی بریقانەوە.

ئانا کە چووبووە دونیای ئەم بەسەرهاتانەوە، بۆ ساتێکیش چاوی لە نێلی لانەدەدا و نێلیش ڕووی دەمی لەو بوو، جا بە بیستنی ئەم قسانە هاواری لێ هەستا و گوتی: ((ئاه، خوایە گیان!))

نێلی درێژەی پێ دا: ((دایە دوای ئەو ڕووداوە، ئیدی ئەو ماڵەی بەجێهێشت و منیشی لەگەڵ خۆی برد. بەیانی بوو کە ئەم پێشهاتە ڕوویدا. ئیدی ئێمە هەتا شەو بەو کۆڵانانەدا وێڵ بووین، دایە دەستمی گرتبوو و بەردەوام دەگریا. من زۆر هیلاك بووم و بە درێژاییی ڕۆژ هیچم نەخواردبوو. دایە بەردەوام لەبەرخۆوە قسەی دەکرد و هەیتا هەیتا بە منیشی دەگوت: «نێلی، بە هەژاری بمێنەرەوە، گەر منیش مردم، شوێن قسەی هیچ کەسێك نەکەویت، نەچیتە ماڵی هیچ کەسێك، بە تەنیا بمێنەرەوە، هەژاربە و بۆخۆت کار بکە، گەر کاریشت دەست نەکەوت، ئەوا سواڵ بکە، بەس هەرگیز سەر بە ماڵی"ئەوانی دی"دا نەکەیت.» بەنێو کۆڵاندا ڕادەبوردین و هەوا تاریك ببوو، دایە لە پڕ هاواری کرد: «ئازۆرکار! ئازۆرکار!» جا سەگێکی گەورە کە تۆزێك تووکی پێوە مابوو، بەرەو ڕووی ڕایکرد و خۆی فڕێدایە باوەشی. دایە ڕەنگی پەڕی، دیسان هاواری کردەوە و لەبەردەم پیرەمێردێکی باڵابەرزی گۆچان بەدەست کە چاوی لە زەوی بڕی بوو و ڕێی دەکرد، کەوتە سەر ئەژنۆ. پیرەمێردەکە باپیرەم بوو. زۆر لاواز بوو و جلێکی پەڕپووتی لەبەر بوو. یەکەمین جارم بوو چاوم پێی بکەوێ. ڕووخساری بێڕەنگ و بێزار دیار بوو، ئەویش سەرەتا حەپەسا، بەس وەختێك کە بینیی دایکم لەبەردەمیدا ئەژنۆی داداوە و باوەشی بە پێیەکانیدا کردووە، خێرا چووە لایەکەوە، ئەوی لە خۆی دوورخستەوە و بە تەقە تەقی گۆچانەکەیەوە بەپەلە دوور کەوتەوە. ئازۆرکار مایەوە و بە قروسکە قروسك سیمای دایکمی دەلێسایەوە، پاشان بەرەو لای باپیرەم ڕای کرد، جا قەپی بە داوێنی کەواکەیدا کرد و ئەوی بەرەو دوا ڕاکێشا، بەس پیرەمێردەکە ئەوی دایە بەر گۆچان. ئازۆرکار جارێکی دی بە قروسکە قروسك هاتەوە بۆ لامان، بەس باپیرەم بانگی کرد و ئەویش بە ناچاری و هەروەها بە قروسکەوە شوێنی کەوت. دایکم هەر بە هەمان شێوە ئەژنۆی لەسەر زەوی دادابوو و بەو حاڵەوە مابووەوە، دەتگوت مردووە، خەڵکی لە دەورمان کۆببوونەوە و لەو کاتەشدا پۆلیسەکان دەرکەوتن. من دەگریام و هەوڵم دەدا دایکم لەسەر زەوییەکە هەڵبستێنمەوە. دواجار هەستایەوە، سەیرێکی دەوروبەری کرد و لەگەڵ من بەڕێ کەوت. من ئەوم گەڕاندەوە بۆ ماڵێ. خەڵکەکە تا ماوەیەکی زۆر، لە بارێکدا کە سەریان با دەدا، هەر چاویان لە دوومان بوو...)).

نێلی بێدەنگ بوو تا هەناسەیەك هەڵبکێشێ و بێتەوە سەرخۆی. ڕەنگی پەڕی بوو، بەس لە نیگایدا بڕیارێکی بنجبڕانە دەخوێندرایەوە. دیاربوو کە دواجار بڕیاری داوە «هەموو شتێك» باس بکات. لەو دۆخەدا تەنانەت بارێکی دنەدراوانەی پێوە دەبینرا.

نیکۆلای بە سیمایەکی مۆن و دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: ((دایکت دڵی باپیرەتی ئێشاندبوو و بەم پێیە ئەویش ناهەقی نەبوو پشتی تێبکات.))

نێلی بە شێوازێکی ڕەق گوتی: ((قسەی دایکم ئەمە بوو. لە وەختی گەڕانەوەدا بە منی گوت: «ئەوە باپیرەت بوو، نێلی. من تاوانم بەرانبەر بەو کردووە، ئەو منی لەخۆی بێبەری کردووە و خوداوەندیش هەر لەبەر ئەو هۆیە سزام دەدات.» تەواوی ئەو شەوە و ڕۆژانی دواتریش، ئەو بەردەوام ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە. بەجۆرێك قسەی دەکرد کە دەتگوت ئەقڵی لەدەست داوە.))

نیکۆلای هەروا بێدەنگ بوو.

ئانا کە بە بێدەنگییەوە دەگریا، پرسیی: ((هەر ئەو وەختە بارتان کرد؟))

- دایکم ئەو شەوە نەخۆش بوو، بێوەژنەکە بڕیاریدا بار بکات و بچێت بۆ ماڵی بۆبنۆڤا، ئێمەش بۆ دووبەیانی کەوتینە گەلی و چووین بۆ ئەوێ، کە گەیشتینە جێ، دایە پەکی کەوت و سێ حەفتە لە جێگەدا کەوت: من ئاگاداریی ئەوم دەکرد. ئیدی هیچ پارەیەکمان پێ نەمابوو، بێوەژنەکە و ئیڤان ئالێکساندریچ یارمەتیمانیان دەدا.

من وەك ڕوونکردنەوە گوتم: ((مەبەستی کابرای تابووتسازە.))

- کە دایە کەمێك باش بووەوە و توانیی لە جێگەکەی هەستێتەوە، باسی ئازۆرکاری بۆ کردم.

نێلی بێدەنگ بوو، نیکۆلایش لەبەر ئەوەی باسەکە هاتبووە سەر ئازۆرکار، خۆشحاڵ دیار بوو. جا پاشان وەك ئەوەی بیەوێت بە تەواوی سیمای خۆی لە ئێمە بشارێتەوە، زیاتر بەسەر کورسییەکەیدا چەمییەوە و پاشان گوتی: ((دایکت چیی لەبارەی ئازۆرکارەوە دەگوت؟))

نێلی گوتی: ((ئەو بەردەوام باسی ئەوی بۆ دەکردم و تەنانەت لەو کاتەشدا کە نەخۆش بوو و وڕێنەی دەکرد، هەموو قسەکانی هەر لەسەر ئەو بوون. کە حاڵی باشتر بوو، باسی ئەوەی بۆ کردم کە لە ڕابردوودا ژیانی چۆن بووە... جا دواتر باسی ئازۆرکاری بۆ کردم: ڕۆژێکیان کە لە هاوینەهەوار دەبێت، سەیر دەکات کۆمەڵە منداڵێك تەنافێکیان لە ملی ئازۆرکار ناوە و دەیانەوێ بیخەنە نێو ڕووبارەوە، جا ئەویش بڕە پارەیەکیان دەداتێ و ئاژەڵەکە ئازاد دەکات. باپیرە وەختێك چاوی بە ئازۆرکار دەکەوێت، پێکەنین دەیگرێ و دەست بە قاقا لێدان دەکات، بەس لەو کاتەدا ئازۆرکار هەڵدێت. دایەش دەست دەکاتە گریان، باپیرەش ترسی لێ دەنیشێ و دەڵێت هەر کەسێك ئازۆرکار بدۆزێتەوە ئەوا سەد ڕۆبڵی دەدرێتێ، ئەو دەدۆزنەوە و باپیرەش وەك پاداشت سەد ڕۆبڵ دەداتە کابرا و ئیدی لەوەودوا خوو بە ئازۆرکارەوە دەگرێت. دایە هێندەی خۆشویستووە کە تەنانەت لەگەڵ خۆیدا خەواندوویەتی. بۆی گێڕامەوە کە ئازۆرکار لە ڕابردوودا لەگەڵ تاقمێك شانۆگەری گەڕۆکدا کۆڵانە و کۆڵانی کردووە، زانیویەتی لەسەر

دوو پێ ڕابوەستێت، بە مەیموونێکی سەر پشتییەوە بسووڕێتەوە، بە تفەنگ ڕاهێنان بکات و چەندان کاری دی... جا ئەو کاتەی کە دایە باپیرەم جێدەهێڵێ، باپیرە ئازۆرکار لای خۆی گل دەداتەوە و دایمە لەگەڵ ئەو بە کۆڵانەکاندا دەسووڕێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەو وەختەی دایکم چاوی بە ئازۆرکار کەوت، دەمودەست وای گومان برد کە باپیرەشم لەو ناوەیە...))

نیکۆلای بە ئاشکرا هیوادار بوو بە هاتنە ئارای باسی ئازۆرکار، قسە و باسەکە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا بڕوات. ناوچاوی مۆنییەکی زیاتری پێوە دەبینرا و ئیدی هیچ پرسیارێکی نەکرد.

ئانا پرسیی: ((لەوەودوا ئیدی چاوت بە باپیرەت نەکەوتەوە؟))

- وەختێك دایە حاڵی باشتر بوو، جارێکی دی چاوم پێی کەوتەوە... ڕۆیشتبووم بۆ نان کڕین: لەناکاو پیاوێکم لەگەڵ ئازۆرکاردا بینی، سەیریم کرد و باپیرەمم ناسییەوە. خۆم لادا و بە دیوارەکەوە نووسام هەتا ئەو ڕاببووری. باپیرە تا ماوەیەکی زۆر چاوی لە من بڕی، هێندە ترسناك بوو کە من زیرەم کرد، پاشان ڕابوورد. ئازۆرکار منی ناسییەوە و بە دەورمدا دەستی کردە هەڵبەز و دابەز و لێسانەوەی دەستەکانم. من یەکسەر بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتم و وەختی ڕۆیشتن، ئاوڕێکم دایەوە و بینیم کە باپیرە خۆی بە نانەواکەدا کرد. ئەوجا بەخۆمم گوت گەر بمێنمەوە بێگومان هەندێك پرسیارم لێ دەکات: لەبەر ئەوە ترسام و وەختێك کە گەڕامەوە ماڵێ، هیچ شتێکم بە دایە نەگوت، ترسی ئەوەم هەبوو دیسان نەخۆش بکەوێتەوە. بەیانییەکەی نەچووم بۆ نانەوا، گوتم سەرم ژاندەکات. کە دوو ڕۆژ دواتریش چوومەوە بۆ ئەوێ، ئەوم نەدیت، بەس هێندە ترسابووم کە بە هەموو توانای خۆمەوە ڕامدەکرد. بەس بەیانییەکەی کە لەسەر کۆڵانەکە بامداوە، یەکسەر چاوم بەو کەوت و ئازۆرکاریش لەبەردەممدا ڕاوەستابوو. ڕامکرد، بە کۆڵانێکدا سووڕامەوە و لە دەرگەیەکی دیکەوە خۆم بە نانەواکەدا کرد، بەس دووبارە تووشی هاتمەوە و هێندە ترسابووم کە لەجێی خۆم وشك بووم و نەمتوانی جووڵە بکەم. باپیرە وەك جارەکەی دی، تا ماوەیەکی زۆر چاوی تێبڕیم. پاشان دەستێکی بە سەرمدا هێنا، دەستمی گرت و لەگەڵ خۆیدا بردمی، ئازۆرکاریش بە کلکە لەقێوە دوامان کەوتبوو. لەو کاتەدا زانیم کە باپیرە بەباشی ناتوانێت لەسەر پێیەکانی ڕابوەستێ، بە یارمەتی گۆچانەکەی خۆی ڕادەگرت و دەستەکانی دەلەرزین. منی بردە لای فرۆشیارێکی گەڕۆك کە لە کۆڵانەکەدا شیرینیی وشك و سێوی دەفرۆشت. سێوێك، مژمژیەك و دوو چۆرەکی بۆ کڕیم کە یەکێکیان شێوەی ماسی و ئەوی دیکەشیان هی کەڵەشێری هەبوو، کە کیفەکەی کردەوە هەتا پارە دەربهێنێت، دەستەکانی بە چەشنێك دەلەرزین کە سکەیەکی پێنج کۆپیکیی لە دەست کەوتە خوار. من بۆم هەڵگرتەوە و دامە دەستی، سکەکە و شیرینییە وشکەکانی پێدام، دەستی بە قژمدا هێنا و هەر بە هەمان شێوە بێ ئەوەی یەك قسەش بکات، بەرەو ماڵ بەڕێ کەوت.

ئەوجا من گەڕامەوە بۆ ماڵێ و هەموو شتێکم بۆ دایکم گێڕایەوە و گوتم کە یەکەم جار بە بینینی باپیرە ترسابووم و لە لایەکدا خۆم شاردبووەوە. دایە سەرەتا باوەڕی بە قسەکانم نەدەکرد، بەس پاشان هێندە دڵخۆش بوو کە تەواوی ئەو شەوە هەر پرسیاری لێ دەکردم، منی ماچ دەکرد و دەگریا، وەختێکیش کە هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە گوتی ئیدی نابێت لەو بترسم، چونکە ئەو منی خۆشدەوێت و بەتایبەت بۆ بینینی من سەردانی ئەوێی کردووە. دواتر پێمی گوت کە لەگەڵ باپیرە نەرم و نیان بم و قسەی لەگەڵ بکەم. بەیانییەکەی، گەرچی بەوم گوتبوو کە باپیرە لەو کاتانەدا نایێتە ئەوێ، بەس چەند جارێك بە بیانووی شت کڕینەوە منی نارده دەرێ. خۆیشی بەدوامدا دەهات و لە سووچێك خۆی دەشاردەوە. ئەو ڕۆژانە باران دەباری، دایەش سەرمای بوو و دیسان نەخۆش کەوتەوە.

باپیرە بۆ هەشت ڕۆژ دواتر دیسان سەروشکی دەرکەوتەوە، دیسان چۆرەك و مژمژەی بۆ کڕیمەوە، بەس هەر بە هەمان شێوە هیچ قسەیەکی نەدەکرد. وەختێك کە ڕۆیشت، بێدەنگانە کەوتمە پەیجۆری کردنی، چونکە پێشتر بە خۆمم گوتبوو کە شوێنی دەکەوم و دەبێت بزانم ماڵی لە کوێیە و پاشان بە دایکمی ڕادەگەیەنم. من لە پیادەڕێکەی بەرانبەرەوە دوای کەوتبووم بۆ ئەوەی نەمبینێت. ماڵەکەی لە شوێنێکی دوور بوو، نەك ئەو شوێنەی کە لە وەختی مردنی تێیدا نیشتەجێ بوو، لە کۆڵانی *پێڤا*، نهۆمی سێیەمی بینایەکی گەورە. درەنگ گەڕامەوە ماڵێ. دایە زۆر نیگەران ببوو، چونکە نەیدەزانی بۆ کوێ ڕۆیشتووم. بەس کە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە زۆر خۆشحاڵ بوو و بیرپاری دا سبەینێ دیدەنیی باپیرە بکات. وەلێ بۆ بەیانییەکەی ڕای گۆڕا، زاتی دیدەنی کردنی باپیرەی نەبوو و بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تەواو لە دوودڵی دابوو. دواجار منی بانگ کرد و گوتی: ((گوێبگرە نیلی، من ئێستاکە نەخۆشم و ناتوانم لە ماڵ بچمەدەر. بەس نامەیەکم بۆ باپیرەت نووسیوە، برۆ بۆ لای و نامەکەی بدەرێ. لە وەختی خوێندنەوەی نامەکەدا باش لە ڕووخساری وردببەوە و هەموو قسەکانیشی لەگوێ بگرە، جا پاشان لەبەردەمیدا بکەوە سەر ئەژنۆ، ماچی بکە و لێی بپاڕێوە کە بمبەخشێت...)) دایە منی ماچ کرد و فرمێسکی بە چاودا هاتە خوار. بەر لە ڕۆیشتنم خاچی بۆ کێشام، دوعای خوێند و داوای لێ کردم کە لەگەڵ ئەو، لەبەردەم کۆتەڵی پیرۆزدا بکەومە سەر ئەژنۆ و دواتریش سەرەڕای ئەوەی کە نەخۆش بوو، هەتا بەر دەرگەکە ڕایبیی کردم. وەختێك کە لام کردەوە و ڕوانیم، سەیر دەکەم هێشتا لەبەر دەرگەکەدا ڕاوەستاوە. کە گەیشتمە ماڵی باپیرە، دەرگەکەم کردەوە، شەوژەنەکەی دانەخستبوو. باپیرە لە بەردەم مێزەکە دانیشتبوو، نان و پەتاتەی ئامادەکراوی دەخوارد. ئازۆرکار لە تەنیشتییەوە وەرکەوتبوو. لە نانخواردنەکەی ئەوی دەڕوانی و کلکە لەقێی بوو. پەنجەرەکانی ئەم ئەپارتمانە بچووك بوون و کەشی ژوورەکەش نیوە تاریك بوو. هەموو ناوماڵەکەی بریتی بوو لە مێز و کورسییەك، بە تەنیا دەژیا. چوومە ژوورەوە. بە چەشنێك ترسا کە ڕەنگی پەڕی و لەرزی لێ نیشت. منیش ترسام و هیچم پێ نەگوترا. تەنیا چوومە لای مێزەکە و نامەکەی دایکمم خستە سەری. وەختێك باپیرە چاوی بە نامەکەی دایکم کەوت، هێندە تووڕە بوو کە یەکسەر هەستایەوە، دەستی دایە گۆچانەکەی و لێی بەرز کردمەوە، بەس پێیدا نەکێشام، منی بردە سەرسەراکە و

بەرەو دەرێ پاڵی پێوەنام. هێشتا چەند پلیکانێکم نەبڕیبوو کە دەرگەکەی کردەوە و نامە هەڵنەپچڕاوەکەی بەرەو لام فڕێدا، گەڕامەوە ماڵێ. هەموو شتێکم بۆ دایە گێڕایەوە. دایە دیسان کەوتەوە نێو جێگە...))

## ٨

کە قسەکانی نێلی گەیشتنە ئێرە، کتوپڕ شریخەی توندی هەورە تریشقە بەرز بووەوە و دڵۆپی درشتی باران بەر شیشەی پەنجەرەکان کەوتن، ژوورەکە نوقمی تاریکی بوو. نیکۆلای دەتگوت ترساوە و خاچێکی بەسەر سنگییەوە کێشا. هەموومان بێدەنگ بووین.

نیکۆلای سەیرێکی پەنجەرەکانی کرد و گوتی: ((هیچ نییە، بەم زووانە خۆش دەکاتەوە.))

پاشان لە جێگەکەی هەستا و بە ژوورەکەدا دەستی بە پیاسە کرد. نێلی بە نیگا ئەوی پەیجۆری دەکرد. تووشی پەرێشانییەکی نائاسایی ببوو. من ئاگام لەو حاڵەتەی بوو، بەس ئەو خۆی لە من نەدەگەیاند و سەیری نەدەکردم.

نیکۆلای دیسان لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە و پرسی: ((باشە، ئەی پاشان چی ڕوویدا؟))

نێلی بە هەراسانییەوە سەیرێکی چواردەوری کرد.

- ئیدی چاوت بە باپیرەت نەکەوتەوە؟

- با...

ئانا بە پاڵپشتی کردنەوە گوتی: درێژەی بدەرێ ئازیزم...

- بۆ ماوەی سێ حەفتەی تەواو، تا داهاتنی زستان، ئیدی چاوم پێی نەکەوتەوە. پاشان زستان داهات و بەفر دایکرد. وەختێك کە دیسان لە هەمان جێگە چاوم بە باپیرە کەوتەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم... چونکە دایە خەمی

ئەوەی بوو کە ئیدی دەرنەکەویتەوە. کە ئەوم بینی، دەسئەنقەست چوومە پیادەڕێکەی ئەوبەر هەتا بزانێت کە لێی ڕادەکەم. وەختێکیش لام کردەوە، سەیر دەکەم باپیرە هەنگاوەکانی خێرا کردوون هەتا پێم ڕابگاتەوە، پاشان کردیە ڕاکردن و هاواری کرد: ((نێلی، نێلی!)) ئازۆرکاریش بە ڕاکردن دوای کەوتبوو، دڵم پێی سووتا و ڕاوەستام، باپیرە پێم ڕاگەیشتەوە، دەستمی گرت و لەگەڵ خۆیدا بردمی، وەختێکیش کە دەنگی گریانمی بیست ڕاوەستا، لێمی ڕوانی، چەمییەوە و ماچی کردم، هەر لەو وەختەشدا زانیی کە پێڵاوەکانم کۆنە و دڕاون، لە منی پرسیی کە ئایا پێڵاوی دیکەم نییە؟ دەمودەست گوتم: دایە ئیدی هیچ پارەیەکی نەماوە و خاوەنماڵەکەش بەخێرا خۆی تیکە نانێکمان دەداتێ. باپیرە هیچی نەگوت، بەس منی برد بۆ بازاڕ، جووتێك پێڵاوی بۆ کڕیم و گوتی هەر لەوێ لە پێیان بکەم، پاشان منی برد بۆ ماڵەکەی خۆی کە لە کۆڵانی پێڤا دابوو. بەس بەر لەوەی بچینە ماڵێ، خۆی بە شیرینی فرۆشییەکدا کرد و کێکێك و دوو مژمژەی بۆ کڕیم، وەختێك کە چووینە ماڵەکەی، پێمی گوت کێکەکە بخۆم، لە ماوەی خواردنی کێکەکەدا، هەر سەیری دەممی دەکرد، جا پاشان مژمژەکانی پێدام. ئازۆرکار سەری هێنابووە سەر مێزەکە و داوای کێکی دەکرد. پارچەیەکم پێدا و باپیرەش دەستی بە پێکەنین کرد، پاشان منی لە تەنیشت خۆیەوە دانیشاند، دەستی بە سەرمدا هێنا و پرسیی: ئایا تا ئێستە فێری هیچیان کردووم، هیچ دەزانم؟

ئەوجا منیش پێم گوت کە چی دەزانم و چی نازانم، پاشان گوتی هەموو ڕۆژێك نزیکەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بچم بۆ ماڵی ئەو، هەتا وانەم پێ بڵێتەوە. دواتر ڕایسپاردم بچمە لای پەنجەرەکە، ڕووم وەربگێڕم و تا بەخۆی پێم نەڵێت لا نەکەمەوە. بە گوێم کرد، بەس بە هێواشی سەرم چەرخاند و سەیرم کرد لایەکی پشتییەکەی هەڵدڕیوە و چوار ڕۆبلی تێدا دەرهێنا.

پارەکەی پێدام و گوتی: ((ئەمانە تەنیا بۆ خۆتن.))

ویستم لێی وەربگرم، بەس کەمێك بیرم کردەوە و گوتم: ((گەر تەنیا بۆ خۆمن ئەوا نامەوێن.))

باپیرە کتوپڕ تووڕە بوو و گوتی: ((پارەکەت هەڵبگرە و بڕۆ.))

وەختی ڕۆیشتنیش ئیدی ماچی نەکردم. کە گەیشتمەوە ماڵێ، هەموو شتێکم بۆ دایە گێڕایەوە، بەس ئەو سات دوای سات حاڵی خراپتر دەبوو. خوێندکارێکی زانکۆ کە سەردانی ماڵی تابووتسازە دراوسێکەمانی دەکرد، بە دایکم ڕادەگەیشت و دەرمانی دەرخوارد دەدا.

دایە ڕایسپاردبووم کە بەردەوام سەردانی باپیرە بکەم. باپیرە کتێبێکی ئینجیل و دانەیەکی جوگرافیاشی کڕیبوو، لەسەر ئەو کتێبانە وانەی پێ دەگوتمەوە. فێری دەکردم کە ئەم سەرزەوییە چەند کیشوەری تێدایە، چ جۆرە مرۆڤانێکیان تێدا دەژین، ناوی دەریاکانی فێر دەکردم و دەیگوت کە لە ساڵانی کۆندا لەوێ چی ڕووی داوە، پاشان مەسیح چۆن لە هەموو گوناحەکانی ئێمە خۆشبووە. وەختێکیش کە خۆم پرسیارم لێ دەکرد، زۆر خۆشحاڵ دەبوو. جا

لەبەر ئەوە، لەوەودوا بەردەوام پرسیارم لێ دەکرد و ئەویش هەموو شتێکی بۆ شی دەکردمەوە. زۆربەی کات قسەی لەسەر خودا دەکرد. جاروباریش لە جێی وانە خوێندن یاریمان لەگەڵ ئازۆرکار دەکرد. ئەویش ببووە هاوڕێیەکی نزیکم، فێرم کردبوو چۆن بەسەر تەختەیەکدا باز بدات، باپیرەش بە بینینی ئەم جووڵەیەی ئەو دەکەوتە پێکەنین و دەستی بە سەرمدا دەهێنا. زۆر بە کەمی پێدەکەنی، هەندێك ڕۆژ قسەی زۆری دەکرد و پاشان لە کتوپڕێکدا، وەك ئەوەی کە خەوتبێت، جووڵەی لێ دەبڕا، بەڵام چاوەکانی کرابوونەوە. تا دەمەو ئێوارە لەم بارەدا دەمایەوە و لەو وەختانەدا سیمایەکی زۆر ترسناك و پیری پەیدا دەکرد... یان هەندێك جار کە دەگەیشتمەماڵەکەی، سەیرم دەکرد کە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و فکر و خەیاڵ بردوویەتییەوە، وەك ئەوەی کە هیچ شتێك نەبینێت.

ئازۆرکاریش لەبەر پێیەکانیدا وەردەکەوت. چاوەڕێ دەمام، کۆکەم دەکرد، بەس باپیرەم هەر نەدەهاتەوە سەر خۆی.

جا ئەوسا دەگەڕامەوە بۆ ماڵێ، دایە لە جێگەکەیدا چاوەڕێمی دەکرد، هەموو شتێکم بۆ دەگێڕایەوە، تا نیوەشەو قسەم بۆ دەکرد و ئەویش بە سەرنجەوە گوێی بۆ دەگرتم. پێم دەگوت کە باپیرە چیی کردووە، چ چیرۆکێکی بۆ گێڕاومەتەوە، چ وانەیەکی پێ گوتوومەتەوە...

وەختێکیش باسی ئەوەم بۆ دەکرد کە چۆن ئازۆرکارم فێر کردووە بەسەر پارچە تەختەیەکدا باز بدا و باپیرەش بە بینینی ئەم دیمەنە پێکەنیوە، ئەویش لەناکاو دەستی بە پێکەنین دەکرد. تا ماوەیەکی زۆر بە شادمانییەوە پێدەکەنی و داوای لێ دەکردم دیسان لە سەرەتاوە هەموو بەسەرهاتەکە بگێڕمەوە. هەمیشە بە خۆمم دەگوت: ‹‹داخۆ لەبەرچی دایە بەم ڕادەیە باپیرەی خۆشدەوێت و کەچی ئەو هیچ خۆشەویستییەکی بۆ ئەم نییە؟››بۆ جاری داهاتوو کە چوومەوە بۆ لای باپیرە، پێم ڕاگەیاند کە دایە بە چ ڕادەیەك ئەوی خۆشدەوێت. بە سیمایەکی تووڕەوە و بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات، تا کۆتا گوێی بۆ قسەکانم گرت. پاشان لێم پرسی بۆچی دایە ئەوەندە ئەوی خۆشدەوێت و دایمە هەواڵی دەپرسێت، کەچی ئەو هەرگیز هیچ پرسیارێکم سەبارەت بە دایە لێ ناکات؟ باپیرە تووڕە بوو و کردمییە دەرێ. ساتێك لە پشت دەرگەکە مامەوە، وەلێ لەناکاو دەرگەکەی کردەوە و بانگی کردم، بەس هەروا تووڕە بوو و هیچی نەدەگوت. وەختێکیش دەستم بە خوێندنەوەی ئینجیل کرد، دووبارە لێم پرسییەوە بۆچی لە دایە خۆش نابێت، ئەی مەگەر مەسیح نەیگوتووە: ((یەکدیتان خۆشبوێ و چاوپۆشی لە هەڵەکانی یەکتری بکەن))؟ ئەوسا کتوپڕ هەستایە سەر پێ و گوتی: بێگومان دایە ئەم قسانەی لە دەم ناوم، جا بۆ دووەمین جار لە ژوورەکە وەدەری نام و گوتی ئیدی سەر بەو ماڵەدا نەکەمەوە. منیش گوتم مادام وایە چیدی حەز ناکەم چاوم پێی بکەوێت، پاشان ئەوێم بەجێهێشت...

باپیرە بۆ بەیانییەکەی باری کرد...

نیکۆلای ڕووی لە پەنجەرەکە کرد و گوتی: ((خۆ گوتم بارانەکە زوو خۆشدەکاتەوە، تەواو بوو... ئەوەتا هەتاویش دەرکەوتەوە، دەبینینت ڤانیا؟))

ئانا بە سەر و سیمایەکی دوودڵانەوە ڕوانییە مێردەکەی، بەس چاوە پڕ لە سۆزەکانی کە تا ئەو کاتە ئارام بوون، لە پڕ بریقەیەکی ڕقاوییان تێدا درەوشایەوە. بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات دەستی نێلی گرت و ئەوی لەسەر ئەژنۆی دانیشاند و گوتی:

- بۆ خۆمی باس بکە، فریشتەکەم، بەخۆم گوێ بۆ قسەکانت دەگرم. ئەوانەی کە دڵیان وەکو بەردە، باشتر وایە...

قسەکەی پێ تەواو نەکرا و کەوتە گریان. نێلی بە نیگایەکی پرسیارئامێزەوە سەیرمی کرد، دوودڵ و هەراسان بوو. نیکۆلای سەیرێکی منی کرد، شانەکانی هەڵتەکاندن و دەمودەست پشتی تێکردین. من گوتم: ((درێژەی پێبدە، نێلی.))

- تا ماوەی سێ ڕۆژ نەگەڕامەوە بۆ لای باپیرە، دایە ئەو وەختانە حاڵی خرا پتر ببوو. ئیدی هیچ پارەیەکمان نەبوو بۆ ئەوەی خۆراك و دەرمانی پێ بکڕین، هیچ شتێکمان نەبوو تا بیخۆین، خاوەن ماڵەکەشمان کەسێکی دەستکورت بوو و هیچ شتێکی نەبوو تا بماندات، دواتریش دەستی کردبووە پرتە و بۆڵە کە گوایە بووینەتە بارگرانی بەسەریەوە. ئەوسا، بۆ ڕۆژی سێیەم هەستامەوە و جلم لەبەر کرد. دایە پرسیی بۆ کوێ دەچم. گوتم دەمەوێت بچم بۆ لای باپیرە و داوای پارەی لێ بکەم. دایە دڵی زۆر بەمە خۆشبوو، چونکە بۆم گێڕابووەوە کە باپیرە دەرمی کردووە و منیش گوتوومە ئیدی ناگەڕێمەوە بۆ لای، دایەش بە گریانەوە تکای لێ کردم کە سەردانی باپیرە بکەم. لەوێ پێیان گوتم کە باپیرە باری کردووە و منیش چووم بۆ ماڵە تازەکەی. وەختێك چوومە ژوورێ، هەستایە سەر پێ، بە گژمدا هات، ڕکی گرت، بەس دەمودەست پێم گوت کە دایە زۆر نەخۆشە، داماوین و بۆ کڕینی دەرمان ‹‹پەنجا کۆپیك››مان پێویستە، هەروەها هیچ شتێکمان نییە بیخۆین. باپیرە دەستی بە هات و هاوار کرد، منی لە ژوورەکە وەدەرنا و دەرگەکەشی داخست. بەس لە وەختی کردنە دەرەوەمدا، پێم گوت ئەوەندە لە پلیکانەکاندا دەمێنمەوە تا پارەم دەداتێ و هەتا وەریشی نەگرم لەوێ ناڕۆم. دوای ئەوە چووم لە پلیکانەکاندا دانیشتم، دوای تاوێك دەرگەکەی کردەوە و کە ڕوانیی من لەوێ دانیشتووم، ئەوسا دووبارە دەرگەکەی داخستەوە. چەند خولەکێك تێپەڕی، دیسان دەرگەکەی کردەوە و بە بینینی من هەمدیس دایخستەوە. ئەم کارەی چەندبارە کردەوە، دواجار لەگەڵ ئازۆرکار لە ژوورەکە وەدەرکەوت، دەرگەکەی داخست و بێ ئەوەی هیچ بڵێت بە تەنیشتمدا ڕابرد. منیش هیچم پێ نەگوت و تا ئێوارە لەوێ مامەوە.

ئانا گوتی: ((کچە داماوەکەم، دەبێت هەوای نێو ئەو پلیکانانە چەندە سارد بووبێت.))

نێلی هاتە وەڵام: ((کەوا ئەستوورەکەمم لەبەر بوو.))

- با کەوای ئەستووریشت لەبەر بووبێت... دەبێت چ دەردیسەرییەکت کێشابێت! باشە، پاشان باپیرەت چیی کرد؟

لێوەکانی نێلی کەوتنە لەرزین، بەس هەوڵێکی زۆری دا هەتا بەسەر خۆیدا زاڵ ببێت.

- وەختێك گەڕایەوە هەوا تەواو تاریك ببوو، كە پێی بەرم كەوت هاواری كرد و گوتی: ((كێ لێرەیە؟))

گوتم من. بێگومان لای وابوو دەمێكە ئەوێم جێهێشتووە، بەس كە بینیی هێشتا لەوێم، زۆر سەرسام بوو و تا ماوەیەك لە بەردەممدا ڕاوەستا. لەپڕ بە توندی گۆچانەكەی دەستی بە پلیكانەكاندا كێشا، بە هەڵەداوان سەركەوت، دەرگەی ژوورەكەی كردەوە و بۆ خولەكێك دواتر هاتەدەر و چەند سكەیەكی ‹‹پێنج كۆپیكی››ی بۆ فڕێدامە سەر پلیكانەكان، جا هاواری كرد: ((ها بگرە، ئەمە دار و نەداری منە، بە دایكیشت بڵێ لێی نابوورم.))، پاشان چووە ژوورێ و بە توندی دەرگەكەی پێوەدا. سكەكان بە پلیكانەكاندا خلۆر بوونەوە. من لەو تاریكییەدا بۆیان دەگەڕام. باپیرەش بێگومان كە زانیبووی پلیكانەكان تاریكن و من سكەكانم بۆ نادۆزرێنەوە، دەرگەكەی كردەوە و بە مۆمێكی داگیرساوەوە هاتە سەر پلیكانەكان. لەبەر ڕۆشنایی مۆمەكەدا بە ئاسانی سكەكانم دۆزینەوە. باپیرەش لە هەڵگرتنەوەیاندا یارمەتیمی دا، گوتی هەمووی حەفتا كۆپیكە و پاشان چووەوە سەرێ. كە گەڕامەوە بۆ ماڵ، پارەكەم دایە دایكم و بەسەرهاتەكەم بۆ گێڕایەوە. جا دایە حاڵی خراپتر بوو و هەروەها منیش، بە درێژایی شەو تام لێ هاتبوو، ئەو شەوە زۆر لە باپیرە تووڕە بووم و هەر بیرم لەو دەكردەوە. دەمەوبەیان، وەختێك كە دایە خەوی لێكەوت، چوومە دەرەوە و بەرەو ماڵی باپیرە ڕامكرد، بەس لەسەر پردێك ڕاوەستام، لەو ساتەدا بوو كە سەر و شكڵی‹‹ئەو پیاوە››دەركەوت.

من گوتم: ((مەبەستی لە ئارشیپۆفە، پێشتر باسیم بۆ كردوون، نیكۆلای سێرگەڤیچ، هەمان ئەو كەسەیە كە لەگەڵ كابرای بازرگان لە ماڵی بۆبنۆڤا بەشەڕ هاتن. نێلی ئەمە یەكەم جارە ئەم بەسەرهاتە بگێڕێتەوە، درێژەی پێبدە، نێلی.))

- چوومە بەردەمی و داوام لێ كرد وەك یارمەتی ڕۆبڵێكی زیوم بداتێ، سەیرێكی كردم و پرسیی: ((یەك ڕۆبڵی زیو؟))

گوتم: ((بەڵێ.))

ئەوسا ئەو پێكەنی و گوتی: ((دوامكەوە.))

نەمدەزانی كە دەبێت لەگەڵی بڕۆم یان نا. لەپڕ پیرەمێردێكم لێ نزیك كەوتەوە كە چاویلكەیەكی زێڕینی لەچاو بوو. بیستبووی كە من داوای ڕۆبڵێكی زیوم كردووە. بەرەو لام چەمییەوە و پرسیی: ڕۆبڵێكی زیوت بۆ چییە؟

پێم گوت كە دایە نەخۆشە و دەبێت بەم پارەیە دەرمانی بۆ بكڕم. پرسیی ماڵمان لە كوێیە، ناونیشانەكەی یاداشت كرد و ئەسكەناسێكی یەك ڕۆبڵیی پێدام. پیاوەكەی دیش، كە پیرەمێردەكەی بینی یەكسەر لێم دوور كەوتەوە و ئیدی پێداگریی نەكرد لەگەڵی بڕۆم. چوومە دوكانێك و ڕۆبڵەكەم ورد كردەوە، سی كۆپیكیم لە كاغەزێكەوە پێچا و جیام كردەوە بۆ دایكم، حەفتا كۆپیكەكەی دیم خستە گیرفانم و بەرەو ماڵی باپیرەم بەڕێ كەوتم. كە گەیشتمە

ئەویّ دەرگەم کردەوە و لە ئاسانەکەیدا ڕاوەستام، دەستم بەرزکردەوە، پارەکانم بەرەو لای فرێدان و گوتم: ((ئەوەش پارەکەتان، ئێوە حاشاتان لە دایە کردووە و ئیدی ئەویش پێویستی بە پارەی ئێوە نییە.)) جا پاشان دەرگەکەم پێوە دا و ڕامکرد.

چاوەکانی کەوتنە درەوشانەوە و بە کەم ڕووییەوە سەیریکی ورووژێنەری نیکۆلای کرد.

ئانا، نێلیی بەخۆیەوە گوشی و بیّ ئەوەی لە مێردەکەی بڕوانێت گوتی: ((هەر دەبوو وا بکەیت. باپیرەت کەسێکی ناڕەسەن و بێبەزەیی بووە...))

نیکۆلای گوتی: ئم...

ئانا بێسەبرانە پرسیی: باشە، ئەی دواتر؟ چی بوو؟

نێلی هاتە وەلام: ((دوای ئەوە ئیدی سەردانی باپیرەم نەکرد و ئەویش هەوالمی نە پرسی.))

- ئاە، داماوی نە، چارەڕەشی نە، ئەی دواتر تۆ و دایکت چیتان بەسەر هات؟

نێلی بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە لە گەروویدا شکا گوتی: ((دایە ڕۆژ دوای ڕۆژ حالی خراپتر دەبوو، ئیدی نەیدەتوانی لە جێگەکەی بێتە دەریّ. هیچ پارەیەکمان پیّ نەمابوو، بۆیە لەگەلّ بێوەژنەکە دەستمان بە سوالّ کرد. مالە و مالمان دەکرد، ئەو لە کۆلانەکاندا خەلکی ڕادەگرت و داوای یارمەتیی لیّ دەکردن، ئەو بەم جۆرە دەژیا. بە منی دەگوت سوالکەر نییە و چەند بەلگەیەکی لە بەردەست دایە کە دەیسەلمێنن مێردەکەی ئەفسەر بووە و تێیاندا نووسراوە کە ئەو هەژارە. ئەم بەلگانەی نیشانی خەلکی دەدا و ئەوانیش یارمەتیان دەدا. هەروەها دەیگوت: ((داوای یارمەتیکردن لە خەلك، سوالکردن نییە.)) منیش دەکەوتمە گەلی و خەلکیش پارەیان پیّ دەدداین، ئێمە بەم جۆرە ژیانی خۆمانمان دەگوزەراند، دایە بەم مەسەلەیەی زانیبوو، چونکە دراوسێکان تەشەریان لیّ دابوو کە سوالکەرە. بۆبنۆڤاش کە بەم باسە دەزانێت، یەکسەر دەچێت بۆ لای دایە، پێی دەلیّ ئەو ئامادەیە من لای خۆی ڕابگریّ و ئەمەش لە سوالکردن باشترە. پێشتریش چووبووە لای دایکم و پارەی بۆ هێنابوو، بەس دایکم پەسەندی نەکردبوو. ئەوسا بۆبنۆڤا بە دایکم دەلێیت کە بۆچی ئەوەندە لووتبەرزە و جا پاشانیش خۆراکی بۆ دەنێرێت. بەس وەختێك کە سەربادت بە من قسە دەکات، دایە ترسی لیّ دەنیشێت و دەست دەکاتە گریان. بۆبنۆڤا کە لەو ساتەدا مەستە، سووکایەتی بە دایکم دەکات و پێی دەلێت من لەگەلّ بێوەژنی ئەفسەرەکەدا خەریکی سوالکردنم. جا دواتر کە دایە لەمە دلنیابووەوە، کەوتە گریان و پاشان هەستا و جلی لەبەر کرد، دەستمی گرت و لەگەلّ خۆیدا بردمی. ئیڤان ئالێکساندریچ ویستی بەری پێبگرێت، بەس نەیتوانی، دایە بە قسەی نەکرد و مالەکەمان جێهێشت، دایە بە دژواری دەیتوانی ڕیّ بکات، چەند هەنگاوێکی دەنا و دادەنیشت، من بالم دەگرت و بەرزم دەکردەوە. داوای لیّ دەکردم بیبەم بۆ لای باپیرە. دەمێك بوو هەوا تاریك داهاتبوو. لەناکاو گەیشتینە سەر شەقامێکی گەورە. گالیسکەکان

لەبەردەم ماڵێکی گەورەدا ڕادەوەستان، کەسانێکی زۆریان لێوە دادەبەزین. پەنجەرەکان ڕووناک بوون و دەنگی مۆسیقا دەبیسترا. دایە لەبەردەم ماڵەکە ڕاوەستا، دەستمی گرت و گوتی: ((نێلی، تا کۆتایی تەمەنت بە هەژاری بمێنەرەوە، بە هەژاری بمێنەرەوە، بەس تەنیا مەچۆ بۆ لای ئەم جۆرە مرۆڤانە، هەر کەسێك بانگتی کرد، یان ویستی لەگەڵ خۆیدا بتبات، تۆ هەرگیز دوای مەکەوە. تۆش دەتوانیت لەوێ بیت، دەوڵەمەند بیت، جلی نوێت لەبەردا بێت، بەس من حەز ناکەم. ئەم مرۆڤانە نارەسەن و بێبەزەیین. پێت ڕادەسپێرم کە بە هەژاری بمێنیتەوە، ئیش بکەیت، یان تەنانەت سواڵ بکەیت، هەر کەسێکیش داوای لێ کردیت بچیت و لەگەڵ ئەودا بژییت، پێی بڵێ من نامەوێ بێم بۆ ماڵتان...)) دایە ئەم قسانەی بەدەم نەخۆشییەوە بۆ کردم.))

جا لە بارێکدا کە کوڵمەکانی سوور ببوونەوە و لە خەفەتاندا هەڵدەلەرزی، بۆی زیاد کرد: ((منیش تا دوا هەناسە ملکەچی فەرمانەکانی دەبم، تا کۆتایی تەمەنم خەریکی ئیشکردن دەبم، هەر لەبەر ئەوەش هاتووم بۆ ماڵتان، بۆ خزمەتکردن و ئیش کردن، ناشمەوێت ببمە کچتان...))

ئانا باوەشی بە کچۆڵەکەدا کرد و گوتی: ((بەسە، بەسە، ئازیزم. دایکت لە بارێکدا ئەم قسانەی بۆ کردوویت کە نەخۆش و ناساغ بووە.))

نیکۆلای بە شێوەیەکی شەرەنگێزانە گوتی: شێت بووە.

نێلی بە ڕەقی وەڵامی دایەوە: ((ڕەنگە شێت بووبێت، بەس ئەمە ڕاسپاردەی ئەو بوو و منیش تا کۆتای تەمەنم ملکەچی دەبم. دایە دوای گوتنی ئەم قسانە، کەوت و لە هۆشچوو.))

ئانا گوتی: ((ئەی خودایە، لە نێو کۆڵان، بەو چلەی زستانە و بە نەخۆشیشەوە!))

- ویستیان بمانبەن بۆ بنکەی پۆلیس، بەس بەڕێزێك خۆی تێهەڵقورتاند و لە منی پرسیی ماڵمان لە کوێیە، دە ڕۆبڵی پێدام و داوای لە گالیسکەلێخوڕەکەی کرد بمانگەیەنێتەماڵەوە. لەو ڕۆژە بەدوا، ئیدی دایە لە جێگەکەی نەهاتە دەرێ و مرد.

ئانا بە سەراسیمەیی و نارەحەتییەوە پرسیی: ((یانی باوکی هەر نەیبەخشی، ئەرێ؟))

نێلی کە لەژێر باری ئازارێکی سەختدا بوو، خۆی کۆنترۆڵ کرد و گوتی: ((نا، دایە حەفتەیەك بەر لەوەی بمرێت بانگمی کرد و گوتی: ((نێلی، بۆ دواهەمین جار بچۆ بۆ لای باپیرەت، داوای لێ بکە بێتە دیدەنیم و بمبەخشێت، پێی بڵێ من ئاخر و ئۆخرمە، تا حەوت هەشت ڕۆژێکی دی دەمرم و لەم دونیایەدا تۆ بە تەنیا جێدەهێڵم. هەروەها پێشی بڵێ کە لەم دەمی مەرگەدا بەداخەوەم...)) چووم بۆ لای باپیرە و لە دەرگەم دا. دەرگەی کردەوە، کە چاوی بە من کەوت ویستی یەکسەر دەرگەکە دابخات، بەس من بە هەردوو دەست پاڵم بە دەرگەکەوە نا و هاوارم کرد: ((دایە

خەریکە دەمرێت، داوای ئێوەی کردووە، وەرن!)) بەس ئەو بە پاڵ کردمییە دەرێ و دەرگەکەی پێوەدا. گەڕامەوە بۆ لای دایە، لە تەکییەوە پاڵ کەوتم، باوەشم پێیدا کرد و هیچم نەگوت، ئەویش گرتمیە باوەش و هیچی لێ نەپرسیم...))

نیکۆلای لەم ساتەدا هەردوو دەستی خستبوونە سەر مێزەکە و بە قورسی هەڵدەستایەوە، بەس دوای ئەوەی بە نیگایەکی سەیر و پەرێشانەوە چاوێکی لێ کردین، وەك ئەوەی ئیدی هازی تێدا نەمابێت، خۆی خستەوە سەر کورسییەکە. ئانا سەرنجی نەدا، نێلیی زیاتر بە خۆوە گوشی دەستی بە گریان کرد.

نێلی گوتی: ((بۆ دواهەمین ڕۆژ، نزیکەی عەسر، دایە بەر لەوەی بمرێت، بانگی کردم، دەستمی گرت و گوتی: ‹‹ئەمڕۆ تەمەنم دوایی پێ دێت، نێلی››ویستی شتێکی دیشم پێ بڵێت، بەس نەیتوانی. چاوانی دەیانڕوانی، بەس دەتگوت من نابینن، وەلێ دەستەکانمی هەروا لەنێو دەستی خۆیدا گرتبوون و دەیگوشین، بە هێمنی دەستم لەنێو دەستی دەرهێنا و ڕامکردە دەرێ. بە ڕاکردن هەتا بەر دەرگەی ماڵی باپیرە نەوەستام. وەختێك چاوی پێم کەوت، یەکسەر هەستایە سەر پێ، بە چەشنێك ترسا کە دەمودەست لەرزی لێ نیشت، دەستیم گرت و تەنیا گوتم: ‹‹خەریکە دەمرێت››. ئەوسا یەکسەر گۆچانەکەی هەڵگرت و بە هەڵەداوان دوام کەوت، تەنانەت خەریك بوو کڵاوەکەی بیر بچێت، هەوا زۆر سارد بوو، کڵاوەکەیم کردە سەری و پێکەوە کەوتینە ڕاکردن، داوام لێکرد پەلە بکات و خێرا گالیسکەیەك بە کرێ بگرێت، چونکە دایە لەم دەقە و ئەو دەقە دایە. بەس ئەو تەنیا حەوت کۆپیکی پێبوو. گالیسکەکانی ڕادەگرتن، لەگەڵ گالیسکەوانەکان چەند و چوونی دەکرد، بەس ئەوان پێیان ڕادەبوارد و قەشمەریشیان بە ئازۆرکار دەکرد، ئاخر ئازۆرکاریشمان لەگەڵ بوو. ناچار بە ڕاکردن کەوتینە ڕێ، باپیرە ماندوو بووبوو و بە دژواری هەناسەی دەدا، بەس وێڕای ئەوەش، لەسەر ڕاکردنەکەی بەردەوام بوو. لەپڕ بەربووەوە و کڵاوەکەی لەسەر کەوت. دەستیم گرت و بەرێم خستەوە. ڕێك بەر لە داهاتنی شەو گەیشتینە ماڵێ، بەس دایە مردبوو... باپیرە کە چاوی پێی کەوت، دەستەکانی بەیەکدا کێشان، لەرزی لێ هات و بێ ئەوەی هیچ بڵێت لای دایەوە دانیشت. منیش چوومە لای، دەستیم گرت و هاوارم کرد: ‹‹بڕوانە، ئەی مرۆڤی بێبەزەیی، دڵت ئاوی خواردەوە!››ئەوسا باپیرە هاواری کرد و وەك مردوویەك کەوتە سەر زەوی...

نێلی لە باوەشی ئانا هاتە دەرێ، تەواو نارەحەت بوو، بە ڕەنگی پەڕیوەوە لە ناوەڕاستمان ڕاوەستا، بەس ئانا بە فڕکەیەك خۆی گەیاندە ئەو، دووبارە لە باوەشی گرتەوە و وەك ئەوەی کە ئیلهامی بۆ هاتبێت گوتی:

- لەمەودوا خۆم هەم، خۆم دەبمە دایکت، تۆ دەبیتە کچم. بەڵێ، نێلی، با لێرە بڕۆین و لەم مرۆڤە بێڕەحمانە دوور بکەوینەوە کە دەرد و ئازاری ئەوانی دی شادیان دەکات. خودا بەخۆی هەقیان لێ دەکاتەوە!... وەرە نێلی، وەرە با لێرە بڕۆین...

**هەرگیز ئەوم لە بارودۆخێکی ئاوهادا نەدیتبوو و پێم وانەبوو کە بەو ڕادەیە بورووژێ و خەفەتبار ببێت، نیکۆلای لەسەر کورسییەکەی هەستا و بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە لێی پرسی:**

**- ئەوە بۆ کوێ دەچیت، ئانا؟**

**ئانا لە بارێکدا کە نێلیی بەرەو دەرگەکە ڕادەکێشا گوتی: ((بۆ لای ئەو، بۆ ماڵی کچەکەم، ناتاشا))**

**- سەبرکە، ڕاوەستە!...**

**- سەبرگرتن لەگەڵ مرۆڤێکی وەك تۆدا بێسوودە. دەمێکە سەبرم گرتووە، هەروەها ئەویش، خواحافیز!**

**ئانا دوای گوتنی ئەم قسانە، لای لە مێردەکەی کردەوە و واق و وڕ لە جێی خۆی ڕاوەستا. بە دەستی لەرزۆك کڵاوەکەی لە دەست گرتبوو و پەلە پەل خەریکی لەبەرکردنی کەواکەی بوو.**

**ئانا دەستەکانی بە بارێکی تکا ئامێزەوە خستبوونە سەر سنگی، لە دۆخێکدا کە باوەڕی بە ڕاستیەتیی ئەو دیمەنەی بەرچاوی نەدەکرد و زاتی نەبوو بڕوا بەو خۆشبەختییە بکات، گوتی: ((تۆیش... تۆیش لەگەڵم دێیت؟))**

**- ناتاشا، ناتاشای من لە کوێیە، کچەکەم لە کوێیە؟**

**پیرەمێردەکە بە شێوەیەکی خۆنەویستانە ئەم قسانەی لە دەم دەرچوون: ((ناتاشاکەمم بۆ بهێننەوە. لە کوێیە؟))**

**گۆچانەکەم بەرەو لای درێژ کردبوو، لێی وەرگرتم و بەرەو دەرگەکە فڕکەی کرد، ئانا هاواری لێ هەستا: ((بەخشیویەتی!))**

**بەس بەر لەوەی کابرای پیرەمێرد بگاتە ئاسانەی دەرگەکە، لە کتوپڕێکدا دەرگە کرایەوە و ناتاشا خۆی بە ژووریدا کرد، ڕەنگی پەڕی بوو، چاوەکانی بریقەیان دەهات و دەتگوت تایان لێهاتووە. جلەکانی لەبەر باراندا تەڕ و تلیس ببوون. سەرپۆشەکەی خلیسکا بوو و کەوتبووە سەر شانەکانی، نووکی بژانگە پڕەکانی دڵۆپە بارانیان لێوە دەتکا.**

**بە هەڵەداوان خۆی بە ژووریدا کرد، کە چاوی بە باوکی کەوت، لەبەردەمیدا کەوتە سەر ئەژنۆ و دەستەکانی بەرەو ئەو درێژ کردن.**

٩

وەك چۆن منداڵێکی هەڵدەستێنیتەوە، نیکۆلایش بە هەمان شێوە ئەوی هەستاندەوە، بردی و لەسەر کورسییەك داینیشاند، پاشان بەخۆی لەبەردەمیدا کەوتە سەر ئەژنۆ. دەست و پێی ئەوی دایە ماچ، بە نیگا هەڵی دەلووشی و سەر و ڕووی نوقمی ماچ کردبوو، دەتگوت بڕوای بەوە نییە کە جارێکی دی گەڕاوەتەوە بۆ لایان، جارێکی دی دەیبینێت و دەنگی دەبیستێت، دەنگی کچەکەی، ناتاشا! ئانا بە چاوی فرمێسکاوییەوە کچەکەی لە باوەش گردبوو، سەری بە سنگییەوە دەگوشی و دەتگوت هەر ئێستە لەخۆ دەچێت، ئیدی توانای قسەکردنی نەبوو.

نیکۆلای بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە دەیگوت: ((ئازیزم!... ژینی من!... کەیف و شادیم!...)) دەستی ناتاشای گرتبوو و وەك ئەویندارێك، چاوی بڕیبووە ڕووخسارە بێڕەنگ، لاواز، جوان و چاوە بریقەدارەکانی.

دەیگوت: ((گیانی من!... تەمەنی من!... کەیف و شادیی ژینم!...)) جا دیسان بێدەنگ دەبووەوە و سەرمەستانە چاوی لێ دەبڕیەوە. هەروا لە بەردەمیدا کەوتبووە سەر ئەژنۆ و بە خەندەیەکی کاڵ و منداڵانەوە بە ئێمەی دەگوت: ((کێ بە منی گوتبوو لاواز بووە؟)). جا دیسان گوتی: ((ڕاستە، کەمێك لاواز بووە، ڕەنگیشی پەڕیوە، بەس چاوی لێ بکەن چەندە جوا نخاسە!)) پاشان لەژێر باری قورسی ئەو شادییەدا، کە دەتگوت ڕۆحی توانای بەرگەگرتنیی نییە، دیسان بێدەنگ بووەوە.

ناتاشا گوتی: ((باوکە گیان، هەستنەوە، منیش دەمەوێت ماچتان بکەم...))

نیکۆلای ڕووی کردە ژنەکەی و گوتی: ((ئاە، ئازیزەکەم، ئانا خۆ بیستت کە بچکۆڵەکەم چەندە بە سۆزەوە ئەم قسەیەی کرد.))

جا بە لەرزەوە باوەشی پێداکرد.

- نا، ناتاشا ئەوە منم کە دەبێت خۆم بخەمە بەر پێیەکانت، هەتا لێم خۆش ببیت و منیش بە تەواوی بوونمەوە هەستی پێ بکەم، من ئیدی شایەنی لێبوردنی تۆ نیم، حاشام لێ کردیت، نەفرەتم لێ کردیت، دەبیستیت ناتاشا،

من تۆم بە نەفرەت کرد! بەس تۆ نەدەبوو باوەڕ بکەیت. ئەی بچکۆلەی بێڕەحم، بۆ ئەوەندە خۆت لە من بەدوور گرت؟ باش دەتزانی کە چ پێشوازییەکت لێ دەکەم... ئاە، ناتاشا، بیرت دێت کە لە ڕابردوودا چەندم خۆشدەویستیت؟ بە هەموو بوونمەوە خۆشم دەویستیت، باشە، ئێستە دوو هێندەم خۆشدەوێیت، ئەوە چی دەڵێم، هەزار هێندەی ڕابردووم خۆشتر دەوێیت، گەر بهاتبایت، دڵم دەردەهێنا و دەمخستە بەر پێیەکانت!... ئاە، ئەی شادیی ژیانی من.

ناتاشا بە دەنگێکی نزم و لەرزۆکەوە، لە بارێکدا کە فرمێسك بەرچاوی گرتبوو گوتی: ((کەواتە ماچم بکە، ئەی مرۆڤی بێڕەحم، وەك دایکم لێو و ڕووم ماچ بکە.))

نیکۆلای دوای ئەوەی کە تا ماوەیەکی درێژ ئەوی بە باوەشییەوە گوشی، گوتی: ((چاوەکانت، چاوەکانیشت ماچ دەکەم، وەك ڕابردوو، بیرت دێت؟ ئاە، ناتاشا یانی تەنانەت هەر بۆ ساتێکیش غەریبیی ئێمەت نەکرد؟ من کەم تا زۆر هەموو شەوێك خەونم پێتەوە دەدیت، هەموو شەوێك دەهاتیت بۆ لام و من بە بینینت چاوم پڕ دەبوو لە فرمێسك، جارێکیان لە خەوما منداڵ بوویت، وەك ئەو وەختانەی کە دە ساڵان بوویت و تازە دەستت بە پیانۆ ژەنین کردبوو، جلێکی کورتی ڕەنگینت لەبەر بوو، پێڵاوێکی جوانیشت لە پێدا بوو، هەروەها چەند دەسبەندێکی سووریشت لە دەستدا بوو. بیرت دێت، ئانا، کە دەستەکانی چەندە بچکۆلانە و جوان بوون؟ هاتیت بۆ لام، لەسەر ئەژنۆم دانیشتیت و دەستت کردە ملم... کەواتە ئەی منداڵی لاسار لات وابوو کە من بە نەفرەتم کردوویت و گەر بگەڕێیتەوە من باوەشت بۆ ناکەمەوە؟... بەس من، گوێبگرە، ناتاشا، هەمیشە لە دەوری ماڵەکەت بووم، دایکت ئاگادار نەبوو، هیچ کەس نەیدەزانی، جار جار لەژێر پەنجەرەکەتدا ڕادەوەستام، جاروباریش تا نیوەڕۆ بە دەوروبەری ماڵەکەتدا دەسووڕامەوە، ئومێدم وابوو بێیتە دەرێ و لە دوورەوە چاوم پێت بکەوێ، جا شەوانەش هەمیشە لە کەنار پەنجەرەکەتدا مۆمێك داگیرسابوو، هەر مەپرسە کە چەند جار بەو ئومێدەوە هاتووم بۆ ئەوێ، تەنانەت بۆ بینینی مۆمەکەت، یان تەنیا بۆ ئەوەی سێبەرەکەت ببینم و بە درێژاییی شەو دوعات بۆ بکەم. ئایا تۆ بیری منت دەکرد؟ هەرگیز دوعات بۆ دەکردم؟ دڵە بچووکەکەت هەواڵی پێ نەدەدایت، کە من لەوێ، لەژێر پەنجەرەکەتدا ڕاوەستاوم؟ هەر مەپرسە کە بەو زستانە، چەند جار بە پلیکانی ماڵەکەتدا سەرکەوتووم، درەنگانێك، نیوەشەوان، لەو بادا کە تاریکەدا چاوەڕێم کردوویت، یان گوێم بە دەرگەکەتەوە ناوە، بە هیوای ئەوەی کە دەنگت یان پێکەنینەکەت ببیستم... باوەڕ دەکەیت کە من هەرگیز بە نەفرەتم کردبیت؟ چەند شەوێك لەمەوبەر هاتمە بەر دەرگەی ماڵەکەت، ویستم پێت بڵێم کە لێت خۆش بوومە، بەس لەو ساتەدا هەر لە خۆمەوە گەڕامەوە... ئاە، ناتاشا!))

هەستایە سەر پێ، ناتاشای لەسەر کورسییەکە هەستاند و توند لە باوەشی گرت، پاشان لەسەری ڕۆیشت:

- ئەو ئێستە لێرەیە، لەسەر دڵم! ئاە، ئەی خوایە! سوپاس بۆ هەموو شتێك، بۆ هەموو شتێك، بۆ ڕق و تووڕەییت، بۆ سۆز ومیهرەبانیت!... بۆ ئەوەی کە دوای ئەو تۆفانە سامناکە، دیسان خۆری خۆتت پێ نیشان داینەوە! سوپاس

بۆ ئەم ساتە پڕ لە خۆشبەختییە! ئاه گەرچی ئێمە سووك و ڕسوا کراوین، بەس گرنگ ئەوەیە کە ئێستە هەموومان لە دەوری یەکدیین. ئێستە لووتبەرز و بەدفەڕان، چی دەڵێن با بڵێن، با سەرکەوتن هەر بۆ ئەوان بێت، با بماندەنە بەر بەرد، ترست لە هیچ نەبێت، ناتاشا... دەست دەخەینە نێو دەستی یەك و من پێیان دەڵێم: ((ئەوە کچە ئازیز و تاقانەکەمە، ئەو کچەی کە لە گیانم خۆشتر دەوێت، ئەو کچە بێگوناحەی کە سووکایەتییان پێکرد، بەس من خۆشم دەوێت و پیرۆزی دەکەم.))

ناتاشا کە لە باوەشی باوکی دابوو، دەستی بەرەو من درێژ کرد و گوتی: ((ئاه، ڤانیا، ڤانیا، ڤانیا!))

هەرگیز ئەو ستەم بیر ناچێتەوە کە فکری لای من بوو و بانگی کردم!

نیکۆلای سەیرێکی چواردەوری کرد و پرسیی: ((ئەی نێلی لە کوێیە؟))

ئانا گوتی: ((ئاه، بەڵێ، کوا نێلی، خنجیلانەکەم، خۆ ئەومان بیر نەمابوو.))

بەس نێلی لەوێ نەبوو و بێ ئەوەی سەرنجی هیچ کەسێکی ڕاکێشا بێت، بە دزییەوە خۆی بە ژووری خەوتنەکەدا کردبوو. هەموومان چووین بۆ ئەوێ، نێلی بە ترس و لەرزەوە خۆی لە سووچێکدا حەشار دابوو. نیکۆلای هاواری کرد: ((نێلی، کچۆڵەکەم، چی دەکەیت لێرە؟)) جا ویستی باوەشی پێدا بکات، بەس نێلی بە نیگایەکی مکووڕەوە چاوی تێ بڕی. دەتگوت هۆشی لەسەر خۆی نییە و گوتی: ((دایە، دایە لە کوێیە؟)) پاشان دەستە لەرزۆکەکانی بەرەو ئێمە درێژ کردن و دووبارە گوتییەوە: ((دایکم لە کوێیە؟)) دەنگێکی جەرگبڕ لە گەروویەوە هاتە دەرێ، ڕووخساری گرژ بوو و دوای تووشبوونی هەڵمەتێکی توندی فێ کەوتە سەر زەوی

## پاشبەند

## دواهەمین یادگارییەکان

ناوەڕاستی مانگی حوزەیران بوو، هەواش گەرم و هەڵماوی. مانەوە لە شار شتێکی دژوار بوو، پیادەڕێکان داخ ببوون، تەپ و تۆز تەواوی شاری گرتبوویەوە، جۆرەها بۆنیش بە هەوادا بلاّو ببووەوە...بەس ئەوەی باش بوو کە هەورەگرمەکان لە ئاسۆیەکی دووردەستەوە گرمەیان لێوە هات، بەرە بەرە ئاسمان تاریک بوو، با هەڵی کرد و تەواوی تەپ و تۆزەکەی لە شار دوورخستەوە. چەند دڵۆپە بارانێکی درشت کەوتنە سەر زەوی. چەند ساتێك دواتر، ئاسمان وەك ئەوەی دەمی کردبێتەوە، لێزمە بارانێکی بەسەر شاردا باراند. بۆ نیو کاتژمێر دواتر کە دیسان خۆر دەرکەوتەوە، پەنجەرەی ژوورەکەمم کردەوە و بە هەموو توانامەوە ئەو هەوا باراناوییەم هەڵدەمژی. سەرمەستانە دەمویست پێنووس و کاغەز و خاوەن کار و تەواوی کارەکانم پشتگوێ بخەم و بەرەو لای ‹‹ئازیزانم›› ڕابکەم، کە

له ڤاسیلی ئۆستڕۆ بوون. بەس گەرچی ئەو وەسوەسەیە زۆر بەهێز بوو وەلێ بەسەر خۆمدا زاڵ بووم و بە جۆرێك لە پەستییەوە گەڕامەوە سەر قەڵەم و کاغەزەکەم: دەبوو هەر چۆنێك بووە کارەکەم تەواو بکەم! خاوەن کارەکەم داوای دەکرد و ئەگەر نا هیچ پارەیەك لە ئارادا نەبوو. بەس ئەمشەو بۆ خۆم ئازاد دەبووم، ئازاد بە وێنەی هەوا، ئەمشەو پاداشتی دوو ڕۆژ و دوو شەو کارکردنی بەردەوامم وەردەگرت. ئیدی ئێستاکە کارەکەم تەواو بووە، پێنووسەکەم دەخەمە سەر مێز و لە شوێنەکەم هەڵدەستم. پشت و سنگم ژان دەکەن، هەروەها سەریشم. لەم ساتەدا هۆشم تەواو ئاڵۆزە و دواهەمین وتەی دکتۆرەکەم لە گوێمدا دەزرنگێتەوە: ((نا، هیچ وزەیەك بەرگەی گوشارێکی لەم جۆرە ناگرێت، ئەمە کوشندەیە!)) وێڕای ئەوەش تا ئێستە بەرگەم گرتوە! سەرم دەسووڕێ و بە هەزار حاڵێك دەتوانم خۆم بە پێوە ڕابگرم، بەس دڵم لێوان لێوە لە شادییەکی بێ کۆتا. چیرۆکەکەم تەواو بووە، خاوەن کارەکەم گەرچی تا ئێستە وەك یارمەتی بڕە پارەیەکی پێداوم،، بەس وەختێك کە چیرۆکەکەم پێدا دیسانەوە بڕە پارەیەکی دیکەم دەداتێ، تەنانەت گەر پەنجا ڕۆبڵیش بێت بۆ من زۆرە، دەمێکە بڕە پارەیەکی ئاوەهام لە گیرفانی خۆمدا نەدیوە. بە پەرۆشەوە کڵاوەکەم لەسەر دەکەم، دەستنووسەکەم لەژێر باڵم دەنێم و بە خێراییەوە لە ماڵ دەچمە دەرێ، بەرەو ماڵی ئەم ئالێکساندرا پترۆڤیچە ئازیزە بەڕێ دەکەوم.

بەر لەوەی لە ماڵ دەرچێت دەستم پێی ڕاگەیشت. ئەویش لەم دواییانەدا دەستی دابووە کارێك کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەدەبیاتەوە نەبوو، بەس کارێکی پڕ داهات بوو، ئەو کارەی سپاردبووە دەستی یەهوودییەکی ڕەشپێست کە لە دەفتەرەکەیدا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر پێکەوە گفتوگۆیان کردبوو. بە سیمایەکی میهرەبانانەوە دەستی بەرەو لام درێژ کرد و بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ ئەحواڵمی پرسی. ئەو مرۆڤێکی زۆر باشە و گاڵتەی لێ دەربچێ من زۆر قەرزاری ئەوم. ئەو گوناهی چییە گەر تەواوی تەمەنی خۆی لە دونیای ئەدەبیاتدا بەسەربردبێت و هاوکات کاسبکاریش بێت؟ باش دەرکی بەوە کردووە کە ئەدەبیاتیش پێویستی بە کەسانی کاسبکار هەیە، لە کاتی خۆیشیدا سۆسەی ئەم مەسەلەیەی کردووە. ڕێز و ستایش بۆ ئەو! لەبارەی کاسبی و کڕین و فرۆشەوە، دەستێکی باڵای هەیە و هیچی نەهێشتووەتەوە.

بە خەندەیەکی دڵ پەسەندەوە پێشوازیی لە هەواڵی تەواوبوونی چیرۆکەکەم کرد، چونکە بەتەما بوو لە ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەیدا بڵاوی بکاتەوە، سەری لەوە سوڕماوە کە چۆن دواجار توانیومە بەم خێراییە کارێك تەواو بکەم و ئەمەش بۆ ئەو مایەی شادی و سەرسامییە. پاشان بەرەو گا سندووقەکە دەڕوا و پەنجا ڕۆبڵم بۆ دەهێنێت تا بەڵێنەکەی خۆی بباتەسەر. هاوکات گۆڤارێکی نەیارم دەداتە دەست و ئاماژە بە ستوونی ڕەخنەکان دەکات کە لە وتارێکدا چەند وشەیەکیان سەبارەت بە دواهەمین ڕۆمانی من نووسیوە.

**چاوێکی پێدا دەخشێنم، بابەتەکە لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە کە ئەگەرچی هێرشی نەکردوومەتە سەر، بەس تاجیشی لەسەر نەناوم: بەمە زۆر خۆشحاڵم. کابرای ‹‹ڕوونووسکەر››[1] لە درێژەی قسەکانیدا نووسیویەتی کارەکانی من ‹‹بۆنی ئارەقەیان لێوە دێت››، واتا زۆر بە نووسینەکانمەوە هیلاك دەبم و ئارەقەیان پێوە دەڕێژم تا دواجار کارێکی شیاو و باش بخەمە بەردەست.**

**هەردووکمان لە تریقەی پێکەنینمان دا. بەوم گوت چیرۆکە تازەکەمم لە ماوەی دوو شەو و ڕۆژدا نووسیوە و گەر ئەم ‹‹ڕوونووسکەرە››ی کە ڕەخنە لە واسواسی زیاد لە ڕادەی من دەگرێت، داخۆ گەر بەمە بزانێت دەبێت چ کاردانەوەیەکی هەبێت!**

**- بەس باش ناکەن، ئیڤان پترۆڤیچ بۆچی هێندە خۆتان هیلاك دەکەن و شەوانەش هەر خەریکی نووسین دەبن؟**

**ئەم ئالێکساندەر پترۆڤیچە مرۆڤێکی زۆر لەبەر دڵانە، بەس تەنیا یەك عەیبی هەیە کە ئەویش داوەری کردنە لە کارە ئەدەبییەکاندا، جا بەتایبەت لە بەرامبەر کەسانێکیشدا کە زۆر باش ئەو دەناسن. بەس من نامەوێ سەبارەت بە ئەدەبیات وتووێژی لەگەڵ بکەم، پارەکەم وەردەگرم و کڵاوەکەم هەڵدەگرم. ئالێکساندەر پترۆڤیچ دەیەوێت بچێ بۆ ڤێلاکەی و وەختێك کە دەزانێ من بەتەمام بچم بۆ ڤاسیلی ئۆستڕۆڤ، بە میهرەبانییەوە پێشنیار دەکات کە بە گالیسکەکەی بمگەیەنێت. دەڵێت:**

**- زانیوتانە، گالیسکەیەکی نوێم کڕیوە، هێشتا نەتان دیوە. زۆر جوانە.**

**دەچینە سەر پلیکانی بەردەم بیناکە. لە ڕاستیدا گالیسکەکەی زۆر جوانە و ئالێکساندەر پترۆڤیچ زۆر دڵی پێخۆشە، حەز دەکات نیشانی تەواوی دۆستەکانی خۆی بدات.**

**لە درێژایی ڕێگەدا دیسان دەچێتەوە سەر هەندێك سەرنج و تێبینی سەبارەت بە ئەدەبیاتی هاوچەرخ. کەیفی بەوە دێت لەبەردەم مندا لەم بارەیەوە قسان بکات و ئەو قسانەی کە لەم دواییانەدا لەم نووسەر و ئەو نووسەرەوەی بیستوون، کە بڕوایەکی تەواوی بە سەرنج و بۆچوونەکانیان هەیە، دووبارە بکاتەوە. لەم بارەیەوە هەندێك جار، هەر لەخۆوە بایەخ و ڕێزێکی زۆر بۆ هەندێك پرس دادەنێت. هەندێك جاریش دەستکاری ڕاو بۆچوونەکان دەکات و بە سەقەتی لە شوێنی نەگونجاودا دەریان دەبڕێت. منیش بەبێ ئەوەی ڕاوبۆچوونێك دەربڕم گوێی بۆ شل دەکەم و ستایشی ئەو هەموو ڕاوبۆچوون و خەیاڵ پڵاویانە دەکەم. بە خۆم دەڵێم: ((ئەم پیاوە، ڕەنگە هەموو کاتی خۆی بۆ پەیداکردنی پارە تەرخان کردبێت: بەس نا پێویستی بە ناوبانگیش هەیە، ناوبانگی ئەدەبی، ناوبانگ دەرکردن وەك بڵاوکەرەوەیەکی گەورە، یان ڕەخنەگرێکی باش!))**

---

[1]. ڕوونووسکەر: لەبەرگرەوە: نووسەرەوە.

لەم ساتەدا خەریکی دووبارەکردنەوەی سەرنج و بۆچوونێکە کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر بەخۆم لە گفتوگۆیەکدا پێم گوتبوو، کەچی ئەو کردوویەتییە هی خۆی و بە ڕوومیدا دەداتەوە. بەس ئالێکساندەر پترۆڤیچ زۆربەی کات تووشی ئەم جۆرە زەین کوێریە دێت و دۆستەکانیشی بەم خاڵە لاواز و بێزیانەی ئەو دەزانن. لە گالیسکەکەیدا دانیشتووە و خەریکی وتاردانە، هێندە لەبەخت و چارەنووسی خۆی ڕازیە کە هەر باسی مەکە! ئێستاکە وەك خوێندکارێکی زانکۆ دانیشتووە و لە بابەتێکی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و دەنگە هێمن و بەڕێزانەکەی پارمەتییەکی باشی دەدات بۆ ئەم لاف و گەزاف لێدانەی. بەرە بەرە بەو ئەنجامە دەگەم کە ئالێکساندەر پترۆڤیچ تەواوی نووسەران بە ڕاستگۆ و سەر ڕاست دەزانێت، یان بە پێچەوانەوە بە گەمژە یان بێ ئاوەز. هەڵبەتە ئەم جۆری داوەری کردنە لە دڵە زیاد لە ڕادە سافەکەی ئالێکساندەر پترۆڤیچەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەس من ئیدی گوێ بۆ قسەکانی ناگرم. لە ڤاسیلی ئۆستڕۆ دام دەبەزێنێت و منیش بەرەو لای دۆستانم ڕادەکەم. ئەمەش کۆڵانی سێزدەهەم و ئەوەش ماڵە بچووکەکەیان. ئانا کە چاوی پێم دەکەوێت، دەستەکانی دەجووڵێنێتەوە، پە نجە دەخاتە سەر لووتی بۆ ئەوەی بێدەنگم بکات.

بە چرپە پێم دەڵێت : ((نێلی تازە خەوی لێکەوتووە، توخوا هەڵی مەستێنە. زۆر لاواز بووە، زۆر خەمی ئەومە. دکتۆر گوتوویەتی هیچی نییە. خۆ مرۆڤ سەر لەم دکتۆرەی تۆ دەرناکات. ئیڤان پترۆڤیچ، تەریق نابیتەوە؟ بۆ خوانی فراوێن چاوەڕێت بوون...ئەوە دوو ڕۆژە چاومان پێت نەکەوتووە.))

بە دەنگێکی نزم گوتم: ((خۆ من پێم گوتبوون کە تا دوو ڕۆژی دی سەردانتان ناکەم. کارێکم لە بەردەستدا بوو کە دەشیا تەواوی بکەم...))

- بەس خۆ بەڵێنت دابوو کە بۆ خوانی فراوێن لای ئێمە بیت، بۆچی نەهاتیت؟ نێلی، ئەم فریشتە چکۆلانەیە، لە جێگەکەی هاتە دەرێ و گوتی جارێ چاوەڕێی ڤانیا دەبم، جا ڤانیای ئێمەش هەر خودا دەیزانی لە کوێیە. ئێستە کاتژمێر شەشی پاش نیوەڕۆیە. تۆ تا ئێستە لەکوێ بوویت؟ ئاه، هاوار لە دەست ئێوەی تەڵەکەباز. نێلی هێندە ناڕەحەت بوو کە نەمدەزانی چۆن ئارامی بکەمەوە... خۆشبەختانە خەوی لێ کەوت، ئەم فریشتەیەی من. سەرباری ئەوەش، نیکۆلای چووە بۆ شار و کەمێکی دی بۆ چا خواردنەوە دەگەڕێتەوە... پێشنیاری کارێکیان بۆ کردووە، ئیڤان پترۆڤیچ، بەس کاتێك بیر لەوە دەکەمەوە کە شوێنی کارەکەی لە *پرمە*یە، وەختە دڵم بوەستێ...

- ناتاشا لە کوێیە؟

- لە حەوشەیە، ئازیزم! بڕۆ بۆ لای... ئەویش لەم دواییانەدا ڕەفتاری زۆر سەیرە. نازانم چییەتی... ئاه، ئیڤان پترۆڤیچ، زۆر ناڕەحەتم، لەوەم دڵنیا دەکاتەوە کە خۆشحاڵ و ڕازییە، بەس من باوەڕی پێ ناکەم... بڕۆ بۆ لای، پاشان بە دزییەوە بۆم باس بکە بزانم دەردی چییە... باش؟

بەس ئیدی گوێ بۆ قسەکانی ئەو ناگرم و دەچم بۆ حەوشە. ئەمە حەوشەیەکی بچووکە و سەر بە بیناکەیە، درێژییەکەی بیست هەنگاوێك دەبێت و پانیەکەشی هەر هەمان ئەندازەیە و پڕە لە گوڵ و گیا: سێ درەختی گەورەی پڕ لە لق و پۆپ، چەند سپی دارێکی بچووك، چەند یاسە زەردە و سیا دەرمانێك، بنە تودرکێك و دوو باخچەی شلیکی تێدایە، دوو باریکە ڕێی پێچا و پێچیش بە بەینیاندا دەڕوات. نیکۆلای زۆر بەم حەوشەیەوە هۆگرە و دەڵێ بەم نزیکانە قارچکیشی تێدا دەڕوێ. نێلی زۆری حەز لەم شوێنەیە: زۆربەی کات بە کورسیەکەوە دەیهێننە ئێرە، چونکە ئێستە بووە بە چرا و تاقانە مرواری خێزانەکە. بەس ئەوەش ناتاشا. بە خەندەیەکی خۆشحاڵانەوە دێتە پێشوازیم و دەستی بەرەو لام درێژ دەکات. وای کە چەندە لاواز بووە، ڕەنگی چەندە پەڕیوە! ئەویش تازە بە تازە لە نەخۆشی نەجاتی بووە و لە جێگە هاتووەتە دەرێ.

دەپرسێ: چیرۆکەکەت تەواوکرد ڤانیا؟

- تەواوم کرد و ئیدی ئەمشەو ئازادم.

- سوپاس بۆ خوا! خۆ لە پەلە پەلیاندا تێکت نەدا، ها؟

- چار چییە! سەرەڕای ئەوەش ئەم بابەتە هیچ شتێك ناگۆڕێت. وەختێك لەژێر باری ئەم گوشارە ڕۆحیەدا کار دەکەم، دەکەومە هەلومەرجێکی هەستی تایبەتییەوە: بیرم ڕۆشنتر دەبێتەوە و بە قووڵی تێ دەفکرم، ئەوسا بەسەر شێوازی خۆمدا زاڵ دەبم، وەختێك کە دەوروژێم، باشتر دەنووسم. هەموو شتێك ڕایی دەبێت...

- ئاه، ڤانیا! ڤانیا!

سەرنجم داوە کە ناتاشا لەم دواییانەدا سەبارەت بە ناوبانگ و سەرکەوتنی ئەدەبیم زۆر هەستیارە. تەواوی ئەو کتێبانەی خوێندووەتەوە کە لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا نووسیومن و تاو نا تاوێك سەبارەت بە پلانی داهاتووم پرسیارم لێ دەکات، تەواوی ئەو ڕەخنە و توێژینەوانە دەخوێنێتەوە کە لەسەر بەرهەمەکانم نووسراون و بە هەندێکیان زۆر قەڵس دەبێ، دەیەوێت لە کایەی ئەدەبیاتدا جێگەیەکی بەرز بگرم. هێندە بە گوڕوتین و ڕاشکاوییەوە هیواکانی دەردەبڕێت کە ئەم هۆگرییە نوێیەی تەواو سەرسامم دەکات.

- گوشارێکی زۆر دەخەیتە سەر خۆت، ڤانیا، خۆت دەخەیتە ژێر باری کاری سەختەوە، دواجار تەندروستیت لەدەست دەدەیت. سەیری «س»بکە، بە دوو ساڵ جا چیرۆکێکی نووسیوە و «ن» لە ماوەی دە ساڵدا تەنها یەك ڕۆمانی بڵاوکردووەتەوە، بەس بە سەرنج و وردییەکی زۆرەوە کاری لەسەر کردووە، تەنانەت بچووکترین کەمتەرخەمی لە کارەکەیدا بەدی ناکرێت.

- بەڵێ، وەلێ ئەوان ژیانیان دابینە، ناچار نین لە ماوەیەکی دیاریکراودا بابەتێك بنووسن، کەچی من...من قەڵەم فرۆشم! بەس ئەمانە هەمووی قسەی بێ سوودن، با وازیان لێ بهێنین، هاوڕێکەم. باشە هیچی تازە هەیە؟

- بەڵێ، بەر لە هەموو شتێك، نامەیەکم لەلایەن ‹‹ئەو››ەوە بۆ هاتوە.

- هێشتاکەش؟

- بەڵێ.

ئەمەی گوت و نامەکەی ئالیۆشای پێدام. ئەمە سێیەمین نامەی دوای جیابوونەوەیان بوو. یەکەمین نامەی لە مۆسکۆوە بۆ ناردبوو کە پێدەچوو لە بارێکی پەشێو هۆشانەدا نووسیبێتی. لە نامەکەدا نووسیبووی ئەو هەلومەرجەی کە ئێستە ئەوی تێکەوتووە، ڕێگەی پێنادات بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات و بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ. لە نامەی دووەمدا ڕایگەیاندبوو کە بەم نزیکانە دێتەوە و هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکات، تازە ئەوە بڕیارێکە و دراوە، لەم دونیایەدا هیچ هێزێك ناتوانێت بەر هەڵستیی بکات. بەس بە شێوازی نووسینەکەیدا دیار بوو کە نائومێدە و دەسەڵاتێکی دی ئەو هەڵدەسووڕێنێ، هەر لە ئێستەوە گومانی لە جێبەجێکردنی ئەو قسەیە هەیە کە دەیکات. لە بابەتێکی دیدا نووسیبووی کە کاتیا مایەی سووکنایەتی و تاکە پشتیوانی ئەوە. من پەلە پەل نامەی سێیەمم هەڵپچڕاند.

بە دەست و خەتێکی ناشیرین، کە نەدەخوێنرایەوە و دیار بوو پەلە پەل نووسراوە و چەند پەڵەیەکی فرمێسك و مرەکەبی پێوە بوو، دوو لاپەڕەی تەواوی نووسیبوو. هەر لە دێڕەکانی سەرەتاوە دیاربوو کە ئالیۆشا چاوی لە ناتاشا پۆشیوە و هانی دابوو ئەو لەبیر بکات. هەوڵی دابوو پێی نیشان بدات کە هاوسەرگیرییەکەیان نەکردەیە، کەسانێکی دیکە ڕێگرییان لێ دەکەن کە دەسەڵاتێکی زۆریشیان هەیە و ئەمانیش هیچیان پێناکرێت، دواجار گەر زەماوەند بکەن ئەوا بێ لە بەدبەختی هیچی دیکەیان پێ نابڕێت، چونکە هاوشانی یەکدی نین. بەس نەیتوانی بوو هەر بەم شێوەیە درێژە بە نامەکە بدا و لە پڕ وازی لە بیانوو و پاساو هێنانەوە هێنابوو و لەجێی ئەوەی کە نامەکە بدڕێنێ و دەست بە نووسینی نامەیەکی دی بکات کە ئەو دێڕانەی سەرەوەی لەناودا نەبێت، دانی بەوەدا نابوو کە بەرامبەر بە ناتاشا گوناحبارە، مرۆڤێکی لاوازە و توانای بەرهەڵستی کردنی باوکی نییە. نووسیبووی ناتوانێ باسی ڕادەی خەم و بێتاقەتی خۆی بکات، پێی وایە بە تەواوی دەتوانێت ناتاشا خۆشبەخت بکات و لەوە دڵنیایە کە بۆ یەکدی کراون، بە پێداگری و مکووڕییەوە بەڵگە و مەنتیق هێنانەوەکانی باوکی ڕەد کردووەتەوە و لە هەمان کاتدا کتوپڕ دەستی بە وەسفکردنی ئەو خۆشبەختییە کردبوو کە لە ڕێی ئەم جیابوونەوەیەوە، بە هەردووکیان دەبڕێت. ئەگەر زەماوەندیشیان بکردبا ئەوا تا کۆتایی تەمەن بە بۆنەی ئەم لاوازی نواندنەوە نەفرەتی لە خۆی دەکرد و... پاشان بۆ تا هەتا ماڵئاواییی لە ناتاشا کردبوو. نووسینی ئەم نامەیە بۆ ئەو وەك ئەشکەنجە بوو، دیاربوو کە خۆشی لە خۆی نەگەیشتووە. فرمێسك بەر چاوەکانمی گرت. ناتاشا نامەیەکی دیی پێدام کە لەلایەن کاتیاوە نێردرابوو. لە هەمان پاکەتی نامەکەی ئالیۆشا دابوو، بەس بە جیا لاك و مۆر کرابوو. کاتیا بە کورتی و

له چەند دێڕێکدا وتبووی کە ئالیۆشا زۆر خەمگینە. بەردەوام فرمێسك دەڕێژێت و گەلێك نائومێدە، تەنانەت کەمێکیش نەخۆش کەوتووە. بەس «ئەو» بەخۆی لەگەڵی دایە و ئاگای لێیەتی. کاتیا هەوڵی دابوو بۆ ناتاشای ڕوون بکاتەوە کە نابێ پێی وابێت دڵی ئالیۆشا هەروا بەئاسانی دەسرەوێ و یان خەم و خەفەتەکەی جددی نییە. هەروەها ئەمەشی بۆ زیاد کردبوو: ((هەرگیز ئێوە لەبیر ناکات، بە لەبەرچاوگرتنی هەستەکانی بێ ڕادە ئێوەی خۆش دەوێت، بۆ ئەبەدیش خۆشتانی دەوێت، گەر ڕۆژێکیش دابێت کە ئیدی ئێوەی خۆش نەوێت، یان بیرتان لێ بکاتەوە و ئازار نەچێژێت، ئەوا من ئیدی خۆشم ناوێت...)) هەردوو نامەکەم دایەوە دەست ناتاشا و بێدەنگانە نیگایەکمان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ کرد. دەقی دوو نامەکەی پێشووش هەر شتێکی لەم بابەتە بوو، هەنووکە بڕیارمان دابوو بە گشتی هیچ قسەیەك سەبارەت بە ڕابردوو نەکەین. ناتاشا لەژێر باری ئازارێکی تاقەت پڕوکێندا بوو، بە ڕوونی ئەمەم دەبینی، بەس تەنانەت لەبەردەم منیشدا، نەیدەویست لەو بارەیەوە هیچ قسەیەك بکات.

دوای گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکی بۆ ماوەی سێ هەفتە بە لەرز و تایەکی توندەوە لە جێگەکەیدا کەوتبوو و زۆر بە کەمی دەیتوانی لە جێگەکەی بێتە دەرێ. نیکۆلای قەرار بوو کارێك پەیدا بکات و بارودۆخیان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، من و ناتاشا زۆر بە کەمی لەم بارەیەوە قسەمان دەکرد و دەمانزانی کە دەبێت ڕۆژێ لە یەکدی جیا ببینەوە. وێڕای ئەو هەموو سۆز و خۆشەویستییەی کە بۆ منی دەردەبڕی و سەرنج و گرنگییەکی زۆری پێ دەدام و بە وردییەوە گوێی بۆ قسەکانم دەگرت، لام وابوو کە دەیەوێت زەحمەتەکانی ڕابردووم بۆ قەرەبوو بکاتەوە. بەس ئەم هەستە ئازاربەخشە زوو بە زوو لەنێوچوو، تێگەیشتم کە ویستێکی دیکەی هەیە، زانیم زۆر بە سادەیی خۆشیدەوێم، بێ ڕادە بە منەوە هۆگرە و ناتوانێت بەبێ من و نیگەران بوونم درێژە بە ژیان بدات، هیچ خوشکێك هەرگیز بە ئەندازەی ناتاشا براکەی خۆی خۆش نەدەویست. دەمزانی کە جیابوونەوەکەی داهاتوومان دڵی دەشکێنێ، ئەشکە نجەی دەدات، ئەویش دەیزانی کە من ناتوانم بەبێ ئەو بژیم، بەس لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکمان نەدەکرد، وێڕای ئەوەش بە تێروتەسەلی گفتوگۆمان لەسەر ئەو ڕووداوانە دەکرد کە لە پێشماندا بوون.

هەواڵی باوکیم لێ پرسی، هاتە وەڵام:

- پێم وایە هەر ئێستە دەگەڕێتەوە، بەڵێنی داوە بۆ چا خواردنەوە لێرە بێت.

- هێشتا بۆ بەدەست هێنانی ئەم کارە لە هەوڵ و تەقەللادایە؟

- بەڵێ، بێگومان بەدەستی دەهێنێت. پێویست نەبوو بچێتە دەرەوە، بەیانیش دەیتوانی بچێت بۆ ئەوێ.

-ئەی بۆچی ڕۆیشتووە؟

- لەبەر ئەوەی ئەم نامەیەم پێ گەیشت.

دوای کەمێك بێدەنگی، دیسانەوە وتی: (( هێندە ‹‹نیگەرانی منە›› کە لە ڕاستیدا بەرگەی ناگرم، ڤانیا. لام وایە هەمیشە بیر لە من دەکاتەوە. دڵنیام زۆر خەفەت لەو ناسۆری و دەردەسەرییانە دەخوات کە لەبەردەمم دانە و بیریان لێ دەکەمەوە. تەواوی خەمەکانم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئەو هەیە. دەبینم کە جار جار ناشیانە هەوڵ دەدات بەسەر خۆیدا زاڵ ببێت، وای نیشان بدات کە خەمی منی نییە. خۆی خۆشحاڵ بنوێنێت، پێبکەنێت، سەرگەرممان بکات. دایەش لەم دواییانەدا ناڕەحەتە و بڕوای بەم کەیف و شادییانەی من نییە، ئاه هەڵدەکێشێت...ئەویش نازانێت ڕواڵەت سازی بکات...)) پاشان بە پێکەنینەوە بۆی زیاد کرد: (( دایە مرۆڤێکی ڕووڕاستە! جا ئەمڕۆ وەختێك کە ئەم نامەیەم پێ گەیشت، باوکم دەمودەست کارێکی کردە بیانوو و چووە دەرێ. من ئەوم لە خۆم و لە هەموو کەسێکی نێو ئەم دونیایە خۆشتر دەوێت، ڤانیا.)) سەری دانەواند و دەستمی گوشی و درێژەی پێدا: (( تەنانەت لە تۆیش زیاتر...))

بەر لەوەی کە دیسان بێتە قسە، دوو جار بە دەوری حەوشەکەدا پیاسەمان کرد، دواجار گوتی:

- فیلیپ ئەمڕۆ هات بۆ لامان، دوێنێش هات.

- بەڵێ، لەم دواییانەدا خووی بە ئێوەوە گرتووە. ئایا دەزانیت بۆچی دێتە ئێرە؟

- دایە متمانەیەکی زۆری بەو هەیە. لای وایە کە شتگەلێکی زۆر دەزانێت، لە (یاسا و شت) دا شارەزاییی هەیە و دەتوانێت هەموو کێشەیەك چارەسەر بکات. دەزانیت دایە خەفەت لە چی دەخوات؟ لە ناخی دڵەوە ناڕەحەتی ئەوەیە کە من بۆ نەبوومە شازادە. شەوانە لەبەر ئەم فکرە خەوی لێناکەوێت و پێم وایە کە ئەم بابەتەی لەگەڵ فیلیپدا باس کردووە. زاتی نییە لەم بارەیەوە هیچ قسەیەك لەگەڵ باوکمدا بکات، لای وایە کە فیلیپ دەتوانێت یارمەتیمان بدات و سوود لە یاسا وەربگرێت. هەڵبەتە فیلیپیش قسەکانی ڕەد ناکاتەوە.))

- تەڵەکەبازی ئاوها ئەم جۆرە کارانەی لێ دەوەشێتەوە! تۆ چۆن ئەم شتانەت زانیون؟

- دایە بەخۆی پێی گوتووم...هەڵبەتە بە ناڕاستەوخۆ...

لەوم پرسی: ((ئەی نێلی، تەندروستی چۆنە؟))

ناتاشا بە شێوەیەکی سەرزەنش ئامێز گوتی: ((سەیرم لێت دێت، ڤانیا! تازە بە تازە هەواڵی ئەوم لێ دەپرسیت!))

نێلی ببووە چەپکە گوڵی خێزانەکە و ناتاشا خۆشەویستییەکی زۆری بۆی هەبوو. دواجار بە تەواوی بوونیەوە خۆی بۆ ئەو تەرخان کردبوو. داماوی ئاوها هەرگیز پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە مرۆڤە سۆزدار و بەزەییانە ببێتەوە! بە خۆشحاڵییەوە دەمڕوانی کە دڵە پڕ لە ڕق و قینەکەی دواجار نەرم بووە و ڕۆحی بە ڕووی هەمووندا ئاوەڵا کردووە. لە بەرانبەر سۆز و خۆشەویستیی ئەواندا، بە هەیەجانێکی نەخۆشانەوە دەهاتە وەڵام کە

بە تەواوی لەگەڵ خورەوشتی ڕابردووی، کە بریتی بوو لە شەڕەنگێزی، سەرسەختی و بەدگومانی، ناکۆك بوو. گەرچی نێلی ماوەیەکی زۆر ئەو فرمێسکانەی لێ شاردینەوە کە بە بۆنەی ئەم ئاشتبوونەوەیەوە لە چاوانیدا پەنگیان خواردبووەوە، بەس دواجار خۆی بەدەستەوە دا. سەرەتا زۆر هۆگری ناتاشا بوو و پاشان خووی بە نیکۆلایەوە گرت. بەس من، بۆ ئەو بووبوومە شتێکی تەواو پێویست و گەر تا ماوەیەك منی نەدیتبووبا، نەخۆشییەکەی تاوی دەسەند. دواهەمین جار کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ نەچووبوومە دیداری و بە تەواوکردنی ڕۆمانەکەمەوە خەریك بووم، دوای دنیایەك کردوکۆش جا توانیم ئارامی بکەمەوە. نێلی هێشتا بە تەواوی ڕووی نەکرابووەوە و شەرمی دەکرد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئازادانە هەستی خۆی دەربڕێ.

هەموومان لە خەمی ئەودا بووین. بە شێوەیەکی سەرپێییانە قایل بووبوو کە لە ماڵی نیکۆلای بمێنێتەوە: کاتی ئۆغرکردن نزیك ببووەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژ حاڵی خرا پتر دەبوو. هەر لەو ڕۆژەوەی کە هێنام بۆ ماڵی نیکۆلای، یانی ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ ناتاشا ئاشت بوونەوە، نەخۆش کەوت. بەس ئەوە چی دەڵێم؟ ئەو دایمەی خوا نەخۆش بوو. نەخۆشی لەمێژە جێی خۆی لەودا خۆش کردبوو، بەس هەنووکە بە شێوەیەکی ئەقڵ نەبڕانە تەشەنەی دەکرد. بە دروستی نازانم نەخۆشییەکەی چی بوو و باش ناتوانم قسەی لەسەر بکەم. ڕاستە کە نۆرەی فێکانی لەچاو ڕابردوودا زیاتر ببوون، بەس گوشاری دەماری و تای بەردەوام ناچاریان دەکرد لەم ڕۆژانەی دواییدا هەمیشە لە جێگە دا بێت. سەیر لەوەدا بوو کە تا چەندە نەخۆشییەکەی تاوی دەسەند، ڕەفتار و ڕەوشتی نەرم و نیانتر دەبوو و زیاتر متمانەی بە ئێمە دەکرد.

سێ ڕۆژ لەمەوبەر کە بە تەك جێگەکەیدا ڕادەبووردم، دەستمی گرت و منی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. ئەو ژوورە تەنیا ئێمەی تێدا بووین. ڕووخساری لە تاو تادا گڕی گرتبوو (بە شێوەیەکی تۆقێنەر لاواز ببوو)، چاوەکانی بریقەیان دەهات. بە جووڵەیەکی گەشەنگانەوە بەرەو لام چەمییەوە، دەستی کردە ملم و ماچمی کرد، جا پاشان یەکسەر داوای ناتاشای کرد. من بانگیم کرد، نێلی داوای لێ کرد لە کەنارێکی تەختە خەوەکەیەوە دابنیشێ و تەماشای بکات...

بە ناتاشای گوت: ((منیش حەزم لێیە تەماشاتان بکەم. دوێشەو خەوم بە ئێوەوە بینی و ئەمشەویش هەروا دەبێت... زۆربەی کات ئێوە دێنە خەوم... هەموو شەوێك...))

بە ڕوونی دەیویست شتێك، یان هەستێك کە لە دڵیدا پەنگی خواردبووەوە و ئازاری پێدەگەیاند، دەربڕێ و دڵی خاڵی بکاتەوە، بەس خۆیشی تێنەدەگەیشت کە چ هەستێکە و نەشیدەزانی بە چ شێوەیەك دەری ببڕێت...

نێلی دوای من، زیاتر لە هەمووان بە نیکۆلایەوە هۆگر بوو و خۆشەویستییەکی زۆری بۆی هەبوو. دەبێ ئەوەشی بۆ زیاد بکەم کە نیکۆلایش بە نۆبەی خۆی، هێندەی ناتاشا ئەوی خۆش دەویست. دەستێکی باڵای بۆ خستنە پێکەنین و دڵخۆشکردنی ئەو هەبوو. هەرکە پێی دەنایە ژوورەکەی ئەو، پێکەنین و گاڵتە و گەپ دەستی پێدەکرد. کچەی نەخۆش بە وێنەی منداڵێك دەکەوتە کەیف و شادی، سەری دەخستە سەر پیرەمێردەکە، ناز و نووکی بەسەردا دەکرد،

خەونەکانی خۆی بۆ دەگێڕایەوە، هەڵبەتە زۆربەیانی لە بەرکی خۆیدا دەردەهێنا، پاشان داوای لە پیرەمێردەکە دەکرد کە ئەویش خەونەکانی خۆی بگێڕێتەوە و ئەویش لە بەرانبەر ئەم (کچۆڵە نازەنینەیدا، نێلی) تەواو شاد و خۆشحاڵ دەبوو و ڕۆژ دوای ڕۆژیش زیاتر پێیەوە هۆگر دەبوو.

شەوێکیان، دوای خاچکێشان و دوعاکردن بۆ نێلی، لە ژوورەکەی ئەو هاتە دەرێ و بە منی گوت: ((خوداوەند بۆ قەرەبووکردنەوەی تەواوی مەینەت و دەردەسەرییەکانی ڕابردوومان ئەوی بۆ ناردووین.))

دەمەو ئێواران هەموومان لە دەوری یەکدی کۆ دەبووینەوە (فیلیپیش کەم تا زۆر هەموو ڕۆژێك سەردانی دەکردین)، دکتۆریش ببووە هاوڕێیەکی نزیکی نیکۆلای و جار جار لە کۆڕەکەماندا ئامادەگیی هەبوو. ئەوسا نێلیمان بە خۆی و کورسییەکەیەوە دەهێنایە نێو کۆڕەکە و دەرگەی هەیوانەکەشمان دەخستە سەر پشت. چاومان لە حەوشەکە دەبڕی کە لەبەر پرشنگی خۆری دەمەو ئێواراندا سەرانسەر دەکەوتە درەوشانەوە. بۆن و بەرامەی سەوزە گیا و یاسە زەردە دەهاتە نێو ژوورەکە. نێلی لەسەر کورسییەکەی، بە نیگایەکی سۆزدارانەوە چاوی لێ دەبڕین و گوێی بۆ قسەکانمان شل دەکرد. جاروبار دەخرۆشا و چەند قسەیەکی دەکرد. ئێمە بە نیگەرانییەوە گوێمان بۆ قسەکانی دەگرت، چونکە هەندێك یادگاریی دەگێڕایەوە کە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەك ئاماژەیان پێ بکرێت. من، ناتاشا و نیکۆلای و ئانا خۆمان بە گوناحبار دەزانی کە ئەو ڕۆژە لێگەڕابووین سەربووردەی ژیانیمان بۆ بگێڕێتەوە. دکتۆر بە هەموو شێوەیەك دژی زیندووکردنەوەی ئەم بیرەوەرییانە بوو و هەمیشە هەوڵی گۆڕینی باسەکەی دەدا. ئەوسا نێلی هەوڵی دەدا وای بنوێنێ کە ئاگای لەم کردوکۆشانەی ئێمە نییە و لەگەڵ دکتۆر و نیکۆلای دەستی بە پێکەنین دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژ دوای ڕۆژ حاڵی نالەبارتر دەبوو، زیاد لە ڕادە هەستیار ببوو. لێدانی دڵی نا ڕێکوپێك بوو. تەنانەت دکتۆر بە منی گوت بۆی هەیە بەم نزیکانە بمرێ.

من لەم بارەیەوە هیچم بە نیکۆلای و هاوسەرەکەی نەگوت، نەمدەویست ناڕەحەتیان بکەم. نیکۆلای دڵنیا بوو کە تا وەختی ڕۆیشتن تەندروستیی باش دەبێتەوە.

ناتاشا لەگەڵ بیستنی دەنگی باوکیدا گوتی: ((ئەوە باوکیشم هاتەوە. با بچینە ژووری ڤانیا.))

نیکۆلای هەرکە پێی نایە ژوورەکەوە، وەك خووی هەمیشەیی خۆی، بە دەنگی بەرز دەستی بە قسە کرد. ئانا بە جووڵەی سەر و دەست ئاماژەی پێدا کە بە هێواشی قسە بکات. نیکۆلای کە چاوی بە ئێمە کەوت، هێور بووەوە و دەستی بە گێڕانەوەی هەوڵ و تەقەللاکانی کرد: دڵنیایان کردبوو ئەو ئیشەی کە داوای کردووە بۆی دابین کراوە و ئەویش لەم بارەیەوە زۆر خۆشحاڵ بوو.

دەستەکانی لێك خشاندن، بە نیگەرانییەوە سەیرێکی ناتاشای کرد و گوتی: ((دوای پازدە ڕۆژێکی دی بەڕێ دەکەوین.)) بەس ناتاشا بە بزەیەك وەڵامی دایەوە و ئەوی ماچ کرد، دواجار پیرەمێرد لەم بارەیەوە خەیاڵی ئاسوودە بوو.

بە شادمانییەوە هاواری کرد: ((با بڕۆین، با بڕۆین هاوڕێکانم، با بڕۆین. بەس ڤانیا بەجێهێشتنت بۆ من کارێکی زۆر دژوارە... (دەبێ ئەوەتان بیر بهێنمەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خورەوشتەی کە هەیبوو، گەر لە هەلومەرجێکی دیکەدا بووبا، یانی گەر نەیزانی بووبا من عاشقی ناتاشام، پێشنیاری بۆ دەکردم کە منیش لەگەڵیاندا بڕۆم.)

دووبارە سەیرێکی کچەکەی کردەوە و درێژەی پێدا: ((چارمان چییە هاوڕێکانم؟ ڤانیا بەجێهێشتنی تۆ شتێکی بە ئازارە، بەس گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون، گیانێکی تازە بە بەر هەمووماندا دەکاتەوە... گۆڕینی شوێنی ژیان، یانی گۆڕینی ‹‹هەموو شتێك!››.))

ئانا پرسیی: ((ئەی چی لە نێلی بکەین؟))

- نێلی؟ باشە، ڕاستە کە ئەم کچە ئازیزەمان ئێستە کەمێك نەخۆشە، بەس بێگومان تا ئەو وەختە تەندروستیی باش دەبێتەوە. ئێستەش باشتر بووە.

بە سیمایەکی نیگەرانەوە سەیرێکی منی کرد، وەك بڵێیت دەبوو من ئەم کێشەیەی بۆ چارەسەر بکەم، پاشان پرسیی: ((ڕای تۆ چییە، ڤانیا، ئێستە حاڵی چۆنە؟ باش نوستووە؟ هیچ پێشهاتێك ڕووی نەداوە؟ دەبێ ئێستە لە خەو هەستابێت، ها؟ دەزانیت ئانا: مێزە بچووکەکە لە هەیواندا دادەنێین، ئەتۆش سەماوەرەکە بهێنە، لەگەڵ هاوڕێکانمان لەوێ کۆدەبینەوە، نێلیش دێت... فکرەیەکی باشە، ئەرێ؟ بەس هەر بەڕاست، هێشتا هەڵنەستاوە؟ دەڕۆم بزانم، سەیرێکی دەکەم))، جا کە بینیی ئانا دیسان بە سەر و دەست ئاماژەی بۆ دەکات، بۆی زیاد کرد: خەمت نەبێ هەڵی ناستێنم.

نێلییش لەو کاتەدا بەئاگا هاتبوو و بۆ چارەکێك دواتر، هەمووومان وەك هەمیشە لە دەوری سەماوەرەکە دانیشتبووین.

نێلیان بە کورسییەکەیەوە هێنا، دکتۆر و فیلیپیش گەیشتنە ئەوێ. فیلیپ دەستە گوڵێکی زەنبەقی گەورەی بۆ نێلی هێنابوو. بەس بێتاقەت بوو و بە سیمایدا نیگەران دەینواند.

بەڕاست، هەر بەو جۆرەی کە پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، فیلیپ هەموو ڕۆژێك سەردانی ئەوانی دەکرد و ئانا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵدا دروست کردبوو، بەس بە هیچ شێوەیەك قسەیان لەبارەی ئالێکساندرا نەدەکرد.

فیلیپیش ناوی ئەوی نەدەهێنا. بە ئانام گوتبوو کە ئالێکساندرا هێشتا هاوسەری ‹‹شەرعی››ی فیلیپ نییە، بڕیاری دابوو کە ئیدی نە داوەتی ماڵەوەی بکات و نە بە هیچ شێوەیەك ناوی بهێنێ. بەم پێیە هەمووان و بە تایبەت ئانا پابەندی ئەم بڕیارە بوون. لە لایەکەوە گەر ناتاشا لەوێ ئامادەگیی نەبووبا و ئەو بەسەرهاتانە ڕوویان نەدابووبا، ئەوا بۆی هەبوو لەم بارەیەوە ئەوەندە پێداگریی نەکردبا.

نێلی ئەو شەوە زۆر خەمگین و خەیاڵاوی دەینواند. دەتگوت خەوێکی ناخۆشی دیوە و هێشتا بیری لێ دەکاتەوە. بەس وا دیاربوو زۆر دڵی بەو گوڵانە خۆشە کە فیلیپ بۆی هێنابوو و هەروەها بە چێژەوە لێی دەڕوانین کە کرابوونە گوڵدانێکەوە و لە تەنیشتییەوە دانرابوون.

نیکۆلای پرسیی: (( پێدەچێ زۆرت حەز لە گوڵ بێت، نێلی؟)) پاشان بە بارێکی خرۆشاوەوە بۆی زیاد کرد: (( پەلەت نەبێ، بەیانی دەیبینیت!...))

نێلی وەڵامی دایەوە: ((بەڵێ، زۆرم حەز لێیانە و بیرم دێت کە جارێکیان چەپکە گوڵێکمان بۆ دایە هێنابوو. ئەو سەردەمانەی کە هێشتا ‹‹لەوێ›› بووین (مەبەستی لە ‹‹ئەوێ›› دەرەوەی وڵات بوو)، دایە هەموو مانگێك نەخۆش دەکەوت، جا من و هێنریش بڕیارمان دا کە باش بووەوە و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ (بۆ مانگێك دەچوو کە لە ژوورەکەیدا کەوتبوو)، تەواوی ژوورەکان بە گوڵ بڕازێنینەوە. هەر واشمان کرد. شەوێکیان دایە پێمانی گوت بەیانی هەمووومان پێکەوە بەرچایی دەخۆین. ئەوسا من و هێنریش سەرلەبەیانی لە خەو هەستاین. هێنری گوڵگەلێکی زۆری کڕی و ئێمەش لە ڕێگەی هەندێك سەوزەگیای دیکەوە هاوشێوەی چەند تاڵێکی پێچاوپێچمان لێکردن و بە ژوورەکەدا هەڵمان واسین. چەند چەپکێکی دیکەشمان کردنە نێو گوڵدانەکانەوە. وەختێك کە دایە لە ژوورەکەی هاتە دەرێ، ئێجگار سەراسیمە بوو و چێژێکی زۆری لەو دیمەنە وەرگرت، هێنریش خۆشحاڵ بوو... بیرم دێت... ))

ئەو شەوە نێلی لە هەموو کاتێکی دی بێزار و بێتاقەتتر بوو، دکتۆر بە سیمایەکی نیگەرانەوە لێی دەڕوانی. بەس نێلی حەزێکی زۆری بۆ قسەکردن هەبوو. ماوەیەکی درێژ، تا داهاتنی شەو هەر باسی بیرەوەرییەکانی دەرەوەی وڵاتی بۆ کردین. ئەو و دایکی و هێنری گەشتگەلێکی زۆریان کردبوو، بەبیر هاتنەوەی ئەم یادەوەرییانە زۆر دەوروژا. بە خەمگینییەوە باسی ئاسمانی شین، کێوی بەرزی بەفرگرتوو، بەستەڵەکەکانی سروشت، ئەو گۆماوانەی کە پێیاندا ڕابردبوون، پاشانیش دەریاچەکان، دۆڵەکانی ئیتاڵیا، گوڵەکان، درەختەکان، خەڵکی لادێکان، جلەکانیان، ڕووخساری خۆربردوو و چاوە ڕەشەکانیانی دەکرد. ئەو دیدار و پێشهاتانەی بۆ گێڕاینەوە کە هاتبوونە ڕێیان، دواتر دەستی بە باسی شارانی گەورە، کوخەکان، کڵێساکان و گۆمەزە گەورەکانیان کرد کە بە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕووناك کرابوونەوە، پاشان هاتە سەر باسی شارێکی گەرمی باشوور، کە دەریا و ئاسمانێکی شینی هەبوو... نێلی تا ئەو کاتە هەرگیز بەم تێر و تەسەلی و وردەکارییەوە باسی بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ نەکردبووین. بە سەرنجێکی

زۆرەوە گوێمان بۆ قسەکانی دەگرت. تا ئەو ساتە هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئەو یادگارییانەی نەبوو، یادگاری نێو شارێکی مۆن کە بە ئاسمانێکی تاریك، کەشێکی تاقەتپڕوکێن و بێزارکەر، هەوایەکی پیس، کوختگەلێکی گرانبایی و قوڕاوی، خۆرەتاوێکی بێڕەنگ و نیشتەجێیانێکی بەدفەڕ و نیوەشێت، کە تا ئەو کاتە هیچمان لەبارەوە نەبیستبوو، شارێك کە ئەو و دایکی لەوێندەرێ دەردەسەرییەکی زۆریان کێشابوو. ئەوانم دەهێنایە بەرچاوی خۆم کە لە ژێرزەمینێکدا یەکدیان لە باوەش گرتووە و یادی ڕابردوویان هێنری کە ئیدی بوونی نەبوو و شارگەلێکی جوان دەکەنەوە. هەروەها نێلیم دەبینی کە دوای مردنی دایکی بە تەنیا ماوەتەوە و بۆبنۆڤا بە لێدان و سەرسەختی دەیەوێ پەلکێشی نێو چە پەلکاریی بکات...

بەس ئیدی نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدا، حاڵی خراپ بوو و بردیانەوە بۆ ژوورەکەی. نیکۆلای زۆر ترسابوو و داخی ئەوەی بوو کە هێشتبوومان ئەم قسانە بکات. نێلی تووشی فێ بوو، شتێکی هاوشێوەی لە ترپە کەوتنی دڵ. تا ئێستە چەند جارێك تووشی ئەم حاڵەتە ببوو، وەختێك کە هەڵمەتی فێکەی تەواو بوو، نێلی گوتی دەیەوێ چاوی بە من بکەوێ. دەیویست بابەتێکی تایبەتم بۆ باس بکات. هێندە پێداگریی کرد کە دکتۆر دواجار مۆڵەتی پێدام لەگەڵیدا بە تەنیا بمێنمەوە. هەمووان ژوورەکەیان جێهێشت.

وەختێك کە تەنیا ماینەوە گوتی: ((ڤانیا، دەزانم کە ئەوان لایان وایە من لەگەڵیاندا دەڕۆم، بەس ناڕۆم، چونکە ناتوانم، لەگەڵ تۆ دەمێنمەوە، ئەمە ئەو شتە بوو کە دەمویست پێتی بڵێم.))

بە ئەرکی خۆمم زانی کە قایلی بکەم هەتا لەگەڵ ئەواندا بڕوا: پێم گوت لە ماڵی نیکۆلایدا هەمووان هێندەیان خۆشدەوێت کە حسێبی ئەندامێکی خێزانەکەی خۆیانی بۆ دەکەن و گەر نەکەوێتە گەلیان هەمووان بێتاقەت دەبن، کەچی لە ماڵی مندا، بە پێچەوانەوە، ژیانێکی سەخت و دژوار بەسەر دەبا و وێڕای ئەو هەموو خۆشەویستییەی کە بۆ ئەوم هەیە، دەبێت لێك جیا ببینەوە.

بە شێوەیەکی بنجبڕانە هاتە وەڵام: ((نا، مەحاڵە: زۆربەی کات دایە دێتە خەوم، پێم دەڵێ لەگەڵ ئەواندا نەڕۆم و لێرە بمێنمەوە. دەڵێ لەبەر ئەوەی باپیرەم بە تەنیا جێهێشتووە تووشی گوناحێکی گەورە بوومە و لە وەختی کردنی ئەم قسانەشدا دەکەوێتە گریان. دەمەوێ لێرە بمێنمەوە و ئاگام لە باپیرە بێت.))

بە سەرسامییەوە گوتم: ((وەڵێ بەخۆت باش دەزانیت کە باپیرەت مردووە!)) لێم ڕاما و فکر و خەیاڵ دایگرت، پاشان گوتی:

- جارێکی دی باسی مردنەکەیم بۆ بکە. هەموو شتێکم بۆ بگێڕەرەوە و هیچ شتێك مە پەڕێنە.

ئەم داوایەی ئەو تەواو سەراسیمەی کردم، بەس بە تەواوی وردەکارییەوە بەسەرهاتنی مردنەکەیم بۆ گێڕایەوە. وای بۆ دەچووم کە تووشی ورێنەکردن بووبێت، یان بە بۆنەی ئەم دواهەمین هەڵمەتەوە حاڵی تێکچووبێت و هێشتا نەهاتبێتەوە سەر خۆی.

بە سەرنجەوە گوێی بۆ قسەکانم گرت. بیرم دێ بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە قسەم بۆ دەکرد، تەنانەت بۆ ساتێکیش چاوە ڕەش و بیمارەکانی لێ لا نەدەدام. هەوای نێو ژوورەکە بەرە بەرە تاریک دادەهات.

دوای تەواوبوونی قسەکانم، دووبارە بۆ ساتێك تێفکری و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوانە گوتی: ((نا، ڤانیا، باپیرە نەمردووە. دایە زۆربەی کاتەکان باسی باپیرەم لەگەڵ دەکات، دوێنێ کە پێم گوت باپیرە مردووە، زۆر ناڕەحەت بوو، دەستی بە فرمێسك ڕشتن کرد و گوتی نا ئەوە ڕاست نییە، دەسئەنقەست پێمیان گوتووە ئەو مردووە، دەنا هێشتا ماوە و ڕۆژانە خەریکی سواڵکردنە، وەك چۆن من و تۆ لە ڕابردوودا ئەو کارەمان دەکرد، هەمیشەش لەو شوێنەیە کە بۆ یەکەمین جار چاوم پێی کەوت، ئەو شوێنەی کە من لەوێ خۆم خستە بەر پێی و ئازۆرکار منی ناسییەوە.))

- بەس ئەمە تەنیا خەونە، نێلی، خەوێکی ناڕەحەتکەرە، چونکە تۆ نەخۆشیت.

- منیش هەروا بە خۆم دەڵێم و لەو بارەشەوە قسەم لەگەڵ هیچ کەسێك نەکردووە. تەنیا حەزم دەکرد ئەمانەت بۆ باس بکەم. بەس ئەمڕۆ بەر لە هاتنی تۆ، خەوم بە باپیرەوە بینی. لە ماڵەکەیدا دانیشتبوو و چاوەڕێی من بوو. زۆر لاواز بووبوو و سیمایەکی تۆقێنەری هەبوو. بە منی گوت ماوەی دوو ڕۆژە خۆی و ئازۆرکار هیچیان نەخواردووە، جا لێم تووڕە بوو و سەرکۆنەی کردم. هەروەها گوتی ئەفیونی نەماوە و بەبێ ئەفیون ناتوانێ درێژە بە ژیان بدا. ئەمانە هەمووی ڕاستن ڤانیا، ڕۆژێك دوای مردنی دایە، چووم بۆ لای و هەمان ئەو قسانەی بۆ کردم. بە تەواوی نەخۆش بوو و ئیدی لە هیچ تێنەدەگەیشت. ئەو ڕۆژەش کە ئەم قسانەی بۆ کردم، بە خۆمم گوت: ((دەچم بۆ سەر پرد و سواڵ دەکەم و نان و پەتاتەی ئامادەکراو و ئەفیونی بۆ دەکڕم.)) پاشان وام هاتە بەرچاو کە لەوێم و خەریکی سواڵ کردنم، باپیرەش لەو دەوروبەرانەیە، چەند ساتێك چاوەڕێ ماو و پاشان هات تا بزانێ چەندم سواڵ کردووە، پارەکەی لێ وەرگرتم و گوتی: ((ئەم پارەیە بۆ کڕینی نان، ئێستەش بڕۆ پارەی پەتاتە و ئەفیونەکە پەیدا بکە.)) هەر واشم کرد. دووبارە هاتەوە و پارەکەی لێ وەرگرتم، بەوم گوت پێویست نەبوو بێت بۆ لام، بەخۆم پارەکانم بۆ دەهێنا و هیچم بۆ خۆم گل نەدەدایەوە. ئەوسا هاتە وەڵام: ((وەڵێ نا، تۆ دزیم لێ دەکەیت، بۆبنۆڤا گوتوویەتی تۆ دزیت، هەر لەبەر ئەوەش بە هیچ شێوەیەك ناهێڵم لە ماڵەکەمدا بمێنیتەوە. چیت لەو سکە پێنج کۆپیکییە کرد؟)) دەستم بە گریان کرد چونکە باوەڕی پێ نەدەکردم، بەس گوێی نەدەدا و هاواری بەسەردا دەکردم: (( پێنج کۆپیکیت لە من دزیوە!)) جا دواتر هەر لەسەر پردەکە دەستی بە لێدانم کرد. ئازارێکی زۆرم پێگەیشت و

گەلێك گریام... هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێستە پێم وایە زیندووە، لە شوێنێکدا خەریکی پیاسەکردنە و چاوەڕێی منە...))

دووبارە هەوڵم دا بیهێنمەوە سەر خۆی، ئەم فکرەی لە مێشك دوور بخەمەوە و دواجاریش لام وابوو کە توانیومە ئەم کارە بکەم. گوتی ناوێرێ بخەوێ، چونکە دیسان خەون بە باپیرەیەوە دەبینێت. دواجار دەستەکانی لە ملم ئاڵاند، سەری بە سنگمەوە گوشی و گوتی:

- وێڕای ئەوەش، ڤانیا، ناتوانم لە تۆ دوور بکەومەوە. گەر لەبەر باپیرەم نەبووبا، ئەوا هەموو تەمەنم لەگەڵ تۆ بەسەر دەبرد.

نێلی تووشی تەنگژەیەکی دەماری بووبوو و هەمووان نیگەرانی ئەو بوون. من ئەوەم بۆ دکتۆرم گێڕایەوە کە نێلی پێمی گوتبوو و داوام لێکرد ڕای بنجبڕانەی خۆیم لەسەر نەخۆشییەکەی ئەو پێ بڵێت.

بە سیمایەکی تێفکرانەوە گوتی: ((هێشتا خۆیشم دڵنیا نیم: هەوڵ دەدەم سەری لێ دەربکەم. بەهەرحاڵ، ئەو بەم نەخۆشییەوە دەمرێت و هیچ ئەگەرێکی زیندوومانەوەی لە ئارادا نییە. بەم زووانە دەمرێت. هەر بەو جۆرەی کە داوات لێ کردم، لەم بارەیەوە هیچ بەوان ناڵێم، بەس زۆر ناڕەحەتم و بڕیارم دا بەیانی پشکنینێکی بۆ بکەم، بەشکوم نەخۆشییەکەی سووکتر بووبێت. بەس هەر بەڕاستی بەزەییم بەم منداڵەدا دێتەوە، هەر دەڵێیت کچی خۆمە... کچۆڵەیەکی لەبەر دڵانە! ڕۆحێکی زۆر گەش و شادی هەیە.))

نیکۆلای زۆر خەمگین بوو. بە منی گوت:

- فکرەیەکم بە مێشکدا هاتووە، ڤانیا: ئەو زۆر حەزی لە گوڵە. بەیانی، وەختێك لە خەو ڕابوو، هەمان ئەو کارەی بۆ دەکەین کە هێنری بۆ دایکی ئەوی کردبوو و ئەمڕۆ بۆی گێڕاینەوە، بەمە سەراسیمەی دەکەین... ئەو بە هەیەجان و خرۆشانێکی زۆرەوە ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕاینەوە.

من گوتم: ((بەس هەنووکە هەیەجان و خرۆشان هیچ خاسیەتێکی بۆ ئەو نییە...))

- بەڵێ، بەس هەیەجان و خرۆشانی چێژبەخش شتێکی دیکەیە! ئەزموونەکانی من پەسەند بکە، ئازیز، هەیەجانە چێژبەخشەکان هیچ زیانێکیان نییە، تەنانەت بۆی هەیە ببنە شیفابەخشی، یارمەتیی تەندروستیی بدەن.

ئەو فکرەیەی کە بە مێشکیدا ڕابردبوو، هێندەی وروژاندبوو کە جێی بەخۆی نەدەگرت. توانام نەبوو لەم کارەی پاشگەز بکەمەوە. ڕاوێژم لەگەڵ دکتۆر کرد، بەس بەر لەوەی دکتۆر ڕای خۆی دەرببڕێت، پیرەمێردەکە کڵاوەکەی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەرکەوت هەتا نەخشەکەی خۆی جێبەجێ بکات. وەختی ڕۆیشتن بە منی گوت: ((لەم نزیکانەدا گوڵخانەیەك هەیە، گوڵخانەیەکی دڵڕفێن. باخەوانەکانی ئەوێ بە نرخێکی ئێجگار هەرزان گوڵەکان دەفرۆشن.

لەم بارەیەوە دوو قسە لەگەڵ ئەودا بکە هەتا لەم دەستبڵاوییەم قەڵس نەبێت... باشە، کەواتە دەست بەکار دەبم... ئاە، بەڵێ، دەمویست لێت بپرسم ئێستە نیازی کوێت هەیە، هاوڕێی ئازیز؟ تۆ کارەکەتت تەواو کردووە، هیچ حسێبێکت لەگەڵ خاوەن کارەکەت نەماوە، بەم پێیەی ناچار نیت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، وانییە؟ ئەمشەو لێرە بمێنەرەوە. لە ژوورەکەی خۆتدا، هەروەك ڕابردوو، بیرت دێت؟ جێگەکەت هێشتا وەك خۆی ماوە و کەس دەستی لێ نەداوە. بۆ خۆت وەك پاشایەك بۆی دەنوویت. باشە؟ دەمێنیتەوە؟ بەیانی کەمێك زوو لە خەو هەڵدەستین، گوڵەکان دەنێرن و نزیکەی کاتژمێر هەشت پێکەوە ژوورەکە دەڕازێنینەوە. ناتاشایش یارمەتیمان دەدات: ئەو سەلیقەی لە ئێمە باشترە... ڕازییت؟ کەواتە شەو لێرە دەمێنیتەوە، باشە؟))

بڕیارم دا شەو لەوێ بمێنمەوە. پیرەمێرد دواجار بە ئامانجی خۆی گەیشت. دکتۆر و فیلیپ ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن. نیکۆلای کاتژمێر هەشت چوو بخەوێ. ئەو ڕۆژە فیلیپ بێتاقەت و دڵپەرۆش دیار بوو، دەیویست شتێکم پێ بڵێ، بەس هەڵیگرت بۆ کاتێکی دی. وەختێك ماڵئاواییم لە دۆستانم کرد و چوومە ژوورەکەم، بەو پەڕی سەرسامییە سەیر دەکەم فیلیپ لەوێیە. لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو و خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبێك بوو. چاوەڕێی من بوو.

- ڕام گۆڕاوە ڤانیا، دەمەوێ هەر ئێستە بابەتەکەت بۆ باس بکەم. بەسەرهاتێکی گەمژانەیە، تەنانەت دەشکرێ بڵێین جێگەی داخە...

- چی قەوماوە؟

- ئەم شازادە کڵاوچییە دوو حەفتە لەمەوبەر خۆی تووڕە کردبوو و منیش تا ئێستە هەر ناڕەحەتم و لێی بە ڕقدا کەوتووم...

- چۆن؟ نەکا هێشتا پەیوەندیت لەگەڵیدا مابێت؟

- هێشتا هیچم نەگوتووە، کەچی تۆش دەستت بە چۆن و بۆچییەکانت کردەوە، وەك بڵێیت کارەساتێك ڕووی دابێت. تۆیش هەر دەڵێیت ئالێکساندرایت، یان هەموو ژنانی پشوو کورتی دی... تاقەتی ژنانم نەماوە!... گەر قارە قاری قاڵاوێکیش ببیستن دەمودەست دەڵێن ((ئەیەڕۆ دەبێ چی قەومابێت)).

- تووڕە مەبە فیلیپ!

- بە هیچ شێوەیەك تووڕە نیم. وەلێ دەبێت بە دیدێکی مەنتیقیانەوە لە مەسەلەکان بڕوانیت... هەر ئەوەندە و بەس!

تا ماوەیەك بێدەنگ بوو، دەتگوت لێم دڵگران بووە. منیش ئیدی هیچم نەگوت.

- دەزانیت هاوڕێ، سەرەداوێکم پەیدا کردووە... یان لە ڕاستیدا پەیدام نەکردووە، چونکە هیچ سەرەداوێك بوونی نییە، بەس لام وایە... بە لەبەرچاوگرتنی هەندێك شت، بەم ئەنجامە گەیشتووم کە نێلی... ڕەنگە... بە کورتییەکەی کچی شەرعیی شازادە بێت.

- ئەوە چی دەڵێیت؟

- دیسان دەستی کردەوە بە بارە بار: ‹‹ئەوە چی دەڵێیت؟››

پاشان بە جووڵەیەکی نائومێدانەوە هاواری کرد: ((لە ڕاستیدا پیاو لەگەڵ ئێوە و مانانادا ناتوانێ دوو قسە بکات. ئایا من بە دڵنیاییەوە هیچ قسەیەکم بۆ کردوویت، ها گێلە پیاو؟ ئایا من گوتوومە: ‹‹سەلمێندراوە››کە ئەو کچی ‹‹شەرعی))ی شازادەیە؟

من کە تەواو سەراسیمە بووبووم قسەم پێ بڕی و گوتم: ((گوێبگرە، ئازیز، توخوا هاوار مەکە و بە تەواوی هەموو شتێکم بۆ ڕوون بکەرەوە. دڵنیابە کە دەرك بە قسەکانت دەکەم. بەس باش بیر بکەرەوە، بزانە ئەو قسانەی کە دەیانکەیت تا چ ڕادەیەك گرنگن و چ ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە...))

- ئەنجام؟ چیی تریش؟ بە چ بەڵگەیەك؟ ناکرێ بەم جۆرە بۆی بڕۆین و ئەو قسانەش کە بۆتیان دەکەم لە بەینی خۆماندان. پاشان بۆت ڕوون دەکەمەوە کە بۆچی ئەم بابەتەم خستووەتە بەر باس. ئەمە کارێکی پێویستە. بێدەنگ بە و گوێبگرە. بیریشت نەچێ کە ئەم بابەتە تەنیا لە بەینی خۆماندایە... تەواوی مەسەلەکەش ئەمەیە: زستانی ڕابردوو، دوای مردنی ئەسمیت، شازادە هەرکە لە وارشۆ گەڕایەوە، دەمودەست دوای ئەم مەسەلەیە کەوت، یان لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە لە ساڵی ڕابردووەوە خەریکی ئەم مەسەلەیە بووە. بەس ئەو وەختانە ئامانجێکی دیی هەبوو، وەلێ ئێستە بە دوای ئامانجێکی دیکەوەیە. بابەتە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەو سەرەداوەکەی لێ ون ببوو. سێزدە ساڵ لەمەوبەر کچەکەی ئەسمیتی لە پاریس بەڕەڵا کردبوو، بەس بەردەوام چاودێریی ئەوی دەکرد، دەیزانی لەگەڵ هێنری دەژیێ و نەخۆشە، بە کورتییەکەی هەموو شتێکی لەسەر ئەو دەزانی، وەلێ کتوپڕ سەرەداوەکەی لە دەست دەرچوو. پێم وایە ئەمەش لە کاتی مردنی هێنری و گەڕانەوەی کچەکەی ئەسمیت بۆ پترسبۆرگ ڕوویدا. دەیتوانی لە پترسبۆرگدا ئەو بدۆزێتەوە، جا گەر هەر ناوێکی دیکەشی لە خۆی بنابا، بەس پیاوەکانی ئەو لە دەرەوەی وڵات، ڕاپۆرتگەلی نادروستیان پێ دابوو. پێیان ڕاگەیاندبوو کە لە شارێکی بچووکی باشووری ئەڵمانیادا دەژی. ئەوانیش هەر بەڕاستی بڕوایان وابوو، چونکە لەبەر کەمتەرخەمیی خۆیان لێیان تێکچووبوو و کەسێکی دیکەیان لێ ببووە ئەو. ساڵێك یان زیاتر بەم جۆرە ڕابرد. لە ماوەی ئەم ساڵەدا شازادە کەوتە گومانەوە: بە پێی هەندێك بەڵگە و نیشانە وای بە مێشکدا هاتبوو کە ئەم ژنە، ئەو ژنە نەبووە کە ئەو مەبەستییەتی. ئەی کچەکەی ئەسمیت لە کوێیە؟ لەبەر خۆوە بیری کردەوە (هەر وا، بە بێ هیچ بەڵگەیەکی تایبەت) دەبێ ئەو لە پترسبۆرگ بێت. لەم ماوەیەدا، هەندێك بە دواداچوونی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دا، لێرەش هەندێك بەدواداچوونی کرد،

بەس دیاربوو کە نەیدەویست ڕێگەیەکی زۆر ڕەسمی بگرێتە بەر: لەو کاتەدا بوو کە من پێی ئاشنا بووم. منیان پێ ناساندبوو: پێیان گوتبوو کە من خەریکی ئەو جۆرە کارانەم، خاوەنی ئەزموونم و نازانم چی و چی... جا لەبەر ئەوە باسی مەسەلەکەی بۆ کردم، بەس بە شێوەیەکی تەماوی، ئەم شەیتانە بە شێوەیەکی لێڵ و ناڕوون قسەی لەگەڵ کردم. لە قسەکانیدا تووشی هەڵە دەبوو، قسەکانی دووبارە دەکردنەوە و هاوکاتیش ڕووداوەکانی بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ باس دەکردم... بەهەرحاڵ، مرۆڤ هەرچەندە فێڵباز بێت، ناتوانێ تەواوی سەرەداوەکان بشارێتەوە، ئەوە شتێکی تەواو ڕوونە! منیش بە هەموو توانای خۆمەوە دوای ئەم مەسەلەیە کەوتم، کەڕ و کوێرانە، بەوپەڕی وەفادارییەوە، بە کورتییەکەی هەروەك کۆیلەیەك خۆم خستە خزمەتییەوە، بەس بە پێی ئەو ڕێسایەی کە من هەمیشە لە کارەکانمدا پەیڕەویی لێ دەکەم و لە هەمان کاتدا بە پێی یاسای سروشت (چونکە ئەم یاسایە سروشتییە) لە خۆمم پرسی: بەر لە هەموو شتێك ئایا ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە شازادە پێویستی پێیەتی و قسەی لەبارەوە کردووە؟ دوای ئەوەش ئایا هیچ بابەتێکی دی لە پشت ئەم مەسەلەیەوە نییە کە لەگەڵ مندا باسی کردووە؟ تۆ بڵێیت شتێکی لێ نەشاردبمەوە و تەنیا بەشێکی بابەتەکەی لەگەڵ باس کردبم؟ ئاخر گەر ئەم گریمانەیە ڕاست دەربچێت، هەر بەو جۆرەی کە تۆش بەو مێشکە شاعیرانەیەتەوە دەتوانیت دەرکی پێ بکەیت، ئەوا کڵاوی لەسەر ناوم. یانی با وای دابنێین کە نیازە ئاشکراکەی نرخی یەك ڕۆبڵی هەیە و بەجێهێنانی نیازە شاراوەکەی چوار ڕۆبڵ، بەم پێیە من زۆر گەمژەم گەر نیازە شاراوەکەی بە یەك ڕۆبڵ بەجێ بهێنم کە لە ڕاستیدا دەبێت لە بەرانبەر ئەو کارەدا چوار ڕۆبڵ وەربگرم. جا من دەستم بە تاووتوێی مەسەلەکە کرد و چەند سەرەداوێکم بەدەست هێنا. یەکێکیانم لە ڕێگەی خۆیەوە بەدەستهێنا و دووەمینیشیان لەلایەن کەسێکەوە کە ئاگای لەم مەسەلەیە نییە و سێیەمینیشیان بەهۆی زیرەکیی خۆمەوە. گەر لێم بپرسیت چۆن ئەوەم بە مێشکدا هات، ئەوا پێت دەڵێم هۆکارەکەی خودی شازادە بوو، ئاخر ئەو بە سیمایەکی نیگەران و بە شێوەیەکی بێ سەبرانە بە دوای مەسەلەکەوە بوو و ئیدی منیش گومانم بۆ دروست بوو. ئەو بۆچی دەبوو ترسی هەبێ؟ ئەو تەنیا کچێکی لە دەستی باوکیدا دەرهێناوە و ڕفاندوویەتی، دووگیانی کردووە، پاشانیش وێڵی کردووە! ئەم بەسەرهاتە بە هیچ شێوەیەك جێی سەرسامی نییە! ئەمە بۆ ئەو تەنیا ڕابواردنێك بووە و بەس. شازادە دار بییەك نییە کە بەم بایانە بلەرزێت... بەس ترسی هەیە، بەم پێیە منیش گومانم لە حەقیقەتەکە کرد. لە ڕێگەی هێنرییەوە بە هەندێك سەرەداوی گرنگ گەیشتم. هەڵبەتە بەخۆی مردووە، بەس یەکێك لە کچە مامەکانی (ئێستە لێرە، لە پترسبۆرگە و هاوسەری نانەوایەکە) کە لە ڕابردوودا عاشقی ئەو بووە و وێڕای ئەوەی بەمێرد بووە و حەوت هەشت منداڵیشی بە دواوە بووە، بەس بۆ ماوەی پازدە ساڵ، هەتا کاتی مردنی، عاشقی ئەو بووە. بە فڕ و فێڵێکی زۆر جا دواجار توانیم وای لێ بکەم بابەتێکی گرنگیم بۆ باس بکات. هێنری بە پێی خووی ئەڵمانیەکان، یادگارییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و جا بۆ ئەوی ناردوون. کەمێك بەر لە مەرگی، هەندێك لە نووسینەکانی خۆی بۆ دەنێرێ، ئەم کچە مامەی تەنیا سەرنجی بابەتە شاعیرانەکانی داوە و گوێی بە شتەکانی دی نەداوە... بەس من ئەو زانیارییانەی کە پێویستم بوون، لەو نووسینانەدا بەدەستم هێنان و ئەم نامانە سەرەداوێکی دیکەیان خستە بەر دەستم. لە ڕێیانەوە بە بەڕێز ئەسمیت و

کچەکەی ئاشنا بووم کە سەرمایەکەی ئەوی بە با کردبوو، دەرکم بەوە کرد کە شازادە سامانەکەی ئەوی حە پەلووش کردووە و دواجار لە ئاماژە و قسە ناڕاستەوخۆ و ئەو ڕستانەی کە نارەزاییان پێوە دیار بوو، لە ئەسڵی مەسەلەکە تێگەیشتم: یانی، باش گوێگرە، بزانە چی دەڵێم، ڤانیا، هیچ بابەتێکی یەکلاکەرەوەیان تێدا نەبوو. ئەم هێنرییە بێ ئاوەزە حەقیقەتەکەی شاردووەتەوە و تەنیا چەند ئاماژەیەکی پێ کردوون، بەس لەنێو ئەو هەموو قسە و ئاماژانەی ئەودا حەقیقەتێکی گەورەم بۆ دەرکەوت: شازادە هاوسەرگیریی لەگەڵ کچەی ئەسمیتدا کردووە. بەس لە کوێ، کەی، چۆن، لە دەرەوەی وڵات یان لێرە، کوان ئەو بەڵگانەی کە ئەم مەسەلەیە پشتڕاست دەکەنەوە؟ زانینی دژوارە. تەنیا براله ڤانیا، با بە کورتییەکەی پێت بڵێم کە هەرچەندە گەڕام و هەوڵمدا، هیچم دەست نەکەوت! بەس سەرئەنجام ئەسمیتم دۆزییەوە، بەس ئەو لە کتوپڕێکدا مرد، تەنانەت بۆم نەڕەخسا چاوێکم پێی بکەوێ. پاشان بە هەڵکەوت زانیم ئەو ژنەی کە گومانم بۆی دەچوو، لە ڤاسیلی ئۆستڕۆ مردووە، دوای مەسەلەکە کەوتم و سەرەداوێکم بەدەست هێنا. بەرەو ڤاسیلی ئۆسترف: بیرت دێت، هەمان ئەو ڕۆژەی کە تووشی یەکتری بووین. ئەو ڕۆژە زۆر شتم زانی. بۆ ئەوەی هیچم نەهێشتبێتەوە، دەبێ بڵێم کە نێلی لەو کاتەدا یارمەتییەکی باشی دام.))

قسەم پێ بڕی و گوتم: ((بزانم، تۆ پێت وایە نێلی ئاگای لەم مەسەلەیە هەیە؟))

- چ مەسەلەیەك؟

- کە کچی شازادەیە؟

بە سیمایەکی فێڵبازانە و سیخناخ لە سەرزەنشەوە لێم ورد بووەوە و گوتی: ((وەلێ خۆت هەموو شتێك دەزانیت، بۆچی ئەم پرسیارە نابەجێیانەم لێ دەکەیت، ها حۆلی خودا؟ ئەمە ئەسڵی بابەتەکە نییە، ئەسڵی بابەتەکە ئەوەیە کە ئەو نەك هەر تەنیا کچی شازادەیە، بەڵکە کچی شەرعیی شازادەشە، حاڵی دەبیت؟))

سەرسامانە گوتم: ((ڕێی تێناچێت.))

- منیش سەرەتا دەمگوت: ‹‹ڕێی تێناچێت››، ئێستاکەش هەندێ سات بە خۆم دەڵێم: ‹‹ناچێتە ئەقڵەوە!››بەس ڕاستییەکەی ئەوەیە کە‹‹ڕێی تێدەچێت›› بە پێی هەندێ گریمانە، وەها حەقیقەتێك بوونی هەیە.

- نا، فیلیپ، نا، زیادەڕۆیی دەکەیت، نێلی نەك هەر بە تەنیا ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نییە، بەڵکە کچی شەرعیی ئەویش نییە. گەر دایکی وەها بەڵگەیەکی یاسایی لەبەر دەستدا بووبا، ئەوا چۆن دەیتوانی چارەنووسێکی ئەوەندە تاڵ و بێبەزەیانە لە پترسبۆرگدا بۆ خۆی هەڵبژێرێ و لەسەرووی ئەوەشەوە، منداڵەکەی لە هەلومەرجێکی ئاوهادا بە تەنیا جێبهێڵێ. گاڵتە دەکەیت! ڕێی تێناچێت.

- منیش هەر وای بۆ دەچووم، ئەمرۆش، هەر ئەم نادڵنیاییە بووە بەربەستی سەر ڕێگەم. بەس ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کچەکەی ئەسمیت کەسێکی کەم ئەقڵ و شێت بووە. ژنێکی ئاسایی نەبووە: کەمێك بیر لە شێوەی ژیانی بکەرەوە، تەواو شاعیرانە و بێ بنەمایە، هەموو ئەم فکر و خەیاڵە شاعیرانانە بە ئەنجامێکی پووچ و نائاسایی دەگەن. خۆزگە هەر ئەوەندە بووبا، لە سەرەتاوە شازادەی بە فریشتەی سەر ڕووی زەوی زانیوە و بە تەواوی بوونییەوە عاشقی بووە، متمانەیەکی لە ڕادەبەدەر و بێ سنووری بەو هەبووە، لام وایە کە هۆکاری شێت بوونەکەشی ئەوە نەبووە کە شازادە ئەوی خۆش نەویستووە و پشتی تێکردووە، بەڵکە لەبەر ئەوەیە کە دواتر زانیویەتی تووشی هەڵەیەکی چەندە گەورە بووە. شازادە کەسێکی ‹‹خیانەتکار›› بووە و ئەوی بەرەڵا کردووە، دواجار هیچ حەیا و حورمەتێکی بۆ ژنە بێچارەکە نەهێشتووەتەوە. ڕۆحی خەیاڵپەروەرانە و نائاقڵانەی ژنە نەیتوانیوە بەرگەی گۆڕانی کتوپڕانەی جەوهەری ئەو بگرێت. لەسەرووی ئەمانەشەوە، ئەو بابەتە سووکایەتییەکی گەورە بووە بەرانبەر بە ئەو، خۆ حاڵی دەبیت؟ ترسی لێ نیشتووە و بە تەواوی حورمەتی شکاوە، جا لەبەر ئەوە بەوپەڕی سووکایەتی پێکردنەوە پشتی لە شازادە کردووە. تەواوی پەیوەندییەکانی نێوانیانی پساندووە، بەڵگە و سەنەدەکانی دڕاندوون، تەنانەت چاوپۆشیشی لەو پارەیە کردووە کە هی باوکی بووە، چونکە بە حسێبی خۆی، ویستوویەتی بە نەفس و سروشت بەرزیی خۆی سووکایەتی بەو کەسە بکات کە ئەمی فریو داوە، ئەو بە دز و کڵاوچی ناوزەد بکات و لە هەموو تەمەنیدا بە چاوێکی سووکەوە لێی بڕوانێت. تەنانەت لەو ساتەدا بە خۆی گوتووە کە بوونە ژنی ئەو عەیبە و شوورەییە. تەڵاق لە یاساکانی ئێمەدا بوونی نییە، بەس لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی نافەرمی لێك جیا بوونەتەوە: دوای ئەو هەموو نەهامەتی و چەرمەسەرییانەی کە شازادە بەسەر ئەویدا هێنابوون، ئیدی چۆن دەیتوانی داوای پشتیوانی کردنی لێ بکات؟ تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە ئەم ژنە شێتە لە پێخەفی نەخۆشیدا چیی بە کچەکەی گوت: ((مەچۆ بۆ لای مرۆڤە دەوڵەمەندەکان، بمرە، ئیش بکە، بەس مەچۆ بۆ لای ئەوان، جا هەر جۆرە مرۆڤانێکیش بن.)) ئەمە مانای وایە کە هێشتا هیوادار بووە ‹‹کەسێك›› بێ بە دەمییەوە و کۆمەکی بکات و ئەمیش لە ڕێی ڕەدکردنەوەی ئەو کۆمەکەوە، سووکایەتیی پێ بکات و لەم ڕێیەشەوە تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە. بە کورتییەکەی ئەو لە جێی نان، بە خەون و خەیاڵ ژیاوە. نێلی زانیارییەکی زۆری خستە بەر دەستم. تا ئێستەش جار جار زانیاریی دیی لێ دەردەهێنم. بێگومان دایکی نەخۆش بووە، سیلاوی بووە، ئەم نەخۆشییە سەرەڕای بەدبەختیی دی، وا لە کەسی تووش بوو دەکات کە لەبەرانبەر زۆربەی ناڕەحەتییەکاندا هەستیار بێت. بەس لە زمانی یەکێك لە دراوسێکانی بۆبنۆڤاوە بیستوومە کە دایکی نێلی نامەیەکی بۆ شازادە نووسیووە: بەڵێ، بۆ خودی شازادە!

من بێ سەبرانە پرسیم: ((جا ئەسڵی هەیە؟ نامەکەشی بۆ ناردووە؟))

- من لەوە دڵنیا نیم. کچەکەی ئەسمیت ڕۆژێکیان لەگەڵ یەکێك لە دراوسێکانی بۆبنۆڤا (هەمان ئەو ژنەی کە ئازایشێکی زۆری کردبوو، بیرت دێت، ئێستە لە ڕێکخراوی گرتنی ژنانی خەتابار دەستگیرە) دواوە و داوای لێ کردووە نامەکە بگەیەنێتە دەستی شازادە، نامەکەی نووسیوە، بەس بۆی نەناردووە، سێ حەفتە بەر لە مردنی نامەکەی لەو

ژنە وەرگرتووەتەوە: مەسەلەکە ئاشکرایە: گەر نیازی ناردنی نامەکەی هەبووبا، ئەوا پێویستی نەدەکرد وەری بگرێتەوە. بەس نازانم کە دواجار ئەو نامەیەی ناردووە یان نا، بە ئەگەرێکی زۆر وا دەردەکەوێ کە نەیناردووە. چونکە شازادە تەنیا دوای مردنی زانیومەتی ئەو لە پترسبۆرگ دەژی. دەبێت زۆر بەم بابەتە خۆشحاڵ بووبێت.

- بەڵێ، بیرم دێت کە ئالیۆشا دەیگوت باوکی نامەیەکی پێگەییوە کە زۆری خۆشحاڵ کردووە، وەلێ ئەم بابەتە بۆ ماوەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لایەنی کەم دوو مانگ بەر لە ئێستە. باشە، ئەی دوای ئەوە؟ بە تەمایت چی لە شازادە بکەیت؟

- من؟ گوێگرە: هیچ گومانێکم لە ڕاستییەتی ئەم بابەتە نییە، بەس وێڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایانەم، هیچ بەڵگە و سەنەدێکم نییە. دۆخەکە نالەبارە. دەبێت لە دەرەوەی وڵات بەدواداچوون بکەم، بەس لە کوێ؟ هیچ کەسێك نازانێ. هەڵبەتە بەو ئەنجامە گەیشتووم کە دەبێت ململانێی لەگەڵ بکەم. تەنیا دەتوانم جار جار ئاماژە بەم بابەتانە بکەم و بیترسێنم، دەزانم...

- باشە، ئەی دواتر؟

- سوودی نەبوو، نەکەوتە تەڵەوە، بەس زۆر ترسا، بە ڕادەیەك ترسا کە هەتا ئێستەش هەر هەڵدەلەرزێت. دیدار و گفتوگۆگەلێکی زۆرمان لەگەڵ یەکدی ساز دا: نازانیت کە چۆن خۆی فەقیر دەکرد. جارێکیان خۆی بە شێوەیەکی دۆستانە هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە. ئەو وەختانە وای دەزانی کە من ئاگام لە «هەموو شتێك» هەیە. باش قسەی دەکرد، بە هەستێکی دۆستانەوە، هەڵبەتە بەوپەڕی بێشەرمییەوە درۆی لەگەڵ دەکردم. هەر لەو کاتەدا بوو کە تێگەیشتم چەندە لێم دەترسێت. بۆ ساتێك خۆم وەك کەسێکی حۆل نیشاندا کە دەیەوێت فێڵ لە بەرانبەرەکەی بکات، هەندێك هەڵەشەییم بەرانبەر کرد هەتا بیترسێنم، پاشان دەسەنقەست چەند قسەیەکی ناشیرینم پێ گوت، هەڕەشەم لێ کرد، بۆیە ئەو کارانەم کرد هەتا منی وەك گەمژەیەك بێتە بەرچاو و دواجار قەپ بە قولاپەکەدا بکات. بەس بێشەرەفی وا زانیی دەمەوێ فێڵی لێ بکەم. بۆ دووەمین جار خۆم کردە سەرخۆش، ئەم فێڵەشم سەری نەگرت. مرۆڤێکی زیرەك و بیژییە، خۆ لەم قسانە تێدەگەیت، ڤانیا؟ دەبوو بزانم لەبەرچی لێم دەترسێ و دوای ئەوەش تێیبگەیەنم کە من زۆر لەوە زیاتر دەزانم کە بە ڕواڵەت دەینوێنم...

- باشە، ئەی دوایی کارتان بە کوێ گەیشت؟

- بە هیچ کوێ، من دەبوو بەڵگە و سەنەدم لەبەر دەستدا بووبا، بەس نیمە. ئەو لەوە تێگەیشت کە من بێ لەوەی کە حەیای ببەم هیچ کارێکی دیکەم لە دەست نایێت، ئەو تەنیا لەم شتە دەترسێت، بۆ ئەم مەبەستەش وەك پێویست هەوڵی خۆی داوە. ئاگاداریت کە بە تەمایە بەم نزیکانە زەماوەند بکات؟

-نا...

- ساڵی داهاتوو زەماوەند دەکات و هەر ساڵێك لەمەوبەر بڕیاری لەسەر داوە، لەو کاتەدا دەزگیرانەکەی چواردە ساڵە بووە و ئێستە پازدە ساڵانە، لام وایە ئەو کچە داماوە هێشتا بەروانکە دەبەستێت. دایك و باوکی خۆشحاڵن. نازانی کە چەندە بە مەرگی ژنەکەی خۆشحاڵ بوو. دەزگیرانەکەی کچی جەنەراڵێکە، پارەیەکی زۆری هەیە، ئێجگار زۆر! هەرگیز من و تۆ ئەوەندە شانسمان نییە کە هاوسەرێکی ئاوهامان بە نسیب ببێت.

فیلیپ بە توندی مشتەکۆڵەیەکی بە مێزەکەدا کێشا و هاواری کرد: ((بەس ئەو پازدە ڕۆژ لەمەوبەر فریوی دام و منیش لەو پارەیەوە هەرگیز لە خۆم نابوورم... خوێڕیی ئاوها!))

- بۆ مەگەر چیی کرد؟

- بەڵێ، تێگەیشتم کە ئەو زانیی من بەڵگەی ‹‹کاریگەر››م لەبەر دەستتدا نییە و هەستم دەکرد ئەم مەسەلەیە هەتا زیاتر درێژە بکێشێت، ئەو زیاتر دەرك بە خاڵی لاوازیی من دەکات. کارێکی ئەوەندە گرنگ و دوو هەزار ڕۆبڵ هەقدەست! ئای لەم سەرشۆڕییە گەورەیە، هەر دەڵێیت تفی کردووەتە ناو چاوم. پێمی گوت: ((فیلیپ فیلیپۆڤیچ، هێشتا هەقدەستەکەتانم نەداوە (لە ڕابردوودا بەپێی ڕێکەوتنی نێوانمان سەد و پەنجا ڕۆبڵی پێدابووم) جا لەبەر ئەوەی لەسەر سەفەرم، با دوو هەزار ڕۆبڵی دیکەشت بدەمێ. هیوادارم کە ‹‹کارەکەمان›› ئیدی بە گشتی کۆتایی پێ هاتبێت.)) منیش وەڵامم دایەوە: ((بە تەواوی کۆتایی پێ هاتووە، شازادە.)) تەنانەت زاتم نەبوو سەیری ناوچاوی بکەم. بە خۆمم دەگوت گەر لێی بڕوانم ئەوا دەزانێت کە بەتەمام فکری بخوێنمەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ((باشە، کەواتە پارەیەکی باشت دەسکەوت؟ گەمژەیەکی وەك تۆ شایەنی ئەوە نییە، بەس من لە ڕێگەی خوادا ئەو پارەیەت پێ دەدەم!)) لە ڕقاندا خۆشم نەمزانی چۆن ئەوێم بەجێهێشت!

بە ناڕەحەتییەوە گوتم: ((وەڵێ ئەم کارە ئەوپەڕی چەپەڵییە، فیلیپ، ئەی چارەنووسی نێلی چی لێ دێ؟))

- نەك هەر بە تەنیا چەپەڵییە، بەڵکە ئەو شایەنی لەداردانیشە، کارێکە... نازانم چۆن وەسفی ئەم کارە بکەم!

- خوایە گیان، ئەو لایەنی کەم دەبوو داهاتووی نێلی دابین بکات.

- دەبوو، بەڵێ، بەس چۆن دەکرێ وای لێ بکەین مل بۆ وەها کارێك بدات؟ لە ڕێگەی ترساندنەوە؟ ئەگەری سەرکەوتن لە ڕێگەی ترساندنەوە زۆر کەمە. من دوو هەزار ڕۆبڵم لەو وەرگرت و ئەویش زانیی هەموو ئەو ترسەی کە بۆ ئەوم دروست کردووە تەنیا بایی دوو هەزار ڕۆبڵ بووە. بەخۆشم لام وابوو کە هەر بایی ئەوەندە بێت! ئێستە دەتەوێ چۆن ئەو بترسێنم؟

تارادەیەك بە نائومێدییەوە گوتم: ((یانی مەسەلەی نێلی هەر لێرەدا کۆتایی پێ دێت؟))

فیلیپ سەرا پای کەوتە لەرزین و بە ڕقەوە گوتی: ((نا، بە هیچ شێوەیەك. ناهێڵم مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی پێ بێت. خەریکم بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا دەگەڕێم، ڤانیا، بە تەواوی لێبڕاوم. قەیدی چییە، با دوو هەزار ڕۆبڵیشم وەرگرتبێت. هیچ گرنگییەك بەم بابەتە نادەم، ئەوم لە بەرانبەر ئەو سووکایەتییەدا وەرگرتووە کە پێم کراوە، چونکە ئەم نارەسەنە کڵاوی لەسەر نام، گاڵتەی پێ کردم. خەڵەتاندمی و لەسەرووی ئەوەشەوە پێمی ڕابوارد. نا، ناتوانم بەرگەی ئەمە بگرم... ئێستە لە ڕێی نێلی دەستبەکار دەبمەوە. بەپێی هەندێك لێکۆڵینەوە دڵنیام کە بەڵگەکان لای ئەون. ئەو ‹‹هەموو›› شتێك دەزانێ...دایکی هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەتەوە. بەدەم تا و وڕێنەکردنەوە، توانیویەتی تەواوی مەسەلەکە بۆ کچەکەی ڕوون بکاتەوە. هیچ کەسێکی دیی نەبووە هەتا دەردەدڵی لەگەڵ بکات، نێلی لە تەنیشتییەوە بووە و ئەویش دەردەدڵی خۆی بۆ کردووە.)) پاشان بە شادمانییەوە دەستەکانی لێکخشاندن و لەسەری ڕۆیشت: ((لەوانەشە بەڵگە و سەنەدەکانیش پەیدا بکەین. ئێستە حاڵی بوویت کە من بۆچی زۆربەی کات لێرە دەردەکەوم؟ سەرەتا لەبەر ئەوەیە کە من و تۆ هاوڕێی یەکدین، ئەمە ئیدی هیچ قسەیەکی لەسەر نییە. دووەم لەبەر ئەوەیە کە چاوێکم لە نێلی بێ، سێیەمیش هاوڕێکەم، چ بتەوێ و چ نەتەوێ دەبێ یارمەتیم بدەیت، چونکە نێلی ئەڵقەلەگوێی تۆیە!...))

- بەڵێ، هەڵبەتە، ئەو کارەت بۆ دەکەم، بەس دەبێت تۆیش بەڵێن بدەیت کە هەموو ئەم کارانە لەبەر خاتری نێلی دەکەیت، بۆ ئەم کچە داماوەی کە کوێرەوەرییەکی زۆری دیوە، نەك بۆ بەرژەوەندیی خۆت...

- بۆچی پێت وایە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆم یان بۆ کەسێکی دی کار دەکەم؟ گرنگ ئەوەیە بە ئامانجی خۆمان بگەین. هەڵبەتە ئەم کچە بێ نەوایە لە پێش هەموو شتێکەوەیە. هەستی مرۆڤدۆستی وا دەخوازێت. ڤانیا بەوە تۆمەتبارم مەکە کە تەنیا بیر لەخۆم دەکەمەوە. من مرۆڤێکی کەمدەست و نەدارم، بەس خوێڕیی ئاوها نەدەبوو سووکایەتی بە کەسێکی وەك من بکات! یانی تۆ بڕوات وایە کە من لەگەڵ کڵاوچییەکی ئاوهادا دەست تێکەڵ دەکەم؟ هەرگیز.

جەژنی گوڵبارانەکەی بەیانیمان سەری نەگرت، نێلی سات دوای سات حاڵی نالەبارتر بوو و ئیدی نەیتوانی لە ژوورەکەی بێتە دەرێ.

ئیدی هەرگیزیش نەیتوانی لە ژوورەکەی بێتە دەرێ.

دوای پازدە ڕۆژی دی گیانی لەدەست دا. لە ماوەی ئەم حەفتەی گیانکەنشتەیدا، تەنانەت بۆ جارێکیش نەهاتەوە سەر خۆی و نەیتوانی لە دەست ئەم خەیاڵاتانە خۆی نەجات بدات. دەتگوت مێشکی لەکار کەوتووە. تا دواهەمین سات بڕوای وابوو کە باپیرەی بانگی دەکات، لێی تووڕەیە کە بۆچی سەردانی ناکات، گۆچانەکەی بە زەویدا دەکوتێ و فەرمانی پێ دەکات کە بچێ لە کۆڵانەکاندا سواڵ بکا و نان و ئەفیونی بۆ بکڕێت. زۆربەی کات بەدەم خەوەوە دەگریا و وەختێکیش بەئاگا دەهات، دەیگوت خەوی بە دایکییەوە دیوە.

جاروبار وا دەردەکەوت کە مێشکی هاتووەتەوە سەر خۆی. ڕۆژێکیان من و ئەو بە تەنیا بووین، بەرەو لام چەمییەوە، دەستمی خستە نێو دەستە لاواز و تادارەکەیەوە و گوتی:

- ڤانیا، وەختێك کە مردم، لەگەڵ ناتاشا زەماوەند بکە!

پێم وایە دەمێك بوو کە ئەم فکرەی لە سەردابوو و دەستی لێ هەڵنەدەگرت. بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە بزەیەکم بۆ کرد. ئەوسا ئەویش بزەیەکی بۆ کردم. بە پەنجەی لاواز و بە سیمایەکی مەکربازانەوە هەڕەشەی لێ کردم پاشان ماچمی کرد.

سێ ڕۆژ بەر لە مردنی، لە ئێوارەیەکی دڵڕفێنی هاویندا، داوای کرد پەردەکان لابدەنەوە و پەنجەرەی ژوورەکەی بکەنەوە کە بەسەر حەوشەکەدا دەیڕوانی. تا ماوەیەکی زۆر سەیری گوڵ و سەوزاییەکانی کرد. کە خۆر ئاوابوو لە پڕێکدا داوای کرد ئێمە بە تەنیا جێ بهێڵن. بە دەنگێکەوە کە بە ئاستەم دەبیسترا، چونکە دەنگی زۆر لاواز ببوو، پێمی گوت:

- ڤانیا، من بەم زووانە دەمرم، زۆر زوو. دەمەوێ تکات لێ بکەم لە بیرم نەکەیت. هەروەها ئەمەشت بە یادگاری بۆ جێدەهێڵم (کیسەیەکی پێ نیشاندام کە لەگەڵ خاچێکدا بە گەردنییەوە شۆڕ ببووەوە). دایکم کە مرد ئەمەی پێدام. دوای مردنم ئەم کیسەیە ببە، ئەوەی کە تێیدا نووسراوە بیخوێنەرەوە. ئەمڕۆ بەوان دەڵێم کە ئەم کیسەیە بۆ تۆیە. دوای ئەوەی کە خوێندتەوە، بچۆ بۆ لای ‹‹ئەو››، پێی بڵێ من مردووم، هەرگیزیش لێی خۆش نەبووم. پێی بڵێ ماوەیەك لەمەوبەر ئینجیلم خوێندەوە، تێیدا هاتووە: ((لە هەموو دژمنەکانتان خۆش بن.)) ئەوەم خوێندووەتەوە و وێڕای ئەوەش هەر لێی خۆش نەبووم. چونکە دایکم بەر لە مردن، ئەو وەختەی کە هێشتا دەیتوانی قسە بکا، بە منی گوت: ((ئەو بە نەفرەت دەکەم.)) منیش بە نەفرەتی دەکەم، بەس نەك لەبەر خاتری خۆم، بەڵکە لەبەر خاتری دایە... بۆی بگێڕەرەوە کە دایە چۆن مرد، دوای ئەوەش من چۆن لەگەڵ بۆبنۆڤا بە تەنیا مامەوە و تووشی چی بووم. هەموو شتێکی بۆ بگێڕەرەوە، پێی بڵێ کە من سەربارى ئەوەش هەر وام بە باش دەزانی کە لای بۆبنۆڤا بمێنمەوە، بەس بەو مەرجەی نەچم بۆ لای ئەو...

نێلی لەگەڵ گوتنی ئەم قسانە، بە تەواوی ڕەنگی پەڕی، چاوەکانی بریقانەوە و دڵی هێندە بە توندی دەستی بە لێدان کرد کە لە نارەحەتییاندا خۆی بەسەر پشتییەکاندا دا و تا ماوەیەکی زۆر هیچی نەگوت و هەر لەم بارەدا مایەوە. سەرئەنجام بە دەنگێکی لاوازەوە گوتی:

- بانگیان بکە، ڤانیا، دەمەوێ ماڵئاوایی لە هەموویان بکەم. ماڵئاوا ڤانیا.

بۆ دواهەمین جار بە توندی منی بەخۆیەوە گوشی. دۆستەکانمان هاتنە ژوورەوە. نیکۆلای نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات کە نێلی خەریکە دەمرێت، نەیدەتوانی ئەو بابەتە پەسەند بکات. تا دواهەمین سات لەگەڵ ئێمە هەر

ئینکاریی دەکرد و دەیگوت حاڵی باش دەبێتەوە. لە نیگەرانییاندا وەك تەختە وشك ببووەوە: چەندان ڕۆژ و شەوی بەدیار نێلییەوە بەسەر بردبوو. لە دواهەمین شەوەکاندا خەو نەچووبووە چاوی. هەوڵی دەدا بچووکرتین داخوازیی ئەو بەجێ بهێنێ و وەختێکیش لە ژوورەکەی ئەو وەدەر دەکەوت، لە کوڵی گریانی دەدا. بەس بۆ ساتێك دواتر بەسەر خۆیدا زاڵ دەبوو، هیواداربوو و جەختیشی لەسەر دەکردەوە کە ئەو سەلامەتیی بەدەست دەهێنێتەوە. ژوورەکەی ئەوی پڕ لە گوڵ کردبوو. ڕۆژێکیان دەستە گوڵێکی گەورەی سوور و سپیی بۆ کڕی: بۆ پەیداکردنی ئەو گوڵانە و پێشکەشکردنیان بە نێلیی ئازیزی، ڕێگەیەکی دوورودرێژی بڕیبوو... ئەم کارانەی دەبوونە هۆی خرۆشان و بە هەیەجان هاتنی کچۆڵەکە. بە تەواوی بوونییەوە وەڵامی هەموو ئەو سۆز و خۆشەویستییەی دەدایەوە کە ئەوانی دی لە بەرانبەریدا دەریان دەبڕی. ئەو شەوەی کە ماڵئاوایی لێ کردین، نیکۆلای نەیدەویست باوەڕ بەوە بهێنێت کە ئەوە دواهەمین شەوی زیندووبوونییەتی. نێلی بزەی بە دەمەوە دەکرد و تەواوی ئەو شەوە هەوڵیدا خۆی دڵخۆش نیشان بدات، گاڵتەی لەگەڵ ئەو دەکرد و تەنانەت پێشدەکەنی. وەختێك کە جێمانهێشت، هەموومان هەر هیوادار بووین. بەس بۆ بەیانییەکەی ئیدی لە قسەکردن کەوت، بۆ دوو ڕۆژ دواتر گیانی لەدەست دا.

ئیستەش پیرەمێردەکەم لەبەر چاوە کە تابووتەکەی بە گوڵ دا پۆشیوە و نائومێدانە لە ڕووخساری هەڵماسیو و بێ گیانی، خەندەی وشکبووی سەر لێوانی و دەستەکانی کە بە شێوەیەکی خاچئاسا خرابوونە سەر سنگی، ڕامابوو. دەتگوت هەر بەڕاستی منداڵی خۆی بووە. فرمێسکی بۆ مەرگی ئەو دەڕشت. من، ناتاشا و ئەوانی دیکەش هەوڵمان دەدا دڵنەوایی بکەین، بەس ئەو بە هیچ شێوەیەك نەدەسرەوت و سووکنایی نەدەهات، دوای مردنی نێلیش بە سەختی نەخۆش کەوت.

ئانا، کیسەکەی لە ملی نێلی کردبووەوە و ڕادەستی منی کرد. ئەو نامەیەی کە دایکی بۆ شازادەی نووسی بوو، لەم کیسەیەدا بوو. لە ڕۆژی مردنی ڕۆڵەکەیدا من نامەکەم خوێندەوە. شازادە لەو نامەیەدا بە نەفرەت کرابوو و تێیدا نووسرابوو کە ناتوانێ ئەو ببەخشێت، لە دواهەمین ڕۆژەکانی مردنیدا، باسی هەموو ئەو ناڕەحەتی و سەختییانەی بۆ ئەو کردبوو کە لە چاوەڕوانیی نێلیدا بوون و تکای لێ کردبوو خەمێك لەو بخوات. نوسیبووی: ((ئەو منداڵی تۆیە، کچتە، خۆیشت ‹‹دەزانیت›› کە ئەو ‹‹لە ڕاستیدا منداڵی تۆیە.›› بەوم گوتووە دوای مردنم بێ بۆ لات و ئەم نامەیەت پێ بدات. گەر باوەش بۆ نێلی بکەیتەوە، لەوانەیە لەو دونیا لێت ببوورم، لە ڕۆژی قیامەت لە بارەگای خوداوەنددا دەپاڕێمەوە هەتا لە گوناحەکانت ببوورێت. نێلی ئاگای لە ناوەڕۆکی نامەکە هەیە، نامەکەم بۆ خوێندووەتەوە، ‹‹هەموو شتێك››م بۆ شی کردووەتەوە. ‹‹هەموو شتێك›› دەزانێت...))

بەس نێلی وەسیەتەکەی دایکی جێبەجێ نەکردبوو، هەموو شتێکی دەزانی، بەس لەگەڵ ئەوەشدا نەچوو بۆ لای شازادە و بێ ئەوەی لەگەڵی ئاشت ببێتەوە، گیانی لەدەست دا.

**دوای بەخاکسپاردن، لەگەڵ ناتاشا چووین بۆ حەوشەکە. ڕۆژێکی گەرم و درەخشان بوو. بۆ حەفتەی داهاتوو کۆچیان دەکرد. ناتاشا نیگایەکی سەیر و مکووڕی کردم و گوتی:**

**- ڤانیا، ڤانیا، تەواوی ئەمانە تەنیا خەونێك بوون، ئەی وانییە؟**

**پرسیم: چی یەك خەون بوو؟**

**وەڵامی دایەوە: ((هەموو شتێك، تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا ڕوویاندا. بۆچی خۆشبەختیتم نابوود کرد؟))**

**جا لە نیگایدا ئەم ڕستەیەم خوێندەوە:**

**- ڕەنگە من و تۆ بمانتوانیبا یەکدی خۆشبەخت بکەین، بۆ ئەبەد!**

**کۆتایی**

## فەرهەنگۆك

### پیتی «ا»

**ئامیان/** هەوێن

### پیتی «ب»

**بیژی/** زۆڵ ، زۆرزان ، حەرامزادە

**بە شێنەیی/** بە کاوەخۆ ، بە هێواشی ، لەسەر خۆ

**بەرگومان/** گومان لێکراو ، بەرشك

**بە توون/** بە جەحەنە

**بەستێنی/** بەستۆڕەیی ، زرێیاری ، کەنارێنی ، هەڵکەوت لە کەنار ئاودا .

**باداك/** شوێنی وچان و ئیسراحەت دوتای ڕیزە پلیکانێك.

### پیتی «پ»

**پاگیرە/** پێگیرە ، بارێکە لە ترس یان شڵەژانەوە سەرچاوە دەگرێت و کەسی تووشبوو توانای هەنگاونانی نییە.

پێدزه/ پادزه ، پادزێ ، ڕۆیشتن لەسەر سنگی پێ ، ڕۆیشتن بە دزییەوە.

پە یجۆری/ شوێن هەڵکردن ، بەدواداچوون ، شون ورکەردەی

پرچ/ قژ ، ئەگریجە ، زۆڵف ، قژێ

پێهاتن/ دان پێدانان ، پەنە ئامای

پێوار/ نائامادە

پلك/ پوور ، مەتیە

پیتی «ت»

تووڕدان/ فڕێدان ، فڕەدای

تەرەکردن/ دەرکردن ، تارنان ، تەرەکەردەی ، تارنیای

تەنگەتاوبوون/ ئوقرە لێ بڕان ، وەڕەز بوون ، جاڕز بوون

پیتی «ج»

جۆشانە/ ئاوی گیای کوڵێندراو کە وەك دەرمان بەکار دەهێنرێت.

پیتی «چ»

**چاروبڕ/ دۆخی کۆتـایی پێنـان بە کێشە و نـاکۆکی .**

**پیتی «ح»**

**حۆل/ گێژ ، لاژگ ، هێڕ**

**پیتی «خ»**

**خڕکردنەوە/ کۆکردنەوە**

**خانگمان/ دڵپیس ، بەدگومان**

**پیتی «د»**

**دووچاوەکی/ داوەری کردنی نـالەبـار لەسەر خەڵکی. جیا کردنەوە و بە بەرزدانـانی چینێك لە چینێکی دی.**

**دەمەلاسکە/ لاسایی کردنەوە بە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردنەوە .**

**دەڵ/ دێڵ ، دەڵە ، مێیینەی سەگ**

**دێری کردبوو/ درەنگی کردبوو**

**دەسبار/ یارمەتی**

**دەسپاگر/ کاتگر ، بێزارکەر**

### پیتی «ڕ»

ڕاویەر/ ڕێبووار

ڕەژوو/ خەڵووز

### پیتی «ز»

زیانەخرۆ ، زیانبەخش ، زەرەدەر

زالوو/ زالووی ، کرمی ئەڵقەییی خوێنمژ

### پیتی «س»

سۆسەکردن/ بۆچوون ، گومانبردن ، گەیشتنە ئە نجام لەڕێی گومان و خەیاڵەوە .

سرگ/ دەستەمۆ نەبوو ، بزۆرك ، دڕ ، هار

سووکەسەر/ هەرزە ، گوێنەدەر

سەرسەرا/ هۆڵ

### پیتی «ش»

شارسان/ شار ، باژێر

شەکرێت/ پاشتێڵانە ، ئەو برە پارە و ناومالەی کە لەگەڵ بۆکێی دەنێرن بۆ ماڵی زاوا.

شەوە/ مورووو ، موریّ ، مۆری ، مورووی رەش و قەترانی .

شێو/ وێرەگانی ، نانی ئێوارە

شەوژەن/ ئاڵقەڕێزی دەگە ، کلۆم

شەمزاو/ شێوار ، پەرش و بلاو ، خەمین ، پەشێوحاڵ

پیتی «ف»

فراوێن/ قاوەتوون ، نانی نیوەڕۆ

پیتی «ق»

قووجاو/ نووقاو ، داخراو

قامك/ پەنجە ، ئەنگوست ، پەنجێ

قاپچی/ دەرگەوان

قاسە/ دەخیلە

پیتی «ك»

کۆرەوڵ/ کۆنە مشك ، شوێنی تەنگ و تاریك و نەشیاو بۆ نیشتەجێ بوون.

کوڵك و مووش/ گەڕان ، پشکنین ، بەدوادا چوون

## پیتی «گ»

گەرمژ/ ڕەشهەڵگەڕاو ، خۆربردوو

گاڵۆش/ پاتە ، باتێ ، پێڵاوێکی لاستیکی کە لە قوڕ و تەڕ و تووشی بەسەر پێڵاوی چەرمیدا لە پێ دەکرێت بۆ بەرگریکردن لە قوڕ و تەڕایی.

گزی کردن/ فێڵ کردن ، گڕی کردن

گاسندوق/ سندوقی قوورس و قایمی پۆڵایی کە پارە و بەڵگەی تێدا هەڵدەگیرێت.

گەنە/ گەنێ ، مێرووی بچووکی خوێنمژ .

گیانکەنشت/ گیانەلا ، ساتەوەختی گیاندان و مردن .

## پیتی «ل»

لاقردی/ حەناکبازی ، گاڵتە ، قەشمەری ، جەفەنگبازی

لموز/ قەپۆز

لێ نزبوونەوە/ لێ ورد بوونەوە ، چاو تێبڕین ، هەڵسەنگاندنی باری دەموچاو بە نیگا .

## پیتی «م»

مژ مژە/ مەساسە

مرۆڤ/ نەمێن ، فانی ، هەڵگری سیفەتی مەرگ.

## پیتی «ن»

نالۆك/ پا پۆش ، پێڵاوێکی سووکە کە لەماڵەوە لە پێ دەکرێت.

ناکڵۆکار/ نەشیاو ، نەگونجاو ، نالەبار

نێوانساڵ/ کەسێك کە تەمەنی لە نێوان چل تا پەنجا ساڵ دا بێت .

## پیتی «و»

وەرکەوتن/ وتەرەی ، مۆڵین ، پاڵکەوتن یان خەوتنی ئاژەڵ .

## پیتی «ه»

هامۆشۆ/ هاتوچۆ ، تێکەڵی

هەیەجان/ کاردانەوەیەکی هەستی یان ئاکاری لە بەرانبەر دۆخی چاوەڕواننەکراودا .

هێزم/ داری بڕاوە و ئامادەکراو بۆ سووتاندن.

هەیتا هەیتا/ پەیتا پەیتا ، یەك بە دوای یەك